
منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

مەملەکەتی ئەستێرە

خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ ژیانی هاوەڵان

بەرگی دووەم



ماکوان کەریم

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إِقْرَا الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إِقْرَا الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com



www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

مەملەکەتی ئەستێرە

بەرگی دووەم

نووسینی: ماکوان کەریم

نووسینەوە: رمضان طه وسمان + شاد کاوە قادر

پێداچوونەوەی زمانەوانی: باران ئاریایی + زیوەر ئەنوەر

دەزگای حاجی



بەڕێوەبەری گشتی: محمد خضر احمد 07824671394 – 07504671394
بەڕێوەبەری هونەری: مصطفی محمد کوردی 07509998182
فەیسبووک: کتێبخانەی حاجی قادری کۆیی/M.Ktebxana
ئینستگرام: کتێبخانەی حاجی قادری کۆیی/M.Ktebxana
لقی یەکەم: چوارڕیانی شێخ مەحمود – بەرانبەر مزگەوتی مەحمود عەلاف
لقی دووەم: بەرانبەر دەرگای قەڵا – بازاڕی ڕۆشنبیری
ئیمێل: mdmaktaba@gmail.com

نەخشەسازی ناوەوە: مصطفی محمد کوردی

چاپی دووەم: ١٤٤٥ک – ٢٠٢٥ز

پێوانە: ١٤ * ٢١

تیراژ: ١٠٠٠

لاپەڕە: ٤٦٠

نرخی: هەردوو بەرگ (١٥٠٠٠)

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان

ژمارەی سپاردنی (٣٧٣) ساڵی (٢٠٢٤)ی پێدراوە.

مەملەکەتی ئەستێرە

بەرگی دووەم

نووسینی:
ماکوان کەریم

چاپی دووەم:
١٤٤٥ک - ٢٠٢٥ز

هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ وەک ئەستێرە وان، شوێن کار و کردەوەی هەرکامیان بکەوین بەرەو خۆشنوودی و ڕێگای ڕاستەان دەبەن...

تابلۆی نۆیەم:

شوێنکەوتنی پێغەمبەر ﷺ

خۆڕازاندنەوەی هاوەڵان لە بەرامبەر ئاوێنەی ژیانی پێغەمبەر ﷺ دا

بەردەوام لە کێشانی وێنە و ڕەنگکردنی تابلۆ ناوازەکانی هاوەڵانین، ئێمەش بەدوای نەخشە ڕێگای هاوەڵانین کە چۆن گەیشتوونەتە ئەو ئاستە بەرزە لە ئیمان و خواناسی و بەندایەتیاندا، لە تابلۆی ڕابردوودا باسی ئاوێنەی ژیانی هاوەڵانمان کرد کە چۆن وەرگری جوانی و ڕەوشت بوون لە پێغەمبەرەوە ﷺ بەڵام بە ناساندنی ڕەوشت و ئاکاری خودی پێغەمبەری خوا ﷺ.

لەم تابلۆیەدا پێچەوانەی دەکەینەوە کەوا هاوەڵان چۆن مامەڵەیان لەگەڵ کردار و ڕەفتاری پێغەمبەری خوا ﷺ -دا کردووە کە بۆتە سوننەت بۆ ئەوان و بۆ هەموو ئوممەت.

هاوەڵان بۆ هەموو پرسەکانی ژیان بەگشتی تێڕوانینی تایبەتیان هەبووە، دووربووە لە لاساییکردنەوەی بیرمەند و زانا و فەیلەسوفەکانی جیهان، هەمیشە لە ڕێگای وەحییەوە بیریان کردۆتەوە.

چۆن هاوەڵان شوێنکەوتووی پێغەمبەری خوا ﷺ بوون، یاخود چۆن مامەڵەیان لەگەڵ سوننەت کردووە؟

هاوەڵان بە شێوەیەکی زۆر تایبەت و ناوازە سوننەتیان پیادە کردووە، بە ئەندازەیەک ڕایانگرتووە و گەورە تەماشایان کردووە کە پێناسە ناکرێت و خەیاڵیش وێنای ناکات، تا ئەوکاتەی مرۆڤ لێکۆڵینەوە لە ژیانی هاوەڵان دەکات و بە قوڵی لە ناو ژیانیان ڕۆدەچێت و خاڵ بە خاڵی ژیانیان دەکۆڵێتەوە، ئەوجا لەوانەیە تەنها و تەنها تێبگەین کە چۆن ئەوەندە جەختیان لەسەر پیادەکەردنی سوننەتی پێغەمبەر ﷺ کردۆتەوە.

بە شێوەیەک دەتوانین تێبگەین لە پیادەی سوننەت لای هاوەڵان، پاشان دوای هاوەڵان، چونکە هاوەڵان یەک دید و تێڕامانیان بۆ سوننەت هەبووە، بەڵام ڕەوەندەکانی تر چەند دید و تێڕوانینی جیاواز لە نێوانیاندا ڕووی داوە، هەیانبووە زۆر بە گەورە تەماشای کردووە و ڕایگرتووە، جیلی تر تەنها وەریگرتووە بە ئارەزووی خۆی و ئەوەشی نەویستووە وازی لێهێناوە، هەندێکی تر لە ڕەوەندەکانی تر خەڵکانێک وەکو تەواوکارییەک و جوانکارییەک وەریان گرتووە، بەڵام بە پێویست تەماشایان نەکردووە، هەندێک وتویانە سوننەتەکە تەنها و تەنها تایبەت بووە بە پێغەمبەری خوا ﷺ، هەندێک لەوانە تەنها لەم سەردەمەدا کە باسی کارێک لە کارەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ بکەین بۆکەسێک پێی بڵێیت پێغەمبەری خوا ﷺ بەم شێوەیە ئەنجامی داوە زۆرێک لەوانە دەڵێن ئاخر خۆ ئێمە

پێغەمبەر نین! کار گەیشتۆتە ئەوەی کە هەندێک هەر بەتەواوی ڕەتی سوننەت دەکەنەوە.

جا بەم هۆکارە لێرەدا ئەم تابلۆیە تایبەت دەکەین بە وێنا کردن و لێکۆڵینەوە دەکەین لە ژیانی هاوەڵان بزانین دیدیان چۆن بووە بۆ سوننەت؟ چونکە بە دڵنیاییەوە دید و تێڕوانینی ئەوان بۆ ئیسلام و قورئان و سوننەت ڕاستترینە.

ئەوان شارەزاتر بوون لە هەموو مرۆڤی سەرزەوی تا ڕۆژی قیامەت، بۆ ئاستی ڕەفتار و کردار و گوفتاری پێغەمبەر ﷺ ،کە پێی دەوترێت سوننەت شارەزاتر و ئاشناتر بوون پێی، پەیوەندی هاوەڵان بە سوننەتەوە، ئەوانی گەیاندوە بە ئاستی ڕازیبوونی خوا لێیان، خۆشەویستی خوای پەروەردگار بۆیان، کەواتە کورت و پوخت، خۆشەویستی خوا بۆ بەندەکانی و لێخۆشبوون و کردنەوەی دەرگای تۆبە، پەیوەستە بە شوێنکەوتنی سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ.

سوننەت واتای چییە؟!

سوننەت واتای زۆر زۆرە لای زانایانی زانستە ئیسلامییەکان، هەرجۆرێک لە زانستی ئیسلامی پێناسەی تایبەتی خۆی بۆی هەیە

- لای زانایانی میژوو بە واتای سیرەت و ژیانی پێغەمبەر ﷺ دێت بە گشتی.
- لای زانایانی فەرموودەناسی بە واتای وتە و کردار و ڕەفتار و دان پێدانانی پێغەمبەری خوا ﷺ دێت.

- لای زانایانی عەقیدە بە واتای سەرچاوەی بنەڕەتی ئیسلام دێت لەگەڵ کەلامی خوای پەروەردگار، جیاوازی نییە.

- لای زانایانی شەریعەتناسی بە واتای زیادە و نەوافل دێت دوور لە فەرزەکان.

- لای زانایانی ئوصولی تەفسیری قورئان بەواتا شیکاری و تەفسیر دێت.

- لای زانایانی جەرح و تەعدیل بەواتای ڕێگا و شوێنکەوتنی پێغەمبەری خوا ﷺ دێت.

کەواتە ماناکان زۆرن هەریەک لەو زانا و خاوەن داهێنانانە لە زانستی ئیسلامیدا پێناسەی زیاتر و بەش و لقی زیاتریان لێکردۆتەوە، بەڵام هاوەڵان بە یەک چاو تەماشای سوننەتیان کردووە، تەنها بە شوێنکەوتنی پێغەمبەری خوادا ﷺ لە ورد و درشتی دا.

خوای پەروەردگار ئاماژەی پێداوە لە قورئاندا و دەفەرموێت:

﴿قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ ٱللَّهَ فَٱتَّبِعُونِى يُحْبِبْكُمُ ٱللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ ۚ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٣١﴾﴾ آل عمران

واتە: {شوێنکەوتنی پێغەمبەری خوا ﷺ نیشانەی خۆشویستنی خوایە} ئەی محمد ﷺ پێیان بفەرموو: ئەگەر ئێوە ڕاست ئەکەن خوای گەورەتان خۆش ئەوێ ئەوە شوێن من بکەون، ئەوە ئەو کاتەش خوای گەورە ئێوەی خۆش ئەوێ و لە تاوانەکانتان خۆش ئەبێت، کەسانێک بانگەشەی خۆشەویستی خوایان کرد، خوای گەورە بەم ئایەتە تاقیکردنەوە، کەواتە

هەرکەسێک شوێن پێغەمبەری خوا ﷺ نەکەوێت و بیدعە بکات ئەوە لە خۆشەویستی بۆ خوای گەورەڕاستگۆ نییە، شوێنکەوتنی پێغەمبەری خوا ﷺ بەڵگەیە لەسەر خۆشەویستی خوای گەورە و هۆکارە بۆ دەستخستنی خۆشەویستی خوای گەورە و لێخۆشبوونی تاوانەکان، خوای گەورە زۆر لێخۆشبوو و بەڕەحم و بەزەییە.

بە واتای ئەوەی هاوەڵان لە دیدی قورئانەوە شوێن سوننەت کەوتوون.

ژیانی پێغەمبەر ﷺ تەفسیری واقیعی و بە کرداری قورئان بوو، پیادەکردنی گەورە و بچووکی قورئان بوو لە ژیانیدا، ژیانی پێغەمبەر ﷺ خوا ئاراستەی دەکرد بەوەحی بە مەبەستەوە، واتا پێغەمبەر ﷺ هەرکارێکی ئەنجام بدایە هەروا هەڕەمەکی و سادە و سانا نەبوو وەکو ژیانی خەڵکی تر، پێغەمبەر ﷺ هەرچی بکردایە بە وەحی جەختی لەسەر دەکرایەوە یان بۆی ڕاست دەکرایەوە و چاکسازی تێدا دەکرا بە جۆرێکی تر.

ئەمەش ئەو خاڵە گرنگە بوو کە هاوەڵان شوێنی دەکەوتن لە ژیانی پێغەمبەر ﷺ دا، چونکە دەیانزانی بێهوودە و بێ سەبەب نییە، لە هەموو وەحییەکدا دڵ و چاو و هەست و نەستیان تێکەڵی دەبوو بە کردار دەیان سەلماند.

هیچ کەس لەسەر ئەم زەمینەدا جائیز نییە لاسایی بکەیتەوە، لاسایی ڕەها و موطڵەق، تەنها پێغەمبەری خوا ﷺ نەبێت، چونکە هەموو مرۆڤێک

بێجگە لە پێغەمبەر ﷺ ڕاست دەکات و هەڵەش دەکات، هەموو مرۆڤێک قسە و کرداری وەردەگیرێت و ڕەتیش دەکرێتەوە، بەڵام پێغەمبەری خوا ﷺ مەعسومە و بەڕەهایی هەموو شتێکی ڕاست و دروستە، چونکە چاودێری خوای پەروەردگاری لەسەر بووە تا لە ژیان دابووە.

هاوەڵان زۆر بە باشی درکیان بەوە کردبوو بۆیە لە کرداریاندا ڕەنگی داوەتەوە.

سوننەت لای هاوەڵان

هەرچۆن ئاماژەمان پێدا وشەی سوننەت واتا و مەدلولی زۆری هەیە لە ڕابردوودا لە ڕووی زمانەوانی و شیکاریان نەکرد بۆ سوننەت، بۆ ئەوەی بەسەرماندا تێنەپەڕێت شیکاری بۆ دەکەین لە ڕووی زمانەوانییەوە پاشان قوواڵ دەبینەوە بە تێگەیشتن و چەمکی سوننەت لای هاوەڵان.

مەبەست لە خودی سوننەت واتای ڕێگا و میتۆدی ژیانی کەسێکە جا ئەو ڕێگا و میتۆدە چاک و سوپاس کراو بێت یان خراپ و زەم کراو، لە ڕووی ڕێزمانەوە سوننەت: بەواتای ڕێبازی ژیانی کەسێکە بە چاک و خراپ، ئەگەر سوننەتی خراپ بوو لە شەرع دا پێی دەوترێت (السنة السيئة) ئەگەر چاک بوو ئەوە (السنة الحسنة) یە.

خوای گەورە لە قورئاندا دەفەرموێت:

﴿قُل لِّلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ إِن يَنتَهُواْ يُغۡفَرۡ لَهُم مَّا قَدۡ سَلَفَ وَإِن يَعُودُواْ فَقَدۡ مَضَتۡ سُنَّتُ ٱلۡأَوَّلِينَ ٣٨﴾ الأنفال

واتە: ئەی محمد ﷺ بە کافران بڵێ، ئەگەر دەست هەڵبگرن لە کوفر و دژایەتی کردنی پێغەمبەری خوا ﷺ موسڵمان بن و بە تاک و تەنها عیبادەتی خوای گەورە بکەن ئەوا پێشتر چ تاوانیان کردووە لە کوفر و دژایەتی، ئەوە خوای گەورە لە هەر هەمووی خۆش ئەبێت بەڵام ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ دژایەتی و کوفڕ و کوشتاری موسڵمانان ئەوە سوننەتی خوای گەورە لە نەتەوەکانی پێشترا تێپەڕیوە، تەماشا بکەن بزانن چۆن خوای گەورە لەناوی بردوون ئێوەش بەو شێوازە لەناو ئەبات.

جا سوننەتی یەکەم کە لەم ئایەتەدا هاتووە بە مانای ڕێبازی ئەو کەس و هۆز و گەلانەی کە پێغەمبەرەکانی خۆیان بە درۆ دەخستەوە، خوای گەورە بە بەڵا و موصیبەت و ئازار و ئەشکەنجەی بۆ ناردن.

پێغەمبەری خوا ﷺ -ش دەفەرموێت: هەرکەس ڕێبازێک لە ئیسلام بگرێتەبەر و ڕێباز و سوننەتی چاک بێت، هەرکەسێکیش لاسایی بکاتەوە بە کرداری ئەو کەسە بکات کە ئەو ڕێباز و سوننەتە زیندوو دەکاتەوە، ئەوا بە دڵنیاییەوە وەکو نموونەی ئەو ڕێبازە پاداشتی بۆ دەنووسرێت کە کەسێکی تر ئەنجامی داوە بێ ئەوەی لە پاداشتی کەسی دووەم کەم بکات (واتا زیاتر بۆ خاوەنەکەی دەنووسرێت)، یاخود بە پێچەوانەوە ئەگەر کەسێک سوننەتێک و ڕێبازێکی خراپ ئەنجام بدات لە ئیسلامدا بوونی نەبێت، ئەوەی لاسایی دەکاتەوە پاداشتی خراپەکەی کە وەریگرتوە دەڕواتە

سەر پاداشتی سزای ئەو کەسەی کە یەکەمجار ئەنجامی داوە، بێ ئەوەی لە سزای کەسی دووەم کەم بێتەوە[1].

کەواتە بە کورتی و پوختی سوننەت واتا ڕێگا و ڕێباز، کاتێک دەڵێن سوننەتی پێغەمبەر ﷺ مەبەستمان لە مەنهەج، ئاکار و ڕەوشت، ڕەفتار و گوفتار و کردەوەی لەگەڵ ژیانی بە گشتی، مەبەست پێی ئەوە نییە کە زانایان باسیان کردووە کەوا پێشتر ئاماژەمان پێدا، کە زانایان کردوویانە بە پێنج بەش، واجب و حەرام و سوننەت و مەکروهو موباح یان ڕێگا پێدرا و . لێرەدا مەبەستمان ئەحکامی تەکلیفی نەوافل نییە، وەکو زانایان دابەشیان کردووە بۆ ئەو پێنج خانەیە، یان کە باسی سوننەت دەکەین بە واتای دوو ڕکەعەت نوێژی سوننەت نا دوای نوێژی نیوەڕۆ یان پێش نوێژی عەسر، بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە کە زانایانی ئوصول لە هاوەڵانەوە وەریانگرتووە و خودی پێغەمبەر ﷺ ئەنجامی داوە، ئەویش سێ بەشە: گوفتار و ڕەفتار و بڕیاردان (قول، فعل، تقریر).

جا هەرچی لە پێغەمبەر ﷺ -ەوە بۆ ئێمە هاتبێت، فەرز بێت یاخود نەوافل کە کورد پێی دەڵێن زیادە لە دوای فەرزەکان، بە هەمووی دەوترێت

---

[1]- قال رسول الله ﷺ من سن في الإسلام سنة حسنة فله أجرها وأجر من عمل بها من بعده من غير أن ينقص من أجورهم شيء، ومن سن في الإسلام سنة سيئة فعليه وزرها ووزر من عمل بها من بعده من غير أن ينقص من أوزارهم شيء/ مسلم.

سوننەت، واتا بە هەموو فەرز و سوننەت دەوترێت سوننەتی پێغەمبەر ﷺ کە مانای مەولودی ڕێبازی پێغەمبەر ﷺ دەگەیەنێت.

(قول) گوفتار: واتا هەر وشەیەک پێغەمبەر ﷺ درکاندبێت، ئەوە سوننەتی پێغەمبەرە ﷺ، نموونەی (إنما الأعمال بالنيات) واتا هەموو کردارێک لە نیەتدایە و تەنها خاوەن نییەتەکە دەزانێت بۆ ئەمجامی داوە.

یاخود پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: (من غشنا فليس منا) ئەوەی خەریکی ساختەکاری بێت لە ئێمەی موسڵمان نییە، کەواتە هەر وێنەیەک و ڕستەیەک لە دەمی موبارەکی پێغەمبەر ﷺ -ەوە هاتبێت بۆ ئێمە سوننەتە.

(فعل) کردار: بە واتای ئەوەی هەرشتێک هاوەڵان بۆ ئێمەیان گواستبێتەوە لە کرداری پێغەمبەر ﷺ ئەوە سوننەتە، نموونەی ئەنجامدانی نوێژ، وەکو نوێژی نیوەڕۆ کە چوار ڕکعاتە، لە هەر ڕکعەتێکدا سورەتی فاتیحەی خوێندووە لە دوای هەر ڕکعەتێک چۆتە ڕکوع و فەرموویەتی (سمع الله لمن حمده)، جا کەواتە هەر کردارێک و گوفتارێک لە پێغەمبەر ﷺ -ەوە جا فەرز بێت یاخود سوننەت، هەر پێی دەوترێت سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ.

مەبەست بە (تقریر) بڕیار لەسەر دان پێدانان، هاوەڵێک لەبەردەم پێغەمبەر ﷺ کارێکی ئەنجام داوە، پێغەمبەری خوا ﷺ بێ دەنگ بووە هیچی لەسەر نەوتووە، ئەوەش هەردەبێت بە سوننەتی پێغەمبەر

صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ، چونکە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە ئاستی هەڵە و کاری خراپ دا هەرگیز بێدەنگ نابێت.

یاخود هاوەڵێک کارێک یاخود هەر شتێکی ئەنجام دابێت و پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە چاکی دانابێت، ئەوەش دەبێتە کرداری پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ سوننەتە، لەبەر ئەوەی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مەدحی کردووە و بەچاکی داناوە، خۆ ئەگەر خۆشەویست ئەنجامی نەدابێت.

کەواتە پێناسەی سوننەت بریتییە لە:-گوفتاری پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و کردار و بڕیاردان لە سەری، نموونە زۆرە لە ژیان و سیرەتی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە لە ژماردن نایەت.

هەر وشەیەک لە دەمی موبارەکی هاتبێتە دەرەوە و هەر کردارێکی ئەنجام دابێت لە جوڵەیەکی بچووکیش بێت سوننەتە زەردەخەنە و تورەبوونی، هەر گێڕانەوەیەکی لەوێستگەیەک لە وێستەگەکانی ژیانی ناوی سوننەتە.

کەواتە لە تۆی خوێنەر داواکەم ئەوەیە کە شارەزابیت لە ژیانی پێغەمبەردا لە منداڵیەوە تا وەفاتی، چونکە هەمووی سوننەتە.

لێرەوە دووبارەی دەکەمەوە مەبەستمان نوێژی سوننەت و پۆژووی سوننەت نییە، بەڵکو مەبەستمان ژیان و ڕێباز و مەنهەجی پێغەمبەری خوایە ﷺ بە گشتی.

سەرنجتان ڕادەکێشین بۆ شتێکی زۆر گرنگ، لە ژیانی هەموو کەسێکدا نهێنی هەیە بەڵام لە ژیانی پێغەمبەر ﷺ -دا بەڕەهایی دەڵێم هیچ نهێنییەکی نییە، هەموو ژیانی ئاشکرا و شەفافە بۆ ئەوەی لاسایی بکەینەوە و شوێنی بکەوین، لەوانەیە حیکمەتی فرەژنیش هەر لەبەر ئەوە بووبێت کە ژیانی بۆ ئێمە ڕوون و ئاشکرا بێت، نۆ ژنی لەیەک کاتدا هەبووە، بۆ ئەوەی ورد و درشتی ژیانی بۆ ئێمە ڕوون بکرێتەوە، دەرگای والابوو بۆ خەڵکی و هاوەڵانی، تێکەڵاوی هاوەڵانی بوو بە شێوەیەکی زۆر چڕ و پڕ لە ماڵەکەیدا هەموو هەڵسوکەوتەکانی و تەنانەت جۆری جل و بەرگ و خۆشۆردن و چوونە ناو تەوالێت و ...هتد.

هەمووی ئاشکرایە بۆ ئوممەتەکەی و هیچی شاراوەی نییە، هەر هەڵوێست و وێستگەیەک لە ژیانی شتێکی نوێ فێری ئوممەتەکەی دەکات.

بەم پا و پێوەندە لە ژیانیدا هیچ هەواڵ و ڕووداوێک نەماوە بۆمان باس نەکرابێت و نەیزانین، هەموو شتێک لە ژیانیدا زانراوە، کەواتە دەتوانین فەرموودەی خوای گەورە پیادە بکەین کە دەفەرموێت:

﴿لَّقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ ٱللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِّمَن كَانَ يَرْجُواْ ٱللَّهَ وَٱلْيَوْمَ ٱلْآخِرَ وَذَكَرَ ٱللَّهَ كَثِيرًا ﴿٢١﴾﴾ الأحزاب

واتە: {پێغەمبەری خوا ﷺ پێشەوا و مامۆستای چاکی ئێوەیە} بەدڵنیایی لە پێغەمبەری خوا ﷺ دا بۆ ئێوە پێشەوایەتییەکی زۆر جوان هەیە و پێشەوا و مامۆستای چاکی ئێوەیەو چاو لە پێغەمبەری خوا ﷺ بکەن و شوێنی بکەون، بەڵام بۆ کەسێك کە بە ئومێدی خوا و ڕۆژی دوایی و پاداشتی خوای گەورە هەبێت، زیکری خوای گەورەی زۆر کردبێت.

کەواتە ژیانی بۆ ئێمە سوننەتە و ناویشی هەر سوننەتە، ڕێبازی لە بیر و باوەڕ دەگرینە بەر لە عیبادەت و مامەڵەدا هەمووی بۆ ئێمە سوننەتە.

ئەگەر لە ڕێبازی دەرچووین بە دڵنیاییەوە سەر لێشێواو و گومڕا دەبین، پێویستە چاوی لێبکەین لە دروشم و کارەکانیدا بە گشتی، هەر لە نوێژ و ڕۆژو و زەکات و حەج و شەونوێژ و خوێندنی قورئان و وەرگرتنی زانست و بانگەواز، هەروەها لە خواردن و خواردنەوە و سەربڕین و مەبەستم تەنها لەوە نییە کە بەدەستی ڕاست بیخۆین، نا بەڵکو چی حەرامە و کامە حەڵاڵە، سوننەت هەروا شتێکی سادە نییە، بەڵکو حەرام و حەڵاڵی تێدایە، فەرمان و ڕێگری تێدایە، خەڵک تەنها وابزانێت سوننەت واتای هەڵبژاردنە و دەتوانێت وازی لێبهێنیت.

پێغەمبەری خوا ﷺ ڕێباز و سوننەتی لە کڕین و فرۆشتن دا چۆن بووە، یاخود چۆنیەتی بازرگانی پێغەمبەر ﷺ یان شەریکی خەڵک و یاسا و ڕێساکانی لە شەرع دا چی بۆ دانراوە پێویستە هەموو بازرگانێک

بزانێت، یان پێغەمبەری خوا ﷺ سوننەتی چۆن بووە لە دادگەری و دادگا دا چۆن کێشە و ململانێکانی چۆن چارەسەر کردووە، هەروەها سوننەتی پێغەمبەر ﷺ لە جیهاد و جەنگ دا، چۆنیەتیِ مامەڵە کردن لەگەڵ دۆژمندا، لەگەڵ خێزانو منداڵەکانی و لەگەڵ هاوەڵانی و دراوسێکانی و میوانەکانی و...هتد.

(سوننەت) واتە: هەموو شتێک کە لە ژیاندا هەیە، دەتوانین چاو لە پێغەمبەری خوا ﷺ بکەین، واتە: لە ژیانی پێغەمبەر ﷺ -دا شتێک نییە بە ناوی ژیانی تایبەتی پێغەمبەر ﷺ، هەمووی بۆ ئێمە ورد و درشتی سوننەتە، لێرەدا باسی مێژووی ژیانی مرۆڤێک ناکەین، بەڵکو باسی دینی ئیسلام دەکەین کە هەموو ژیانی بۆ ئێمە دینە، شەرعە و یاسا و ڕێسایەکی تەواو ڕێک و پێک و (کامڵ)ە، تەواوە، وەحییە لە لای خوای گەورەوە.

لە (عیرباز)ی کوڕی (ساریە)وە دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ ئامۆژگاری دەکردین، چاومان پڕ بوو لە گریانو دڵمان پەیوەست بوو بوو، وتمان: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەم فەرموودانەت وەکو ئەوە وایە: مانڵئاواییمان لێبکەی؟! ئایا وەسیەتت چیە؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: لە ناو ئێوەدا بە جێم هێشتووە، ئەم دینە سپی و پاکە، بێ لەکە و بێ پەڵەیە، شەوی وەکو ڕۆژ پڕشنگدارە، کەس لە سەری هەڵنادێرێت لە دوای مردنم،

مەگەر ئەوەی خۆی بیەوێ بەرەو لە ناو چوون هەلاکەت بڕوات و خۆی گێل بکات[٢].

واتا دینەکە دیار و ئاشکرایە هیچ شاراوە و نهێنی و (باطن)ی تێدا نییە، پاکە و بێ گەردە تاریک نییە وەکو شەو، تا ڕێگا هەڵە بکەیت، بەڵکو شەو و ڕۆژی وەکو یەکە، ڕووناکە، سپی‌و بێ پەڵە و لەکەیە، پاشان لە دوای ئەم وتەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئاگادارییەکی زۆر گرنگ پێشکەشی ئوممەتەکەی کرد و فەرمووی: هەر کەسێک لە ئێوە بمێنێ ڕا جیاواز و ئیختیلافێکی زۆر دەبینێت.

إِنَّهُ مَن يعِشْ منْكم بعدي فسيَرى اختِلافًا كثيرًا

وەکو ئەم سەردەمەی تێیدا دەژین، هەموو ژیانمان لە سەر ئیختیلاف و ڕای جیاواز بونیاد ناوە کەس گوێ بۆ کەس ناگرێت، هەر یەکەو بە ناوی (منهج)ی پێغەمبەر ﷺ -وە ڕیبازێکی داناوە ناوی لێناوە سەلەفی، ئەشعەری، ماتوریدی...هتد.

---

[٢] - ((عنِ العِرْبَاضِ بْنِ سَارِيَةَ، قَالَ: وَعَظَنَا رَسُولُ اللهِ ﷺ يَوْمًا بَعْدَ صَلاَةِ الغَدَاةِ مَوْعِظَةً بَلِيغَةً، ذَرَفَتْ مِنْهَا العُيُونُ، وَوَجِلَتْ مِنْهَا القُلُوبُ، فَقَالَ رَجُلٌ: إِنَّ هَذِهِ مَوْعِظَةُ مُوَدِّعٍ، فَمَاذَا تَعْهَدُ إِلَيْنَا- يَا رَسُولَ اللهِ-؟ قَالَ: أُوصِيكمْ بِتَقْوَى اللهِ، وَالسَّمْعِ وَالطَّاعَةِ، وَإِنْ عَبْدٌ حَبَشِيٌّ، فَإِنَّهُ مَنْ يَعِشْ مِنْكمْ يَرَى اخْتِلاَفًا كثِيرًا، وَإِيَّاكمْ وَمُحْدَثَاتِ الأُمُورِ، فَإِنَّهَا ضَلاَلَةٌ، فَمَنْ أَدْرَك ذَلِك مِنْكمْ، فَعَلَيْهِ بِسُنَّتِي، وَسُنَّةِ الخُلَفَاءِ الرَّاشِدِينَ الْمَهْدِيِّينَ، عَضُّوا عَلَيْهَا بِالنَّوَاجِذِ))، (رواه أحمد وابن ماجة).

زانایان بەو پەڕی ڕێزەوە ئەدەبی ئیختیلافیان پاراستووە، بەڵام لای بانگخوازەکان جنێو بە زاناکانی یەکتر ئەدەن.

لەوەش زۆر گەورەتر قورئان و سوننەت وەلانراوە، شەرق و غەرب بۆتە سەرچاوە، یەکێک دەڵێت: ڕۆژهەڵات وا دەڵێت: بەرانبەری دەڵێت: ڕۆژئاوا دەڵێت: ئەوەی ڕۆژئاوا باشترە! خودی ئیسلامەکەش لە بیر کراوە، ئەوەش لە بیر و بۆچوون و ڕا جیاوازانە دەخاتە ڕوو، هەر خودی موسڵمانانە و (١٠٠١) ڕای جیاواز پێشکەش دەکەن، لە تەلەفیزیۆن و کەناڵەکانی تری ڕاگەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان باسی هونەری حەرام و باسەکانی حەڵاڵو حەرام بێ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەی شەریعەت. دزی و خراپەکاری ناوی تری بۆ دادەتاشن ونی دەکەن لە زهنی خەڵکیدا و فرۆشتنی خاک و نیشتمان و خەڵکەکەی و حەڵاڵ کردنی حەرامەکان، لەگەڵ خەڵکیدا قسە و باس دەکەیەوە هەموو دەڵێن: جا کاکە ئێمە حەقمان چیە؟ تازە دونیا بە ئێمە چاک نابێت، وەکو ئەوە وایە کە هەموو ژیانی لە دەعوە و بانگەوازدا خەرج (بەهەدەر) کردبێت.

پێغەمبەری خوا ﷺ سەرچاوەیەکی پاک و بێگەردی داوینەتێ و دەفەرموێت: کە تەمەنتان درێژ بوو ئەو ڕا جیاوازانەتان بینی، بگەڕێنەوە بۆ سوننەتم یاخود: سوننەتی خولەفای ڕاشیدین، کە پێنج خەلیفە پێگەیشتووەکان (ئەبوبەکر و عومەر و عوسمان و عەلی و حەسەنی کوڕی عەلی).

(فعليكُم بسنَّتي وسنَّةِ الخلفاءِ الرَّاشدينَ المَهديِّينَ)

نافەرموونت: بگەڕێنەوە بۆ لای ڕا و بۆچوونی دیموکراتی و سەرمایەداری لیبراڵی و...هتد، بەڵکو سەرچاوەکە ژیانی خۆی و هاوەڵانیەتی، چونکە هاوەڵانیش لە خۆیانەوە زیاد و کەم ناکەن لە ئایینداا.

ناچێتە ئەقڵ و زیرەکی، تێگەیشتنی سادەش ئەوە قبوڵ ناکات کە سوننەت، واتای دوو ڕکعات نوێژی سوننەت بێت یاخود: مەبەست فەرزەکان نیە! هەر شتێک پێوەر بکە بە ژیانی پێغەمبەری خوا ﷺ و هاوەڵانی، بۆ نموونە: ئەگەر پێغەمبەری خوا ﷺ بمابایە، ئایا دەچووە ئاهەنگی بووک و زاوا و خێزانەکانی بیات بۆ ئاهەنگەکە؟! یاخود: هاوەڵانی دەچوونە جێگای نێرگەلە کێشان؟! یان: لە حوکمەتدا نەوتی خەڵکیان هەرزان فرۆش دەکرد و قوتی خەڵکی و موچەی خەڵکیان دەبڕی و کاری حیزبی و هەڵبژاردنی دیموکراسیان دەکرد؟!

خۆت وەڵامی ئەم پرسیارانە و سەدان پرسیاری تری ناو کۆمەڵگە، لەمەڕ پرس و دیاردە ناشرینەکانی، ئایا پێغەمبەر ﷺ پێی ڕازی دەبوو؟

ئەم پرسیارە جێ دەهێڵین بۆ خەڵکی.

ئەم وتانە هەمووی کاری خراپ و ترسناکن، بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: بە چنگتان بیگرن و باوەش بکەن بە سوننەتدا (عَضُّوا عَلَيْهَا بِالنَّوَاجِذِ).

بە توندی هەوڵی بۆ بدەن و باوەشی پێدا بکەن، بە عەزیمەت و هێزەوە پارێزگاری سوننەت بکەن، چاو لە خەلیفەکانی ڕاشدین بکەن بە هەموو وزە و تواناتانەوە.

لێرەدا موعجیزەیەکی زۆر گەورە لە ژیانی پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانی خەلیفەدا دەبینرێت کە ژیانی هەموویان لە دەسەڵات و حوکمڕانیدا (٥٣) ساڵ بووە، (٢٣) ساڵی ژیانی پێغەمبەری خوا ﷺ لە پێغەمبەرایەتی، دوو ساڵ و چەند مانگێک خیلافەتی ئەبوبەکر، دە ساڵ خیلافەتی عومەری کوڕی خەتتاب، دوازدە ساڵ خیلافەتی عوسمانی کوڕی عەففان، چوار ساڵ خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبی تاڵیب و شەش مانگ خیلافەتی حەسەنی کوڕی عەلی -ڕەزامەندی خوا لەسەر هەموویان بێت-، هەمووی پەنجا و سێ ساڵ دەکات، پێغەمبەری خوا ﷺ کە ئاماژەی بە ڕێبازی خۆی و خەلیفەکانی ڕاشدین داوە لەبەر ئەوەی چارەسەری هەرچی کێشەی ژیانە لەو پەنجا و سێ ساڵەدا دەست دەکەوێت. هەروەها پرۆژەی گەورەی دامەزراندنی دەوڵەت، حکومەت، پەیوەندی سیاسی، ئابووری، جەنگ و شەڕی ناوخۆ ...هتد لە ناو ئەو چەند ساڵەدا هەیە و لە ژیانی هەموو کەسێک دا دووبارە دەبێتەوە.

مرۆڤ ئەگەر بە وردی لێکۆڵینەوە و وردبینی بۆ بکات هەموو چارەسەری کێشە پرۆژەی ژیانی تێدا هەڵدەگۆزێت، گەنجینەکەی پڕ ئاڵتوون و زێڕ و زیوە، ئەگەر وەکو تاک بیری لێبکەیتەوە لە بیستو سێ ساڵی ژیانی پێغەمبەر ﷺ -دا چۆنیەتی هەڵسوکەت لەگەڵ ماڵ و منداڵو خێزان و بازرگانی

و کڕین و فرۆشتن و عیبادەت و بانگەواز و بواری کۆمەڵاتی و ...هتد تێدا بەدی دەکرێت.

لە ڕووی کۆمەڵگەوە هەموو بنەمای کۆمەڵگەی سەرکەوتوو لە ناو کۆمەڵگەی پێغەمبەری خودا ﷺ دەبیندرێت، لە شاری مەدینە و لە دەوروبەری لە بونیادنانی کۆمەڵگەدا نموونەی هاوکاری و بەدەمەوە چوون و ڕاستگۆیی و برایەتی و بەرپرسیارێتی و... هتد.

لە ڕووی دەسەڵات، بونیادی دەوڵەت و حکومەت و پڕۆژەی خزمەتگوزاریی و کێشەکانی ئابووری و چارەسەرکردنی فتوحات و تەنانەت چارەسەری شەڕی ناوخۆ...هتد.

هەر لەبەر ئەم هۆکارانەیە سەرنجتان بۆ ئەو کاتە ڕادەکێشین و تاکو باوەشی پێدا بکەین و بەتەواوەتی لێی تێبگەین و لێیبکۆڵینەوە.

پێغەمبەری خوا ﷺ لە فەرموودەیەکی تردا بە جوانی ڕوونی دەکاتەوە بۆمان کە سوننەت هاوشێوەی قورئانە و دەفەرموێت: دوو شتم بۆ بە جێ هێشتوون ئەگەر دەستی پێوە بگرن هەرگیز سەر لێشێواو نابن، ئەویش قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەر ﷺ [٣].

---

[٣]- ترکتُ فیکم أَمْرَیْنِ لن تَضِلُّوا ما تَمَسَّکتُمْ بهما: کتابَ اللهِ وسُنَّةَ نبیِّهِ ﷺ/ رواه مالک و بیهقي و حاکم.

کەواتە: سوننەت لە فەرموودەکاندا بە واتا نوێژی سوننەت و بەرزی سوننەت نایەت، بەڵکو بە واتای ژیانی پێغەمبەر ﷺ و ڕێبازەکەی دێت.

لە فەرموودەیەکدا زیاتر بۆمان ڕوون دەبێتەوە چەمک و تێگەیشتن لە سوننەت، پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: هەموو ئوممەتەکەم دەچێتە بەهەشت هەندێکیان نەبێت، هاوەڵان وتیان: ئەی رسول الله ﷺ ئەو کەسانە کێن کە ناچنە بەهەشت؟! پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: هەر کەس گوێڕایەڵم بێت ئەچێتە بەهەشت و هەر کەس سەرپێچی بکات دەڕواتە دۆزەخ[٤].

کەواتە: کێشەکە لەو پەڕی ترسناکی دایە، هەر کەس سەرپێچی فەرمانی پێغەمبەر ﷺ بکات، بە دڵنیاییەوە دەڕواتە دۆزەخ و بەهەشتی خوای گەورەی لە دەست ئەدات، کە پانتایی بە قەدەر زەوی و ئاسمانەکانە.

کەواتە لە دەرچەی ئەو فەرموودانەوە بۆمان دەرئەکەوێت کە سوننەت سەرچاوەی دووەمی تەشریعی ئیسلامییە، واتا سەرچاوەی یاسا و ڕێسای خودی دەستوورە، سەرچاوەی یەکەم: قورئان، سەرچاوەی دووەم: سوننەت، نەک بە واتای ئەوەی لە قورئان وەردەگرین، سوننەت گرنگ نییە، بەڵکو بە واتای تەواوکەری یەکتری.

---

[٤]- عن أبي هريرة رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ: كل أمتي يدخلون الجنة إلا من أَبَى.قيل: ومَنْ يَأْبَى يا رسول الله؟ قال: من أطاعني دخل الجنة، ومن عصاني فقد أَبَى/ رواه البخاري.

هیچ یاسا و ڕێسایەک دەرناچێت لە ئیسلامدا کە سەرچاوەکەی قورئان و سوننەت نەبێت، هیچیان بە بێ هیچیان ناکرێ، تێگەیشتنی قورئان بە سوننەتە، چونکە قورئان بۆ ژیانی پێغەمبەر ﷺ هاتووە، تاکە کەسێک بتوانێت جوان لە قورئان تێبگات و تەفسیری بکات پێغەمبەری خوایە ﷺ.

بە داخەوە لەم سەردەمەش دا کەسانێک دروست بوون بە ناوی (قورئانیی) لەگەڵ هێنانەوەی بەڵگە لە قورئان و سوننەت دا دەڵێن: تەنها لە قورئان سەرچاوە وەردەگرین، سوننەت هیچ بایەخی نییە، تانەو تەشەر لە شەفاعەت ئەدەن، تانە لە ژیانی ناو قەبر ئەدەن (مەبەست بەرزەخ)ە، تانە لە حەڵاڵو حەرامی ناو سوننەت ئەدەن، تانە لە سنووورەکانی خوای پەروەردگار ئەدەن، لە کەناڵەکانیشەوە پانتایەکی فراوانیان بۆ دابین کراوە، وەڵامدانەوەیان زۆر ئاسانە، بەڵام بواری ئەو کەسانە نادەن کە توانای وەڵام دانەوەیان هەیە، ئەستەمە ئیماندارێکی ڕاستەقینە بیت و بتوانیت دەستبەرداری سوننەت ببیت.

هەموو ئەو پێشەکییەمان باس کرد بۆ ئەوەی بزانین هاوەڵان چۆن مامەڵەیان لەگەڵ سوننەتی پێغەمبەردا کردووە ﷺ، زانیمان چۆن لە سوننەت گەیشتوون.

مامەڵەی هاوەڵان لەگەڵ سوننەت دا

با بزانین هاوەڵان چۆن مامەڵەیان لەگەڵ سوننەتدا کردووە ئەوان زۆر جەختیان لەوە ئەکردەوە کە خاڵ بە خاڵی ژیانی پێغەمبەری خوا ﷺ

بزانین، زۆر جار بۆ زانینی ڕەفتار و گوفتاری پێغەمبەر ﷺ ئێشکیان دەگرتو بە سەرە (نۆبە) دەچوونە خزمەتی بۆ ئەوەی ورد و درشتی ژیانی بزانن و لاسایی بکەنەوە، ئەوان بۆ وەرگرتنی سوننەت خۆیان ماندوو دەکرد، ئەگەر سوننەتێکیان لە دەست بدایە دەگەڕان بە شوێنیدا، ناڕەحەت دەبوون بە لە دەستدانی.

(بخاري و مسلم) بۆمان دەگێڕنەوە، کە عومەری کوڕی خەتتاب - ڕەزامەندی خوای لەسەر بێت- مالّی دووربوو لە ناو شاری مەدینە و لە مزگەوتی پێغەمبەرەوە ﷺ ، لە گەڕەکی (بەنی ئومەیە)ی کوڕی (زید) دەژیا، دراوسێیەکی هەبوو، بە ناوی (عەتابی کوڕی مالیک) لەگەڵ عومەری کوڕی خەتتاب دا ڕۆژێک نا ڕۆژێک دەچوونە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ ئەوەی وردو درشتی ژیانیان لە دەست دەرنەچێت، ئەو ڕۆژەی کە عومەر دەڕۆیشت هەرچی فێر بووایە و ببینیبایە دەهاتەوە بۆ لای عەتابی کوڕی مالیک و بۆی دەگێڕایەوە، ئەویش بە هەمان شێوە لە سەرەی ڕۆژی خۆیدا ئەنجامی ئەدا، چونکە وەحییان لا گرنگ بوو لە دەمی پێغەمبەرەوە ﷺ بە هەمان شێوە سوننەت چۆن شیکاری بۆ دەکات.

ئەوان سەرقاڵی سوننەت بوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ژیانی خۆیان واز لێ نەدەهێنا، کاریان دەکرد و بازرگانیان دەکرد، کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و ژن و ژنخوازیان دەکرد...هتد، خۆ هەمیشە لە خزمەت پێغەمبەردا نەبوون ﷺ، بەڵکو سەرقاڵ بوون بە ژیانی خۆیان. بەڵام نەیاندەهێشت قورئان و سوننەت لە دەستیان دەربچێت بۆ زانین و پیادەکردن، کاتێک کە ژیانی

عومەر دەخوێنیتەوە و ڕووداوەکانی ژیانی هەڵسەنگاندنی بۆ دەکەین، یاخود ئەبو بکری سدیق دا دەزانین، ئەم هاوەڵە بەڕێزانە بیستو چوار کاتژمێر لە خزمەتی پێغەمبەری خودا بوون ﷺ لە ڕاستیدا وا نەبووە، بەڵکو ژیانی خۆیان هەبووە سەرقاڵ بوون پێیەوە، لە هەمان کاتدا زۆر هۆگر و موشتاق بوون بۆ وەرگرتنی خاڵ بە خاڵی ژیانی پێغەمبەری خوا ﷺ.

خۆ ئەگەر بە دوای عوزردا دەگەڕێیت و کاتت نییە بۆ خوێندنەوەی سوننەت، ئەوا لەگەڵ هاوڕێکەت یان دراوسێکەت، وەکو پێشەوا عومەری کوڕی خەتتاب و عەطائی کوڕی مالیک بکەن و بۆ یەکتری بخوێننەوە، ئەو کات دەتوانین ڕاو بۆچوونی زۆریش ئاڵو گۆڕ بکەن، ئەمەش ئەو ئایەتە دەگرێتەوە کە خوای پەروەدگار دەفەرموێت:

﴿... وَتَعَاوَنُواْ عَلَى ٱلۡبِرِّ وَٱلتَّقۡوَىٰۖ ...﴿٢﴾﴾ المائدة

واتە: ...ئێوە هاوکاری یەکتری بکەن لەسەر چاکە و تەقوای خوای گەورە...

لێرەوە بە خوێنەر دەڵێم: ئەگەر دەتەوێ لە ژیانی پێغەمبەری خوا ﷺ بە وردی تێبگەیت، تکات لێئەکەم (ڕۆمانی مەملەکەتی نوور) بخوێنیتەوە.

جارێکیتر ئاماژە دەکەمەوە بە ژیانی عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس لە گۆشە نیگایەکی ترەوە، کاتێک ئەم هاوەڵە بەڕێزە دەرگا بە دەرگای ماڵی هاوەڵان دەگەڕا بۆ کۆکردنەوەی فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ واتە: سوننەت،

عەباکەی شانی ڕادەخست و لە بەردەم دەرگاکەدا لێی دادەنیشت و تاکو هاوەڵەکەی دەبینی و فەرموودەکەی لێوەردەگرت و دەینووسی، ئامادە بوو هەموو گەرما و سەرما و خۆڵی بەرکەوێت و ئازاری ئەکێشا تاکو سوننەتی کۆکردەوە، تەنانەت هاوەڵان دەیانووت: ئەی کوڕی مامی پێغەمبەر ﷺ، خۆ ئەگەر بتناردایە بە شوێنمان دا دەهاتینە خزمەتت کە دەیانبینی بەو شێوەیە ماندوو بووە، ئەویش دەیووت: من دەبێت بێمە خزمەتتان، چونکە کۆکردنەوەی سوننەت و زانستە، ڕۆژان ڕۆیشت و عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس بەردەوام بوو لە کارکردن و ئەو بووە زانا و هەموو هاوەڵان پرسیاریان لەو دەکرد، هاوەڵێکی ئەنصاری دەڵێت: عەبدوڵڵا لە من ئاقڵتر بوو، شەو و ڕۆژی خستە سەر یەک، تا توانی بگاتە ئاستێکی بەرزو نازناوی (چاکترین زانای ئەم ئوممەتەی وەرگرت) (حبرالأمة)، لە دوای پێغەمبەری خوا ﷺ باشتر ڕاڤەکاری قورئانە و هیچ کەس توانا و ئاستی ئەوی نییە،(قتادة) یەکێکە لە قوتابییەکانی دەڵێت: وشە بە وشەی قورئانم لێپرسیوە، وەڵامی هەمووی داوەتەوە، هەموو هۆکاری دابەزینی ئایەت و سوودەکانی زانیوە، هیچ ئایەتێک لای (متشابه) نەبووە، بەڵکو هەموو قورئان لای عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس مەحکەم بووە.

هاوکاری پێگەیشتن بەو هەموو زانست و توانا گەورەیەی شارەزا بوونی عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس بووە لە سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ چونکە سوننە ڕۆشنکەرەوەی قورئانە و زۆربەی دین لە فەرموودە و سوننەتەوە وەردەگیرێت.

هەر بۆیە هاوەڵان بە پێویستیان دەزانی کە فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ لە دوو تونێی کتێبدا کۆ بکەنەوە یاخود لە بەری بکەن و بە نەوەکانی دوای خۆیان بگەیەنن.

خەڵکی زۆر سەرسام بوون بە توانای (ئەبوهورەیرە) کە لە ماوەیەکی کورتدا توانیویەتی ئەو هەموو فەرموودەیە کۆ بکاتەوە، کە زیاتر لە حەوت هەزار فەرموودەی گێڕاوەتەوە، لە کاتێکدا لە سااڵی شەش بۆ حەوتی کۆچی موسڵمان بووە و تەنها چوار ساڵ لە خزمەت پێغەمبەردا ﷺ بووە، لە هەموو هاوەڵان زیاتر فەرموودەی گێڕاوەتەوە، بە تایبەت لەوانەش کە نزیکەی بیست ساڵ لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ -دا بوون.

ئەبوهورەیرە دەڵێت: خەڵکی دەیانووت: کە گوایە فەرموودەم زۆر گێڕاوەتەوە، خۆ ئەگەر لەبەر ترسی ئەو دوو ئایەتە نەبوایە کە خوای گەورە لە سورەتی (البقرة)دا باسی کردووە، یەک فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ- م نەدەگێڕایەوە، کە خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَكۡتُمُونَ مَآ أَنزَلۡنَا مِنَ ٱلۡبَيِّنَٰتِ وَٱلۡهُدَىٰ مِنۢ بَعۡدِ مَا بَيَّنَّٰهُ لِلنَّاسِ فِي ٱلۡكِتَٰبِ أُوْلَٰٓئِكَ يَلۡعَنُهُمُ ٱللَّهُ وَيَلۡعَنُهُمُ ٱللَّٰعِنُونَ ١٥٩ إِلَّا ٱلَّذِينَ تَابُواْ وَأَصۡلَحُواْ وَبَيَّنُواْ فَأُوْلَٰٓئِكَ أَتُوبُ عَلَيۡهِمۡ وَأَنَا ٱلتَّوَّابُ ٱلرَّحِيمُ ١٦٠﴾ البقرة

واتە: {سزای شاردنەوەی دین} ئەو کەسانەی کە ئەو شتە ڕوون و ئاشکرا و هیدایەتەی کە ئێمە ناردوومانە دەیشارنەوە دوای ئەوەی کە لە کتابەکاندا ئێمە ئاشکرامان کردووە (واتە: مەبەست پێی جوولەکە و گاورە) و لە کتابەکانی ئەواندا باسی هاتنی پێغەمبەری خوا ﷺ کراوە بە ئاشکرا

ئەوانیش ئەیشارنەوە و بە خەڵکی نالێن، ئەوانە خوای گەورە نەفرەتیان لێ ئەکات و هەموو نەفرەتکاران لە فریشتە و جنی و مەلائیکەت و ماسی و نەهەنگەکان و مێروولەکان هەموو نەفرەتکارێ نەفرەتیان لێ ئەکات ﴿١٥٩﴾ تەنها ئەو کەسانەیان نەبێ کە تەوبەیان کردووە و چاکسازییان کردووە وە ئەو شتەی کە شاردیانەوە ئیعلان و ئاشکرای ئەکەن و ڕوونی ئەکەنەوە بۆ خەڵکی ئەوانە خوای گەورە ئەفەرموێت: تەوبەیان لێ قەبوڵ ئەکەم من زۆر تەوبە قەبوڵ ئەکەم و زۆر بەڕەحم و سۆزو بەزەییم ﴿١٦٠﴾

ئەم دوو ئایەتە ئاگادارکردنەوەیەکی زۆر ترسناکە بۆ ئەوانەی ئایەتی خوا و فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ دەشارنەوە و بەیانی ناکەن بۆ خەڵکی، واتا هەر زانستێک لە ڕێگای پێغەمبەر ﷺ -ەوە هاتبێت و بەیان نەکرێت بەر لەعنەتی خوای گەورە دەکەوێت.

ئەبوهورەیرە لەو ئاگادار کردنەوەیە دەترسا بۆیە هەرچی پێگەیشتبوو لە سوننەت هەمووی بە خەڵکی ڕادەگەیاند.

خەڵکانێکی داخ لەدڵ بەرانبەر بە سوننەت کە تانە ئەدەن لەم هاوەڵە بەڕێزە و لە سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ کە گوایە دەڵێن: چۆن کەسێک ئەم هەموو فەرموودەیەی کۆ کردبێتەوە و باسی کاتەکانی پێش خۆی دەکات لە شاری مەککە و مەدینە؟ چۆن لە پێغەمبەر ﷺ -ی وەرگرتووە؟!

لە ڕاستی دا ئەبوهورەیرە خاوەنی زۆرترین فەرموودە نییە کە لە پێغەمبەر ﷺ -ەوە نەبیسترابێت، هەموو فەرموودەکانی لە خودی پێغەمبەر ﷺ وەرنەگرتووە، بەڵکو هەروەکو عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس، عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی عاص، ئەبی شاتی یەمەنی و ئسرائیلی کوڕی یونس لە هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ فەرموودەکانیان وەردەگرت، کە پێشتر لە پێغەمبەر ﷺ -یان بیستوە، ئەبوهورەیرە تەنها (٤٢) فەرموودەی لە پێغەمبەر ﷺ گێڕاوەتەوە، کە تایبەتە بەخۆی.

ئەم (٤٢) فەرموودەیە، ئەگەر دابەشی بکەین بەسەر ئەو چوار ساڵەی ژیانیدا نزیکەی هەر پێنج مانگ فەرموودەیەکی گێڕاوتەوە لە پێغەمبەر ﷺ -ەوە، فەرموودەکانی تر هەمووی لە هاوەڵانی ترەوە گێڕاوەتەوە، یاخود فەرموودەکان هاوەڵانیتریش گێڕاویانەتەوە.

بە کورتیو پوختی فەرموودەکان جگە لەو (٤٢) فەرموودەیە هاوەڵان هاوبەش بوون لە گێڕانەوەیدا، چونکە زۆرترین فەرموودە کە گێڕدراوەتەوە لە پێغەمبەر ﷺ -ەوە ئەبوبەکر و عومەر و عەلی بووە.

ئەبوهورەیرە لە ئارگۆمێنتێکیدا تەفسیری گێڕانەوەی زۆری فەرموودەکان دەکات و دەڵێت: برا موهاجیرەکانمان زۆربەیان سەرقاڵ بوون بە کڕینو فرۆشتن لە ناو بازاڕدا، خەریکی کاری بازرگانی بوون، هەروەها برا ئەنصارییەکانیش سەرقاڵی ساغکردنەوەی بەروبووم و مووڵک و سامانیان بوون، منیش لەو نێوەندە لە خزمەت پێغەمبەر ﷺ -دا بووم، لێی جیا نەدەبوومەوە بە سک برسی، تەنها ئەوەندەی بەس بوو کە نانێک بخوات

سکی تێربێت و لە خزمەت پێغەمبەری خودا ﷺ بێت، تەنها بۆ کۆکردنەوەی سوننەت، ئەبوهورەیرە لە ئەهلی (صوفە) بوو، لەوانەی کە بێ دەرەتان بوون لە خزمەتی پێغەمبەر ﷺ -دا نیشتەجێ بوون، لە هاوەڵە هەژارەکان بوو، بەڵام سەنگەرێکی زۆر گەورەی گرت بۆ نووسینەوەی سوننەت، هەر چەندە لە دوای چەند ساڵێک فێری نووسین بوو لە ڕێگای قوتابیە تابیعییەکانی فێری نووسینیان کرد.

لێرەدا داوا لە تۆی خوێنەر ئەوە نییە کە ژیانی خۆت تەرخان بکەیت وەکو ئەبوهورەیرە واز لە قوتابخانە و کار و بازرگانیت بهێنیت، بەڵام دەتوانیت سەنگەرێک بگریتو خزمەت بکەیت، بە گوێرەی توانای خۆت هەموو هاوەڵان وەکو ئەبوهورەیرە نەبوون، بەڵام هاوەڵان لایان گرنگ نەبوو، چەندین کیلۆمەتر ببڕن و بڕۆن تا دەگەن بە فەرموودەیەکی پێغەمبەر ﷺ تا پیادەی بکەن، لایان گرنگ بووە کە بزانن پێغەمبەری خوا ﷺ لەو بارەوە چی فەرموووە؟ لێرەدا ئەوەی دەمەوێ خوێنەر لێی تێبگات و کاری پێ بکات ئەوەیە کە کار بە سوننەتی پێغەمبەر ﷺ بکات.

بوخاری لە عوقبەوە دەگێڕێتەوە کە عوقبە هاوسەرگیری کرد لەگەڵ کچی (ئیهاب-ی کوڕی عەزیز)، پاش چەند ڕۆژێک ئافرەتێک عوقبەی ئاگادار کردەوە کە لەگەڵ ئەو ئافرەتەدا شیری خواردووە واتە: خوشکی شیریەتی، عوقبە بەو ئافرەتەی وت: نەدەکرا پێش هاوسەرگیرییەکە ئاگادارم بکەیتەوە؟!

هەر لە دوای ئەوەی هەواڵەکەی پێگەیشت و زانی لە شاری مەککەوە کەوتە ڕێ بۆ شاری مەدینە، عوقبە لە شاری مەککە دەژیا، ڕووداوەکەش لە دوای فەتحی مەککە ڕوویدا، خێرا کەوتە ڕێ ٥٠٠ کیلۆمەتری بڕی بۆ ئەوەی پرسیار لە پێغەمبەری خوا ﷺ بکات، کە گەیشتە مەدینە و خزمەتی پێغەمبەر ﷺ ڕووداوەکەی بۆ گێڕایەوەو عەرزی پێغەمبەر ﷺ -ی کرد کە نەیزانیوە. پێغەمبەری خوا ﷺ بە زەردەخەنەوە فەرمووی: وا زانیت لێی جیا بەرەوە و خێزانێکی تر دروست بکەرەوە.

ئەو هەموو ڕێگایەی بڕی تەنها بۆ ئەوەی بزانێت ڕای شەرع و سوننەت چیە؟ بۆ پرسیارێک و باسێک چەندین ڕێگای بڕی و شەو و ڕۆژی خستە سەر یەک تاکو بزانێت چی ڕاست و دروستە.

لە ڕاستیدا ئەمە گەورەترین کێشەیە و زۆر ترسناکە، بەڵام زۆر بە سادەیی وەری دەگرێت، ئیتر بیر لەوە ناکاتەوە ئەگەر تەڵاقی کەوتبێت، ئەوا هەموو جارێک دەڕواتە لای ئەو ئافرەتەی کە کێشەی خێزانی بووە ئینجا بە خێزانی خۆی دەزانێت، بە زینا هەژمار دەکرێت، هەر نەوە و منداڵێک بخەنەوە منداڵی ناشەرعییە!

کەواتە: پێویستمان بە لێکۆڵینەوە و پرسیارکردن هەیە لە بارەی ئایینەوە لە وردو درشتی لە خۆمانەوە قسەی لەسەر نەکەین، چونکە دەچێتە چوار چێوەی حەڵاڵ و حەرام، حەڵاڵو حەرامیش کەس ناتوانێت دەستکاری بکات، بێجگە قورئان و سوننەت، ئەوەش ئەو هاوکارەیە وامان لێ دەکات لێکۆڵینەوە بکەین بۆ تێگەیشتنێکی نوێ بۆ هاوەڵان و ژیانیان.

ئیمامی (ئەحمەد، طەبەرانی، ئەبو یەعلی) -رەحمەتی خوا لە هەر سێکیان بێت- بۆمان دەگێڕنەوە کە جابری کوڕی عەبدوڵڵا فەرموودەیەکی پێغەمبەر ﷺ -ی پێگەیشتوە لە هاوەڵێکی ترەوە بە ناوی عەبدوڵڵای کوڕی ئەنەس لە وڵاتی شام دەژیا، جابری کوڕی عەبدوڵڵا لە کەسێکی تری بیستوە، ئەو کەسە لە عەبدوڵڵای کوڕی ئەنەس-ی بیستوە لە زانستی فەرموودەدا پێی دەوترێت(علم سند).

واتە ڕاستەوخۆ لە دەمی عەبدوڵڵای کوڕی ئەنەس-ی بیستووە، سەنەدی فەرموودەکە بەرز کراوەتەوە بۆ ئەو هاوەڵە بەڕێزە، جابریش بە دوای دڵنیا بوونی فەرموودەکە دەگەڕێت، لە شاری مەدینەدا نیشتەجێیە دەیویست بە تەواوی دڵنیا بێت لە فەرموودەکە، وشترێک دەگرێت و دەکەوێتە ڕێ بۆ وڵاتی (شام) لە بەر خاتری فەرموودەکەی پێغەمبەر ﷺ.

جابر دەگێڕێتەوە و دەڵێت: تۆشووم ئامادە کرد بۆ سەفەرێکی شام و وشترێکم کڕی تا گەیشتمە وڵاتی شام لە بەردەرگای ماڵی عەبدوڵڵای کوڕی ئەنەس وەستام و لەدەرگام دا کەسێک وتی کێیت؟

لەوەڵامدا وتم: جابرم!

وتی: جابری کوڕی عەبدوڵڵا؟

وتم: بەڵی؛ ئەوەندە بەپەلە هات لە عەباکەی هەڵکەوت و کەوتە سەر زەوی هاتەلام و باوەشمان کرد بەیەکدا و دوای چۆنی و چاکی ڕاستەخۆ پرسیم، فەرموودەیەکم پێگەیشتووە لەلایەن کەسێکەوە گوایە لەتۆی بیستووە

فەرموودەکەی پێغەمبەر ﷺ لەباسی قیصاصدایە، ترسام پێش مردنی یەکێکمان بەو فەرموودەیە نەگەم، دەمەوێت لەخۆتەوە گوێم لێبێت[٥].

ئینجا عەبدوڵڵای کوڕی ئەنەس وتی: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: خەڵکی ڕۆژی قیامەت لیپرسینەوە و حەشریان لەگەڵ دەکرێت بە ڕووت و قوتی و خەتەنە نەکراوی!

عەبدوڵڵا دەڵێت: ئەی چیپان پێوەیە؟ (واتا دانەپۆشراون؟)

پێغەمبەر ﷺ فەرووی: هیچیان پێوە نییە و هیچیان پێنییە، پاشان دەنگێک بانگیان دەکات هەموو گوێیان لی دەبێت، لەدواییدا دەنگەکە نزیک دەبێتەوە و دەفەرموێت: من پادشام، من وەرگرەوەی حەق و مافم، بۆ هیچ کەس نییە بڕواتە ناو ئاگر ئەگەر مافێکی کەسێکی لابێت لە خەڵکی بەهەشت

---

[٥]- عن جابر بن عبد الله رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا، قال: بلغني حديثٌ عن رجل سمعه من رسول الله ﷺ فاشتريتُ بعيرًا، ثم شَدَدْتُ عليه رَحْلي، فَسِرْتُ إليه شهرا، حتَى قَدِمتُ عليه الشَّام فإذا عبد الله بن أُنيس، فقُلت للبوَّاب: قل له: جابر على الباب، فقال: ابن عبد الله؟ قلت: نعم، فخرج يَطَأُ ثوبه فَاعْتَنَقَنِي، وَاعْتَنَقْتُهُ، فقلت: حَدِيثًا بَلَغَنِي عَنْكَ أَنَّكَ سمعتَه من رسول الله ﷺ في القِصَاص، فخشيتُ أن تموت، أو أموت قبل أنْ أَسْمَعَه، قال: سمعتُ رسول الله ﷺ يقول: " يُحْشَرُ الناسُ يوم القيامة- أو قال: العباد- عُراةً غُرْلًا بُهْمًا" قال: قلنا: وما بُهْمًا؟ قال: " ليس معهم شيء، ثم يناديهم بصوت يَسْمَعُه مَن بَعُدَ كما يسمعه مَن قَرُبَ: أنا الملك، أنا الدَيَّان، ولا ينبغي لأحد من أهل النار، أن يدخل النارَ، وله عِنْد أحد من أهل الجنة حقٌّ، حتى أَقُصَّه منه، ولا ينبغي لأحد مِنْ أهل الجنَّة أَن يَدْخُل الجنَّةَ، ولِأَحَد مِن أهْل النَّار عِنْدَه حقٌّ، حتى أقصَّه منه، حتَّى اللَّطْمَة" قال: قلنا: كيف، وإنَّا إنَّما نَأْتِي اللهَ عَزَّوَجَلَّ عُراةً غُرْلًا بُهْمًا؟ قال: " بِالحَسَنَات والسيِّئَات"/رواه أحمد.

و مافی خەڵکی دۆزەخی لا بێت و مافەکەی لێوەردەگیرێتەوە، ئەگەر پێدا کێشانێکیش ببێت.

خاک بەسەر ئەو کەسەی مافی خەڵکی دەخوات و خەڵکی زیندانی دەکات و ئازار و ئەشکەنجەی مرۆڤەکان ئەدات، ماڵ وێرانیان دەکات و مافیان دەخوات.

عەبدوڵڵای کوڕی ئەنەس وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەی چ مافێک ئەدەینەوە بە خوای پەروەردگار کە ڕووت و ڕەجاڵ و خەتەنە نەکراوین، وەکو منداڵی و هیچیان پێ نییە؟

پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: بە چاکە و خراپەکانمان.

واتە: یان چاکە دەبەخشێ لەوەی مافمان خواردوە یان خراپەکانی لە کۆڵ دەگرین، جابری کوڕی عەبدوڵڵا لە دوای وەرگرتنی فەرموودەکە ڕاستەوخۆ گەڕایەوە بۆ شاری مەدینە.

داخۆ کەسێکی وەکو ئێمەومانان چەند کتێبێکی فەرموودە لە کتێبخانەکەماندا هەیە و نایخوێنینەوە، گوایە هەنجەتی ئەوەمان هەیە کاتمان نییە، ئەی چۆن جابری کوڕی عەبدوڵڵا ئەو هەموو ڕێگایەی بڕی و چوو بۆ وڵاتی شام کە ماوەکەی مانگێک دەبێت و مانگێک ڕۆیشت و بە مانگێکیش گەڕایەوە، لە پێناوی یەک فەرموودەدا؟

جیاوازییەکە لە نێوانی ئیمە و هاوەڵان ئەوەیە ئەوان گرنگییان داوە بەوەی کە لە پێش تڕە، بەڵام ئیمە حەفتە و مانگ تەرخان دەکەین بۆ چوونە سەیرانگە و بۆ سەفرە و سیاحەت، چونکە دەزانین قیمەتی خۆشی‌و سەیرانگا چیی‌یە، یان بە دیار یاری تۆپی پێ، یەک دوو کاتژمێر دادەنیشین، یان بە دیار زۆر شتی تڕەوە کە بەها و نرخی زۆر بۆ دادەنێین، ئەوەندەی گرنگی ئەدەین بەو کارانە نیوەی ئەوەش گرنگی بدەین بە بوارە دینییەکان، کاتێک گرنگیان پێدا ئەوکات وەکو جابری کوڕی عەبدوڵڵا و هاوەڵانی تر کات بۆ قورئان و سوننەت تەرخان دەکەین.

ئیمامی (ئەحمەد و بەیهەقی دەگێڕنەوە لە عەتای کوڕی ڕەباحەوە، کەوا یەکێکە لە پێشەوایانی تابعین دەڵێت: ئەبو ئەیوبی ئەنصاری لە مەدینەوە کەوتە ڕێ بۆ لای عوقبەی کوڕی عامر لە میصر دەژیا، لە بۆ فەرموودەیەکی پێغەمبەر ﷺ چووە ماڵی (مەسلەمەی کوڕی موخلد) ئەوکات ئەمیری وڵاتی میصر بوو.

لە دوای بە یەکگەیشتنیان مەسلەمە باوەشی کرد بە ئەبو ئەیوب دا و خۆشحاڵی خۆی بۆ دەربڕی، وتی: بۆچی هاتوویت بۆ وڵاتی میصر؟

ئەبو ئەیوب وتی: گوێم لە فەرموودەیەک بووە باسی داپۆشەری عەیب و عاری ئیماندار دەکات، ئەتوانی عوقبەی کوڕی عامرم بۆ بدۆزیتەوە، لەم وڵاتەیە وفەرموودەکە لای ئەوە؟

مەسلەمە وتی: بەڵێ؛ بە یەکەوە ڕۆیشتن بۆ لای عوقبە و داوای فەرموودەکەیان لێ کرد کە ئایا پێغەمبەر ﷺ چی فەرموو؟

عوقبە وتی: گوێم لە پێغەمبەری خوا ﷺ بوو فەرموویەتی: هەر کەس عەیب و نهێنی ئیماندارێک لە دونیادا بشارێتەوە، موسیبەت و ناڕەحەتی یەکەی ئاشکرا نەکات، ئەوە خوای پەروەدگار لە ڕۆژی قیامەتدا داپۆشەری عەیب و عارەکانی دەبێت[٦].

لە دوای ئەوەی فەرموودەکەی وەرگرت بۆ چرکە ساتێکیش نەمایەوە، گەڕایەوە بۆ شاری مەدینە، هەر چەندە مافی خۆی بوو بمابایەتەوە و سەفەر و سیاحەتی بکردایە، بەڵام ئامانجێکی گەورەتری هەبوو ئەویش گەڕان بوو بە دوای سوننەتدا.

بەدیقەت (ورد) بن لە وەرگرتنی وشە و ڕستەکان کە پێغەمبەری خوا ﷺ چی فەرموو، کاتی تری نیە بەکاری بهێنێت لە بواری تردا هەموو کاتی بۆ دینی خوا تەرخان کردووە، ئەمانە هاوەڵی پێغەمبەر ﷺ بوو بەو شێوەیە گەیشتنە پلەی هاوەڵیو ئەستێرە بوون.

---

[٦]- حدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ بَكر، قَالَ: قَالَ ابْنُ جُرَيْجٍ: وَرَكِبَ أَبُو أَيُّوبَ إِلَى عُقْبَةَ بْنِ عَامِرٍ إِلَى مِصْرَ، فَقَالَ: إِنِّي سَائِلُك عَنْ أَمْرٍ لَمْ يَبْقَ مِمَّنْ حَضَرَهُ مِنْ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ إِلا أَنَا وَأَنْتَ كَيْفَ سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يَقُولُ فِي سَتْرِ الْمُؤْمِنِ؟ فَقَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يَقُولُ: " مَنْ سَتَرَ مُؤْمِنًا فِي الدُّنْيَا عَلَى عَوْرَةٍ سَتَرَهُ اللَّهُ تَعَالَى يَوْمَ الْقِيَامَةِ، فَرَجَعَ إِلَى الْمَدِينَةِ فَمَا حَلَّ رَاحِلَتَهُ يُحَدِّثُ بِهَذَا الْحَدِيث/ مسند إمام أحمد.

هاوەڵان زۆر زۆر ورد و دەقیق تر بوون لە گێڕانەوەی فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ، هەروەها زانایان بە گشتی بۆیە فەرموودەیان کردووە بە پلەبەندی، یەک کێشەی بچووک لە ڕستەیەکدا ببێت یان لە ڕاویەکدا بێت کە فەرموودەی گێڕاوەتەوە خانەی تایبەتیان بۆ داناوە، بۆ نموونە:

فەرموودە کراوە بە دوو بەشەوە، ڕاستو لاواز، ئەوی خانەی ڕاست: چەند پلەیەکی بۆ دانراوە (مقبول، صحیح لغیرە، صحیح لذاتە، حسن لغیرە و حسن لذاتە)، لاواز: (معلق، مرسل، منقطع، شاذ، غریب و عزیزو ...هتد)، هەر چەندە لە ناو ئەوانەشدا خانە و پلەبەندی تر هەیە، بەڵام لێرەدا کە ئاماژەمان بەو نموونانە دا بۆ ئەوەی بە خوێنەر بڵێین: زانایانی فەرموودەناس زۆر ورد بوون لە کۆکردنەوەی فەرموودەی پێغەمبەری خوا ﷺ، کەچی خەڵکانێک بێ ئەوەی لە فەرموودەی ڕاستو لاواز بزانێت تانەو تەشەر ئەدات لە سوننەت، بێئاگایە زانایان و هاوەڵان چەندە ماندوو بوون بەو زانستەوە، ئەو جۆرە کەسانە بە چاوێکی زۆر بێبەها و کەم نرخەوە تەماشای سوننەت دەکەن.

لێرەدا من مەبەستمان نییە کەوا تۆ وڵاتان ببڕیت بۆ فێربوونی سوننەتی پێغەمبەر ﷺ، خۆ ئەگەر ئەنجامی بدەیت کارێکی خراپ ناکەیت، بڕۆ لە ئەزهەر بخوێنە یان لە زانکۆی مەدینە، یاخود لە زانکۆی مەککە بە ناوی (أم القری) یان لە قوتابخانەی شەنقیطی ...هتد، کارێکی جوان و پڕ خێر و بەرەکەتە، ئەگەر چی داواکە زۆر بە جێیە بۆ سەفەرکردن بۆ وڵاتان بۆ وەرگرتنی زانست، بەڵام لێرەدا مەبەستی من فراوان کردنی زانیارییە لەسەر

ئەو کتێب‌و زانستانەی لە چوار دەورتن و لە کتێبخانە و ناو دەزگای ئینتەرنێتی دا هەیە، خۆت سەرقاڵ بکە بە وەرگرتنی زانستی شەرعی.

بڕۆ لای مامۆستایەک دەرس وانەی دینی بخوێنە، گوێ لە موحازەرە و دەرسەکان بگرە لە یوتیوب، هاوڕێی خەڵکی خواناس بە و کاری دینداری بکە، کورت و پوخت خۆت سەرقاڵ بکە بە زانستی ئیسلامییەوە.

گەورە و بچووکی ژیانت لە ناو دینی ئیسلام‌دایە، ئیتر بۆ خۆت بۆ ئیسلام تەرخان ناکەیت؟!

مەبەست لە نووسینی ئەم کتێبە ئەوەیە کە چاو لە جیلی هاوەڵان بکەین کە چۆن ژیانی خۆیان تەرخان کردووە بۆ دینی پیرۆزی ئیسلام.

تەنانەت هاوەڵان قسەیان لەگەڵ ئەو کەسانە نەدەکرد کە وازیان لە سوننەت دەهێنا، واتا بە مەبەست و عەمدەن وازیان لە سوننەت دەهێنا، ئەوەی کە پابەند (ملتزم) نەبوو بە سوننەتەوە هەجریان دەکرد، چونکە سەرپێچییان دەکرد لە فەرمانی پێغەمبەری خوا ﷺ و مەنهەجەکەی، مەبەست ئەوە نییە کە کەسێک وازی لە نوێژی سوننەت هێنا- نا- بەڵکو ئەوەی لە سوننەت دا فەرمانی پێ‌کراوە نەهی لێ‌کراوە هاوەڵان ئەگەر بیانزانیبایە کەسێک سەرپێچی دەکات، قسەیان لەگەڵدا نەدەکرد بەردەوام بوو لە سەرپێچییەکەی، بە واتای ئەوە نا کە سێ ڕۆژ بەردەوام بوو دوای سێ ڕۆژەکە قسەیان لەگەڵدا دەکردەوە نا، بەڵکو ئامۆژگارییان دەکرد و دوای ئەوە ئامۆژگارییان دەکرد و دوای ئەوە قسەیان لێ دادەبڕی.

بوخاری و موسلم له عەبدوڵڵای کوڕی مەغفەل-ەوە دەگێڕنەوە کەسێکی بینی بەردی هەڵئەدا بە قۆچ قانی کە بینی و پێی وت و ئامۆژگاری کرد کە پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی و ڕێگری کردووە لە هەڵدانی بەرد، فەرموودەکەی پێغەمبەر ﷺ -ی بۆ خوێندەوە کە بەرد هەڵدان بۆ ڕاو کردنیش نابێت و بۆ دژی دوژمنیش بەکاری مەهێنن (لا يُصَادُ به صَيْدٌ ولَا يُنْكَى به عَدُوٌّ)[٧]، واتا ئاگاداری کردنەوە کە بە هیچ شێوەیەک ئەو بەرد هەڵدانە سوودی نییە، بۆ ڕاو کردن و تەنانەت بۆ خودی جیهاد و جەنگ، لەبەر ئەوەی ددان دەشکێنێت و چاو کوێر دەکات، کەواتە هیچ بەرژەوەندییەک نییە لە هەڵدانی بەرد، خۆ ئەگەر بۆ بااڵندەش بە کاری بهێنیت بۆ ڕاو ئەگەر بااڵندەکە مردارەوە بوو ئەوە بە کەڵکی خواردن نایەت، لە شەرعدا ناونراوە (مەوقوذە)، خواردنی (صیدیش) حەرامە، خوای گەورە لە سورەتی (المائدة)دا ئایەتی ٣ باسی کردووە دەفەرموێت: ﴿... وَٱلْمَوْقُوذَةُ ...﴿٣﴾﴾

لە دوای ئامۆژگارییەکەی عەبدوڵڵای کوڕی مەغفەل، کەسەکە بەردەوام بوو لە هاوێشتنی بەرد، پێی وت: هەرگیز قسەت لەگەڵ ناکەم، (لا أكلمك أبدا).

---

[٧]- أَنَّهُ رَأَى رَجُلًا يَخْذِفُ، فَقالَ له: لا تَخْذِفْ؛ فإنَّ رَسولَ اللَّهِ ﷺ نَهَى عَنِ الخَذْفِ- أوْ كانَ يَكْرَهُ الخَذْفَ- وقالَ: إنَّه لا يُصَادُ به صَيْدٌ ولَا يُنْكَى به عَدُوٌّ، ولَكِنَّهَا قدْ تَكْسِرُ السِّنَّ، وتَفْقَأُ العَيْنَ. ثُمَّ رَآهُ بَعْدَ ذلك يَخْذِفُ، فَقالَ له: أُحَدِّثُكَ عن رَسولِ اللَّهِ ﷺ أنَّه نَهَى عَنِ الخَذْفِ- أوْ كرِهَ الخَذْفَ- وأَنْتَ تَخْذِفُ! لا أُكَلِّمُكَ كذَا وكذَا/رواه بخاري.

شوێنکەوتنی سوننەت بێ پرسیار کردن لە حیکمەت

هاوەڵان شوێنی سوننەت دەکەوتن و پرسیاریان لە حیکمەت و هۆکاری نەدەکرد، ئەوەندە خاوەن ئیمان بوون، کە زانیان و دڵنیا بوون پێغەمبەر صَلَّىٰ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی ئینجا فەرمان بێ یان ڕێگری، دەستبەجێ جێبەجێیان دەکرد.

بوخاری و موسلیم لە عومەری کوڕی خەتتاب-ەوە دەگێڕنەوە، کە هاتە لای بەردە ڕەشەکەی (کەعبە)و ماچی کرد، پاشان وتی: من دەزانم ئەم بەردە نە سوودی هەیە نە زیان، بەڵام لەبەر ئەوەی پێغەمبەر صَلَّىٰ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ماچی کرد، منیش ماچی دەکەم[٨].

ئەم ڕستەیە بە تەواوەتی هاوەڵانمان بێدەناسێنێت کە ژیانیان چۆن بووە لە ئاست سوننەتدا، ئیتر مادام پێغەمبەر صَلَّىٰ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی ئەنجامی دابێ بێ ئەوەی بزانێت حیکمەتی چییە و بۆ، چونکە سوننەت مەنهەجی ژیانیان بووە لای هاوەڵان، ژیان بە قورسی نەبووە زۆر بە سادەیی تەماشای ژیان و دونیایان دەکرد، هەموو کات ئامانجیان بۆ پیادەکردنی کردار و ڕەفتاری پێغەمبەر صَلَّىٰ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بووە.

٨- رَأَيْتُ الأصْلَعَ يَعْنِي عُمَرَ بنَ الخَطَّابِ يُقَبِّلُ الحَجَرَ ويقولُ: وَاللَّهِ، إنِّي لأُقَبِّلُك، وإنِّي أَعْلَمُ أنَّك حَجَرٌ، وَأنَّك لا تَضُرُّ وَلَا تَنْفَعُ، وَلَوْلَا أَنِّي رَأَيْتُ رَسولَ اللهِ صَلَّىٰ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَبَّلَك ما قَبَّلْتُك. وفي رِوَايَةِ المُقَدَّمِيِّ وَأَبِي كامِلٍ رَأَيْتُ الأُصَيْلِع/ رواه مسلم.

بوخاری لە ئیمامی عومەر-ەوە دەگێڕێتەوە دەڵێت: ئیمامی عومەر فەرمووی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی پێ کردین کە لە کاتی تەواف دا زۆر بە خێرایی بڕۆین و سەر شانمان و بازۆڵەمان دەر بخەین تا موشریکەکان کە خوای گەورە لە ناوی بردن لێیان بترسن، پاشان پرسیان ئەمە خۆ ئێستا موشریک نەماوە؟ ئەو کات عومرەی قەزا بوو، ئێستا هەموو نیوەدوورگەی عەرەبی موسڵمان بووە بە هەمان شێوە با بازۆڵەمان دەر خەین و بە ڕۆیشتنی خێرا بڕۆین.

ئیمامی عومەر فەرمووی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی بە شتێک کردبێت هەرگیز وازی لێ ناهێنین.

با لەگەڵ ئەقڵ و بیرو هزردا یەک نەگرێتەوە، مادام پێغەمبەر ﷺ فەرمانی کردووە بە هەمیشەیی لەسەری بەردەوام دەبین.

هەروەها موسلیم و بوخاری لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەر-ەوە دەگێڕنەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەنگوستیلەیەکی ئاڵتونی لە کەسێک وەرگرتو کردیە پەنجەی موبارەکی، پێش ئەوەی حەرام بکرێت زۆربەی هاوەڵان بۆ لاسایی پێغەمبەر ﷺ ئەنگوستیلەی ئاڵتونیان لە پەنجە کرد، پاشان کە حەرام کرا پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: سەرەتا ئەنگوستیلەم لە

پەنجە کرد کە لە ماددەی ئاڵتوون بوو، بەڵام وازم لێهێنا و هەرگیز نایکەمەوە پەنجەم[1].

کە لەسەریان حەرام کرا هەموو هاوەڵان لە پەنجەیان داکەند، زۆر بە سادەیی و بەو پەڕی دڵنارامییەوە لاسایی پێغەمبەر ﷺ یان دەکردەوە، ئیتر نەکەوتنە پرسیار کردن بۆچی یەکەم جار لە پەنجەت کرد و دوای حەرام بوو، حیکمەتی چییە؟ هیچ لەم پرسیارانە ئەنجام نەدرا، وەکو ئێستا خەڵکی بە دوای ئەوەدا نەگەڕان کە گوایە کاریگەری لەسەر خڕۆکە سووری خوێن هەیە لە پیاوان دا.

هاوەڵێک نەیزانی بوو کە حەرامە هەر لە پەنجەیدا بوو، تا دوای ماوەیەک پێغەمبەری خوا ﷺ لە پەنجەی داکەندو فڕێیدا، هەر چەندە هاوەڵانی تر وتیان: بڕۆ هەڵیگرەوە بیفرۆشە، یاخود: سوودی لێببینە بۆ خێزانەکانت.

بەڵام ئەو هاوەڵە بەڕێزە فەرمووی: پێغەمبەری خوا ﷺ فڕێی داوە هەرگیز هەڵیناگرمەوە، ئابەو شێوەیە هاوەڵان شوێنکەوتەی سوننەت بوون.

ئەبو داود و ئیمامی ئەحمەد لە دارمی-یەوە دەگێڕنەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ زۆربەی کات بە نەعلەکانیەوە نوێژی دەکرد، لە کاتی نوێژدا نەعلەکانی داکەند هەموو هاوەڵان بە دوایدا نەعلەکانیان داکەند، پێغەمبەری

[1]- إِنِّي اتَّخَذْتُ خَاتِماً مِنْ ذَهَبٍ، فَنَبَذْتُه، ثُمَّ وَقَالَ: إِنِّي لَمْ أَلْبَسهُ أَبَدًا.

خوا ﷺ له نوێژ تەواو بوو فەرمووی: چی وای لێکردن کە نەعلەکانتان دابکەنن؟!

هاوەڵان فەرموویان: جەنابتانمان بینی نەعلەکەت داکەند، ئێمە چاومان لە جەنابتان کرد.

پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: جبریل هاتە لام و ئاگاداری کردمەوە نەعلەکانم پیسی پێوەیە، بەو هۆکارە پێغەمبەر ﷺ نەعلەکانی داکەند[١٠].

هاوەڵان تەنها بە بینینی پێغەمبەری خوا ﷺ کە کارەکەی ئەنجامدا بە گشتی شوێنی کەوتن، ئەگەر چی بە هۆکارێکی دیاریکراو و کاتی بووە، بەڵام بۆ هاوەڵان گرنگ بوو هەر دیمەنێکی ژیانی پێغەمبەری خوا ﷺ کە دەیبینن لاسایی بکەنەوە، نەوەستان تا نوێژەکە تەواو دەبێت و هۆکارەکەی بپرسن، بەڵکو بە ئەنجامدانی هاوەڵان دەست بەجێ ئەنجامیان دایەوە.

---

[١٠]- عن أبي سعيد الخُدْري رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ قال: بَينما رسول الله ﷺ يصلِّي بأصحابه إذ خَلع نَعْلَيه فوضَعَهُما عن يساره، فلمَّا رأى ذلك القوم أَلْقَوْا نِعَالَهُمْ، فلمَّا قَضى رسول الله ﷺ صلاته، قال: «ما حَمَلَكُمْ على إلقَاءِ نِعَالِكم»، قالوا: رأَيْنَاك أَلقَيْت نَعْلَيْك فَأَلْقَيْنَا نِعَالَنَا، فقال رسول الله ﷺ: إن جبريل ﷺ أَتَاني فأَخْبَرَني أن فيهما قَذَرًا- أو قال: أَذًى، وقال: إذا جاء أحدكم إلى المسجد فلينظر: فإن رَأَى في نَعْلَيه قَذَرا أو أَذًى/صحيح- رواه أبو داود وأحمد والداري.

هاوەڵان زۆر سەرسام بوون بە کەسایەتی پێغەمبەر ﷺ کاریگەری لە سەریان دروست کرد بوو، سەرسام بوون بە هەڵسوکەوتی، دەیانزانی هەموو کارێکی بیزانن یان نەیزانن پرسیەتی لە خێر و پاداشت و حیکمەت و چاکە، چونکە هەنگاوەکانی بە گوێرەی وەحییە کە خوای پەروەردگار ئاراستەی دەکات، ئەمەش هۆکاری خۆشبەخت بوونە لە دونیا و قیامەتدا.

لە دونیای ئەمڕۆدا خەڵکی ئەوەندەی سەرقاڵە بە گۆرانی و تیپ و یاریزانی وەرزشی لە هەموو بوارەکاندا، پاگەیەندنکار و پێشکەشکارو ...هتد.

وەکو ئەوان خۆیان دەنوێنن لە جیاتی سوننەتی پێغەمبەر ﷺ سوننەتی ئەو جۆرە کەسانە دووبارە دەکەنەوە، کاریگەری نمایشکارو سەماکاریان لەسەرە و سەرسامن بەوان، چونکە ناخوێنەوە لە سەر ژیانی پێغەمبەر ﷺ و کار و ڕەفتار و گوفتارە موبارەکەکانی، دەبێت باش لەوە تێبگەین مرۆڤ بە گشتی کێی خۆشویست لەگەڵ ئەودا حەشر دەکرێت، جا پێویستە ناخی خۆمان بزانین پێغەمبەرمان ﷺ خۆش دەوێت، یان شانۆکارو فەیلەسوف و هونەرمەندەکانی ڕۆژئاوا؟ هاوەڵانمان خۆش دەوێت لە ئەنسار و موهاجیرەکان، یان سەماکار و یاریزان...هتد؟

هاوەڵان پێغەمبەری خوا ﷺ -یان خۆش دەویست بۆیە سەرسام بوون لە هەڵسوکەوتی و هەموو جوڵەو بزاوتێکی، ئەویش وای لێکردن کە گیانی شوێنکەوتن لە هەنگاوەکانی پێغەمبەر ﷺ -دا خاڵ بە خاڵی پیادە بکەن.

ئیمامی (مالیک لە کتێبی (الموطأ)دا لە عەتای کوڕی یەسارەوە -ڕەحمەتی خوای لێبێت- کە یەکێکە لە گەورە (تابعین)ی شاری مەدینە، دەگێڕێتەوە لە مانگی ڕەمەزان دا هاوەڵێک خێزانەکەی خۆی ماچ کرد کاتێک بە ڕۆژوو بوو، ناڕەحەت بوو وای زانی کارێکی ناشەرعی ئەنجام داوە، زۆر خەفەتبار بوو، خێزانەکەی نارد کە پرسیاری ئەو باسە بکا لە خێزانەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ، چووە لای دایکی ئیماندارانی ئوم سەلەمە باسەکەی بۆ گێڕایەوە و ئەویش ئاگاداری کردەوە کە پێغەمبەر ﷺ خێزانەکانی ماچ کردووە کاتێک جەنابیان بە ڕۆژوو بوون.

ئافرەتەکە گەڕایەوە بۆ لای هاوسەرەکەی، باسی کرد کە پێغەمبەری خوا ﷺ هەمان کاری ئەنجام داوەو ئاساییە، ئەوە هاوەڵە زیاتر خەفەتبار بوو وتی: ئاخر ئێمە وەکو پێغەمبەر نین ﷺ، لەوانەیە بۆ پێغەمبەر ﷺ حەڵاڵ بێت بۆ ئێمە حەڵاڵ نەبێت!

بۆچوونی بەم شێوەیە بوو، بۆیە جارێکیتر هاوسەرەکەی نارد‌ەوە بۆ لای دایکی سەلەمە لەو کاتەدا پێغەمبەر ﷺ لە ماڵەوە بوو، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ئەو ئافرەتە چی دەوێت؟ دایکی سەلەمە باسەکەی بۆ گێڕایەوە.

پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ئەی ئاگادارت نەکردەوە منیش ئەو کارەم ئەنجام داوەو ئاساییە؟

دایکی سەلەمە وتی: ئاگادارام کردۆتەوە لە دوای ئەوەی کە بە هاوسەرەکەی وتوە زیاتر ناڕەحەت بووە، وتویەتی: لەوانەیە بۆ پێغەمبەر ﷺ حەڵاڵ بوو بێت، بەڵام بۆ ئێمە نا، پێغەمبەری خوا ﷺ زۆر تووڕە بوو فەرمووی: سوێند بەخوا من لە هەمووان زیاتر لە خواترس و خۆپارێزم لە سنوورەکانی حەڵاڵ و حەرام[11].

---

[11]- حدَّثَنِي يَحْيَى عَنْ مَالِک عَنْ زَيْدِ بْنِ أَسْلَمَ عَنْ عَطَاءِ بْنِ يَسَارٍ» أَنَّ رَجُلًا قَبَّلَ امْرَأَتَهُ وَهُوَ صَائِمٌ فِي رَمَضَانَ فَوَجَدَ مِنْ ذَلِک وَجْدًا شَدِيدًا فَأَرْسَلَ امْرَأَتَهُ تَسْأَلُ لَهُ عَنْ ذَلِک فَدَخَلَتْ عَلَى أُمِّ سَلَمَةَ زَوْجِ النَّبِيِّ ﷺ فَذَكَرَتْ ذَلِک لَهَا فَأَخْبَرَتْهَا أُمُّ سَلَمَةَ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يُقَبِّلُ وَهُوَ صَائِمٌ فَرَجَعَتْ فَأَخْبَرَتْ زَوْجَهَا بِذَلِک فَزَادَهُ ذَلِک شَرًّا وَقَالَ لَسْنَا مِثْلَ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ اللَّهُ يُحِلُّ لِرَسُولِ اللَّهِ ﷺ مَا شَاءَ ثُمَّ رَجَعَتْ امْرَأَتُهُ إِلَى أُمِّ سَلَمَةَ فَوَجَدَتْ عِنْدَهَا رَسُولَ اللَّهِ ﷺ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ مَا لِهَذِهِ الْمَرْأَةِ فَأَخْبَرَتْهُ أُمُّ سَلَمَةَ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ أَلَا أَخْبَرْتِيهَا أَنِّي أَفْعَلُ ذَلِک فَقَالَتْ قَدْ أَخْبَرْتُهَا فَذَهَبَتْ إِلَى زَوْجِهَا فَأَخْبَرَتْهُ فَزَادَهُ ذَلِک شَرًّا وَقَالَ لَسْنَا مِثْلَ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ اللَّهُ يُحِلُّ لِرَسُولِهِ ﷺ مَا شَاءَ فَغَضِبَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ وَقَالَ وَاللَّهِ إِنِّي لَأَتْقَاكُمْ لِلَّهِ وَأَعْلَمُكُمْ بِحُدُودِهِ/ رواه مالك.

کەسەکە زیاد لە پێویست چاودێری نەفسی خۆی دەکرد بۆیە پێغەمبەری خوا صَلَّىٰ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ تورە بوو، زۆر قورسی کرد بوو لەسەر خۆی.

پێغەمبەری خوا صَلَّىٰ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ تەنها لە کاتێکدا تورە دەبوو کە سنووری خوا ببەزێندرێت، حەڵاڵ حەرام بکرێت هەروەها بە پێچەوانەوە حەرام حەڵاڵ بکرێت، هەر کاتێکیش کە پێغەمبەری خوا صَلَّىٰ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئەنجامی بدات بەندایەتییە و گوێڕایەڵی دەبین نەک سەرپێچی، لەسەر ئیماندارانە فەرزە نە زیادی بکەن نە کەم.

ئەم نموونەیەش باشترین بەڵگەیە بۆ شوێنکەوتنی پێغەمبەری خوا صَلَّىٰ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ.

دوای جەنگی موئتە پێغەمبەری خوا صَلَّىٰ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ جارێکی تر سوپای ئامادە کردەوە بۆ جەنگی ڕۆم بە سەرکردایەتی ئوسامەی کوڕی زەید، پاش چەند ڕۆژێکی کەم پێغەمبەری خوا صَلَّىٰ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کۆچی دوایی کرد.

هەموو نیوەدوورگەی عەرەبی هەڵگەڕانەوە لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام تەنها سێ شار و یەک دێ نەبێت، موسڵمانان بە گشتی دەترسان لە هێرشی دوژمن بۆ سەر شاری مەدینە، ئەگەری زۆر هەبوو کە سوپای هەڵگەڕاوەکان شاری مەدینە داگیر بکەن، بێجگە لە داگیرکردنی شارەکەش هەر ترسی زۆر هەبوو لەسەر خودی ئایینی پیرۆزی ئیسلام، ڕەوشەکە زۆر ناجێگیر و ترسناک بوو، لە هەر چرکە ساتێکدا ئەگەری هێرش هەبوو بۆ ناو شاری مەدینە، ئەبوبەکر-

یش کرابووە خەلیفە، لەو ڕەوشەدا سوپاکەی پێغەمبەر ﷺ -ی ئامادەکردەوە بۆ جەنگی ڕۆم.

بە سەرکردایەتی ئوسامەی کوڕی زەید، خەڵکی بە گشتی پێیان وا بوو کە ئەبووبەکر سوپا ئامادە دەکات دژی هەڵگەڕاوەکان، بەڵام ئەبوبەکر لە چاوی پێغەمبەری خوا ﷺ -وە ڕووداوەکانی دەبینی، تەنانەت سوپاکەشی نەهێشتەوە بۆ پارێزگاری لە شاری مەدینە، بەڵکو بەڕێی خست بۆ ئەو ئەرکەی پێغەمبەر ﷺ سپاردبووی بە سوپاکە، جێبەجێکردنی فەرمانی پێغەمبەری خوا ﷺ، خەڵکیش پۆل پۆل دەهاتنە لای ئەبوبەکر بۆ ئەوەی قسەی لەگەڵ بکەن و لە ئێستادا نەڕۆن بۆ جەنگی ڕۆم، بەڵام ئەبوبەکر هەمووی ڕەد کردەوە و بەردەوام بوو لەسەر جێ بەجێکردنی فەرمانەکەی پێغەمبەر ﷺ، بە هەمووانی ڕاگەیاند: ئەگەر باڵندە بیانفڕێنێت و ئاژەڵی درندە چواردەوری شاری مەدینە بدات و سەگی دڕ قاچی خێزانەکانی پێغەمبەر ﷺ بگرێت، ئەو سوپایە دەبێت بڕوات بۆ جەنگی ڕۆم ئەو سەرکردایەتی و سوپایەی پێغەمبەر ﷺ ئامادەی کردووە هەڵناوەشێتەوە[12].

بە واتای ئەوەی چۆن پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی کردبێت بە کارێک من جێ بەجێی ناکەم، پاشان چۆن سەرپێچی فەرمانی دەکەم؟ بەو شێوەیە لە شوێنکەوتنی پێغەمبەری خوا ﷺ تێگەیشت بوو، خاڵ بە

---

[12]- لو أن الطير تخطفنا ولو أن السبع حول المدينه. ولو جرت الأب بأرجل أمهات المؤمنين ما رددت جيشا وجهه رسول الله ﷺ ولا صللت لواء عقده.

خاڵی سوننەت و فەرمانی پێغەمبەر ﷺ -ی پیادە دەکرد زۆر بە وردی وەکو خۆی.

پاشان عومەری کوڕی خەتتاب هات وتی: ئەگەر ئوسامەی کوڕی زەید لە ئەمیرایەتی بهێنیتە خوارەوە و کەسێکی تر بخەیتە جێگای کە تەمەنی لەو گەورەتر بێت، بەڵام ئەبوبەکر زۆر بە توندی وەڵامی عومەری دایەوە و وتی: دایکت ڕۆڵە ڕۆت بۆ نەکات، چۆن ئەمیرێک لا دەبەم پێغەمبەری خوا ﷺ دابنابێت[١٣].

بۆیە هەموو هەنگاوەکانی ئەبوبەکر ڕاست و دروست بوو، چونکە بە جێگای پێغەمبەر ﷺ -دا دەڕۆیشت و هەنگاوی هەڵدەهێنایەوە.

هاوەڵان زۆر بە تەرکیز و وردەکارییەوە شوێن پێغەمبەری خوا ﷺ دەکەوتن، تەنانەت زۆر کار هەبوو کە پێویستی نەدەکرد لاسایی بکرێتەوە، هاوەڵان زۆر بە وردی ئەنجامیان ئەدا، زۆرجار هەموو مرۆڤێک ئۆتۆماتیکی لە ژیانیدا ئەنجامی ئەدات جارێک یان دووجار، بەهەمانشێوە پێغەمبەر ﷺ لە ژیانیدا جارێک یان دوو جار ئەنجامی داوە، پێدەچێت بێمەبەست کارەکەی ئەنجام دابێت، بۆ نموونە: عەبدوڵڵای کوڕی عومەر هەموو جارێک کاروان و قافڵەکەی لە جێگایەکدا دەوەستاند، هەموو

[١٣]- ثكلتك أمك يا إبن الخطاب يؤمره رسول الله ﷺ وأنزعه أنا.

ئەوانەی لەگەڵیدا بوون هەمووی دایدەبەزاندن لەسەر وشترەکانیان لەو جێگایەدا کە کاروانەکەی پێدا تێپەڕ دەبوو دوو ڕکعات نوێژیان دەکرد.

خەڵکەکە لایان سەیر بوو تا پرسیاریان کرد لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەر ئەم کارە بۆ کێی تر دەبێت؟

لە وەڵامدا وتی: لەم جێگایەدا پێغەمبەر ﷺ دوو ڕکعات نوێژی کردووە بۆیە جەنابی عەبدوڵڵای کوڕی عومەر-یش ئەنجامی ئەدا.

ئەو جێگایانە شوێنێکی پیرۆز یان تایبەت نەبووە بۆ ئەو دوو ڕکعات نوێژە، بەڵکو پێدەچێت پێغەمبەر ﷺ دوو ڕکعات نوێژی پێویستی (حاجة)ە یان (استغفار)ەی تێدا ئەنجام دابێت، بەڵام عەبدوڵڵا ئەنجامی ئەدا وەکو ئەرک و فەرمانێک وەکو پیادەی سوننەت، خاڵ بە خاڵی ژیانی پێغەمبەر ﷺ -یان دووبارە دەکردەوە.

لە هەمووی سەرسام تر جارێک قافڵەکە پشووی دەرکرد بوو، هەڵسان کەمێک ڕۆیشتن هەموو قافڵەکەی وەستاند و چووە جێگایەک بۆ (دەست بە ئاو گەیاند) لەبەر ئەوەی لەو جێگایەدا بینیبووی کە پێغەمبەری خوا ﷺ دەستی بە ئاو گەیاندووە.

گێڕانەوەی ئەم باسەم بۆ ئەوەیە کە تێبگەین و درک بەوە بکەین هاوەڵان چۆن لاسایی پێغەمبەر ﷺ -یان کردۆتەوە، یان چووە جێگایەک دوو جار وشترەکەی سوڕدا بە دەوری جێگاکەدا لێیان پرسی بۆ دوو جار وشترەکەت لێرەدا خول دەخوات، وتی: وشترەکەی پێغەمبەر ﷺ ئەو

کارەی ئەنجام داوە، منیش دەمەوێت وەکو پێغەمبەر ﷺ ئەو کارە ئەنجام بدەم و لاسایی بکەمەوە.

تا ڕادەیەک زیادەڕەوییە، بەڵام بە دڵنیاییەوە پاداشتی لەسەر وەردەگرێت بە پشتیوانی خوای پەروەردگار، چونکە جەختی لەسەر شوێنکەوتنی پێغەمبەری خوا ﷺ دەکردەوە لە ورد و درشتدا.

ڕۆژێک پێغەمبەری خوا ﷺ چووە سەر مینبەر و هاوەڵان بە پێوە وەستا بوون، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی بە هاوەڵان: دانیشن (اجلسوا) عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود لە دەرگای مزگەوتەوە دەهاتە ژوورەوە خێرا لەبەردەم دەرگاکەدا دانیشت، جێگاش زۆر بوو لە ناو مزگەوتەکەدا بۆ دانیشتن، بەڵام کە گوێی لە پێغەمبەر ﷺ بوو فەرمووی: دانیشن، بۆ جێبەجێکردنی فەرمانەکە خێرا لەجێگای خۆیدا دانیشت.

کاتێک پێغەمبەرم ﷺ بینی لە بەردەم دەرگادا دانیشتووە بانگی کرد و فەرمووی: وەرە ئەی عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود[١٤].

تەنها بە گوێ لێبوونی لە وشەیەک لە دەمی موبارەکی پێغەمبەری خوا ﷺ، خێرا جێبەجێی کرد، نەیدەویست بە هیچ شێوەیەک سەرپێچی فەرمانی پێغەمبەری خوا ﷺ بکات.

---

[١٤]- (فرآه رسول فقال له: تعال يا عبدالله بن مسعود).

سلوکی هاوەڵان و ئاکاری بەرزیان وابوو کە بە هەرچی شێوەیەک بێت شوێنکەوتووی پێغەمبەری خوا ﷺ بن، کیان و پێکهاتەیان وا هەڵکەتبوو بارهاتبوون و پەروەردە بوو بوون ١٠٠٪ پیادەی فەرمانی پێغەمبەر ﷺ بکەن.

لە هەمووی سەرسام تر ئەم نموونەیە: پێغەمبەری خوا ﷺ جارێک میوانداری جابری کوڕی عەبدوڵڵای کرد و دەستی گرت و بردیەوە بۆ ماڵەوە، چەند نانێکی گەرمو تازە هەبوو بۆ خواردن لە ماڵەکەیدا، لە دوای هێنانی نانەکە پێغەمبەری خوا ﷺ بانگی خێزانەکەی کرد، ئایا شتێک هەیە نانەکەی پێ‌بخۆین، واتە هەر شتێک کە نانەکەی پێدا بژەنن و پێی تەڕی بکەن.

لە وەڵامدا خێزانەکانی وتیان: ئەوەی شک دەبەین هەندێک سرکەیە (خەلە).

پێغەمبەری خوا ﷺ -ش فەرمووی: بە ڕاستی باشترین خواردن (خەلە) بۆ تێهەڵکوشینی نان[١٥].

ڕووداوەکە بەم شێوەیە بوو پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵی بەڕێزی جابری کوڕی عەبدوڵڵا بە یەکەوە نان و خەلیان خواردووە، بەڵام جابر دەڵێ: لەو ڕۆژەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ بەو شێوەیە وەسفی خەلی کرد، من

---

[١٥]- عن جابر رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ: أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ سَأَلَ أَهْلَهُ الأُدُمَ، فقالوا: مَا عِنْدَنَا إِلَّا خَلٌّ، فَدَعَا بِهِ، فَجَعَلَ يَأْكُلُ، وَيَقُولُ: نِعْمَ الأُدُمُ الخَلُّ، نِعْمَ الأُدُمُ الخَلُّ/ رواه مسلم.

حەزم لە خواردنی خەڵە، لەوە سەر سوڕهێنەرتر تەڵحەی کوڕی نافع لە شوێنکەوتووانی هاوەڵانە و یەکێکە لەو کەسانەی کە فەرموودەی لە جابر-ەوە گێڕدراوەتەوە دەڵێت: منیش لەو کاتەوە حەزم لە خەڵە، کە جابر فەرموودەکەی بۆ گێڕاوەتەوە.

هەرچەندە کارێکی سروشتییە کە مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤێکی تردا حەزەکانیان وەکو یەک نییە، بەڵام هاوەڵان و پیاوچاکان کە وتیان: لە هەر فەرموودە و وەسفێکی پێغەمبەر ﷺ بێت بۆ خواردن حەزی لێنەکەن، ئیتر لە دوای ئەوەی کە زانییان پێغەمبەر ﷺ پێیخۆشە، ئەوانیش پێیان خۆشە.

پوختەی وشە و کۆتایی مانشێتی ئەم تابلۆیە

هاوەڵان بە گشتی شوێن سوننەت و لاسایی کردنەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ -یان ئەنجام دەدا، چونکە دەیانزانی خێری دونیا و قیامەتی تێدایە، وازهێنان لە سوننەت مانای وایە مرۆڤ بەرەو هەڵدێر و سەرکەشی دەبات، پێچەوانەی بەرەو بەهەشت، مرۆڤ لاسایی هەر کەسێک بکاتەوە پێی ناچێتە بەهەشت تەنها پێغەمبەری خوا ﷺ نەبێت.

لەسەر هەموو ئەوانەوە هاوەڵان لاسایی پێغەمبەر ﷺ -یان کردووە، بۆیە بوونە ئەو ئەستێرەیەی کە پرشنگداربن، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ -یان ئەوەندە خۆش دەویست کە ئەستەمە کەس بتوانێت پێناسەی خۆشەویستی هاوەڵان بکات بۆ جەنابی پێغەمبەری خوا ﷺ، هیچ کەس ناتوانێت بە خەیاڵیش وێنای بکات، چ جای قەڵەم و کاغەزی بۆ

بەکاربێت، خۆشەویستی پێغەمبەر ﷺ لە ناو خوێنیاندا تێکەڵ بوو بوو، خۆشەویستی رسول الله ﷺ کە مادام ئەوەندە خۆشیان دەویست بە دڵیانەوە لاسایی و شوێنی دەکەوت لە هەموو جوڵە و کردار و فەرمان و گوفتارو ...هتد.

ئەم خۆشەویستییە هەمووی لە ئەنجامی گەورەتر لە خۆشەویستی پێغەمبەر ﷺ دروست بوو بوو، چونکە هاوەڵان خوای پەروەردگاریان خۆش دەویست، دەیانزانی خوای پەروەردگار دروستی کردوون، ڕزق و ڕۆزییان ئەدات، ئەیانژێنێت، ئەیانمرێنێت و لە ڕۆژی دواییدا زیندوویان دەکاتەوە و لێپرسینەوەیان لەگەڵ دا دەکات، دەیانزانی ئەوەی لێپرسینەوە دەکات و چاودێرە خوای مەزنە، بەهەشت و دۆزەخ بە دەستی خوای پەروەردگارە، جا هەر کەس خۆشەویستی خوای پەروەردگار لە دڵیدا بوو کاری بۆ کرد ڕێگا و مەسلەکی هاوەڵان و پیاوچاکان و عارفانی گرتە بەر، بە ڕاستگۆیی لە خوای گەورە و میهرەبان داوای کرد و نوێژی بۆ کردو هەموو کارێکی بۆ خاتری ڕازیبوونی خوای پەروەردگار بوو، زۆر بە ئاسانی خۆشەویستی پێغەمبەر ﷺ لە دڵ و دەروونیدا جێگای تایبەت داگیر دەکات، هاوشێوەی هاوەڵان هەنگاو هەڵدەهێنێتەوە، خۆشەویستی خوای موتەعال سەرەتای هەموو کێشەکان چارەسەر دەکات، خوای پەروەردگار دەفەرموێت:

﴿قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ ٱللَّهَ فَٱتَّبِعُونِى يُحْبِبْكُمُ ٱللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ ۚ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٣١﴾﴾ آل عمران

واته: {شوێنکەوتنی پێغەمبەری خوا ﷺ نیشانەی خۆشویستنی خوایە} ئەی محمد ﷺ پێیان بفەرموو: ئەگەر ئێوە ڕاست ئەکەن خوای گەورەتان خۆش ئەوێ ئەوە شوێن من بکەون ئەوە ئەو کاتەش خوای گەورە ئێوەی خۆش ئەوێ و لە تاوانەکانتان خۆش ئەبێ، کەسانێك بانگەشەی خۆشەویستی خوایان کرد خوای گەورە بەم ئایەتە تاقیکردنەوە، کەواتە هەرکەسێك شوێن پێغەمبەری خوا ﷺ نەکەوێت و بیدعە بکات ئەوە ڕاستگۆ نییە لە خۆشەویستی بۆ خوای گەورە، شوێنکەوتنی پێغەمبەری خوا ﷺ بەڵگەیە لەسەر خۆشەویستی خوای گەورە و هۆکارە بۆ دەستخستنی خۆشەویستی خوای گەورە و لێخۆشبوونی تاوانەکان، خوای گەورە زۆر لێخۆشبوو و بەڕەحم و بەزەییە.

تابلۆی دەیەم:

هاوەڵان و دنیا

دنیا هۆکارە نەک ئامانج

پێش ئەوەی باسی ڕەنگی تابلۆ و شێوە و شکلی بکەین، حەز دەکەم وشەی (دونیا)تان پێبناسێنم تا بزانین واتاکەی چییە؟

(دونیا) یان (دنیا) بە واتای زمانەوانی زۆر زۆر نزم دێت، لە زمانی(عربي)یدا پێچەوانەی (دونیا) (العلیا) واتە: بەرزی یاخود زۆر بەرز.

بەردەوام دەگەڕێم تا مەشخەڵی ڕێگای هاوەڵان بە دەستبهێنین و بزانین چۆن گەیشتونەتە ئاستی بەرزی ئیمان، هەر تابلۆیەک لە ڕابردوودا دیمەنەکانی هاوەڵانمان تێدا ڕوون کردبێتەوە، وەکو نموونەی دیمەنەکانی دڵسۆزی و ئیخڵاس و کردار و زانست و...هتد، لەم تابلۆیەدا باسی (دنیا) دەکەین لای هاوەڵان، بزانین ئەوان چۆن لە چەمکی (دنیا) تێگەیشتوون؟!

هەر چەندە زۆرێک لە زانا و بیرمەند و فەیلەسوفەکانی جیهان تووشی سەرسامی بوون بە (دنیا)و بە خۆشییەکانی، بەڵام تێگەیشتن و کارکردن لەم (دنیا)یەدا لای هاوەڵان جیاوازتر بووە لە هەرچی بیرمەند و زانا و خەڵکی تر هەیە.

ورد و تێڕوانینیان بۆ (دنیا) زۆر به ساده و پارسەنگانه بووه، له لایەکەوه هیچ بەها و نرخێکیان بۆ دانەناوه، زۆر به ساده و ئاسانی وازیان لێهێناوه و تەنازولیان لێکردووه، لەگەڵ ئەوەشدا له دیوەکەی تریدا خەریکی کار و کەسابەت و بازرگانی و کشتوکاڵ و پاره پەیداکردنو ئاوەدان کردنەوه و هەوڵی دەوڵەمەند بوون و...هتد بوون و کاریان بۆ کردووه، هەوڵ و ئیجتهادی زۆریان داوه بۆ به دەستهێنانی (دونیا)، زۆر به جدی کاریان کردووه.

هاوەڵان هەیان بووه، ئەوەنده دەوڵەمەند بووه له سەروەت و سامان له ژماردن نەهاتووه، ئەبوبەکر یەکێک بووه له دەوڵەمەندەکانی قورەیش، عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف ئەوەنده ئاڵتونی هەبووه به تەور کردیانه دوو کەرتەوه.

خاوەنی موڵک و ماڵ و زەوی و زاری زۆر بوون، بەڵام هیچی لای هاوەڵان بەهای یەک باڵی مێشولەی نەبووه، زۆر به ئاسانی له پێناوی خوای پەروەردگاردا وازیان لێهێناوه.

پارسەنگی له نێوان دنیا و قیامەت دا

دنیا لای هاوەڵان مەبەست و ئامانج نەبووه، بەڵکو هۆکار بووه بۆ ڕازی کردنی خوای پەروەردگار، له ڕاستیدا دنیاش هەر هۆکاری به دەستهێنانی تۆشووه بۆ ئاخیرەت، پێوەریشه هەر بۆ قیامەت بۆ خودی مرۆڤ، هەروەها دنیا پیادەکردنی فەرمانی خواییه، بۆ ئاوەدانکردنەوه و بەندایەتی و پاش ئەو فەرمان و ئاوەدانکردنەوه، دروست کردنی خێزان و ژنهێنان و هاوسەرگیریو

دروستکردنی منداڵ و باوکایەتی و دایکایەتی و خزمایەتی بە شێوەیەکی گشتی، کەواتە دنیا)هەوڵدان و کارکردنە بۆ ژیان و پەروەردە کردنیان و بە دەستهێنانی ماڵ و سەروەت و سامان، بۆ ئەوەی بە جوانی بژینو پەروەردە بین.

خوای گەورە داوای لێکردین کە جیهاد بکەین، بە سەروەت و سامان، کەواتە: پێویستە خاونی پارە بین، تاکو بیبەخشین لە پێناو خوادا، خوای پەروەردگار فەرمانی پێکردین کە لە ڕووی دوژمنی کافردا بوەستینەوە، کەواتە: دەبێت هێز کۆ بکەینەوە و خاوەنی تواناو تەکنەلۆجیای مەدەنی و سەربازی...هتد، بین، بۆ وەستانەوە لە بەرانبەر دوژمندا.

کەواتە من لە دنیا دا کار دەکەم بۆ ڕازی کردنی خوای پەروەردگار، بازرگانی و کار و کەسابەت دەکەم بۆ ڕازی بوونی خوا، هاوسەرگیری و دروستکردنی منداڵ و دامەزراندنی خێزان و سیلەی ڕەحم، هەمووی بۆ ڕەزامەندی خوای گەورەیە، بەو گیان و ڕۆحە کار کردنە لە پێناوی خوادا دەبمە دەوڵەمەندی هەموو دەوڵەمەندەکان لەم ژیانەدا.

لە هەمانکاتدا هیچ ڕێگرێک نابێت بۆ وازهێنان لە دنیا و خۆشییەکانی، هیچ کێشەیەکم بۆ دروست نابێت، ئەگەر هەزاری هەژاران بم، بۆ ئەوەی خوای پەروەردگار ڕازی بکەم، پەیوەندییەکی ئاوێتە بوون لە نێوانی مرۆڤی خواناسو دنیادا زۆر بە شێوەیەکی جوان و نایاب.

هاوەڵان بەم شێوەیە ئاوێتەی دنیا بوو بوون، بەو وردییەوە لە دنیا ورد دەبوونەوە و کاریان تێدا دەکرد، هەرچەندە هاوکێشەکە زۆر سەختە، بەڵام لایان زۆر ئاسان بوو کە پیادەکاری مەنهەجی خوای پەروەردگار بوون، پارسەنگی تەواویان کرد لە نێوانی دنیا و قیامەت دا، کە هیچ بیرمەند و فەیلەسوف و زانایەک توانای داڕشتنی ئەو هاوکێشەیەی نییە، تەنها ئیسلام نەبێت.

ئیسلام مەنهەجێکی دادپەروەرە، واتە (الوسطية) لە نێوانی هەموو چەمک و پرس و باسێکدا مافی خۆی ئەدات، خوای پەروەردگار دەفەرموێت:

﴿وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَٰكُمْ أُمَّةً وَسَطًا ...﴿١٤٣﴾﴾ البقرة

واتە: ...بەم شێوازە ئێوەمان گێڕاوە بە ئوممەتێکی مامناوەند، (وَسَطًا) واتە: باشترین یان دادپەروەرترین ئوممەتن...

خوای گەورە ئەم ئوممەتەی بە دادپەروەر ناوزەد کردووە، چونکە مەنهەجەکەیان پڕ داد و جوانی پارسەنگییە، هەر چەندە زۆرێک بە وشەی (میانەڕەو) وەریانگێڕاوە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم ئوممەتە (میانڕەو) نییە، چونکە زۆر جار (میانڕەو)ی مافی خەڵکی‌تری تێدا پێشێڵ دەکرێت، بەڵکو هەموو تەفسیرەکان لەم ئایەتەدا بە واتای دادپەروەری هێناویانە.

خۆ ئەگەر بە واتای پارسەنگی لێک بدرێتەوە، پێم وایە باشترە لە وشەی (میانڕەو)ی، چونکە ناکرێت بڵێین: ئوممەتی محمد ﷺ ئوممەتێکی (میانەڕەو)ە، هەرگیز ئەم ئوممەتە لە کاتی بەزاندنی سنووری خودا ناکرێت

(میانڕەو) بێت ناشکرێت وشەی (توندڕەو)ی بۆ بە کاربێت، ئەگەر (میانڕەو) نەبێت واتە (توندڕەو)ە، لە ڕاستییدا دەبێت بڵێین: ئوممەتێکی دادپەروەرە.

شەهید (سید قطب) دەڵێت: ئوممەتی ئیسلام پرس و چەمکەکانی بۆ بەرز دەکرێتەوە دەیانپێوێت بە تەرازووی ئیسلام، واتە: (وەسەتیەت) بە واتای پێوانەکاری بە مەنهەجی ئیسلامی.

هاوەڵان پێوانەیان بۆ دنیا مەنهەجی خوای پەروەردگار بوو، بۆیە زۆر بە جوانی توانیان پارسەنگی بکەن، لە نێوانی دنیا و قیامەتدا.

ڕاستی و دروستی پێوانەی دنیا

لای خوای پەروەردگار هیچ ئەرزشێکی نییە، کەواتە دەبێت لای ئیماندارانیش کە بڕوای بە خوای پەروەردگارە، نابێت هیچ ئەرزشێکی هەبێت، نابێت لە پێناویدا ململانێ بکرێت، بێتە هۆکاری ناڕەحەتی و نەهامەتی لەگەڵ براکانتان کە لە یەک بازنەی ئەم ئایینە دان، ناکرێت بکەونە کوشتن و بڕین لە پێناوی دنیادا.

بە پێچەوانەشەوە ناکرێت وازی لێبهێنینو خۆمانی لێ دابڕین و بە جێبیهێڵین بۆ دوژمنەکانمان، ناکرێت بیکەینە غەنیمەت و بیدەینە دەستی کافران وەکو کردمان لە ڕابردوودا، ئوممەت سەرقاڵ بوو بە ئیختیلافی لاوەکی و دوژمن سەرکەوت بەسەرماندا، دەیان وڵاتیان لێسەندیینەوە کە وڵاتی موسڵمانان بوون، سەدان و هەزار ساڵ موسڵمانان حوکمڕانییان دەکرد، وەک هندستان، یۆنان، بۆلغاریا، ئیسپانیا، فەڵەسطین، مالْتا، سیسیلیا و ...هتد.

کەواتە: دەبێت بپرسین چۆن هاوەڵان توانیان لە حەقیقەتی دنیا تێبگەن؟!

چۆن توانیان لەو هاوکێشە سەختە تێبگەن کە بە چاوێکی پارسەنگ تەماشای بکەن، کاتێک ئەستەمە لە چاوی خەڵکی تڕەوە ئەو پێوانە و پارسەنگییە.

زۆرێک لە خەڵکی وا بیر دەکەنەوە دەڵێن: یان دنیا یاخود ئاخیرەت، دەڵێن: ناکرێت لە دنیادا کار بکەین و کاریش بۆ قیامەت بکەین، چۆن داواکاری ئاخیرەت دەکەیت، پێدەکەنێ، لە خۆشی و ئاهەنگ دا بەشداری دەکەیت و کار و کاسبی ئەنجام ئەدەیت؟

هاوەڵان چۆن لەم هاوکێشەیە تێگەیشتوون؟!

هاوەڵان زۆر بە قوواڵی تێگەیشتبوون، زۆر دەقیق بوون لە پیادەکردنی، لە ڕێگای مامەڵەی پێغەمبەری خواوە ﷺ مامۆستای هەموو مرۆڤایەتی بە گشتی پێیان گەیشتبوو لە ڕێگای فەرموودە و هەڵسوکەوتییەوە، لە ڕێگای ئایەتە قورئانییەکانەوە، هاوەڵان پیادەکارێکی دەقیق بوون لە ڕێگای سوننەتەوە لە چاوی پێغەمبەر ﷺ -ەوە، تەماشای دنیایان دەکرد، بە پێوانەی دنیا تەماشای دنیایان دەکرد، دەیانزانی قەبارە و پێوانەی دنیا چەندە، بەم شێوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرد.

ئیمامی (موسلیم) لە هاوەڵی بەڕێزەوە (مستەوردی کوڕی شەداد) بۆمان دەگێڕێتەوە: کە پێغەمبەری خوا ﷺ سوێندی خوارد لەسەر قیمەتی دنیا، پێغەمبەری خوا ﷺ کە سوێندی خوارد لە سەر باسێکی مانای

گرنگی ئەو پرسە دەرئەخات، چونکە پێغەمبەر ﷺ ڕاستگۆی هەموو ڕاستگۆکانە پێویستی بە سوێند خواردن نییە، بەڵکو بۆمان گرنگی باسەکە ئاشکرا ئەکات، دەفەرموێت: سوێند بە خوا دنیا لە چاو ئاخیرەت دا وەکو ئەوە وایە کە کەسێکتان پەنجە بکات بە ناو دەریایەکدا.

ئەو کەسەی کە فەرموودەکەی گێڕاوەتەوە ناوی یەحیای کوڕی سەعیدە و یەکێکە لە گێڕەرەوەکانی ئەم فەرموودەیە، ئاماژەی بۆ پەنجەی شایەتومان کرد کە بیکاتە ناو دەریایەک، چەندە ئاو لەگەڵ خۆی دەهێنێتە دەرەوە لە ناو ئەو دەریایە، چەند دڵۆپێکی کەم بە پەنجەوە دەتکێت، دنیا لە چاو ئاخیرەت دا ئەوەندەی ئەو دڵۆپە ئاوەیە لەچاو دەریاکەدا[١٦].

[١٦]- عن المُسْتَوْرِد بن شَدَّاد رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ قال: قال رسول الله ﷺ: «ما الدنيا في الآخرة إلا مِثْل ما يجعل أحدكم أُصْبُعَهُ هذا – وأشار يحى بن سعيد أحد رواة الحديث أشار إلى السبابة- في اليَمِّ، فلينظر بِمَ يَرْجع/ رواه مسلم.

زۆر گرنگە بەو چاوە تەماشای دنیا و قیامەتمان بکەین، ئەگەر مرۆڤ پەنجەی بکاتە ناو جامێک ئاو چەند دڵۆپێک بە پەنجەوەی دێتە دەرەوە، بەڵام ئەو چەندە دڵۆپەی هەیە ئەو پێوانەی بۆ کراوە لە لایەن پێغەمبەری خواوە ﷺ، واتە هەموو دنیا بە جوانی، دارستان، مووڵک، سەروەت، کانزا، خەڵک، جوانی گوڵ و گوڵزاری، هێز و توانای وڵاتان و...هتد پێوانەکەی چەند دڵۆپێک ئاوە!

ئیمامی ئەحمەد لە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعودەوە دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: پەیوەندیم نییە بە سەر دنیا و دنیاش پەیوەندی نییە بە منەوە، نموونەی من و دنیا وەکو نموونەی سوارێکە کە لە ژێر سێبەری دارێکدا بخەوێت، دوای پشوودان جێگاکە بە جێ بهێڵێت؟![17]

پێوەری هەموو ژیانت بکە ئەگەر (١٢٠) ساڵیش بژیت، کە بەرزترین پلەی تەمەنە بە پێوەری ناو گۆڕ و قیامەت، خەڵکانێک هەیە هەزاران ساڵە لە ناو ژیانی بەرزەخدا دەژین و ناشزانین چەندە تەمەنی زەوی و ئەم گەردوونە ماوە، هەر چەندێک بژین لە دنیادا دەبێت هەر مردن بچێژین، جا ژیانی ئەم دنیایە لە چاو قیامەتدا تەنها پشوێەکی زۆر کەمە، کەواتە: دەبێت لەو ماوە پشوەدا خۆت ئامادە بکەیت بۆ ژیانی قیامەت، لە ڕۆژی قیامەت مردن نییە،

---

[17]- روى الإمام أحمد، عن عبدالله مسعود رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ قال: صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فقال رسول الله صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: "ما لي وللدنيا؟ ما أنا والدنيا؟ إنما مثلي ومثل الدنيا كراكب ظل تحت شجرة، ثم راح وتركها.

مردی لەم دنیایەدا ئیتر: بە خلودی دەمێنیتەوە، واتە هەتا هەتاییەو نە ملیۆنێک ساڵە و نە ملیارێک ساڵە، نە ترلیۆنێک ساڵە بەڵکو هەتا هەتاییە.

زانایانی ماتماتیک دەڵێن: پێوەرکردنی هەر شتێک بە بێ پایان یەکسانە بە سفر.

واتە: کە سەفەر بکەین لە ڕێگادا پشوویەک بدەین، زۆر زۆر کەمترە لە چاو ئەوەی تەنها پێوەری بکەیت بە بێ پایان، بە هیچ شێوەیەک پێوەر ناکرێت لە ڕووی ئەقڵییەوە ناشێت مرۆڤ بڕوات بۆ جێگایەک بە کاتی، بۆ نموونە بڕوات بۆ تورکیا و خۆی لە شاری سلێمانی نیشتەجێ بێت، سەفەرەکەشی بۆ تورکیا تەنها دوو ڕۆژ یان حەفتەیەک بخایەنێت، بۆ ماوەی حەفتەیەک خانوو ناکرێت و هەموو کەرەستەیەکی تێبخات، خۆ ئەگەر وای کرد ئەوە جۆرێکە لە شێتی و بڕواش ناکەم هیچ کەس کاری وا بکات، پێوەری دنیا بە ئاخیرەت وەکو ئەو نموونەیە وایە کە ئامازەمان پێدا.

سەیرە (٠) یەکسان بێت بە (٠) لە چاو ژیانی هەتا هەتایە کەچی ئەوەندە چاو قایم بین، ژیانی بێ پایان لە بیر بکرێت بۆ ژیانی (٠) بە ڕاستی سەیرە!

ئیمام موسلیم لە جابری کوڕی عەبدوڵڵاوە لە پێغەمبەری خوا ﷺ -مەوە بۆمان دەگێڕێتەوە دەڵێت: لەگەڵ پێغەمبەری خوا ﷺ لە یەکێک لە بازاڕەکانی شاری مەدینە بوو بە ناوی (العالیة)، خەڵکی لەم لاو لای پێغەمبەر ﷺ -ەوە کۆ بوونەوە.

ئەو خەڵکانەی لەم لاو لایدا بوون هەموو هاوەڵان بوون، باشترین جیلی سەر زەوی بوون، ئەو ڕەوەندە بوون کە بەدەستی پێغەمبەر ﷺ پەروەردە بوو بوون، ئێمەش لەم پرۆژەیەدا دەمانەوێ لاساییان بکەینەوە.

پێغەمبەری خوا ﷺ دەیویست وانەیەکی پراکتیکی بداتە هاوەڵانیو تاکو ڕەوەند لە دوای ڕەوەند فێری ببن.

پێغەمبەری خوا ﷺ بە لای بزنێکی سەقەتی مردارەوەبوودا تێدەپەڕی، گوێچکەی بزنە مرداربووەکەی گرت فەرمووی: کێ ئەم بزنەم لێدەکڕێت بە درهەمێک؟!

بزنەکە بێجگە لەوەی مردار بۆتەوە، ئەگەر زیندووش بوایە عەیبدار و سەقەت بوو، هیچ کەس نەیدەویست، چ جای ئەوەی کە مردار بۆتەوە!

هاوەڵان وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ نامانەوێت و چی لێبکەین لەم بزنە؟!

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ئەی بە خۆڕایی ناتانەوێت؟

هاوەڵان وتیان: ئەگەر زیندوو بوایە کەس نەیدەویست چونکە عەیبدار بوو، ئیتر چی لێبکەین بە مردارەیی؟

پێیان وابوو کە: پێغەمبەری خوا ﷺ نەیدەزانی کە عەیبدارە، بەڵام جەنابیان دەیویست وانەیەکەی واقعی و دیدڕوونییان بداتێ، کە گوێچکەکەی

گرتووە دەیزانی عەبدارە و مردار بۆتەوە، ئاشکرا بوو لای پێغەمبەری خوا ﷺ ئەویش بەهای دنیای نیشان بدات.

فەرمووی: سوێند بە خوا دنیا زۆر کەمتر لەو بزنە مردارەوە بووە عەبدارە [١٨].

سبحان الله ئەم دنیایە زۆر کەمترە لە گوێچکەی بزنێکی عەبداری مردارەوە بوو، زۆر جار گوێمان لە پیاوانێکی خاوەن تەمەن بووە، کە دەیانوت: ئەم دنیایە گوێچکەی بزنێک ناهێنێت، بۆم دەرکەوت کە لە فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ -ەوە وەریان گرتووە.

بۆچی ژیانی خۆمان دەخەینە ناڕەحەتیو بۆ ململانێکانی زۆر جار بۆ تاوانو کوفریش، مرۆڤ هەموو تەمەنی هەوڵدەدات بۆ دنیا و زوڵم دەکات، غەشو ساختەکاری دەکات، تاوانو کوفر دەکات، بۆ ئەوەی پلەو پایەیەک یان سەرۆکایەتییەک بە دەست بهێنێت، یان ببێتە ئەندام پەرلەمان یاخود وەزیرێک یان سەرۆکی وڵاتێک، لە کاتێکدا هەموو دنیا گوێچکەی بزنێک ناهێنێت!

---

[١٨]- عن جابر رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ أن رسول الله ﷺ مر بالسوق والناس كَنَفَتَيْهِ، فمر بِجَدْيٍ أَسَكَ ميت، فتناوله فأخذ بأذنه، ثم قال: »أيكم يحب أن يكون هذا له بدرهم؟ «فقالوا: ما نحب أنه لنا بشيء وما نصنع به؟ ثم قال: »أتحبون أنه لكم؟ «قالوا: والله لو كان حيا كان عيباً، إنه أسك فكيف وهو ميت! فقال: »فو الله الدنيا أهون على الله من هذا عليكم/رواه مسلم.

زۆر کەمتر لە درهەمێک، بەڵکو بە خۆڕاییش ئەگەر بەهای بزانرێت نایانەوێت دنیا.

پێغەمبەری خوا ﷺ کە ئەو نموونەی هێناوە بۆ ئەوەی کە هەمووان بەها و نرخی دنیا بزانین، دنیا هەروا سادە نییە لە بۆ نموونەیەکی وا لە ناو بازاڕدا لە گەرمترین کاتی سەرقاڵی دنیادا ئەو نموونەیە بۆ هاوەڵانی و ئوممەتەکەی باس دەکات، تەنها بۆ ڕاستی حەقیقەتی ئەم دنیایە بوو کە بزاندرێت بایی چەندە، ئیتر بۆچی خەڵکی ململانێی لە پێناودا دەکات؟ چونکە خەڵکی بە گشتی لە ڕاستی و دروستی دنیا تێنەگەیشتوون، ئایا ڕۆژێک لە ڕۆژان پێوەری قیامەت بە دنیات کردووە، یاخود بە پێچەوانەوە؟!

ئایا شتێک کە بەندازەی بزنێکی مردار بوو نەهێنێت، جەهلی و شێتی نییە مرۆڤ خۆی بۆ تاوانبار بکات؟!

ئیمامی (ترمذي) لە هاوەڵی پێغەمبەر ﷺ -ەوە سەهلی کوڕی سەعدی کوڕی ساعیدی دەگێڕێتەوە: پێغەمبەر فەرموویەتی: ئەگەر دنیا ئەندازەی باڵی مێشولەیەک بەهای هەبووایە، خوای گەورە ڕێگای نەئەدا کە کافر قومە ئاوێکی تێدا بخواتەوە[19].

لێرەدا پێغەمبەری خوا ﷺ باسی مێشوولەیەکی تەواو ناکات، بەڵکو بەشێکی بچووکی ئەندامی لاشەی کە باڵیەتی، بەو ئەندازەیە لای

---

[19]- روى ترمذى عن سهل بن الساعدى رضي الله عنه قال: قال رسول الله ﷺ لو كانت الدنيا تعدل عند الله جناح بعوضة، ما سقى منها كافرا شربة ماء/ رواه الترمذي.

خوای پەروەدگار بەهای هەبووایە، کافر بۆی نەبوو قومێک ئاوی تێدا بخواتەوە.

ئەگەر تەماشای حاڵی کافران بکەین ئەو هەموو بێدینی و کوفرە دەکەن لەسەر زەوی خوای پەروەردگار دەژین، موسڵمان دەکوژن، ئێمەش زۆر جار بیری خراپ دێت بە مێشکماندا دەڵێین: خوای گەورە بۆ ئاوامان لێدەکات؟!

لە بیرمان چۆتەوە ئێمە ئەو دنیایەمان بە ڕاستی گرتووە وەکو کافر، نەقیامەتیش وەکو هاوەڵان، چونکە خەڵکی کار بۆ قیامەتیان ناکەن و لە هەمان کاتدا لەو دنیایەشدا خۆیان بە کاری پڕ و پووچەوە سەرقاڵ کردووە، ئاخر ئەگەر دنیا هێندەی باڵە مێشولەیەک بەهای نەبێت، ئیتر چۆن هەموو ژیانی خۆمان لە دوونیایەکدا خەرج دەکەین بە ناوی کەسابەت و بازرگانی و بانگەوازێک ناکەین، پارەیەک نابەخشین، سەرقاڵین بە گەڕان، تەلەفیزیۆن، موبایل، شەراب، چەندین کاتژمێر لە قسە و باسی پڕوپووچ دەبەینە سەر کەچی شەونوێژ ناکەین، ناچینە مزگەوت، قورئان ناخوێنین و هەموو ژیان لە جل و بەرگ و خواردن و خۆشییەکاندا سەرف دەکەین، وەکو ئاژەڵێک دەژین و دەخۆین و دەخەوین و کۆتاییمان مردنە.

ئیتر بیرمان لە زوڵمی جولەکە بەرانبەر خەڵکی فەڵەستین و عەلمانی و خوا نەناسەکان ناکەینەوە کە وڵات و نیشتمانیان داگیر کردین، سەروەت و سامانی کوردستان بە هەدەر دەبەن بە ئارەزووی خۆیان زوڵم دەکەن، هەموو لەبەر هۆکاری ئەوەیە کە لە دنیا و بەهای دنیا تێنەگەیشتووین و کار بۆ قیامەت و

مەنهەجی خوای موتەعال ناکەین، پێویستە پێوانەی دنیا قەبارەی خۆی بدەینێ چونکە ناوی دنیایە نەک عولیا و لە نزمەکان نزمترە.

خوای پەروەردگار زیاتر بۆمان ڕوون دەکاتەوە دەفەرموێت:

﴿إِنَّمَا مَثَلُ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا كَمَآءٍ أَنزَلْنَٰهُ مِنَ ٱلسَّمَآءِ فَٱخْتَلَطَ بِهِۦ نَبَاتُ ٱلْأَرْضِ مِمَّا يَأْكُلُ ٱلنَّاسُ وَٱلْأَنْعَٰمُ حَتَّىٰٓ إِذَآ أَخَذَتِ ٱلْأَرْضُ زُخْرُفَهَا وَٱزَّيَّنَتْ وَظَنَّ أَهْلُهَآ أَنَّهُمْ قَٰدِرُونَ عَلَيْهَآ أَتَىٰهَآ أَمْرُنَا لَيْلًا أَوْ نَهَارًا فَجَعَلْنَٰهَا حَصِيدًا كَأَن لَّمْ تَغْنَ بِٱلْأَمْسِ ۚ كَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ ٱلْءَايَٰتِ لِقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٢٤﴾﴾ یونس

واتە: نموونەی ژیانی دونیا لە خێرایی لەناوچوونی وەکو ئاوێك وایە کە لە ئاسمانەوە دامانبەزاندبێ، بە ڕووەك و دانەوێلەکانی زەوی هەندێکی تێکەڵ ئەبێ بەسەر هەندێکیدا لەوەی کە خەڵکی و ئاژەڵ ئەیخوات، تا زەویەکە خۆی ئەڕازێنێتەوە بەو گژوگیا و گوڵە جوانانە و خۆی جوان دەکات، خاوەنی ئەو بەروبووم و کشتوکاڵە وا ئەزانن توانایان هەیە بڕۆن سوودی لێ ببینن و بەرهەمەکەی بڕننەوە، فەرمانی ئێمە واتە: سزای ئێمە ئەدا بەسەر ئەو کشتوکاڵ و دانەوێلە و بەروبوومەدا بە شەو یان بەڕۆژ وای لێ ئەکەین کە وەك ئەوەی دووڕابێتەوە و بەرهەمی ڕنڕابێت و هیچی پێوە ناهێڵین، وەك ئەوەی کە دوێنێ ئەو نەبووبێت کە ئاوا جوان و سەوز و ڕازاوە و تەڕ بووبێت، بەم شێوازە ئایەتەکانی خۆمان دەرێژە پێ ئەدەین و ڕوونی ئەکەینەوە بۆ کەسانێك کە بیر بکەنەوە، واتە ژیانی دونیاش ئاوایە لەناکاو لەناوتان ئەبەین و کۆتاییتان پێ دێنین.

کاتێک خوای گەورە باسی سەوزایی و باران و ئاو دەکات هەمووی مەبەست لە ئاوەدانییە لە سەر زەویدا، بە واتایەکی‌تر جوانی دنیا و پێشکەوتنی گەیشتوتە لوتکەی ئەوپەڕی جوانی لای خەڵکی دنیا.. خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَظَنَّ أَهْلُهَا أَنَّهُمْ قَادِرُونَ عَلَيْهَا﴾ ئیتر خەڵکەکەی وا دەزانێت هەموو شتێکیان بە دەستە، هەمووی بە (ریموت کۆنترۆڵە) بە دوگمە هەمووی خراوەتە ژێر دەستیان و بە مانگی دەستکرد چاودێری زەوی دەکەن و دنیا بۆخۆیان کۆنترۆڵ کردووە، بەڵام لە پڕ فەرمانێکی خوایی دەردەچێت، کام توانا، هێز و ئەتۆم، مانگی دەستکرد و...هتد، دەتوانیت ڕووبەڕووی فەرمانی قەبارەی خوای گەورە بێتەوە؟!

﴿أَتَاهَا أَمْرُنَا لَيْلًا أَوْ نَهَارًا﴾ جا فەرمانەکە شەو بێت یان ڕۆژ بێت، یەک چرکەساتە کە خوا فەرمووی: ببە، دەبێت ببێت، ئەوکات دنیا و ژیان و خۆشی هەمووی کۆتایی دێت، تەنها بەو چرکەساتە، هەروەکو وابوو ئەم دنیا بوونی نەبووبێت دەبێت بە سفر ﴿كَأَنْ لَمْ تَغْنَ بِالْأَمْسِ﴾، ئەم ئایەتانە پێویستمان بە لێورد بوونەوە و تەدەبور هەیە، نموونە و وێنایە کە خوا بۆمان باس دەکات، حەتمەن ڕوو ئەدات بیرکردنەوەی قوولّی دەوێت، دوای بیرکردنەوە کاری دەوێت، ئەگەر کارکردن نەبێت لەم هەموو ئایەت و فەرموودەیەمان باس کرد بۆ ئەوەی کاری پێبکەین.

لە کۆتایی ئایەتەکەدا خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿كَذَلِكَ نُفَصِّلُ الْآيَاتِ لِقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ﴾ قورئان موعجیزەیەکە ڕۆژ بە ڕۆژ لەگەڵمان دایە، کەچی ئێمە ئەوەندە چاو قایمین، پەنا بۆ شتی تر دەبەین، تا تەفسیری ژیان و گەردوون

و دنیامان بۆ بکات، قورئان وەکو (کورد) دەڵێت: (هێلکەی پاک کراوە خستوویەتییە بەردەستمان، هەموو پرسەکانی بۆ ڕوون کردووینەتەوە).

دنیا لە چاوی پێغەمبەر ﷺ -ەوە

پێغەمبەری خوا ﷺ هەمیشە ئاگاداری کردینەوە لە دنیا و فیتنەکانی، لە باسەکانی ڕابردوودا پێغەمبەر ﷺ پێوانەی دونیای نیشان داین و قەبارەی دنیای خستە بەردەستمان، لەمەولا بزانین ئەرزشی (نرخی) دڵۆپە ئاو و باڵی مێشولە و بزنێکی مردارەوە بووی نییە.

ناکرێت ڕووبارێ و ئاوی شیرینی بەهەشت بۆ دڵۆپێک ئاو بگۆڕینەوە، خۆشی و شادی ناو بەهەشت بگۆڕینەوە بە پشوویەکی کەمی سێبەری بن دارێکی ناو بیابان بۆ کاتێکی دیاری کراو، واز لەو هەموو باخ و باخاتە بهێنین، ئایا خەڵکی ئاقڵ و خاوەنی ژیری کاری وا دەکات؟!

بێگومان دەڵێین: نەخێر، بەڵام هەموومان سەرپێچی دەکەین.

هەر بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ بە هەمیشەیی تا ئەو ڕۆژەی وەفاتی کردووە هەر ئاگاداری دەکردینەوە لە دنیا، سەدان جار بیری دەخستینەوە، لە هیچ کارەساتێک نەدەترسا کە تووشی ئوممەتەکەی بێتەوە، تەنها لە دنیا دەترسا!

بوخاری و موسلیم لە عەمری کوڕی عەرف بۆمان دەگێڕنەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ، ئەبوعوبەیدەی جەراح-ی نارد بۆ بەحرەین بۆ وەرگرتنی جزیە، بەحرەین ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نیوەدوورگەی عەرەبییە،

مەبەست ولّاتی بەحرەینی ئێستا نییە، ئەوکاتە ئەو ناوچەیە مەجوسە زەردەشتییەکانی تێدا دەژیان، (جزیە)یان بە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەدا، ئەبوعوبەیدە تەشریفی برد، بۆ وەرگرتنی (جزیە)کان و کۆکردنەوە، بە سەروەتێکی زۆر و گەورەوە بۆ لای پێغەمبەر ﷺ هەموو (جزیە)کەی تەسلیم بە پێغەمبەری خوا ﷺ کرد.

ئەنسار هەواڵی هاتنەوەی ئەبوعوبەیدەیان پێگەیشت، پێغەمبەر ﷺ هەمیشە کەریم و بەخشندە بووە بۆ هاوەڵانی، کە ئەنسار زانییان پارە هاتووە ئەو بەیانییە مزگەوتی پێغەمبەر ﷺ پڕ بوو لە هاوەڵان، پێشتر هاوەڵان لە مزگەوتی گەڕەکەکانی خۆیان نوێژی بەیانییان دەکرد، گەڕەکەکانی شاری مەدینە بەربڵاو بوو، هەروەها مزگەوتی زۆریشیان تێدا کردبووەوە، بەڵام بۆ نوێژی هەینی و کۆبوونەوەی موسڵمانان بە گشتی کاتی جیهاد و پرس و ڕاوێژ و (شورا) هەموو لە مزگەوتی پێغەمبەر ﷺ کۆ دەبوونەوە، بەڵام بۆ نوێژەکانی تر نەدەهاتنە ئەو مزگەوتە، ئەو بەیانییە کە پارەکە هاتبوو بۆ مزگەوت زۆر قەرەباڵغ بوو جمەی دەهات لە هاوەڵان دا.

کە پێغەمبەری خوا ﷺ تەشریفی هێنا بۆ ناو مزگەوت زانی ئەم هەموو ئەنسارە بۆ نوێژی بەیانی نەهاتوون، چونکە ڕۆژانی ئاسایی لەگەڕەکەکانی خۆیان نوێژ دەکەن، مزگەوتی پێغەمبەریش لە ناوەڕاستی شاری مەدینەدایە، هەموو نوێژیان کرد لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ دا، بە دڵنیاییەوە پێغەمبەر ﷺ دەیزانی بۆچی هاتوون، زانی کە پارەیەکی زۆر هاتووە لە بەحرەینەوە، بۆ وەرگرتنی پارە هاتوون.

پێغەمبەری خوا ﷺ زەردەخەنە گرتی و تەماشای هاوەڵانی دەکرد، فەرمووی: وا پێدەچێت گوێبیست بوون کە ئەبوعوبەیدەی جەراح لەگەڵ خۆیدا شتێکی هێناوە[٢٠]!

هاوەڵان هەموو وتیان: بەڵێ ئەی ڕەسوڵی خوا ﷺ ، (قالوا: أجل يا رسول الله)، پێغەمبەری خوا ﷺ بە ڕەحم و میهرەبانی و چاوی بەزییەوە فەرمووی: دەی مژدە بێت وایە و خوای گەورە هیوا ئومێدەکانتان زیاتر بێت، (فأبشروا، أمواما تيسركم).

لە هەمانکاتدا پێغەمبەری خوا ﷺ دەیویست وانەیەکی تر فێری هاوەڵان بکات لە وانەکانی ژیان بەرانبەر بە دنیا، وانەیەکی پەروەردەییان بداتێ کە زۆر گرنگە ئەو هەڵە بەکار بهێنێت، سەرەتا پێغەمبەر ﷺ زەردەخەی بۆ کردن، پاشان مژدەی دانێ کە بەڵێ پارە هاتووە و وەریدەگرن، ئینجا کاتی ئەوەیە کە وانەیەکەیان فێر بکات و بە پەیامەکەی بگەیەنێت، سوێندی خوارد پێغەمبەر ﷺ، کە سوێند بخوات واتە: کارەکە زۆر گرنگە و ئاگادار کردنەوەیە، زۆربەی ئاگادارییەکانیش لە سەر دنیایە، دەشیزانی ئەوانەی کە هاتوون هەموو بۆ دنیا هاتوون، سوێند دەخوات کە دونیا هیچ بەهایەکی نییە، دەفەرموێت: سوێند بە خوا لە هەژار بوونتان

[٢٠]- فتبسم رسول الله ﷺ لما رأهم، وقال: أظنكم قد سمعتم أن أبا عبيده قد جاء بشيء، قالوا: أجل يا رسول الله، فأبشروا، أموالا تيسركم / رواه مسلم.

ناترسم، بەڵام دەترسم دنیا زاڵ بێت بە سەرتاندا، (یقول: فوالله لا الفقرا خشی علیکم، ولکن أخشی أن تبسط علیکم الدنیا).

بێجگە لە دنیا بۆتان کە فیتنەیە، پێغەمبەری خوا ﷺ ناترسێت تەنها دنیا نەبێت، ناترسێت هەژار بن، بەڵام دەترسێت دەوڵەمەند بن دنیا بە سەرتاندا زاڵ بێت، چونکە هەژاران زۆر بە سادەیی دەژین و لە هیچ ناترسن، بەڵام دەوڵەمەند هەمیشە لە ناڕەحەتیدایە، لە دڵە ڕاوکێدایە، ئاخۆ ئەمڕۆ دۆلار بەچەندە؟

دەوڵەمەند دەترسێت لە پارە و سەروەت و سامانەکەی کە لە دەستی دەرنەچێت، دەترسێت کەم نەکات و هەر بەرەو زیاد بوون بڕوات، بیری هەمیشە لای پێشبڕکێی دەوڵەمەندی و مونافەسەی ناشەریفانەیە. زۆر جار بیری لای مووڵک و زەوی و زارە، خۆ مرۆڤ ئەگەر خاوەنی هەموو دنیاش بێت دڵی هەر بە لای زیاترەوەیە، هەمیشە حەیرانە، خەوی نییە، خواردنی نییە، لەبەر سەرقاڵی، لەزەت لە خواردن و خەو نابینێت، بە ڕێگادا دەڕوات دەترسێت بۆ پارەکانی شتێکی لێنەکەن، نە ژن سوودی لێ وەردەگرێت نە منداڵ، چونکە ژیانی بونیاد ناوە لەسەر دەوڵەمەندی!

بەڵام هەژار زۆر بە ئاسوودەیی دەخەوێت لەهەر جێگایەکدا بێت، لەو پەڕی ئەمانو ئاسایش دایە، بەڵام دەوڵەمەند پاسەوان و سەربازی هەیە، کە دەخەوێت هێشتا هەر ترسی هەیە، هەمیشە تەماشای ڕاست و چەپی خۆی دەکات، دەترسێت پلانێکی بۆ دابڕێژن و پارەکانی لە دەست دەربچێت، خۆشی ئەم دەوڵەمەندییە لە کوێدایە؟!

له ڕاستیدا خۆشیی ژیان له لاشەی ساغ و ئەمن و ئاسایش دایە، له مالّی خۆتی له جێگا و شار و وڵات و مەڵبەندی خۆتدا، خاوەنی ژیانێکی سادە و ساکار بیت زۆر باشترە له جەنجالّی دەوڵەمەندی و کێشەکانی.

مرۆڤ خاوەنی قوتی خۆی و دەستەنەخواری خەڵکی تر نەبێت و لاشەی ساغ و تەندروست باش بێت، ئەوە خاوەنی هەموو دنیایە، پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموونت: له هاوەڵی بەڕێزەوە سەلەمەی کوڕی عەبدوڵلّای کوڕی (موحصەنی ئەنصاری له باوکیەوە گێڕاویەتەوە: هەر کەس ڕۆژی کردەوە بە ئەمان و ئاسایش له مالّی خۆیدا، تەندروست باش و خاوەنی خواردنی ئەو ڕۆژەی بوو، ئەوە خاوەنی هەموو دنیایە!

(من أصبح آمنا في سربة، معافي في جسده عنده طعام يومه، فكأنما حيزت له الدنيا).

مانای ژیانی پڕ بەرەکەت و ڕاستی ئەوەیە مرۆڤ خاوەنی قوتی خۆی و لاشەی تەندروست بێت.

هەر بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: له هەژاریتان ناترسم، بەڵام دەترسم دنیا زاڵ بێت بە سەرتاندا و مونافەسە و پێشبڕکێی لەسەر بکەن، پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموونت: خەڵکانێکی تر دنیا زاڵ بووە بەسەریاندا و بەهۆکاری پێشبڕکێ کردن بۆی، دنیا له ناوی بردوون بەرەو هەلاکەت ڕۆیشتوون.

(كما بسطت على من كان قبلكم فتنافسوها كما تنافسوها، فتهلككم كما أهلكتهم)

پێشبرکێ بۆ دنیا مرۆڤ سەرگەردان دەکات، سووکی دەکات تا لە ناوی دەبات، ئیمامی غەزالی دەڵێت: هەوڵدان بۆ خۆشی ژیان مرۆڤ سووک دەکات، واتا هیچ بەهایەکی لە ناو کۆمەڵگەدا نابێت، چونکە خۆشی ژیان تەنازولت پێدەکات لە بەها پەوشتییەکانی مرۆڤ، ئاکاری مرۆڤ لاواز دەکات، تووشی خۆویستی دەکات، هەوڵدان بۆ دنیا بە واتای ئەوەی کە تەنها دنیات لەبەر چاو بێت، وات لێدەکات عیزەت و سەر بەرزیت لە دەست بدەیت، بۆ کورسی و پارە ئامادە دەبێت. زۆر بەهای پەوشتی لە دەست بدەیت زۆر جار دەگاتە ئاستی شەرەف و شکاندی شکۆ و کەرامەتی مرۆڤ.

هەر لەبەر ئەوەیە پێغەمبەری خوا ﷺ جەخت لەوە دەکاتەوە لەسەر ئەوەی دنیا لە دڵماندا نەبێت، لە مێشکماندا بێت و پلانمان بۆی هەبێت، بەڵام قیامەت بڕواتە ناو دڵمان و مەبدەئی ئاخیرەت لەبەر چاوبگرین هەر لەبەر ئەم هۆکارانەیە پێغەمبەری خوا ﷺ چەندین جار ئاگاداری کردینەوە لە دنیا.

بوخاری و موسلیم لە هاوەڵی بەڕێز (ئەبو سەعیدی خودری) بۆمان دەگێڕنەوە، کە پێغەمبەری خوا ﷺ لەسەر مینبەرەکەی دانیشت و هاوەڵانیش لە دەوری دانیشتن، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: لە دوای خۆم ئەوەی کە لێی دەترسم کێشە و فیتنەتان بۆ دروست بکات کردنەوەی خۆشی و شادییەکانی دنیا و تووشی فیتنەی جوانی دنیا ببن، (إن مما أخاف عليكم من بعدي ما يفتح عليكم من زهرة الدنيا و زينتها).

پێغەمبەری خوا ﷺ لە فارس و ڕۆم و موشریکەکان نەدەترسا، بەڵکو ترسی لە یەهودیش نەبوو، دەیزانی موسڵمانان ئەگەر دنیا نەچێتە دڵ و دەروونیان بەسەر هەموویاندا سەردەکەون، تەنها ترسی لە موسڵمانان هەبوو کە دنیا زاڵ بێت بە سەریاندا، کە دنیا زاڵ بوو هەموو ئەوانی تر بە سەریاندا زاڵ دەبن، نموونەی زۆر لەبەر دەست دایە کە خەڵکی هەژار چەندە وابەستە بوون بەخوای پەروەردگار، بەڵام کاتێک خوای پەروەردگار دنیای بە ڕوودا کردۆتەوە، گۆڕانکاری تەواو بە سەریاندا هاتووە، لە چاکەوە بەرەو خراپە! خەڵکێکی زۆر داوای دەوڵەمەندییان لە خوا کردووە هیوا و ئاواتیان بە دەوڵەمەندی خواستووە، لە دوای دەوڵەمەندی زۆر ئەو چاکەیەی کە هەیبوو لە هەژاریدا وازی لێهێناوەو دنیا بە سەریدا زاڵ بووە، ئیتر دنیایان کردووە بە شەریکی خوای پەروەردگار.

موسلیم لە ئەبو سەعیدی خودری-یەوە دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: بە ڕاستی دنیا شیرین و سەوزە، واتە پڕ جوانی و خۆشییە. خوای پەروەردگار کردوونی بە جێنیشین تێیدا تا بزانین ئێوەی مرۆڤ چۆن مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن و کاری تێدا دەکەن، جا خۆتان بپارێزن لە دنیا و هەروەها خۆتان بپارێزن لە شەهوەتی ئافرەت، چونکە یەکەم فیتنەی نەوەکانی ئیسرائیل لە ئافرەتەوە دەستی پێکرد[٢١].

---

[٢١]- عن أبي سعيد الخدري رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ عن النبيِّ ﷺ قَالَ: إن الدنيا حُلْوَةٌ خَضِرَةٌ، وإن الله مُسْتَخْلِفُكُمْ فيها فينظرَ كيف تعملون، فاتقوا الدنيا واتقوا النساء؛ فإن أول فتنة بني إسرائيل..../رواه مسلم.

لەم فەرموودەیەدا بە جوانی و قوڵی واتای دنیا ڕوون دەکاتەوە، پێغەمبەری خوا ﷺ ڕووداو و چیرۆکی دنیا لەم دوو دێڕەدا بە تەواوەتی ڕوون دەکاتەوە.

پێغەمبەری خوا ﷺ (جوامع الكلم) بووە واتە: بە وشەی کەم لە فەرموودەکاندا واتای زۆری داوە بە دەستەوە.

مەبەست لەو فەرموودەیە ئەوەیە کە خوای موتەعال کردوویەتی بە خەلیفە، لەم دنیادا بۆ ئەوەی تاقیبان بکاتەوە بۆ قیامەت، هەمووی ناڕەحەتی و ئیبتیلایە، تەنانەت خۆشییەکانیشی نەهامەتییە، ئەگەر مرۆڤ وریا نەبێت، لێرەدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە هەمیشە مرۆڤ لەم دنیایەدا لە تاقیکردنەوەی خوایی دایە و لە ژێر چاودێری پەروەردگار دایە، هەموو کارێک خوای گەورە ئاگاداری بە سەرتەوە خوای پەروەردگار دوو ڕێگای بۆ داناین، خۆت ئازادی کامیان هەڵدەبژێریت، ڕێگای خێر و چاکە و ڕێگای خراپەو شەڕ،

﴿وَهَدَيْنَٰهُ ٱلنَّجْدَيْنِ ۝١٠﴾ البلد

واتە: هیدایەتمان داوەو ڕێنماییبان کردووە بۆ هەردوو ڕێگاکە: ڕێگای خێرو شەڕ و باش و خراپبان پێ ناساندووە و بۆمان ڕوون کردۆتەوە

ڕێگای چاک و حەسەنات هەڵدەبژێریت چاکە و حەسەناتی بۆ دەنووسرێت، پێچەوانەکەی خراپە و (سیئات)تی بۆ دەنووسرێت، بۆیە لە کۆتایی فەرموودەکەدا پێغەمبەر ﷺ، ئاگاداریبان ئەداتێ کە خۆ بپارێزین لە دنیا و هەروەها شەهوەتی ئافرەت، چونکە (بەنی ئیسرائیل) یەکەم

جار تووشی فیتنەی ئافرەت بوون، بەڵام ئوممەتی پێغەمبەر ﷺ دەشێ تووشی فیتنەی پارە و پلە و پایە و هێز و ئەوانەی کە فیتنە بە دوای خۆیاندا دەهێنن لەگەڵیشا فیتنەی ئافرەت کە هەموو سەرچاوەکەی دنیایە.

فەرموودەکە لەگەڵ کەمی وشەکانیدا مانا و تێگەیشتنی زۆر قوواڵە و بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە شێوە و شکڵی دنیا زۆر جوان و ڕەنگینە، خەڵکی زۆر زوو پێی سەرسام دەبن، بەڵام زوویش کۆتایی دێت. خوای گەورە زۆر بە شێوەیەکی جوان دروستی کردووە تاکو خەڵکی بە گشتی لە ناویدا تاقی بکرێتەوە، ئاگادارییەکەش لەوەیە کە بە جوانییەکەی سەرسام نەبین و هەڵنەخڵەتێین، کاتەکەی کەمە لەدەست دەرچوو ناگەڕێتەوە، وەکو نموونەی قوتابییەک وایە چووبێتە ناو هۆڵی تاقیکردنەوەکان، وەرەقەی تاقیکردنەوەکان وەرگرێت و سەرسام بێت بە جوانی شکل و شێوەی کاغەزەکە و بە جۆری چاپکردن و ئەو مادەیەی کە کاغەزەکەی پێ دروست کراوە، بە ڕەنگی کاغەزەکەو جۆری نووسین و ڕازاندەوەی نووسینەکەکانی ناو کاغەزی تاقیکردنەوە، کاتی تاقیکردنەوە دوو کاتژمێر یاخود سێ کاتژمێر بێت، کات تەواو بێت و کاتی زیادەش نەدەن، قوتابییەکە بەردەوام سەرسامە بە کاغەزەکەو کات تەواو بوو!

پرسیار ئەوەیە داخۆ بار و گوزەرانی ئەو قوتابییە چییە و چۆن دەبێت؟!

بە دڵنیاییەوە دەرناچێت، فەشەلی هێنا، لاتان سەیر نەبێت خەڵکانێکی زۆر هەن لەم ژیانەدا هاوشێوەی ئەم قوتابییە کار دەکەن.

زۆرێک لە ئێمەومانان زۆر سەرسامین بە شێوە و شکڵی دنیا و تاقی‌کردنەوەکەی خوایان لە بیر کردووە، قۆناغی داهاتوویان لا گرنگ نییە، لە پڕ مردن دێت کۆتایی بە هەموو شتێک دەهێنێت، کاتی گەڕانەوە و زیادەشی نییە، کە مردن و ئەجەل هات ئەستەمە مرۆڤ ڕزگاری نابێت لە دەستی، جا کۆتایی خودی تۆ بێت، یان لە ناوچوونی زەویی بێت و کۆتایی دنیا بێت، خوای گەورە بە هەمووان دەفەرموێت:

﴿إِنَّكَ مَيِّتٌ وَإِنَّهُم مَّيِّتُونَ ﴿٣٠﴾﴾ الزمر

واتە: [پێغەمبەری خوایش ﷺ وەفات دەکات] ئەی محمد ﷺ تۆش دەمریت و ئەوانیش دەمرن، ئەمە هەواڵی وەفاتی پێغەمبەری خوا ﷺ بوو (ئەبو بەکری صدیق لە کاتی کۆچی دوایی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەم ئایەتەی خوێندەوە و کردیە بەڵگە لەسەر وەفاتی پێغەمبەری خوا ﷺ).

﴿كُلُّ نَفْسٍ ذَآئِقَةُ ٱلْمَوْتِ ۗ وَنَبْلُوكُم بِٱلشَّرِّ وَٱلْخَيْرِ فِتْنَةً ۖ وَإِلَيْنَا تُرْجَعُونَ ﴿٣٥﴾﴾ الأنبياء.

واتە: هەموو نەفسێك ئەبێ مردن بچێژێت و هیچ کەسێك نەمێنێت، ئێوە تاقی دەکەینەوە بە دڵتەنگی و دڵخۆشی، بە نەخۆشی و لەشساغی، بە هەژاری و دەوڵەمەندی، بە هەموو شتێك تاقیتان ئەکەینەوە تا دەربکەوێت کێ سوپاسگوزاری خوای گەورە دەکات، هەر بۆ لای خوای گەورەیش ئەگەڕێنەوە.

پێغەمبەری خوا ﷺ ئەم ڕاستییانەی دەیان جار دووبارە کردۆتەوە بۆ ئەوەی هاوەڵان و ئوممەتەکەی لەسەر پەروەردە بکات و ئاگاداریان بکاتەوە، لە نەهامەتیو فیتنەی دنیا و خۆشی و لەززەتەکانی کە مرۆڤ ئالودەی بووە، وازهێنان لێی زۆر ئەستەم دەبێت.

بوخاری و موسلیم لە ئەبووزەڕی غیفاری-یەوە دەگێڕێتەوە دەڵێت: لەگەڵ پێغەمبەری خوا ﷺ ڕێگام دەکرد لەگەڵ جەنابیان لە گەڕەکەکانی شاری مەدینە تا گەیشتین بە شاخی ئوحود، فەرمووی: ئەبوزەڕ.

منیش وتم: لە خزمەت دام ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ، پاشان فەرمووی: ئەو شاخە کام شاخە؟! پێغەمبەری خوا ﷺ دەیزانی ئەو شاخە کامەیە و ناوی چییە، بەڵام وتەی تر بە دوای خۆیدا دەهێنێت و لە شێوەی پرسیاری مەجازیدا پێغەمبەری خوا ﷺ پرسیارەکەی کردووە، پرسیارەکە مەبەست لە خودی شاخی ئوحودە، بۆیە پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: هێندەی شاخی ئوحود ئالتونت هەبێت جێگای دڵ خۆشی نییە، ئەگەر سێ ڕۆژ لە لای بمێنیتەوە، یاخود لە ماوەی سێ ڕۆژدا هەمووی دەبەخشم، لە پێناو دینی خوا یان ئەی بەخشم بە بەندەکانی خوا بەو شێوەیە، بەو شێوەیە، بەو شێوەیە، واتە: بەلای ڕاستی و لە لای چەپی و بۆ دواوە[٢٢].

-.-

[٢٢]- روى البخاري و مسلم، عن أبي ذر رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ كنت أمشي مع النبي ﷺ في مره المدينة فاستعيلنا آخرا، فقال يا أبا ذر قلت: لبيك يا رسول الله ﷺ قال: يا أبا ذر أى جبل هذا؟ قلت: أحد..، يقول ﷺ ما يسرني أن عندى مثل أحد هذا ذهبا،

بوون بە خاوەنی شاخێک ئاڵتوون، هۆکار نییە بۆ خۆشییەکانی ژیان، نابێتە هۆکاری دڵخۆشی و دڵئارامی، تەنها لە دوو کاتدا پێویستییەتی، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: یەکەم: لە پێناوی دینی خوادا، دووەم: یان بیدەم بە خەڵکی بە ڕاست و چەپ و دوامەوە.

پێغەمبەری خوا ﷺ ئەگەر شاخێک ئاڵتوونی هەبێت هەمووی دابەش دەکات بەسەر بەندەکانی خوادا، هەموو لاکانی باسکرد کە ئاڵتوون دەبەخشێت، بەڵام باسی پێشەوەی نەکرد، پێغەمبەری خوا ﷺ هەرگیز دنیا لە پێشی خۆی دانەناوە. بۆیە دنیا لە پێش چاوی موبارەکیدا جێگای نابێتەوە، پێغەمبەری خوا ﷺ ڕقی لە پارە و سەروەت سامان دەبۆوە و هەرگیز حەزی بە ئاڵتوون و پارە و مووڵک نەکردووە، تەنها لە دوو حاڵەتدا، لە پێناوی خوا و خەڵکی.

ئەبوزەڕی غیفاری هەر بەردەوام لە خزمەت پێغەمبەر ﷺ -دا زیاتر و زیاتر لێوەی فێر دەبێت و بۆمان دەگێڕێتەوە دەڵێت: بەردەوام بووین لە ڕۆیشتن لەگەڵ جەنابی پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ئەوانەی کە

تمضي على ثلاثة أيام و عندي نبه دينار إلا أرصده لدين إلا أن أقول فيه عياد الله هكذا وهكذا عن يمينه و عن شماله ومن خلفه.

دەوڵەمەندن لە ڕۆژی قیامەتدا زۆر کەمن، مەگەر ئەوانەی کە بە ڕاست و چەپی خۆیان و لە دوایانەوە پارەکانیان دەبەخشن، ئەو جۆرەش زۆر کەمن[٢٣].

ئەوانەی کە خاوەن سەروەت و سامان و دەسەڵات و سوڵتانن ڕۆژی قیامەت زۆر کەمن، واتا زۆر کەمیان لێدەردەچن، لە ژێر تاقیکردنەوەی دنیا و سەرکەوتوو بن لە قیامەتدا.

تاکە پارەو جۆری پارەی قیامەت تەنها حەسەنات و چاکەیە سەرف دەکرێن بۆ کڕینی بەهەشت، ئەوانەش لە دنیادا دنیاویست بوون، بە واتای ئەوەی دەوڵەمەند و خاوەن دەسەڵات و هێز بوون زۆر زۆر کەمن، بە واتای ئەوەش نییە، هەموو دەوڵەمەندێک بەرەو لەناوچوونە لە قیامەت، نا؛ بەڵکو جیاوازی هەیە ئەوانەی کە دەبەخشن لە پێناوی خوادا ئەوانە سەرکەوتوون لە قیامەتدا کە پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: زۆر کەمن ئەوانەی کە تێگەیشتوون لە دنیا و خۆشییەکانی دنیا.

کەواتە: ئەوەی خاوەن سەروەت و سامانە، با خۆی لێ ڕزگار بکات، بەو واتایەی کە خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەکەی ﷺ دەیانەوێ، بە مانای ئەوەش نا، خۆت ئیفلاس پێبکەیت، بەڵکو تێبگەین لە دنیا کە کێڵگەی قیامەت و چاندنی تۆی چاکەیە بۆ دورینەوەی وەرزی بەهەشت.

---

[٢٣]- ثم مشى فقال: إن الأكثرين الأقلون يوم القيامة إلا من قال هكذا وهكذا وهكذا (عن يينه وعن شماله خلفه وقليل ماهم.

شێوەی بەخشین زۆرە لە پێناوی خوادا، لە بوارەکانی ڕاگەیاندن کە لەم ڕۆژەدا موسڵمانان زۆر پێویستییان پێیەتی، بۆ چاپی کتێب و گۆڤار و وێبسایت و تەلەفیزیۆن و ڕادیۆ و...هتد، لە بینراو و خوێندراو و بیستراو.

یان بۆ بوارەکانی کۆمەڵایەتی فەقیر و هەژار منداڵ و ژنانی بێ سەرپەرشت...هتد، هەر بۆیە ئەبوزەڕی غیفاری لە ژیانیدا لە دوای ئەو وانەیەوە زۆر زاهید و عابیدانە ژیا، هیچ گوێی نەدەدا بە دنیا، ئەم فەرموودەیە بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە بۆچی ئەبوزەڕی غیفاری هەموو ژیانی بە شێوەی زاهید و عابید بەسەر برد.

ئەوانەش هەمووی زیاتر لە ڕێگای پێشەنگەکەیەوە فێر بوو، وانەیەک بوو بە کردار، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ هەرچی فەرموو بێت لە خۆیدا پیادەی کردووە، جا بەهەردوو دیودا یان فەرمانی پێکردووە جەنابیان کردوویانە یاخود بە چاکیان زانیوە، یاخود ڕێگری لێکردووە و خۆی هەرگیز ئەنجامی نەداوە.

تەماشای ژیانی پێغەمبەری خوا ﷺ بکەیت کە موسلیم و بوخاری و ترمزی و ئیبن ماجە و ئەحمەد و زانایانی تریش لە هاوەڵی بەڕێز نوعمانی کوڕی بەشیر بۆمان دەگێڕنەوە و دەڵێن: گویم لە عومەری کوڕی خەتتاب بوو

وتی: پێغەمبەری خوا ﷺ -م بینیووە ڕۆژێک یان چەند ڕۆژێ بە برسێتی بەسەر بردووە و تەنانەت خورماش نەبووە سکی پێ تێر بکات[٢٤].

ئیتر دنیا چۆن لەبەرچاوی عومەری کوڕی خەتتاب و هاوەڵانی تردا گەورە دەبوو، لەکاتێکدا دەیانبینی پێغەمبەری خوا ﷺ لە دنیادا بەو شێوەیە دەژیا، بە دڵنیاییەوە هیچ گرنگی و ئەرزشیان بۆ دنیا دانەئەنا، ئەگەر سەدان کتێب و هەزاران ڕاپۆرت و مەقالە و وتار بدەیت وەکو زوهدی کەسێک نییە لە پیادەکردنیدا، ترمزی لە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوودەوە بۆمان دەگێڕیتەوە و دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ خەوی لێکەوتبوو لەسەر حەسیرێک، کاریگەری حەسیرەکە لەسەر ڕوومەتی موبارەکی دەقی گرتبوو، هاوەڵان وەکو بەزەیی بە پێغەمبەریان وت؛ با جێگایەکی نەرمت بۆ بهێنین لەسەری بخەویت، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: من و دنیا و خۆشییەکانی پەیوەندییان بەیەکەوە نییە، دنیا وەکو نموونەی سوارێک وایە لەژێر سێبەری دارێکدا پشوویەکی کورت ئەدات و پاشان بەجێی دەهێڵێت[٢٥].

---

[٢٤]- وَقَالَ أَبُو دَاوُدَ الطَّيَالِسِيُّ: حَدَّثَنَا شُعْبَةُ، عَنْ سِمَاكِ بْنِ حَرْبٍ، سَمِعْتُ النُّعْمَانَ بْنَ بَشِيرٍ يَقُولُ: سَمِعْتُ عُمَرَ بْنَ الْخَطَّابِ يَخْطُبُ، فَذَكَرَ مَا فَتَحَ اللَّهُ عَلَى النَّاسِ، فَقَالَ: (قَدْ رَأَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يَلْتَوِي مِنَ الْجُوعِ، مَا يَجِدُ مِنَ الدَّقَلِ مَا يَمْلَأُ بَطْنَهُ) / رواه مسلم، الترمذي، احمد وابن ماجة.

[٢٥] - پێشتر شیکاریمان بۆ ئەم فەرموودەیە کردووە.

پێغەمبەری خوا ﷺ پێشتر دەربەدەر بوو ئازاریان ئەدا و ڕاویان دەنا لەدوای ئەوەی بووە خاوەنی دەسەڵات و دەوڵەت و نفوزی هەموو نیوەدوورگەی عەرەبی، دنیا هیچ گۆڕانکاری بەسەر جەنابیاندا نەهێنا.

نەقەڵا و باڵەخانەی دروست کرد، نەجلوبەرگی شاهانەی پۆشی، نەخێزان و کچ و کچەزاکانی دەوری منداڵی پادشایان بینی، چونکە پێغەمبەر ﷺ بوو، هەموو ژیانی وەکو کەسێکی زۆر سادە ژیا و لەدوای وەفاتیشی هیچ میراتێکی لە شوێن بەجێ نەما جگە لە لە زانستی شەرعی نەبێت، هەموو کەس دەتوانێت لە میراتەکەی ببات و ببێتە خاوەنی، لەکاتێکدا دەوڵەتی ئیسلامی پێغەمبەری خوا ﷺ زۆر دەوڵەمەند بوو، پارە و زەکات و جزیە لەهەموو لایەکەوە کۆدەبوویەوە دەهاتە خەزێنەکەی هەمووی لەبەردەستی پێغەمبەر ﷺ-دا بوو.

تەماشای ماڵی پێغەمبەر ﷺ بکەین خاتوو عائشە دەڵێت: کە پێغەمبەر ﷺ وەفاتی کرد لە تاقی ماڵەکەماندا تەنها چەند چنگێک ئارد هەبوو، بێجگە ئەوە هیچ لەماڵماندا نەبوو بۆ خواردن[٢٦].

ئەوە ماڵی زەعیم و سەرۆکی دەوڵەتی ئیسلامییە!

بەڵامانەوە سەیر نەبێت، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ بەها و نرخی دنیای دەزانی، ئەوەی کە جێگای سەرنج و تێڕامانە مرۆڤ بزانێت قیامەت

---

[٢٦]- عن أم المؤمنين عائشة رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا قالت: تُوفِّيَ رسولُ اللَّه ﷺ وَمَا فِي بَيْتِي مِنْ شَيْءٍ يَأْكُلُهُ ذُو كَبِدٍ إِلاَّ شَطْرُ شَعِيرٍ فِي رَفٍّ لِي ٢٤ .

هەیە و کاری بۆ نەکات، ٢٤ کاتژمێر بۆ دنیا کار بکەیت کۆتاییەکەی تەواو بوون و لەناو چوونە. یەك کاتژمێر بۆ خوا کاربکەیت ئەمێنێتەوە و هەتا هەتاییە.

ئەوە جیگای سەرسوڕمانە بەڕاستی کار بۆ قیامەت نەکەیت، کار بۆ دنیا بکەیت کە ناگاتە چەند دڵۆپێک ئاو یان گیاندارێکی مردارەوە بوو، هیچ سوود و قازانجێکی نییە. سەیرە مرۆڤ کار بۆ ژیانێکی نەبڕاوە نەکات!

ئەوەی باسمان کرد دیوی یەکەمی دنیا بوو لای پێغەمبەری خوا ﷺ ، بەڵام دیوی دووەمی ماوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ چۆن مامەڵەی لەگەڵ دنیا کردووە و پارسەنگی لەخودی دنیادا ڕاگرتووە، هەروەها پارسەنگی لەنێوانی دنیاو قیامەت دا ڕاگرتووە!

لەگەڵ ئەو هەموو پێناسە و وەصفەی کە کردمان لەژیانی پێغەمبەر ﷺ -دا لە سەر دنیا لە وتە و ڕەفتارەکانی جەنابییان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ژیانێکی زۆر پارسەنگی هەبووە، بەڵکو چەند جار ژنی هێناوە و کارو کەسابەت و سەرکردایەتی و گۆڕانکاری کردووە.

ئەزموونی لەبازرگانیدا، لە شوانیدا هەبووە، پارەی پەیدا کردووە و لە دەسەڵاتەکەیدا خومسی بردووە، هەروەها (فەئ) بردووە کە دەستکەوتی سوپایە بێ جەنگ، غەنیمەتی بردووە، منداڵی هەبووە نەوەی خستۆتەوە، ئەگەر خواردن دابنرایە لە باشترینی دەخوارد، حەزی لەناوشانی مەڕ بوو، دیاری وەرگرتووە لە جلوبەرگ پۆشیویەتی، هیچ کات لە خەڵکی دانەبڕاوە

کۆمەڵایەتی بووە، لە ژیان دانەبڕاوە، لەگەڵ ئەوەی زۆر ئاگاداری لەسەر دنیا داناوە، بەڵام وازیشی لێ نەهیناوە. هاوەڵانی دەکردە کاربەدەست و ئەمیر، پارە و موچە و سامانی پێ دەبەخشین، فەرمانی پێ دەکردن بەکارکردن، پێغەمبەری خوا ﷺ ڕێگری لێدەکردن لە تەمەلی و تەوەزەلی و دانیشتنی زۆر، داوای لێ دەکردن کاربکەن، بازرگانی بکەن، شوانی و کشتوکاڵ بکەن، گرنگ بووە بەلایانەوە کارکردن، ئەگەرچی سادەش بوبێت.

لە فەرموودەیەکدا جەنابی ئەبوهورەیرە بۆمان دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: "هەرکەس لە ئێوە حەبل و پەتی هەڵبگرێت و بڕوات بۆ شاخ دار و چیلکە و چەوێڵی کۆکردەوە ، پاشان بیفرۆشێت بە پارەکەی خواردن بخوات و خێروچاکەی لێ بکات زۆرباشترە لە خەڵکێک کە دەست پان بکاتەوە و ئایا پارەی پێ ببەخشن یان دەست دەنێن بە ڕوویەوە[٢٧].

پێغەمبەری خوا ﷺ فێرمان دەکات لە دنیادا هەوڵ بدەین و خێروخێراتی لێ بکەین، بۆ ئەوەی خاوەنی فەزڵ بیت و تا فەزڵی خەڵکی بەسەرتەوە بێت، هەرگیز نەکەیت دابنیشیت بەبەتاڵی لەماڵەوە، هەرگیز نەڵێیت بەتاڵم، چونکە پێغەمبەری خوا ڕقی لە بەتاڵی بۆتەوە، هانی خەڵکی داوە بۆ کارکردن لەگەڵ ئەوەی چەندە ئاگاداری داوە لەبارەی دنیاوە ئاگادارییەکانی

---

[٢٧]- عن أبي هريرة رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ قال: قال النبي ﷺ: أن يأخذ أحدكم حبله ثم يأتي هذا الجبل فيحتطب حزمة من حطب فيأكل به خير له من أن يسأل الناس أعطوه أو منعوه/رواه أحمد.

هەموو سەخت و ترسناک بووە، بەڵام ئاگاداری داوە لەبێ کاری و بەتاڵی یاخود دەست پانکردنەوە لە خەڵکی.

پێغەمبەری خوا هانی خەڵکی داوە کە ئەو کەسەی کاردەکات و کرێکاری دەکات هاوکاری بکرێن و پێش وشک بوونەوەی عارەقی کارکردنی پارە و مافی بدرێتێ، کێشەی بەتاڵی لەشاری مەدینەدا چارەسەر کرابوو.

ئەمەش ئەو پارسەنگییەیە لە نێوانی هەردوو دیوەکەی دنیا و پاشان نێوان دنیا و قیامەت دا داوە، مامۆستای ئەم ئوممەتە پێغەمبەری نازادر ﷺ فێری کردوین کە بە ئاگاوە لە دنیادا بژین، بەڵام مافی خۆشی بدەین، وەکو خوای پەروەردگار لە قورئاندا بۆ پێغەمبەر ﷺ -ی ناردوە و دەفەرموێت:

﴿وَٱبْتَغِ فِيمَآ ءَاتَىٰكَ ٱللَّهُ ٱلدَّارَ ٱلْـَٔاخِرَةَ ۖ وَلَا تَنسَ نَصِيبَكَ مِنَ ٱلدُّنْيَا ۖ وَأَحْسِن كَمَآ أَحْسَنَ ٱللَّهُ إِلَيْكَ ۖ وَلَا تَبْغِ ٱلْفَسَادَ فِى ٱلْأَرْضِ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْمُفْسِدِينَ ﴿٧٧﴾﴾ القصص

واتە: تۆ بەم ماڵ و سەروەت و سامانەی خوای گەورە پێی بەخشیویت هەوڵ بدە بۆ قیامەتت و بە هۆیەوە خوای گەورە لە خۆت ڕازی بکە بەشی خۆتیش لە دونیا لەبیر مەکە لە خواردن و خواردنەوەو پۆشاك بەڵام لە حەڵاڵدا (خوای گەورە مافی بەسەرتەوە هەیە، خۆت و منداڵ و خێزان و میوانت مافیان بەسەرتەوە هەیە، مافی هەمووان بدە، بەڵام هەوڵی سەرەکیت با بۆ قیامەت بێت، چونکە دونیا کەم و کورتە و دەبڕێتەوە، بەڵام قیامەت هەمیشەیی و نەبڕاوەیە)، تۆ چاکەکار بە بۆ بەندەکانی خوا، چۆن خوای گەورە چاکەی

لەگەڵ تۆدا کردووە، تۆ ئاشووب لە زەویدا مەنێرەوە و خراپەکاری مەکە، بە دڵنیایی خوای گەورە ئەو کەسانەی خۆش ناوێ کە ئاشووب گێڕن.

بەم شێوە پارسەنگە هاوەڵان بەسەر زەویدا بڵاو بوونەوە و کار و بازرگانیان ئەنجام ئەدا، پارەو سامانیان بە دەست دەخست، لە خۆیان و کەسوکار و ماڵ و منداڵیان خەرجیان دەکرد، بازرگان بوون، جوتیار بوون، کشتوکاڵیان دەکرد، لە پێناوی خوادا دەچوونە جیهاد و جەنگ و دەستکەوتان دەست دەکەوت و پلەو پایەی دەوڵەت و حکومەتی ئیسلامییان وەردەگرت، سەرکردەو قیادەی گەورە و بەهێز بوون لەگەڵ خەڵکیدا تێکەڵ دەبوون، وڵاتان دەگەڕان بۆ بڵاوکردنەوەی دین و بانگەوازی خوایان دەگەیاند و لەگەڵ ئەم هەموو کارانەدا، دنیا لە بەر چاویاندا هیچ ئەرزشێکی نەبوو، هەرگیز بۆ دنیا و ماڵی دنیا هەوڵیان نەئەدا واتە ململانێی پێشبڕکێی لەسەر بکەن زۆر سادە و بەئاسانی وازیان لێدەهێنا بۆ برایەکانیان، لە پارەی زۆر پەست بوون، پارەی زۆریشیان دەست دەکەوت دەیانزانی چۆن تەوازن و پارسەنگی دەکەن، تەنانەت دەیانبەخشی بەوەش کە نایانناسن وەکو (کورد) دەڵێت: "دنیای بە کۆڵ هەڵنەگرتووە!" ڕێک پێچەوانەکەی بوو، دنیا ئەوانی بە کۆڵ هەڵگرتبوو!

باش لەوە گەیشتبوون کە دنیا جێگای کافرانە، بە واتای ئەوەی: هەوڵی ئەوان تەنها بۆ دنیا و ماددەی دنیایە و لوت بەرز و خاوەن (تکبر) بوون، بە دوای خۆشییەکانییەوە بوون، ڕێک پێچەوانەی کافرەکان بوون، خوای گەورە لە قورئان دا دەفەرموێت:

﴿وَيَوْمَ يُعْرَضُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ عَلَى ٱلنَّارِ أَذْهَبْتُمْ طَيِّبَٰتِكُمْ فِى حَيَاتِكُمُ ٱلدُّنْيَا وَٱسْتَمْتَعْتُم بِهَا فَٱلْيَوْمَ تُجْزَوْنَ عَذَابَ ٱلْهُونِ بِمَا كُنتُمْ تَسْتَكْبِرُونَ فِى ٱلْأَرْضِ بِغَيْرِ ٱلْحَقِّ وَبِمَا كُنتُمْ تَفْسُقُونَ ﴿٢٠﴾﴾ الأحقاف

واتە: لە ڕۆژی قیامەتدا پەردە هەڵئەگیرێ لەبەر چاوی کافران و ئاگری دۆزەخ بە چاوی خۆیان ئەبینن و لێی نزیك ئەبنەوە، پێیان ئەوترێ ئێوە هەرچی شەهوەت و ئارەزوو تاوان هەبوو لە دونیادا هەموویتان جێبەجێ کرد، واتە: حەقی خۆتان لەوێ وەرگرت، لەوێ ڕاتانبوارد، ئەمڕۆ ئێوە سزا ئەدرێن بەڵام سزایەك کە ڕیسوا و زەلیل و سەرشۆڕ ئەکرێن تیایدا بەهۆی ئەوەی کە لەسەر زەویدا بەناحەق خۆتان بەگەورە ئەزانی و عیبادەتی خوای گەورەتان نەئەکرد، بەهۆی ئەو لەڕێدەرچوون و تاوانانەی کە ئەتانکرد.

دەیانزانی دونیا گاڵتە و گەپ و زۆر بێ بەهایە، بە دوای پاداشتی دونیا و سەروەت و سامانی دونیاوە نەبوون، چونکە خوای پەروەردگار ئاگاداری کردبووەنەوە کە دنیا جێگای ڕێگرانە لە دینی خوای پەروەردگار، ئەگەر وەکو ئەوان بۆ دنیا هەوڵ بدەن، خوای گەورە لە ناویان دەبات و کۆمەڵێکیتر دەهێنێت کە دنیایان خۆش نەوێت و وەکو ئەوان نەبن، هەر چەندە خاوەن موڵک و سامان بن، هەر هەژار و خوای گەورە دەوڵەمەندە،

﴿* يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَلَا تُبْطِلُوٓاْ أَعْمَـٰلَكُمْ ﴿٣٣﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَصَدُّواْ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ ثُمَّ مَاتُواْ وَهُمْ كُفَّارٌ فَلَن يَغْفِرَ ٱللَّهُ لَهُمْ ﴿٣٤﴾ فَلَا تَهِنُواْ وَتَدْعُوٓاْ إِلَى ٱلسَّلْمِ وَأَنتُمُ ٱلْأَعْلَوْنَ وَٱللَّهُ مَعَكُمْ وَلَن يَتِرَكُمْ أَعْمَـٰلَكُمْ ﴿٣٥﴾ إِنَّمَا ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَا لَعِبٌ وَلَهْوٌ ۚ وَإِن تُؤْمِنُواْ وَتَتَّقُواْ يُؤْتِكُمْ أُجُورَكُمْ وَلَا يَسْـَٔلْكُمْ أَمْوَٰلَكُمْ ﴿٣٦﴾ إِن يَسْـَٔلْكُمُوهَا فَيُحْفِكُمْ تَبْخَلُواْ وَيُخْرِجْ أَضْغَـٰنَكُمْ ﴿٣٧﴾ هَـٰٓأَنتُمْ هَـٰٓؤُلَآءِ تُدْعَوْنَ لِتُنفِقُواْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ فَمِنكُم مَّن يَبْخَلُ ۖ وَمَن يَبْخَلْ فَإِنَّمَا يَبْخَلُ عَن نَّفْسِهِۦ ۚ وَٱللَّهُ ٱلْغَنِىُّ وَأَنتُمُ ٱلْفُقَرَآءُ ۚ وَإِن تَتَوَلَّوْاْ يَسْتَبْدِلْ قَوْمًا غَيْرَكُمْ ثُمَّ لَا يَكُونُوٓاْ أَمْثَـٰلَكُم ﴿٣٨﴾﴾ محمد

واتە: ئەی باوەڕداران گوێڕایەڵی خوا و گوێڕایەڵی پێغەمبەری خوا ﷺ بکەن، کردەوەکانتان بەتاڵ مەکەنەوە بەسەرپێچی کردن، یاخود بە ڕیا، یاخود بەهەڵگەڕانەوە لەدین ﴿٣٣﴾ {خوای گەورە لە کافران خۆش نابێت} ئەو کەسانەی کە کافر بوونە و ڕێگریان کردووە لە دینی خوای گەورە کە خەڵکی موسڵمان بێ پاشان مردوونە بەو حاڵەوە و کافر بوونە ئەوانە خوای گەورە هەرگیز لێیان خۆش نابێت ﴿٣٤﴾ ئێوە لاواز و بێ هێز مەبن لە کاتی جەنگدا، دەستپێشخەری مەکەن بۆ صوڵح و ئاشتەوایی لەگەڵ کافراندا کە ئێوە زاڵ و باڵادەست و بەهێزن تا وا نەزانن کە ئێوە بێ هێز و لاوازن، بەڵام ئەگەر ئەوان دەستپێشخەرییان کرد ئێوە وەری بگرن یان ئەگەر پێویستتان بوو بیکەن، هەر ئێوە بەرزو بڵند و زاڵن بە شمشێر و بە بەڵگە لە دونیا و قیامەتدا، و خوای گەورە لەگەڵتاندایە بە سەرخستن و یارمەتیدان و پشتیوانی کردنتان، خوای گەورە ئەجرو پاداشتی کردەوەکانتان بەتاڵ ناکاتەوە و هیچی لێ کەم ناکات و بە تەواوی پاداشتان دەداتەوە ﴿٣٥﴾ ژیانی دونیا تەنها بریتییە لە یاری

و کات بەسەربردن، بەڵام ئەگەر ئیمان بێنن و تەقوای خوای گەورە بکەن خوای گەورە ئەجر و پاداشتی تەواوتان ئەداتەوە، فەرمانتان پێ ناکات بەوەی کە هەموو پارەکەتان بە زەکات بدەن و لە پێناو خوای گەورە ببەخشن بەڵکو بڕێکی کەمی کە لە چلدا یەکە ﴿٣٦﴾ ئەگەر خوای گەورە داوا بکات هەموو پارەتان لە پێناو خوای گەورە ببەخشن ئەو کاتە بەلاتانەوە قورس ئەبێ، واتە: فەقیر ئەمێننەوە و ڕەزیلیش ئەکەن و نایبەخشن، ئەو کاتە ڕق و کینەش لە دڵتاندا دەرئەکەوێ، واتە: دەوڵەمەند کە هەموو پارەکەی بدات بە فەقیر ئەو کاتە ڕق و کینە دەرئەکەوێت ﴿٣٧﴾ ئا ئێوە کەسانێکن کە بانگ ئەکرێن لە پێناو خوای گەورەدا ببەخشن، جا هەتانە ڕەزیلی و چروکی ئەکات هەر کەسێك ڕەزیلی بکات ئەوە زەرەر و زیانی ڕەزیلییە کە تەنها بۆ خۆی ئەگەڕێتەوە خوای گەورە دەوڵەمەند و بێ پێویستە و ئێوەن کە فەقیر و موحتاجی خوای گەورەن ئەگەر ئێوە پشت هەڵکەن لە گوێڕایەڵی خوای گەورە ئەوە خوای گەورە ئێوە لەناو ئەبات، ئێوە ئەگۆڕێتەوە بە قەومێکی تر و کەسانێکی تر ئەهێنێت، پاشان ئەو قەومە وەکو ئێوە نابن بەڵکو ئیمان دێنن و گوێڕایەڵ دەبن و لە پێناو خوای گەورەدا دەبەخشن، (ئەبوهورەیرە) دەفەرموویت: پێغەمبەری خوا ﷺ ئەم ئایەتەی خوێندەوە، هاوەڵان فەرموویان ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ کێن ئەو کەسانەی کە ئەگەر ئێمە پشتهەڵبکەین خوای گەورە دەیانگۆڕێتەوە پێیان و پاشان ئەوان وەکو ئێمە نابن؟ پێغەمبەری خوا ﷺ بەدەستی دای بە شانی (سەلمانی فارسی) داو پاشان فەرمووی: (ئەمەو قەومەکەی، ئەگەر دین لەسەر ئەستێرەکان بێت ئەوا پیاوانێك لە فارس دەستی دەخەن) والله أعلم ﴿٣٨﴾

دنیا لە چاوی هاوەڵانەوە

هاوەڵان وانەیەکیان بەجێهێشتووە لە پێغەمبەر ﷺ -ەوە بۆمان کە هەر لایەکی بخوێنینەوە وانە و لێکۆڵینەوەی وردی لێ فێردەبین، لێیانەوە فێردەبین کە چۆن مامەڵەیان لەگەڵ کێشەی دنیادا کردووە.

طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵڵا خاوەنی زەوییەک بوو لە وڵاتی یەمەن، بە (٧٠٠) هەزار درهەم فرۆشتی، کاتێک پارەکەیان بۆ هێنا نوێژی مەغریبی کردبوو، لەگەڵ وەرگرتنی پارەکە خەم و خەفەت دایگرت، چووە لای خێزانی ناوی ئوم کەلسووم بوو کچی ئەبوبەکری صدیق، ئەوەندە کەئابە و خەمۆکی گرتبووی بە خێزانی وت: چی لەو هەموو پارە زۆرە بکەم؟!

لەوانەیە خوێنەر بیری بە لای ئەوەدا بڕوات، خێزانی پێی وتبێت، سوپاس بۆ خوا ئەمساڵ دەڕۆین بۆ سەفەرو سیاحەت و ماڵی جوان و قێلای گەورەی پێدەکڕین و بەشێکیش بۆ منداڵەکانمان، جلو بەرگ و ناو ماڵی جوانی پێدەکڕین.

لە ڕاستیدا کچی ئەبوبەکری صدیق ئەو جۆرە قسانەی لێ ناوەشێتەوە، بەڵکو وتی: ئەم پارە زۆرەی هەیە چی ئەکەیت لە ماڵی هەژارانی مەدینە؟ بڕۆ تا هەمووی نەبەخشیت نەگەڕێیەوە ماڵەوە!

طەڵحە بۆ نوێژی عیشا کەوتە ڕێ و (٧٠٠).هەزار درهەمی برد، لە دوای نوێژ هەمووی بەخشی و دابەشی کرد بە سەر ماڵی هەژارانی مەدینە دا، کە گەڕانەوە بە خێزانی وت: ئێستا پشوو ئەدەم و ئارامم گرت و ئیسراحەتم!

پارەکەی طەڵحە حەرام نەبوو، بەڵکو پارەکەی حەڵاڵی خۆی بوو، بەڵام دنیا لە چاویاندا زۆر بێ نرخ و بەها بوو، نەیهێشت لە ماڵەکەیدا بەو هەموو پارە ڕۆژ بکاتەوە دابەشی کرد، خێزانی پەروەردە کراوی دەستی صدیق بوو، بۆیە وا ڕەفتاری کرد، لە دوای بەخشینی پارەکە ئارام بوو ماندوویەتی دەرچوو، کە ئەو هەموو پارە زۆرەی بینی خەم و خەفەت دایگرت، دەیزانی پارەی زۆر فیتنەیە ماڵ بە ماڵ ئەگەڕا تا خۆی ڕزگار کرد لە ماڵ و سەروەتەکەی، طەڵحەی کوڕی عوبەیدوڵڵا هەژار نەبوو بە هەژاریش شەهید نەبوو، بەڵکو لە دوای بەخشینی ئەو پارەیە خوای گەورە زیاتر بەرەکەتی خستە ناو سەروەت و سامانی، بۆ زانیاری خۆێنەر (٧٠٠) هەزار درهەم پارەیەکی یەکجار زۆر بوو، یەک سەر مەڕ بە یەک درهەم بوو، واتا پارەکەی (٧٠٠) هەزار سەر مەڕی دەکرد، سەروەتێکی گەورە بوو بەڵکو سامانی ئاژەڵی دەولەتێک بوو بەتەواوی.

بەخیل نەبوو، هەمووی بەخشی لە پێناوی خوادا، دنیا لە لایدا زۆر لە باڵی مێشولە و دڵۆپە ئاو کەمتر بوو، ئەو پلەی عەشەرەی موبەشەرەی بە دەست هێنا بوو، ئیتر چ باکی بە دنیا و خۆشی دنیا هەیە بە دوای بەهەشتەوە بوو.

هاوەڵان بە دوای موچە و خانەنیشینیەوە نەبوون، هاوەڵان خۆیان بە خاوەنی ئیسلام دەزانی، هەموو دەیانزانی تابلۆی ئیسلام لەسەر یەک بە یەکەیان نووسراوە بە تەنها خاوەنێتی، بەو شێوە کاریان دەکرد بۆ دینی خوا و دنیا لە پشتی سەریانەوە نەبوو.

خالیدی کوڕی وەلید یەکێک بوو لە قیادەکانی ئیسلامی لە هیچ شەڕ و جەنگێکدا شکستی نەخواردووە، لە کاتی فتوحاتی وڵاتی شام دا لە لوتکەی سەرکەوتنەکانی خالید کە خۆی قیادەی هەموو سوپاکەی دەکرد، عومەری کوڕی خەتتاب لە ئەمیری لای برد، لەو پەڕی توانا و هێزدا بوو هەموو ئیمپراتۆری ڕۆمی شکست پێهێنا بوو لە جەنگی یەرموک دا لەو جەنگەدا ڕۆم (٢٠٠) هەزار سەرباز بوون، سەربازانی ئیسلام (٣٩) هەزار کەس بوون، بە سەرکردایەتی خالید ڕۆم شکستی خوارد، بە دوایدا عومەری کوڕی خەتتاب خالیدی لەسەر کار لابرد.

عومەر وتی: خالیدم لانەبردووە لە بەر ئەوەی هەڵەی سەربازی کردووە یان خیانەتی ئەنجام داوە، نا؛ بەڵکو لە بەر ئەوەی خەڵکی زۆر تووشی سەرسامیو فیتنە بوون، ترسام لە جیاتی ئەوەی تەوەکول بە خوا بکەن تەوەکول بە خالید بکەن، بەو سەرکردەیە موبتەلا ببن[٢٨].

عومەری کوڕی خەتتاب خاوەنی تێگەیشتنێکی زۆر قووڵ بوو، دەیزانی فتوحاتی شام هەمووی هۆکارە بۆ چوونە بەهەشت، ئەگەر ئەو هۆکارە خەڵکی دوور بخاتەوە لە بەهەشت، ئەوا وازی لێ دەهێنن، ئەگەر چی دەستکەوتنی زۆر و سەروەری زۆری دنیاشی لە دواوە بێت، عومەر دەیویست خەڵک بەرێت بۆ بەهەشت، نەک خەڵکی بەرێت بۆ شام!

---

[٢٨]- قال: عمر بن الخطاب: إني لم أعزل خالد عن سخطة، ولا عن خيانة، ولكن الناس فتنوا به، فخشيت أن يوكلوا إليه، ويبتلوا به.

لێرەدا خەڵکی مەفتون بوو بوون بە خالید، کێشەی ئاخیرەت جەنگێک یان دەستکەوتێک نییە، بەڵکو کارکردن لە سەرکردایەتی موسڵماندا بەندایەتییەو دووڕە لەکاری دنیاییەوە، خەڵکی وایان دەزانی سەرکەوتن لای خالیدە و لای خوای پەروەدگار نییە، ئەگەر خالید لە هەر جەنگێکدا بوو ئەوا سەردەکەون، ئەگەر ڕۆیشت ئەوا شکستخواردوو دەبن، موسڵمانان تووشی موصیبەت دەبن.

عومەر بە تێگەیشتنی خۆی دەیویست ئەو چەمکە ڕاست بکاتەوە، سەرکەوتن پەیوەندی بە خالیدەوە نییە، بەڵکو خوای پەروەدگار سەرکەوتن دەنێرێت، ئەو تێگەیشتن و چەمکە زۆر ترسناک و زیانبەخشە لە ناو موسڵماناندا بڵاو ببێتەوە، موصیبەتە بۆ بیروڕای موسڵمان، لەبەر ئەوەی عومەر جەختی لەسەر لابردنی کردەوە، خالیدی لابرد لە سەرکردایەتی، لە کاتێکدا سوپا زۆر پێویستی بە خالید بوو، سوپای موسڵمانان لە نێوانی دوو وڵاتی زلهێزی دنیادا بوو، فارس و ڕۆم، سەرکەوتنی خالیدی کوڕی وەلید سەرکەوتنی عومەری کوڕی خەتتاب-ە، چونکە عومەر خەلیفە بوو بە پێوەری دنیایی هەموو سەربەرزییەکە دەگەڕێتەوە بۆ(عومەر). هەموو ئەو خاکانەی فەتحی کردبوو هاتە سەر دەوڵەتی ئیسلامی، ئیتر بۆ لایبرد لە سەرکردایەتی لە کۆتاییشدا مولکی عومەرە کە ئەمیری ئیماندارانە، بەڵام کێشەکە لە زۆری خاکدا نەبوو، یاخود لە سەرکەوتنە یەک لە دوای یەکەکاندا نەبوو، کێشەکە لە نێوان دنیا و ئاخیرەتدا بوو، ئەوە عومەری سەرقاڵ کردبوو!

خالید لەسەر کێشەی شەخسی و خانەوادەی لانەبرد یان جیاوازی بیرو ڕا و خەت و خەتبازی، هەروەکو هەندێک لە مێژوونوسانی ڕۆژئاوا بۆ دروستکردنی فیتنە و ئاشووب، ئەو ژەهرە دەڕێژن چونکە ناتوانن شیکاری ئیمانی بکەن، شیکارییەکانیان هەموو ماددییە و بۆ دنیایە، عومەر لەو جۆرە کەسانە نییە، بۆ خیلافی نێوانی خۆی و کەسێکی تر سوپاکەی بخاتە تەنگەژەو مەترسی زۆرەوە، هەموو کەس دەزانێت عومەر ڕۆژێک لە ڕۆژان چاوی لەسەر دنیا و خۆشی دنیا و دەسەڵات نەبوو، دنیا هەرگیز گۆڕانکاری بە سەرعومەردا نەدەهێنا، بەڵکو عومەر دنیای گۆڕی و زەلیل کرد بە دادپەروەری، عومەر لە ژیانیدا هەرگیز بایەخی نەداوە بە دنیاو ژیانیش، بایەخی جەنابی(عومەر کوڕی خەتتاب) تەنها قیامەت و ئاخیرەت بووە، لە ژیانی خیلافەت و ئەمیریدا، نە پارەی وەرگرت نە غەنیمەت و نە کەنیزەک و سەبایە بە هەژاری ژیا و بە هەژاری شەهید بوو، بەڵام عیزەتی هیچ قەڵەم و زمانێک ناتوانێت باسی لێوە بکات.

عومەر هەموو فتوحاتی فارسی ڕاگرت لە سالّی (١٧)ی کۆچیدا تەنها بە هۆکارێکی زۆر سەیر، کە هاوشێوەی تا ئەم ساتە وەختە دووبارە نەبۆتەوە، پێم وانییە دووبارەش بێتەوە، تەنها لەبەرئەوەی دەستکەوت و سەروەت و سامانی زۆر کەوتە دەستی موسڵمانان، خەڵکی پڕ پڕ بوون لە دنیا، ویستی بەتاڵیان بکاتەوە لەو فیتنەیە، هەموو سەرکەوتنەکانی وەستاند، بۆ پاراستنی موسڵمانان لە دنیا بۆ ئەوەی بەهەشتیان لە دەست دەرنەچێت.

هەرگیز عومەر ئەو فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ -ی لە بیر نەدەکرد، کە فەرمووی: خۆتان لە دنیا بپارێزن، (فاتقوا الدنیا)[٢٩] تەواوی ژیانی عومەر بە ئاگایی تەواوەوە لە دنیای پاراستووە، بۆیە لابردنی خالیدی کوڕی وەلید تەنها مەفتونی خەڵکی پێوە نوسا بوو بۆیە ئەنجامیدا، لەبەر خاتری قیامەتی خەڵک و دروست نەبوونی فیتنە باشترین سەرکردەی لابرد، سەرکردەیەکی سەرکەوتوو لە ئەنجامدانی ستراتیژی سەربازی و سەرکەوتو لە هەموو جەنگێکدا، بە ڕاستی شیاوترین بوو بۆ قیادەی موسڵمانان.

ئەبوعوبەیدەی جەڕاح-ی خستە جێگای، بەڵام لە هەمووی سەیرتر هەڵوێستی ئەبوعوبەیدە، وڵاتی شام دەوڵەمەنترین ویلایەتی دەوڵەتی ئیسلامی بوو، ئەبوعوبەیدە بە پەیامی ڕاستەوخۆی خەلیفە بە نووسراوێک بووە ئەمیری شام، هەموو کەس تەمەنای ئەوە دەکات کە ببێتە ئەمیری ئەو جێگایە، بەڵام ئەبوعوبەیدە شاردییەوە و باسی نەکرد.

خەڵکی لەم ڕۆژەدا حەز دەکات ببێتە بەڕێوەبەری کۆمپانیایەک و سنگی بۆ دەکوتێ و خۆی بۆ بچووک دەکاتەوە، یان خەڵکانێک بۆ ئەوەی ببنە ئەندام پەرلەمان هەرچی پێیان بکرێت لەشیاو و نەشیاو ئەنجامی ئەدەن، بەڵام ئەبوعوبەیدە نامەکەی عومەر-ی شاردەوە هەر باسی نەکرد، نایەوێت ببێتە سەرکردە و ئەمیر، کاری بە دنیا نییە.

---

[٢٩]- لە بەشەکانی پێشوودا ئاماژە کراوە بەم حەدیسە.

خالیدیش بە هیچ شێوەیەک نەیزانی لابراوە، هەر بەردەوام بوو لە سەرکردایەتی پاشان نووسراوی دووەەم هات لە عومەرەوە بۆ لابردنی خالیدو لە جێگای ئەبوعوبەیدە دانا، چونکە عومەر دەیزانی بە هیچ شێوەیەک ئەبوو عوبێدە ئەمیرایەتی ناوێت و دەیشارێتەوە، هەمیشە دەسەڵات و ئەمیرایەتی پەت کردۆتەوە، دیسانەوە هەواڵەکەی شاردەوە هیچی بە خالید ڕانەگەیاند، هەروەها شەرمی دەکرد لە جێبەجێکردنی فەرمانی خەلیفە عومەر، نووسراوی سێیەم هات بۆ خالید، بەڵام لە ڕێگای تڕەوە کە لابراوە لەسەر کارەکە، ئەبوعوبەیدە خراوەتە جێگاکەی، خێرا چووە لای ئەبوعوبەیدە و پێیوت: بۆچی ئاگادارت نەکردمەوە گلەیی کرد کە پێی ڕانەگەیاندووە، لۆمەی کرد نەک لەبەر ئەوەی خراوەتە جێگاکەی، بەڵکو لەبەر ئەوەی لێی شاردۆتەوە، بەڵام بەردەوام ئەبوعوبەیدە لە شەرمنی و خەمۆکی دایە، حەزی بە ئەمیری نییە و ڕستەیەکی بە خالید وت: پێویستە بە ئاوی ئاڵتون بنوسرێت، بگرە لە ئاڵتون گرانبەها تڕە. وتەکەی فەرمووی بە خالید: نە دەسەڵاتی دنیام دەوێت و نە بۆ دونیاش کار دەکەم، (وما سلطان الدنیا أرید، وما للدنیا أعمل).

بەهای دنیای دەزانی، نە دەسەڵاتی دەوێت نە کاری بۆ دەکات ملی بۆ بکوتێت دەیزانی هەمووی ئاوا دەبێت و کۆتایی دێت، تەواو دەبێت. ئەوەی کە دەمێنێتەوە بەندایەتی و کاری چاکەو حەسەناتە بۆ قیامەت، ئیتر لای گرنگ نییە ئەمیرە یان سەربازە یاخوود سەرکردە و فەرمانبەرو کرێکارە.

برایەتی لە پێناوی خودا و ڕاگرتنی سنوورەکانی پەروەردگار و پیادەکردنی دروشمەکان ئەوە کارە بۆ دین نەک کارکردن بۆ دنیا، تەنها مەبەستیان ڕەزامەندی خوای پەروەردگار بوو.

جیاوازی چییە مرۆڤ ئەمیر بێت یان سەرباز؟

ئەگەر مرۆڤ لە پێناوی خوای پەروەردگار کار بکات ئەمیر و سەرباز وەکو یەکە، بگرە ئەوەی کە پلەی دنیایی زیاتر لە فیتنەوە نزیکترە، ئەوەی هەوڵی قیامەت بێت لای گرنگ نییە لە کوێدا کار دەکات، دەزانێت پاداشتەکەی لای پەروەردگارە، ئەوەشی بۆ دنیا کار بکات دیارە هەرگیز چاوی تێر نابێت و بە دوای زیاترەوەیە، بەڵام زۆر کەمی دەست دەکەوێت، مەگەر ئەوانەی کە خوای پەروەردگار ڕەحمیان پێبکات و بیان پارێزێت.

خالید لای زۆر ئاسایی بوو خێرا دەستبەرداری مەنصەبەکەی بوو کۆتایی هێنا بە گفتوگۆکە و ئەمیرایەتی دایە دەستی ئەبوعوبەیدەی جەڕاح هەمان بیرو تێڕوانینی پێغەمبەر ﷺ -ی هەبوو بۆ دنیا، فیتنەی دنیا نەچووە دڵی، خەمبار نەبوو بۆ ئیمارەتەکەی. خالیدی کوڕی وەلید سەرباز بێت یان سەرکردە لە پلەی کەم نابێتەوە بۆ ئازایەتی و نەبەردی و جوامێری. خالید ئەوەندەی بەسە کە پێغەمبەری خوا ﷺ نازناوی (شمشیری خوا)ی پێبەخشیوە.

ئەوەی لە پرسی دنیا و چەمکەکانی تێنەگات، تاقیکردنەوەکەی زۆر لەسەر خۆی سەخت دەکات، ئەبوعوبەیدە تێگەیشتنێکی زۆر قوڵی هەبوو، هەڵوێستی جوانی تەواو نەبووە بەردەوامە لە نواندنی هەڵوێستی برایەتی و

قیامەتی، هەڵسا لە ناو سوپاکەدا وتاریدا بۆیان، لە شان و شەوکەتی خالیدی بەرز کردەوە و وتی: وا نەزانن خالید لەبەر لاوازی قیادەکەی لێ وەرگیراوە، یاخود هەڵەی کردووە، بەڵکو بیستومە لە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: خالید شمشێرێکە لە شمشێرەکانی خوای موتەعال و ئازا و بە جەرگی عەشیرەتە، مەبەستی ئازا و بە توانای ناو هەموانە[٣٠].

خالید لانەبراوە لە بەر لاوازی دینەکەی، یاخود نوقسانی ئاڵاکەی کە هەڵیگرتوە بەڵکو پێغەمبەر ﷺ مەدحی کردووە بە شمشیری خوا، ئازای ناو عەشیرەتەکەیەتی گەورەیی ئەبوعوبەیدە لە شکۆی خالیدی بەرز کردەوە، باسی کەموکورتی خالیدی نەکرد، ئینجا خۆشی خۆی دەرنەبڕی بۆ وەرگرتنی ئەمارەت و ئەمیرایەتی، لەبەر ئەوەی قیمەتی دنیای دەزانی، دەیزانی خۆشی و خۆشبەختی لە ئەمیرایەتی و وڵاتی شام دا نییە.

هەڵویستی خالید زۆر جوانتر و سوڕهێنەرانە بوو، لای من گەورەتر بوو لە هەڵوێستەکەی ئەبوعوبەیدە، بە ئاستێکی زۆر بەرز، پێش ئەوەی خالید کوڕی وەلید بڕوات سوپای موسڵمانان لە شام لە تەنگەژە و قەیرانێکی زۆر سەختدا بوون، بەڵکو لە ئاستی شکستدا بوون، ئیتر سوپاکە زۆر پێشڕەوی نەکرد بوو سەرکەوتنێکی سادە و لاوازی بە دەست هێنابوو، چەند مانگێک سوپای موسڵمانان لە شام بەو شێوەیە بوو، تا خەلیفە ئەبوبەکر، خالیدی لە

٣٠- قال أبو عبيده وخطب في جيش المسلين يعظم من أمر خالد: ولا تظنوا أن خالدا عزل لضعف، أو خطأ، بل سمعت رسول الله ﷺ يقول: خالد سيف من سيوف الله، نعم فتى العشيرة).

سوپای عێراق گواستەوە بۆ سوپای شام، لە وڵاتی عێراق و ناوچەی فارس بەگشتی، سەرکەوتن لە دوای سەرکەوتن بە دەستی هێنا بوو، هەر ڕێگای نێوانی عێراق و شام پێنج سەرکەوتنی گەورەی بە دەست هێنا، پێش ئەوەی بگاتە وڵاتی شام سوپای موسڵمانان ببینێت خۆی و هێزێکی کەم ئەو سەرکەوتن و سەروەریانەی بە دەست هێنا، لە دوای ئەوەی گەیشتن بە سوپا لە شام ڕاستەوخۆ چوونە ناو جەنگی (یەرموک)، هەموو هاوەڵان پێی سەرسام بوون.

تەنانەت خەلیفە ئەبوبەکر لە وەسفی خالید-دا دەیفەرموو: ئافرەتان ناتوان ڕۆڵەی وەکو خالید بخەنەوە! (عجزت النساء أن یلدن مثل خالد).

خالید لەوپەڕی سەرکەوتن و تۆمارکردنی سەروەریدایە لە پڕ هەواڵی لابردنی دێت، بەڵام کاردانەوەی زۆر سەیر بوو لە هەموو سەرکەوتن و سەروەریەدا نەیووت (من) بۆ یەک جاریش، هەموو سەرکەوتنەکانی دایە پەنای خوای پەروەردگار، لە جەنگی (یەرموک)دا یەکێک لە موسڵمانان وتی: سوپای ڕۆم چەندە زۆرە، موسڵمانان زۆر کەمن!! چونکە ژمارەی ڕۆم (٢٠٠) هەزار سەرباز بوو موسڵمانان (٣٩) هەزار کەس بوون.

خالید گوێی لەو سەربازە بوو وای وت، ئەویش زۆر بە خۆڕاگری متمانە بوون بە خۆی و لە خۆی زۆر دڵنیا بوو، خاوەنی ورەیەکی یەکجار بەرز بووە، متمانەی تەواوی هەیە بە سەرکەوتنی خوای پەروەردگار، بۆیە پێیوت: بێدەنگ بە، بەڵکو ڕۆم زۆر کەمن و موسڵمانان زۆرن.

له چاوی خالید-ەوە موسڵمان زۆر بوون ئەگەرچی ژمارەیان (٣٩)هەزارە، ژمارەی ڕۆم (٢٠٠) هەزارە، لای خالید هیچ نرخی (ئەرزشی) نییە، بەڵکو لەبەر چاوی خالید هێز و توانای خۆی و ئەسپەکەی توانای ڕوو بەڕووی (٤٠٠) هەزاری هەیە، واتە دووجار ئەوەندەی کە هەن، ئەسپەکەی ناوی (ئەشقەر) بوو کە لەو جەنگەدا ئەسپەکەی نەخۆش بوو.

کاتێک کە باسی خالید دەکەین لە جەنگدا کەسێکی سادە و سەربازێکی ئاسایی نەبوو، لە جەنگێکدا (٧٠) شمشێری لە دەست شکا، وەکو پڵنگ و ڕەشەبا هەڵمەتی دەبرد، بۆ شەهیدی دەژیا، کە خۆی لە بەردەمیدا نەدەگرت، هێزو بازو توانای ناوازە بوو، لە سەرووی هەموویەوە نازناوی (شمشێری خوا)ی وەرگرتبوو کەس نەیدەتوانی شمشێری خوا بشکێنێت!

لە هەموو جەنگەکاندا سەرکەوتوو بوو، لەگەڵ ئەو هەموو توانا و زرنگی و جوامێری و ئازایەتیەیدا کە هەواڵی لابردنی هات ڕاستەوخۆ و بەخێرایی ئاڵاکەی دایە دەست ئەبوعوبەیدە و زۆر لە لای ئاسایی و سادە بوو، ئەگەر سەربازێک بێت یاخوود سەرکردە، بۆ ئەو تەنها جیهاد کردنە لە پێناوی خوای پەروەردگاردا و ڕازی کردنی پەروەردگارە، خێرا چووە ڕیزی سەربازەکان و وەکو سەربازێک خۆی نیشان دا، بەڵام دوای وتارەکەی ئەبوعوبەیدە هەڵسا ئەویش وتارێکی کورتی داو فەرمووی: عومەری کوڕی خەتتاب ئەمینی ئەم ئوممەتەی بۆ ناردوون، گوێم لە پێغەمبەر ﷺ بووە فەرموویەتی: ئەبوعوبەیدە ئەمینی ئەم ئوممەتەیە.

کاتێک ئەم وتەی وت: مەبەستی بوو ئەوە بگەیەنێت کەوا سەرکردەی داهاتوو لەو باشترە، بەڵکو نەهات وەکو دنیاویستی بیر بکاتەوە و بڵێت: من لەو باشترم پێش ئەوەی لە عێراق-ەوە بێم بۆ شام ئەبوعوبەیدە چی کردووە؟!

نەهات هاوار و داد بکات و بڵێت: زوڵمتان لێکردم، کێشەم چییە لام دەبەن؟ پاشان نەیوت: لەبەر ئەوەی سەرکەوتوو بووم لام دەبەن؟ هانی خەڵکی نەدا بۆ فیتنە و ئاشووب، هێزەکەی نەکردە دوو بەشەوە، یان سوپاکە پەرتەوازە بکات. لە کاتێکدا هەموو سەربازەکانو خەڵکی بە گشتی خۆشیان دەویست، یەکێک لەو قسانەی بکردایە هەمووی ئەهاتە دی، زۆر ئاسایی بوو فیتنە دروست ببێت.

خالید بۆ دنیا کار ناکات، چۆن دەهێڵێت فیتنە دروست ببێت، ئەو قیمەت و بەهای ئەم دنیایە دەزانێت، دەزانێت هیچ ئەرزشی نییە، ئیتر فیتنە بۆ؟

بە داخەوە لە وڵاتی ئێمەدا ئەم هەموو مامۆستا و بانگخوازە، کاتێک کە قسە دەکەن هەموو نووریان لێدەبارێ، کە تووشی کێشەیەک دەبنەوە و یاخود لەگەڵ ڕاو و بیرو بۆچوونێک لەگەڵ یەکدا نایەنەوە، ئیتر چ فیتنەیەک ڕوو ئەدات، جنێودان بە یەکتری دەست پێدەکەن، تەنانەت دەگاتە ئاستی ناموس و شەرەفی یەکتری، زۆر جار سەردەکێشێت بۆ جنێودان بە زانایانی بەڕێزی ئەم ئوممەتە.

خۆ ئەگەر کەسێک ڕەخنەیەک لە مەنهەجی (محمد کوڕی وەهاب) بگرێت، سەلەفی دەیکاتە ڕۆژی خۆی، بەڵام ئەگەر قسە بە (محمد کوڕی

عبدالله) پێغەمبەری کۆتا زەمان ﷺ بوترێ، دەڵێت: دەبێت حیکمەتمان هەبێت و نەهێڵین فیتنە دروست بێت، یان (سۆفی) هەمیشە لە ئاستی کافر و بێ دینەکاندا زۆر نەرم و ناسکە، خۆ ئەگەر کەسێک هەر وتی: حەزرەتی (شێخ) ڕاستی نەفەرموو یان کارەکانی لەگەڵ دیندا یەکناگرێتەوە، ئەی هاوار چی ڕوو ئەدات، هەمووی بۆ دنیایەک کە قیمەتی هیچی نییە لە ڕۆژی ئاخیرەت، ئەگەر کۆمەڵێک جوامێر ڕەخنەیەک لە بۆگەنی دەسەڵات و فەساد و دزی و جەردەیی دەسەڵات بگرن، سەلەفی خێرا هاوار دەکات ڕەحمەتتان لێبێت فیتنە خەوتوە هەڵی مەسێنن، بەڵام ئەگەر لە مزگەوتەکەیدا وتارێک بدات یان مینبەرەکەی سەعاتێک داگیر بکات، ئەی هاوار چی ڕوو ئەدات، نەک فیتنە لە سەرو فیتنە دروست دەکەن، بەڵام لەئاستی کافر و خوانەناس و مولحید هەموو زەلیل و ناسک و شان داچەکاو، بۆ موسڵمانانیش ئازا و چاپووک و دەم هەڕاش، خۆزگە کارەکە پێچەوانەوە بوایەتەوە!

هەموو ئەوەی کە ڕوو دەدات نیشانەی دنیاویستی و کارنەکردنە بۆ دینی خوای پەروەردگار.

خالیدی کوڕی وەلید هیچ گرنگی نەدا بە دنیا، بۆیە خێرا چووە ناو سەربازەکان و لە ڕیزی ئەواندا وەستا وەکو سەربازێکی زۆر سادە، ئەو کار بۆ قیامەت دەکات، پلەو پایە چ ئەرزشی هەیە؟

خالید زیاتر لە (١٠٠) جەنگی بردبووەوە، لە هیچ کام لە جەنگەکاندا شکستی نەخواردبوو جۆرەها غەنیمەتی دەستکەوتبوو، زۆرترین ماڵ و سامانی دەستکەوتبوو، لە دوای مردنی تەنها شمشێرەکەو ئەسپەکەی لە دوا

بەجێیا لەگەڵ خزمەتکارێک، ئەوە هەموو دنیای خالید بوو، نە منداڵی هەبوو نە خێزان نە پارە و موڵک و سامان، بەڵکو لە وەسێتی سەرەمەرگیدا وتی: هەمووی بنێرێت بۆ عومەری کوڕی خەتاب خەلیفەی موسڵمانان تاکو بیخاتە خەزێنەی خیلافەت، بەڵام کێ دەتوانێت دوای مردنی خالید شمشێرەکەی بەکار بهێنێت، یان کێ دەتوانێت ئەسپەکەی بە کاربهێنێت، جێگای سەرسورمان نییە، بەڵکو قوتابییەکی نەجیب و گوێڕایەڵی پێغەمبەری خوا ﷺ بوو، ئەو هەموو پارە و سەروەت و سامانەی بە دەستی هێنابوو پێش مردنی هەمووی بەخشی لە پێناوی خودا، کەسێکی بەخشندە بوو لە فەقیری نەدەترسا، تاکە شتێک کە ئاوات و ئومێدی بوو خۆشی پێوە دەبینی لەژیاندا، بریتی بوو لە شەوێکی سارد و بەفراویدا لەگەڵ مەفرەزەیەکی موهاجیرەکاندا ڕوو بەڕووی دوژمن بێتەوە، تەنانەت لە شەوی بووک گواستنەوەش زیاتر پێی خۆش بووە، یان مژدەی پێدانی منداڵێکی کوڕ، چونکە خالید لە دوای خۆی هیچ نەوەیەکی بە جێ نەهێشت[٣١].

خۆشی و شادی خالید لە جیهاد کردندا بوو لە شەوێکی ساردا و لەگەڵ برا موهاجیرەکانی کە ڕووبەڕووی دوژمن ببنەوە، حەزی بە دەسەڵات و ئەمیری و ماڵ و سەروەت و سامان و ئافرەت و منداڵ نەبوو، تەنها ئارەزووی جیهاد بوو لە پێناوی خوادا.

---

[٣١]- قال خالد بن والليد: من من ليلة يهدى إلى فيها عروس أنا لها مصب أو أبشر فيها بغلام أحب إلى من ليلة شديدة البرد، كثيرة الجليد، في سرية من المهاجرين أصبح فيها العدو.

لە ڕاستیدا جیهادکردن سەختە، بە تایبەت لەشەودا، لە شەوی ساردیشدا، بەڵکو سوپاش ژمارەیان کەمە، بەڵام ئەوە ئومێد و خۆشی خالیدی کوڕی وەلید بوو.

لە ناو جێگادا لە سەرەمەرگدا بوو، لە دوای ژیانێکی دوور و درێژ لە جیهادا دەڵێت: لەهەر کون و کەلەبەرێکدا مردنی لێ بوایە بە دوایدا دەگەڕام و بۆی دەڕۆیشتم، بەڵام وا لەسەر جێگا دەمرم و شەهیدی بە قیسمەتم نەبوو لە جیهاد، هیچ کارێکم نییە دڵم پێی خۆش بێت، تەنها یەکتاپەرستی نەبێت، داواکارم لە خوای گەورە شەوێک لە شەوانم بۆ بکاتە چاکە و حەسەنات، ئامادە بووم بۆ جیهاد و لە کەمیندا بووم بۆ دوژمن، قەڵغانەکەم بە دەستەوە ئامادەبوو چاوم لە ئاسمان بوو ڕۆژ بێتەوە بدەم بەسەریاندا، بەڵام قەدەرم شەهیدی نەبوو، بە گریانەوە ئەم داوایەی دەکرد ئومێدی بە شەوێک لە شەوانی جیهادی یەکتاپەرستی بوو بۆ چوونە بەهەشت.

پاشان بەدەم گریانەوە دەڵێت: چەندین جار چوومە جەنگ و بریندار بووم، بۆ مردن خۆم ئامادە کردووە، جێگایەکی لاشەم نەماوە جێگای شمشێر و تیر و ڕم نەبێت، بەڵام نەمردم وا لێرەدا، بە ناچاری و سەرشۆڕی هاوشێوەی وشتر چاوم وەکو ترسنۆکەکان لێک دەنێم[٣٢].

---

[٣٢]- وكان من كلامه رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ في ساعة الاحتضار: لقد طلبت القتل في مظانّه فلم يُقدَّر لي إلا أن أموت على فراشي، وما من عملي شيءٌ أرجى عندي بعد أن لا إله إلا الله من ليلة بِتُّها وأنا متترِّس، والسماء تُهلِّلُني تمطر إلى الصبح حتى نُغير على الكفار .لقد لقيت كذا وكذا

ژیانێکی پڕ سەروەری پڕ جوامێری، وا نەزانن کە ئەو شمشێر و تیرو ڕمانە ئازاری بە خالید نەگەیاندووە، ئەویش مرۆڤ بوو، بەڵام بۆ قیامەت کاری کردووە لای گرنگ نەبووە ئازار و مەرگ. دەیزانی چەند ڕۆژێکی کەم بەسەر دەبات و دەمرێت، هەموو ئازارو شەونوخونییەکی لای خوای گەورە پاداشت وەردەگرێت، خۆ ئەگەر جەنگ و جیهادیش نەکرایە هەر دەمرد با لەسەر جێگادا بوایە، بەڵام جیهاد و جەنگی بەجێ نەهێشت لە پێناوی خوادا و لەسەر جێگاش وەفاتی کرد، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ موعجیزەیەک.

هیچ کەس ناتوانێت شمشێری خوا بشکێنێت، ئەگەر خالید لە جەنگدا شەهید بوایەو بکوژرایە، کافران دەیانوت: شمشێری خوایان شکاند، بەڵام کێ توانای هەیە شمشێری خوا بشکێنێت.

هەموو ژیانی خالید چواردە ساڵ بوو لە ئیسلامدا، بەڵام لە ڕاستیدا زۆر پڕ بەرەکەت بوو وەکو هەزاران ساڵ ژیابێت، خەڵکانێک ژیانیان زۆرە لە ناو موسڵماناندا حەفتا بۆ هەشتا ساڵ، بەڵام هێشتا لە دنیا و فیتنەی دنیا تێنەگەیشتووە، خالید وەفاتی کرد و گریان و واوەیلای ئافرەتان دەستی پێ کرد و دەنگی گریان بەرز بوویەوە لە شاری مەدینەی پێغەمبەری خوا ﷺ کە هەواڵ هاتەوە مەدینە، عومەر داوای کرد کە دەنگی گریان بەرز نەکەنەوە، چونکە ئەوانەی بۆ (ئەبو سولەیمان) دەگرین، پێویستە بۆ خۆیان بگرین خالید

زحفاً، وما في جسدي شبر إلا وفيه ضربة بسيف أو رمية بسهم، وها أنا أموت حتف أنفي كما يموت العير، فلا نامت أعين الجبناء.

گریانی ناوێت[٣٣]، بەشێک بوو لە لاشەی ئیسلام ئەو لاشەیەش کە لێ جیابوویەوە، ئیسلامی بریندار کرد چاک بوونەوەی نییە، پاشان عومەر وتی: سوێند بە خوا یەکێک بوو لەوانەی کە ڕێگر بوو لە هێرشی دوژمنان، پیرۆز و پاک بوو هەڵبژاردەبوو[٣٤].

پاشان دایکی خالید لە دوای مردنی کوڕەکەی دەیلاواندەوە و دەیوت: تۆ لە یەک ملیۆن کەس باشتر بووی.

عومەر گوێی لە وتەکەی دایکی خالید بوو وتی: ئەو کەسە کێ ئەو شیعرە دەڵێ: هەڵبەت بە شیعر دەیلاواندەوە وتیان: دایکی خالید-ە.

عومەر وتی: سوێند بە خوا ڕاست دەکات خالید بە یەک ملیۆن پیاو بوو، ئیمامی عومەر سوێندی لەسەر دەخوات کە بە یەک ملیۆن پیاو بوو خالید، بەشێک لە شیعرەکەی بریتی بوو:

أنت خير من ألف ألف من الناس إذا ما كبت وجوه الرجال
أشجاع فأنت أشجع من ليث غضنفر يذود عن أشبال

-.-

٣٣- ئەبو سولیمان مەبەستی خالیدی کوڕی وەلید-ە نازناوی (ئەبو سولیمان) بوو.

٣٤- فقيل لعمر بن الخطاب أرسل إليهن فانههن، أي: امنع النساء من هذا البكاء، فقال عمر: وما عليهن أن ينزفن من دموعهن على أبي سليمان أي خالد بن الوليد: رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ وأرضاه، ثم قال عمر: على مثل أبي سليمان تبكي البواكي، قد ثلم في الإسلام ثلمة لا ترتق. أي: أن الإسلام قد جُرح جرحاً لا يلتئم، ثم قال عمر بن الخطاب: كان والله سداداً لنحور العدو، ميمون النقيبة.

أجواد فأنت أجود من سيل غامر يسيل بين الجبال

وهذا جزء من قصيدة طويلة، وعندما سمعها عمر بن الخطاب رضي الله عنه وأرضاه قال: من هذه؟ قالوا: أم خالد، قال عمر: صدقت، والله إن كان لكذلك، أي: أنه كان خير من ألف ألف من الناس.

ئەوە دنیا لە دید و تێڕوانینی خالید و عومەر و ئەبوعوبەیدەی جەڕاح - ڕەزامەندی خوا لە هەموویان بێت-، دنیا لە چاوی هاوەڵان بە گشتی هیچ بەهایەکی نەبوو بە دوای ئەوە نەبوون کە دنیا ڕاویان بکات، بەڵکو هاوەڵان دنیایان بە هەموو جوانییەکانیەوە ڕاو کرد بوو، گوێیان بە هیچ نەئەدا نە بە پلەو پایە و دەسەڵات و نە حەسودیشیان بە قیادە و سەرکردایەتی دەبرد، هیچ ڕەغبەتێکیان بۆی نەبوو، ئەگەر دنیا بە ڕوویاندا بکرایەتەوە پێ دڵخۆش نەبوون، دەیانزانی ڕزق و ڕۆزییان هەر دێت، ئەوەی کە خوای گەورە بۆی نووسیون، خۆ ئەگەر دنیا لە دەست دەربچوایە بۆی ناڕەحەت نەبوون بەخەیاڵیاندا نەدەهات، ئەوەی کە نەبووە نسیبیان دەیانزانی خوای گەورە ئیرادەی لەسەر نەبووە، بۆ کەسانی تر، لەوە بە جوانی تێگەیشتبوون کە دنیا ڕێگای ئاخیرەتە و هیچ ماندووکردنی ناوێت، ماندوو بوونی ڕاستی بۆ قیامەتە، ژیانی زەوی دنیایەکی کاتییە و دنیای نەبڕاوە ئاخیرەتە.

ئەوەندەی توانیان دوورینەوەی خۆیان کرد لە چاوی پێغەمبەری خواوە ﷺ لە دیدگای جەنابییانەوە، دنیا لایان بەهای باڵە مێشولەیەکی نەبوو، بەڵکو ئەرزشی بزنێکی مرداربووی نەبوو، تێگەیشتبوون لەوەی دنیا وەکو سێبەری داریک وایە و کەمێک پشووی تێدا ئەدەیت و بۆ مەنزڵگەی هەتا هەتاییت دەڕۆیت.

لە هەژاری و کەموکورتی نەدەترسان، بەڵام لە خۆشییەکانی ژیان و دنیا زۆر دەترسان، دەیانزانی دنیا جێگای تاقیکردنەوەیە، بۆ هەمیشە لە یادی خوای موتەعال بوون، فێربووبوون کە دەوڵەمەندەکان لە ڕۆژی قیامەتدا کەمن، واتا ئەوانەی کە دەچنە بەهەشت مەگەر ئەوانەی کە بەم لاو لای پشتی خۆیاندا خێر و چاکە دەبەخشن، خاڵیان دانابوو کە دنیا ویستی و ململانێ بۆی بەرەو هەلاکەت و لە ناوچوونت دەبات.

نموونەی زاڵمان و دنیا ویستان زۆر بوون لە مێژوودا، کەس نازانێت چییان لێهاتووە، کوا فیرعەون و نەمرود کە داوای خوایەتیان دەکرد؟، کوا کیسرا کە پێیان وابوو خوێنی خوا تێکەڵیانە؟ کوا قاروونەکان و هامانەکان؟ کوا ئەبو جەهل و تەتار و مەغوڵ؟ هیچیان نەمانەوە، بەڵکو ئیسلام بەردەوامە.

دنیا تا سەر بۆ هیچ کەس نییە، تاکە سەروەت و سامانێک کە بۆت دەمێنێتەوە چاکەو حەسەناتە.

هاوەڵان ئەم ماناو واتایانە لە ئەقڵ و دڵ و دەروون و خوێن و لاشەیاندا جێگای گرتبوو، بەڵکو بوبووە فیطرەت و سروشتیان، کاتێک حەقیقەتی دنیایان زانی وازیان لێهێنا تا مردن، بەڵام بە پارسەنگی لە دنیا دانەبڕان نەبوونە زاهید و عابید و سۆفی خانەقاکان، وازیان لەخەڵکی نەهێنا تا بانگەوازیان کردن وازیان لە کافرەکان نەهێنا بە بێ جیهاد. ماڵەکانیان واز لێنەهێنا، بەڵکو پارە و سەروەت و سامانیان بۆ بەجێ دەهشێتن، ژن و ژنخوازی و هاوسەرگیرییان دەکرد، خاکێکیان جێ نەهێشت بێ ئاوەدانکردنەوە و چاکسازی و بونیادنان، زانییان خەلیفەی خوای

پەروەردگارن لە سەر زەوی، هەڵسان بە جوانترین شێوە ئەرکی سەر شانی خۆیان ئەنجام دا ئەوەی پێویست بوو ئەنجامیان دا، تووشی تەمەڵی و ترسنۆکی نەبوون لە ژیانیاندا.

بەو دیدە پارسەنگە هاوەڵان لە دنیادا ڕێگایان دەکرد و لێ تێگەیشتبوون، دنیا هیچ کاریگەری نەبوو لە بیرو باوەڕیان، هیچ کاریگەری نەکرد لە ڕەوشتیان، هەر بۆیە گەیشتن بە ئەو پلە و پایە و گەیشتنە بەهەشتی خوای گەورە کە پڕە لە نیعمەتی نەبڕاوە.

خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿وَٱلسَّٰبِقُونَ ٱلْأَوَّلُونَ مِنَ ٱلْمُهَٰجِرِينَ وَٱلْأَنصَارِ وَٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُم بِإِحْسَٰنٍ رَّضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا۟ عَنْهُ وَأَعَدَّ لَهُمْ جَنَّٰتٍ تَجْرِى تَحْتَهَا ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًا ۚ ذَٰلِكَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ ﴿١٠٠﴾﴾ التوبة

واتە: {خوا لە موهاجیرو ئەنصار و شوێنکەوتوانیان ڕازییە} پێشەنگە سەرەتاکان لە کۆچکەرەکان و پشتیوانان ئەوانەی کە لە حودەیبیە بەشداری بەیعەی ڕیزوانیان کردووە، یان ئەوانەی لەگەڵ پێغەمبەری خوا ﷺ نوێژیان کردووە ڕووە و هەردوو قیبلەکە، ئەوانەیش کە لە دوای ئەوان هاتوونەو شوێنیان کەوتوون بە چاکە، خوای گەورە لێیان ڕازی بووە (ئیتر چۆن دەبێت توانج و جوێن و قسەی ناشیرین بەصەحابە بوترێت کە خوای گەورە لێیان ڕازی بووە، وە بەهەشتی بۆیان ئامادەکردووە؟!) ئەوانیش بەو نیعمەت و فەزڵەی خوای گەورە پێی بەخشیوون ڕازین، خوای گەورە باخ و باخاتی لە بەهەشتدا بۆ ئامادە کردوون کە جۆگەلە ئاو بەژێر دارەکان و

مالّەکانیاندا ئەڕوات و بەنەمری و بەهەمیشەیی تیایدا ئەمێننەوە (ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئێستا بەهەشت دروستکراوە و ئامادەکراوە) ئا ئەمە بردنەوەی هەرە گەورەیە.

پاشان هاوەڵان زۆر بە وردی و تەدەبورەوە لە قورئانیان دەڕوانی، چونکە قورئان نموونەگەلێکی زۆر باس دەکات لە ژیان و دنیا خوای پەروەردگار دەفەرموێت:

﴿ٱعْلَمُوٓاْ أَنَّمَا ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَا لَعِبٌ وَلَهْوٌ وَزِينَةٌ وَتَفَاخُرٌۢ بَيْنَكُمْ وَتَكَاثُرٌ فِى ٱلْأَمْوَٰلِ وَٱلْأَوْلَٰدِ ۖ كَمَثَلِ غَيْثٍ أَعْجَبَ ٱلْكُفَّارَ نَبَاتُهُۥ ثُمَّ يَهِيجُ فَتَرَىٰهُ مُصْفَرًّا ثُمَّ يَكُونُ حُطَٰمًا ۖ وَفِى ٱلْءَاخِرَةِ عَذَابٌ شَدِيدٌ وَمَغْفِرَةٌ مِّنَ ٱللَّهِ وَرِضْوَٰنٌ ۚ وَمَا ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَآ إِلَّا مَتَٰعُ ٱلْغُرُورِ ۝٢٠﴾ الحديد

واتە: {نموونەی ژیانی دونیا} بزانن کە ژیانی دونیا تەنها بریتییە لە یاری کردن و گاڵتەکردن و کات بەسەربردن، وە شتێکە کە ئەڕوات و کۆتایی پێ دێت، جوانی و ڕازاوەیی و فەخرو شانازی کردنە بەسەر یەکتریدا بەو شتە دونیاییانەی کە هەتانە، فەخرو شانازی کردنە بەسەر یەکتریدا بە زۆری مااڵ و منداڵ نموونەی ژیانی دونیا لە بێنرخی و فەوتان و لەناوچوونی وەکو نموونەی بارانێکی بەسوود وایە کە دەداتە سەر زەویەکەدا و جوتیارەکە سەرسام ئەبێت بە بەرهەمەکەی کە چەند بەجوانی هاتووە پاشان سەوز دەبێت و دواتر دەیبینی زەرد و وشك ئەبێ، پاشان تێکئەشکێ و نامێنێت و لەناو ئەچێت، دونیاش هەر بەو شێوازەیە سەرەتا خۆش و جوانە وە دواتر تیا ئەچێ، مرۆڤیش وایە سەرەتا گەنج و لاوە تا پێ ئەگات دواتر پیر ئەبێت و ئەمرێت،

(بۆیە بە ژیانی دونیا هەڵمەخەڵەتێن و با فریوتان نەدات و وەکو خۆی لێی تێبگەن و بزانن مەبەست لە ژیانی دونیا خواپەرستی و کردەوەی چاکە) بەڵام لە ڕۆژی قیامەت کافر و بێباوەڕ سزای سەختی بۆ هەیە، باوەڕدارو گوێڕایەڵ لێخۆشبوون و ڕەزامەندی خوای گەورەیان بۆ هەیە، ژیانی دونیاش هیچ شتێك نییە تەنها شتومەکێکە و مرۆڤ پێی لە خشتە ئەبرێ و لە ڕێگای ڕاست پێی دەرئەچێ و لە خوای گەورە پێی دوور ئەکەوێتەوە ئەگەر وریا نەبێت.

خوای پەروەردگار نموونەی دنیا زۆر بە لاوازی نیشان ئەدا وەکو گیا و پوشوپەڵاش دەفەرموێت:

﴿وَٱضۡرِبۡ لَهُم مَّثَلَ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا كَمَآءٍ أَنزَلۡنَٰهُ مِنَ ٱلسَّمَآءِ فَٱخۡتَلَطَ بِهِۦ نَبَاتُ ٱلۡأَرۡضِ فَأَصۡبَحَ هَشِيمٗا تَذۡرُوهُ ٱلرِّيَٰحُۗ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ مُّقۡتَدِرًا ۝٤٥ ٱلۡمَالُ وَٱلۡبَنُونَ زِينَةُ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَاۖ وَٱلۡبَٰقِيَٰتُ ٱلصَّٰلِحَٰتُ خَيۡرٌ عِندَ رَبِّكَ ثَوَابٗا وَخَيۡرٌ أَمَلٗا ۝٤٦﴾ الكهف

واتە: {نموونەی ژیانی دونیا} ئەی محمد ﷺ نموونەی ژیانی دونیا بۆ خەڵکی بهێنەوە کە چۆن لەناو دەچێت، وەکو ئاوێك وایە کە لە ئاسمانەوە دای ئەبەزێنینە خوارەوە ئەو ئاوە تێکەڵ بە ڕووەك و گژوگیای زەوی ئەبێ دوای ئەوەی کە پێئەگات دواتریش وشك ئەبێ و تێکئەشکێ، کاتێك کە بایەکە لێی ئەدات لەسەر زەویدا بڵاوی ئەکاتەوە و نایهێڵێ وەکو پێشتر کە هیچ نەبوو، ژیانی دونیایش ئاوا لەناودەچێت و تا سەر بۆ کەس نامێنێت، خوای گەورە توانا و دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە ۝٤٥ ماڵ و منداڵ جوانی و ڕازاوەیی ژیانی دونیان بەڵام ئەوانەی کە ئەمێننەوە لە چاکەکان و

لە زیکر کردن (سبحان الله والحمد لله ولا إله إلا الله والله أكبر) یاخود نوێژە جەماعەتەکان یان هەر کردەوەیەکی چاك ئەوانە باشترە کە مرۆڤ بیکات و لای خوای گەورە پاداشتی باشترە، باشترین شتە کە مرۆڤ ئومێدی پێی هەبێت ﴿٦﴾.

هاوەڵان کاریان تەنها بۆ بەهەشت بوو، خۆشەویستی بەهەشت و ترس و بیمیان لە ئاگری دۆزەخ پارسەنگی بۆ دروست کرد بوون، چۆن زانیان دنیا بێنرخ (ئەرزش) بووە، پێویستە بزانین چۆن کاریان بۆ بەهەشت یاخود بۆ ئاخیرەتیان کردووە، پێویستە تابلۆیەکی تر بنەخشێنین.

تابلۆی یانزەیەم:
هاوەڵان و قیامەت،
هاوەڵان و بەهەشت و دۆزەخ

تابلۆی ڕابردوو باسی دنیا و خوێندنەوەمان بۆ دنیا بوو لە چاوی پێغەمبەر ﷺ -ەوە، بە تایبەتی و هاوەڵان بە گشتی، لەم تابلۆیەدا بەشێکی نوێ دەنەخشێنین، ئەویش کارکردنی هاوەڵانە بۆ بەهەشت و ترساندیانە لە دۆزەخ.

ئەم تابلۆیە زۆر میحوەرییە لە ژیانی هەموو موسڵمانێک و کۆمەڵگەی ئیسلام، ئوممەتی ئیسلام بە گشتی، دەبێت لەم تابلۆیەدا هەوڵبدەین بزانین هاوەڵان چۆن تێگەیشتوون لە چەمک واتای بەهەشت و دۆزەخ هەروەها چۆنیەتی مامەڵەیان لەگەڵ ئەم پرسەدا.

کاتێک کە لە ژیانی هاوەڵان دەکۆڵینەوە دەبینین ئاوێتە بوونیان و مامەڵەیان زۆر جیاوازترە لەگەڵ خەڵکی دوای خۆیاندا کە چۆن ئاوێتەی ئەم پرسە بوون، جیاوازییەکی زۆر گەورە لە نێوانیاندا هەیە، هەر ئەو جیاوازیەشە وای کردووە هاوەڵان بگەیەنێتە ئەو ئاستە بەرز و پلە ناوازەی کە پێیگەیشتوون، چونکە بەهەشت خاڵێکی میحوەری بووە لە ژیانی هەموو هاوەڵاندا، بۆیە خاوەنی ڕەوشتێکی بەرز و کردار زۆر بوون لە پێناوی خوای گەورەدا، بەهەشت لای ئەوان ئامانجی سەرەکی بووە، بە کردار کاری جدییان کردووە.

زۆرێک لە زانا گەورەکان و عالمەکانی ئەم ئیسلامە. یاخود بانگەوازچیانی ئیسلامی بەڕێز کاتێک کە باسی بەهەشت دەکەن و پرسەکانی بەهەشت ڕوون دەکەنەوە، وەکو باسێکی تیۆری ڕوونی دەکەنەوە لە وتە و نووسینەکانیاندا هەست بەو نەست و سۆزە ناکەیت کە هاوەڵان لەگەڵیدا ژیاون و هەستی چوونە بەهەشت و تەنانەت هەستی گوێبیستیان لە بەهەشت زۆر جیاواز تر بووە، لەگەڵ خەڵکانی تردا.

هاوەڵان ئەگەر چی زۆر سادە بوون لە کارکردن و زانیارییان زۆر کەم و سنووردار بووە، بەڵام ئەگەر زانیارییەکی کەمیان وەرگرتبایە لەسە پرسەکانی بەهەشت ئاوێتەی دەبوون و لەگەڵیدا دەژیان، تا ئەو کاتەی دەگەڕانەوە بۆ لای خوای پەروەردگاریان، جا ئەگەر هاوەڵەکە ئەعرابییەکی نەخوێندەواری زۆر سادە بوو بێت، یاخود لە هاوەڵە ئاست بەرزەکان بوبێت و خوێندەوار بووبێت و شارەزا بووبێت لە ڕێزمانی عەرەبیدا.

کاریگەری بەهەشت بە تەواوەتی لەسەر هەموو چین و توێژەکانی هاوەڵان هەبوو، وای دەبینم هاوەڵان خوێندنەوە و ئیمانیان بۆ پرسەکانی قیامەت و بۆ بەهەشت زۆر جیاواز تر لەوەی کە ئێستا ئێمە دەیخوێنینەوە و لەگەڵیدا ئاوێتە دەبین.

ئەوان لە پرسی ژیانیاندا بۆ تێگەیشتنی عەمەلی لە بیرو باوەڕ و بەندایەتی ئەوان وازهێنانیان لە حەرامکراوەکان سێ سیناریۆیان بەکار هێناوە، سیناریۆ بە واتای پیادەکردنی پرسەکان لە ژیانیاندا مەبەستی ئەویش بریتییە:

یەکەم: لە خۆشەویستنی خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەکەی ﷺ

دووەم: هەوڵدان بۆ چوونە بەهەشت و کارکردنی جدی بوون.

سێیەم: ترسان لە ئاگری دۆزەخ و خۆپاراستن لە ئاگر.

ئەم سێ چەمکەیان سیناریۆی ژیانە وای کردووە لە هاوەڵان زۆر زۆر جیاوازتر لەگەڵ پرسەکەدا مامەڵە بکەن.

خۆشەویستی خوا و پێغەمبەری خوا ﷺ لای هاوەڵان

پێش هاتنی ئیسلام عەرەبی جاهیلی بە گشتی بڕوایان بە ڕۆژی دوایی نەبوو، تەنها بڕوایان بە خوایەک هەبوو لە ئاسمان، چەندین خوایان لەسەر زەوی هاوبەشی خوا کرد بوو، تەنانەت کێشەیان لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ -دا نەبوو سەرەتا عەرەب بە گشتی دەیانوت: ئەگەر بمرین و ئێسقانەکەمان چۆن زیندوو دەبینەوە؟!

ئەوان کێشەی بڕوا بوون بە خوایان نەبوو بەگشتی عەرەب پێش هاتنی ئیسلام خوا پەرستیان دەکرد، نەک بۆ ئەوەی پاداشت لە قیامەت و ڕۆژی زیندی بوونەوە وەربگرن، لە ڕاستیدا چاوەڕێی ئەو هەڵسانەوە نەبوون دوای مردنیان، پێیان وابوو ئەگەر خوات لە ئاسمان خۆش بووێت و لە ڕێگای خواکانی سەر زەوی قوربانی بکەین ئەوا خوا بەختێکی باشت پێ دەبەخشێ، هەر ئەوەش وای کرد بوو چەندین خوایان لە دار و بەرد و خواردن داتاشی بوو، تەنها و تەنها بۆ خۆشبەختی ژیانیان.

ئیسلام هات هەموو چەمکەکانی بۆ ڕاست کردنەوە لەگەڵ ئەوەی سروشتیان وا هەڵکەوتبوو خوایان خۆش بووێت ئیسلام زیاتر ئەم خۆشەویستییەی بۆ زیاد کردن بۆ خوای تاک و تەنها.

لە دوای ناسینی خوای پەروەردگار بە ڕاستی شارەزابوونی لە (أسماء و صفات)ی خۆشەویستی گەورە لە دڵیاندا چەسپی، دەیانزانی هەر خوایە دەیانمرێنێت و ڕزق‌و ڕۆزییان ئەدات و زیندوویان دەکاتەوە، هەموو شتێک لەم بوونەوەرەدا بە دەستی زاتی پاک و بەرزییەتی.

ئەم بیروباوەڕە دروستە زیاتر و زیاتر خۆشەویستی خوای خستە دڵی ئیماندارانی و پاشان پێشینان و هەوڵسوکەوتیان لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ - دا زیاتر خۆشەویستییەکەی تۆخ کردەوە، ئەوان پێش ئەوەی کار بۆ قیامەتیان بکەن، خۆشەویستی خوایان لە دڵدا جێگیر بوو، پێغەمبەری خوا ﷺ ئەو هۆکارە بوو کە خوای پێناساندن و پاشان کە سیفاتی خۆیاننناسی و خۆشەویستییان بۆ دروست بوو لەوەی کە خوای پەروەردگار لە دایک بەسۆزتر و میهرەبانتر و بە ڕەحەم تره، خۆشەویستی خوا وای لێکرد کاری بۆ بکەن، کە زانیان خاوەن بەهەشتە ئیتر کاریان بۆ بەهەشتەکەی کرد، خۆیان پاراست لە سزا و تووڕەیی خوا بە هۆکاری کاری خراپە و بێڕەوشتی، ئەگەر مرۆڤ ئەنجامی بدات دەچێتە ناو ئاگری دۆزەخ، ئەم میحوەرە بیرکردنەوە و تێڕوانیی هاوەڵانی هەموو گۆڕی لە ڕێگای خۆشویستنی خواوە کار بۆ بەهەشت بکەن.

کارکردن بۆ بەهەشت لە چاوی هاوەڵانەوە

ئەگەر بە چاوی هاوەڵانەوە یاخود بە تێگەیشتنی ئەوانەوە تەماشای بەهەشت بکەین بە دڵنیاییەوە هەموو مەنهەجی ژیانمان دەگۆڕێت، بیرکردنەوەمان دەگۆڕێت و جیاوازتر لە بیرکردنەوەی ڕابردوویان، ئەوکات شتی زۆر لە ژیانماندا دەخەینە پێشترو ئەوەلیاتی ژیانمان جیاوازترە لە ڕابردوومان. لە هەمانکاتدا هەست بە خۆشی و شادییەکی زۆر نایاب دەکەین، دڵخۆش نابین بەو شتانە کە پێشتر دڵت پێیان خۆش بووە، بە پێچەوانەوە دڵ ناڕەحەت و خەفەت بارنابیت بەو شتانەی پێشتر پێ ناڕەحەت بوویت.

هاوەڵان بۆ کەرەستە و شتی دونیا هەرگیز ناڕەحەت نەبوون، بۆ نموونە چەند کەس لە ئێمە دڵ ناڕەحەت و خەفەت بار دەبێت کە نوێژێکی جەماعەتی لە دەست بچێت؟ لە ژیانی هاوەڵاندا ڕوویداوە، بەڵام یەکجار خەفەت بارو ناڕەحەت بوون لە کاتێکدا هاوەڵانی ئەوەندە ناڕەحەت کردووە لە جێگادا خستونی!

ئایا چەند کەس لە ئێمە خەفەتبار دەبێت کە شەونوێژی لە دەست بڕوات!

ئایا چەند کەس لە ئێمەی موسڵمان ناڕەحەت دەبێت کە نوێژی فەرزی بەیانی لەدەست دەڕوات و خەبەری نابێتەوە لەکاتی خۆیدا؟ بە خاتری ئەو نوێژە هەموو ڕۆژەکە خەفەتبار دەبێت؟

چەند کەس لە ئێمەی موسڵمان ناڕەحەت و خەفەتبار دەبێت کە هاوڕێ و برایەکی یان خوشکێکی دووڕە لە خواناسی و هیدایەتی وەرنەگرتووە، تۆش

خۆشت دەوێت دەزانی ڕێگاکەی ڕێگای گومڕایی و سەرلێشێواوییە، ئایا خەفەتی بۆ دەخۆیت، یان تۆش وەکو خەڵکی تر دەڵێیت: "جا من بۆ خۆم ماندوو کەم پەیوەندی بەمنەوە نییە؟!"

چەند کەس لە ئێمە خەفەتبار دەبێت کە جیهادێکی لە دەست دەردەچێت و بەشدار نابێت لە جەنگێکدا دژی کافران و ملهوڕان لە پێناوی خوای پەروەردگاردا چەندێک لە ئێمە بیر لەوە دەکاتەوە کە شەریعەتی خوای گەورە پیادە بکات و واز لە شەریعەتی مرۆڤ بهێنێت؟

چەند کەس لە ئێمە خەفەت بۆ فەڵەستین دەخوات کە منداڵان و ژن و لاو و پیر و جوان بە دەستی یەهودی سەهیۆنی خوێنڕێژ بە سەدان هەزار کەسیان لێ کوشتوون لە ساڵ (١٩٤٦) تا ئەم ساتە وەختە؟!

بێجگە فەڵەستین کێ خەم بۆ چیچان، کشمیر، تورکستان، میانمار، کوردستان و دەیان وڵاتی تر کە بەدەستی عەلمانی و خوانەناسی داگیرکەرەوە دەناڵێنن؟!

ئەگەر خۆشەویستی خوا و مانای بەهەشتمان زانی ئەوکات بە تەواوەتی ژیانمان دەگۆڕیت هەمان کار دەکەین کە هاوەڵان ئەنجامیان داوە، گۆڕانکاری بنەڕەتی و هەمەلایەنە لە ژیانماندا ڕوو ئەدات، سیستەمێکی تر لە جیاتی دێتە پێشەوە کە سیستەمی مەنهەجی هاوەڵانە.

پێویستە بزانین هاوەڵان چۆن بیریان لە بەهەشت و ئاخیرەتیان کردۆتەوە لە ڕاستیدا ئەوان لە بەهەشتدا دەژیان، ئەگەرچی هێشتا لەسەر زەویدا

دەڕۆیشتن نموونەی: (ڕەبیعەی کوڕی کەعبی ئەسلەمی) زۆرێک لە موسڵمانان ناویان هەر نەبیستوە، بەڵام کاتێک ژیانی و وتە و باسی دەخوێنینەوە لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ دا چۆن گفتوگۆیان کردووە ناخت دەهەژێت و لەگەڵ ئەوەی تەمەنێکی منداڵی هەبووە، بەڵام بیرکردنەوەی زۆر گەورەو قوڵ بووە.

ژیانی ئەگەر تەنها ئەو وێستگەیە بێت، بەسە بۆ هەموو مرۆڤایەتی چاوی لێبکات، کە لێرەدا باسی یەک هەڵوێستی دەکەین بە دڵنیاییەوە ژیانی پڕ پڕە لە هەڵوێستی جوان، ڕەبیعە لاوێکی هەژار بوو تەمەنی لە هەژدە ساڵ تێپەڕی نەکردبوو، لە هاوەڵانی ئەهلی (صفه)[٣٥] بوون.

ئەم گەنجە لەو هاوەڵانە بوو، نوێ بوو لە شاری مەدینە دا لە هۆزی ئەسلیم بوو، زۆر حەزی بەخزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ بوو، خۆی کردە خزمەتکاری پێغەمبەری خوا ﷺ، ئەزموونی لە ژیاندا زۆر کەم بوو وەکو ئەبوبەکر، عومەر، عوسمان و عەلی و هاوەڵانی تر نەبوو گەنجێکی تازە پێگەیشتوو بوو -ڕەزامەندی خوا لە هەموویان بێت-.

لەگەڵ ئەوەشدا لە مزگەوتی پێغەمبەر ﷺ -دا دەژیان، هیچ خێزان و ماڵ و کارێکی نەبوو، لەو خەڵکانە بوو کە هاوەڵانی تر هاوکاری دەکردن

---

[٣٥]- الصفة: کۆمەڵێک بوون لە هاوەڵانی کۆچبەر کە لەدوای کۆچکردنیان بۆ مەدینە بەهۆکاری لەدەست دانی ماڵ و حاڵیان لە مەدینە بە فەقیری دەژیان و خەریکی فێربوونی زانست و زانیاری و جیهاد بوون، پێغەمبەر ﷺ لە مزگەوتی پێغەمبەر لە بەشی باکووری مزگەوتەکە لە جێگایەکی گەورە بوو بەناوی صفه یان سەکۆ جێگای بۆ دابین کردبوون و لەوێدا دەژیان و دەمانەوە، بۆیە بە هاوەڵانی صفه بەناوبانگن.

بە چەند ڕۆژ نانیان نەبوو بیخۆن، یاخود خواردنیان لای خەڵکی تردوە بۆ دەهات.

ئەم گەنجە هیچ شتیکی نەبوو، ئەگەر تۆ بیت لەو تەمەنەدا ئاوات و ئومێد و ئامانجت چی دەبێت؟

ئەم خەون و ئومێدەش زۆر ئاساییە و پێویستە مرۆڤ هەیبێت، بەڵام با تەماشایەکی ژیانی ئەم گەنجە بیر قوولە بکەین.

ئیمامی ئەحمەد و موسلیم -ڕەحمەتی خوا لە هەردووکیان بێت-، لە ڕەبیع خۆیەوە بۆمان دەگێڕنەوە و دەڵێت: من خزمەتی پێغەمبەر ﷺ-م دەکرد، لە ڕۆژدا هەر پێداویستییەکی هەبوایە بۆم ئەنجام دەدا، تا نوێژی عیشای دەکرد و دەگەڕایەوە ماڵی خۆی و منیش لەبەر دەرگای ماڵەکەیدا دادەنیشتم[٣٦].

ڕەبیعە ڕۆژانە لە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ دا بوو لە بەیانییەوە تا نوێژی عیشا، بەو شێوەیە شە و ڕۆژ لە شاری مەدینەدا تەواو دەکرد وەکو ئێستا باوە دەڵێن (٢٤) کاتژمێر، ئەوکاتە لە نوێژی بەیانییەوە دەستی پێ دەکرد و بە عیشا کۆتایی دەهات، خەڵکی بە گشتی دوای نوێژ دەخەوتن و پاشان بۆ شەونوێژ هەڵدەسانەوە و ڕۆژێکی نوێ بۆ ئەوان دەستی پێدەکردەوە، بەڵام

---

[٣٦]- قال ربيعة عن ربيعة بن كعب الأسلمي قال: كنت أخدم رسول الله ﷺ وأقوم له في حوائجه نهاري، أجمع حتى يصلي رسول الله ﷺ العشاء الأخيرة فأجلس ببابه، إذا دخل بيته.

ڕەبیعە لە دوای نوێژی عیشا لە دەرگای پێغەمبەر ﷺ -دا دادەنیشت، بزانین بۆچی دادەنیشت؟

ڕەبیعە دەڵێت: لەوانەیە پێداویستییەکی هەبێت و تا بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ -ی جێبەجێ بکەم، پاشان دەڵێت: بەردەوام گوێم لە پێغەمبەر ﷺ بوو دەیفەرموو: (سبحان الله)، یان(سبحان الله وبحمده) تا چاوم دەچووە خەو پاڵ دەکەوتم و جەنابی پێغەمبەر ﷺ بەردەوام بوو لە زیکر و یادی خوا[٣٧].

ڕەبیعە خۆی بۆ خزمەتی پێغەمبەر ﷺ تەرخان کردووە، بۆ هەر پێداویستییەک کە پێغەمبەر ﷺ هەیبێت، بەڵام ئەو گوێی لە پێغەمبەری خوایە ﷺ کە بەردەوام خەریکی یادی خوایە لە شەودا بە بەردەوامی، چاوی دەچووە خەو پاڵ دەکەوت و هەڵدەساوە، نەوەکو پێغەمبەر ﷺ پێداویستییەکی هەبێت، ئەمەش سەرسامیی ئەو گەنجە دەردەخات بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ چۆن حەز دەکات خزمەت بە پێغەمبەری خوا ﷺ بکات، بە پێچەوانەوە پێغەمبەری خوا ﷺ زۆر پێی سەرسام بوو، بەو دڵسۆزی خزمەت کردنەی بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ پێی فەرموو: ڕەبیعە داوا بکە تا پێت ببەخشم!

---

[٣٧]- لعلها أن تحدث لرسول الله ﷺ حاجة فما أزال أسمعه يقول: سبحان الله... سبحان الله... سبحان الله وبحمده، حتى أمل؛ فأرجع، أو تغلبني عيني فأرقد.

خۆی دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ ڕۆژێک بانگی کردووە وای پێ‌فەرموە: کە داوای هەرچی بکەیت پێت دەبەخشم؟ (سلني يا ربيعة أعطك) وا دابنێ تۆیت پێغەمبەری خوا ﷺ پێت بفەرموێت: داوا بکە پێت دەبەخشم، لە کاتێکدا پێغەمبەری خوا ﷺ سەرۆکی دەوڵەتە لە سەرو ئەوەشەوە پێغەمبەری خوایە!

ئایا داوای چی دەکەیت؟!

ڕەبیعە خاوەنی هیچ نییە، هەژارە و هیچ سەرمایە و ماڵ و سامانێکی نییە تەنانەت پێویستی بەهاوسەرگیریە، هیچ شک نابات بیخوات و بخواتەوە، تەنانەت خاوەنی جلوبەرگیش نییە.

پێغەمبەری خوا ﷺ کەسێکی ئاسایی نییە، داوای هەرچی بکات بۆی جێبەجێ دەکات، داخۆ کاردانەوەی ڕەبیعە چی دەبێت و داوای چی دەکات لە پێغەمبەری خوا ﷺ.

ڕەبیعە دەڵێت: وتم بە پێغەمبەری خوا تەماشایەکی ژیانم بکەم، بیرکەمەوە چیم پێویستە پاشان ئاگادارت ئەکەمەوە، واتا پێویستی بەکاتە[٣٨].

با بزانین چۆن بیردەکاتەوە لەو ڕەوشە ناهەمواڕەی تێیدا دەژی کە باری کۆمەڵایەتی و ماددی زۆر وێرانە، پێداویستی زۆری بە پارە و سامان هەیە تا ژیانی ڕێکبخات، داخۆ داواکەی چی بێت؟

---

[٣٨]- فقلت: أنظر في أمري يا رسول الله! ثم أعلمك ذلك، يعني: أعطني فرصة لأفكر.

با بزانین چۆن بیر دەکاتەوە، دەڵێت: بیرم کردەوە لە ژیانم و لە خۆم، پاشان زانیم کە ژیانی دنیا کۆتایی دێت و تاسەر نییە، خوای پەروەردگار ڕزق و ڕۆزیم هەر ئەدات، ئەوەی پێشم دەبەخشێت بەشم دەکات و ڕزقی خۆم هەر بۆ دێت، جا بیرم کردەوە داوای شتێک لە پێغەمبەر ﷺ بکەم کە پەیوەندی بە ئاخیرەتەوە بێت، بەڵکو لە لای خوای پەروەردگار بمگەیەنێتە پلە و ئاستی بەرز لە بەهەشتدا، یاخود قیامەت، ئەو پلەیەی کە پێغەمبەر ﷺ پێیگەیشتووە!

ڕەبیعە لەگەڵ کەمی تەمەنی و تێگەشتنی لە دنیا دەیزانی ئەو ڕزق و ڕۆزییەی کە خوای پەروەردگار بۆی داناوە هەر بۆی دێت، جا خواردنە یاخود خواردنەوە و پارەو جێگا و خێزان...هتد، دڵنیا بوو لەوانە کە ئەگەر بەشی تێدا هەبێت هەر بۆی دێت، جا بۆ داوای شتێک نەکەم کە زۆر سەختە بۆ ئیماندارانی پێیبگەن، ئەویش ژیانی ئاخیرەتە[٣٩].

داخۆ ڕەبیعە داواکەی چی بێت؟ پێغەمبەر ﷺ بانگی کردەوە فەرمووی: ڕەبیعە داوای چی دەکەیت؟ ڕەبیعە وتی: ئەی پێغەمبەری خوا

---

[٣٩]- فقال: ففكرت في نفسي فعرفت أن الدنيا منقطعة زائلة، وأن لي فيها رزقاً سيكفيني ويأتيني، قال: فقلت: أسال رسول الله ﷺ لآخرتي، فإنه من الله عز وجل بالمنزل الذي هو به.

صَلَّىٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ داوات لێ‌دەکەم شەفاعەتم بۆ بکەی لای خوای پەروەردگار کە لە ئاگر پارێزراو بم و لەگەڵتان بم لە بەهەشتدا![٤٠]

پەیبعە دەزانێ قورسی سەرشانی چەندە سەختە بۆیە هەستی بە ماندوو بوونی دنیا کرد و داوای بەهەشتی کرد، بەڵکو نەک بەهەشت بە تەنها، یان فیردەوسی ئەعلا، بەڵکو داوای کرد لەگەڵ خودی پێغەمبەر صَلَّىٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ -دا بێت و پلە و ئاستی ئەوەندە بەرز بێت.

پێغەمبەری خوا صَلَّىٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ زۆر پێی سەرسام بوو، بەو داوا نایاب و ناوازەیە، ئەو چاکە خوازی و خۆپارێزی و پڕ تەقواییە، پێغەمبەر صَلَّىٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ فەرمووی: کێ فێری ئەم وتەیەی کردی پەیبعە؟! (من أمرک بهذا یا ربیعة؟)

پەیبعە وەڵامی پێغەمبەر صَلَّىٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ -ی دایەوە وتی: سوێند بەو خوایەی تۆی بە حەق ناردووە هیچ کەس فێری نەکردووم، بەڵام کە جەنابت فەرمووت داوا بکە تا پێت ببەخشم، بیرم کردەوە کە ڕزق و ڕۆزیم هەر لای خوای پەروەردگار بۆ دێت، منیش داواکەم ئەوە بوو پاش بیرکردنەوەم کە خوای پەروەردگار بمگەیەنێتە جێگا و مەنزڵگای جەنابت لە بەهەشتدا، چاوم لە

٤٠- قال: فجئت، فقال رسول الله صَلَّىٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ: ما فعلت یا ربیعة؟ أي: هل فکرت في الطلب الذي تریده؟ فقلت: نعم یا رسول الله! أسألک أن تشفع لي إلى ربک فیبعتقني من النار- وفي روایة مسلم- أسألك مرافقتك في الجنة.

مالّی دنیاش نییە، چونکە دێت و دەبڕێتەوە، بۆیە وتم: لە پێغەمبەری خوا صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ داوای ئاخیرەت دەکەم.[41]

پێغەمبەری خوا صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ ئەوەندەی تر پێی سەرسام بوو، بێ دەنگی دایگرت، بەڵام بێدەنگییەکی دوور و درێژ، چونکە سەرسامە بە لاوێک ئەم وتە ناوازە و پڕ مانا و قوڵ و گەورانە دەکات، کە تەمەنی هێشتا نەگەیشتبووە بیست ساڵ، پاشان پێغەمبەری خوا صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ ڕەبیعە فەرمووی: بە من کارەکەت بۆ ئەنجام ئەدەم[42].

خۆش بەحاڵت ڕەبیعە گەیشتیتە چ ئاستێک، دوعای پێغەمبەری خوا صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ بە دڵنیایی گیرایە، هاوڕێیەتی پێغەمبەری خوا صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ دەکەیت لە بەهەشتدا، بەڵام پێغەمبەری خوا صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ هەر دەستبەرداری نابێت بۆ ئەوەی کار بکات و بگاتە ئەو ئاستە پێویستە لە لایەن ڕەبیعە چەند ئاراستەیەکی پێغەمبەری خوا صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ جێ بەجێ بکات، بۆیە پێغەمبەری

---

[41]- فتعجب النبي عَلَيْهِٱلصَّلَاةُوَٱلسَّلَامُ من ذلك وقال له: يا ربيعة! من أمرك بهذا، من علمك هذا الكلام؟ فقلت: لا والله الذي بعثك بالحق، ما أمرني به أحد، ولكنك لما قلت سلني أعطك! وكنت من الله بالمنزل الذي أنت به؛ نظرت في أمري، وعرفت أن الدنيا منقطعة زائلة، وأن لي فيها رزقاً سيأتيني، فقلت: أسأل رسول الله صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ لآخرتي!.

[42]- قال ربيعة: فصمت رسول الله صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ طويلاً، ثم قال لي: إني فاعل!.

خوا ﷺ فەرمانی پێکرد، لە مەولا سوجدەی زۆر بەرە بۆ خوای پەروەردگار[٤٣].

دیارە سوجدەبردنی زۆر بۆ خوای پەروەردگار ئاستی ئیماندار بەرز دەکاتەوە، پلەی بەرزی پێدەبەخشێت لە بەهەشتدا.

ئەگەر بە چاوێکی شیکاری واقیعانە بیر لەم ڕووداوە بکەینەوە، چی دەبوو ئەگەر ڕەبیعە داوای پارە و سامان و خانوو و ژنی بکردایە لە پێغەمبەری خوا ﷺ، زۆر ئاسان بوو پێی دەبەخشی، خۆ ئەمانە هیچی حەرام نییە بەڵکو حەڵاڵە، مافی هەموو کەسێکە کە خاوەنی بێت.

بەڵام داوای بەهەشتی کرد و لە ئاگری دۆزەخ پارێزراو بێت و لە بەهەشتدا لەگەڵ پێغەمبەری خوا ﷺ کۆ ببێتەوە، کامیان باشترە؟!

لە واقعیشدا کێشە نییە داواکردنی ماڵی دنیا و هیچ هەڵەیەکی تێدانییە، بەڵام ڕەبیعە دڵی پڕ لە ژیانی بەهەشتە و کار بۆ قیامەت دەکات.

بۆ نموونە ئەگەر لە کەسێک بپرسیت چەند داوا دەکەیت لە پارە؟!

دەڵێت: یەک ملیار دۆلار.

کەسێکی تر دەڵێت: منیش (٢٥٠) دیناری عێراقیم دەوێت، (٢٥٠) دیناری عێراقی بەرامبەر بە یەک ملیار دۆلار چی دەکات؟

---

[٤٣]- فأمر رسول الله ﷺ إني فاعل، فأعني على نفسك بكثرة السجود.

بە دڵنیاییەوە هیچ.

بیرکردنەوەی ڕەبیعەی کوڕی کەعبی ئەسلمی بەو شێوەیە، هیچ شتێک سەرقاڵی ناکات ئەوەندەی بەهەشت، ماڵ و سەروەت و سامان و ژن و پێداویستییەکانی تر وەکو (٢٥٠) دیناری عێراقیەکەی ئێستا و ملیار دۆلارەکەیە.

حاڵ و گوزەرانی هاوەڵان بە لۆژیکی ڕەبیعە بیریان دەکردەوە، هیچ شتێک سەرقاڵی نەدەکردن تەنها بەهەشت و نیعمەتەکانی نەبێت، هەر بۆیە ڕەبیعە و هاوەڵان هەمیشە لە پەرستنی خوای پەروەردگارو خزمەتی دین و پێغەمبەر ﷺ -دا بوون، زۆر کەم لە ئێمە ناوی ئەم هاوەڵەی بیستووە و لە ژیانی شارەزا بووین لە کاتێک پێشەنگە بۆ ئێمە و هەر ئەو بیرکردنەوە و ئیمانە وای لێکرد ببێتە ئەستێرە.

وێستگەیەکی تر لە ژیانی هاوەڵان، ئەنەسی کوڕی مالیک بۆمان دەگێڕێتەوە لە صەحیحی ئیمامی ئەحمەد و (موسلیم دا هاتووە، دەڵێت: لە جەنگی (بەدر)دا نزیک بووینەوە لە موشریکەکان، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: هەستن بۆ ئەو بەهەشتەی کە پانتاییەکەی هێندەی ئەم گەردوونەیە، (قوموا إلى جنة عرضها السموات والأرض).

هەروەها چەندین جار لە قورئاندا گوێمان لێبووە و خوێندوومانەتەوە خوای پەروەردگار دەفەرموێت:

﴿* وَسَارِعُوٓاْ إِلَىٰ مَغۡفِرَةٖ مِّن رَّبِّكُمۡ وَجَنَّةٍ عَرۡضُهَا ٱلسَّمَٰوَٰتُ وَٱلۡأَرۡضُ أُعِدَّتۡ لِلۡمُتَّقِينَ ١٣٣﴾ آل عمران

واتە: پێشبڕکێ و پەلە بکەن بۆ لێخۆشبوونێك لە پەروەردگارتانەوە بۆ بەهەشتێك کە پانتاییەکەی فراوانە بە فراوانی ئاسمانەکان و زەوی کە گەورەترین دروستکراون کە خوای گەورە ئەو بەهەشتەی ئامادەکردووە بۆ ئەو کەسانەی کە تەقوای خوای گەورە ئەکەن (ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە بەهەشت ئێستا دروستکراوەو ئامادەکراوە).

یەکێک لە هاوەڵان بە ناوی عومەیری کوڕی حومامی ئەنساری کە گوێی لە وتەکەی پێغەمبەر ﷺ بوو، زوو لێی تێگەیشتو تەدەبوری کرد، بەهەشتێک پانتایەکەی زەوی و ئاسمانەکان بێت، مەبەست هەموو گەردوونە، بەڵایەوە زۆر گەورە بوو، بۆیە خێرا وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ پانتایەکەی هێندەی هەموو زەوی و ئاسمانەکانە؟! یەکەم جار گوێی لێبێت، پانتایی زەوی و ئاسمانەکان، ئێمە تەنها لە گۆشە نیگایەکی بچووکەوە کە چاومانە تەماشای ئاسمانی یەکەم دەکەین کە چەندە فراوانە، بە گەورەترین تلسکۆپ ئەگەر تەماشا بکەین دەبێت چی بێت، هەموو زانستی دونیا نەیتوانیوە تێپەڕ بکات لە ئاسمانی یەکەم.

بۆیە بە سەرسوڕمانەوە عومەیری کوڕی حومام پرسی داخوا ئەوەندە فراوانە؟

پێغەمبەری خوا صَلَّىٰ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: بەڵێ، عومەیریش وتی: بەخین بەخین[٤٤].

فقال رسول الله صَلَّىٰ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: نعم، قال عمير: بخ بخ!

پێغەمبەری خوا صَلَّىٰ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ واپەی برد کە عومەیر بڕوایی بە وتەکەی نییە بۆیە فەرمووی: چی وای لێکردی بڵێیت: بەخین بەخین؟!

عومەیر وتی: سوێند بە خوا تەنها حەز دەکەم لە ئەهلی ئەو بەهەشتە بم هیچی تر، پێغەمبەری خوا صَلَّىٰ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە زانی ڕاستگۆیە، عومەیر بە ڕاستگۆیی داوای دەکات، فەرمووی: تۆ لە ئەهلی ئەو بەهەشتەی[٤٥].

بەو شێوەیە عومەیر بۆی دەژیا ئومێدەوار بوو کە لە ئەهلی ئەو بەهەشتە بێت، کە زانی ئەهلی بەهەشتە بەو هەواڵەی پێغەمبەر صَلَّىٰ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ - پێیدا، ئیتر زانی هیچ شتێک ڕێگری لێناکات تەنها جێهێشتنی ئەم دنیایە نەبێت و بمرێت، چەند خورمایەکەی بە دەستەوە بوو تا بیخوات، پاشان گوتی: ئەگەر بمەوێت بژیم تا ئەو خورمایانە دەخۆم ئەوە ژیانێکی دوور و درێژە، ئەگەر ژیام یەک خولەک یان چەند خولەکێک ئەو ژیانە دوور و درێژە، ئەو دەیویست ڕاستەوخۆ بڕوات بۆ بەهەشت کاتی نەبوو بۆ خواردن، ئەم قسەیەی

---

[٤٤]- وشەیەکە بۆ شتی زۆر گەورە لە ناو عەرەبدا هاتووە.

[٤٥]- فقال رسول الله صَلَّىٰ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: ما حملك على قول بخ بخ؟ قال: لا والله يا رسول الله! أنا مصدق، لكن رجاء أن أكون من أهلها، فقال رسول الله صَلَّىٰ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: لما رأى الصدق في عمير بن الحمام رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ وأرضاها فإنك من أهلها.

کردی تەنها دروشم نەبوو، بەڵکو ڕاستگۆ بوو لە گەڵ خۆیدا و بە کردار سەلماندی، چونکە دەیزانی بە مردنی گۆڕەکەی بۆ دەبێتە باخێک لە باخەکانی بەهەشت، پاشان نیعمەتی زۆر گەورە بە دەست دەهێنێت، ژیانی هەمیشەیی لە بەهەشتدا بە دەست دەهێنێت، بۆیە خێرا هەموو خورماکانی فڕی دا و دەستی کرد بە جەنگ هەتا شەهید بوو[٤٦].

ئەو ئاوات و ئومێدەی کە هەیبوو بە دەستی هێنا، خەڵکانێک داوای تەمەن درێژی دەکەن، بەڵام عومەیر بە ڕاستگۆیی بە دوای مەرگەوە بوو، ڕاستی کرد لەگەڵ خوادا خوای گەورە ڕاستگۆیی خۆی پێبەخشی، بەهەشتی کردە نسیبی عومەیری کوڕی حومام.

سەرەتای بەیعەتەکان بە بەهەشت

پێغەمبەری خوا ﷺ کە بە دوای مەئوادا دەگەڕا و ڕووی دەکردە هەر هۆز و عەشیرەتێک کە داوای دالّدەدانی لێ دەکردن، نرخی دالّدەدانەکەی تەنها بە هەشت بوو، ئەوەی پێی ڕازی بوو عەزیز بوو بەو بەهایە.

لە موسنەدی ئیمام ئەحمد دا هاتووە، لە هاوەڵی بەڕێز (عەبادەی کوڕی صامت) دەڵێت: من یەکێک بووم لەوانەی کە لە پەیمانی عەقەبەی یەکەم دا بەشدار بووم، بەشدار بووان (١٢) پیاو بوون، بەیعەتمان دا بە پێغەمبەری خوا

---

[٤٦] - فأخرج تمرات من قرنه، فجعل يأكل منهن، ثم قال: لئن أنا حييت حتى آكل تمراتي هذه إنها لحياة طويلة، فرمى بما كان معه من التمر، ثم قاتلهم حتى قتل.

صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بەیعەتەکە ناونرا بە بەیعەتی ئافرەتان[٤٧]، داوامان لێکرا کە شیرک بۆ خوای پەروەردگار بڕیار نەدەین، زینا نەکەین، دزی نەکەین، منداڵەکانمان نەکوژین لە ترسی ڕزق و ڕۆزی، بوختان بۆ کەس ئەنجام نەدەین لە ڕووی دزی و ناموووس و شەرەفەوە، سەرپێچێ نەکەین لە کرداری چاکەدا.

ئەم شەش خاڵە کە جەوهەری بەیعەتەکە بوو بریتین لە:

١- هاوبەش بڕیار نەدەین.

٢- دزی نەکەین.

٣- زینا نەکەین.

٤-منداڵەکانمان نەکوژین.

٥- بوختان ئەنجام نەدەین.

٦- سەرپێچی نەکەین لە فەرمان کردن بە چاکە.

ئەنجامی پیادەکردنی ئەم شەش خاڵە بەهەشتە، پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: ئەگەر ڕاست و بەوەفا بوون دەچنە بەهەشت، خۆ ئەگەر

---

[٤٧]- (هۆکاری ناونانی بەیعەتەکە بە ناوی بەیعەتی ئافرەتان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی داوایان لێ نەکرابوو کە جەنگ بکەن و جیهاد فەرز نەکرابوو).

غەشتان کرد و ڕاستگۆ نەبوون، ئەوە فەرمان لە دەستی خوای پەروەردگاردایە یان لێتان خۆش دەبێت یاخود ئازارتان ئەدات و تۆڵەتان لێ دەکاتەوە[٤٨].

هیچ هاوەڵێک سەرپێچی نەکرد لەو خاڵانە، بۆیە خوای پەروەردگار خستنیە بەهەشتەوە.

نرخی کارکردن لە بەیعەتی دووەم

گومانی تێدا نییە لە دوای سازێک هاوەڵان گەڕانەوە بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ و بەیعەتەکە لەسەریان زۆر سەخت و قورس بوو لە چاو بەیعەتی یەکەمدا، لێرەدا خوێندنەوەیەکی زیاتر دەکەین بۆ پەیمانی عەقەبەی دووەم، هەروەها لە مەسنەدی ئیمامی ئەحمددا هاتووە، لە هاوەڵی بەڕێز جابری کوڕی عەبدوڵڵا دەڵێت: وتمان: بە پێغەمبەری خوا ﷺ لەسەر چی بەیعەتت پێ بدەن، یاخود لەسەر چی بەیعەتمان لێ وەردەگریت ئەم بەیعەتەش لە چەند خاڵێکدا خۆی دەبینییەوە، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی:

---

[٤٨]- في مسند الإمام أحمد بن حنبل رَحِمَهُ ٱللَّهُ ، يقول عبادة بن الصامت رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُ: كنت فيمن حضر العقبة الأولى، وكنا اثنا عشر رجلاً، فبايعنا رسول الله ﷺ على بيعة النساءوذلك قبل أن يفرض الجهاد،بايعناه على أن لا نشرك بالله شيئاً، ولا نسرق، ولا نزني، ولا نقتل أولادنا، ولا نأتي ببهتان نفتريه بين أيدينا وأرجلنا، ولا نعصيه في معروف فإن وفيتم فلكم الجنة، وإن غشيتم من ذلك شيئاً فأمركم إلى الله؛ إن شاء عذبكم، وإن شاء غفر لكم.

یەکەم: بەیعەتم بدەنێ لەسەر گوێرایەڵی و سەرپێچی نەکردن لە چالاکیتان و لە تەمبەڵیتان[٤٩].

ئەوانەی بەیعەت ئەدەن لە عەقەبەی دووەمدا بونیادی ئەم ئوممەتەیان لەسەر دەکرێت، ئەو کۆمەڵەن هەڵگری کۆڵی قورس و ئاڵای ئیسلامن و هەڵگری بانگەوازەکەن بە گشتی، بۆیە پێغەمبەر ﷺ زۆر بە ئاشکرا و ڕوونی پێیان ڕادەگەنێت ئەم بەیعەتە زۆر گەورەیە بۆیە دەبێت گوێرایەڵی (١٠٠٪) بن و سەرپێچی کردن هەموو کارێک ئەنجام بدەن، تەنها بە گوێڕایەڵی و سەرپێچی کردن وازیان لێناهێنێت، بەڵکو لە هێز و توانا و چالاکیاندا و لە تەمبەڵی و خەواڵویاندا!

لەوانەیە مرۆڤ بۆ کارێک زۆر چالاک و حەماسی هەبێت و بانگەواز بکات کە توانا و چالاکی وزەی هەبوو، ئەم چالاکی و هێز و توانایە پاڵی پێوە دەنێت بۆ کارکردن، بەڵام ئەگەر مرۆڤ لە حاڵەتی تەمبەڵی و بێزاری و بێتاقەتیدا دەبێت بە هەمان شێوە بێت، واتا ناتوانێ بڵێ هیلاکم، بێزارم، عاشقم، بێ پارەم، بێ کەسم، بێ هێزو...هتد. کە فەرمانت پێ کرا بۆ نوێژ، ڕۆژوو، زەکات، حەج، جیهاد، فەرمان بەچاکە و ڕێگری لە خراپە، دەبێت گوێڕایەڵ بێت و وازهێنان نییە، بەڵکو لەهەموو حاڵەتەکاندا دەبێت بەردەوام و گوێڕایەڵ بیت.

---

[٤٩]- تبايعوني على: السمع والطاعة في النشاط والكسل.

لەوانەیە لە کاتێکدا چالاک بیت بۆ جیهاد، بەڵام لە کارێکی تردا سەرقاڵی بازرگانی و ژنهێنان و توانای لاشەیت لاواز بووە، هیچ هەنجەتێکت نییە بۆ گوێڕایەڵی نەکردن، مادام تۆ هەڵگری ئەم ئاڵایەیت و بونیادی ئۆممەتەکەت لەسەر شانە دەبێت بەردەوام بیت، بەو شێوەیە هاوەڵان پەروەردە دەبوون لەسە دەستی مامۆستای مرۆڤایەتی پێغەمبەری خوا صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ.

دووەم: بەخشینی سەروەت و سامان لە کاتی بوون و نەبووندا، یاخود لە کاتی قورسی و سەختی و ئاسانکاری هەبووندا، (على النفقة في العسر واليسر)، بەخشین لەکاتی بوونداا ئاساییە، بەڵام لە کاتی موحتاجی خۆت و کەس و کارت زۆر سەختە، بەڵام پێغەمبەری خوا صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ ئەو مەرجەی بۆ داناوین بۆ ئەوەی پەروەردە بین لەسەر خۆنەویستی لە پێناوی خەڵکیدا، ئەوەش وەسفی ئۆممەتی ئیسلامییە کە ناسراوە بە باشترین خەڵکی بۆ خەڵکی (خير أمة).

سێیەم: بەیعەتدان لەسەر فەرمانکردن بە چاکە و ڕێگری کردن لە خراپە، (وعلى الأمر بالمعروف والنهي عن المنكر).

لە ڕستیدا ئەمەش کارێکی زۆر قورسە لەسەر نەفسی مرۆڤ و زۆرجار لەسەر خۆی دەکەوێت و بەسەر خۆیدا دەشکێتەوە، بۆ خۆی کارەکە زۆر سەختە.

چوارەم: بەیعەت بدەن کە هەڵسن بۆ کارکردن و لە لۆمە و تانە و تەشەر و لۆمەی لۆمەکاران نەترسن،

(وعلى أن تقولوا وفي رواية: وعلى أن تقوموا في الله لا تأخذكم فيه لومة لائم)، ئەم مەرجەش زۆر سەختە، هەرچەندە سەرسەختی و دوژمنکاری پوو بەڕووی بانگەواز و بانگەوازچییان بێتەوە نابێت هیچ هەنجەت و بیانوویەک بدات بەدەستەوە و لە کارەکە بوەستیت و ئیتر واز لە بانگەوازەکەی بهێنێت.

پێنجەم: بەیعەتم بدەنێ لەسەرخستنم ئەگەر هاتمە ناو شاری (یەثریب) واتا مەدینە، دەمپارێزن هەروەکو مالّو منداڵی خۆتان دەپارێزن و خۆتان چۆن دەپارێزن، (وعلى أن تنصروني إذا قدمت يثرب، فتمنعوني مما تمنعون منه أنفسكم وأزواجكم وأبناءكم).

مەرجی پێنجەم لە هەمووی سەختترە، چونکە یاری منداڵان نییە و پرسەکە دینە و لەلای خواوە هاتووە، پێویستی بە ڕاستگۆیی، بەرخودان، بەرگری کردن، هەوڵدان، گیانبەخشین هەیە، ئەم کارەش پێویست تر لە خۆت و مالّ و منداڵ و ژن و هەموو کەسوکارت، سەختی ئەم کارە بە مالّی دنیا پێوانە ناکرێت، بەڵکو پێویستی بە کاری قیامەتی هەیە تەنها پاداشتەکەی لە ڕۆژی ئاخیرەت دا دەدرێتەوە.

لە دوای ئەم شەش مەرجەی تری لە پەیمانی عەقەبەی دووەم دا، هەر دوو بەیعەتەکە (١٢) مەرج تێیدا ڕوویدا، داخۆ پاداشتی ئەو مەرجانە چی بێت؟ هەموو ئەم مەرجانە لەبەرانبەر چیدا؟!

سەروەت و سامان، پلە و پایە، پۆستی دەوڵەت و حوکومەت وەردەگرین، ئەی چی وەردەگرین ئەگەر ئەمانەمان لە پێناوی خوادا بەکار هێنا، نرخەکەی چییە؟!

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: بەهەشت وەردەگرن (ولكم الجنة) لە (١٢) مەرج و (٤٠) وشەی کار کردن تەنها نرخەکەی یەک وشەیە بەهەشت.

ئەگەر لە واتا و مەفهومی ئەم وشەیە تێگەیشتی و کارت بۆ کرد، هەرگیز شکست ناخۆیت هەمیشە سەرکەوتوو دەبیت لە هەموو دنیادا، لەم دنیایەدا ئەگەر بە دوای بەهەشتەوە بوویت کەرامەتت پارێزراوە، عیزەتت پارێزراوە، کەسایەتیت بەهێزە...هتد، بۆ قیامەتیش گومانی تێدا نییە کە براوەی یەکەمی!

هەروەها جابری کوڕی عەبدوڵڵا دەڵێت: هەڵسانەوە تا دەست بخەینە ناو دەستی پێغەمبەر ﷺ و بەیعەتەکە ئەنجام بدەین، کوڕێکی گەنج کە لە (٧٠) کەسە ئامادەبووەکەی ئەو بەیعەتە بوو، لە هەموویان بچووکتر بوو، ناوی (ئەسعەدی کوڕی زوارە) بوو، دەستی پێغەمبەر ﷺ -ی گرتوو وتی: لەسەرخۆبن ئەی گەلی (یەثریب) ئێمە پێشوازی لە کەسێکی ئاسایی و ڕێبوار ناکەین وا بزانن مرۆڤێکی سادە و سانایە، ئێوە باش دەزانن ئەم کەسە پێغەمبەری خوایە ﷺ، ئەو ڕۆژەی کە دەربەدەر دەکرێت و لە هۆزەکەی جیا دەبێتەوە، بە واتای ئەوەیە کە هەموو عەرەب لەگەڵیدا دەجەنگن بە گشتی، دەبێت جەنگ هەڵبژێرین، شمشێر دەچەقێنن بە گیانیاندا، ئەو دەمە دەبێت پیاوی ئەو مەیدانە بن، ئارام بگرن لە چەقاندنی

شمشێر بە گیانتاندا، ئەگەر دەتوانن ئەو کارە ئەنجام بدەن و ئازار و چاونەترس و ئارامگر بن، جەنگ دەکەن دژی هەموو عەرەب دەوەستنەوە، وەرن بەیعەت بدەن و پێغەمبەر ﷺ بۆ خۆتان بەرن و پاداشت و ئەجرتان لەسەر خوای پەروەردگارە.

خۆ ئەگەر دەترسن و پیاوی ئەو مەیدانە نین، لە ژیان و نەفسی خۆتان دەترسن، وازی لێ بهێنن و خوای گەورە دەیپارێزێت و لەسەر ئێوەش ناکەوێت، هەموو وتیان: واز بهێنە لە کیسی خۆمانی نادەین و ناهێڵین لە دەستمان دەربچێت، هەروا بە ئاسانی وازی لێ ناهێنین، هەموو پیاوانە هەڵسان لەسەر مەرجەکانی عەبباس ئامادە بوون لە بەیعەتەکەدا، بەیعەتیان دا بە پێغەمبەر ﷺ لەسەر بەهەشت[٥٠].

لەگەڵ ئەوەی ئەو کۆمەڵە هاوەڵە نوی بوون هەیان بوو چەند ڕۆژێک بوو موسڵمان بو بوو، هەیان بوو یەک ڕۆژ بوو موسڵمان بو بوو، یاخود مانگێک یان دوو مانگ دوورترین کەسیان کەوا موسڵمان بو بوون دوو ساڵ بوو ئیمانیان

---

[٥٠]- يقول جابر بن عبد الله رضي الله عنهما : فقمنا نبايعه، وأخذ بيده أسعد بن زرارة- وهو أصغر السبعين- إلا أنه قال: رويداً يا أهل يثرب، إنا لم نضرب إليه أكباد المطي إلا ونحن نعلم أنه رسول الله، وأن إخراجه اليوم مفارقة العرب كافّة، وقتل خياركم وأن يعضكم السيف . فإن أنتم قوم تصبرون عليها إذا مسّتكم، وعلى قتل خياركم، ومفارقة العرب كافّةً، فخذوه وأجركم على الله، وإن أنتم تخافون من أنفسكم خيفةً فذروه فهو عذر عند الله- عز وجل- ! فقالوا: يا سعد، أمط عنا يدك، فوالله لا نذر هذه البيعة، ولا نستقيلها، قال: فقمنا إليه رجلاً رجلاً، فأخذ علينا، ليعطينا بذلك الجنّة.

هێنابوو. شەش کەسی خەزرەجی بوون، لەگەڵ ئەوەشدا کە چەندە سەرەتا بوون لە ناو ئەم دینەدا، بەڵام تێگەیشتنێکی زۆر قوڵیان هەبوو هەر یەکەو تێگەیشتن و دید و تێڕوانینی ڕوونیان گەیاند بەو ئاستە بەرزە ئیمانییەی کە هاوەڵان پێیگەیشتبوون.

هاوەڵان ژیان سەرقاڵی نەکرد بوون، بەڵکو قیامەت پلەی یەکەم بوو سەرقاڵ بوون بە بەهەشتەوە، خەریکی کۆکردنەوەی توێشوو بوون بۆ بەهەشت، چونکە دەیانزانی ژیان نرخی (ئەرزشی) نییە، بەڵکو ماندوو بوون و خۆ سەرقاڵ کردن بە بەهەشت ئامانجی سەرەکییە.

خۆ پاراستن لە ئاگری دۆزەخ لە چاوی هاوەڵانەوە

هاوکێشەکە زۆر سادە دەبێتەوەکە ئیماندار هەوڵی بۆ بەهەشت بوو ڕاستەوخۆ دوور کەوتنەوەیە لە ئاگری دۆزەخ، هاوەڵان بە جۆرێک خوا و پێغەمبەر ﷺ -یان خۆش دەویست کە ترسی دۆزەخیان نەبوو، مرۆڤ بە سرووشتی وا هەڵکەوتوە هەر کەسێکی تری خۆشویست گوێرایەڵی دەبێت، عەرەب دەڵێ: (ان المحب لمحبه مطيع) خۆشەویست بۆ خۆشەویستەکەی هۆگرو گوێڕایەڵە.

لەبەر ئەوەی زۆربەی هاوەڵان لە بەهەشت گەڕاون و تۆتۆماتیکی لە دۆزەخ دوور کەوتوونەتەوە.

بەڵام بۆ ئەوەی تابلۆکە.لەبەر چاوماندا پارسەنگ بێت، بەهەمان شێوەش ئاوێتە بوو بوون لەگەڵ کێشەی دۆزەخ دا تەنها پەیوەست نەبوون بە

بەهەشتەوە، هەندێک لە هاوەڵان تەنها لە باسەکانی فیتنە و نیشانەکانی قیامەت پرسیاریان دەکرد، بۆ ئەوەی خۆیان بپارێزن، لەو فیتنە و ئاشوبانە و دوور بن لە ئاگری دۆزەخ، وەکو هاوەڵی بەڕێز حوزەیفەی یەمانی.

نموونەی عەبدوڵڵای کوڕی ڕەواحەی ئەنصاری کاتێک سوپای موئتە خواحافیزی لێکرا و ئەمیرەکانی بەڕێ کەوتن، یەکێک لە ئەمیرەکانی عەبدوڵڵای کوڕی ڕەواحە بوو، لە سەرەتای ڕێگادا دەستی کرد بە گریان، خەڵکەکە هەموو وایانزانی لە جەنگەکە ئەترسێت، لێیان پرسی چی ئەتگرێنێت؟ لە پرسیارەکەیان تێگەیشت کەوا دەزانن لە ترساندا دەگری!!

وتی: سوێند بە خوا ئەوەی خۆشەویستی بێت بۆ دنیا نیمە و گرنگی تەنانەت یەک پەنجەی نییە لای من (أما والله ما بي حب الدنيا -لا تظنوا أني أبكي لأجل الدنيا -لا صبابة بكم).

پێی ڕاگەیاندن کە دنیا هیچ بەهایەکی (ئەرزشێکی) نییە تا بترسم و بۆی بگرییم، ئاوات و ئامانجم ئەوەیە لە پێناوی خوای گەورە دا شەهید بم.

بەڵام ئەی چی عەبدوڵڵای کوڕی ڕەواحە دەگریەنێت لەم کاتەدا؟!

عەبدوڵڵا وتی: گوێم لە پێغەمبەر ﷺ بووە، ئایەتێکی خوێندەوە لە قورئاندا کە هەموو بە جەهەنەمدا ڕەد دەبن ئایەتەکەی خوێندەوە:

﴿وَإِن مِّنكُمْ إِلَّا وَارِدُهَا ۚ كَانَ عَلَىٰ رَبِّكَ حَتْمًا مَّقْضِيًّا ﴿٧١﴾﴾ مریم

واتە: هیچ کەسێك لە ئێوە نیە ئیلا ئەبێ بەسەر پردی (سیراط) دا تێپەڕێ و بچێتە سەر ئاگری دۆزەخ ئەمە کارێکە و بڕاوەتەوە و کۆتایی هاتووە و خوای گەورە بڕیاری لەسەر داوە من تێناگەم چۆن دەچینە ناوی چۆن دەردەچین؟! ئەو گریانە ئەو ئایەتەی بیرکەوتەوە لە کاتی چوون بۆ جیهاددا ئەو لە شەهید بوون نەدەترسا، بەڵکو هەوڵی بۆ دا و هەر لەو جەنگەدا شەهید بوو.

عەبدوڵڵا هاوەڵێکی سەرکردە و (قیادی) خاوەن فەزڵ بوو، پێگە و پلە و پایەی بەرزی هەیەو لە گەورە هاوەڵان هەژمار دەکرێت، لەگەڵ مانا و واتاکانی قورئان دا دەژیا و ئاوێتە بوو لەگەڵ بەهەشت و دۆزەخ دا، لە ئاگر دەترسا، وا خۆی دەبینی لە تاوانبارانە، یاخود لە مونافیقەکانە، یان ئەهلی شیرک لەگەڵ ئەوەی کە لە هاوەڵە ئیمان بەرزەکان بوو، پەزامەندی خوا لە عەبدوڵڵا و لەهەموو هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ بێت.

بەهەشت و دۆزەخ لە چاوی ئیمەوە

پێویستە ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین و هەڵوەستەیەک وەربگرین بڵێین بۆچی ئیمە وەکو هاوەڵان و پیاوچاکان ئاوێتە نابین بە باسەکانی بەهەشت و دۆزەخ و کاریگەری ئەوتۆ لەسەرمان دروست ناکات؟

بە دڵنیاییەوە هەمو ئیماندارێک حەزی بە بەهەشتە و ترسی لە دۆزەخ هەیە، بەڵام ئایا وەکو ئەوەی هاوەڵان تینوو بوون بۆ بەهەشت و خۆیان دەپاراست

لە دۆزەخ، ئێمەش واین؟ ئایا بەو شێوەیە لەگەڵیدا دەژین و ئاوێتەی دەبین و کاریگەری لەسەرمان جێدەهێڵێت؟

هەموو ئەم پرسیارانە و چەندین پرسیاری تر سەرقاڵمان دەکات و دەبێت بەدوای وەڵامی تەندروستدا بگەڕێین بزانین ئەوەی هاوەڵان پێیگەیشتوون ئێمەش پێی دەگەین؟ ئەوەی ژیانی ئەوانی پڕ کردبوو لەو پرسە ئایا ژیانی ئێمەش پڕ دەکات تا بگەینە پلە و ئاستی ئیمانی بەهێز؟

گومانی تێدا نییە هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە زانیاری تەواومان نییە لەسەر ئەم پرسە، زانیارییەکانمان زۆر کەم و کورتن تەنانەت زانا و بانگخوازەکانمان زۆر فەنتازیایانە باسی دەکەن و لە شێوەی خەیاڵدا دەیخوێننەوە لەگەڵ ناخی مرۆڤی ئیماندار یەکانگیر و ئاوێتە نابێت.

هەرچەندە پێوەری خۆشی بەهەشت و نیعمەتەکانی پێوەرناکرێت لەگەڵ نیعمەت و خۆشییەکانی دنیادا، یاخود دۆزەخ ئازار و ئەشکەنجە و گڕوتینی پێوەر ناکرێت بە ئازار و ئەشکەنجە و دنیا و ئاگری ئەم دنیایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەندەی لە قورئان و فەرموودەدا هاتووە بەسمانە کە بتوانین لەگەڵیدا مامەڵە بکەین و بژین و ئاوێتەی ببین و کاریگەری زۆر گەورە لەسەرمان دابنێت، ئەگەر ئیماندار زانیاری ورد و قوڵ و پڕ مانا و تەفسیلاتی بەدەست هێنا لەسەر بەهەشت بەدڵنیاییەوە موشتاقی دەبێت.

ئەگەر زانیاری بە هەمان شێوە لەسە دۆزەخ و ئازارو ئەشکەنجە و ترسناکی بە دەست بهێنیت مرۆڤ بە دڵنیاییەوە خۆی لێ دەپارێزیت، ئەگەر

هەر بڵێین ئاگر شتێکی ترسناکە و بەهەشت جوانە، زۆر کاریگەری دروست ناکات لەسەر دڵ و دەروون بەڵکو پێویستی بە ڕوونکردنەوەی زۆرە.

کەمترین خەڵاتی خەڵکی بەهەشت

لێرەدا دەمانەوێت زیاتر ڕوونکردنەوەیەکی بچووک بدەین لەسەر کەمترین خەڵات و نیعمەت کە دەدرێت بە ئەهلی بەهەشت، لە ڕاستیدا مرۆڤ سەرسام دەبێت و حەیران دەبێت لە باسەکانی بەهەشت کە لەفەرموودە و قورئان دا هاتووە، بە سەدان ئایەت و فەرموودە باس لە نیعمەتەکانی بەهەشت دەکەن، لێرەدا تەنها یەک فەرموودەمان هەڵبژاردوە، کە کەمترین خەڵاتە دەدرێت بە خەڵکی بەهەشت و کەمترین نیعمەتە پێی دەدرێت، هەموو ئەهلی بەهەشت لەم کەسە زیاتر وەردەگرێت لە موڵک و سامان و نیعمەت.

ئیمامی موسلیم لە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعودەوە بۆمان دەگێڕێتەوە لە پێغەمبەری خوا ﷺ-ەوە دەفەرموێت: کۆتا کەس کە دەیباتە بەهەشت، کەسێکە زۆر بە هێواشی دەڕوات و زۆر جار دەکەوێت و هەڵئەسێتەوە، هەندێک جارێک دەکەوێتە ناو ئاگر و لە ناو ئاگردا دەسوتێت، پاشان لە ناو ئاگر ڕزگاری دەبێت و دێتە دەرەوە، دوای ئەو هەموو ئازارو ئەشکەنجە و ناڕەحەتییە کە دۆزەخ تێپەڕ دەکات پاشان ئاوڕ ئەداتەوە دەڵێت: پاک و بێگەردی بۆ ئەو زاتەی ڕزگاری کردم لە دۆزەخ، بە ڕاستی هەموو شتێکی پێ بەخشیوم کە بە هیچ کەسی نەداوە، تەنها بە هاتنە دەرەوەی لە ئاگری دۆزەخ گەورەترین بەهەشتە و گەورەتیرن نیعمەتە بۆ ئەو کەسە، پاشان دەڵێت: ئەوەی بە من بەخشراوە نە بەیەکەم کەس و نە بەکۆتا کەس

بەخشراوە، ئەوەندە پازییە!! وا دەزانێت ئەو نیعمەتەی پێی بەخشراوە لای هیچ ئیماندارێکی تر نییە، چونکە لە ئاگردا ئەوەندە ئازارو ناڕەحەتی چەشتووە، نازانێت کومەڵێک لە ئیمانداران چەندین ساڵ پێش ئەو چوونەتە بەهەشت و لە نیعمەتی خۆشی و شادی ناو بەهەشت دان.

دارێک بەرز دەبینێت لە دوورەوە لە لایەکانی ئاوێکی سازگار و پڕ بەروبوومە، سێبەری خۆشە، دەڵێت: خوای پەروەردگارم بمگەینە ئەو دار و ئاوە تا پشوویەک بدەم و تێر ئاو بخۆمەوە تینوێتم بشکێت.

خوای پەروەردگار وەڵامی ئەداتەوە و دەفەرموێت: ئەی نەوەی ئادەم ئەگەر ئەوەی داوای دەکەیت پێت ببەخشم، ئیتر داوای هیچی تر ناکەیت؟ کەسەکە دەڵێ: نەخێر داوای هیچ ناکەم.

پەیمان و وەفاو عەهد ئەدات بە خوای پەروەردگار کە چیتر داوای هیچ نەکات، خوای پەروەردگار عوزری لێ وەردەگرێت لە دوای ئەو هەموو ناڕەحەتی و تۆڵەی لێ سەندراوەتەوە، ئەوەی کە دەبینێت ئارامی لەسەر ناگرێت گەورەترین و خۆشترین نیعمەتە بۆ ئەو، خوای پەروەردگار ئاواتەکەی دەهێنێتە دی، دەیگەیەنێتە ئەو جێگایەی کە داوای کردووە، لە ژێر سێبەرەکەیدا پشوو ئەدات و ماندووبوونی دەردەچێت و تێروپڕ ئاویش دەنۆشێت.

پاش ماوەیەکی‌تر دارو ئاوێکی تر دەبینێت لەوەی خۆی لە لایایەتی جوانتر و خۆشترە، دیسانەوە داوا دەکاتەوە لە خوای موتەعال بیگەیەنێتە لای کانی و ئاوی دووەم بڕواتە لای ئەو دارە و لە بەروبوومی بخوات.

خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ئەی نەوەی ئادەم، تۆ پەیمان و عەهدت نەدا کە چیتر داوای هیچ شتێکی تر نەکەیت؟!

کەسەکە دەڵێت: ئەمجارە با بگەمە ئەو جێگا پێ ناچێت داوای هیچی تر بکەم ئەی پەروەردگارم؟!

جارێکی تر پەیمان ئەداتەوە کە داوای هیچ نەکات و داواکاری نەمێنێت، خوای گەورە دەیبەخشێت و عوزری وەردەگرێت، چونکە ئەوەی دەبینێت توانای ئارامگرتنی لەسەری نامێنێت.

بۆ جاری سێیەم دار و ئاوێکی تر دەبینێت لە بەر دەرگای بەهەشت دووبارەی دەکاتەوە داوای دەکات خوای پەروەردگار پێی دەبەخشێت و ئیتر چیتر داوا ناکات، کە نزیک دەبێتەوە لەو جێگایە خەڵکی بەهەشت دەبینێت لەچ شاد و خۆشی و نیعمەتێکدان، گوێی لە دەنگیانە. داوا دەکات لە خوای پەروەردگار کە بیخاتە بەهەشت.

خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ئەی نەوەی ئادەم کەی واز دەهێنن لە داواکردن، ئەم هەموو داوایەت لە چییە؟ پازی دەبیت بە هێندەی دنیا مولکت پێ ببەخشم؟

خوای پەروەردگار هێندەی ئەم زەوییە کە چەند فراوان و گەورەیە، حەوت کیشوەری تێدایە بەو پانتاییە زۆرە و زەریاکان و...هتد، دەبەخشیت بۆ کۆتا کەسی بەهەشت کە کەمترین پلەی ئەهلی بەهەشتە!

پاشان کەسەکە تووشی شۆک دەبێت کە بە دار و ئاوێک پێشتر پازی بوو، تا خوای پەروەردگار هێندەی ئەم ژیانەی پێ دەبەخشێت، بەڵکو خوای پەروەردگار دەفەرموێت: هێندەی دنیا جارێکیتر دەبەخشم، واتا دووجار گەورەتر لەم زەوی و ژیانە بە هەموو نیعمەتەکانیەوە!

کەسەکە دەڵێت: پەروەردگار گاڵتەم لەگڵ دەکەیت؟ لە کاتێکدا زاتی بەرزت خوای هەر دوو جیهانی دنیا و قیامەت.

کەسەکە توانای وەرگرتنی ئەو هەموو مواڵکەی نییە، لە دارێکەوە بۆ دارێکی تر داواکاری هەبوو ئێستا خوای گەورە دوو ئەوەندەی زەوی پێدەبەخشێت!

بۆیە وا دەزانێت بۆتە گاڵتە جاڕ، خوای پەروەردگار گاڵتەی پێدەکات!

عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود دەستی کرد بە پێکەنین، پاشان وتی: ناپرسن بۆچی پێدەکەنم؟! پرسیان بۆ پێدەکەنی؟!

لە وەڵامدا وتی: لەبەر ئەوەی خوای گەورە پێکەنی بە وتەی ئەو بەندەیە کە وتی: خوایە گاڵتەم پێ دەکەیت؟ پاشان خوای پەروەردگار فەرمووی: من گاڵتە بە تۆ ناکەم، بەڵام ئەوەی بمەوێت دەیبەخشم.

ئەوەش مولّکی کۆتا کەسە کە دەچێتە بەهەشت دوو جار هێندەی پانتایی زەوییە![٥١]

---

[٥١] - روى الإمام مسلم رَحِمَهُ ٱللَّهُ عن عبد الله بن مسعود رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُ قال: قال رسول الله صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ:- يصف حال آخر أهل الجنة دخولاً الجنة :-آخر من يدخل الجنة رجل، فهو يمشي مرة ويكبو مرة وتسفعه النار مرة، فإذا ما جاوزها التفت إليها، فقال: تبارك الذي نجاني منك لقد أعطاني الله شيئاً ما أعطاه أحداً من الأولين والآخرين فترفع له شجرة- يرى من بعيد شجرة- فيقول: أي رب! أدنني من هذه الشجرة، لأستظل بظلها وأشرب من مائها، فيقول الله عز وجل: يا ابن آدم! لعلي إن أعطيتكها سألتني غيرها، فيقول: لا يا رب! ويعاهده ألا يسأله غيرها، وربه يعذره؛ لأنه يرى ما لا صبر له عليه، فيدنيه منها، فيستظل بظلها ويشرب من مائها، ثم ترفع له شجرة هي أحسن من الأولى؛ فيقول :أي رب! أدنني من هذه لأشرب من مائها وأستظل بظلها، لا أسألك غيرها، فيقول الله عز وجل: يا ابن آدم! ألم تعاهدني ألا تسألني غيرها؟ لعلي إن أدنيتك منها تسألني غيرها! ثم ترفع له شجرة عند باب الجنة هي أحسن من الأوليين؛ فيقول: أي رب! أدنني من هذه؛ لأستظل بظلها، وأشرب من مائها لا أسألك غيرها؛ فيقول: يا ابن آدم! ألم تعاهدني ألا تسألني غيرها؟ قال: بلى يا رب! هذه لا أسألك غيرها. وربه يعذره؛ لأنه يرى ما لا صبر له عليه، فيدنيه منها، الآن أصبح قريباً من الشجرة الثالثة التي على باب الجنة، فإذا أدناه منها فيسمع أصوات أهل الجنة. أنه قد قرب من الجنة جداً، فسمع النعيم والسرور فيها، فيشتاق لهذا النعيم والسرور، فيطلب من ربه أن يدخله الجنة، يقول: أي رب! أدخلنيها؛ فيقول الله عز وجل: يا ابن آدم! ما يصريني منك؟ أيرضيك أن أعطيك الدنيا ومثلها معها؟

فيقول: أتستهزئ مني وأنت رب العالمين!

فضحك ابن مسعود رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُ وأرضاه راوي الحديث ثم قال: للناس الجالسين حولها ألا تسألوني مم أضحك؟! فقالوا: مم تضحك؟!

هەر لە صەحیحی موسلیم-دا هاتووە لە هاوەڵێکی تڕەوە بەناوی موغەیەڕەی کوڕی شوعبە لە پێغەمبەری خوا ﷺ -وە دەفەرموێت: موسا عَلَيْهِ السَّلَامُ پرسی لە خوای پەروەردگار کەمترین خەڵاتی ئەهلی بەهەشت چەندە؟

خوای پەروەردگار دەفەرموێت: کەسێکە کە هەموو خەڵکی بەهەشت چوونە جێگا و مەنزڵگای خۆیان لە بەهەشتدا، خوای پەروەردگار دەفەرموێت: تۆش بڕۆ بەهەشت.

کەسەکە دەڵێت: خوای پەروەردگار چۆن بڕۆمە بەهەشت کە هەموو خەڵکی بەهەشت لە جێگاکاندا جێگیر بوون، وا دەزانی ئیتر جێگا نەماوە لەبەهەشت دا.

لەبەر ئەوەی چەندین ساڵە لە دۆزەخ سووتاوە، هاتنە دەرەوەی لە ناو دۆزەخ بەهەشتێکی نەبڕاوەیە بۆی!

خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ڕازی دەبیت، هەندەی مووڵکی پادشایەکی دنیا مووڵکت بدەمێ؟!

-.-

قال: هكذا ضحك رسول الله ﷺ، فقالوا: هكذا ضحك رسول الله ﷺ، فقالوا: مم تضحك يا رسول الله؟! قال: من ضحك رب العالمين حين قال: أتستهزئ مني وأنت رب العالمين، فيقول الله عز وجل: إني لا أستهزئ منك، ولكني على ما أشاء قادر.

کەسەکە دەڵێت: ڕازیبووم خوای پەروەردگارم.

خوای گەورە دەفەرموێت: وا بۆم کردی بە پێنج ئەوەندە ڕازی بوویت؟!

کەسەکە دەڵێ: ڕازیبووم ئەی پەروەردگارم.

لە کۆتاییدا خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ئەوا بۆم کردی بە دە ئەوەندە، ئەم کەسە خراپترین ئیماندار بوو، (باسی ئەبوبەکر، عومەر، عوسمان و عەلی ناکەم)، کۆتا کەس لە دۆزەخ دێتە دەرەوە، کەمترین خەڵات و سامانی وەرگرتوە لە بەهەشت دا.

بەهەشت جێگای ڕازی کردنی بەندەکانی خوای پەروەردگارە دەفەرموێت: خوای پەروەردگار لە دوای ئەوەی دە ئەوەندەی پادشایەکی سەر زەوی پێدەبەخشیت و دەفەرموێت: تۆ حەزت لە چیبە ئەوەی ئارەزووتە داوای بکە و چاوت بە چی شاد دەبێت ببینە.

کەسەکە دەڵێت: خوا گیان ڕازیم.

حەزرەتی موسا عَلَيْهِ السَّلَامُ سەرسام بوو بەوەی کە کەمترین کەسێک ئەوە مووڵکی بێت، داخۆ ئەوانە پلەیان بەرزە چی وەردەگرن؟!

بۆیە موسا عَلَيْهِ السَّلَامُ فەرمووی: بە پەروەردگاری: ئەی ئەو کەسەی کە پلەی بەرزە و تۆ لێی ڕازیت؟ خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ئەوانە خۆم چاودێریان دەکەم، کەرامەتیان لای خۆمەوە پارێزراوە و بڕیام داوە

ئەوەندەیان پێ ببەخشم کە چاو نەیبینیوە، هەروەها ئەوەی نەی بیستوە بە خەیاڵ و دڵی مرۆڤدا هەرگیز نەهاتووە[٥٢].

پاشان پێغەمبەری خوا ﷺ ئەم ئایەتەی خوێندەوە دەفەرموێت:

﴿فَلَا تَعْلَمُ نَفْسٌ مَّآ أُخْفِيَ لَهُم مِّن قُرَّةِ أَعْيُنٍ جَزَآءًۢ بِمَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ﴿١٧﴾﴾ السجدة

واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: (خوای گەورە ئەوەندە نازو نیعمەتی بۆ بەهەشتیان ئامادە کردووە کە هیچ چاوێك نەیبینیوەو هیچ گوێیەك نەیبیستووەو بە دڵی هیچ کەسێکیشدا نەهاتووە) پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە: هیچ کەسێك نازانێ خوای گەورە چی بۆ ئامادە کردوون و بۆی شاردونەتەوە لە پاداشت و نازو نیعمەتی بەهەشت کە چاویان پێی ڕۆشنا ئەبێت و پێی ئەگەشێتەوە بەهۆی ئەو کردەوە چاکانەی کە لە دونیادا

---

[٥٢]- في صحيح مسلم عن المغيرة بن شعبة رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ وأرضاه أنه قال: قال رسول الله ﷺ: سأَل مُوسَى عليه السلام ربَّهُ، ما أَدْنَى أَهْلِ الْجَنَّةِ مَنْزِلَةً؟ قَالَ: هُو رَجُلٌ يجِيءُ بعْدَ مَا أُدْخِل أَهْلُ الْجَنَّةِ الْجَنَّةَ، فَيُقَالُ لَهُ: ادْخِلِ الْجَنَّة. فَيقُولُ: أَيْ رَبِّ كيْفَ وقَدْ نَزَل النَّاسُ منَازِلَهُمْ، وأَخَذُوا أَخَذاتِهِم؟ فَيُقَالُ لهُ: أَتَرضي أَنْ يكونَ لَک مِثْلُ مُلْک مَلِک مِنْ مُلُوک الدُّنْيا؟ فَيقُولُ: رضِيتُ ربِّ، فَيقُولُ: لَک ذَلِک ومِثْلُهُ ومِثْلُهُ ومِثْلُهُ ومِثْلُهُ، فَيقُولُ في الْخَامِسَةِ: رضِيتُ ربِّ، فَيَقُولُ: هَذَا لَک وعشَرةُ أَمْثَالِهِ، ولَک مَا اشْتَهَتْ نَفْسُک، ولَذَّتْ عَيْنُک. فَيَقُولُ: رضِيتُ ربِّ، قَالَ: ربِّ فَأَعْلاَهُمْ منْزِلَةً؟ قالَ: أُولَئِک الَّذِينَ أَرَدْتُ، غَرسْتُ كرامتَهُمْ بِيدِي وخَتَمْتُ علَيْهَا، فَلَمْ تَر عيْنٌ، ولَمْ تَسْمعْ أُذُنٌ، ولَمْ يخْطُرْ عَلَى قَلْبِ بشَرٍ) ﴿فَلَا تَعْلَمُ نَفْسٌ مَّآ أُخْفِيَ لَهُم مِّن قُرَّةِ أَعْيُنٍ جَزَآءًۢ بِمَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ﴿١٧﴾﴾ السجدة.

ئەنجامیان ئەدا لەوانە شەونوێژ کە بە نهێنی ئەنجامیان دەدا خوای گەورەش پاداشتی بۆیان شاردەوە.

ئەگەر مرۆڤێک کۆتا کەس بێت بڕواتە بەهەشت، لەوانەیە پیاو چاکێکی ئاسایی مولّکەکەی هێندەی کۆمەڵەی خۆر بێت، لاتان سەیر نەبێت، لەوانەیە زۆر زیاتریش بێت، جێگای سەر سوڕمان نەبێت لاتان، گەلە ئەستێرەی (دەڕبول تەبانە) (درب التبانة) تەنها ئەو مەجەرە (٤٠٠) هەزار ملیۆن کۆمەڵەی خۆری تێدایە، هاو وێنای ئەم کۆمەڵە خۆرەی ئێمەیە کە بریتیە لە (٩) ئەستێرە کە ناوەکانیان (زوهرە، عەتارد، موشتەری، زەوی، مەریخ، بلۆتۆ، ئۆرانۆس، نیبتۆن و زوحەل) لە ناو ئەم گەردوونەدا ئەوەی کە زانراوە (٢٠٠) هەزار ملیۆن گەلە ئەستێرەی تێدایە، واتا مەجەرە، هەروەکو وتمان تا ئێستا ئەوەندە زانراوە بە هۆکاری تلیسکۆبی پێشکەوتوو زیرەک، کەواتە دەبێت بڵێین: چەند لێکدانەوەمان بۆ کرد کۆمەڵەی خۆرەکان کەڕەتی مەجەڕەکان دەکەین، ئەگەر زۆر بە سادەیی لێکۆڵینەوەمان بۆ کرد کۆمەڵەی خۆرەکان کەڕەتی (جاران)ی مەجەڕەکان دەکەین، بەم شێوەیە

٤٠٠ هەزار × ٢٠٠ هەزار = $٨^{٢٢}$ [٥٣]

ژمارەیەکی یەکجار خەیاڵییە، بە دڵنیایاوە لە سەرو ژیانی هەموو مرۆڤایەتی و مرۆڤێکەوەیە کە تا ملیار ساڵی تریش مرۆڤ بژی! ئەگەر هەموو خەڵکی سەر زەوی بڕواتە بەهەشت، هێشتا ئەوەندەی ئەو ژمارەیە نییە. گەردوون

[٥٣] - واتە: ژمارە (٨)و پاشان (٢٢) سفر لە تەنیشتیتی.

ئەوەندە فراوانە، هەموو ئەم کۆمەڵەیە خوای گەورە بە زینەت و جوانی ئاسمانی باسی کردووە!

ئەوەی کە باسکرا لە گەلە ئەستێرە، یاخود مەجەرە، هەموو لە ئاسمانی ئەم دنیایە دایە کە تێیدا دەژین، تا ئێستا نەگەیشتوونەتە کۆتاییەک لە ئاسمانی یەکەم، ئەی چی بڵێین بۆ ئاسمانی دووەم و سێیەم تا حەوتەم، خەونی هەموو زانایانی جیهان ئەوەیە بگەنە ئاستێک لەم ئاسمانی دنیاوە، بەڵام پانتایی لای ئەوان کۆتاییە.

لە کاتێکدا خوای پەروەردگار کاتێک باسی فراوانی بەهەشت دەکات لە هەموو گەردوون و حەوت ئاسمانەکان گەورەترە.

ئەوەی کە باسمان کرد لە بارەی بەهەشتەوە تەنها بەشێکی زۆر بچووکە لە بەهەشت، لامان سەیر نەبێت کە مولکی تەنها یەک کەس لە بەهەشت هێندەی کۆمەڵەی خۆر بێت.

لەوانەیە بەم زانیارە کەمە تا ڕادەیەک گەورەیی و فراوانی بەهەشتمان بۆ دەرکەوتبێت، لەوانەیە تا ڕادەیەکی کەم وێنایەکی ئەو ڕستەیەت بۆ ئاشکرا بوو بێت کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: (عرضها السموات والأرض) پێدەچێت زانیارمان دەست کەوتبێت، کە بۆچی هاوەڵی بەڕێز عومەیری کوڕی حومام ئارامی نەگرت تا خورماکانی بخوات، هەمووی فڕێ دا و بەرەو بەهەشت کەوتە ڕێ، بە دڵنیاوە توانای خۆگری نییە لە ئاستی ئەو هەموو مولکەدا.

ئەوەی باسمان کرد تەنها فراوانی بوو، بەڵام باسی درێژی و بەرزیمان نەکردووە، چونکە هیچ کەس ناتوانێت وێنای بکات کە بەرزی بەهەشت چەندە، تەنها فەرموودەیەک باس دەکەین کە ڕوونکردنەوەیەکی بچووکمان پێدەبەخشێت، بوخاری لە هاوەڵی بەڕێز ئەبوهورەیرەوە بۆمان دەگێڕێتەوە لە پێغەمبەری خوا ﷺ -وە دەفەرموێت: بەهەشت پێک هاتووە لە (١٠٠) پلە، بۆ موجاهیدان لە پێناوی خوادا لە نێوانی هەر پلەیەکدا هێندەی نێوانی ئاسمان و زەوییە[٥٤].

نێوان زەوی و کۆتا مەجەرە کە تا ئێستا نەزانراوە، تەنها بەشی موجاهیدانە کە زانست هیچی لە بارەوە نازانێت، داخۆ چەند ساڵی تیشکی بێت؟ یاخود چەند ملیۆن ساڵی تیشکی بێت؟ هیچ لە بارەی پانی و درێژی و بەرزی نازانین، ئەوە بەهەشتە کە خوای پەروەردگار بیرۆکەیەکی داوە بە ئێمە!

بوخاری لە ئەبو موسای ئەشعەرییەوە بۆمان دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: لە بەهەشت خێمە (چادر یان دەوار بە کوردی ناوچەی سۆران)ی تێدایە، ئەم جۆری دەوارە بە چنینی گەوهەرە یاخود: (مرواری) پانتاییەکەی (٦٠) میلە واتە: نزیکەی (١٠٠) کم، بە مانای لە

---

[٥٤]- عن أبي هريرة رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ أن رسول الله ﷺ قال: «إِنَّ في الجَنَّة مائةَ دَرَجَة أَعَدَّهَا الله للمُجاهِدين في سَبِيل الله ما بَيْنَ الدَّرَجَتَيْنِ كما بين السماء والأرض/رواه البخاري.

سلێمانیەوە بۆ کەرکوک، ئەوەی ئەگەر یەک خانوو یان شوقەیەک مولّکت بێت داخۆ چی بێت[٥٥]!

هەروەها بوخاری لە ئەبو سەعیدی خودرییەوە بۆمان دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: لە بەهەشت دا دارێکی تێدایە لە سێبەری ئەو دارە نزیکە بە ئەسپی خێرا کە ناوی (جەواوە) ئەگەر غار بدات ماوەی سێبەرەکەی (١٠٠) ساڵە[٥٦].

ئەم جۆرە درەختە تەنها لە بەهەشت دا هەیە و تایبەتە بە خەڵکی بەهەشت، ئەو ئەسپانە کە ئامادە دەکرێن بۆ غاردان و زۆر خێران لە غاردانداً ئەگەر (١٠٠) ساڵ غار بدات ئینجا کۆتای سێبەرەکە دێت!

لێرەدا باسی جێگا و شوێنێک دەکەین کە فراوانی و پانتایی یەکجار گەورەیە، باسی بەهەشتە کە ژیان و مێتۆدی ژیانی زۆر جیاوازترە لەم دنیایەی تێیدا دەژین خاوەنی سیستەمی تایبەتی خۆیەتی، خوای پەروەردگار بەخشیویەتی بە ئیماندارانی، ئیتر چۆن خۆیان سەرقاڵ دەکەن بە دنیاوە، یاخود لە پێناوی دنیایەکی کەم و کورتدا جەنگی لەسەر دەکەن.

-.-.-.

لە کاتێکدا فراوانی ئەو بەهەشتە کە کۆتا کەس دەچێتە ناوی مولْکی لە مولْکی دە پادشای سەر زەوی گەورەترە، یاخود دوو هێندەی زەوییە کە لەسەری دەژین، نیعمەتێکی زۆر گەورەیە خوای پەروەردگار دەیبەخشێت، ڕەحمەتێکی زۆر گەورەیە خوای پەروەردگار ئەو مولْکە گەورەیە ئەدات بە بەندەکانی لە کاتێکدا ئەو کارانەی کە مرۆڤ دەیکات ئەگەر ڕەحمەتی خوا نەبێت ئەوەندە ناهێنێت.

کردەوەکانمان زۆر سادەیە کە داوامان لێ کراوە لە چاو ئەو هەموو خەلْات و بەخشندەیەی پەروەردگارمان، لە ڕاستیدا ناکەتە ئەوەی کە ببینە خاوەنی باڵەخانەیەکیش، ئەگەر ڕاستگۆ بین لە پەروەردگارماندا لە کارکردن و ئیخلاسماندا هەرچی کردار و بەندایەتی هەیە لە ژیاندا ئەنجامی بدەین ناگاتە نیعمەتی ئەوەی کە لە بەهەشتدا پێت دەبەخشرێت، تەنها لە یەک خەلاتیدا یان نیعمەتێکی دا، جا چ خێر و شەونوێژ بێت ڕۆژوو و حەج بێت، جیهاد و بەخشینی سەروەت و سامان بێت، ئایا بەرانبەرە لەگەڵ ئەو هەموو نیعمەت و خەلاتەی کە خوای موتەعال دەیبەخشێت بە مرۆڤەکان؟!

ڕەحمەتێکی گەورەیە خوای گەورە دەیبەخشێت کە چی ئیمە خۆمانی لێ دوور دەخەینەوە بێجگە لە ئەو هەموو نیعمەتە، ئیمامی بوخاری نیعمەتێکی ترمان بۆ دەگێڕێتەوە لە هاوەڵی بەڕێز ئەنەسی کوڕی مالیک دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ئەگەر یەکێک لە ئافرەتانی ئەهلی بەهەشت خۆی دەرخات بۆ خەڵکی سەر زەوی ئەوا ڕووناکی پڕشنگ و جوانی نێوانی زەوی و ئاسمان پڕ دەکات، بۆن خۆشی تەنها سەر پۆشەکەی

یان مل پێچەکەی زەوی و ئاسمان پڕ دەکات لە بۆنی خۆش، باشترە لە هەرچی نیعمەتی دنیا و چاکەی تێیدایە، تەنها ئەو سەر شانەی یاخود سەر پۆشەی بە کاری دێنێت بۆ جوانکاری[٥٧].

لەوانەیە خوای پەروەردگار دوو خانمی بەهەشتت پێ ببەخشێت، یان سێ و چوار یاخود زیاتر، یان ئەگەر لە پێناوی خوادا شەهید ببیت (٧٢) حۆریت پێ دەبەخشن، لەو خانمە نازدار و جوانانەی بەهەشت.

لێرەدا تێدەگەین کە هاوەڵان چەندە موشتاق بوون بۆ بەهەشت، چەندە موشتاق بوون بۆ شەهیدی، شەهیدی کلیلی کردنەوەی زۆربەی دەرگاکانی نیعمەتە لە خودی بەهەشت، لە نەمریی، لە تاج لە سەرکردن لە حۆری وەرگرتن...هتد، بە ڕژانی قەترەیەک خوێنی، خوای پەروەردگار لێبخۆش دەبێت، دنیا بەجێدەهێڵێت بە هەموو کێشە و گرفتەکانیەوە و ناڕەحەتی نا هەمواریی‌یەکانیەوە ڕاستەوخۆ بۆ ناو خۆشی و نیعمەتەکانی بەهەشت، خەڵاتەکانیان بێجگە ئەو نیعمەتانەی تر کە خوای پەروەردگار دەیبەخشێت ملیۆنەها نیعمەتی تر هەیە کە خوای گەورە پێیان دەبەخشێت، لە هەمووی گەورەتر بینینی پێغەمبەران و خودی پێغەمبەری خوا ﷺ و هاوەڵانی لە ئەبوبەکر، عومەر، عوسمان و عەلی و...هتد) لە هەموو ئەو نیعمەتانە

-.-

[٥٧]- روى البخاري عن انس بن مالک رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ قالقال رسول الله :ﷺولو أن امرأة من أهل الجنة اطلعت إلى أهل الأرض لأضاءت ما بينهما- أي: ما بين الجنة والأرض، أو ما بين السماء والأرض- ولملأت ما بينهما ريحاً- أي: ريحاً طيبة- ولنصيفها- يعني: الطرحة التي على رأسها- خير من الدنيا وما فيها.

گەورەتر بینینی خوای پەروەردگار لە ناو بەهەشتدا، کە هاوشێوەی ئەو نیعمەتە نییە و گەورەترین نیعمەتە.

کەمترین سزای ئەهلی دۆزەخ

لە بەرانبەر نەچوونە بەهەشت بە دڵنیاییەوە، چوونە ناو دۆزەخ هەیە، لە سەرەتای هاتنی پێغەمبەری خوا ﷺ ئاگاداری کردینەوە هیچ ئەڵتەرناتیڤێکی (بدیل) ترمان نییە یاخود چوونە بەهەشت یان دۆزەخ.

یەکەم ڕۆژی بانگەوازەکەی بە تەواوەتی ئەوەی ڕوونکردەوە فەرمووی: سوێند بە خوا دەمرن هەروەکو چۆن دەخەون، زیندوو دەکرێنەوە، هەروەکو چۆن لە خەو هەڵدەسن، لە سەرکردەوەکانتان لێپرسینەوەتان لەگەڵدا دەکرێت، لە کۆتاییدا یان دەچنە بەهەشت بە هەمیشەیی یاخود ئاگری دۆزەخ بە هەمیشەیی[٥٨].

داخۆ دۆزەخ چی بێت؟ یان ئەو ئاگرە چییە کە خۆش کراوە، یاخود کەمترین سزای ئەهلی دۆزەخ چەندە؟!

لە بەهەشتدا زانیمان کەمترین موڵکی ئەهلی بەهەشت چەندە با بزانین کەمترین سزای ئەهلی دۆزەخ چەندە؟

---

[٥٨] - والذي نفسي بيده لتموتن كما تنامون، ولتبعثن كما تستيقظون، ألا وإنها الجنة أبدا أو النار أبدا.

بوخاری و موسلیم لە هاوەڵی بەڕێز نوعمانی کوڕی بەشیر بۆمان دەگێڕێتەوە دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خوا ﷺ بوو فەرمووی: کەمترین سزای ئەهلی دۆزەخ لە ڕۆژی قیامەت دا کەسێکە کە پشکۆی سوورەوە بوو دەخرێتە ژێر پێکانی هەموو مێشکی پێوەی دەکوڵێت.[٥٩]

زۆرێکیتر لە فەرموودەکاندا هاتووە کە کەمترین سزا بۆ ئەهلی دۆزەخ مامی پێغەمبەر ﷺ -ە ئەبو تاڵیب، ئەویش کەمترین سزا وەردەگرێت کە ئەو بەردە پشکۆیانە دەخرێتە ژێر قاچی و مێشکی دەکوڵێت کەمترین سزایە.

داخۆ عەزاب و سزای ئەوانی تر چی بێت، ئەگەر ئەوە کەمترین ئەشکەنجە بێت؟ پەنا بە خوای گەورە، ئەوە بۆ کافرانە بە هەمیشەیی تێدا دەمێنێنەوە لای خوای پەروەردگار ڕۆژمێری وەکو ڕۆژمێری دنیای ئێرە نییە، بەڵکو ڕۆژمێری خوای پەروەردگار جیاوازە یەک ڕۆژ لای خوای پەروەردگار لە ڕۆژی قیامەت دا ٥٠ هەزار ساڵی دنیایە!

ئەگەر کەسێک بڵێت: کەمترین سزا دەدرێت با چەند ڕۆژێک یان هەفتەیەک بڕواتە ناو ئاگر یاخود مانگێک، داخۆ چەند هەزار ساڵ یان چەند ملیۆن ساڵ بکات؟

---

[٥٩]- عن النعمان بن بشير رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ ما قال: سمعت رسول الله ﷺ يقول: إن أَهْوَنَ أهل النار عذابا يوم القيامة لرجل يوضع في أَخْمَصِ قدميه جمرتان يغلي منهما دماغه ما يرى أن أحدا أشد منه عذابا وإنه لَأَهْوَنُهُم عذابا/ رواه البخاري ومسلم.

ئەگەر کەسێک چەند سەعاتێکی بۆ بڕابێتەوە لە دۆزەخ داخۆ چەند هەزار ساڵ بکات!

لە کاتێکدا لەم ژیانەماندا ئەو ئاگرەی کە بەکاری دەهێنین ٧٠ جار لاوازترە لە ئاگری دۆزەخ!

بوخاری بۆمان دەگێڕێتەوە لە ئەبوهورەیرەوە دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ئەم ئاگرە یەک بەشە لە (٧٠) حەفتا بەشی ئاگری دۆزەخ، هاوەڵان پرسیان لە چۆنیەتی ئەو ئاگرە پێغەمبەر ﷺ وەڵامی دانەوە و فەرمووی: فەزڵی ئاگری دۆزەخ بەسەر ئاگری دنیاوە شەست و نۆ جارە لە هێزو گەرمی و سوتێنەرییدا[٦٠]!

تێگەیشتنی فەرموودەی حەفتا جار ئاگرەکەی دۆزەخ بە هێز تر لە ئاگری دنیا لە فەرموودەیەکی تر شی دەکەینەوە بۆ ئەوەی خوێنەر باشتر تێبگات.

ئیمامی موسلیم لە ئەنەسی کوڕی مالیک-ەوە بۆمان دەگێڕێتەوەو دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: کەسێک لە ئەهلی دنیا کە هەموو ژیانی لە خۆشیدا بوو، نیعمەتی زۆری پێدراوە، بەڵام لە ئەهلی دۆزەخ لە ڕۆژی قیامەت دا دەیخەنە ناو ئاگر، واتا تەنها وەکو سەرەتایەک و خێرا دەیهێننەوە دەرەوە، لەوانەیە دەسەڵاتدارێکی زاڵمی خوا نەناس بێت، یان پادشایەکی

---

[٦٠]- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ: نَارُكُمْ جُزْءٌ مِنْ سَبْعِينَ جُزْءًا مِنْ نَارِ جَهَنَّمَ، قِيلَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنْ كَانَتْ لَكَافِيَةً .قَالَ: «فُضِّلَتْ عَلَيْهِنَّ بِتِسْعَةٍ وَسِتِّينَ جُزْءًا كُلُّهُنَّ مِثْلُ حَرِّهَا/ رواه البخاري.

گومڕا، یاخود حاکمێکی لوتبەرز و ستەمکار، پاشان خوای پەروەردگار لێی دەپرسێت، ئەی نەوەی ئادەم لە ژیانتدا خۆشیت دیوە؟! ئەویش دەڵێت: سوێند بە خۆت ئەی پەروەردگارم خۆشیم نەدیوە لەژیانمدا، لەگەڵ ئەو هەموو پارە و ئاڵتون و سامان و مووڵکە، تەنها بە هەڵکێشانی لە دۆزەخ دەڵێت: لە ژیانمدا خۆشییم نەدیوە، هەموو خۆشییەکانی لە بیر دەچێتەوە لە لەزەتی خواردن و نۆشکردن و خۆشی ژیان لە دیمەنی جوانی ئافرەت و...هتد، یەکێک لە پیاوچاکان دەڵێت: دنیا وەکو دەرگایەک وایە لێوەی دێیتە ژورەوە لەدەرگایەکی تر لێی دەردەچێت، یاخود لیی ڕەد دەبیت.

پاشان هەر لە ڕۆژی قیامەت دا کەسێک دەهێنن کە هەموو ژیانی لە ناڕەحەتی و ئازار و ئەشکەنجە و زیندان و نەخۆشی و ناخۆشیدا بووە، لە ماڵ و منداڵ و سەروەت و سامانی هەمیشە بریندار بووە، لە ئەهلی بەهەشتە، یەکجار دەیخەنە ناو بەهەشت و سوڕێک دەخوا لە بەهەشتدا، پاشان خوای گەورە لێی دەپرسێت ئەی نەوەی ئادەم لە ژیانتدا هیچ نا ڕەحەتی و ئازار و ئەشکەنجەت بینیوە؟! ئەویش دەڵێت: سوێند بە خوای پەروەردگار لە ژیانمدا ناخۆشی و ناڕەحەتیم نەدیوە[٦١].

---

[٦١]- عن أنس بن مالک- رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ- مرفوعاً: «يُؤتى بأنعم أهل الدنيا من أهل النار يوم القيامة، فَيُصْبَغُ في النار صَبْغَةً، ثم يقال: يا ابن آدم، هل رأيت خيرًا قطُّ؟ هل مَرَّ بک نَعِيمٌ قطُّ؟ فيقول: لا والله يا رب، وَيُؤْتَى بأشدِّ الناس بُؤسًا في الدنيا من أهل الجَنَّة، فَيُصْبَغُ صَبْغَةً في الجَنَّة، فيقال له: يا ابن آدم، هل رأيت بُؤسًا قط؟ هل مَرَّ بک شِدَّةٌ قط؟ فيقول: لا والله، ما مَرَّ بي بُؤْسٌ قطُّ، ولا رأيت شِدةً قَطُّ/رواه مسلم.

ئیتر بۆچی کار بۆ بەهەشت نەکەین و لە ئاگری دۆزەخ نەترسین؟!

ئیتر بۆ خۆمان سەرقاڵ نەکەین بە بەهەشتەوە، یاخود: بۆ ناترسین لە ئاگری دۆزەخ؟!

کاتێک کە زانیمان بەهەشت و دۆزەخ چییە و مافی خۆیمان دایە و پێوانەو پێوەریمان زانی ئەوکات ترسی و خۆشەویستی دروست دەبێت و کارکردن بۆ بەهەشت ڕوو ئەدات.

ئەتوانین بە وتەی هاوەڵی بەڕێزی پێغەمبەر ﷺ میلحانی کوڕی حەرام ئەو پێوانەمان بۆ دەرکەوێت کە مرۆڤ ژیانی و بە تایبەت ڕووداوی شەهید بوونی دەخوێنیتەوە سەرسامی داتدەگرێت، لە ڕاستیدا ڕووداوێکی زۆر ناوازە و سەیرە!

بوخاری و موسلیم لە ئەنەسی کوڕی مالیک-ەوە دەگێڕێتەوە: کاتێک لە (بیر ماعونە) میلحانی کوڕی حەرام لە دواوە شەهید کرا لە لایەن موشریکەکانەوە ڕمێک کرا بە پشتیدا و لە سنگیەوە هاتە دەرەوە کە مردن بە تەواوەتی بووە میوانی گیانی، کەچی لەو کاتەدا وتی: (الله أكبر) سوێند بە خوای (کەعبە) بردمەوە (فزت ورب الكعبة) لە عورفی دنیادا ئەوە مردنە و بردنەوە نییە.

ئەو گیانی لە دەست دا ئیتر بردنەوەی چی؟! بەڵام ئەو بەهەشتی بردەوە، باسی ئەو بەهەشتەی کە کردمان ئەو خۆی بۆ ئەوە دانابوو بۆیە بردیەوە کە لە ئاگری دۆزەخ ڕزگاری بوو، ئەو یەقینی هەبوو کە براوەیە، چونکە ڕمەکە لە

سنگی هاتە دەرەوە، تەواو مەحاڵە بژی لە دنیا. بۆیە دەڕوات بەرەو جێگایەکی تر کە قیامەتی خۆیەتی، بە شەهیدی گەیشتووە، چونکە وەعدی پێغەمبەری خوایە ﷺ ڕاستەوخۆ لە خاکی جیهاد دا هەر کەس بکوژرێت ڕاستەوخۆ بۆ بەهەشت دەڕوات، هەروەها خوای پەروەردگار لە هەموو تاوانەکانی خۆش دەبێت، ئەوەش ئەوە بوو کە میلحانی کوڕی حەرام بە شوێنیدا دەگەڕا کە لەگەڵ دەرچوونی دڵۆپی خوێنی خوا لێیخۆش بێت، هەروەها خوای پەروەردگار دەفەرموێت:

﴿كُلُّ نَفْسٍ ذَآئِقَةُ ٱلْمَوْتِۖ وَإِنَّمَا تُوَفَّوْنَ أُجُورَكُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِۖ فَمَن زُحْزِحَ عَنِ ٱلنَّارِ وَأُدْخِلَ ٱلْجَنَّةَ فَقَدْ فَازَۗ وَمَا ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَآ إِلَّا مَتَٰعُ ٱلْغُرُورِ ١٨٥﴾ آل عمران

واتە: هەموو نەفسێك ئەبێ مردن بچێژێ ئەگەر چاکەکار بێ یان خراپەکار، مرۆڤ بێت یان جن، مەلائیکەت بێت یان شەیتان، ئێوەش ئەجر و پاداشتی خۆتان لە ڕۆژی قیامەتدا بەتەواوی وەرئەگرن جا هەر کەسێك خۆی دووربخاتەوە لە ئاگری دۆزەخ بە ئیمان هێنان و کردەوەی چاك، ئەخرێتە بەهەشتەوە بە دڵنیایی ئەوە براوەی حەقیقی و ڕزگار بووی تەواوە، ژیانی دونیا هیچ شتێك نییە تەنها ڕابواردن و هیوا و ئومێد و ئاواتێکی کەمی لەناوچووە کە مرۆڤی پێ لە خشتە ئەبرێت.

لە ڕاستیدا ئەوەش بردنەوەی ڕاستەقینەیە، لە دنیا و قیامەتدا، یەک یاری تۆپی بێ لە نێوان دوو یانە، یاخود هەر پێشبڕکێیەکی تر، بۆیە سوێندی خوارد بردییەوە.

باشترین شتێک بۆ کارکردن بۆ بەهەشت و ترسان لە دۆزەخ ئەوەیە کە مرۆڤ زانیاری لە بارەوە بزانێت.

لەوانەیە خەڵکانێک بڵێن: ئەو زانیارییانەی کە باست کرد، هەمووی دەزانم و شارەزاییم لە بارەوە هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کاریگەری ئەوتۆی لەسەرم دروست ناکات، سەرقاڵم ناکات بە کار کردن بۆ بەهەشت، ترسان لە ئاگری دۆزەخ، چارەسەر چیە؟!

لە وەڵامدا دەڵێین: ئەگەر مرۆڤ پێداگر(جد)ی نەبیت لە وەرگرتنی زانست و کاری پێ نەکات سوود بە خاوەنەکەی ناگەیەنێت وەکو جەهل وایە، بگرە ترساناکتریشە، بۆ ڕزگار بوون لەم حاڵەتە، پێویستە مرۆڤ سەرچاوەی زیاتر بخوێنێتەوە زیاتر گوێ لە خەڵکی جیاواز و شێوازی جیاجیا بگرێت، تا بتوانیت ئیمانی نوێ بکاتەوە، یاخود دەمە زەردی زانیاریەکانی بکاتەوە.

بۆ ئەوەی زانستەکە نەبێت بە بەڵگەو حوجەت بەسەر خاوەنەکەیەوە، ئەگەر لە ژیانی موشریکەکانی مەککە ڕابمێنین، دەبینین یەقینیان هەبووە کە پێغەمبەری خوا ﷺ ڕاستگۆ و دەست پاک و ئەمینە، یەقینیان هەبوو کە قورئان لای خوای پەروەردگارەوە هاتووە و حەقە و ڕاستی و موعجیزەیە، بەڵام گوێیان بۆ ئامۆژگاری پێغەمبەر ﷺ نەگرت.

کاریان بە زاست و زانیاریەکانیان نەدەکرد، پێویستە وەکو ئەو موشریکانە نەبین، زاسنەتەکەیان هیچ سوودی پێ نەگەیاندن. وەلیدی کوڕی موغیرە

گەورە پیاوی قوڕەیش یەکێک بوو لەسەرانی کوفر و موشریکەکان دژایەتی پێغەمبەری خوا ﷺ -ی دەکرد دەڵێت: زۆر ورد بوومەوە لە کاری ئەم پیاوە (مەبەستی پێغەمبەری خوایە).

ئەم پیاوە هیچ پەیوەندی بە شیعر و هۆنراوەوە نییە، سوێند بەخوا وتەکانی خۆشی و شیرینی تێدایە، لە وتەکانیدا جوانی و چامەی نایابە، چونکە وتەکانی پڕە لە بەروبووم و بەرهەم، بنەرەتی قوڵ و پڕ واتایە، ئەو وتانە بەرز دەبێتەوە هەرگیز کەس بەسەریدا سەر ناکەوێت، ئەوەی دژایەتی بکات دەشکێت و نوشوستی پێ دەهێنێت، لە وتەی مرۆڤ ناچێت[٦٢].

وتەکەی زۆر جوان و نایابە، ئەگەر کەسێک وەلیدی کوڕی موغیرە نەناسێت وا دەزانێت بانگەوازچی و خوا ناس بووە، بەڵام ئایا ئەم زانستەی هیچ سوودی پێگەیاند؟ ئایا توانی ڕزگاری ببێت لە جەنگی بەدر؟ هەروەها ئاگری دۆزەخ، بە دڵنیاوە هیچی سوودی نەبوو بۆی چونکە بە زانستەکەی کاری نەکرد، بەڵکو چووە دەرەوە بۆ جەنگ کردن لەگەڵ موسڵمانانداو لەو جەنگەدا کوژرا و دنیا و قیامەتی لە دەست چوو.

کاتێک پرسیار کرا لە ئەبوو جەهەل لەعنەتی خوای لێ ببێت، دەربارەی قورئان پرسیان ئەی ئەبا حەکەم ڕات چییە لەسەر ئەوەی محمد ﷺ دەیڵێت:

---

[٦٢]- لقد نظرت فيما قال الرجل- أي محمد ﷺ- فإذا هو ليس بشعر، وإن له لحلاوة، وإن عليه لطلاوة، وإنه ليحطم ما تحته، وإنه ليعلو ولا يعلى عليه، وما يقول هذا بشر.

وتی: جا ئەوەی بیستم ڕاستییە، بەڵام ئێمە و نەوەکانی عەبدول مەناف هەمیشە پێشبڕکێیان بوو کێ لەکێ باشترە، خواردنیان بەخشی، ئێمەش خواردنمان بەخشی، چوونە جەنگ، چووینە جەنگ، بەخشندە بوون، ئێمەش بەخشندە بووین. تا وامان لێهات کە وەکو پێشبڕکێ و سوار چاکی لە تەنیشت یەکەوە دەڕۆیشتین. پاشان وتیان: لە ناو ئێمەدا لە ئاسمانەوە وەحی دێت، ئەی چۆن ئێمە ئەوە قبوڵ دەکەین، دەی سوێند بە خوا نە گوێی بۆ دەگرین و نە بەڕاستی دادەنێین[٦٣].

ئیتر ئەبو جەهل ئەو یەقینی تەواوی هەیە محمد پێغەمبەری خوایە ﷺ، گومانی لێ نییە، بەڵام لەبەر ئەوەی ناتوانێت وەکو ئەو بن، بڕوای پێ نەهێنا زانست و زانیاری ئەبو جەهل بەهایەکی نەبوو.

هەروەها عوتبەی کوڕی ڕەبیعە لە بارەی قورئانەوە دەڵێت: گوێم لە هەندێک وتە بوو (مەبەستی قورئانە)، سوێند بە خوا تا ئێستا هاوشێوەیم گوێ لێنەبووە، سوێند بە خوا هەرگیز ئەو وتنانە هۆنراوە نییە، وتەی جادووگەران و سیحربازی نییە، قسەی کاهین و پیاوانی ناو مەعبەدەکان نییە، ئەی گرۆی قورەیش، گوێم بۆ بگرن و گوێڕایەڵیم بکەن لەم کارەدا، واز لەو پیاوە بهێنن، (مەبەستی پێغەمبەرە) ئەوەی دەیکات ڕێگری لێمەکەن وازی لێ بهێنن،

---

[٦٣]- وهذا أبو جهل- لعنه الله- كان يقول عندما سئل: ما رأيك فيما سمعت من محمد ﷺ- واسمعوا قول أبي جهل – قال: نازعنا نحن وبنو عبد مناف الشرف، أطعموا فأطعمنا، وحملوا فحملنا، وأعطوا فأعطينا، حتى إذا تحاذينا على الركب، وكنا كفرسي رهان؛ قالوا: منا نبي يأتيه الوحي من السماء، فمتى ندرك هذه، والله لا نؤمن به ولا نصدقه.

سوێند بە خوا ئەوەی وتەکانی ئەو گوێ بیستبووم ڕووداو هەواڵی گرنگی بە دواوە دادێت[٦٤].

بەڵام وتەکانی هیچ کاریگەری لەسەر خۆی نەبوو هاتە دەرەوە بۆ جەنگی بەدر لەو جەنگەدا کوژرا و دنیا و قیامەتی لە دەست چوو، زانست و زانیارییەکەی بەکەڵک نەهات.

جا ئێمە نامانەوێت وەکو ئەم خەڵکەمان لێبێت، ژیانمان پڕ بکەین لە زانیاری لە بەهەشت و دۆزەخ بەڵام کاری پێ نەکەین، دەبێت درک بەوە بکەین کە هەموو لەم ژیانەدا دەڕۆین، دەبێت نرخ و بەهای بەهەشت بزانین، ترسناکی ئاگری دۆزەخیش هەست پێبکەین تا لە ژیاندا ین خۆمانی لێ بپارێزین، ئینجا بە چاوی ئەقڵانییەوە تەماشای ئەم دنیایە بکەین، بزانین دەسەڵاتدار و ڕەعیەت، حاکم و مەحکوم، هەژار و دەوڵەمەند، زاڵم و زوڵملێکراو تاوانبار و پیاوچاک، هەموو ئەم دنیایە بەجێ دەهێڵین، هەموو وەک یەک دەژین کۆتاییەکەی مردنە کەسی تر زیاتر نییە لەوی تر، دەشێت چەند ساڵێک جیاوازی تەمەن هەبێت بۆ ژیانی دنیا، بەڵام لە چاو قیامەت و ئاخیرەت دا زۆر کەمە و لە ژماردن نایەت، ئەتوانین بڵێین ژیان هەر بەجێ دەهێڵین، ڕۆژێک لەو تەمەنەی پێت دراوە زیاد کەم ناکات، هەر ئەو ڕزق و

---

[٦٤]- وعتبة بن ربيعة قال في وصف القرآن: سمعت قولاً والله ما سمعت مثله قط، والله ما هو بالشعر، ولا بالسحر، ولا بالكهانة، يا معشر قريش! أطيعوني واجعلوها بي، وخلوا بين هذا الرجل وبين ما هو فيه فاعتزلوه؛ فوالله ليكونن لقوله الذي سمعت منه نبأ عظيم.

ڕۆزییەی بۆ دابین کراوە هەر ئەوەندەت هەیە و زیاد ناکات، کەسی تریش ناتوانێت لێت وەربگرێت.

جا خۆنەری بەڕێز، ئاگات لە قیامەتت بێت خوای پەروەردگار دەفەرموێت:

﴿ٱلْحَجُّ أَشْهُرٌ مَّعْلُومَٰتٌ ۚ فَمَن فَرَضَ فِيهِنَّ ٱلْحَجَّ فَلَا رَفَثَ وَلَا فُسُوقَ وَلَا جِدَالَ فِى ٱلْحَجِّ ۗ وَمَا تَفْعَلُوا۟ مِنْ خَيْرٍ يَعْلَمْهُ ٱللَّهُ ۗ وَتَزَوَّدُوا۟ فَإِنَّ خَيْرَ ٱلزَّادِ ٱلتَّقْوَىٰ ۚ وَٱتَّقُونِ يَٰٓأُو۟لِى ٱلْأَلْبَٰبِ ﴿١٩٧﴾﴾ البقرة.

واتە: کاتی حەج چەند مانگێکی دیاری کراوە کە (شەوال و ذو القعدة و ذو الحجة)یە، یاخود وتراوە: (شەوال و ذو القعدة و دەی ذو الحجة)یە، جا هەر کەسێك ئیحرامی بەست ئەوە پێویستە لەسەری حەج بکات، ئەوکاتە کە ئیحرامی بەست نابێ جیماع بکات و بچێتە لای خێزانی، یان قسەی خراپ لەگەڵ ئافرەتدا بکات، نابێ لە سنووری شەرع دەرچێ بەوەی کە سەری بتاشێ یان هەر شتێکی تر بکات، یان زوڵم بکات یان قسەی ناشرین بکات، نابێ دەمەقاڵێ و مشتومڕ لەگەڵ خەڵکدا بکات لە کاتی حەجدا، ئێوە هەر خێر و چاکەیەك بکەن ئەوە خوای گەورە ئاگای لێیە و پاداشتتان دەداتەوە خەڵکی یەمەن حەجیان دەکرد و خواردنیان لەگەڵ خۆیان نەدەهێنا و ئەیانووت، ئێمە تەوەکول ئەکەینە سەر خوا، کە دەگەیشتنە مەککە داوایان لە خەڵکی دەکرد، خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند و فەرمووی زادیش لەگەڵ خۆتاندا بەرن، بەڵام باشترین زادیش تەقوای خوای گەورەیە بۆ قیامەت، زادی دونیاش خواردنەکەیە کە یارمەتیدەرتە لەسەر تەقوا ئەی ئەو کەسانەی

کە خاوەن عەقڵن تەقوای من بکەن و خۆتان لە تاوان بپارێزن و بە تەنها لە من بترسێن.

ڕاکەنەوە بۆ لای خوای پەروەردگار کاری کەم و چاکە باشترە لە تاوانی زۆر و زەبەند، تۆبە بکەین و بە گەردەن کەچی بگەڕێینەوە بۆ لای و کۆتاییت هەر لای ئەو زاتەیە، بگری بەڵکو ڕەحمت پێ بکات لە تاوانەکانت خۆش بێت نزا بکە، خۆشت بوێت تاکو بەر ڕەحمەت و نیعمەتی بکەویت.

هەر کەس دنیا خەم و کاری بێت خوای پەروەردگار جیای دەکاتەوە لە دنیا هەژاری و نەداری دەخاتە بەرچاو دڵی. لەوی زیاتر هەیەتی بۆی نایەت لە دنیادا، هەر ئەوەندەی کە خوای پەروەردگار بۆی نووسیوە، بە پێچەوانەوە هەر کەس قیامەت بوو بە خەمی و بۆ قیامەت ژیا خوای پەروەردگار دنیا و قیامەتی بۆ کۆ دەکاتەوە، دەوڵەمەندی دەخاتە دڵی و زەنگینی پێ دەبەخشێ، دنیاشی پێ دەبەخشێ زۆر لەوە زیاتر چاوەڕێی دەکرد.

خۆ ئەگەر بەهەشتت دەوێت هەروا ئاسان نییە بەها و نرخی زۆر گرانە، کەرەستەی خواییە کاری دەوێت و هەوڵی دەوێت، کەرەستەی خوای بەهەشتە، خوای موتەعال بەهەشتی خۆی هەرزان فرۆش ناکات، نایفرۆشێت بە چەند دینار و پارەیەکی کەم، زۆر گران بەهایە، بەڵکو پێت دەفرۆشێت بە ژیانت، بە هەموو سامانت، بەهەموو هەڵسوکەوتت.

خوای پەروەدگار دەفەرموێت:

﴿* إِنَّ ٱللَّهَ ٱشْتَرَىٰ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ أَنفُسَهُمْ وَأَمْوَٰلَهُم بِأَنَّ لَهُمُ ٱلْجَنَّةَ ۚ يُقَٰتِلُونَ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ فَيَقْتُلُونَ وَيُقْتَلُونَ ۖ وَعْدًا عَلَيْهِ حَقًّا فِى ٱلتَّوْرَىٰةِ وَٱلْإِنجِيلِ وَٱلْقُرْءَانِ ۚ وَمَنْ أَوْفَىٰ بِعَهْدِهِۦ مِنَ ٱللَّهِ ۚ فَٱسْتَبْشِرُوا۟ بِبَيْعِكُمُ ٱلَّذِى بَايَعْتُم بِهِۦ ۚ وَذَٰلِكَ هُوَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ ﴿١١١﴾﴾ التوبة

واتە: (عەبدوڵڵای کوڕی ڕەواحە) لە شەوی (بەیعەی عەقەبە)دا بە پێغەمبەری خوای ﷺ فەرموو: مەرجی خوای گەورە و خۆت چییە؟ فەرمووی: (مەرجی خوای گەورە ئەوەیە کە بیپەرستن و شەریکی بۆ دانەنێن، وە مەرجی خۆمیش ئەوەیە کە بمپارێزن چۆن خۆتان و ماڵ و منداڵتان دەپارێزن) وتیان: ئەگەر ئەمەمان جێبەجێ کرد چیمان بۆ هەیە؟ فەرمووی: (بەهەشت) وتیان: بازرگانییەکی قازانجکردوو و براوەیە، خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند، خوای گەورە نەفس و ماڵی لە باوەڕداران کڕیوە لە بەرامبەر ئەوەدا بەهەشتی پێ بەخشیون، ئەمانە کوشتار ئەکەن لە پێناو خوای گەورەدا یان کافران ئەکوژن و سەرکەوتوو دەبن یان ئەکوژرێن لە هەردوو حاڵەتەکە دەچنە بەهەشتەوە ئەمە بەڵێنێکە و خوای گەورە داویەتی و حەقەو ئەیباتە سەرو لە تەورات و ئینجیل و قورئانیشدا ئەم شتەی باس کردووە کێ هەیە لە خوای گەورە زیاتر وەعد و بەڵێنی خۆی بباتە سەر، واتە: کەس نییە، موژدە بێت لەو کڕین و فرۆشتنەی کە کردتان لەگەڵ خوای گەورەدا و دڵتان بەم کڕین و فرۆشتنە خۆش بکەن لەبەر ئەوەی براوەن تیایدا، ئا ئەمە گەورەترین بردنەوە و سەرکەوتنە.

هاوەڵان شەو و ڕۆژ چرکەساتەکانیان خست بووە سەر یەک بۆ کار کردن بۆ بەهەشت و خۆپاراستن لە دۆزەخ، هەرگیز کاتیان بە فیڕۆ نەئەدا و لە بەندایەتی هەمیشەیدا بوون، لە بازرگانیدا هەر خەریکی بەندایەتی بوون، لە باوکایەتی و دایکایەتیدا، بۆ دنیایان وەکو پادشا و ئەمیر کاریان دەکرد، دەیانزانی کاریان ئەوەیە کە ببنە خەلیفە لەسەر زەویدا، بۆ قیامەتیان هەموو خواناس و عابید بوون، لە جیهاد دا شێر و پڵنگ و ڕەشەبا بوون، لە مامەڵە کردن بەبەزەیی و بەخشندە و میهرەبان بوون، دنیایان پڕکرد لە نوور، خۆیان بوونە ئەستێرە و بە ئاسمانی ئەم ئیسلامەوە هەمیشە جریوەیان دێت، هۆکاری گەیشتن بەو پلەیە، شوێن ورد و درشتی سوننەتی پێغەمبەرەکەیان ﷺ کەوتن و بە ئیخلاص و دڵسۆزی و کردار و نیەت پاکی و هەوڵیان بۆ زانست و ئازا و چاو نەترس بوون، هەرگیز تەمەڵییان نەدەکرد لە کاریاندا و ئامانج و ستراتیژی ژیانیان دیاربوو قیامەت ئامانج بوو دنیاش لایان هۆکار بوو، بەو شێوەیە بوونە هاوەڵ و پلەی هاوەڵیان پێ بەخشرا لە هەموو کردار و گوفتار و هەڵسوکەوتیاندا ڕاستگۆ بوون، ڕقیان لە درۆ بوو، خەڵکی درۆزن لە ناویاندا بە ترسنۆک هەژمار دەکراو تا خوای پەروەردگاریش لە هەموویان ڕازی بوو هەموویانی خستە بەهەشت.

هاوەڵان مرۆڤ بوون لە سروشتی مرۆڤ بوونی خۆیان دەرنەچوو بوون، بە دڵنیاییەوە هەڵەیان دەکرد، بەڵام زوو دەگەڕانەوە بۆ لای خوای پەروەردگار، شەرمیان لە تۆبە و پەشیمان بوونەوە نەدەکرد، هەر زوو بە زوویی دەگەڕانەوە و تۆبەیان دەکرد، بۆیە کۆمەڵگەیەکی ڕەسەن و دروستیان لێ دەرچوو.

تابلۆی دوانزەیەم:

هاوەڵان و تۆبە کردن

گەڕانەوە بۆ لای خوای موتەعال

ڕەنگەکانی ئەم تابلۆیە بە گەردەنکەچی و لێبوردەیی نەخشێنراوە و ڕۆڵی سەرەکی هاوەڵانە، هاوەڵان لەگەڵ ئەوەی باشترین ڕەوەند بوون و باشترین خەڵکی بوون، دوای پێغەمبەران بە دەقی فەرموودەی پێغەمبەری خوا ، کە لە (بخاري) و (مسلم)دا هاتووە (عبدالله)ی کوڕی (مسعود) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: باشترین خەڵک ئەوانە بوون کە لە گەڵماندا ژیاون، (مەبەست هاوەڵانە) پاشان ئەوانەی دوای هاوەڵان هاتوون، پاشان ڕەوەندی دوای (تابعین) واتا ئەوانەی کە شوێنکەوتووانی هاوەڵان بوون[٦٥].

فەرموودە یەکجار زۆرە لە بارەی باشترین جیلی هاوەڵان کە بۆمان ئاشکرا دەکەن باشترین خەڵک و ڕەوەند بوون لەسەر زەویدا، لەگەڵ ئەوەشدا لە مرۆڤ بوونی خۆیان تێپەڕیان نەکردووە.

---

[٦٥] - وفي الصحيح عن عمران بن حصين رضي الله عنه قال: قال رسول الله ﷺ خير أمتي قرني، ثم الذين يلونهم، ثم الذين يلونهم.

هیچکام لە هاوەڵان معصوم نەبوون و هەڵەیان کردووە، لە لاپەرەکانی ڕابردوو ئاماژەی تەواومان بەو باسە داوە، زۆر جار تاوانی زۆر گەورەشیان ئەنجام داوە، تەنانەت مرۆڤ کە سەرنج لە ژیانیان ئەدات زۆری لا سەیرە کە هاوەڵان کەوتونەتە هەڵەو تاوانی گەورە، بەڵام زۆر بە زووی خێرا گەڕاونەتەوە بۆ لای پەروەردگار و (تۆبە و ئینابەیان) ئەنجام داوە.

لە ڕاستیدا هەندێک بە مەبەست ژیانی هاوەڵانیان شاردۆتەوە بە ژیانی ئەولیا و پیاو چاکان کە گوایە کاری وایان ئەنجام داوە، کە هەرگیز هاوەڵان لە توانایاندا نەبووە ئەو کارانە ئەنجام بدەن، زۆر جار بە مەبەست ئەم جۆرە کارانە خزێندراوەتە ناو ئەم دینە و هەمووی درۆ و قسەی هەڵبەستراوە و هیچ بنەمایەکی زانستی و شەرعی نییە، تەنها بۆ چەواشەکاری و هەڵخەڵەتاندن و بەلاڕێ بردنی خەڵکە لە بیرو باوەڕی ڕاست و دروستی ئیسلام، یاخود دوژمنانی ئیسلام بۆ کافر کردنی نوخبەی ناو کۆمەڵگەی ئیسلامی بە کاریان هێناوە تا چینی ڕۆشبیری کۆمەڵگە بە تەواوەتی کافر و بێ دین بن و هیچ بڕوایان بە ئایین نەمێنێت، تا ڕادەیەکی زۆر بێ دینەکان و ئیستعمار توانیان لەم بواردا سەرکەوتوو بن لە ڕێگای خەڵکەکانیانەوە، بە تایبەتی لە ناوچەکانی کوردستان بە گشتی و جیهانی ئیسلامی بە تایبەتی.

لە ناوچەکانی ئێمەدا لە ڕێگای مێجەر سۆن و قەشە پەری سنە و مارشەمعونی ناوچەی موسڵ و هەندێک مەلای بە کرێ گیراو لە ناوچەکانی کۆیە و ڕانیەدا!

زۆری تریش کە لێرەدا مەبەست نییە ناوی هەموویان ئاشکرا بکەین.

لە جیهانی ئیسلامیدا زۆرن چی وەکو کەسایەتی نموونەی(لۆرانسی عەرەب و شەریف پاشا و مصطفی کەمال ئەتاتورک و جواهر لال نەهرۆ و...هتد) نموونەی گروپ و دەستەکان وەکو ئتیحادی تەرەقی، کۆمپانیای شەرقی لە هیندستان و ماسۆنیەت... هتد.

هەموو ئەمانە لە رێگای نووسراو پێدراو کاریگەری زۆریان لەسەر کۆمەڵگەی ئیسلامی دانا بۆیە خورافات کردنی دین زۆرجار بە شێوەیەکی زۆر رێزدارانە بۆ پیاو چاک و ئەولیای خوا، بەڵام ئەم بە خورافی کردنە کاریگەری زۆری بەجێ هێشت لە ناو کۆمەڵگەدا.

درۆی گەورەو بێ مانا بەدەم پیاوچاکانەوە:

لە بیرمە باپیرم کە باسی دینی بۆ دەکردین نموونەی کەسێکی دەهێناوە بە ناوی (دەرویش مەمۆل) کێیە و چییە و ناوی باوک و کەس و کاری چییە لە ناوچەی پێنجوێن، لەگەڵ ئەوەی ئەم دەرویش مەمۆلە ناسراو بوو کەس نەیدەزانی کێیە و خەڵکی کوێیە، هەڵبەت زانرابوو کە ناوی دەرویش مەمۆلە و لە ناوچەکانی مەریوان و دەوروبەری بەگزادەی بەردەڕەشی لای مەریوان بوو، بە هەر حاڵ وا باو بووە کە گوایە سەیارەیەکی قوت داوە!

جۆری ئەم سەیارەیە (فۆرد) بووە خاوەنەکەشی جەناب سەرهەنگی ناوچەی کوردستانی ڕۆژهەڵات بوو، جارێک دەوترا: گوایە لێی بووە بە دەنکە خورمایەک یان دەڵێن لێ بووە بە کڵۆیەک شەکر، بە هەر حاڵ ئەم قسە زۆر بڵاو بوو لە ساڵەکانی ١٩٦٠-١٩٨٠دا، لە ڕاستیدا هیچ ڕاستی و بنەمایەکی

تێدا نییە ئەگەر حاڵەتی وا ڕوو بدات هاوەڵان کاری وایان ئەنجام ئەدا وشترێک یاخود ئەسپێکیان قووت ئەدا، بەڵام دەرونشێک سەیارەیەکی (فۆرد) قووت بدات بێ بنەمایە، لە هەمووی بێ مانا تر، ئەوە بوو باپیرم بڕوای کرد بوو، لەوەش کێشە تر زاوایەکیان بە ناوی کاک جەمالی خەلیفە مەحموود سەری بۆ با ئەدا و بڕوای تەواوی پێی هەبوو، بێجگە ئەویش هەزارانی تریش بڕوایان بەم درۆ شاخدار و بێ مانایانە دەکرد، سەدانی وەکو منیش کە گوێیان لەم باسانە دەبوو دینیان لێ دەبووە خورافات، بەڵام نەماندەوێرا قسە بکەین، هیچ سوودی نەبوو بەڵکو گەورەترین زەرەر و زیانی دەگەیاند.

هەڵەی هەندێک خەڵکی لە زیادەڕۆیی ژیانی دەیان هاوەڵان زیانی زۆری دەگەیاند، چیرۆکی ژیانیانی تێک ئەدا بە سەریەکدا لە بەر چاوی خەڵکی تردا بەگشتی هەموو ڕووداوەکان کە باس دەکرا لە ڕووداوی ژیانیان لاواز و بگرە درۆ و چەواشەکاری بوو کە لە شێوەی فریشتە و داماڵینی ناسنامەی مرۆڤ بوون، هاوەڵان پێویستییان بەو جۆرە ڕووداو و درۆ دەلەسانە نییە، ئەوەندە بەسە کە هاوەڵان وەکو خۆیان بناسێنین، وێنەو ڕاستگۆی ژیانیان دەقیق وەکو خۆیان بناسین، لەگەڵ ئەوەی هاوەڵان ڕەوەندێکی ناوازە و نایاب بوون، بەڵام زیادەڕۆیی لە دەقەکانیاندا زۆر زەرەرمەندمان دەکات، بەڵکو زیانی زۆر گەورە ئەدات لە ژیانی ئەوانەی دوای هاوەڵان دێن، ئەوانی تریش نا ئومێدی و نەتوانین لە لاسایی کردنەوەیان دەکات کە ناتوانن هاوشێوەی هاوەڵان ڕەفتار بکەن.

ئەوەی پێشتر لە ژیانی دەرۆیش مەمۆل دا ئاماژەمان پێدا تەنها قسە و باسی ناو خەڵکی بوو، بەڵام زۆرێک لە زیادەڕۆییەکان لە ناو کتێبەکاندا یاداشت کراوە و بووە بە پاستی، خەڵکی لە مەجلیس و دانیشتنەکانیاندا باسیان دەکەن، نموونەی حیکایەتی دەشتەکیەکی مەککە لە کتێبی ئەولیایەکاندا هاتووە، گوایە کەسێکی دەشتەکی لە شاری مەککەدا دەرکەوتوە، قسەو باس لەسەر سیفاتێک دەکات لە ژیانی مرۆڤدا نییە، ئەو کەسەی لە باسی دەکەین هاوەڵ نییە، بەڵام زۆر کێشە دروست دەکات بۆ ژیانی هاوەڵان، دەڵێت: کەسێک دەگێڕێتەوە لەو کتێبەدا کە چووەتە ناوچەی بیابانی مەککە و گەنجێکی دیوە پێ پەتی، هیچ خواردنێکی پێ نەبووە و جلوبەرگی دڕاو و بێ گۆچان و یارمەتی دەربووە، کەسەکە دەڵێت: کە گەیشتم بەو گەنجە ئەگەر برسی بوو خواردنی پێدەبەخشم و ئەگەر تینوو بوو ئاوی پێ ئەدەم، دەڵێت: لە نێوانی من ئەو گەنجەدا چەند هەنگاوێک مابوو لەپڕ نەما و لێم ون بوو، بەڵکو لە بەرچاوم دیار نەمان لە ناو ئەو بیابانەدا، بەردەوام دەڵێت: لە دڵی خۆمدا وتم شەیتانە، بۆیە گەڕامەوە لە دوورەوە بەدیم کرد یەکێک دەیووت: بەڵێ؛ شەیتانە، دوایی هاواری کرد و وتی: سەرخۆشە، پاشان جارکی تر بینیمەوە و لێی نزیک بوومەوە، بەڵکو قسەی لەگەڵ بکەم، دیسان دوورکەوتەوە مەودایەکی زۆر لێم دوورکەوتەوە منیش هاوارم لێکرد بوەستە، سوێند بەو کەسەی کە (محمد)ی ناردووە بە حەق دەمەوێت قسەت لەگەڵ بکەم!

دەڵێت: بە هۆکاری سوێندەکەی وەستا، پاشان گەنجەکە وتی: تۆ شوێن من نەکەوتویت، بەڵکو شوێن نەفسی خۆت کەوتویت.

کەسەکە دەڵێت: کە خۆم بەدی کرد هەر خۆت بوویت و ویستم خزمەتێکت بکەم.

گەنجەکە دەڵێت: چۆن من تەنها بووم لە کاتێکدا من خوام لەگەڵ دایە؟

کەسەکە دەڵێت: ئاخر هیچ زاد و کەرەستە و خواردن وخواردنەوەت پێ نەبوو.

گەنجەکە دەڵێت: هەر کات برسیم بوو خواردن منی بیر دەکەوێتەوە، هەر کاتێکیش تینووم بوو، برسێتی مورادی تونیەتیم دەشکێنێت، واتا ئەم کەسە هیچ خواردن و خواردنەوە ناخوات.

کەسەکە دەڵێت: باشە من برسیمە تێر نانم بکە.

گەنجەکە دەڵێت: ئەی تۆ بڕوات بە کەرامەتی ئەولیا نییە؟!

کەسەکە دەڵێت: بڕوای تەواوەتیم پێی هەیە، بەڵام ئەو دەمەی تۆ دڵ ئارام و یەقینت هەبێت کە تۆ ئەولیای خوای؟!

گەنجەکە بە قاچی کێشای بە خۆڵی بیابانەکەدا و دەستی برد چنگێ لە خۆڵەکەی هەڵگرت و دایە دەستم وتی: بگرە هەڵخەڵەتێندراو ئەوە ئاردی نەرم و سپیە.

کە بینیم وابوو وتم: لەم ئاردە خۆشتر نییە بۆ نان.

گەنجەکە وتی: لەم دەشت و دەرو بیابانە ئەولیاکانی خوا زۆریان هەیە لەم جۆرە ئاردانە، بەو مانایەی کە ئەوان لە دەشت و بیاباندا (ئیعتیکاف) دەکەن، نان و خواردنی زۆرمان لایە ئەگەر مرۆڤ ئەقڵی بەکار بهێنێت.

کەسەکە دەڵێت: دەی تینوومە ئاوم دەرخوارد بدە؟

گەنجەکە بە قاچی کێشای بە زەویدا، لە خاکەکە ئاو و هەنگوین هاتە دەرەوە لە دوو سەرچاوەی جیاواز.

کەسەکە دەڵێت: دانیشتم و تێر ئاو هەنگوینم خواردەوە، پاشان سەرم هەڵبڕی کەسەکەم لێ ون بوو، لەو کاتەوە هاوکاری فەقیر و هەژاران دەکەم بۆ ئەوەی جارێکی‌تر تووشی ئەو گەنجە ببمەوە؟

هەموو کەسێکی خاوەن ژیری و وریای دەزانێت ئەوە قسەیەکی بێ مانا و درۆیە، زۆر کاریگەری خراپ و نەرێنی جێدەهێڵێت لەسەر پەروەردە کردن و مەنهەجی پەروەردە بوون، خەڵکی زۆر ئاستەمە بگاتە ئاستی شتی ئاوا، بە هاوکاری ئەم چیرۆکانە خەڵکی تووشی نائومێدی دەبێت. ئێمە باسی مرۆڤ دەکەین و مامەڵە لەگەڵ مرۆڤ دەکەین، بەڵام زۆری ئەو چیرۆک و خورافیاتانە مرۆڤ لە سروشتی مرۆڤ بوون ئەکەنە دەرەوە و زۆر ئاستەم دەبێت بۆ لاسایی کردنەوە، بەڵام کاتێک باسی هاوەڵێک دەکەین تێدەگەین کە جۆری مامەڵەی زۆر ئاسایی و مرۆڤانە بووە، هەڵەیەکی کردووە بەڵام لە هەمانکاتدا بە زوویی گەڕاوەتەوە بۆ لای خوای پەروەردگاری، زۆر ئاسان

دەبێت لاسایی کردنەوەی چونکە مرۆڤە، ئێمەش کە مرۆڤین لە تواناماندا دەبێت ئەوەی ئەو کردوویەتی ئەنجامی بدەین.

لە ڕاستیدا ئەگەر کەرامەتی وا ڕوو بدات لە پێشترە بۆ هاوەڵان، بەڵام ئایا هیچ هاوەڵێک لەگەڵ ئەو هەموو ئازار و ناڕەحەتی و ئەشکەنجە و ئازارەدا شتی وایان بەسەردا هاتووە، لە کاتێکدا برسیان بووە، داوای خواردنەوەیان کردووە لە خودی پێغەمبەری خوا ﷺ، نموونەی کاتی هەڵکەندی (خەندەق) یاخود شتێکی لەو جۆرە ڕوویداوە لەگەڵ ئەبوبەکری صدیق دا هاوشێوەی ئەوەی لە خۆڵ ئارد دروست بکات، یان عومەری کوڕی خەتتاب قاچی کێشا بە زەویدا ئاو هەنگوین هەڵقوڵێنێت؟!

یاخود عوسمانی کوڕی عەففان ئەگەر بیویستبایە بڕوات بۆ جێگایەک هەوا و با هەڵیدەکرد و دەیگواستەوە؟

شێوەی ئەم گەنجەی کە لە کتێبی ئەولیاکاندا باس دەکرێت کەس نازانێت و تەنانەت هۆڵیود و بۆڵیودی ناگاتێ!

مەنهەجێکی سەیر و سەمەرە لە پەروەردە کردن، ئوسلوبێکی زۆر نەشیاو و خراپ بۆ پەروەردە کردن، هۆکاری تەعجیزی و نائومێدی بۆ خەڵکی بە گشتی کە لە پشتیەوە هیچ حەقیقەتێک نییە.

هاوەڵان بەو شێوەیە نەبوون. بەڵکو وەکو هەموو مرۆڤەکانی تر ژیاون و هیچ جیاوازییەک لەلاشە و پێکهاتەی ناو لاشەیاندا نەبووە ١٠٠٪ مرۆڤ

بوون، ئەگەر برسیان بوایە بە دوای خواردندا دەگەڕان ئەگەر تینویان بوایە بیریان هەڵدەکەند و ئاویان دەردەهێنا.

بۆ خواردن ئاگریان دەکردەوە و هەوڵیان ئەدا بۆ دروست کردنی.

ئەگەر بڕۆیشتنایە بۆ سەفەر زاد و کەرەستە و ئاوی پێویستیان لەگەڵ خۆیاندا دەبرد، ڕێگای ئاسان و کورت خایەنیان هەڵدەبژارد هەموو هۆکار و هێز و توانایەکیان بۆ کارەکانیان دەگرتە بەر، ئەوە مانای ئەوە نییە کەرامات بۆیان ڕووی نەداوە، بەڵکو چەندین جار ڕوویداوە لە وێستگەکانی خۆیاندا، بەڵام بێ ویستی خۆیان، بێ ئەوەی داوای بکەن بە دڵنیاییەوە یەقینمان هەیە بە کەراماتی ئەولیاکان، بەڵام خوای گەورە دەیبەخشێت و لە تواناو ویست و ئیرادەی مرۆڤدا نییە، کات و جێگای بۆ دیاری ناکرێت، کەی خوای گەورە ویستی دەیبەخشێت.

کەواتە هاوەڵان مرۆڤ بوون، هەموو مرۆڤێکیش هەڵە دەکات، بەڵام هیچ کێشەیەک نابێت لە دوای هەڵەکە مرۆڤ تەوبە بکات و لە زووترین کاتدا بگەڕێتەوە بۆ لای پەروەردگاری، سروشتی مرۆڤیش وا هەڵکەوتوە کە دەبێت هەڵەو تاوان بکات، دەنا مرۆڤ نییە ئەگەر وا نەکات، هیچ مرۆڤێک نییە لەسەر زەویدا کە هەڵە نەکات. موسلیم لە ئەبوهورەیرەوە بۆمان دەگێڕێتەوە، کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: سوێند بەو کەسەی گیانی منی بە دەستە، ئەگەر هاتوو تاوان نەکەن، ئەوە خوای پەروەردگار لە ناوتان دەبات

و خەڵکانێکی تر دەهێنێت کە تاوان بکەن و پاشان بگەڕێنەوە لای خوای خۆیان داوای لێخۆش بوون بکەن و خوای موتەعال لێیان خۆش ببێت[٦٦].

بە دڵنیاییوە ئەوە بانگەشە نییە بۆ تاوان کردن، بەڵکو جەوهەری فەرموودەکە مەبەست تۆبە کردنە، بەڵکو بۆ نیشاندانی ناسنامەی مرۆڤە، ڕوونکردنەوەی واقیعەکەیە، بانگەوازە بۆ گەڕانەوە بۆ لای خواو تۆبە کردن.

خوای موتەعال سروشتی مرۆڤی وا دروست کردووە کە هەڵە و تاوان بکات تەنها خوای پەروەردگار هەڵە ناکات، تەنانەت پێغەمبەرانیش هەڵە دەکەن ڕاستەوخۆ خوای پەروەردگار بۆیان ڕاست دەکاتەوە، تا ناسنامەی مرۆڤ بوونی خۆیان لە دەست نەدەن، تەنانەت پێغەمبەری خوا ﷺ ئاماژەی داوە بە و دەفەرموونێت:

هەموو مرۆڤێک لە نەوەکانی ئادەم هەڵە دەکات، بەڵام باشترین لەوانەی کە تاوان دەکەن ئەوانەی کە خێرا تەوبە دەکەن و داوای لێ خۆش بوون دەکەن[٦٧].

کەواتە هاوەڵان هەڵەیان دەکرد، هەروەها داوای لێخۆشبوون و پەشیمان بوونەوەیان دەکرد لە تاوانەکانیان و بەزووترین کات تەوبەیان دەکرد، بەڵام

٦٦- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ مَرْفُوعاً: وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ، لَوْ لَمْ تُذْنِبُوا، لَذَهَبَ اللهُ بِكُمْ، وَجَاءَ بِقَوْمٍ يُذْنِبُونَ، فَيَسْتَغْفِرُونَ اللهَ تَعَالَى، فَيَغْفِرَ لَهُمْ/ رَواه مُسْلِم.

٦٧- عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِک رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ قال: قال رسول الله ﷺ كُلُّ بني آدم خَطَّاءٌ، وخيرُ الخَطَّائِينَ التَّوَّابُونَ/ رواه الترمذي وابن ماجه والداري وأحمد.

تەوبەی هاوەڵان تایبەتمەندی خۆی هەبوو شێوەی جوان و بەزوویی و پەشیمانی پێوە دیار بوو خاوەنی تایبەتمەندی و سیفاتی تایبەتی خۆیەتی تەوبەکانیان ئەوەی زانراوە لە سەر مرۆڤ کە تەوبە سێ بەشە، ئەگەر مرۆڤ هەڵەی کرد لە بەرانبەری حەقی خوای پەروەردگار دەبێت و پێویستە سێ کار ئەنجام بدات تا بگەڕێتەوە بۆ لای پەروەردگار

یەکەم: دەبێت خۆی دابماڵێت لە هەموو تاوانێک، **دووەم:** دەبێت پەشیمان و خەفەت بار بێت لەوەی کە ئەنجامی داوە بەسەر تاوانەکەیدا بگری. **سێیەم:** دەبیت هەوڵی جدی بدات ئیرادەی بە هێز بێت کە ناچێتەوە سەر تاوانەکەی، بەڵام بەڕاستگۆیانە و بە ڕاستی بێت، خوای پەروەردگار ئاگاداری دڵو دەروونە دەزانێت چی تێدا ڕوو ئەدات!

ئەگەر تاوانەکە لە حەقی مرۆڤەکاندا بوو، ئەوە مەرجی چوارەمی بۆ زیاد دەکرێت، دەبێت هەموو مافەکان بگەڕێنێتەوە بۆ خاوەنەکانی، واتا ئەگەر دزی و خواردنی پارە بێ بە ناحەق، پارەکە بگەڕێنێتەوە بۆ خاوەنەکەی، یاخود شایەتی دانی درۆ و، یان خواردنی مافی خەڵکی بە ناحەق وەکو جنێودان و شەڕ کردن، لێدان و زوڵم کردن و...هتد، یان گەڕانەوەی مافەکان یان خۆت داوای لێخۆش بوون و عەفو لە خاوەنەکەی بکەیت.

چۆنیەتی تۆبە و ئینابە لای هاوەڵان

تەوبە لە ژیانی هاوەڵاندا خەسڵەتی تایبەتی هەبووە، بێجگە لەو سیفاتانەی پێشتر ئاماژەمان پێ داون، هاوەڵان خەسڵەتی تایبەتیان هەبووە بۆ تەوبە کردن، کە شیکاریان بۆ دەکەین.

یەکەم: تۆبەکردن بە خێرایی: لەسەرەتادا ئەوەی زۆر ڕوون و ئاشکرایە هاوەڵان بەردەوام نەدەبوون لەسەر تاوان، تاوانیان دەکرد، بەڵام خێرا و دەستبەجێ دەگەڕانەوە و تەوبەیان دەکرد.

جا بە هۆکاری لاوازی هاوەڵەکە تاوانێکی ئەنجام بدایە خێرا بوو لە گەڕاندنەوەی ڕوشدی و گەڕانەوە بۆ لای پەروەردگاری، ئەوکات خوای پەروەردگاریش لێیان خۆش دەبوو، (ئیبن عباس) دەڵێت: تاوانی بچووک نییە کە مرۆڤ بەردەوام بوو لەسەری، تاوانی گەورە نییە کە مرۆڤ تۆبەی لە سەر نەکرد (لا صغيرة مع الإصرار، ولا كبيرة مع الاستغفار).

بە دیوێکی تر لە واتایەکەیدا مانای وایە با تاوان بچوک بوو کە مرۆڤ لە سەری بەردەوام بوو دەبێتە تاوانی گەورە، بە هەمان شێوە تاوانی گەورە ئەگەر تۆبەی لەگەڵ نەبوو سەر دەکێشێت بۆ کوفر کردن.

هەروەکو ئەبو حامیدی غەزالی دەڵێت: دڵۆپەی ئاو بۆ سەر بەرد هەستی پێ ناکەین، بەڵام کە کۆت کردەوە لە ناو سەتڵێکدا، ئەوکات کە کردت بە بەردەکەدا کاریگەری خۆی دەبێت.

هەر لەبەر ئەوەیە خوای پەروەردگار هەمیشە دەرگای تەوبەی کراوەیە و داوا لە مرۆڤەکان دەکات کە بەبەردەوامی تەوبە بکەن و دوای نەخەن، نەڵێت لە ڕەمەزانی داهاتوو تەوبە دەکەم یاخود تەوبەکەی هەڵبگرێت بۆ مەوسیمی حەج یاخود کاتی عومرە، یاخود تەوبەکەی هەڵبگرێت بۆکاتی پیربوون، دەرگای تەوبە هەمیشە والّایە و کراوەیە بۆ هەمووان، لەهەموو کات و ساتێکدا کاتی بۆ دیاری نەکراوە.

ئیمامی موسلیم لە ئەبو موسای ئەشعەرییەوە بۆمان دەگێڕێتەوە: لە پێغەمبەری خواوە ﷺ دەفەرموێت: خوای موتەعال دەست درێژ دەکات لە شەودا بۆ ئەو کەسانەی لە ڕۆژدا تاوانیان کردووە، واتا هەموو شەو هەوڵی ئەوەیە کە مرۆڤ داوای لێخۆش بوون لە تاوانەکانیان بکەن، بە پێچەوانەوە بۆ ئەوانەی لە شەودا تاوانیان کردووە خوای پەروەردگار بە ڕۆژ دەستیان بۆ درێژ دەکات کە بە ڕۆژ تۆبە بکەن و داوای لێخۆش بوون بکەن.

هەروەها ڕۆژ هەلی تەوبە کردنە بۆ ئەوانەی کە بەشەو تاوانیان کردووە.

بەهەمان شێوە ئەم پڕۆسە بەدەوامە، تا ئەو ڕۆژەی ڕۆژ لە ڕۆژئاواوە هەڵدێت، کە یەکێکە لە نیشانە گەورەکانی قیامەت[٦٨].

---

[٦٨]- عَنْ أَبِي مُوسَى عَبْدُ اللهِ بْنَ قَيْسٍ الْأَشْعَرِي رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ: إِنَّ اللهَ تَعَالَى يَبْسُطُ يدَه بالليلِ لِيَتوبَ مُسِيءُ النَّهارِ، ويَبْسُطُ يدَهُ بالنَّهارِ لِيَتُوبَ مُسِيءُ اللَّيلِ، حَتَّى تَطْلُعَ الشَّمْسُ مِنْ مَغْرِبِهَا/ رَواه مُسْلِم.

هاوەڵان دەیانزانی کە تەوبە لای خوای گەورە قبوڵ دەبێت، بۆیە خێرا دەگەڕانەوە بۆ لای پەروەردگاریان لە کاتی هەڵە کردنیاندا، خوای پەروەردگار دەفەرموێت:

﴿إِنَّمَا ٱلتَّوْبَةُ عَلَى ٱللَّهِ لِلَّذِينَ يَعْمَلُونَ ٱلسُّوٓءَ بِجَهَٰلَةٍ ثُمَّ يَتُوبُونَ مِن قَرِيبٍ فَأُوْلَٰٓئِكَ يَتُوبُ ٱللَّهُ عَلَيْهِمْ ۗ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمًا ﴿١٧﴾ وَلَيْسَتِ ٱلتَّوْبَةُ لِلَّذِينَ يَعْمَلُونَ ٱلسَّيِّـَٔاتِ حَتَّىٰٓ إِذَا حَضَرَ أَحَدَهُمُ ٱلْمَوْتُ قَالَ إِنِّى تُبْتُ ٱلْـَٰٔنَ وَلَا ٱلَّذِينَ يَمُوتُونَ وَهُمْ كُفَّارٌ ۚ أُوْلَٰٓئِكَ أَعْتَدْنَا لَهُمْ عَذَابًا أَلِيمًا ﴿١٨﴾﴾ النساء

واتە: {تەوبە کردن بۆ کێیە؟} خوای گەورە قبووڵکردنی تەوبەی لەسەر خۆی پێویست کردووە کە هەر کەسێ تەوبە بکات خوا تەوبەی لێ قبووڵ دەکات بۆ ئەو کەسانەی کە خراپە ئەکەن بە نەزانی، (ابن عباس) ئەفەرموێت: هەر کەسێك خراپەی کرد ئەوە جاهیل و نەزانە، پاشان بە نزیکی ئەگەڕێنەوە واتە: پێش ئەوەی کە ڕوح بگاتە غەرغەرەیان، ئا ئەمانە خوای گەورە تەوبەیان لێ قبووڵ دەکات و لێیان خۆش ئەبێ خوای گەورە زۆر زاناو کاربەجێیە ﴿١٧﴾ تەوبە بۆ ئەو کەسانە نیە کە هەموو جۆرە خراپەیەك ئەکەن تا یەکێکیان ئەگاتە سەرەمەرگ کە دڵنیایە ئەمرێ و ڕوح ئەگاتە غەرغەرەی، ئەڵێ: ئەوە من ئێستا تەوبەم کرد، تەوبە بۆ ئەوانە نیە و بۆ ئەو کەسانە نیە کە بەکافری ئەمرن ئا ئەمانە سزایەکی زۆر بەئێش و ئازارمان بۆ ئامادە کردوون ﴿١٨﴾

ئەبو قەتادە -ڕەحمەتی خوای لێبێت- دەڵێت: هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ دەیانووت: هەموو تاوانێک بە هۆکاری جەهالەتە (یعملون السوء بجهالة)، مەبەستیان هەموو تاوانێک بوو دەرحەق بە خوا و بە بەندەکانی.

بە گشتی هاوەڵان هەڵەیان دەکرد و دەکەوتنە ناو هەڵەوە، زۆر جار هەڵەکان زۆر گەورە و ترسناک بوون، بەڵام خاسێتی ئەوان زوو پەشیمان بوونەوە بوو لە تاوانەکەیان، نەنگی نییە مرۆڤ بکەوێتە تاوانەوە، بەڵام زۆر نەنگی و شورەییە بکەوێتە تاوان و بەردەوام بێت، بزانیت هەڵەیە هەر نەفسی خۆی سەر بخات.

با تەماشایەکی ژیانی هاوەڵان بکەین لە تاوان کردن و لە گەڕانەوەی خێرا و تەوبەکردنیان.

نموونەی هاوەڵێک دەهێنینەوە ناسراوە بە ئەبو لوبابە، زۆربەمان دەزانین کە لە جەنگی خەندەق-دا بەنو قوڕەیزە خیانەتیان کرد لە پەیمان و عەهدێک کە لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ -دا هەیان بوو، لە دوای جەنگەکە پێغەمبەری خوا ﷺ خۆی ئامادە دەکرد کە بڕواتە سەر ئەو هۆزە و سزایان بدات لەسەر کارە خراپەکانیان کە ئەنجامیان داوە، کۆمەڵێک لە هاوەڵانیان شەهید کرد، خۆ ئەگەر خوای پەروەردگار بە هۆکاری کەسێک نەبوایە، ئەوا هەموو موسڵمانان لە شاری مەدینەدا لە ناو دەچوون، بەهەر حاڵ پێغەمبەری خوا ﷺ بیست و پێنج ڕۆژ گەمارۆی خستە سەر بەنو قوڕەیزە تا لە قەڵا و باڵاخانەکانیان بێنە دەرەوە و جەنگ بکەن، لە کۆتاییدا بەنو قوڕەیزە ڕازی بوون بە فەرمانی خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی ﷺ ، داوایان کرد کە

پێغەمبەری خوا ﷺ کەسێک بنێرێت بۆ گفتۆگۆ و دانوستان (موفاوەزات)، بۆ ئەم مەبەستە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەبو لوبابەی هەڵبژارد کە یەکێک بوو لە هاوەڵانی ئەنسار و لە عەشیرەتی ئەوس بوو، هۆکاری هەڵبژاردنەکەی بۆ ئەوەی کە ئەو هاوەڵی هاوپەیمانی بەنو قوڕەیزە بوو، بە هۆکاری ئەوەی هاوپەیمانیانە و دەشیت دڵی نەرم بکەن بۆ هەندێک لە داواکارییەکان.

پێغەمبەری خواش ﷺ بڕیاری یەکجاریدا بوو جەنگ لەگەڵ بەنو قوڕەیزەدا بکات، بە هۆکاری خیانەتی گەورەیان کرد بوو لە پەیمانیان نامەکەیان، لە هەمان کاتدا لەوە بوون ڕێگا بۆ قوڕەیش بکەنەوە بڕۆنە ناو شاری مەدینە بۆ بنبڕکردنی موسڵمان و کوشتنی هەموویان، وەکو عەرەب دەڵێت: (فالجزاء من جنس العمل) (پاداشت و سزا لەسەر چۆنیەتی کارکردنت وەردەگیریت).

پێغەمبەری خوا ﷺ ئەبو لوبابەی ئاگادار کردەوە کە بە هیچ شێوەیەک ئاگاداریان نەکاتەوە لەوەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ جەنگی دەوێت و سزای مەرگیان ئەدات لە سەرکارەکەیان کە ئەنجامیان داوە، لە کاتی گفتۆگۆدا ئەی درکێنێت، چونکە ئەگەر بزانن دەرگای قەڵاکانیان واڵا ناکەن، دەبێت موسڵمانان بۆ ماوەیەکی زۆر لەو گەمارۆدانەیاندا بمێنەوە، بە دڵنیاییەوە قەڵا و قولەی بەنو قوڕەیزە زۆر بەهێز بوو، پڕ بوو لە خواردن و خواردنەوە کە بەرگەی چەند مانگێکی تریشان دەگرت.

ئەبو لوبابە چوو بۆ گفتوگۆ و دانوستان لەگەڵیاندا، لەگەڵ یەهودا کەوتنە گفتوگۆ کە بینی منداڵ و ژن و پیاو لە بەردەمیدا دەگرین دڵی پێیان سوتا و زانی کۆتاییەکەیان مەرگە، پێشتر پەیوەندی توند و تۆڵی هەبوو لەگەڵیاندا پرسیان لە ئەبو لوبابە: بە باشی دەبینی دابەزین بۆ فەرمانی محمد ﷺ؟

لە وەڵامدا وتی: بەڵێ، بە زمانی قەراریدا بۆ ئەوەی دابەزینە ژێر فەرمانی پێغەمبەری خوا ﷺ، بەڵام بە دەستی ئاماژەی کرد بۆ ملی کە گوایە پێغەمبەری خوا ﷺ هەمووتان سەر دەبڕێت، فەرمانی کوشتنی داوە.

ئەبو لوبابە خیانەتی گەورەی ئەنجامدا، نهێنی پێغەمبەری خوا ﷺ -ی ئاشکرا کرد، ئەمەش بە هەموو پێوەرێکی ئەخلاقی و سیاسی گەورەترین تاوانە و جاسوسیە، لە کاتێکدا ئەم هاوەڵە لە ئەنصارە، لە هاوەڵە ڕاوەستا و خاوەن ئیمانی بە هێز و گەورەیە، خاوەنی مێژوو و سەروەریە، دەستی خێرو چاکەی دیارە.

بەڵام لەو چرکەساتەدا تووشی هەڵە بوو لاوازی ڕووی تێکرد ،ئەم هەڵەیەش هەموو موسڵمانێک ناکەوێتە ناوی، نهێنی دەوڵەتە، هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ ئاشکرا بکات، تاوانەکە یەکجار گەورەیە تەنانەت لە حاڵەتی ئەو هاوەڵەدا نەبێت، حەددی دەکەوێتە سەر، لەوانەیە بگاتە ئاستی کوشتن و لەسێدارەدان.

ئەبو لوبابە دەڵێت: سوێند بە خوا، هێشتا قاچم لە جێگای خۆی هەنگاوی هەڵنەهێنابوو، زانیم خیانەتم لە خوا و پێغەمبەری خوا ﷺ کردووە.

زانی تاوانی ئەنجام داوە، خۆی ڕاستەوخۆ هەستی پێ کردکە تاوانی زۆر گەورەی ئەجام داوە، لە چرکە ساتی لاوازیدا بوو کەوتە هەڵە، بەڵام لەبەرانبەر هەڵەدا تەوبە هەیە، بە خێرایی ڕۆیشت و مەجلیسی دانوستان و گفتوگۆی جێهێشت، نەک بۆ لای پێغەمبەر ﷺ، بەڵکو ڕاستەوخۆ بۆ مزگەوتی پێغەمبەری خوا ﷺ، خۆی بەستەوە بە یەکێک لە کۆڵەکەکانی مزگەوتەوە و وتی: سوێند بە خوا لێرەدا ناجوڵێم تا خوای گەورە لێم خۆش نەبێت، لەسەر ئەو کارەی ئەنجامم داوە.

(لا أبرح مكاني هذا حتى يتوب الله علي مما صنعت).

خۆ بەستنەوەکەی لە ناو مزگەوتدا مەرجی ئەوەی لەسەر خۆی دادەنێت تەنها پێغەمبەری خوا ﷺ بیکاتەوە بە دەستی موبارەکی، تا خوای پەروەردگار ئایەتی لەسەر دابەزێنێ و تەوبەی قوبوڵ بکات.

خۆ دەیتوانی ئەم باسە باس نەکات و بیشارێتەوە، هیچ کەس لە موسڵمانان ئاگایان لە ڕووداوەکە نەبوو، بەڵام هەستی کرد تاوانەکەی زۆر گەورەیە، پێویستە تەوبەی لەسەر بکات، چونکە هەڵی باشی هەیە لە دنیادا تا نەچوە بۆ قیامەتی، خۆ ئەگەر مرد ئەو فرسەتەی لە دەست دەردەچێت، خوای پەروەردگار ئایەتی لەسەر خیانەتەکەی دابەزاند، بەڵام خوای گەورە بە ئیماندار ناوی هێنا، فەمووی:

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَخُونُواْ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ وَتَخُونُوٓاْ أَمَٰنَٰتِكُمۡ وَأَنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ٢٧﴾ الأنفال

واتە: {ناپاکی نەکردن لە پاسپاردە}، ئەی باوەڕداران ئێوە خیانەت و ناپاکی لە خوای گەورە مەکەن بە تاوان کردن، خیانەت لە پێغەمبەری خوا ﷺ مەکەن بە وازهێنان لە سوننەتەکەی و سەرپێچی کردنی، خیانەت مەکەن لەو ئەمانەتانەی کە لەلاتان دائەنرێ یان لە جێبەجێ کردنی فەرزەکان لە کاتێکدا کە ئێوە ئەزانن ئەمە خیانەت و ناپاکییە و حەرامە.

هەواڵ گەیشتە پێغەمبەری خوا ﷺ، ئیتر زانی ئەبو لوبابەیە، خۆی بەستۆتەوە بە کۆڵەکەیەکی مزگەوتەوە و سوێندیشی خواردووە هیچ کەس نەیکاتەوە تا خوای گەورە تەوبەکەی قبوڵ دەکات، ئەوەش سزایەکی زۆر سەختە مرۆڤ نازانێ وەڵام دانەوەی چەند دەخایەنێت، بەڵام بە ڕاستی دەیەوێت تەوبە بکات و بگەڕێتەوە بۆ لای خوای پەروەردگار، ئیتر لای گرنگ نییە خەڵکی چی دەڵێن و چی نالێن، یاخود چەند دەخایەنێت، بۆ ئەو تەوبە کە گرنگە خوای پەروەردگار لێی خۆش بێت، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ئەگەر ئەبو لوبابە بهاتایەتە لام خۆی نەبەستایەتەوە و ئەو مەرجەی لەسەر خۆی دانەنایە، لێی خۆش دەبووم.

(قال الرسول ﷺ لما وصله خبره أن أبا لبابة أن يربط نفسه ف العمود، قال: أما لو جاءني لاستغفرت له).

پێغەمبەری خوا ﷺ ڕێنیشاندەرو ڕەحمەتە بۆ موسڵمانانی و خۆ خەڵکی بە گشتی ئەو خۆی مەرجی لەسەر خۆی داناوە، بە هۆکاری

مەرجەکەی پێغەمبەری خوا ﷺ ناتوانێت هیچی بۆ بکات، دەبێت چاوەڕێ بێت تا خوای پەروەردگار ئایەتی لەسەردا دابەزێنێ و لێی خۆش دەبێت، هەر بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ئەگەر وای نەکردایە، ئەو سوێندەی نەخواردایە، ئەوا لە کۆڵەکەکەم دەکردەوە ئازادم دەکرد، بەڵام ناتوانم هیچی بۆ بکەم تاکو خوای پەروەردگار تەوبەکەی قوبوڵ دەکات، (يقول رسول الله ﷺ: فأما إذ قد فعل ما فعل فما أنا بالذي أطلقه من مكانه حتى يتوب الله عليه).

چەند ڕۆژێک ئەبولوبابە خۆی زیندانی و بەستبووەوە بە کۆڵەکەی مزگەوتەکەوە خێزانەکەی لە کاتی نوێژەکاندا دەهات، دەیکردەوە نوێژی ئەنجام ئەداو پاشان دەیبەستەوە بە کۆڵەکەکەوە.

لە کاتی چوونم بۆ حەج لە پاسەوانێکی مزگەوتی پێغەمبەری خوا ﷺ-م پرسی ئەتوانیت ئەو کۆڵەکەیەم نیشان بدەیت کە ئەبو لوبابە خۆی پێوە بەستبووەوە؟!

پاسەوانەکە وتی: نیشانت نادەم چونکە ئەچیت لێی دەپاڕێیتەوە!

بە پاسەوانەکەم وت: بۆ من بت پەرست و موشریکم تا لە کۆڵەکەیەکی ڕەق بپاڕێمەوە.

پاسەوانەکە: ئەی بۆچیتە؟

لە وەڵامیدا وتم: من کەسێکم لەسەر هاوەڵان و ژیانی پێغەمبەر ﷺ، دەنووسم بۆ من گرنگە کە پاشماوە و جێگاکان وەکو خۆی بناسم. ئیتر بڕوای پێ کردم و هات لەگەڵمادا کۆڵەکەکەی نیشاندام، یەکێک لە پایەکانی مزگەوتی پێغەمبەری خوا ﷺ بوو لەسەر کۆڵکەکە نوسرابوو (کۆڵەکەی تەوبە).

تا ئەم ساتە وەختە ئەو جێگایە وەکو خۆی ماوە کۆڵەکەش ناونراوە بە کۆڵەکەی ئەبو لوبابە یاخود تەوبە، بە دەوریدا سوڕامەوە لەبەر چاومدا بوو کە ئەو هاوەڵە بەڕێزە لە چ ناڕەحەتی لاشە و نەفس و ئازارێک دا بووە تا خوای گەورە تەوبەکەی لێ وەربگرێت، بەڵام تەوبەکەی ڕاستگۆیانە بوو. لەدوای شەش ڕۆژ لە ناڕەحەتی خوای گەورە ڕەحمی پێکرد و ئایەتی دابەزاند کە خوای پەروەردگار تۆبەکەی قبوڵ کردووە، لەو کاتەدا لە ماڵی خۆی لای خێزانی بەڕێزی ئوم سەلەمە بوو، دایکی ئیماندارانی ئوم سەلەمە بۆمان دەگێڕێتەوە دەڵێت: کاتی سەحەر بوو گوێم لە پێغەمبەر ﷺ بوو پێدەکەنی و زۆر دڵ خۆش بوو، چونکە تەوبەکە دابەزی بوو بۆ ئەبو لوبابەی کوڕی مونزری ئەنساری، خۆشەویستییەکی بێ وێنە هەبوو لە نێوانی پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵاندا بە گشتی، لەکاتی پێکەنینەکەیدا ئوم سەلەمە پرسی بە چی پێدەکەنیت؟

پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: خوای گەورە تەوبەی ئەبو لوبابەی گیرا کرد و لێیخۆش بوو.

ئوم سەلەمە دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ ئەی مژدەی نادەیتێ ؟

پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: بەڵێ بێگومان هەواڵی ئەدەینێ، ئەگەر ئەتەوێت تۆ مژدەکەی بدەرێ؟!

ئوم سەلەمە لە بەردەم دەرگاکەی خۆیاندا وەستا و ماڵی پێغەمبەر ﷺ لە ناو مزگەوتەکەدا بوو بانگی کرد لە ئەبو لوبابە و وتی: مژدەت لێبێت خوای گەورە لێت خۆش بوو.

خێرا خەڵکی ناو مزگەوتەکە چوون بۆ لای کە بیکەنەوە لە کۆڵەکەکە و ڕزگاری بکەن، بەڵام ئەبو لوبابە سوێندی خوارد کەس نەیکاتەوە تا پێغەمبەری خوا ﷺ بە دەستی موبارەکی لەو زیندانە ڕزگاری دەکات و دەیکاتەوە، کاتێک پێغەمبەری خوا ﷺ هات بۆ نوێژی بەیانی ئەبو لوبابەی ئازاد کرد و ئایەتەکەی بۆ خوێندەوە[٦٩]:

---

[٦٩]- وَنَزَلَتْ تَوْبَةَ أَبِي لُبَابَةَ نَزَلَتْ عَلَى رَسُولِ اللهِ ﷺ وَهُوَ فِي بَيْتِ أُمِّ سَلَمَةَ، فَقَالَتْ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ ﷺ مِنَ السَّحَرِ وَهُوَ يَضْحَك، وَالرَّسُولُ فَرِّحَ جِدًّا، وَعِندَمَا سُئِلَ: مَاذَا يُضْحِكك

قَالَ: لَقَدْ تِيبَ عَلَى أَبِي لُبَابَةَ

قَالَت: أَفَلَا أُبَشِّرُهُ يَا رَسُولَ اللهِ

قَالَ: بَلَى إِنْ شِئْتِ الِكَلَامِ

فَقَالَت: يَا أَبَا لُبَابَةَ، أَبْشِرْ، فَقَدْ تَابَ اللهُ عَلَيْك

قَالَ: فَثَارَ النَّاسُ إِلَيْهِ لِيُطْلِقُوهُ، فَقَالَ: لَا وَاللهِ حَتَّى يَكونَ رَسُولُ اللهِ ﷺ هو الذي يطلقني بيده، فلما مر عليه رسول الله ﷺ في صلاة الفجر أطلقه.

﴿إِنَّمَا ٱلتَّوۡبَةُ عَلَى ٱللَّهِ لِلَّذِينَ يَعۡمَلُونَ ٱلسُّوٓءَ بِجَهَٰلَةٖ ثُمَّ يَتُوبُونَ مِن قَرِيبٖ فَأُوْلَٰٓئِكَ يَتُوبُ ٱللَّهُ عَلَيۡهِمۡۗ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمٗا ١٧﴾ النساء

واتە: {تەوبە کردن بۆ کێیە؟} خوای گەورە قبووڵکردنی تەوبەی لەسەر خۆی پێویست کردووە کە هەر کەسێ تەوبە بکات خوا تەوبەی لێ قبووڵ دەکات بۆ ئەو کەسانەی کە خراپە ئەکەن بە نەزانی، (ابن عباس) ئەفەرموویت: هەر کەسێك خراپەی کرد ئەوە جاهیل و نەزانە، پاشان بەنزیکی ئەگەڕێنەوە، واتە: پێش ئەوەی کە ڕوح بگاتە غەرغەرەیان، ئا ئەمانە خوای گەورە تەوبەیان لێ قبووڵ دەکات و لێیان خۆش ئەبێ خوای گەورە زۆر زانا و کاربەجێیە.

نموونەی ئەبو لوبابە لە باس و خواستەکەی ئەوەیە، ئەم هاوەڵە بەڕێزە هەڵەیەکی زۆر گەورەی کرد، نهێنی پێغەمبەر ﷺ -ی ئاشکرا کرد نهێنیەکەش هەروا سادە و سانا نەبوو، بەڵکو نهێنی سەربازی بوو، نهێنی دەوڵەت بوو لەپرسە هەرە گرنگەکان، پێغەمبەر ﷺ ئاگاداری کردەوە لەوەی نهێنی ئاشکرا نەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کەوتە هەڵەوە.

ئەمانە هەمووی کێشە نییە، بەڵکو کێشە لەوەدایە مرۆڤ بەردەوام بێت لە سەر هەڵەکەی، بەڵام ئەبو لوبابە بەردەوام نەبوو، هەر بۆیە بە پەلە ڕۆیشت و خۆی بەستەوە بە کۆڵەکەی مزگەوتەوە تا خوای پەروەردگار لێ خۆش بێت، خێرا تەوبەی کرد و خوای پەروەردگار لێی خۆش بوو.

نموونەی تەوبەی عەماری کوڕی یاسر

زۆربەمان ڕووداوی ئەشکەنجەی عەماری کوڕی یاسرمان خوێندوەتەوە یان بۆمان باس کراوە، کە موشریکەکانی مەککە هەموو جۆرە ئەشکەنجە و ئازاریان دژی خۆی و خێزانەکەی بەکار هێنا، دایکی و باوکی لەبەر چاویدا بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە ئازار ئەدران و بەردی گەورە دەخرایە سەر شان و سک و ملیان تەنانەت دایک و باوکی لەبەر چاویاندا شەهید کران.

کافرەکان داوایان لە عەمار کرد کە جنێو بە پێغەمبەری خوا ﷺ بدات، لەبەرانبەر وەستاندی ئازار و ئەشکەنجە و پەشیمان کردنەوەی و نەکوشتنی، ئەویش ناچار جنێوی دا بە پێغەمبەری خوا ﷺ بە زمان، بەڵام دڵی هیچ مەخلوقێک توانای نەبوو بەسەریدا، هەرچەندە لە ڕووی شەرعەوە هەڵوێستی ئاسایی بوو چونکە بە زۆر جنێوەکەی پێدرا، بەڵام دڵی پڕە لە ئیمان و خواناسی، بەڵام ئەو نەیدەزانی هەڵوێستێکی ئاوا بەرەو کوێی دەبات و هەستی بە تاوان کرد، لەگەڵ ئەو هەموو ناسۆر و خەم و بێزاریە خێرا بە پەلە چووە خزمەتی پێغەمبەر ﷺ، بۆ داوای لێ بووردن و تۆبە کردن، هەر ئەوەندەی کافرەکانی جێهێشت چووە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ، لە دوای ئەوەی قسەکەی کرد بوو، خێرا دەستی کرد بە گریان و سکاڵای خۆی بردەوە بۆ لای پێغەمبەر ﷺ، زۆر داوای لێبووردنی کرد و بۆی باس کرد کە چییان بەسەر هێناوە، پێغەمبەری خوا ﷺ لێی پرسی ئەی دڵ و نیەت چی دەوت، ئایا لەگەڵ زمانتا یەکانگیر بوو؟

عەمار وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ دڵم پڕە لە ئیمان.

پێغەمبەری خوا ﷺ داوای لێکرد لەگەڵیاندا بێت، دڵنەوایی کرد و پاشان خوای پەروەردگار ئایەتی لەسەردا دابەزاند و فەرمووی:

﴿مَن كَفَرَ بِٱللَّهِ مِنۢ بَعۡدِ إِيمَٰنِهِۦٓ إِلَّا مَنۡ أُكۡرِهَ وَقَلۡبُهُۥ مُطۡمَئِنُّۢ بِٱلۡإِيمَٰنِ وَلَٰكِن مَّن شَرَحَ بِٱلۡكُفۡرِ صَدۡرٗا فَعَلَيۡهِمۡ غَضَبٞ مِّنَ ٱللَّهِ وَلَهُمۡ عَذَابٌ عَظِيمٞ ١٠٦﴾ النحل

واتە: {هەرکەسێك بە زۆر کوفری پێ بکرێت کافر نابێت ئەگەر دڵی پڕ لە باوەڕ بێت} هەر کەسێك کوفر بکات بە خوای گەورە لە پاش ئیمان هێنانی، مەگەر کەسێك زۆری لێ بکرێ و بە زۆر کوفری پێ بکرێ پێی بڵێن: ئەگەر کوفر نەکەی ئەتکوژین، ئەویش تەنها بە دەم کوفر بکات و دڵی پڕ لە باوەڕ بێ ئەوا ڕێگای پێدراوە و عوزری هەیە وەکو (عەمماری کوڕی یاسر) کاتێك کە دایك و باوکیان کوشت ئەگەر کوفری نەکردایە خۆیشیان ئەکوشت، کوفری کرد و دواتر پرسیاری لە پێغەمبەری خوا ﷺ کرد خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند، بەڵام زانایان کۆدەنگن لەسەر ئەوەی کە ئەگەر ئەو کەسە خۆی بگرێت و کوفر نەکات تا دەیکوژن ئەوا باشترە و بەهەشت بۆ خۆی مسۆگەر دەکات، بەڵام کەسێك کوفر بکات و ڕازی بێ پێی و دڵی پێی ئارام بێ بەو کوفرەی کە کردوویەتی ئەوانە غەزەبی خوای گەورەیان لەسەرە و خوای گەورە لێیان تووڕە ئەبێ سزایەکی زۆر گەورەیان بۆ هەیە.

ئەگەرچی دڵی پڕ بوو بوو لە ئیمان و بەڵام بە زمان هەڵەی کرد و چووە خزمەتی پێغەمبەر ﷺ داوای لێ بووردنی کرد، لێرەدا ئەوە پێویستە فێر

بین کە هەڵەمان کرد، بەردەوام نەبین لەسەر هەڵەکانمان و تاکو بێتە شاخێک لە تاوان و کۆڵوبارمان قورس بکات لە قیامەتدا.

چونکە کردنی هەندێک لە تاوان خاوەنەکەی لە کاتی کردنیدا کافر دەکات، ئەویش زۆر ترسناکە، بە دەقی فەرموودەی پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: ئەو کەسەی کە زینا دەکات لە کاتی ئەنجامدانی تاوانەکە ئەو کەسە بە ئیماندار هەژمار ناکرێت، یاخود ئەو کەسەی کە مەی و خواردنەوەی سەر خۆشکەر دەخواتەوە ئەویش بە ئیماندار تەماشا ناکرێت لە کاتی ئەنجامی ئەو کارەدا، هەروەها کەسێک کە دزی دەکات لە کاتی ئەنجامدانی تاوانی دزییەکەی بە ئیماندار ناو نابرێت، لێرەدا مانای بە کافر دانانی کەسەکە نییە، بەڵکو زانایان بۆیان شی کردوینەتەوە، کە بە واتای ئەوەندە لە ئیمانەکەی کەم دەبێتەوە و دەچێتە ئاستی کوفر کردن ناویان ناوە بە (کفر دون کفر)[٧٠]

هەروەها لە فەرموودەیەکی تردا پێغەمبەری خوا ﷺ، باسی مەی خواردنەوە دەکات و دەفەرموێت: خۆتان بپارێزن لە مەی خواردنەوە چونکە پیسترین جۆری تاوانەکانە (اجتنبوا الخمر فإنها أم الخبائث).

---

[٧٠]- عن أبي هريرة قال: رَسُولُ الله ﷺ لا يَزْنِي الزَّانِي حِينَ يَزْنِي وَهو مُؤْمِنٌ، وَلَا يَشْرَبُ الخَمْرَ حِينَ يَشْرَبُ وَهو مُؤْمِنٌ، وَلَا يَسْرِقُ السَّارِقُ حِينَ يَسْرِقُ وَهو مُؤْمِنٌ، وَلَا يَنْتَهِبُ نُهْبَةً، يَرْفَعُ النَّاسُ إِلَيْهِ فِيهَا أَبْصَارَهُمْ، وَهو مُؤْمِنٌ وَعَنِ ابْنِ شِهَابٍ، عن سَعِيدِ بنِ المُسَيِّبِ، وَأَبِي سَلَمَةَ، عن أَبِي هُرَيْرَةَ، عَنِ النبيِّ ﷺ بِمِثْلِهِ، إِلَّا النُّهْبَةَ/رواه بخاري.

هەروەها لە کۆتایی فەرموودەکەدا کە ئیمامی بەیهەقی لە عوسمانی کوڕی عەففانەوە ڕیوایەتی کردووە، دەفەرموێت: پێغەمبەر ﷺ لە کاتی مەی خواردنەوەدا ئیمان کۆنابێتەوە، بەڵکو ئیمان لە خاوەنەکەی لەوکاتەدا جیا دەبێتەوە[٧١].

[٧١]- وفي الحديث أيضاً الذي رواه البيهقي وابن حبان وصححه عن عثمان بن عفان رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ وأرضاه أنه قال: قال ﷺ وإنها لا تجتمع هي والإيمان إلا وأوشك أحدهما أن يخرج صاحبه.

مرۆڤ کە بەردەوام بوو لەسەر تاوان کردن جار و دوو جار و چەندین جار، وا دەکات کە ئیمان لە ناو مرۆڤەکەدا نامێنێت، چونکە بەردەوامی لە تاوان مرۆڤ بەرەو کافر بوون دەبات، زۆر ترسناکە خودی تاوان مرۆڤەکە پێی کافر نابێت، بەڵام بەردەوام بوون لەسەری مرۆڤەکە دەکات بە کافر، چەند جار بیستومانە کە مرۆڤ ئەوەندەی مەی خواردۆتەوە بە هۆکاری مەی خواردنەوە مردووە، یاخود مرۆڤ هەر خەریکی بەکارهێنانی سوو و ڕیبا بوو تا لە پڕ تەمەنی کۆتایی هات و مرد، یان لە کاتی زینا کردنا، لەکاتی دزیدا کوژراوە، یان بۆ کوشتن چووە و کوژراوە...هتد، ئەگەر چی ئەمانە لە تاوانە گەورەکانە، پەنا بە خوا مرۆڤ تۆبەی لەسەر نەکات خاوەنەکەی بەرەو چارەنوسێکی زۆر ترسناک دەبات.

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: خوای گەورە مرۆڤەکان زیندوو دەکاتەوە لەسەر ئەو هەیئەت و کردارو شێوەیەی لەسەری مردووە[٧٢]!

سەرگەردانییە مرۆڤ لەکاتی تاوانکردندا گیانی دەربچێت خوای گەورە پەنامان بدات، کەواتە سیمای یەکەمی هاوەڵان لە تۆبەکردن گەڕانەوەی خێرا و بەردەوام نەبوون بووە لەسەر تاوان کردن.

هاوەڵان بە دوای بیانوو هێنانەوە نەبوون بۆ تاوان کردن و موناقەشەیان لەسەر نەکردووە بکەونە گفتوگۆی دوور و درێژ، هەر زانیێتیان تاوانە بە

---

[٧٢]- روى الإمام مسلم عن جابر بن عبدالله، قال: رسول الله ﷺ: يُبْعثُ كُلُّ عَبْدٍ عَلَى مَا مَاتٍ عَلَيْه.

خێرایی تەوبەیان دەکرد هەرگیز بە دوای بیانووەوە نەبوون، بەڵکو بە دوای خۆ پاکردنەوە بوون، نەکەوتوونە دەمە دەمێ بڵێن: خەتای من نەبوو خەتای تۆ بوو، زۆرێک لە خەڵکی نایەوێ هەرگیز دان بنێت بەو هەڵەی کە کردوویەتی، هەمیشە تاوان لە سەر خۆی لادەبات و دەیخاتە سەر شانی خەڵکی ترو بۆ ئەوەی لەبەر چاوی خەڵکی (نەشکێت)، بەڵام نازانێت گەورەترین تاوان ئەوەیە مرۆڤ بە دوای عوزردا بگەڕێت بۆ ئەو تاوانەی کە ئەنجامی ئەدات.

نازانێت ئامۆژگاری چەندە گرنگە بۆ چاکسازی لەناو کۆمەڵگەدا، تەنانەت دەسەڵاتیش، چونکە موسڵمان ئاوێنەی براکەیەتی، زۆر گرنگە مرۆڤ کە تاوان دەکات بیر لە تاوانەکەی بکاتەوە بەرەو کوێی دەبات، نەک هەوڵی سەرکەش و دەمێ دەمێ و هێنانەوەی بیانوو بێت بۆ تاوانەکەی، یاخود بینێت لەسەر خەڵکی تردا.

هاوەڵان هەرگیز بە دوای بیانوو نەبوون، حەزمان بە موجادەلە و موناقەشە نەبوو، وەکو خەڵکی نەبوون پارەی میللەت و دەوڵەت بەرن و بیانووی بۆ بدۆزنەوە، هەرگیز بە دوای غەیبەت و قسە و قسەڵۆک و هەڵبەستن و درۆ و بوختان بۆ خەڵکی و دوایش بیانوو هەنجەتی بۆ بدۆزنەوە، بەڵکو هەر بیانزانیبایە حەق لە کوێ دایە شوێنی دەکەوتن، هاوەڵان پێشوازییان لەو کەسە دەکرد کە ئامۆژگارییان دەکات، یان ڕێگای ڕێنوێنی و هیدایەتیان نیشان ئەدات، ئەو کەسانەیان بە گەورە و بەرز تەماشا دەکرد، عەیب و هەڵەکانیان بۆ ڕوون دەکردنەوە، دووعای خێریان بۆ دەکرد بۆ ئەوەی کە هەڵەکانیان لەم

دنیادا بۆ ڕاست دەکاتەوە، چونکە هەڵی تەوبە کردنیان هەیە هێشتا نەچوون بۆ قیامەتیان.

هاوەڵێک هەرگیز بەردەوام نەبوو لەسەر هەڵەیەک هەنجەتی ئەوەی هەبێت وەکو خەڵکی بڵێت: من مرۆڤم و هەموو تەمەنی لەو تاوانەدا بەسەر بەرێت، جا تاوانەکە مادە هۆشبەرەکانە یاخود مەی خواردنەوە یان زینا و ڕیبایە...هتد.

نموونەی هاوەڵی بەڕێز ئەبی مەسعودی ئەنساری

ئیمامی موسلیم لە ئەبو مەسعودی ئەنساریيەوە بۆمان دەگێڕێتەوە دەڵێت: بەندەیەکم هەبوو ڕۆژێک لە بەندەکەم ئەدا، لە پڕ لە دواوە گوێم لە کەسێک بوو فەرمووی: بزانە ئەبو مەسعود خوای پەروەردگار دەسەڵاتی تەواوی هەیە بەسەرتا، ئەبو مەسعود دەڵێت: کە ئاوڕم دایەوە پێغەمبەری خوا ﷺ بوو، ئیتر زانی هەڵەیە، چونکە لە بەندە و کەنیزەک دان تاوانێکی زۆر گەورەیە لە ئیسلامدا، پێغەمبەری خوا ﷺ ئاگاداری کردەوە و بەر چاو ڕوونی دایە، ئیتر ئەبو مەسعود نەگەڕا بە دوای هێنانەوەی هەنجەت و بیانوو ڕاستەوخۆ وتی: ئەوە ئەو بەندەم ئازاد کرد لە پێناوی خوای پەروەردگار، چونکە کەفارەتی تاوانەکەی ئازادکردنی بەندەیەکە، بە دوای ئەوەدا نەگەڕا بڵێت لەبەرچی وا بکەم، بەڵکو ڕاستەخۆ دانی بە هەڵەکەی دا نا و هیچ بیانووی نەهێنایەوە بۆچی وا دەکات، خۆدەشێت هەنجەت و بیانوەکەی ڕاست دروست بێت، بەڵام نەگاتە ئەوەی کە ئەو هەڵە بکات، لە بەندەکەی بدات، بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ بۆی ئاشکرا کرد کە کارەکەی زۆر

نادروستە، ئەویش یەک چرکە سات بیری نەکردەوە بۆ دەمە دەمێ و بیانوو هێنانەوە، ڕاستەوخۆ وتی: وا ئازادم کرد لە پێناوی خوادا[٧٣].

مرۆڤ دەشێت توڕە بێت و بە هۆکاری توڕەبوونی بکەوێتە هەڵەوە، بەڵام کە بۆی ڕوون بوویەوە دەست بەجێ دەبێت بگەڕێتەوە بۆ لای پەروەردگاری.

هەڵوێستێکی ئەبوبەکری صدیق لەمەڕ صوهەیب، بیلال و سەلمانی فارسی کە لەو پەڕی جوانی و چاکی هەست بە بەرپرسیارێتی لە بەرانبەر تەوبە و گەڕانەوە بۆ لای پەروەردگاردایە.

ئیمامی موسلیم و ئیمامی ئەحمەد لە هاوەڵی بەڕێز عائیزی کوڕی عەمری دەگێڕنەوە، کاتێک ئەبو سوفیان هات بۆ شاری مەدینە، بە چەند ڕۆژێک پێش فەتحی مەککە، چونکە قوڕەیش پەیمانی شکاند بوو لە دوای پەیاننامەی حودەیبیە، ئەبو سوفیان بە لای سێ هاوەڵدا تێپەڕی کە بریتی بوون لە (بیلال، سەلمان و صوهەیب، هەموو لامان ئاشکرایە کە ئەو سێ کەسە پێشتر کڕین و فرۆشتنیان پێوە دەکرا و لە عەبد و کۆیلەکان بوون، لەکاتی تێپەڕ بوونی ئەبو سوفیان وتیان: ئەی دوژمنی خوا شمشێرەکانمان ئامادەیە بۆ پەڕاندی ملت، یان بەواتایەکی تر ئاواتە خوازین بەوەی کە شمشێرێک ملت بپەڕێنێت.

---

[٧٣]- عن أبي مسعود البَدْري رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ قال: كنت أضرب غُلاما لي بالسَّوْط، فسمعت صوتا من خَلفِي: اعلم أبَا مسعود أن الله أقْدَرُ عليك مِنْك على أبي مسعود، فالتفت فإذا رسول الله قلت: هو حُرٌّ لوجه الله يا رسول الله صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، قال النبي: لو لم تفعل، لَلَفَحَتْك النَّار/ رواه مسلم.

ئەبو سوفیانیش گەورەی قوڕەیشە و میوانە لای موسڵمانان و کاتی ئاگر بەست (هودنە)یە لە نێوان موسڵماناندا، عائیز گێڕاڕەوەی فەرموودەکە دەڵێت: ئەبوبەکری صدیق ئاگای لە وتەکەیان بوو ئەویش وتی بە سێ هاوەڵەکە: بەرانبەر بە گەورە و سەرۆکی قوڕەیش ئەو قسەیە دەکەن.

کەوتە سەرزەنشت کردنی ئەو سێ هاوەڵە کە لاواز بوون و پێشتر لە کۆیلەکان بوون، ئەبوبەکر هەڵوێستەکەی لا ناخۆش بوو، بۆیە هاتە خزمەتی پێغەمبەر ﷺ و سکاڵای هاوەڵەکانی تۆمار کرد، ڕووداوەکەی بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ گێڕایەوە تا بزانێت کێ هەڵەیە؟!

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ئەی ئەبوبەکر پێدەچێت هاوەڵەکانت توڕە کردبێت مەبەستی (بیلال، صوهەیب و سەلمان) بوو، پاشان فەرمووی: خۆ ئەگەر وات کردبێت بە ڕاستی ئەوە خوات لە خۆت توڕە کردووە!

(فقال: يا أبا بكر لعلك أغضبتهم، لئن كنت أغضبتهم، لقد أغضبت ربك)

لێرەدا ڕێز و کەرامەت و ڕێزیان پارێزراوە.

پێغەمبەری خوا ﷺ تەقدیر و ئاگای لە ناسۆر و سوێی ئەو سێ هاوەڵە هەیە کە پێشتر چییان بەسەر هاتووە بە دەست زاڵمانەوە لە خاکی مەککەدا، دووانیان دەرکراون بۆ شاری مەدینە بە هەموو جۆرێکی ئەشکەنجە و ئازار دراون ئەهلی کوفر زۆری پێ کردوون، ئەو وتەیەشیان لە ئەنجامی ئەو هەموو ناسۆرو ئازارە بووە، بۆیە پێغەمبەر ﷺ دەزانێت لە چ

موعاناتێکدا ژیاون لە ئازار و ئەشکەنجە و شکاندنی کەرامەتیان و دەرکردنیان و هەموو جۆرە جەنگێک دژیان، خێرا ئەبوبەکر بە دوای هەنجەت و بیانوو نەگەڕا، خۆ دەی توانی بڵێت: ئێستا سەردەمی ئاگر بەست و دانوستانە و ئەو لای ئێمە میوانە، پێویست ناکات ئاگری جەنگ خۆش بکەین لە نێوان هەر دوو لادا.

هەروەها دەیتوانی بڵێت: ئەوە ئەبو سوفیان-ە ئومێدەواری ئەوەین موسڵمان بێت، خۆ ئەگەر موسڵمان بوو هەموو قورەیش موسڵمان دەبێت، بەڵام کە گوێی لەو وشانە بووە لە لایەن ئەو سێ کەسەوە دەکرێت زیاتر دوور بکەوێتەوە، یان ئەگەر قسەیان پێ بوترێت ئەوانیش بە ناحەق قسە بە خوا و پێغەمبەرەکەی ﷺ دەڵێت: جا باشتر وایە بانگەوازی خەڵکی بکەین بە جوانترین شێوە.

هەموو ئەم قسانە زۆر بەئاسانی ئەبوبەکر دەیتوانی وەکو حوجە و ئارگۆمێنت بەکاری بهێنێت لەبەرانبەر پێغەمبەر ﷺ -دا، بەڵام وازی لەم هەموو هەنجەت و بەڵگانە هێنا، تەنها بیری لەوە کردەوە کە تاوانبار نەبێت، ئاماژەکەی پێغەمبەر ﷺ -ی لە بیر بوو، بۆیە خێرا چووە لای ئەو سێ برایە و پێی وتن: براکانم تووڕەم کردن؟ (قال لهم: يا إخوتاه أأغضبتكم؟) ئەوانیش وتیان: نا خوای گەورە لێتان خۆش بێت و هیچ تووڕە نەبووین برا.

بۆ ئەبوبەکر زۆر ئاسان بوو لەو هەڵوێستەدا دەربچێت و براکانی کە لاواز و کۆیلە بوون پشت گوێیان بخات، بەڵام ئەو تەنها بیری لە هەڵە و تاوان بوو، بۆیە خێرا دەست بەجێ تۆبەی کرد و داوای لێ خۆش بوونی لە براکانی کرد.

عومەری کوڕی خەتاب لەگەڵ هاوڕێکانیدا سەرقاڵ بوون بە گەورەکردنی مزگەوتی پێغەمبەری خوا ﷺ لە گفتوگۆیەکی زۆر قوواڵدابوون لەگەڵ شوراکەی، ئەوکات خەلیفەی موسڵمانان بوو، لە پڕ یەکێک هات و قسەکانی پێ بڕین وتی: عومەر سکاڵام هەیە، هەڵبەت نەدەوەستا تا ئەوان قسەکەیان تەواو بکەن و خۆی کرد بەناو مەجلیسەکەیاندا، ئەویش فەرمووی: ئەی ناکرێت چاوەڕێ بکەیت تا وتەکان تەواو دەکەین و پاڵی پێوە نا، پاشان کەسەکە زانی عومەر توڕەیە سکاڵاکەی نەگەیاند و بەجێ هێشتن، خێرا عومەر دەست بەجێ پەشیمان بوویەوە و وازی لە شورا و مزگەوت هێنا و ناردی بە شوێنی داو داوای لێ نەکرد کە جارێ سکاڵاکەی چییە، بەڵکو داوای لێکرد حەقی ئەو پاڵەی پێوەی ناوە تۆڵەی خۆی بکاتەوە، عومەر وەستا و ئامادەیی دەربڕی بۆ گەڕاندەوەی حەقی کەسەکە، بەڵام ئەو ڕازی نەبوو لە عومەر خۆش بوو، سکاڵاکەی گەیاند.

وێستگەیەکی تری هاوەڵان کە زۆر بە ڕوونی دەری دەخات، لە کاتی زانینی هەڵەدا خێرا گەڕاونەتەوە بۆ لای پەروەردگاریان.

ئوسامەی کوڕی زەید کە بوخاری و موسلیم لە جەنابی ئوسامەی کوڕی زەید-ەوە بۆمان دەگێڕنەوە، دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ بە مەفرەزە ناردینی بۆ جێگایەک تووشی کەمێنێک بوون لە ناو کەمینەکەدا کەسێکی بەهێزی تێدابوو زۆری لە هاوەڵان شەهید کرد لە کاتی ڕوو بە ڕووبوونەوەدا، ئەو کەسە زۆر بە هێز بوو لە هونەری جەنگدا، ئوسامەی کوڕی زەید دەڵێت:

هەر چۆن بوو خۆم گەیاندێ لەگەڵ کەسێکی ئەنساردا، تا خستمانە سەر زەوی وتی: (لا إله إلا الله).

واتا لەو کاتەدا کە شمشێر خرایە سەر گەردەنی شەهادەی هێنا، بەڵام ئوسامە لە سەرەتای جەنگەکەوە بە شوێنیەوە بوو تا کوشتی و دای لە گەردەنی تا ساتە وەختی کەوتنی ئەو موشریکە هەر موسڵمانی شەهید دەکرد، کە ژمارەیەکی زۆر بوون لە موسڵمانان کە بەدەستی ئەو موشریکە شەهید کران.

ئوسامەی کوڕی زەید دەڵێت: کەسە ئەنساریيەکە کە زانی وتی: (لا إله إلا الله) وازی لێهێنا، بەڵام من کوشتم، ئەم کارەش زۆر گەورە بوو لەسەر دڵما بۆیە کە گەڕامەوە بۆ لای پێغەمبەر ﷺ باسەکەم هەموو بۆ گێڕایەوە، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: وتی (لا إله إلا الله)و کوشتت؟

(فقالَ رَسولُ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عليه وسلَّمَ: أقالَ لا إلَهَ إلَّا اللَّهُ وقَتَلْتَهُ؟)

ئوسامە وتی: لە ترسی ئەوە وتی کە شمشێرەکەم لەسەر گەردەنی بوو، (قالَ: قُلتُ: يا رَسولَ اللهِ، إنَّما قالَها خَوْفًا مِنَ السِّلاحِ) لە ڕیوایەتێکیتردا دەڵێت: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ زۆر لە ئیماندارانی شەهید کرد ناوی چەند کەسێکی بۆ پێغەمبەر ﷺ هەڵدا کە ئەوانەی شەهید کردووە، کە بینی شمشێرەکەم بۆ داهێنایەوە لە ترسان وتی: (لا إله إلا االله)، (يا رسول الله أوجع في المسلمين، وقتل فلاناً وفلاناً وفلاناً، وسمى له نفراً، وإني حملت عليه فلما رأى السيف قال: لا إله إلا الله).

پاشان پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ئایا ناو دڵیت لەت کرد تا بزانیت بە ڕاستی دەڵێ: یان: درۆ دەکات (أَفَلا شَقَقْتَ عن قَلْبِهِ حتَّى تَعْلَمَ أقالَها أمْ لا؟).

ئوسامە هیچ وەڵامێکی نەداوە بەڕەچدانەوەی نەبوو ڕاستەوخۆ وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ داوای لێ خۆش بوونم بۆ بکە، (یا رسول الله ﷺ إستغفرلی)، بێ دەمە دەمی و بیانوو هێنانەوە و هەستی بە هەڵەی خۆی کرد، زانی کەوتۆتە هەڵەوە، پاشان وتی: خۆزگە ئەمڕۆ موسڵمان بوومایە (حتَّى تَمَنَّيْتُ أنِّي أسْلَمْتُ يَومَئذٍ).

بە واتای ئەوەی ئاواتە خواز بوو کە لە نامەی کرداریدا هیچ پەڵە و هەڵەیەکی تێدا نەبوایە، ئەمڕۆ موسڵمان بوایە لە دوای ئەوەی زانی کە هەڵەی کردووە، ئەو تاوانە گەورەیەی ئەنجام داوە و پەشیمانە لەوەی ئەنجامی داوە.

هەروەها لە وێستگەیەکی تردا کە بەسەر ئوسامەی کوڕی زەید-دا هاتووە هەمان هەڵوێستی دووبارە کردۆتەوە، لە دوای فەتحی مەککە بە چەند ڕۆژێک ئافرەتێکی مەخزومی دزی کرد، پێغەمبەری خوا ﷺ بڕیاری حەددی لەسەر دانا و دەبێت سزا بدرێت، هۆز و عەشیرەتی مەخزومیش هۆزێکی زۆر بەهێز و عەزیز بوون لە ناو خەڵکی قورەیشدا، ئوسامەی کوڕی زەید لە لایەن هۆزەوە هاندرا کە بڕوات داوا لە پێغەمبەری خوا ﷺ بکات و سزای نەدات و دەستی نەپەڕێت، ئوسامە هەڵسا بە کارەکە چووە خزمەت پێغەمبەر ﷺ و داوای لێخۆشبوونی بۆ ئافرەتەکە کرد.

پێغەمبەری خوا ﷺ زۆر تورە بوو لە ئوسامە فەرمووی: ئەتەوێت لەگەڵمدا ئاخافتن بکەیت لەسەر سنور و یاسای خوای پەروەردگار (قَالَ: أَتُكَلِّمُنِي فِي حَدٍ مِن حُدودِ الله)رواه البخاري.

ئایا وەڵامی ئوسامە چی بوو بۆ تورەبوونەکەی پێغەمبەری خوا؟ وتی: بۆیە وام کردووە، چونکە خانەوادەیەکی گەورەو ناودارن، یەکەم جارە ڕووداوی وا ڕوو ئەدات و ئەم کۆمەڵگەیە ئیسلام زۆر تازەیە لەناویاندا...هتد.

بیری لەم وتانە نەکردووە ڕاستەوخۆ وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ داوای لێ بووردن دەکەم و (داوای لێخۆش بوون دەکەم).

لێرەدا مانای ئەوە نییە کە مرۆڤ توانای هێنانەوەی بەڵگەی هەبوو لەسەر کارێک کە ئەنجامی نەداوە، بەڵکو لەم بەشەدا لە سیمای تۆبەی هاوەڵانە مەبەست لەوە دایە کە مرۆڤ ئامۆژگاری وەربگرێت ئەگەر هەڵەی ئەنجامدا بە دوای بیانوو و هەنجەت هێنانەوە نەبێت، بەڵکو بە زوویی بگەڕێتەوە بۆ لای خوای پەروەردگار، ئەوەش سیمای دووەمی هاوەڵان بوو لە کاتی هەڵەیاندا بە زوویی دەگەڕانەوە بۆ لای خوای پەروەرگار.

تەماشاکردنی تاوانی بچووک بە زۆر گەورە

ئەم بەشە کاریگەری زۆر گەورەی هەیە و خاوەنی تایبەتمەندی و گرنگی زۆرە، ئەویش بە گەورە دانانی تاوان جا با بچووکیش بێت، بە پێچەوانەی زۆرێک لە خەڵکی کە تەماشای هەندێک تاوان دەکەن لایان وەکو مێشولە

وایە، بەڵام هاوەڵان زۆر بە گەورە تەماشای هەموو هەڵە و تاوانێکیان دەکرد، ئەگەر چی تاوانەکەش زۆر بچووک بێت.

عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود دەڵێت: ئێماندار گوناهەکانی وا دەبینێت کە لە ژێر شاخێکدا دانیشتوە و دەترسێت شاخەکە بە تاوێرە بەرد و خۆڵی بکەوێت بە سەریدا[٧٤].

هەروەها خەڵکی فاسد و خراپەکار هەموو تاوانێکی وەکو مێشێک وایە کە بەسەر لووتیەوە دەنیشێتەوە بە دەستی ئاماژەی کرد بۆ ئەوەی مێشەکە هەڵدە فڕێنێت، جا ئەم وتەیە هاوەڵی بەڕێز عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود وەکو پێوەرێکی گرنگ وایە بۆ پێوانەی ئیمان و ئاستی و پلە بەرزی، ئەگەر مرۆڤ تاوانی بچووکی لا گەورە بوو وەکو شاخ تەماشای کرد، ئەوە دڵنیا بێت کە ئیماندارە. پێچەوانەکەی ئەگەر وەکو مێشێک کە لەسەر لووتت هەڵدەنیشێت تەماشای کرد ئەوا تاوانەکانت بەرەو هەڵدێرت ئەبات و فاسق و فاجر و فاسدت دەکات.

---

[٧٤]- عَنْ عَبْدُالله ابْنِ مَسْعُود: يَقُولُ: إنَّ المُؤْمِنَ يَرَى ذُنُوبَهُ كأَنَّهُ قاعِدٌ تَحْتَ جَبَلٍ يَخافُ أنْ يَقَعَ عليه، وإنَّ الفاجِرَ يَرَى ذُنُوبَهُ كذُبابٍ مَرَّ علَى أنْفِهِ، فعمل به هكذا، وأشار بيده فوق أنفه /رواه البخاري.

هەروەها لە بوخاریدا هاتووە، لە ئەنەسی کوڕی مالیک-ەوە دەڵێت: ئێوە وا پەی دەبەن هەندێک لە گوناهەکان وەکو تاڵە موویەک وایە لە بەر چاوتاندا[٧٥].

هەروەها ئەنەس دەڵێت: ئێمە لەسەردەمی پێغەمبەر ﷺ -دا هەموو تاوانێک بە گەورە و لەناوبەر تەماشامان دەکرد.

ڕەوەندی هاوەڵان جیاوازیەکی زۆریان هەبوو لەگەڵ ڕەوەندەکانی دوای خۆیاندا بۆ گەیشتن بەو ڕەوەندە بەڕێزە پێویستە تۆبە بکەین لە تاوانی گەورە و بچووک، لامان هەمووی وەکو یەک بێت.

یەکێک لە تابعییە بەڕێزەکان بە ناوی بیلالی کوڕی سەعد -ڕەحمەتی خوای لێبێت- دەڵێت: تەماشای تاوانەکەت مەکە کە بچووکە، بەڵکو تەماشای ئەوە بکە بێفەرمانی کێت کردووە! (لا تنظر إلى صغر الخطيئة، ولكن انظر إلى عظمة من عصيت).

کەواتە تۆ سەرپێچی خوات کردووە لە کۆتاییدا دەبێت هەست بەو تاوانە بکەیت کە لە بەرانبەر مرۆڤدا تاوانت نەکردووە، بەڵکو بەرانبەر خوای گەورەیە، یەکێک لە خزمەتکارەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ بە ناوی ڕەبیعەی کوڕی کەعب بەیتێک شیعری وت، ئەبوبەکری تورە کرد وتەکەش زۆر سادە بوو، بەڵام تورەبوونەکەی ئەبوبەکر زیاد لە پێویست بوو، لە پاشاندا

---

[٧٥] - إِنَّكُمْ لَتَعْمَلُونَ أَعْمالًا، هِيَ أَدَقُّ فِي أَعْيُنِكُمْ مِنَ الشَّعَرِ، إِنْ كُنَّا لَنَعُدُّها عَلَى عَهْدِ النَّبِيِّ ﷺ مِنَ المُوبِقاتِ/رواه بخاري.

ئەبوبەکر زانی هەڵەی کردووە چوە لای ڕەبیعەی کوڕی کەعب وتی: ئەوەی پێم وتیت پێم بڵێرەوە؟ ڕەبیعەش ڕەتی کردەوە کە هیچ وتەیەکی ناشیرین یان هەڵەیەک بەرانبەر ئەبوبەکر بکات، چونکە ڕەبیعە لە ماڵی پێغەمبەری خوا ﷺ پەروەردە بوبوو، لەگەڵ ئەوەی خزمەتکار بوو ئەبوبەکریش وەزیری یەکەمی پێغەمبەر ﷺ بوو، بەڵام کۆمەڵگەیەک بەرهەم هاتبوو لەسەر ئیسلام لاواز و بەهێز وەکو یەک بوون خوای پەروەردگار لە ڕێگای پێغەمبەر ﷺ و شەریعەتەکەیەوە فەرمانڕەوای دەکردن.

لە دوای ئەوەی ڕەبیعە ڕەدی کردەوە وەڵامی ئەبوبەکر بداتەوە، ئیمامی ئەبوبەکر تەشریفی برد بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ و سکاڵای لەسەر ڕەبیعە تۆمار کرد، لەسەر ئەوەی وتەیەکی پێوتوە بە ناحەق داوای لێدەکات کە جۆرێک لە قیصاص ڕووبە ڕوو بکرێتەوە و ڕەبیعە قسەکەی پێ بڵێتەوە بەڵام ڕەبیعە ئەو کارە ناکات!

پێغەمبەری خوا ﷺ بڕیاریدا کە بە هیچ شێوەیەک قسەی ناشرین بەرانبەر بە ئەبوبەکر نەکات و فێری ڕەبیعەی کرد بە ئەبوبەکر بڵێت: خوا لێت خۆش بێت ئەی ئەبوبەکر و دوعای خێری بۆ بکات.

ڕەبیعەش دەست بەجێ بە ئەبوبەکری وت: خوای گەورە لێت خۆش بێت ئەبوبەکر (یغفر الله لک یا أبا بکر)، ئەبوبەکر کە ڕۆیشت کۆتایی هات بە باسەکە، دوای ئەوە دەستی کرد بە گریان و هەستی وابوو کە نەیتوانیوە تاوانەکەی بسڕێتەوە، ئەگەرچی تاوانەکەش بچووکە بەڵام ئەو لای زۆر گەورەیە.

ئیمامی موسلیم لە عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس-ەوە بۆمان دەگێڕێتەوە، کە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەنگوستیلەیەکی بینی لە دەستی هاوەڵێکدا، دایکەند لە پەنجەیدا و فڕێیدا، چونکە ئاڵتون بۆ پیاوان حەرامە، پاشان پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: بۆچی هەروا بە ئاسانی پشکۆیەکی ئاگر دەخەنە ناو دەستان[٧٦].

کە پێغەمبەری خوا ﷺ تەشریفی برد، بە هاوەڵەکەیان وت: بڕۆ ئەنگوستیلەکە هەڵبگرەوە، ئەویش وتی: هەڵیناگرمەوە چونکە پێغەمبەر ﷺ لە پەنجەمدا فڕێ داوە (لا والله لا آخذه ابدا وقد طرحه رسول الله)هەرچەند لە تاوانە گەورەکان نییە و دەشێت کەسەکە نەیزانی بێت، دەیتوانی هەڵیبگرێتەوە و بیفرۆشێت، یان بیدات بە خێزانی هەڵیبگرێت لە کاتی پێویست دا بیفرۆشێت و خۆی تووشی تاوان نەکاتەوە جارێکی تر.

پێغەمبەری خوا لە بارەی سیمای بە بچووک دانەنانی تاوان و گوناح فێرمان دەکات و دەفەرموێت: ئاگات لە خۆتان بێت کە تاوانی بچووک و گوێ پێنەدانی، چونکە ئەگەر کۆبوویەوە زۆر بوو لەسەر خاوەنەکەی وازی لێناهێنێت تا لە ناوی نەبات[٧٧].

---

[٧٦]- النَّبِيَّ ﷺ رأى خاتمًا من ذَهَبٍ في يدِ رجلٍ فنزعَهُ وطرحَهُ وقالَ: أيعمَدُ أحدُكم إلى جمرةٍ من نارٍ فيجعلُها في يدِه/رواه مسلم.

[٧٧]- رواه الإمام أحمد رَحِمَهُ ٱللَّهُ عن عبد الله بن مسعود رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُ وأرضاه أنه قال: قال رسول الله :ﷺ إياكم ومحقرات الذنوب فإنهن يجتمعن على الرجل حتى يهلكنه.

کەواتە ترس لە تاوانی بچووک و لە سیما و کاری هاوەڵانە.

کردنی تاوان، سڕینەوەی بە کرداری چاک

یەکێکی تر لە سیمای تۆبەی هاوەڵان کاتێک هەڵەیەک یان گوناحێکیان دەکرد، خێرا بە دوایدا چاکەی زۆریان دەکرد تا تاوانەکەیان لەسەر لابچێت، ئەم واتا و تێگەیشتنە لە دید و تێڕوانینی تەوبە و چاکەکردن بە شوێن خراپەدا پێغەمبەری خوا ﷺ ئاماژەی بۆ کردووە و دەفەرموێت: خۆت بپارێزە لە خوا، بترسە لە هەر جێگا و شوێنکدا بوویت، ئەگەر هەڵەت کرد چاکە بکە بە دواییدا چونکە چاکە تاوان دەسڕێتەوە، ڕەوشت بەرزبەو بەجوانی ڕەفتار بکە لەگەڵ خەڵکیدا، بە ڕاستی ئامۆژگارییەکی زۆر بەرز و نازدارە بۆ ئەم ئوممەتە[٧٨].

ئەم واتایە لە ژیانی هاوەڵاندا زۆر بە ڕوون و ئاشکرا دەبینرا، نموونەی هاوەڵێک هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ و فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ لە دەرەوەی شار بە ئافرەتێک گەیشتوم و دەست بازیم لەگەڵ کردووە. نەچووتە ئاستی زینا، تا حەددی لەسەر جێبەجێ بکات، بەڵام زۆر پەشیمانە و دەیەوێت تەوبە بکات، پێغەمبەری خوا ﷺ چارەی بۆ بدۆزێتەوە، پێغەمبەری خوا ﷺ وەڵامی پێ نەبوو، ناچار ئیزنی دا بڕوات، تەنانەت عومەر وتی: ئاخر خوای گەورە تاوانەکەی

---

[٧٨]- عنْ أَبِي ذَرٍّ الغفاري رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: اِتَّقِ اللهَ حَيْثُمَا كُنْتَ. وَأَتْبِعِ السَّيِّئَةَ الْحَسَنَةِ تَمْحُهَا، وَخَالِقِ النَّاسَ بِخُلُقٍ حَسَنٍ/ رواه الإمام أحمد والترمذي.

داپۆشیوە بۆ دەری دەخەیت، پێغەمبەری خوا ﷺ کەوتە شوێنی و بانگی کردەوە کە خوای پەروەردگار ئایەتی لەسەر دابەزاند.

پێغەمبەری خوا ﷺ ئایەتەکەی بۆ خوێندەوە و فەرمووی:

﴿وَأَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَ طَرَفَيِ ٱلنَّهَارِ وَزُلَفًا مِّنَ ٱلَّيۡلِۚ إِنَّ ٱلۡحَسَنَٰتِ يُذۡهِبۡنَ ٱلسَّيِّـَٔاتِۚ ذَٰلِكَ ذِكۡرَىٰ لِلذَّٰكِرِينَ ١١٤﴾ هود

واتە: تۆ نوێژەکانت بکە لە هەردوو لای بەیانی، واتەنوێژی بەیانی و عەصر، کات لە دوای کات لە شەودا، وتراوە مەبەست پێی نوێژی مەغریب و عیشایە، یان تەنها نوێژی عیشایە، یان شەونوێژە، ئەم ئایەتە پێش فەرز بوونی نوێژ دابەزی کە سەرەتا پێش خۆرکەوتن نوێژێك و پێش خۆراوابوون نوێژێك فەرز بوو، لەگەڵ شەونوێژ پاشان شەونوێژەکە لەسەر ئوممەت لابراو بوو بە سوننەت، پاشان لەسەر پێغەمبەریش ﷺ لابراو بوو بە سوننەت بەڕاستی چاکەکان خراپەکان ئەسڕێتەوە و نایهێلێت، پیاوێك ئافرەتێکی ماچ کرد هاتە خزمەت پێغەمبەر ﷺ پێی وت، خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند کە دوای خراپە و تاوان نوێژ و چاکە بکەن خراپەکە دەسڕێتەوە، پیاوەکە وتی ئایا تەنها بۆ منە؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: بۆ هەموو ئوممەتەکەمە، (ئەبولیوسر کەعبی کوڕی عەمری ئەنصاری) دەفەرموێت: ئافرەتێك هات خورمام لێ بکڕێت بە درهەمێك، منیش وتم لە مالّەوە خورمای لەمە چاکتری لێیە چووینە ژوورەوە و ماچم کرد، هاتم بۆ لای ئەبو بەکر بۆم باسکرد، فەرمووی: لای کەس باسی مەکە و تەوبە بکە، منیش ئارامم نەگرت و هاتم بۆ لای پێغەمبەر ﷺ بۆم باسکرد فەرمووی: (ئایا کەسێك کە

چووە بۆ غەزا و خێزانەکەی بەجێهێشتووە ئاوات کردووە لەگەڵیدا ؟) ئاواتەخواز بوو تا ئەم کاتە موسڵمان نەبوایە، وایزانی کە دۆزەخیە، پێغەمبەر ﷺ زۆر بێدەنگ بوو تا خوای گەورە ئەم ئایەتەی بە وەحی بۆ دابەزاند، ئەمە یادخستنەوەیە بۆ ئەو کەسانەی کە پەند و ئامۆژگاری وەرئەگرن و بیر ئەکەنەوە.

هەروەها لە ڕیوایەتی موعازی کوڕی جەبەل دا هاتووە، کەسێک پرسی لە پێغەمبەری خوا ﷺ ئایا ئەم حوکمە تایبەت بەو کەسە یاخود گشتییە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: گشتییە بۆ هەموو خەڵکییە[٧٩].

لەبەر ئەوەی کەسەکە ڕاستگۆ بوو لە تەوبەکەیدا، خوای گەورە لەسەر کارەکەی ئایەتی دابەزاند، ئەگەرچی ماچێکی ئافرەتێکی کردووە بە حەرام،

---

[٧٩] -رواه البخاري ومسلم عن عبد الله بن مسعود رضي الله عنه وأرضاه قال: جاء رجل إلى النبي ﷺ فقال: يا رسول الله إني عالجت امرأة في أقصى المدينة، وإني أصبت منها ما دون أن أمسها. (وفي رواية) أصبت منها قبلة.

فهأنذا فاقضي في ما شئت، فقال له عمر : لقد سترك الله لو سترت نفسك، (قال راوي الحديث عبد الله بن مسعود) فلم يرد النبي ﷺ لأنه ينتظر الوحي لهذا النقطة، فقام الرجل فانطلق، وهو يتألم من الذنب الذي فعله، فأتبعه النبي ﷺ رجلاً ودعاه، وقال له: ارجع ثانية، وقرأ عليه هذه الأية { وَأَقِمِ الصَّلاةَ طَرَفِي النَّهَارِ وَزُلَفًا مِنَ اللَّيْلِ إِنَّ الْحَسَنَاتِ يُذْهِبْنَ السَّيِّئَاتِ ذَلِكَ ذِكْرَى لِلذَّاكِرِينَ/هود ١١٤}، فقال رجل من القوم. قيل أنه معاذ بن جبل رضي الله عنه وأرضاه، يا نبي الله هذا له خاصة؟ قال: بل للناس كافة.

هەروەها نەچووەتە ئاستی زینا، بەڵام کارەکە پێویستی بە شەونوێژ و نوێژی زیادە هەیە لە ڕۆژدا، تا خوای گەورە لەو تاوانەی خۆش ببێت.

یەکێکیتر لە هەڵوێستی هاوەڵان بە ناوی کەعبی کوڕی مالیک، ئەم هاوەڵە بەڕێزە یەکێک لە تاوانەکەی ئەوە بوو کە نەچووە جیهاد بە هۆکاری کاتی کۆکردنەوەی بەروبوومی باخەکەی، دوای ئەوەی کە تۆبەی کرد و خوای گەورە لێی خۆش بوو، خوای پەروەردگار دوای پەنجا ڕۆژ قورئانی لەسەر دابەزاند، بەڵام کەعب تەنها بە تەوبەکەی ڕازی نەبوو، هەر بۆیە چووە خزمەتی پێغەمبەر صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ و پێی فەرموو: ئەی پێغەمبەری خوا صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ لەسەر ئەو تۆبەی کە کردوومە هەرچی پارەم هەیە دەیکەم بە خێرو صەدەقە لە پێناوی خوادا، ئەوەش نیشانەی ڕاستگۆیی هاوەڵانە لە تەوبە کردندا، ئەیەوێت بە هۆکاری پارەکەی بەڵکو خوا لێی خۆش بێت کە دەیکاتە خێر و چاکە، چونکە پارە بووە هۆکاری تاوان کردنی، بەڵام پێغەمبەری خوا صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ ڕازی نەبو فەرمووی: بەشێک لە پارەکەت هەڵبگرە بۆ خۆت باشترە. ئەویش بەشێکی هەڵگرت و ئەوەی تری کردە خێرو صەدەقە، بەڵکو خوای پەروەردگار لێی خۆش بێت[٨٠].

هەروەها پێشتر باسی ئەبو لوبابەمان کرد لە دوای تۆبەکەی ئەو گەڕەکەی جێهێشت کە پێشتر لێی دەژیا، پاشان کە گەڕەکەکەی جێهێشت چوە دراوسێی

-.-

٨٠- قال كعب بن مالک يا رسول الله صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ إِنَّ مِنْ تَوْبَتِي أَنْ أَنْخَلِعَ مِنْ مَالِي صَدَقَةً إِلَى اللَّهِ وَإِلَى رَسُولِهِ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ: أَمْسِک عَلَيْک بَعْضَ مَالِک فَهُوَ خَيْرٌ لَک فَقُلْتُ فَإِنِّي أُمْسِک سَهْمِي الَّذِي بِخَيْبَرَ.

پێغەمبەرو، پاشان وتی: چی پارەم هەیە دەیکەم بە خێر لە پێناوی خواو پێغەمبەرەکەیدا، پێغەمبەری خوا ﷺ بە ڕەحمە بۆ ئوممەتەکەی نەیهێشت هەموو سەروەتی بکاتە صەدەقە، بەڵکو پێی فەرموو: تەنها سێیەکی سەروەتەکەت بکە بە خێر[٨١].

ئەویش سێیەکی بەشی ماڵەکەی کردە خێر و تا خوای پەروەردگار تۆبەکەی لێ وەربگرێت و لە جێگای تاوان چاکەی زیاتری کرد.

هەروەها عومەری کوڕی خەتتاب لە کاتی پەیمانی حودەیبەدا زۆر موناقەشەی پێغەمبەر ﷺ -ی کرد، هۆکاری موجادەلە و موناقەشەکەی لە دڵسۆزی بوو، بەڵام زانی کەوتۆتە هەڵەوە، عومەر وتی: لەو کاتەوە بە ڕۆژوو دەبم و خێرو خێرات دەکەم و بەندە ئازاد دەکەم لە ترسی ئەو تاوانەی کە وتومە لە خزمەت پێغەمبەر ﷺ -دا داواکارم لە خوای گەورە لێم خۆش بێت[٨٢].

کە مرۆڤ هەڵەی کرد کرداری چاک زۆرە ئەنجامی بدات بۆ گرتنەوەی جێگای هەڵە و تاوانەکانی، ئەمە پیشەی هاوەڵان بووە، بەشدار بوون لە نوێژ و ڕۆژی سوننەت و خێر و خێرات و جیهاد و بانگەواز و...هتد.

---

[٨١]- أبو لبابة رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ وأرضاه عندما تاب الله عليه قال: يا رسول الله إن من توبتي أن أهجر ديار قومي، وأني أنخلع من مالي صدقة لله ولرسوله، قال النبي: يجزئ عنك الثلث

[٨٢] - قال عمر بن الخطاب رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ وأرضاه: مازلت أصوم وأتصدق وأصلي وأعتق خوفاً من الذي صنعته مع النبي ﷺ يومئذ، حتى رجوت أن يكون خيراً.

سیمای تۆبەی هاوەڵان تەنها بە دەم و نیەت تۆبەیان نەکردووە، بەڵکو بە کردار نەچوونەتەوە سەر کارە خراپەکە و کاری چاکەی زۆریان بەدوایدا کردووە بۆ ئەوەی جێگای خراپەکەیان بە چاکە پڕ بکەنەوە.

لە کاتی تەوبەدا مرۆڤ نابێت نائومێد بێت لە ڕەحمی خوای پەروەردگار

هاوەڵان هەرگیز تووشی نائومێدی نەبوون لە ڕەحم و کەرەم و عەفووی خوای موتەعال، هەرگیز مەئیوس و بێ هیوایی ڕووی تێنەکردوون لە کاتی تەوبەدا، چونکە دەیانزانی خوای پەروەردگار بەخشندە و میهرەبانە و لە هەموو تاوانێک خۆش دەبێت.

پێغەمبەری خوا ﷺ ئەگەر تاوان بکەن و تاوانەکەتان ئەوەندە زۆر بێت نێوانی زەوی و ئاسمانەکان پڕ بکات تەوبە بکەیت خوای پەروەردگار لێت خۆش دەبێت[٨٣].

مرۆڤ هەر چەندە تاوان بکات هێندەی نێوانی زەوی و ئاسمان خوای پەروەردگار لێی خۆش دەبێت، هەرچەندە تاوانەکە زۆر بن، بەو مەرجەی مرۆڤ تەوبەی ڕاستگۆیانە و (نصوح) بکات، خوا لێی خۆش دەبێت.

---

[٨٣]- رواه الإمام احمد و إبن ماجة عن أبي هريرة رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ قال رسول الله ﷺ لو أخطأتُمْ حتَّى تبلُغَ خطاياكمُ السَّماءَ، ثمَّ تبتُمْ، لتابَ عليكم (وفي رواية). حَتَّى تَمْلَأَ خَطَايَاكُم مَا بَيْنَ السَّمَآءِ وَالْأَرْضِ.

بوخاری لە عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسەوە بۆمان دەگێڕێتەوە دەڵێت: خەڵکێکی موشریک هاتن بۆ لای پێغەمبەر ﷺ پیاویان کوشتبوو، خەڵکیان زۆر کوشتبوو، زینایان کرد بوو، هەرچی خراپە و تاوانە کردبوویان بە پێغەمبەر ﷺ -یان وت: ئەوەی باسی دەکەیت زۆر چاک و جوانە، بەڵام ئێمە زۆر تاوانبارین، بەم هەموو تاوانەوە دەکرێت بێینە ناو ئیسلام؟ ئایا خوای موتەعال لێیان خۆش دەبێت؟!

خوای پەروەردگار ئایەتی دابەزاند، فەرمووی:

﴿وَٱلَّذِينَ لَا يَدْعُونَ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ وَلَا يَقْتُلُونَ ٱلنَّفْسَ ٱلَّتِى حَرَّمَ ٱللَّهُ إِلَّا بِٱلْحَقِّ وَلَا يَزْنُونَ ۚ وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ يَلْقَ أَثَامًا ﴿٦٨﴾ يُضَٰعَفْ لَهُ ٱلْعَذَابُ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ وَيَخْلُدْ فِيهِۦ مُهَانًا ﴿٦٩﴾ إِلَّا مَن تَابَ وَءَامَنَ وَعَمِلَ عَمَلًا صَٰلِحًا فَأُو۟لَٰٓئِكَ يُبَدِّلُ ٱللَّهُ سَيِّـَٔاتِهِمْ حَسَنَٰتٍ ۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴿٧٠﴾﴾ الفرقان

واتە: (ئیبنو عەبباس) دەفەرموێت: کەسانێك لە هاوبەش بڕیاردەران خەڵکیان کوشتبوو بە زۆری، زینایان کردبوو بە زۆری، هاتنە لای پێغەمبەری خوا ﷺ وتیان: ئەی محمد ﷺ ئەوەی تۆ دەیڵێیت و بانگەوازی بۆ دەکەیت شتێکی چاکە، بەڵام پێمان باڵێ ئایا ئەو تاوانانەی پێشتر کردوومانە دەسڕێتەوە و خوا لێیان خۆش دەبێت؟خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند، ئەو کەسانەی کە لەگەڵ خوای گەورەدا دوعا ناکەن لە خوایەکی تر و لە خوایەکی تر ناپارێنەوە تەنها لە خوای گەورە ئەپارێنەوە ئەو نەفسەی کە خوای گەورە حەرامی کردووە نایکوژن تەنها بە حەق نەبێت، مەگەر کەسێك لە دوای زەواجی شەرعی زینای کردبێت، یان کەسێکی بە ناحەق کوشتبێت،

یان لە دین هەڵگەڕابێتەوە ئەمیش حاکمی موسڵمان ئەیانکوژێ، زیناش ناکەن، هەر کەسێك کاری وا بکات ئەوا تووشی تاوان و سزای خوای گەورە ئەبێت، یاخود دوڵێکە لە دۆزەخ سزای زیناکارانی تێدا دەدرێت ﴿٦٨﴾ لە ڕۆژی قیامەت سزای چەند قاتێك ئەدرێت، لەناو سزادا ئەمێنێتەوە بە سەرشۆڕی و ڕیسوایی و زەلیلی ﴿٦٩﴾ {تەوبەی ڕاستەقینە و کردەوەی چاك خراپەکان دەگۆڕێت بۆ چاکە} تەنها کەسانێك ئەگەر تەوبەیان کردبێ لەم تاوانانە و ئیمانیان هێنابێ و کردەوەی چاکیان کردبێ، (کردەوەی چاك ئەوەیە نیەتت بۆ خوا بێت و بۆ ڕیا نەبێت، وە لەسەر سوننەت بێت و بیدعە نەبێت) ئەمانە خوای گەورە لە دونیادا خراپەکانیان بۆ ئەگۆڕێت بە چاکە، یاخود لە قیامەتدا خراپەکانیان بۆ ئەگۆڕێت بە چاکە خوای گەورە زۆر لێخۆشبوو و بەبەزەییە ﴿٧٠﴾

هەموو ئەو کرداڕە خراپ و جەنگ و زشتانە خوای لێی خۆش دەبێت و هەموو خراپەکانیشیان بۆ دەکات بە چاکە، بەو مەرجەی ڕاستگۆ بن لە گەڕانەوە و تەوبەکەیاندا.

هەروەها لە دوای ئەو سێ ئایەتە لە سورەتی (الفرقان)، عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس دەڵێت: خوای گەوارە ئایەتێکی تری دابەزاند دەفەرموێت:

﴿* قُلْ يَٰعِبَادِيَ ٱلَّذِينَ أَسْرَفُواْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُواْ مِن رَّحْمَةِ ٱللَّهِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَغْفِرُ ٱلذُّنُوبَ جَمِيعًا ۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٥٣﴾﴾ الزمر

واتە: بێئومێد نەبوون لە ڕەحمەتی خوا، (ئیبنو عەبباس) دەفەرموێت: کەسانێك لە هاوبەش بڕیاردەران خەڵکیان کوشتبوو بە زۆری، زینایان کردبوو

بە زۆری، هاتنە لای پێغەمبەری خوا ﷺ وتیان: ئەی محمد ﷺ ئەوەی تۆ دەیڵێیت و بانگەوازی بۆ دەکەیت شتێکی چاکە بەڵام پێمان بڵێ: ئایا ئەو تاوانانەی کە پێشتر کردوومانە دەسڕێتەوەو خوا لێیان خۆش دەبێت؟ خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاندو فەرمووی: ئەی محمد ﷺ بەو بەندانەم بڵێ کە ئیسراف و زیادەڕەویان کردووە لە تاوان و سەرپێچیدا بێئومێد نەبن لە ڕەحمەتی خوا بەدڵنیایی خوای گەورە لە هەموو تاوانێك خۆش ئەبێ تەنها شەریك دانان نەبێت بۆی ئیتر لە هەموو تاوانێکی تر خۆش ئەبێت، (ئەمە ئومێد بەخشترین ئایەتە لە کتێبی خوای گەورە، صەحابە زۆر دڵیان پێی خۆش بووە)، و (ئەم ئایەتە بانگکردنی سەرجەم کافران و تاوانبارانە بۆ تەوبە کردن و گەڕانەوە بۆ لای خوای گەورە، و ئەوەی تەوبە بکات چەندێك تاوانی زۆر بێت خوای گەورە لێی خۆش دەبێت، وەکو ئەو کەسەی کە سەد کەسی کوشت و تەوبەی کرد و خوای گەورە لێی خۆش بوو)، (ابن عباس) دەفەرموێت: (هەرکەسێك لە پاش ئەم ئایەتە خەڵکی بێئومێد بکات لە تەوبە ئەوا باوەڕی بە قورئانی پیرۆز نیە) بە دڵنیایی خوای گەورە زۆر لێخۆشبوو و بەڕەحم و بەزەییە.

هەروەها کەسێک هاتە خزمەتی پێغەمبەر ﷺ بە ناوی ئەبی طەویلی کوڕی شەطەبی مەمدود وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەگەر کەسێک هەرچی تاوانی گەورە و بچووکە ئەنجامی بدات، ئایا تەوبەکەی لێ وەردگیرێت؟

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ئایا موسڵمان بوویت؟

ئەویش وتی: شایەتومان دەهێنم کە خوای پەروەردگار تاک و تەنهایە و و جەنابیشت نێردراوی خوای موتەعالیت.

پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: تا دەتوانی چاکە بکە، ئیتر واز لە خراپەکاری و کاری زشت بهێنە، ئیتر خوای گەورە هەموو کارەکانت بۆ دەکات بە چاکە، کەسەکە زۆر لای سەیر بوو دووبارەی کردەوە توانی گەورە و بچووک خوای پەروەردگار لێی خۆش دەبێت؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: بەڵێ، (ئەبی طەویل لە خۆشیدا وتی: (الله اکبر، الله اکبر، الله اکبر) چەند جار دووبارەی دەکردەوە لە خۆشیدا تا لەبەر چاو ون بوو[٨٤].

مرۆڤ هەرگیز نابێت تووشی نائومێدی بێ هیوا بێت لە ڕەحمەتی خوای گەورە، خوای پەروەردگار لە تاوانی گەورە و بچووک خۆش دەبێت، خوای گەورە تۆبە لە کەسانێک قبوڵ دەکات کە هەرگیز جێگای بڕوا نیە و کە لەو جۆرە کەسانە خۆش دەبێت، عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس دەڵێت: خوای گەورە بانگەوازی لێخۆشبوون بۆ ئەوانە دەکات ئەگەر تۆبە بکەن بگەڕێنەوە، ئەوانەی دەڵێن: (عیسا کوڕی خوایە) یان ئەوانەی دەڵێن: خوای موتەعال

-.-

[٨٤]- وروى البزار والطبراني بإسناد جيد عن أبي طويل شطب الممدود رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ وأرضاه: أنه أتى النبي ﷺ فقال: أرأيت رجلاً عمل الذنوب كلها ولم يترك منها شيئاً، وهو في ذلك لم يترك حاجة ولا داجة، فهل لذلك من توبة؟ فقال له رسول الله ﷺ: فهل أسلمت؟ قال: أما أنا فأشهد أن لا إله إلا الله وأنك رسول الله، فقال له رسول الله ﷺ: تفعل الخيرات وتترك السيئات يجعلهن لك خيرات كلهن. قال: وغدراتي وفجراتي؟

قال رسول الله: نعم، فقال الرجل: الله أكبر فما زال يكبر حتى توارى.

هەژارە، یان ئەوانەی دەڵێن: خوا سێ گانەیە (ثالث ثلاثة)، خوای پەروەردگار لە مەڕ ئەم کۆمەڵەیە لە قورئاندا دەفەرموێت:

﴿أَفَلَا يَتُوبُونَ إِلَى ٱللَّهِ وَيَسْتَغْفِرُونَهُۥ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٧٤﴾﴾ المائدة

واتە: ئەوە بۆ تەوبە ناکەن و بۆ لای خوای گەورە ناگەڕێنەوە و داوای لێخۆشبوون لە خوای گەورە ناکەن بۆ ئەو هەموو بوهتانەی کە بۆ خوای گەورەتان هەڵبەستووەو خوای گەورەتان لە خۆتان تووڕە کردووە لە کاتێکدا ئەگەر ئێوە تەوبە بکەن خوای گەورە زۆر لێخۆشبوو بەڕەحم و بەزەییە، (تەماشای ئەم سۆز و بەزەییە بکەن ئەوان شەریك بۆخوا دادەنێن، خوای گەورەیش بانگیان دەکات بۆ تەوبە کردن و لێخۆشبوون).

لەدوای ئەم هەموو تاوانە گەورانەی کە هاوبەشی زۆر و ناڕەوا و درۆ بۆ خوا بڕیار ئەدەن، کەچی خوای پەروەردگار دەرگای تۆبەی لەوانیش دانەخستووە داوای گەڕانەوەیان لێ دەکات تا لێیان خۆش بێت و تەوبە بکەن[٨٥].

---

[٨٥]- قال ابن عباس رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا: دعا الله عز وجل إلى مغفرته من زعم أن المسيح هو الله، ومن زعم أن المسيح هو ابن الله، ومن زعم أن الله فقير، ومن زعم أن يد الله مغلولة، ومن زعم أن الله ثالث ثلاثة، فقال الله عز وجل لهؤلاء، {أَفَلا يَتُوبُونَ إِلَى اللَّهِ وَيَسْتَغْفِرُونَهُ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ} المائدة ٧٤.

هەروەها خوای پەروەردگار بانگەشەی تەوبە و لێ خۆش بوون بۆ ئەوانە دەکات کە کافر بوون دژی موسڵمانان کە لە جەنگی بەدردا جەنگیان کرد دژیان و دەفەرموێت:

﴿قُل لِّلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ إِن يَنتَهُواْ يُغۡفَرۡ لَهُم مَّا قَدۡ سَلَفَ وَإِن يَعُودُواْ فَقَدۡ مَضَتۡ سُنَّتُ ٱلۡأَوَّلِينَ﴾ الأنفال

واتە: ئەی محمد ﷺ بە کافران بڵێ: ئەگەر دەست هەڵبگرن لە کوفر و دژایەتی کردنی پێغەمبەری خوا ﷺ موسڵمان بن و بە تاك و تەنها عیبادەتی خوای گەورە بکەن ئەوا پێشتر چ تاوانیان کردووە لە کوفر و دژایەتی ئەوە خوای گەورە لە هەر هەمووی خۆش ئەبێت، بەڵام ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ دژایەتی و کوفر و کوشتاری موسڵمانان ئەوە سوننەتی خوای گەورە لە نەتەوەکانی پێشترا تێپەڕیوە تەماشا بکەن بزانن چۆن خوای گەورە لەناوی بردوون ئێوەش بەو شێوازە لەناو ئەبات.

تەنانەت خوای گەورە داوای تەوبە و گەڕانەوە لەوانە دەکات کە کۆمەڵ و هاوەڵانی ئوحود-یان شەهید کرد و سووتاندن، لە دوای ئەو کارەی کە ئەنجامیاندا خوای پەروەردگار چاوەڕوانی تەوبەیان لێدەکات! دەفەرموێت:

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ فَتَنُواْ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ وَٱلۡمُؤۡمِنَٰتِ ثُمَّ لَمۡ يَتُوبُواْ فَلَهُمۡ عَذَابُ جَهَنَّمَ وَلَهُمۡ عَذَابُ ٱلۡحَرِيقِ﴾ البروج

واتە: [خوای گەورە بانگی کافران دەکات بۆ تەوبە کردن] ئەو کەسانەی کە باوەڕدارانیان تاقیکردەوە و سووتاندیانن بە ئاگر و پاشان تەوبەشیان

نەکردو پەشیمان نەبوون لەو کارەیان کە باوەڕدارانیان سووتاند وتیان ئەبێ بگەڕێنەوە بۆ پەرستنی پاشا یان ئەوەتا ئەتانسوتێنین هەڵبژاردەیەکی تریان پێ نەدان پاشان تەوبەیان نەکرد، (حەسەنی بەصری) ئەفەرموویت: (تەماشای ئەم کەرەم و جود و ڕەحم و بەزەیی و ڕێزەی خوای گەورە بکەن ئەوان دۆستانی خوای گەورە ئەسووتێنن بە ئاگر، خوای گەورە بانگیان ئەکات و ئەفەرموویت: وەرن تەوبە بکەن بۆ ئەوەی لێتان خۆش بم، بەڵام ئەوان تەوبەیان نەکرد) ئەمانە ئاگری دۆزەخیان بۆ هەیە، لەناو دۆزەخدا خوای گەورە تۆڵەیان لێ ئەسەنێ و بە ئاگری دۆزەخ ئەیانسووتێنێت، سەرەڕای ئەوە سزایەکی سووتێنەری تریشیان بۆ هەیە لەبەر ئەوەی سزای خوای گەورە هاوشێوەی کردەوەی مرۆڤە، لە دونیا ئەمان باوەڕدارانیان سووتاند، خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەت لە ئاگری جەهەننەمدا ئەیانسوتێنێت.

لەو هەموو تەوبەیە گرنگ تر خوای گەورە داوای تەوبە لە فیرعەون دەکات کە خاوەنی گەورەترین تاوانە و فاجرترین کەسە دەڵێت: من خوام، بێجگە لە خوایەتی داوای ئەوە دەکات کە گەورەترین خوایە پەنا بە خوا، داوا لە خەڵکەکەش دەکات بێجگە لەو هیچ خوایەکی تر نییە، وتەکەی زۆر گەورەیە، بێجگە ئەو زنجیرە تاوانانەی ئەنجامی داوە لە کوشتنی منداڵ و پیاوان و بە کارهێنانی ئافرەتان بە بەندە و کەنیزەک بێجگە لەوەی هەموو نەوەکانی ئیسرائیلی کرد بووە کۆیلەی خۆی، خوای پەروەردگار دەفەرموویت:

﴿فَقُولَا لَهُۥ قَوۡلٗا لَّيِّنٗا لَّعَلَّهُۥ يَتَذَكَّرُ أَوۡ يَخۡشَىٰ ٤٤﴾ طه

واتە: قسەی لەگەڵدا بکەن بە قسەیەکی نەرم کە رەقی و توندوتیژی تیا نەبێ و پێی بڵێن من لە لێبوردن و لێخۆشبوونەوە نزیکترم وەك لە تۆڕە بوون و سزادان بەڵکو بیر ئەکاتەوە و دەستهەڵدەگرێت و دەگەڕێتەوە لە کوفر و گومڕایی، یاخود لە سزای خوای گەورە ئەترسێت و گوێڕایەڵی دەکات.

خوای پەروەردگار دەیەوێت خەڵکی ئەڕواتە دۆزەخ و هەموو پەشیمان ببنەوە لەکارە قیزەون و تاوانەکانیان، جا هەرکەس و لایەکە، دەیەوێت هەموو ئیمان بهێنن و بڕۆنە بەهەشت، لە قورئاندا دەفەرموێت:

﴿وَٱللَّهُ يُرِيدُ أَن يَتُوبَ عَلَيۡكُمۡ وَيُرِيدُ ٱلَّذِينَ يَتَّبِعُونَ ٱلشَّهَوَٰتِ أَن تَمِيلُواْ مَيۡلًا عَظِيمٗا ٢٧﴾ النساء

واتە: خوای گەورە ئەیەوێ تەوبەتان لێ قبووڵ بکات و لێتان خۆشبێت، بەڵام ئەو کەسانەی کە شوێن شەهوەت و ئارەزووی خۆیان کەوتوونە ئەوان ئەیانەوێ ئێوە لابدەن و سەرنجتان ڕاکێشن، سەرنج ڕاکێشان و لادانێکی یەکجار گەورە بۆ ڕێگای خۆیان بۆ بەدڕەوشتی.

هاوەڵان سروشتیان وا پەروەردە بوو لە دوای ئیسلام بوونیان، تاوانیان لا بچووک نەبوو، هەموو تاوانێک لای ئەوان پێویستی بە تەوبە بوو، پاشان نا ئومێد و بێ هیوا نەبوون هەرگیز لە ڕەحمی خوای موتەعال، تا ئەو کاتانەی مرۆڤ ڕۆحی نەهاتۆتە ناو قورگی پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: خوای پەروەردگار تۆبەی بەندەکانی وەردەگرێت تا ئەو کاتەی ڕۆح نەهاتۆتە قورگ و جێگای غەرغەرەی ئاو (إن الله يقبل توبة العبد ما لم يغرغر).

ئەگەر تەماشای فەرموودە بکەین گشتییە، تەوبە لە هەموو تاوانێک وەردەگرێت تا ئەو کاتەی مرۆڤ گیانی لەقوڕگیدایە ، واتا پێش دەرچوونی ڕۆح بە چەند کاتێکی زۆر کەم، ئەگەر مرۆڤ ئارەزووی تەوبەی هەبێت دەرگای خوای پەروەردگار کراوەیە، ئەوە خۆمانین توانای دەرگا کردنەوەمان نییە. پوختەی وتە لەم باسەدا: هاوەڵان مرۆڤ بوون هەڵەیان دەکرد توشی تاوان دەبوون، کاری خراپ و گوناهیان دەکرد بەڵام زۆر خێرا دەگەڕانەوە بۆ لای پەروەردگار و زوو تەوبەیان دەکرد، بەڵام تەوبەکەیان زۆر تایبەت بوو، بە زووترین کات لە نزیک تاوانەکەیاندا داوای پەشیمانی و لێ خۆشبوونیان دەکرد، هەرگیز بەردەوام نەدەبوون لەسەر تاوان. بۆ گوناح و تاوان هەرگیز بیانوو و هەنجەتیان نەدەهێنایەوە و دەمە دەمێیان نەدەکرد، ئەگەر ئامۆژگاری بکرانایە خێرا وەریان دەگرت، ڕێزی ئەو کەسەیان زۆر دەگرت و خۆشیان دەویست کە ئامۆژگاری بکردنایە، لەبەر ئەوەی ڕێنمونی دنیا و قیامەتی دەکردن، هەرگیز تاوانیان بە بچووک تەماشا نەدەکرد، هەموو ئەم کارانەیان بە هۆکاری ئەوە بوو ڕێز و تەقدیری پەروەردگاریان لابوو، خواناسیان ڕاستگۆیانە بوو ئەترسان لە خوا و پاشان خوایان خۆشدەویست و پێغەمبەرەکەشی صَلَّىٰ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ.

کە داوای تەوبەیان دەکرد بۆ پرکردنەوەی جێگای تاوانەکەیان، نوێژی سوننەت، ڕۆژوی سوننەت، خێر و خێرات و ڕزگارکردنی کۆیلە و ئەسیر و ماڵ و سەروەتیان دەبەخشی، ئامانجی ئەوان تەنها سڕینەوەی تاوانەکانیان بوو، هەرگیز بێ هیوا و بێ ئومێد نەدەبوون لە ڕەحمی خوای گەورە، هەرگیز و هەرگیز لەوە نەدەترسان خوای پەروەردگار عەفویان نەکات و دڵیان خۆش

نەبێت، دەیانزانی خاوەنی پەروەردگارێکن لە هەرچی تاوانە خۆش دەبێت، بەو مەرجەی هاوبەشی بۆ بڕیار نەدەیت، خۆ ئەگەر لە نازانی و جەهلت بێت تۆبەش لەوە بکەیت لێت خۆش دەبێت، خوای گەورە خۆشحاڵ دەبیت بە تەوبەی بەندەکانی، خوای پەروەردگار بانگیان دەکات بۆ گەڕانەوە.

خوای گەورە داوامان لێ دەکات کە داوای لێ بکەین، بە ڕەحمە، بە بەزەییە، بەخشندەیە، وەدودە، ڕەحمی پێش توڕەبوونی کەوتووە، دەرگای تەوبەی کردۆتەوە تا ڕۆژ لە ڕۆژهەڵاتەوە هەڵبێت، کە لە ڕۆژئاواوە هەڵهات دەرگای تەوبە دادەخات، ڕەحمەتی زۆر فراوان و گەورەیە، ئەوەش ئەو خوایەیە کە دەیپەرستین و بێجگە زاتی پاکی پەرستش بۆ هیچ خوایەکی تر ناکەین، کە لە ڕاستیدا هەر خوای تر زۆرە لەسەر زەوی، کە بریتین لە طاغوت و یاسا و تەشریعی مرۆڤ و خودی مرۆڤە زاڵمەکان.

هاوەڵان بۆیە بوونە ئەستێرە و لە ئاسمانی ئیسلامدا بەرزبوونەوە یەکێک لە هۆکاری سەرەکییان تەوبە کردن بوو.

هاوەڵان لەسەر هەموو کردەوە و کارێکیانِ چاویان لە پێشەنگەکەیان دەکرد، مامۆستاکەیان فێری کردن کە ماف چییە، مافی خۆیان دەزانی و مافی خەڵکی، دەیشییان زانی مافی خوای گەورە چییە بەسەریانەوە، لەسەرووی ئەمانەوە فێری ماف دان بوون، فێربوون کە مافەکان چییە و لە پێغەمبەری خواوە ﷺ، بۆیە هەستی تەوبە کردن دروست بوو، چونکە لە واتا و تێگەیشتنی ماف شارەزابوون، مەبەست لە ماف هەموو مافەکان بە گشتی لەسەر تاک بەژن و پیاو و منداڵ و پیر و لاو، مافی ئاژەڵ مافی ژینگە و

پاشان مافی خەڵکی لەسەریان، لەسەرووی هەموویانەوە مافی خوای موتەعال، کێ فێری کردن پێغەمبەری خوا صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ، بۆیە بوونە ئەستێرە وا ئێمەش لەم مەملەکەتەدا باسیان دەکەین.

تابلۆی سیانزەیەم:

تابلۆی بوون و

زانینی مافەکان بە گشتی

گەورەترین نیعمەتی خوای پەروەردگار لەم ژیانەدا بۆ خەڵکی دینی ئیسلامە، ئەوەی شایەتومانی پێ هێناوە، خۆش حاڵە لە دنیا و قیامەتدا، بەڵام قوڕو خاک و هەش بەسەر ئەوەی بڕوای پێ ناهێنێت سەرگەردانی دنیا و قیامەتە، بۆ هەتا هەتایە لە ئاگردا دەمێنێتەوە، ئەوەشی پیادەی دەکات مافی خۆی وەردەگرێت و مافی خەڵکی تر دەستەبەر دەکات.

ئیسلام هەموو مافەکانی دیاری کردووە لە دیندا، نەکراوە بە دیاری دەستی هیچ مرۆڤێک، بەڵکو خوای پەروەردگار دابینی کردووە چەقاندویەتی بۆ خەڵکی بە گشتی و موسڵمان بە تایبەتی، هەروەکو باسم کرد دیاری دەستی مەخلوق نییە، بەڵکو خودا دابینی کردووە، مرۆڤ هەرچی بکات ناتوانێت مافی مرۆڤی تر دابین بکات، چونکە وەکو مرۆڤەکەی تر مەخلوقە و هەڵە و پەڵەی دەبێت، ئەوەی کە دەتوانێت مافی خەڵکی دابین بکات و دەست نیشانی بکات خالقی مرۆڤە و دروستکەرەکەیەتی هەموو ئەم باسەمان بۆ ئەوە بوو کە هاوەڵان گەیشتنە ئەو ئاستە توانیان لە قورئان و سوننەت دا مافەکانی خۆیان بەدەست بهێنن و مافی خەڵکی تریش دابین بکەن، هەر بۆ ئەم مافانە بانگەواز دەستی پێکرد و ئیسلام بانگەوازی فەرز کرد لەسەر خەڵکی، بۆ ئەوەی هەموو مافەکانی خۆیان بزانن و مافی خەڵکی تریش دابین بکەن، ئەو مافانەی لەسەریانە ئەنجامی بدەن و مافی خوا و پێغەمبەر ﷺ و

شەریعەتەکەشی بدەن، ئەم مافانەش هەموو شتێک مرۆڤ دەگرێتەوە – جا دینی جیاواز بێت یان پێست و ڕەگەزی جیاواز بێت، تەنانەت مافی ئاژەڵ و ژینگەشی تێدا دیاری کراوە بە درێژی و قوواڵی، لە سایەی ئەم مافەدا ساڵانێکی زۆر مرۆڤەکان بە ڕەنگ و ڕەگەزی جیاواز و نێرومێ و مافیان بە درێژایی ١٠٠٠ ساڵ و زیاتریش لە سایەیدا ماف پارێزراوبون.

پێغەمبەری خوا ﷺ هاوەڵانی فێر کرد کە چۆن مافی خەڵکی خۆیان و خوایان بپارێزن، خاڵی جەوهەری لەم باسەدا ئەوەیە چی هاوەڵانی گەیاندووەتە ئاستی ئەستێرە بوون؟ لەوەڵامدا دەڵێین: مافەکان!

مافی مرۆڤ لای هاوەڵان

هاوەڵان بە چاوێکی زۆر بەرزەوە تەماشای مرۆڤیان دەکرد، ئیسلام دیدێکی زۆر ڕاقی و واقیعانەی هەیە بۆ مرۆڤ، زۆر ڕێزی لە مرۆڤ گرتووە، بۆیە هاوەڵان لە مامۆستاکەیانەوە کە پێغەمبەری خوایە ﷺ فێری مرۆڤ پەروەری و ڕێز و حورمەتی هەموو مرۆڤێکیان لابوو لە دیدگای ئەو ئایەتەی کە خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿* وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِيٓ ءَادَمَ وَحَمَلْنَٰهُمْ فِي ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ وَرَزَقْنَٰهُم مِّنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ وَفَضَّلْنَٰهُمْ عَلَىٰ كَثِيرٍ مِّمَّنْ خَلَقْنَا تَفْضِيلًا ٧٠﴾ الإسراء

واتە: {ڕێزلێنانی خوای گەورە لە ئادەمیزاد} بەدڵنیایی ئێمە ڕێزمان لە مرۆڤ ناوە لە شێوەی دروست کردن و پێدانی عەقڵ و ناردنی پێغەمبەران بۆیان وشکانی و دەریادا هەڵمان گرتوون، لە وشکانی لەسەر ئاژەڵ و

هەڵگرەکانی تر، لە دەریایشدا لەناو کەشتیدا جۆرەها خواردنی بەتام و چێژو باشمان پێ بەخشیوون، فەزڵمان داون بەسەر زۆرێك لە دروستکراوەکان کە دروستمان کردوون (ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر فەزڵی مرۆڤی خواپەرست بەسەر مەلائیکەتدا).

ئەو دیدە قورئانییە وای کرد لە هاوەڵان کە مافی مرۆڤ تایبەتمەندی و ئیمتیازی خۆی هەبێت لایان، لە هەمووی گرنگتر بریتی بوو لە گشتگیری (شمولیەت) هەموو مرۆڤەکان، لە ئابووری، کۆمەڵایەتی، بواری سیاسی، فیکری و ...هتد.

هەرچۆن بۆ موسڵمانە بۆ ناموسڵمانیش بێ جیاوازی ڕەگەز و ڕەنگی پێست و زمان و دین، لە هەمووی گرنگتر ئەم مافە گۆڕانکاری بەسەردا نایەت، چونکە پەیوەستە بە خوای پەروەردگار، لەم دیدەوە هاوەڵان تەماشای مرۆڤیان دەکرد بە گشتی.

هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ فێری کردن بە کردار و گوفتار کە ڕێزی مرۆڤ و مافەکانیان بپارێزن، هەروەک لە گوتاری ماڵئاواییدا فەرمووی: بەڕاستی خوێن و ماڵ و سامانتان لەسەرتان حەرام کراوە، وەکو ئەم ڕۆژە پیرۆزە کە ڕۆژی قوربانی بوو، یاخود (نحر) یاخود مانگی حەرامکراوەکان کە ذولحیجە، هەروەکو شاری مەککە کە جێگای ئیحرامە هەموشتێکی تێدا حەرامە تەنها بەندایەتی نەبیت، ئەمەش بۆ ڕۆژێک و دوو ڕۆژ و ساڵ و دووساڵ نییە، بەڵکو تا ئەوکاتەی دەگەڕێنەوە بۆ لای خوای خۆتان فەرموودەکەی گشتگیرە و شمولیە بۆ هەموو مرۆڤەکان.

ئە وتارەی پێغەمبەری خوا ﷺ یەک پارچە باسی مافی مرۆڤەکانە کە باسی پاراستنی خوێنی مرۆڤ، ماڵ، سەروەت، شەرەف و ناموسی مرۆڤەکانە بەگشتی.

هەروەها پرسیار لە پێغەمبەری خوا ﷺ کرا لەسەر مافی گەورەترین حەق، ژیان و تاوانی گەورە، هاوبەش بۆ خوا بڕیاردان و کوشتنی مرۆڤ (الإشراک بالله.....و قتل النفس) (البخاري) لە فەرموودەکەدا باسی نەفس کراوە، واتا هەر مرۆڤێک دەگرێتەوە بێ جیاوازی دین، زمان، ڕەنگ و ڕەگەز، بە ناحەق بکوژرێت و خوێنی بڕێژرێت.

پێغەمبەری خوا ﷺ زۆر لە ئاستێکی بەرز و گەورەتر لە جارنامەی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆی دیاری کردوین و دەفەرموێت: لە بارەی خۆکوژی (ئینتیحار) کە قەدەغە کراوە لە ئیسلامدا حەرام کراوە لەسەر خودی مرۆڤەکان، بە داخەوە لەسەر داوای مرۆڤەکان خۆی لە هەندێک وڵاتی ئەوروپا و ڕۆژئاوا ڕێگا پێدراوە!

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: هەر کەس لە شاخێکەوە خۆی فڕێ بداتە خوارەوە بمرێت لە ئاگری دۆزەخ دایە، فەرموودەکە هەموو جێگایەکی بەرز دەگرێتەوە، واتا لە ناو ئاگری جەهەنمدا هەمیشە فڕێت دەدەنە خوارەوە و هەمان کرداری خۆکوژی لەگەڵ دووبارە کردنەوەی هەمیشەیش دەمێنێتەوە، خۆی ژەهر خوارد دەکات، هەمیشە لە ناو دۆزەخدا ئەو ژەهرەی دەرخوارد ئەدەن و بە هەمیشەییش لە دۆزەخدا دەمێنێتەوە، هەر کەسێک خۆکوژی بکات بە ئاسن جا مەبەست فیشەک یاخود چەقۆ... هتد

لە دۆزەخ هەمیشە هەمان کردار دووبارە دەکاتەوە بۆ خۆکوژی و پاشان لە دۆزەخ دا بە هەمیشەیی دەمێنێتەوە[٨٦].

هاوەڵان هەمیشە لەوە دەترسان کە مافی خەڵکی بخۆن و ئازاری خەڵکی بدەن، چونکە ئەوە پێشێل کردنی مافی خەڵکییە، پێغەمبەری خوا ﷺ حەرام و قەدەغەی کردووە ئازاردانی خەڵکی جا بەهەر شێوەیەک بێت، لە ڕووی لاشەوە بێت یاخود لە ڕووی شکاندنی شکۆ و کەرامەتی خەڵکی و یاخود گاڵتەپێکردنیان بێت.

لە هاوەڵی بەڕێزەوە هیشامی کوڕی حەکیم دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەر ﷺ بوو فەرمووی: خوای گەورە ئازار و ئەشکەنجەی ئەو کەسانە ئەدات کە ئازار و ئەشکەنجەی خەڵکی ئەدەن لە دنیادا[٨٧].

پاشان پێغەمبەری خوا ﷺ هاوەڵان بە تایبەتی و ئوممەتەکەی بە گشتی فێر دەکات، دڵنیایان دەکاتەوە کە هیچ جیاوازی نییە لە نێوان مرۆڤەکان، هەموو بەگشتی یەکسانن جیاوازی لە نێوان ڕەگەزی ئەوروپی و ئەفریقی، ئاری و سامی نییە، جیاوازی لە نێوان حاکم و مەحکومدا نییە، لە یاساکاندا جیاوازی عەرەب و عەجەم نییە واتا یاسای شەرعی لە نێوان سپی

---

[٨٦]- عن ابي هريرة قال: قال رسول الله ﷺ: مَن تردَّى مِن جَبَلٍ فقَتَل نفسَه، فهو في نارِ جَهنَّمَ يتردَّى فيه خالدًا مخلَّدًا فيها أبدًا، ومَن تحسَّى سُمًّا فقَتَل نفسَه، فسُمُّه في يَدِه يتحَسَّاه في نارِ جهنَّمَ خالِدًا مخَلَّدًا فيها أبَدًا/ رواه البخاري.

[٨٧]- إنَّ اللهَ يُعَذِّبُ الَّذِينَ يُعَذِّبُونَ النَّاس في الدُّنْيَا /رواه مسلم.

پێست و ڕەش پێستدا، تاکە فەزڵ و ئیمتیازێک هەیە لای خوای پەروەردگارە ئەویش بە تەقوا و خواناسی و خۆپارێزی[٨٨].

ئەم وتانەی پێغەمبەری خوا ﷺ بۆتە یاسا و تەشریع بۆ ئێمە، لە ڕووی مەیدانییەوە کاری پێ کراوە لە سەردەمی پێغەمبەری خوا ﷺ - دا، لەکاتێکدا سەردەمێکی پڕ چینایەتی بووە جیاوازی زۆر لە نێوان هەژار و کۆیلە و دەسەڵاتدارەکاندا هەبووە، بەڵام لە مەیداندا پیادە کراوە. نموونەی ئەبو زەڕی غیفاری بانگی بیلالی کرد بەناوی دایکی واتە بیلالی کوڕی حەمامە، هەروەها بانگی کرد بەناوی ڕەگەز و پێستی وتی ئەی کوڕی ژنە ڕەشەکە، بیلالیش پێی ناخۆش بوو، چوو سکاڵای بردە لای پێغەمبەر ﷺ و پێغەمبەری خواش ﷺ زۆر تووڕەبوو، هاوەڵی بەڕێز ئەبو ئومامە دەڵێت کە ئەبو زەڕ هات پێغەمبەری خوا ﷺ هیچ ڕووی پێ نەدا، پاشان ئەبوزەڕ بە پێغەمبەری خوا ﷺ -ی فەرموو ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ چی ڕوویداوە ڕووم پێ نادەیت؟

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ئەی تۆ نیت، بیلال بەناوی دایکی بانگ ئەکەیت، مەبەستەکە (جۆرێکە لە سووکایەتی لە ناو عەرەب دا بە ناوی دایک بانگکردن).

---

[٨٨]- وعن أبي نضرة رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ قال: حدثني من شهد خطبة النبي ﷺ أنه سمعه يقول فيها: يا أيها الناس ألا إن ربكم واحد، وإن أباكم واحد، لا فضل لعربي على عجمي، ولا لعجمي على عربي، إلا بالتقوى/رواه أحمد.

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: سوێند بەو کەسەی قورئانی بۆ ناردووم هیچ کەس لە ئێوە فەزڵ و گەورەیی زیاتر نییە لەوی ترتان مەگەر بە کرداری باش نەبێت، ئێوەی مرۆڤ هەموتان وەکو یەکن جیاوازی تەنها بەکردار و خواناسییە[٨٩].

هەروەها دەستگرتن بەسەر مااڵی خەڵکیدا بە هەموو شێوەیەک حەرامە و یاساغە یان یەکێکی تر لە مافەکانی مرۆڤ ئازادی بیر و باوەڕە لە ڕۆشنایی ئایەتی (لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ) هیچ کەس بە زۆر بیروباوەڕ و ئیمانی بەسەردا نادرێت، هەروەک چۆن لە ڕووی مەیدانیەوە پێغەمبەری خوا ﷺ بە خەڵکی شاری مەککەی فەرموو بڕۆن ئێوە هەموتان ئازادن (اذْهَبُوا فَأَنْتُمُ الطُّلَقَاءُ).

هەروەها دەربڕینی بیروباوەڕ بە ئازادانە، پێغەمبەری خوا ﷺ ڕای خەڵکی تری بە ڕێزەوە تەماشا دەکرد، کاتێ خەڵکی و زۆرینەی لاوەکان ڕایان وابوو کە پێغەمبەری خوا ﷺ بڕواتە دەرەوەی شار بۆ جەنگ کردن، بەاڵم پێغەمبەری خوا ﷺ ڕای وابوو کە لە ناو شاردا جەنگ بکەن،

---

[٨٩]- عن ابی امامة انه قال: عیر ابو ذر بلالا بامه، فقال: یا ابن السوداء وان بلالا اتی رسول الله ﷺ فاخبره بغضب، فجاء ابوذر ولم یشعر فاعرض عنه النبي ﷺ فقال: ما اعرضک عني الا شیء بلغک یارسول الله ﷺ

قال: انت الذي تعیر بلالا بامه، والذي انزل الکتاب علی محمد ما لاحد علی فضل الا بعمل، ان انتم إلا کطف الصاع/البیهقي ٨.

بەڵام لە کۆتاییدا پێغەمبەری خوا ﷺ دابەزییە ئاستی شورا و بە قسەی خەڵکەکەی کرد.

هەروەها لە سایەی دەوڵەتی ئیسلامیدا دەیوت هەموو تاکێک خاوەنی ژیانێکی ئاسایی و کامەرانی بێت لە ڕووی خواردن و خواردنەوە ئەمانەوە، کە ئەرکی دەوڵەتە دابینی بکات هەروەکو ئاماژەمان پێدا نان و ئەمانە،

﴿ٱلَّذِىٓ أَطْعَمَهُم مِّن جُوعٍ وَءَامَنَهُم مِّنْ خَوْفٍ ۝٤﴾ قریش

واتە: (نیعمەتی هەبوونی و ئاسایش) ئەو خوایەی کە تێری کردوون لە برسێتی، بەهۆی ئەو دوو گەشتەی کە ئەیکەن، ئەمینیشی کردوون لە ترس، لەبەر ئەوەی وتمان: عەرەب ئەیاندا بەسەر یەکدا کەس ئەمین نەبوو لە مالّ و ناموس و خوێن و ژیانی خۆی، کەس ئەمین نەبووە، هەموویان داویانە بەسەر یەکتردا وە قافلّە و کاروان و بازرگانی یەکتریان بەتالّانی بردووە، بەڵام ئەمان بەهۆی کەعبەی پیرۆزە و ئەمین بوونە و کەس دەستدرێژی نەکردۆتە سەریان، دەی کە مادام خوای گەورە ئێوەی لە برسێتی تێر کردووە و لە ترسیش ئەمینی کردوون کە دوو نیعمەتی یەکجار گەورەن و ژیان بەبێ ئەم دوو شتە ناڕوات، مادام وایە ئێوەش بەتاك و تەنها عیبادەتی خوای گەورە بکەن و شەریك بۆ خوای گەورە بڕیار مەدەن، والله أعلم.

دابین کردنی کار بۆ خەڵکی لە لایەن دەوڵەتەوە دەبێت، خۆ ئەگەر نەکرا بۆ خەڵکی کار دابین بکرێت ئەوا زەکات لەو کەسانەی کە پارەدارن وەردەگیرێت دەدرێت بەوانەی کار ناکەن تا کار بۆ ئەوانیش ئەدۆزرێتەوە،

هەروەها دابەشکردنی سامانی سروشتی بەسەر خەڵکدا بە یەکسانی دەبێت، لە خاک و ئاو کانزا...هتد.

بێجگە هەموو ئەم مافانە ئیسلام پەروەردەی هاوەڵانی کرد بەوەی کە کەسایەتی باش و چاک دەرچن بۆ کۆمەڵگاکەیان چاودێر بن لە کاری خێر و چاکە بەسەر یەکترەوە و کار و هاوکاری یەکتربن، هەروەکو پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: ئیمانی نییە بەمن ئەو کەسەی تێر بێت و دراوسێکەشی برسی[١٠].

بەو شێوەیە پێغەمبەری خوا ﷺ پێشەنگی یەکەم بوو کە پیادەکردنی مافەکانی مرۆڤ، هەڵگری ئەو مەشخەڵە بۆ جیهان هاوەڵان بوون بۆیە گەیشتنە ئەو ئاستە بەرزە.

هاوەڵان و مافی ئافرەت

لە چوار چێوەی ئیسلامدا ئافرەت خاوەنی مەکانەت و جێگایەکی بەرزە، بەوپەڕی ڕێز و حورمەتەوە باسی جۆرەکانی ئافرەت کراوە لە دایک و هاوسەر، کچ و خوشک، هاوەڵان هیچ جیاوازییان نەدەکرد لە نێوانی نێر و مێ دا، هەموو لە یەک سەرچاوەوە هاتوون ئەویش مرۆڤە، ئەم دید و تێڕوانینە زۆر گرنگ بوو کە پیاو و ژن هەردووکیان یەکسانن و لە مرۆڤ بوونداجیاوازییان نییە لەسەرچاوەیەکەوە هاتوون، پێشتر، عەرەب و یەهود و

---

[١٠]- رواه الطبراني في الكبير عن أنس بن مالك رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ قال: قال رسول الله ﷺ: ما آمن بي من بات شبعان وجاره جائع إلى جنبه وهو يعلم به.

نەسرانی و زەردەشتی ئەو ئایینە بەربڵاوانە بوون کە ئافرەتیان بە چاوی سووک و کەم تەماشا دەکرد، تەنانەت ئیستاشی لەسەربێت بە ڕۆحی پیس و کائینێکی جیاواز تەماشا دەکرێت، ئیسلام هات و هەموو ئەم چەمکانەی ڕاست کردەوە، بەدەقی قورئانی پیرۆز خوای گەورە لە باسی یەکسانی مرۆڤ بوونی پیاو و ژن دا دەفەرموێت:

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِى خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَٰحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَآءً ۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِى تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلْأَرْحَامَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا ۝١﴾ النساء

واتە: ئەی خەڵکی تەقوای ئەو خوایە بکەن کە ئێوەی دروست کردووە لە یەك کەس، تەقوای ئەو خوایە بکەن کە هەندێکتان داوا لە هەندێکتان ئەکەن بەخوای گەورە واتە دەڵێن: لەبەر خوای گەورە ئەو شتەمان پێ بدەن، وە سیلەی ڕەحم و پەیوەندی خزمایەتیتان بگەیەنن و مەیپچڕێنن بەڕاستی خوای گەورە چاودێرە بەسەرتانەوە و ئاگای لێتانە.

پێغەمبەری خوا ﷺ لە ئیسلامدا لە ناو جاهیلیەتی تاریک و سەردەمی ئیمپراتۆرەکاندا ئافرەتی بەرز کردەوە و مافەکانی (کچ، هاوسەر، خوشک و دایکی) دەست نیشان کرد تا ئەم ساتەوەختەش لە هەموو دنیادا داوای مافی ئەم چوارە دەکەن لە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتدا، پێغەمبەری خوا

صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ بنەمایەکی سەرەکی دامەزراند، کە ئافرەتان هاوشێوەی پیاوانن و هیچ جیاوازیان نییە[٩١].

بەو هاوشێوەش وازی لێ نەهێنان بەڵکو وەسێتی کرد بۆ پیاوان کە بەرامبەر بە ئافرەتان باشبن، جا دایک، کچ، خوشک و هاوسەرە[٩٢].

هەروەها چەند جار ئەم وەسیەتی دووبارە کردەوە کە پیاوان بەرامبەر ئافرەتان بە گشتی باش بن، لە جاهیلیەتی عەرەب دا زۆر خراپ بوون بەرامبەر کچەکانیان، هەر بە زیندوویی دەیانخستنە ناو چاڵ و زیندەبەچاڵیان دەکردن، قورئان ئەم کارە پیسەی عەرەبی باسکردووە سەرزەنشت و حەرامی کرد و دەفەرموێت:

﴿وَإِذَا ٱلْمَوْءُۥدَةُ سُئِلَتْ ۝٨ بِأَيِّ ذَنۢبٍ قُتِلَتْ ۝٩﴾ التكوير

واتە: ئەگەر منداڵە زیندەبەچاڵکراوەکان پرسیاریان لێکرا لە ڕۆژی دواییدا وەک دڵدانەوەیەک بۆ منداڵەکە و سەرزنشت کردنێک بۆ زیندەبەچاڵکەرەکەی ۝٨ کە بە چ تاوانێک زیندەبەچاڵکراوە؟ ۝٩

هەروەها لە پێغەمبەری خوا صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ -یان پرسی گەورەترین تاوان چییە، ئەویش هاوەڵی بەڕێز عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود بوو فەرمووی: گەورەترین تاوان چییە ئەی پێغەمبەری خوا صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ؟

---

[٩١]- إنَّ النِّساءُ شقائقُ الرِّجالِ/ الترمذي.

[٩٢]- استوصوا بالنساء خيراً/ البخاري.

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی هاوبەش و شەریک بۆ خوا دابنێیت، لە کاتێکدا ئەو بەدیهێنەرە، پاشان عەبدوڵای کوڕی مەسعوود فەرمووی چیتر؟

پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: منداڵەکەت بکوژیت لە ترسی ئەوەی لە گەڵتا نان ئەخوات[93].

پێغەمبەری خوا ﷺ بەوەندە وازی نەهێنا کە حەقی ژیانیان هەیە، بەڵکو داوای کرد کە دەبێت لە گەڵیاندا باشبن، چونکە ئەوان پارێزەری خاوەنەکانیانن یاخود دایک و باوکیانن لە ئاگر[94].

یاخود بە پێچەوانەوە پارێزەری ئەو کچانە بن بە جوانی پەروەردەیان بکەن کە لە دۆزەخ پارێزراو بن.

پاشان پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی کرد بە بەخێوکردنیان و خوێندنی زانینی زانست و هەروەها جەنابیان ڕۆژێکی دانابوو تەنها بۆ فێرکردنی ئافرەتان لە زانستی شەرعی و فێر بوونیان لە دینەکەیان[95].

---

[93] - قالَ: أنْ تَجْعَلَ لِلَّهِ نِدًّا وهو خَلَقَكَ. قُلتُ: ثُمَّ أيٌّ؟ قالَ: ثُمَّ أنْ تَقْتُلَ ولَدَكَ خَشْيَةَ أنْ يَطْعَمَ معكَ/البخاري.

[94]- مَن ابتُلِي مِن هذه البنات بشيء فأحسَنَ إليهن، كنَّ له سِترًا من النار.

[95]- أيما رجل كانت عِنْدَهُ وَلِيدَةٌ فَعَلَّمَهَا فَأَحْسَنَ تَعْلِيمَهَا، وَأَدَّبَهَا فَأَحْسَنَ تَأْدِيبَهَا... كَانَ لَهُ أَجْرَانِ/ بخاری.

پێغەمبەری خوا ﷺ ئازادی هەڵبژاردنی هاوسەرگیری داوەتە دەست کچەکە خۆی، مافی ئەوەی هەیە پەتی بکاتەوە یاخود پازی بێت لە سەری، هەروەها زۆرکردن نییە لەسەر ئەو کەسەی کە ئافرەتەکە نایەوێت، لەم بارەوە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموویت: ئافرەتەکە خۆی مافی ئەوەی هەیە هەڵبژاردن بکات تاوەکو وەلی ئەمرەکەی، کچ پێویستە پرسی پێ بکرێت، فەرموویان ئەی پێغەمبەر ﷺ چۆن ئیزنی لێ وەربگرین؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: کە بێدەنگ بوو مانای پازی بوونییەتی[٩٦].

هاوەڵان بە گشتی مافی خۆیان دەزانی و مافی کەسانی تریشیان پێشێل نەدەکرد، ئافرەتان لە کارەکانیاندا لە سەردەمی پێغەمبەری خوا ﷺ لەکایەکانی ژیان و جومگەکانی دەوڵەت و خیلافەت بەشدار بوون لە هەموو بوارەکاندا.

هاوەڵان و مافی منداڵ

ئیسلام کە هات مافی گەورەی دابین کرد، بەڵام مافی بچووک و منداڵانی لە بیرنەکرد، منداڵان لە ئیسلامدا گوڵی ژیان و نووری چاوی دایک و باوکن، چۆن مافی دایک و باوکی دیاری کرد، بە هەمان شێوە مافی منداڵانیشی دابین کرد، لە بنەڕەتەوە مافی منداڵی دیاری کرد بە هەڵبژاردنی هاوسەرگیری نێوان ژن و پیاو بە کەسی پاک و داوێن پاک و ڕەوشت بەرز، بۆ بونیادنانی خێزان لە سەر هەردوولا پێویستە کەسی باش و چاک هەڵبژێرن کە لە ڕەوشت و

---

[٩٦]- الْأَيِّمُ أَحَقُّ بِنَفْسِهَا مِنْ وَلِيِّهَا وَالْبِكْرُ تُسْتَأْذَنُ فِي نَفْسِهَا وَإِذْنُهَا صُمَاتُهَا/مسلم.

دیندا نموونە بن، پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: ئەگەر کەسێک لە ئێوە ویستی هاوسەگیری بکات، با لە دین و ئەخلاقی دڵنیا بێت ئینجا هاوسەرگیری ئەنجام بدات، خۆ ئەگەر وانەکات و وانەبێت ئەوا فیتنە دروست دەبێت و فەساد و خراپەکاری لەسەر زەوی ڕوو ئەدات[٩٧].

ئیسلام بۆ هەڵبژاردنی پەروەردەی منداڵ بەباشی سەرەتا دایک و باوکی باش بۆ منداڵەکە هەڵدەبژێرێت، چونکە ئەوە مافی منداڵانە.

پاشان ڕەحمەت بۆ منداڵەکە کە پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ دایکی شیردەر لە مانگی ڕەمەزان دا ڕێگای پێدراوە لەبەرخاتری منداڵەکە بەڕۆژوو نەبێت.

هەروەها یەکێک لە مافەکانی منداڵ ئەوەیە کە دایک و باوکی ناوی جوان و لایەقی بۆ هەڵبژێرن، کە منداڵەکە گەورە بوو جێگەی دڵنارامی و بونیادی کەسایەتی بێت، هەست بە عیززەت و سەربەرزی بکات لە ناو خەڵکیدا، ئەمەش زۆر گرنگە بۆ ئەوەی منداڵان لە ناو منداڵی تردا نەبێتە جێگەی پێکەنین و گاڵتە پێکردن.

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: ناوی منداڵەکانتان با بە ناوی پێغەمبەرانەوە بێت، خۆشەویستترین ناو لای خوای پەروەردگار ناوی

---

[٩٧]- إذا خَطَبَ إليكم من تَرْضَوْنَ دِينَهُ وَخُلُقَهُ فَزوّجوه؛ إلَّا تفعلوا تكنْ فِتْنَةٌ في الأرض وفساد عريض/الترمذي.

(عبدالله و عبدالرحمن)ە و باشترین ناویش (حارث و هەمام)ە، خراپترین ناو ناوی حەرب و تاڵ و کوشتارە[٩٨].

هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی کردووە کەوا قوربانی یان عەقیقەیان بۆ منداڵ بکرێت، بۆ کوڕ دوو مەڕ و بۆ کچ مەڕێک، سبحان الله.

ئافرەت باشترینە بۆ دایک و باوک تەنانەت قورسایی ناخەنە سەر دایک و باوکیان.

هەروەها مافی منداڵ کەماوەی دوو ساڵ دایکی شیری بداتێ خوای گەورە لە قورئان دا دەفەرموێت:

﴿* وَٱلْوَٰلِدَٰتُ يُرْضِعْنَ أَوْلَٰدَهُنَّ حَوْلَيْنِ كَامِلَيْنِ ۖ لِمَنْ أَرَادَ أَن يُتِمَّ ٱلرَّضَاعَةَ ۚ وَعَلَى ٱلْمَوْلُودِ لَهُۥ رِزْقُهُنَّ وَكِسْوَتُهُنَّ بِٱلْمَعْرُوفِ ۚ لَا تُكَلَّفُ نَفْسٌ إِلَّا وُسْعَهَا ۚ لَا تُضَآرَّ وَٰلِدَةٌۢ بِوَلَدِهَا وَلَا مَوْلُودٌ لَّهُۥ بِوَلَدِهِۦ ۚ وَعَلَى ٱلْوَارِثِ مِثْلُ ذَٰلِكَ ۗ فَإِنْ أَرَادَا فِصَالًا عَن تَرَاضٍ مِّنْهُمَا وَتَشَاوُرٍ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَا ۗ وَإِنْ أَرَدتُّمْ أَن تَسْتَرْضِعُوٓا۟ أَوْلَٰدَكُمْ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ إِذَا سَلَّمْتُم مَّآ ءَاتَيْتُم بِٱلْمَعْرُوفِ ۗ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّ ٱللَّهَ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ﴿٢٣٣﴾﴾ البقرة

واتە: لەسەر دایکانە کە بۆ ماوەی دوو ساڵی تەواو شیر بە منداڵەکانیان بدەن بۆ یەکێك کە بیەوێت شیردانەکە تەواو بکات، پێویستە لەسەر باوکان کەفالەتی ئەو شیردەرە تەڵاقدراوانە بکەن لەڕووی خواردن و جلوبەرگەوە،

[٩٨]- تَسَمَّوْا بأسْمَاءِ الأنبيَاءِ؛ وَأحَبُّ الأسْمَاءِ إلَى الله: عَبْدُ الله، وَعَبدُ الرَّحمن وأصدَقُهَا: حَارثٌ، وَهَمَّامٌ. وَأقبَحُهَا: حَرْبٌ، ومُرَّةُ/أبي داود.

بەو شێوازەی لەڕووی شەرعی و عورفیەوە چاکە، چونکە خوای پەروەردگار داواکار نییە لە هیچ کەسێك جگە لەوەی کە بەگوێرەی توانای خۆیەتی، حەڵاڵ نییە بۆ دایکان و باوکان منداڵ بکەنە هۆکارێك بۆ زیان بەیەکتر گەیاندن، نەفەقە و جل وبەرگ لەسەر میراتگر پێویستە لەکاتی مردنی باوکدا وەکو چۆن ئەوە پێویستە لەسەر باوك پێش مردنی. جا ئەگەر دایك وباوك ویستییان منداڵەکە لەشیر ببڕنەوە پێش تەواوبوونی دوو ساڵەکە ئەوە هیچ تاوانیان ناگات ئەگەر هەر دوولایان ڕازی بوون و ڕاوێژیان لەو بارەوە کرد، بۆ ئەوەی بگەن بە بەرژەوەندی منداڵەکە. خۆ ئەگەر دایك وباوك ڕێککەوتن لەسەر شیردان بەمنداڵەکە لەلایەن شیردەرێکی تری جگە لە دایکی، ئەوە هیچ تاوانێکی ناگات، ئەگەر باوکەکە مافەکانی دایکەکە بدات و کرێی شیردەرەکەش بەگوێرەی ئەوەی کەخەڵك لەسەری پێکهاتوون بدات. لەخوای پەروەردگار بترسن و لە هەموو حاڵ وباڕێکتاندا، بزانن بێگومان خوا بەکار و کردەوەکانتان بینایە و لەسەر ئەوەش پاداشتان دەداتەوە.

جێگای خۆیەتی بایەخ بدرێت بە شیردان، چونکە کاریگەری زۆری لەسەر لاشە و باری تەندروستی منداڵ و نەشونما و هەروەها لە ڕووی عاطفی و سۆزەوە زۆر گرنگە.

هەروەها ئامۆژگاری دایک و باوک دەکات بە دادپەروەری نێوان منداڵەکان لە بەخشین و خۆشەویستیدا، هەروەها داوا دەکات لە دایک و باوکان دوعا لە منداڵەکانیان نەکەن، بەڵکو دوعای خێریان بۆ بکەن[٩٩].

هەروەها مافی منداڵی پاراستوە کاتێک ژن و مێرد لە یەک جیابوونەوە منداڵەکان خاوەنی میراتن لە هەردوولا.

زۆر گرنگە منداڵ فێری دابونەریت بێت و ئاکاری جوان و پەوشتی بەرز بکرێت بە هێواشی و پلە پلە، هەروەک چۆن پێغەمبەری خوا ﷺ ئەو منداڵانەی لە لایدا بوون فێری دابونەریت و ئاکار و پەوشتی کۆمەڵایەتی و بەرزی ئیسلامی دەکردن، نموونەی عومەری کوڕی ئەبی سەلامە کە بە فەرموودەی غوڵامەکە ناسراوە، پێغەمبەری خوا ﷺ بە چەند وشەیەکی کەم یەک دنیا ئاکار و پەوشتی جوانی فێرکرد کە فەرمووی ئەی غوڵام کە نانت خوارد بڵێیت بسم الله، بەدەستی ڕاستت بخۆ، هەروەها لەبەردەم خۆتەوە[١٠٠].

هاوەڵان بەم جۆرە خۆیان پەروەردە بوون منداڵەکانیان بە جوانترین شێوە پەروەردە کرد، بۆیە جیلی دوای ئەوانیش ئەستێرەیەکی درەوشاوەی ئاسمانی ئەم ئیسلامە بوون، هاوەڵان زۆر بە بەزەیی بوون بەرامبەر منداڵ، هەمیشە

---

[٩٩]- اعدلوا بين أولادكم في العطية/ البخاري.

ولا تدْعوا على أولادِكم/مسلم.

[١٠٠] - يا غُلامُ، سمِّ اَللهَ، وكُلْ بِيَمِينِك، وكُلْ ممَّا يَلِيكَ» فما زَالَتْ تِلك طِعْمَتِي بَعْدُ/ البخاري.

دەستگیرۆیی منداڵانیان دەکرد و یاری و خۆشی و شادییان بۆ دەستەبەر دەکردن، تەنانەت ئیمامی عومەر لەسەردەمی خیلافەتەکەیدا ئەوەندە بەسۆز و ڕەحم بوو بەرامبەر بە منداڵان، ماڵان دەگەڕا بۆ ئەوەی بزانێت پێداویستی منداڵ چییە.

شەوێک بەسەر شاری مەدینەدا دەگەڕا گوێی لە منداڵێک بوو دەگریا، دایکی ئاگادار کردەوە کە منداڵەکەی ژیر بکات، یاخود خواردنی بداتێ، جارێکی تر بە هەمان ڕێگا تێپەڕیەوە بۆ دڵنیابوون لە گریانی منداڵەکە بیستی کە منداڵەکە هەر دەگری، پاشان بە تورەیی دایکەکەی ئاگادار کردەوە پێیوت کە چەند دایکێکی خراپە بۆ منداڵەکەی، دایکیشی وتی ئاخر لە شیرم بڕیوەتەوە بۆ ئەوەی خەلیفەی موسڵمانان موچەی بۆ ببڕێتەوە، عومەر ئاگاداری کردەوە بۆ ئەوەی کە شیری بداتێ خەلیفە لەو کارە ئاگادار دەکاتەوە هەڵبەت ئافرەتەکە نەیزانی ئەم کەسە عومەرە و خەلیفەی مسوڵمانانە.

خێرا لە نوێژی بەیانیدا عومەر بڕیاریدا هەر منداڵێک لە دایکبوو موچەی بۆ دەبڕێتەوە، ئیتر دایکان ئاگادار بکەن کە منداڵەکانیان تێر شیر بکەن هاوەڵان و دەوڵەتی ئیسلامی بەو شێوە بەرخوردیان لەگەڵ چینی منداڵ دەکرد.

پێغەمبەری خوا ﷺ بە هەموو شێوەیەک ڕێگری کردووە لە لێدانی منداڵ بە تایبەت دەم و چاوی، بەداخەوە ئەوەندەی من لە بیرم بێت لە جیلی

ئێمەدا مامۆستا، باوک و دایک، براگەورە و...هتد بە دار نەوەکانی ئادەم-یان پەروەردە کرد، بۆ ئێستا نازانم گۆڕاوە یان هەروەکو خۆیەتی.

ئەگەر چاو لێک بنێین و بڵێین ئەی پێغەمبەری خوا صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ تۆ چەند میهرەبانی، سوپاسی خوا دەکەین بۆ ناردنی ئەم ئایینە بەرز و پیرۆزە.

هاوەڵان و مافی کرێکار و خزمەتکار

ئیسلام کرێکار و خزمەتکاری نەک بە ڕێزەوە تەماشا کردووە، بەڵکو زۆر گەورەتر و کردوێتییە خاوەن شکۆ، دانی تەواوی ناوە بە مافەکانیدا، ئەمەش بۆ یەکەم جار لە مێژوودا ئیسلام ئەو کارەی ئەنجام داوە.

ئایین و شەریعەتەکانی ڕابردوو ناویان بە کۆیلە و شوێن کەوتوو ناویان نابوون، لەژیانی مرۆڤ و پادشا و یاساکانی تردا زەلیل و نەگبەت و بێکەس و قەلەندەر بوون، نەک مافی ژیان بەڵکو لە ئاژەڵ کەمتر تەماشا دەکران. هیچ دادگەرێکی کۆمەڵایەتی نەیدەگرتنەوە.

ئیسلام هات هەموو بێکەس و کۆیلە و خزمەتکارەکانی عەزیز کردەوە نەک مافی دانێ، بەڵکو مافی بۆ دەستەبەرکردن لە ڕووی میراتیەوە هاوەڵان ڕێزیان لە کۆیلەکانی ڕابورد و دەگرت، کە لە ناویاندا بوونە پێشەواو ئیمام و سەرکردە و خاوەن غیرەت، بیلال، سوهەیب، سەلمان و دەیانی وەک و ئوسامەی کوڕی زەید، عەبدوڵای کوڕی مەسعوود، ئەبوهورەیرە و هەزارانی تریش، هاوەڵان لە خواردنی خۆیان و لە بەرگی خۆیان دەبەخشی بە کۆیلە و کرێکار و خزمەتکارەکانیان.

وەک و ئیمامی عومەر فەرمووی: لە کەیەکەوە خەڵکتان کردووەتە کۆیلە لە کاتێکدا مرۆڤەکان بە ئازادی لە دایکبوون یاخود ڕەبیعەی کوڕی عامری دەڵێت: بۆ ئەوە هاتووین کە خەڵکی لە کۆیلایەتی ڕزگار بکەین و هەموو خەڵکی بکەینە بەندەی خوای پەروەردگار، ئەم وتەیەی ڕەبیعەی کوڕی عامر لە بەرامبەر سەرۆکی سوپای دەوڵەتی فارسی دا کردی کە وتی بۆچی هاتوویت؟

لە سەرەتای هاتنی ئیسلام پێغەمبەری خوا ﷺ بڕیاریدا لەسەر ئەوە کە کاری زۆر بە خزمەتکار و کۆیلە و کرێکار نەکرێت کە لە توانایاندا نییە، بەڵکو پێغەمبەری خوا ﷺ داوایان لێ دەکات کە وەکو برا تەماشایان بکەن ڕێز و حورمەتیان بگرن و کاری قورس مەدەن بەسەریاندا، ئەگەر کاری قورستان دا بەسەریاندا خۆتان هاوکاریان بکەن، پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: کرێکار و خزمەتکارەکانتان براتانن، خوای پەروەردگار ئەوانی خستۆتە ژێر دەستان، جا مادام لە ژێر دەستاندان کەواتە خواردنیان پێشکەش بکەن لەو خواردنەی خۆتان دەیخۆن و لەو جلوبەرگانەیان لەبەر بکەن کە خۆتان لە بەری دەکەن، کاری قورس مەدەن بەسەریاندا و لە هەمان کاتدا هاوکاریان بکەن[١٠١].

---

[١٠١]- هُم إخوانُكم خَوَلُكم، جَعَلَهم اللهُ تحت أيْديكم، فمَن كان أخُوه تحت يَدِه فلْيُطعِمْه ممَّا يَأكُلُ، ويُلبِسْه ممَّا يَلبَسُ، ولا تُكلِّفوهم ما يَغلِبُهم، فإنْ كَلَّفتُموهم فأعينُوهم/البخاري.

پێغەمبەر صَلَّىٰاللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ پلە و پایەی خزمەتکار و کرێکاری وەک برا داناوە بۆ ئەوەی پەیوەندیەکە زۆر ئاسایی بێت لە توانای هەردوو لادا. لە ڕاستیدا ئەم مافە لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژئاوادا دەستەبەر بووە بۆ کرێکاران، پاشان پێغەمبەری خوا صَلَّىٰاللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ ئەوەندە جەختی لەسەر دانی مافی کرێکار کردۆتەوە کە دەفەرموێت: پارەی کرێکار بدە پێش وشک بوونەوەی عارەقی ماندوو بوونی[١٠٢].

تەنانەت چەند بەندەیەکی هاوەڵی پێغەمبەر صَلَّىٰاللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ حاطبی کوڕی ئەبی بەڵتەعە وشتری کەسێکیان دزیبو سەریان بڕیبو خواردبوویان، خاوەنەکەی سکاڵای لای عومەر کرد کە عومەر بۆی دەرکەوت بەندەکان لە برساندا دزیویانە و خواردوویانە، سوێندی خوارد لە حاطبەی کوڕی ئەبی بەڵتەعە کە ئەگەر بەندەکانی تێر نەکات و دزی بکەن دەستی دەبڕێت.

پێغەمبەری خوا صَلَّىٰاللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ لووتبەرزی بەرامبەر بە کرێکار و خزمەتکار زۆر بە ناشرینی و ناپوختە ناوبردووە، فەرمانی کردووە هاوکاریان بین، پێغەمبەری خوا صَلَّىٰاللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ هەرگیز لە بەندە و خزمەتکار و کرێکار لێینەداون و لێشیان تورە نەبووە.

ئەنەسی کوڕی مالیک دەڵێت: حەوت ساڵ یان نۆ ساڵ خزمەتکاری پێغەمبەر صَلَّىٰاللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ بووە کە هیچ ڕۆژێک نەمدی لێم تورە بێت، خۆی دەڵێت: ئەوەندە لەسەرخۆ و هێمن و پڕ ڕەوشت بوو، جارێک ناردمی بۆ کارێک بۆی

١٠٢- أعطُوا الأجيرَ أجرَه قبل أن يَجفَّ عرقُه/ابن ماجه.

ئەنجام بدەم، بەڵام لە نزیک بازاڕدا هەندێک لە هاوڕێکانم یاریان دەکرد منیش چووم لە گەڵیاندا یاریم کردو گوێم نەدا بە کارەکە، پێغەمبەر ﷺ هات و لە دواوە جلەکانی گرتم و بە پێکەنینەوە بە نازناوی خۆشەویستی فەرمووی: ئونەیس مەبەستی ناوی ئەنەسە، ئەی پێم نەوتی بڕۆ ئەو کارە ئەنجام بدە، ئەنەس دەڵێت: زۆر بەسادەیی وتم ئەوە دەڕۆم پێغەمبەری خوا ﷺ، هۆکاری وتەکەی ئەوەبوو کە وتی نۆ ساڵ خزمەتکاری پێغەمبەر ﷺ بووم ڕۆژێک لە دەستم عاجز نەبوو یاخود تورە نەبوو.

هەروەها ڕەبیعەی کوڕی کەعبی ئەسلەمی یەکێک بوو لە خزمەتکارەکانی پێغەمبەر ﷺ، پێغەمبەری خوا ﷺ وەکو کوڕی خۆی لە هەوڵی ژن هێنان بوو بۆی ڕەبیعەی کوڕی کەعبی ئەسلەمی دەڵێت، پێغەمبەری خوا ﷺ سێ جار پێی وتم: ناتەوێ ژنت بۆ بێنم؟ لە دوای سێ جار وتم ئەگەر پێغەمبەر ﷺ پێی وتمەوە دەڵێم باشە، پاشان پێغەمبەر ﷺ فەرمووی ڕەبیعە ژنت بۆ بهێنم، وتم بەڵێ، فەرمووی بڕۆ با بڕۆین بۆ گەڕەکی ئەنسارەکان و لەوێ ژنی بۆ مارەکردم.

هاوەڵان بەو شێوەیە بوون لەگەڵ خزمەتکار و کرێکاردا بۆیە توانیان بە نووری ئیسلام و پاکی خۆیان دانی ماف بەخەڵکی بانگەوازی ئیسلامی بڵاوبکەنەوە بە هەموو دنیادا.

هاوەڵان و مافی نەخۆش و خاوەن پێداویستی تایبەت

لە ناو عەرەبدا لە سەردەمی جاهیلی هەرکەس نەخۆش بوایە یان خاوەن پێداویستی تایبەت بوایە بە چاوی کەم تەماشا دەکرا، تا ئیسلام هات و ئەم چەمکانەی ڕاست کردەوە بۆیان و بە چاوێکی تایبەت سەیری ئەو کەسانەی دەکرد، خوای گەورە لە قورئاندا دەفەرموێت:

﴿لَّيْسَ عَلَى ٱلْأَعْمَىٰ حَرَجٌ وَلَا عَلَى ٱلْأَعْرَجِ حَرَجٌ وَلَا عَلَى ٱلْمَرِيضِ حَرَجٌ وَلَا عَلَىٰٓ أَنفُسِكُمْ أَن تَأْكُلُوا۟ مِنۢ بُيُوتِكُمْ أَوْ بُيُوتِ ءَابَآئِكُمْ أَوْ بُيُوتِ أُمَّهَٰتِكُمْ أَوْ بُيُوتِ إِخْوَٰنِكُمْ أَوْ بُيُوتِ أَخَوَٰتِكُمْ أَوْ بُيُوتِ أَعْمَٰمِكُمْ أَوْ بُيُوتِ عَمَّٰتِكُمْ أَوْ بُيُوتِ أَخْوَٰلِكُمْ أَوْ بُيُوتِ خَٰلَٰتِكُمْ أَوْ مَا مَلَكْتُم مَّفَاتِحَهُۥٓ أَوْ صَدِيقِكُمْ ۚ لَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَن تَأْكُلُوا۟ جَمِيعًا أَوْ أَشْتَاتًا ۚ فَإِذَا دَخَلْتُم بُيُوتًا فَسَلِّمُوا۟ عَلَىٰٓ أَنفُسِكُمْ تَحِيَّةً مِّنْ عِندِ ٱللَّهِ مُبَٰرَكَةً طَيِّبَةً ۚ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمُ ٱلْءَايَٰتِ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ ﴿٦١﴾﴾ النور

واتە: هیچ تاوانێك لەسەر ئەم کەسە خاوەن عوزرانە نیە نابینا و شەل و نەخۆشەکان لە وازهێنانیان لەو کارانەی کە پێویستە لەسەریان و ناتوانن پێیان هەستن، وەکو تێکۆشان و هاوشێوەکانی، لەوانەی کە متمانەیان لەسەر بینینی نابینایان یان سەلامەتی شەل یان تەندروستی نەخۆش، وە هیچتان لەسەر نیە ئەی باوەڕداران لەوەی کە مااڵی لەو ماڵانە بخۆن کە هاوسەرانتان و ئەوانەی تێدایە کە بژێویان دەدەن کە ئەمەش مااڵی منداڵەکانیان دەگرێتەوە ، وە لە مااڵی باوکانتان، ودایکانتان، وبراکانتان، وخوشکەکانتان، ومامەتان، وخوشکانی باوکتان، وخاڵوانتان، وخوشکانی دایکتان، یان لەو ماڵانەی کە

پاراستنیان بەئیزنی خاوەنەکانیان دراوەتە دەستانەوە لەکاتی لەماڵدا نەبوونیان، وماڵی هاوڕێیانتان، لێخواردنی هەموو ئەو ماڵانە هیچی تێدا نیە، وە هیچیشتان لەسەر نیە لەگەڵ یەکدا نان بخۆن یان بەتەنهایی بێت، وە ئەگەر ڕۆشتنە ماڵێکەوە دانیشتووی تیابوو یان تێیدانەبوو ئەوا با هەندێکتان بەسەلامی ئیسلام سەلام لەهەندێکی ترتان بکەن کە ئەویش وتنی: السَّلامُ عَلَيْكُم وَرَحْمَةُ اللَّهِ وَبَرَكَاتُهُ، یان وتنی: السَّلامُ عَلَيْنَا وَعَلَى عِبَادِ اللَّهِ الصَّالِحِيْنَ، ئەگەر کەسی تێدا نەبوو، وە ئەم سەلامکردنەش خوای پەروەردگار شەرعی کردووە، و کارێکی پیرۆز و بەپێزە و گەشونما بەخۆشەویستی دەکات، و وتەیەکی چاك وخۆشەویست لەلای بیسەردا، وە بەهاوشێوەی ئەم ڕوونکردنەوەیە خوای پەروەردگار دروشمەکانی ئایینەکەی وئایەتەکانی ڕوونەدەکاتەوە، بۆ ئەوەی لێی تێبگەن، وکاری پێبکەن.

لێرەوە هیوا و ئومێدی بەخشیە ئەو کەسانەی کەنەخۆشن، لە ڕووی لاشە و دەروونیشەوە مافەکانی بۆ گەڕاندنەوە پێغەمبەری خوا ﷺ ببیستایە کەسێ نەخۆشە بە زووترین کات سەردانی دەکرد، سەردانەکەی لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ناچاریەوە نەبوو، بەڵکو پێغەمبەری خوا ﷺ بە حەق و مافی نەخۆشی دەزانی، پێغەمبەری خوا ﷺ سەردان و زیارەتی نەخۆش بە مافی نەخۆش دەزانێ و بە حەقی نەخۆشەکە دادەنرا، یەکێ لەو حەق و مافانە سەردانی نەخۆشە[١٠٣].

---

[١٠٣]- عن أبي هريرة رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ قال: سمعت رسول الله ﷺ يقول: حق المسلم على المسلم خمس: رد السلام، وعيادة المريض، واتباع/البخاري.

هەمیشە پێغەمبەری خوا ﷺ کە سەردانی نەخۆشی دەکرد لە ئازارەکانی کەم دەکردەوە و دوعای خێری بۆ دەکرد و دڵخۆشی دەکرد، تەنانەت کەس و کارەکەشی دڵخۆش دەکرد.

عەبدوڵای کوڕی عومەر دەگێڕێتەوە و دەڵێت: سەعدی کوڕی عەبادە لە جێگادا بوو نەخۆش بوو پێغەمبەری خوا ﷺ سەردانی کرد لە گەڵ عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف، سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس، عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود، کە چوو لە لایدا بینی خەڵکێکی زۆر لە کەس و کارەکەی کۆبوونەتەوە، هەریەکە و قسەیەکی دەکرد یەکێک دەیوت: دەمرێ یەکێکی تر دەیوت نەخۆشییەکەی سەختە ناژی، بەم شێوەیە، کە پێغەمبەر ﷺ خۆی کرد بە ژووردا فەرمووی مردووە؟

خەڵک وتیان نەخێر دەژی، پێغەمبەری خوا ﷺ بۆی گریا و لە دواییدا فەرمووی جوان گوێ ڕادێرن، خوای پەروەردگار بە فرمێسکی چاو بارین و گریان کەس ئازار نادات، هەروەها بەدڵ خەمگینی و ناڕەحەتی و خەفەت خواردن ئازاری کەس نادات، بەڵام ئازارتان ئەدات ئەگەر وتەی خێر و بەزەیی بەکارنەهێنن.

کەواتە مرۆڤ کە سەردانی نەخۆش دەکات پێویستە ئازار و ناڕەحەتیەکانی لەسەر کەمبکاتەوە، نەک قورسی بکات، بڵێین دەردەکەت قورسە و ناڕەحەتیت کۆتاییەکەی مردنە، خۆ ئەگەر وایش بوو پێویست ناکات ئەو جۆرە قسانە بکەیت، پێویستە بە لابردنی تاوان و خۆشی بەهەشت و لێخۆشبوونی خوا دڵی خۆشبکەیت.

پێغەمبەری خوا ﷺ کەسەردانی نەخۆشی دەکرد، بیری دەستەوە بە پاداشتی قیامەت و لێخۆشبونی خوایی.

پێغەمبەری خوا ﷺ سەردانی نەخۆشێکی کرد بە ناوی دایکی عەلاء، خۆی دەگێڕێتەوە و دەفەرموێت ئەو خانمە هاوەڵەی پێغەمبەر ﷺ، پێغەمبەری خوا ﷺ سەردانی کردم لە کاتی نەخۆشی دا و فەرمووی: مژدەت ئەدەمێ ئەی دایکی عەلاء، نەخۆشی موسڵمانان خوای گەورە تاوانەکانی پێ پاک دەکاتەوە و گوناهەکانی پێ دەڕوات، هەروەک و چۆن زەڕەنگەر بە ئاگر خۆڵ و پیسی لە ئاڵتون و زیو جیادەکاتەوە ئاڵتون و زیوە ساغەکە دەهێڵێتەوە[١٠٤].

پێغەمبەری خوا ﷺ جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە هەمیشە بەرامبەر بە هاوەڵان کە قورسایی نەخەنە سەر نەخۆش و خاوەن پێداویستی تایبەت، لە یەکێک لە جەنگەکاندا هاوەڵێک سەری بەر بەردێک کەوت و سەری شکا و داوای کرد کە تەیموم بکات، بەڵام هاوەڵانی تر وتیان دەبێت ئاو بەکاربهێنیت لە کۆتاییدا هاوەڵەکە وەفاتی کرد، کە بۆ پێغەمبەر ﷺ

١٠٤- عن أم العلاء رضي الله عنها قالت عادني رسول الله ﷺ وأنا مريضة فقال: يا أم العلاء أبشري فإن مرض المسلم يذهب الله به خطاياه كما تذهب النار خبث الحديد والفضة/ رواه أبو داود.

-یان گێڕایەوە زۆر تووڕە بوو، دەیفەرموو کوشتتان خوا بتانکوژێت، چەندجار ئەم وتەی دووبارە کردەوە[١٠٥].

ئەی نەدەکرا پرسیار بکەن، ئەو تەنها دەیتوانی تەیموم بکات یان هەموو جێگای تری بشوات و تەنها مەسحی سەر جێگا بریندارەکەی بکات.

پێغەمبەری خوا ﷺ هانی نەخۆشی دەدا بۆ چارەسەر، بۆ ئەوەی بەدەم چارەسەری خۆیانەوە بڕۆن لە پێناوی تەندروستی باش و سەلامەتی لاشە، ئەمەش داواکاری ئیسلامە بۆ هەموو کەسێک، هەر بۆیە ئەعرابییەک هاتە لای پێغەمبەری خوا ﷺ پرسیاری چارەسەرکردنی لێ کرد، وەک و ئەوەی بڵێیت ئایا چارەسەرکردنی نەخۆش حەڵاڵە، پرسیاری ئەعرابیەکە بەو شێوەیە بوو، بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی، چارەسەری خۆتان بکەن ئەی بەندەکانی خوا، خوای پەروەردگار بۆ هەموو نەخۆشییەک چارەسەری لەگەڵدا ناردووە، تەنها مردن نەبێت کە چارەسەری نییە.

هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ ڕێگری نەکردووە، کە ئافرەت چارەسەری پیاو بکات، کاتێک سەعدی کوڕی مەعاز لە شەڕی خەندەق دا بە تیر بریندار بوو، ئافرەتێک لە بەنی ئەسلەم بە ناوی خاتوو ڕوفەیدە چارەسەری برینەکەی بۆ دەکرد.

---

[١٠٥] - لەبەشەکانی پێشتردا ئاماژە بە فەرموودەکە دراوە بە درێژی.

عوسمانی کوڕی عەفان دەڵێت: سوێند بە خوا، پێغەمبەری خوا ﷺ هاوڕێیەتی دەکردین لە سەفەر و دانیشتنماندا و شوێن تەرمی موسڵمانان دەکەوت نەخۆشەکانی بەسەردەکردەوە، لە گەڵماندا جیهادی دەکرد لە کەم و زۆردا لە گەڵمان بوو.

هاوەڵان و مافی هەژار و هەتیوان و بێوەژن

ئیسلام جیاکاری تەواوی کردووە لەگەڵ بارە دەروونییەکاندا و زۆرێک لەو بوارە دەرونیانەی بەرز ڕاگرتووە، نموونەی هەژاران و بێ سەرپەرشتان و هەتیوان و بێوەژنان ئەگەر لە کۆمەڵگە جاهیلەکاندا ڕێز لێگیراو و جێگای ڕێز نەبوون، ئەوا ئیسلام هات لە ڕێگەی پێغەمبەر ﷺ -ەوە هاوەڵانی فێرکرد کە ماف و حەقی هەژاران و بێوەژنان و هەتیوان لە بیرنەکەن، خوای گەورە لەبارەیانەوە هەروەها پێغەمبەر ﷺ لەبارەیانەوە دەفەرموێت:

﴿فَأَمَّا ٱلْيَتِيمَ فَلَا تَقْهَرْ ۝٩﴾ الضحى

واتە: دەسا مامەڵەی خراپە لەگەڵ یەتیمدا مەکە

هەروەها دەفەرموێت:

﴿وَءَاتِ ذَا ٱلْقُرْبَىٰ حَقَّهُۥ وَٱلْمِسْكِينَ وَٱبْنَ ٱلسَّبِيلِ وَلَا تُبَذِّرْ تَبْذِيرًا ۝٢٦﴾ الإسراء.

واتە: چاکەکاری بکە لەگەڵ هەموو ئەوانەی کە پەیوەندی خزمایەتیان لەگەڵتدا هەیە، بەشی خۆی لەچاکە و چاکەکاری بدە، و ببەخشە و بەهەژارە پێویستدارەکان، و گوزەرکار و موسافیرە دابڕاوەکان لە کەسوکار وماڵ و

سامانیان، و ماڵ و سامانەکەت لەجگە لە گوێڕایەڵی خوای پەروەردگار مەبەخشە، یان بەشێوەیەکی زیادەڕەویکارانە و بێسوود.

دەشێت هەندێ جار بێوەژن هەژار نەبێت و خاوەن مووڵک و سامان بێت، بەڵام ئیسلام باری دەروونییەکەی وەردەگرێت و پێغەمبەری خوا ﷺ جێکاری دەکات لە نێوان هەژاران و بێوەژنەکاندا دەفەرموێت: هاوکاری کردنی بێوەژن و هەژاران وەکو موجاهید وایە لە پێناوی خوادا یاخود وەکو کەسێک وایە بەڕۆژو بەڕۆژو بێت و شەویش شەونوێژ بکات[١٠٦]

زۆر گەورەیە مرۆڤ سەرپەرشتی هەژار و بێوەژن بکات لەبەر خوا و پاداشتەکەی دەگاتە ئاستی موجاهید و ئەو کەسانەی کە بەڕۆژودەبن و لە شەویشدا سەرقاڵی شەونوێژن، پاداشتەکەی خەیاڵی و گەورەیە.

هەروەها لە بارەی هەتیو دەفەرموێت: من و ئەو کەسەی سەرپەرشتی هەتیوێک دەکات لە بەهەشتدا بەیەکەوەین، ئاماژەی کرد بۆ پەنجەی ناوەڕاست و پەنجەی شایەتومان[١٠٧].

جا ئەو سەرپەرشتیە دەبێت کەفالەت بێت، واتا ئاگاداری هەموو کاروبارێکی بێت، یان هاوکاری ماددی بکات تا لە هەتیوی دەدەچێت و باڵغ

---

[١٠٦]- السَّاعي على الأرملة والمسكين، كالمجاهد في سبيل الله، أو كالذي يصومُ النهار، ويقوم الليل/البخاري.

[١٠٧]- أنا وَكافلُ اليتيم في الجنَّةِ كَهاتين، وأشارَ بأصبُعَيْهِ يعني: السَّبَّابةَ والوسطى/ البخاري.

دەبێت، ئەویش بریتییە لە پەروەردەکردنی و کڕینی جلوبەرگ و فێرکاری و پەوشت جوانی.

هەروەها ئیسلام هانی خەڵکی دەدات کە هاوکاری هەتیوان بن، چونکە هەرکەس هاوکاری بێسەرپەرشتان بکات واتە هەتیوان ئەوە خوای گەورە کارەکانی بۆ ئاسان دەکات، هەروەها خواردنی مااڵی هەتیوان، لە تاوانە هەرە گەورەکانە، پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموویت: هەرکەس دااڵدە و ئاوەدانی بخاتە مااڵی هەتیو بانگی بکات بۆ میوانی خواردنێک و خواردنەوەیەک تاتێر دەخوات ئەوا خوای گەورە بەهەشتی پێدەبەخشێ بە دڵنیاییەوە.

هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموویت: خراپترین خواردن بانگەواز و خواردنی وەلیمەیە کە تەنها دەوڵەمەندەکانی بۆ بانگ بکرێت، واز لە هەژارەکان بهێنرێت، هەرکەس بۆ بانگهێشتی خواردن نەهات و بانگ کرا ئەوا سەرپێچی بە خوا و پێغەمبەرەکەی ﷺ کردووە[١٠٨].

---

[١٠٨]- بِئْسَ الطعَامُ طَعَامُ الْوَلِيمَةِ، يُدعى إليه الأغنياء ويُترك المساكين، وَمَنْ لَمْ يُجِبْ فَقَدْ عَصَى اللهَ وَرَسُولَه/البخاري.

پێغەمبەری خوا ﷺ خۆی دەکاتە سەرپەرشتیاری هەژاران و بێوەژنان و هەتیوان، پێویستیەکانیان لە هەموو بوارێکدا ئەمەش فەرمانی پێغەمبەری خوایە ﷺ[١٠٩].

کەواتە پێغەمبەری خوا ﷺ کە خۆی حاکم و دەسەڵاتدارە دەفەرموێت: من سەرپەرشتیاری گشتی ئەو منداڵ و هەژار و بێوەژنانەم.

هەروەها عەبدوڵڵای کوڕی ئەبی ئەوفا دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ هەر هەژارێک یان

بێوەژنێکی پێگەیشتایە، هەرکارێکی بویستایە بۆی ئەنجام دەدا[١١٠].

هاوەڵان و مافی ئاژەڵ

هاوەڵان بە شێوەیەکی گشتی دید و تێڕوانینیان بۆ ئاژەڵ دید و تێڕوانینێکی واقیعی بوو بە ژیان و هەروەها سوودی بۆ مرۆڤ، هاوکاری بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەم زەوییە و بەردەوامی ژیان، ئەم دیدە بزووتنەوەیەکی گۆڕانکاری بوو لە ژیانی هاوەڵاندا، بێگومان وەرگرتنی ئەم دید و بۆچوونە لە قورئانەوە سەرچاوەی گرتووە، لە چەندین جێگەی قورئاندا باسی پارسەنگی

---

١٠٩ - أَنَا أَوْلَى النَّاسِ بِالْمُؤْمِنِينَ فِي كِتَابِ اللَّهِ عَزَّوَجَلَّ فَأَيُّكُمْ مَا تَرَكَ دَيْنًا أَوْ ضَيْعَةً فَادْعُونِي فَأَنَا وَلِيُّهُ/البخاري.

١١٠ - فقد روى عبدالله بن أبي أوفا: أن النبي ﷺ كان لا يأنف ولا يستنكف أن يمشي مع الأرملة والمسكين؛ فيقضي لهما حاجتهما/النسائي.

ئاژەڵەکان و گیانلەبەرەکان دەکات بە شێوەیەکی گشتی لە سەروو هەموویەوە قورئان چەند سورەتێکی بە ناوی گیانلەبەرانەوە ناوناوە لەوانە (مانگا، هەنگ، مێروولە و ئاژەڵان...هتد (البقرة، النحل، النمل، الأنعام) ئەمەش بۆ ڕێزلێنانی ئاژەڵە بە گشتی خوای گەورە لە قورئاندا دەفەرموێت:

﴿وَٱلْأَنْعَٰمَ خَلَقَهَا ۗ لَكُمْ فِيهَا دِفْءٌ وَمَنَٰفِعُ وَمِنْهَا تَأْكُلُونَ ۝٥ وَلَكُمْ فِيهَا جَمَالٌ حِينَ تُرِيحُونَ وَحِينَ تَسْرَحُونَ ۝٦ وَتَحْمِلُ أَثْقَالَكُمْ إِلَىٰ بَلَدٍ لَّمْ تَكُونُوا۟ بَٰلِغِيهِ إِلَّا بِشِقِّ ٱلْأَنفُسِ ۚ إِنَّ رَبَّكُمْ لَرَءُوفٌ رَّحِيمٌ ۝٧﴾ النحل

واتە: ئەی خەڵکینە: خوای پەروەردگار ئاژەڵی وەک: حوشتر و مانگا و مەڕ و بزن ... هتد بۆ دروستکردوون، و لە خوری و مووەکەی سوودمەندی کردوون بۆ خۆگەرمکردنەوە، وە هەروەها سوودی دیکەی لە شیر و پێست و سواربوونیان داناوە، وە سوودمەندیشن لەوەش کە لێی دەخۆن ۝٥ جوانییەکی ئەوتۆیان هەیە شادیتان پێدەبەخشیت کاتێك کە ئەیانگەڕێننەوە بۆ ناو لانەکانیان لە ئێوارەاندا، کاتێك کە ئەیانبەن بۆ لەوەڕ لە بەیانیاندا ۝٦ ئەم ئاژەڵانە هەندێك لە شتومەکەکانتان بۆ هەڵدەگرن بۆ شوێنانێکی دوور، کە خۆتان ناتوانن پێی بگەن مەگەر بە ناڕەحتییەکی ئێجگار زۆر نەبێت، بەڕاستی خوای پەروەردگار بە سۆز و بە بەزەییە بەرامبەرتان، کە ئەم هەموو پێداویستییەی بۆتان فەراهەم هێناوە، هەموو سوپاس و ستایشێك شایەنی ئەوە ۝٧لە هەمووی گرنگتر پێغەمبەری خوا ﷺ قەدەغەی کرد و حەرامی کرد کە لە ئاژەڵ بدرێت و تەنانەت لەعنەتی کردووە لەوەی کە دەکێشێت بە دەموچاوی ئاژەڵ دا، پێغەمبەری خوا ﷺ بەلای

گوێدرێژێک دا تێپەڕی بینی جێگای لێدان بە دەموچاوی گوێدرێژەکەوە دیاربوو پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی لەعنەتی خوا لەوەی کە ئەو جێگای لێدان بە ئاژەڵەوە جێ دەهێڵێت [١١١].

هەروەها پێغەمبەری خوا لەعنەتی کرد لەو کەسانەی کە یاری بە لاشەی ئاژەڵ بکات و بۆ لێدان و کوشتن، عەبدوڵای کوڕی عومەر دەگێڕێتەوە و دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا لەعنەتی کرد لەو کەسەی کە چواندن بە لاشەی حەیوان دەکات[١١٢].

ئەبوهورەیرە دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ حەرامی کردووە ئاژەڵ زیندانی بکرێت و برسی و تینوو بکرێت، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ئافرەتێک پشیلەیەکی ئازاردا و لە ژوورێکدا برسی و تینووی کرد تا مرد، خوای گەورە لەسەر ئەو کارەی ئازاری دەدات و دەیخاتە دۆزەخ.

هەروەها ڕێزی زۆر ناوە لە ئاژەڵی بەرزەوڵاخ ئیسلام، پێغەمبەری دەفەرموێت: ئاگادارتان دەکەمەوە هەرگیز و هەرگیز پشتی ئاژەڵە بەرزە وڵاخەکانتان مەکەنە جێگای دانیشتن لە بازاڕدا و وەکو مینبەری بازاڕی بەکاریبهێنن و لە سەری دابنیشن، خوای گەورە بۆ ئەوە بۆی دروستنەکردن، بەڵکو دروستیکردووە تاهاوکاری پێداویستی و کەرەستەکانتان بکەن بۆتان

---

[١١١]- فقد روى جابر رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ أن النبي ﷺ مر على حمار قد وسم في وجهه، فقال: لعن الله الذي وسمه/مسلم.

[١١٢]- أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ لَعَن اللهُ مَن مَثَّلَ بالحَيَوَانِ/ البخاريَ.

بگوازنەوە لە جێگایەکەوە بۆ جێگایەکی تر، کە لەسەر ئێوە زۆر گران و سەختە، یاخود زانایان دەڵێن لەسەردەمی جاهیلیدا بۆ کڕین و فرۆشتن دەچوونە سەرپشتی وڵاغەکانیان و وەک مینبەرێک لەسەری دەوەستان، پێغەمبەری خوا ﷺ مەبەستی لەو وەستاندنەیە لە ناوجەرگەی بازاڕدا[١١٣].

ئیسلام هات ڕاو و جۆری ڕاو و کاتی ڕاو، پاشان جۆری خۆراک و سەربڕین و هەموو ئەمانەی بە یاسای قورئانی ڕێکخست، تا ئەو کۆمەڵگەیە و نموونەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ڕێزی هەموو ئاژەڵێکی تیادا پارێزراو بوو تەنانەت تێرکردن لە ئاو و خۆراکی کردە پاداشت بۆ ئاژەڵان و پێغەمبەری خوا ﷺ نموونەی کەسێکی هێنایەوە کە سەگێکی تینووی تێر ئاو کرد خوای پەروەردگار بە هۆکاری ئەو کارەی لێیخۆشبوو.

تەنانەت حەرامی کرد لەسەر خەڵکی ئەگەر بەگوێرەی پێداویستی خۆیان ڕاو بکات واتا هەیە پێویستی بە خواردنی ڕاوەکەی نییە، بەڵکو بۆ خۆشی و کات بەسەربردن ئەنجامی ئەدا ئەوا ئەو کارە نەشیاوە و نە پێغەمبەری خوا ﷺ ڕێگای پێداوە، چونکە زیان گەیاندنە بە ژینگە و ئاژەڵان و جۆری باڵندەکان بە گشتی.

١١٣- عن أبي مريم الأنصاري، عن أبي هريرة، عن النبي ﷺ قال: إياي أن تتخذوا ظهور دوابكم منابر، فإن الله إنما سخرها لكم لتبلغكم إلى بلد لم تكونوا بالغيه إلا بشق الأنفس، وجعل لكم الأرض/ابي داود و البيهقي.

عەبدوڵای کوڕی عومەر دەڵێت: لەسەفەرێکماندا لەگەڵ پێغەمبەری خوا ﷺ بووین لە ڕێگادا پۆڕێکمان بینی بە دوو بەچکەوە، بەچکەکانمان هێنا بۆ ئەوەی بیخۆین، پۆڕەکە باڵی شۆڕکردبۆوە لەبەر بەچکەکانی، کە پێغەمبەری خوا ﷺ هات و بینی کە پۆڕەکە بۆ بەچکەکانی هەراسانە، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی ئەوە کێ ئازاری ئەو پۆڕەی داوە؟ ئادەی خێرا بەچکەکانی بۆ بگەڕێننەوە. پێغەمبەری خوا ﷺ هاوەڵانی فێری ڕەحم و بەزەیی دەکرد بەرانبەر بە باڵندە و ئاژەڵان بە گشتی[١١٤].

تەنانەت بۆ سەربڕینی ئاژەڵان پێغەمبەری خوا ﷺ داوای کردووە کە چاکە لەگەڵ ئاژەڵەکاندا بکەن، بە ئازارەوە یاخود ترسەوە سەریان نەبڕن و با ئەو چەقۆیەی کارەکەی پێ ئەنجام دەدرێت، تیژ بێت و کول نەبێت، یاخود لەبەر چاوی دا چەقۆکە تیژمەکەن با ئەوەندەی تر نەترسێت.

کەسێک لە هاوەڵان دەیویست مەڕێک سەربڕێت، لەبەر چاوی مەڕەکەدا چەقۆکەی تیژدەکرد، پێغەمبەری خوا ﷺ کە بینی فەرمووی: ئەتەوێ دووجار بیمرێنی؟ پێش ئەوەی پاڵی خەیت دەکرا چەقۆکەت تیژبکەیت.[١١٥]

ڕێز و مافی ئاژەڵان لە ئیسلامدا لەسەر ژیانی مرۆڤەکان نەبوو، وەکو ئەمریکا و ڕۆژئاوا بە گشتی ڕۆژانە بە هەزارەها دەکوژن، بەڵام بۆ دۆلفینێک

---

[١١٤]- فَقَالَ: مَنْ فَجَّعَ هَذِهِ بِوَلَدِهَا؟ رُدُّوا وَلَدَهَا إِلَيْهَا/ابي داود و الحاكم.

[١١٥]- عن ابن عباس رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا أن رجلا أضجع شاة وهو يحد شفرته فقال النبي ﷺ: أتريد أن تميتها موتتين هلا أحددت شفرتك قبل أن تضجعها/الحاكم.

دەگرین، یاخود لە جەنگی جیهانیدا ئەمریکا بۆمبی ناوەکی کێشا بە هیرۆشیما و ناکازاکی دا بە هەزارەها کەسی کوشت کەچی کەشتییەکی لە ئاودا نغرۆ ببوو ئاژەڵی باخچەی ئاژەڵانی دەگواستەوە ماوەی مانگێک ئەوروپا و ئەمریکا سەرقاڵی ئەو ئاژەڵانە بوون، لە کاتێکدا (لستالین) سەرۆکی سۆڤیەت ئەم کۆمێنتەی بڵاوکردەوە لە ڕۆژنامەکاندا وتی: ئەمریکا بە هەزارەهای لە هیرۆشیما و ناکازاکی دا کوشتووە، کەچی بۆ ئاژەڵەکانی ناو کەشتییەکەی دەگری! ئەمەش دوڕوویی ڕۆژئاوایە بە گشتی لەمەڕ پارادۆکسیان لە بەرانبەر مرۆڤ دا، بەڵام هاوەڵان پارسەنگی ڕاستەقینە و ڕاستگۆیان هەڵگرتبوو لە بەرامبەر مافی مرۆڤ و مافی ئاژەڵ و مافی ژینگەدا.

هاوەڵان و مافی ژینگە

خوای پەروەردگار ئەم ژینگەیەی بە پاک و بێگەردی دروستکردووە و بەدیهێناوە بۆ مرۆڤی دەستەبەرکردووە، چۆن فەرمانی پێ کراوە کە بیربکەینەوە لە دروستکراوەکانی خوا لەم گەدوونەدا، بەهەمان شێوە بە جوانترین شێوە بەدیهێناوە خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿أَفَلَمْ يَنظُرُوٓاْ إِلَى ٱلسَّمَآءِ فَوْقَهُمْ كَيْفَ بَنَيْنَٰهَا وَزَيَّنَّٰهَا وَمَا لَهَا مِن فُرُوجٍ ۝٦ وَٱلْأَرْضَ مَدَدْنَٰهَا وَأَلْقَيْنَا فِيهَا رَوَٰسِيَ وَأَنۢبَتْنَا فِيهَا مِن كُلِّ زَوْجٍۭ بَهِيجٍ ۝٧﴾ ق

واتە: ئایا غافڵبوون کاتێك کە زیندووبوونەوەیان بە درۆدانا، ئایا سەرەنجی ئەو ئاسمانەیان نەدا کە بەسەریانەوەیە کە چۆن بەشێوەیەکی جێگیری لا یەکسان دروستیان کردووە و بە ئەستێرەش ڕازاندومانەتەوە، وە هیچ درز و کەلێنێکی تێدا نیە، هەر بۆیە دووەم لە هەموو جیاوازی و ناتەواوییەك؟ ۝٦

زەویشیان فراوانکردۆتەوە و ڕامانخستووە و چەندین شاخ و کێوی جێگیرمان تێدا داکوتاوە، بۆ ئەوەی زەوی ئەملا و ئەولا نەکات بەو خەڵکەکەی کە لەسەرین، لە هەموو جۆرە ڕووەکێکی دیمەن جوان و ڕازاوە و بە سوودمان تێیدا ڕواند، کە جێی سەرنجن و سەرسوڕهێنەری ئەوەن کە تێیان دەڕوانێت ﴿٧﴾ بەم شێوە ڕێکخستنە نایاب و جوانە، بونیادی پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ گەردووندا ڕێکخستووە و خۆشەویستی خستۆتە نێوان مرۆڤ و ژینگە و ئاژەڵ، یاخود ئەو مەخلوقاتانەی دەوری مرۆڤیانداوە، هەروەها قورئان و ئیسلام فێرمان دەکات کە پاراستنی ژینگە سوودی زۆری هەیە بۆ دنیا و نەوەکانی داهاتوومان ژیانێکی پڕ تەندروست دروست دەکات، مرۆڤیش لەسەری پاداشت وەردەگرێت.

پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ ئەم مەبەستە بنەمایەکی بۆ داڕشتووین کە لە زۆرێک لە بوارەکانی شەرع و دنیادا بونیادی لەسەر دەکرێت ئەویش زیان بە خۆت و کەس مەگەیەنە، زیانبەخش مەبە بۆ هیچ شتێک (لا ضرر ولا ضرار...) پێغەمبەری خوا ﷺ ئاگاداری داوینەتێ لەسەر پیسکردنی ژینگە دەفەرموێت: خۆتان لە سێ لەعنەت بپارێزن، زیادەڕەوی لە بەکارهێنانی کانزا و داهاتەکانی زەوی لە ئاو و خاک و ئاگر و... هتد، پاشان دەفەرموێت: خۆتان بپارێزن لە لەعنەتی پیسایی کردن لەسەر ڕێگا و جێگای سێبەردا کە جێگای پشووی خەڵکییە بە گشتی[١١٦].

[١١٦]- اتَّقُوا الْمَلَاعِنَ الثَّلَاثَةَ: الْبَرَازَ فِي الْمَوَارِدِ، وَالظِّلِّ، وَقَارِعَةِ الطَّرِيقِ.

هاوەڵان تەنانەت لە ئاوی دەستنوێژدا زیادەڕۆییان نەدەکرد، پاشان ئیسلام فەرمانی کرد بە پاکژی، کە هاوشێوەی ئەو فەرمانکردنە، تا ئەم ساتەش هاوشێوەی نییە، بێجگە لەوەی لە شاری مەدینەدا یەکەم کاری موسڵمانان دوورخستنەوەی تەوالێت و دەست بە ئاو گەیاندن بوو بۆ دەرەوەی شار و پاکڕاگرتنی شەقام و ماڵەکانیان لە پاشەڕۆ و پیسی.

هەروەها لابردنی خاشاک، خۆڵ، بەرد، چیلکە و چەوێڵ مافی ڕێگایە کە مرۆڤ نابێت وازی لێبهێنێت و پاکی نەکاتەوە، هەروەها هاوەڵانی ئاگادار کردۆتەوە کە بە هیچ شێوەیەک لەسەر ڕێگادا دانەنیشن، هاوەڵان وتیان تەنها لەو جێگایانەدا قسە و باس و خواستمان دەکەین، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ئەگەر دانیشتن ڕێگاکە مەگرن و مافی ڕێگاکە بدەن کە خەڵکی پێیدا هاتوچۆ بکات، وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ مافی ڕێگا چییە و چۆنە، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: (مەبنە هۆکاری ئازار)، وشەی نەبنە هۆکاری ئازار گشتییە و مانا زۆر هەڵدەگرێت[١١٧].

[١١٧] - إياكم والجلوس على الطرقات فقالوا: ما لنا بد، إنما هي مجالسنا نتحدث فيها قال: إذا أبيتم إلا المجالس فأعطوا الطريق حقَّهُ، قالوا: وَمَا حَقُّ الطريق يا رسولَ الله؟ قال: وكف الأذي/البخاري .

هەروەها پێغەمەری خوا ﷺ دەفەرموویت: (وەکو یەهود مەبن مالّەکانیان پیس و پاک و خاوێن نین، چونکە خوای گەورە پاکە و جوانە، پاکو خاوێن بن خوای گەورە پاکو خاوێنی خۆش دەوێت)[118].

پێغەمبەری خوا ﷺ هاوەڵانی فێرکرد کە لە مالّەکانی خۆشیاندا پاک و خاوێن بن بۆ پشووی خۆیان و باری دەروونیان، پاشان لە ڕووی جوانییەوە فەرمانی پێکرا کە ژینگە جوان و پاک ڕابگرن، هەروەها ڕاگری جوانی و سیمای جوانی لە مرۆڤدا، هاوەڵێک هاتە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ پرسی ئەگەر کەسێک جلەکانی جوان بێت و نەعلەکانی جوان بێت ئایا ئەوە لووتبەرزی و خۆبەزل زانینە ؟

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: خوا جوانە و جوانیشی خۆشدەوێت، لووتبەرزی پێچەوانەی ماف و حەقە یان تەماشاکردنی خەڵکی بە کەم و لوتبەرزی لە بەرامبەریاندا، نەک لە جلوبەرگو نەعل و نە لە سیمادا، دەبێت هەمیشە سیما جوان و پاک بێت، بەتایبەت موسڵمانان، گومان لەوەدا نییە ئەمەش دەبێتە هۆکاری جوانی و پاراستنی ژینگە، هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ ڕێنیشاندەری خەڵکییە بۆ بڵاوکردنەوەی بۆنی خۆش و جوانی ژینگە و دژی خراپکردنی ژینگەیە.

---

[118] ـ عَنْ سَعْدِ بْنِ أَبِي وَقَّاصٍ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: إِنَّ اللَّهَ طَيِّبٌ يُحِبُّ الطَّيِّبَ، نَظِيفٌ يُحِبُّ النَّظَافَةَ، فَنَظِّفُوا أَفْنِيَتَكُمْ، وَلَا تَشَبَّهُوا بِالْيَهُودِ/ الترمذي.

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: هەرکەس ڕێحانەی پێشکەشکردی لێی وەرگرە، بۆنی خۆشە و هەڵگرتنیشی ئاسانە[١١٩].

ئەبوهورەیرە بۆمان دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ حەزی لە بۆنی خۆشبووە، هاوەڵانیش چاویان لە پێغەمبەری خوا ﷺ کردووە.

زۆر گرنگە لێرەدا کەباسی ماف دەکەین هاوەڵان چاویان لە ورد و درشتی پێغەمبەری خوا ﷺ کردووە لەبەر ئەوە هاوەڵان بەو شێوەیە پەروەردە بوون چ لەبارەی ماف و حەقی خەڵکی و چۆنیەتی مامەڵە و پاشان چۆنیەتی چارەسەری کێشەکان.

بۆ نموونە کاتێک باس لەوە دەکەین پێغەمبەری خوا ﷺ هانی هاوەڵانی ئەدا کە زەوی کشتوکاڵی ئاوەدان بکەنەوە، داری تێدا بڕوێنن، بێتە بەروبووم، پاشان دەفەرموێت: هەرکەس لەو بەروبوومە بخوات دەبێتە خێر و صەدەقە و پاشان هەرکەس بێ پرس و بەدزی بیبات هەر دەبێتە صەدەقە و خێر بۆ خاوەنەکەی، هەر ئاژەڵ و باڵندە و مار و مێرووێەک لێی بخوات دەبێتە خێر و چاکە، هەروەها هەرچی سوودی هەیە لە خێر و پشوو و سێبەری هەمووی بۆ خاوەنەکەی دەبێتە صەدەقە[١٢٠].

---

١١٩ ـ مَنْ عُرِضَ عَلَيهِ رَيحَانٌ فَلا يَرُدَّهُ فَإِنَّهُ خَفِيفُ الْمَحْمِلِ، طيِّبُ الريح/ مسلم.

١٢٠ - ما مِن مُسْلِمٍ يَغْرِسُ غَرْسًا إِلَّا كانَ ما أُكِلَ منه له صَدَقَةً، وما سُرِقَ منه له صَدَقَةً، وما أَكَلَ السَّبُعُ منه فَهو له صَدَقَةٌ، وما أَكَلَتِ الطَّيْرُ فَهو له صَدَقَةٌ، ولا يَرْزَؤُهُ أَحَدٌ إِلَّا كانَ له صَدَقَةٌ/مسلم.

زۆربەی هاوەڵان لە شاری مەدینەدا دەیانتوانی زەوی ئاوەدان بکەنەوە، بەڵام هاوەڵان سەرقاڵی بانگەواز و جیهاد بوون، ئەم فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ -یان بڵاو کردەوە بە ناو خەڵکیدا و خۆشیان پیادەیان کرد، لەگەڵ ئەو هەموو سەرکەوتنەدا نەچوون خاک داگیر بکەن، بەڵکو دەیان وڵات بە هۆکاری ئەو مافانە و وەرگرتنی ئەو مافانە موسڵمان بوون نموونەی گەلی کورد.

گەلی کورد بە درێژی چەند سەدە لە نێوان ڕۆم و فارس دا خاک و وڵات و خەڵکی گیریان بەدەست ئەم دوو ئیمپراتۆرییەتەوە خواردبوو، چونکە جوگرافیا و وڵاتی کوردان وا هەڵکەوتبوو لە نێوانی دەسەڵاتی ئەم دوو زلهێزە دابوو، خاکەکەی هەمیشە جێگای پێداکێشانی ئەوان بوو، خەڵکی کورد لەو نێوەندەدا ماندوبوون، کوڕیان بەسەربازی دەگیرا لە هەردوولا کج و ژنیان بە کەنیزەک و کۆیلە دەبران، بێجگە لەوەی باخوباخات و زەوی کشتوکاڵیان دەسوتێنرا، سەروەت و سامانیان بە هەدەر دەبرا، کە ئیسلام هات لە دەستی ئەو داگیرکەرانە ڕزگاری کردن خۆیان ئازادبوون، زەوی و زاری وڵاتی خۆیان ئاوەدان کردەوە، هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ کەسێکیان لە خۆیان کرد ئەمیریان کە ناوی (کەی قوباد) بوو.

لێرەدا مەبەستمان لەوەیە هاوەڵان بەم مافانەی کە باسمان کرد دنیایان ئاوەدان کردەوە.

پێغەمبەری خوا ﷺ و هاوەڵان دیدێکی زۆر فراوانیان هەبوو بۆ ژینگە و تەنانەت پێغەمبەری خوا ﷺ حەرامی کرد کە میز لەناو ئاوی

گۆما و و وەستاودا بکرێت لەبەر پاراستنی ژینگە، ئەم دیدە بەرفراوانە بۆ ئاگاداری ژینگە و پاراستن لە هەموو لاکانیەوە ئاوێتە دەبێت بە هاوکاری یەکتر لە هەموو بوارەکانی تر لە پەیڕەوی سوننەتی کەونە، کە یاسا و ڕێسای خواییە، ئەم بوونەوەرەی بە جوانترین و باشترین شێوە دیزاین و درستکردووە. هەر بۆ ئەم مەبەستە هاوەڵان شار بە شار و وڵات بە وڵات گەڕان بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم دینە و بانگەوازیان کرد، شەو و ڕۆژیان خستە سەریەک و هەموو لە بن بەرد و شاخ و بیاباندا، دوور لە وڵاتانی خۆیان شەهید بوون، لە کاتێک نوێژێک لە کەعبەدا بە ١٠٠ هەزار نوێژە لە مەدینە نوێژ بە هەزار نوێژە، بەڵام لە پێناوی ئەم دینە و بڵاوکردنەوەی خاکیان دەپێواو لەوسەری دەریا واتە لە مۆریتانیاوە تاکو چین بانگەوازی پێغەمبەری خوا ﷺ - یان گەیاند و خۆیان و ئوممەتی خۆیان سەربەرز کردو بوونە ئەستێرەی ئەم ئیسلامە و لە دەوری خۆری پێغەمبەر ﷺ دان کە نووری ئەم وەحییەیە.

تابلۆی چواردەیەم:
هاوەڵان و بانگەواز،
باشترین و شەریفترین کردار بانگەوازە

گومان لەوەدا نییە باشترین بەندایەتی، گەورەترین بەندایەتی بانگەوازە بەرزترین کردار و شەریفترین کرداڕە، هەر بە هۆکاری ئەم بانگەوازە مرۆڤ دەتوانێت سەربەرز بێت.

خوای پەروەردگار دەفەرموێت:

﴿وَمَنْ أَحْسَنُ قَوْلًا مِّمَّن دَعَآ إِلَى ٱللَّهِ وَعَمِلَ صَٰلِحًا وَقَالَ إِنَّنِى مِنَ ٱلْمُسْلِمِينَ﴿٣٣﴾﴾ فصلت

واتە: هیچ کەسێك وتەی چاکتر و جوانتری نییە لەوەی کە بانگەوازی کردبێت بۆ یەکتاپەرستی و پەرستنی خوای پەروەردگار بەتەنهایی و کردەوەی چاکی ئەنجام دابێت و وتبێتی: من لەو موسڵمانە پابەندبوانەم بە فەرمان و شەرعی خواوە. لە ئایەتەکەدا هاندانی تێدایە بۆ بانگەوازکردن بۆ لای خوای پەروەردگار و ڕونکردنەوەی فەزڵی زانایان و بانگخوازانی تێدایە لەسەر چاوڕۆشنی و بەپێی ئەوەی پەیامبەری خوا ﷺ پێی هاتووە.

جا مرۆڤ هەر وتەیەک بڵێت و هەر قسەیەک بکات و لەم ژیانەیدا باشترین وتە ناگاتە وتەی بانگەواز، چونکە باشترین وتە و وشە و ڕستە، بانگەوازە!

وشەی بانگەواز زۆر گەورەیە هەموو کاری پێغەمبەران لە پێناوی ئەو وشەیەدا بوو (الدعوة) واتا کارکردن بوو لە پێناوی بڵاوکردنەوەی بانگەوازی خوای پەروەردگار بوە (التوحید) بۆ هیدایەتدانی خەڵکی، خوای پەروەردگار دەفەرموێت:

﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن رَّسُولٍ إِلَّا بِلِسَانِ قَوۡمِهِۦ لِيُبَيِّنَ لَهُمۡۖ فَيُضِلُّ ٱللَّهُ مَن يَشَآءُ وَيَهۡدِي مَن يَشَآءُۚ وَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ ۝٤﴾ إبراهيم

واتە: ئێمە پێش تۆ ئەی پەیامبەری خوا ﷺ هیچ پەیامبەرێکمان نەناردووە ئیللا بە زمانی گەلەکەی خۆی بووە و بە زمانی ئەوان قسەی کردووە، بۆ ئەوەی ئاینی خوایان بۆ ڕوون بکاتەوە، جا خوای پەروەردگار هەرکەسێك کە خۆی ویستی لەسەر بێت لە ڕێنموونی وێڵی دەکات و هیدایەتی نادات، ڕێنموونی هەر کەسێکیش دەکات بۆ هەق کە خۆی ویستی لەسەر بێت، هەر خۆی بەتوانا و بەدەسەڵاتە لە مولکەکەیدا و دانایە کە هەر کارێك لە جێی خۆیدا دەکات بە پێی حیکمەت.

لە ڕاستیدا هیدایەت چەند جۆرێکە، هەرچەندە لێرەدا جێگای درێژەپێدانی نییە و باسەکە جیاوازترە، بەڵام ڕوونکردنەوەی کەمی لەسەر ئەدەم تا خوێنەر بەرچاوی ڕوون بێت لەو جۆرانە (هیدایەتی کەونییە) خوای پەروەردگار هەموو بەدیهێنەرەکانی بە یاسا و ڕێسا و باشترین و جوانترین

دیزاین ڕێکخستوە و یاسای بۆ داناون، بە گوێرەی ئەو یاسایانە بەڕێوەدەچن، ئەم هیدایەتی کەونییە بۆ گەلەئەستێرە، خۆر، زەوی، هەوا، ئاگر، توخمی هەوا و...هتد، کانزا بەگشتی و باوبۆران، بورکان، دار و درەخت، وەرز و... هتد

(هیدایەتی گشتی مرۆڤ)ڕێنوێنی کردووە بەچەند ئامرازێک لەوانە ئەقڵ، فیطرەت، کاری مەلەکە و چاو و گوێ و...هتد هەموو ئەمانە هۆکاری هیدایەتی مرۆڤن بۆ گەیشتن بە خوای پەروەردگار و چاکە و چاکەکاری.

(هیدایەتی تایبەت بۆ مرۆڤ) قورئان و پێغەمبەری بۆ ناردن تا زۆر بەئاسانی هیدایەت وەربگرن، هەموو شتێکی تێداڕوون کراوەتەوە بۆ ئەوەی وەری گرن، خوای گەورە زیاتر و زیاتری پێدەبەخشێت لە ئیمان و ئیسلام و ئیحسان.

خۆ ئەگەر وەرینەگرت زیاتر خوای گەورە گومڕا و سەرلێشێواوی دەکات، دەکرێت ئەم سەرلێشێواوییەی بە هۆکاری پارە و سەروەت و سامان بێت، یان دەسەڵات و کورسی و پلە و پایە بێت، وەک فیرعەون، هامان و قارون جا مەبەستی ئایەتەکەی خوای پەروەردگار ئەگەر ویستی خوای گەورەی لەسەر بێت هیدایەتی خەڵکی دەدات، ویستی خوای گەورە پەیوەستە بە زانستی خوای پەروەردگارەوە، چونکە کەسەکە نایەوێت و ویستی لەسەر وەرگرتنی ڕێنوێنی خوای موتەعال نییە، واتە کەسەکە خۆی زوڵمی لەخۆی کردووە، پێچەوانەکەشی کەسەکە حەزی بە هیدایەت و خواناسییە و ویستی لەسەریەتی، هەربۆیە خوای گەورە دەزانێت و زانستی موتڵەقی هەیە بەسەر بەندەکەوە بۆیە ویستی لەسەریەتی و هیدایەت وەربگرێت.

هەر بۆیە خوای گەورە بانگەوازی فەرزکردووە و پێغەمبەرانی بۆ ناردوون، خەڵکی تر لە پێناوی بانگەوازدا چەکیان هەڵگرتووە خوێنیان ڕشتووە بۆ ئەوەیە هیدایەتی خەڵکی بدەن و حوججە و بەڵگە بێت بەسەریانەوە، هەنجەت و بیانوویان نەمێنێت.

کەواتە بانگەوازی ئیسلام دەبێت بگاتە هەموو کەسێک بۆ ئەوەی بیانووی نەمێنێت، کێ دەبێت ئەو بانگەوازە بگەیەنێت؟

بە دڵنیاییەوە پێغەمبەران لەوانەیە کەسێک بپرسێت دەی خۆ دوای پێغەمبەر محمد ﷺ پێغەمبەری تر نایەت، کێ ئەم بانگەوازە بگەیەنێتە خەڵک بە گشتی؟

ئەوەی شوێنکەوتووی پێغەمبەری خوایە ﷺ دەبێت ئەم بانگەوازە بگەیەنێت، چونکە داوای خوای گەورە و پێغەمبەرەکەیەتی ئەوەی بڕوای بە ئیسلام هەیە و خۆی بە ئیماندار دەزانێت دەبێت بانگەواز بکات، چونکە ئوممەتی پێغەمبەر ﷺ لە دوای پێغەمبەران کاری بانگەواز ئەنجام ئەدەن، دوای پێغەمبەری خوا ﷺ هیچ پێغەمبەرێکی تر نایەت، دەبێت ئیماندارە ڕاستگۆکان هەڵسن بە گەیاندنی ئەم ئەرکە پیرۆزە، دینی خوای موتەعالە و کاری پێغەمبەران بووە لە ڕابردوودا.

﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن رَّسُولٍ إِلَّا بِلِسَانِ قَوۡمِهِۦ لِيُبَيِّنَ لَهُمۡۖ فَيُضِلُّ ٱللَّهُ مَن يَشَآءُ وَيَهۡدِي مَن يَشَآءُۚ وَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ ۝٤﴾ إبراهيم

خوای گەورە لە قورئاندا لە چەندین جێگادا دەفەرموونێت کە هاتنی پێغەمبەران بۆ بانگەوازی دینی خوایە، لە ڕووی ئەتەکێتیشەوە هەروایە ئەرکی پێغەمبەران خواناساندنە، خوای پەروەردگار دەفەرموونێت:

﴿بِٱلۡبَيِّنَٰتِ وَٱلزُّبُرِۗ وَأَنزَلۡنَآ إِلَيۡكَ ٱلذِّكۡرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيۡهِمۡ وَلَعَلَّهُمۡ يَتَفَكَّرُونَ ۝٤٤﴾ النحل

واتە: پێغەمبەرانمان ناردووە بە بەڵگەی ڕوون و ئاشکرا و زەبور، واتە بە کتێب. ئەی محمد ﷺ ئەم قورئانەشمان بۆ دابەزاندووێت تا تۆ خۆت بە وتە و کردەوە و سوننەتەکانت ئەو قورئانەی کە بۆت دابەزیوە بۆیان ڕوون بکەیتەوە (سوننەتی پێغەمبەر ﷺ ڕوونکەرەوە و ڕاڤەکاری قورئانی پیرۆزە، بەبێ سوننەت ناتوانین لە قورئان تێبگەین و عیبادەتی خوای گەورە بکەین بە ڕاست و دروستی) بەڵکو بیر بکەنەوە و پەند و ئامۆژگاری وەربگرن.

ئایەت زۆرە لەم بارەیەوە، کە دەبێت لە خەڵکی ڕوونی بکەنەوە حەڵاڵ و حەرام چییە، دەبێت فێری خەڵکی بکەن لە چاکە و ڕێگرتنیان لە کاری خراپە. خودی خراپە چییە؟

ئەم کاری بانگەوازە سیفاتێکی ئیماندارە پێوەی لکاوە، ئەگەر بانگەواز نەکات ئەو سیفاتەی ناتەواوە، سیفاتی (داعی) بانگخواز بە هەموو کەسێکی ئیماندارەوەیە زۆر بەداخەوە لە ئێستادا ناوی بانگەوازچیان دیاری دەکرێت و کراوە بە پیشە، دەڵێت مامۆستا ماکوان بانگخوازە، ئەی تۆ چیت؟

لە وەڵامدا دەڵێت من موسڵمانم بەڵام مامۆستا فڵان و عیلان بانگخوازن، بۆیە خەڵکی دەکەن بە بانگخواز بۆ ئەوەی کارەکە لەسەر خۆیان لابەرن، بەڵام لە ڕاستیدا هەموو بانگخوازین، بانگەواز واتە ڕێنیشاندەری خەڵکی بین بە چاکە و فەرمان پێکردنی، ڕێگر و چاوساغی خەڵکیتر بێت لە کاری خراپە و زشت بۆ ئەوەی نەیکەن، ئەمە واتای بانگەوازە، جا هەرکەسە بە گوێرەی توانای خۆی کارەکە ئەنجام ئەدات بۆ نموونە لە تۆ داوا نەکراوە کە بڕۆیت بانگەوازی زانایانی فیزیا و کیمیا بکەیت کە بێباوەڕ و کافر و مولحیدن، بەڵام دەتوانیت هەر کارێکی خراپ ببینیت لە برا و خوشکەکانت ڕێگا نیشاندەریان بیت، بەڵام دەبێت بزانیت چۆن کاری چەوت ڕاست دەکەیتەوە، خۆ ئەگەر نەزان بوویت بەشێوە و هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی بێدەنگ بیت باشترە تا خۆت فێردەکەیت، یان کەسێکی تر فێرت دەکات.

بە هەرحاڵ بانگەواز (ڕوکنێکی بنەڕەتیە لە ئیسلامدا، سیفاتی پێغەمبەران هەموو داعین، موسڵمانیش ئەگەر ئیماندارێ ڕاستەقینە بن دەبێت خاوەنی سیفاتی بانگەواز بن، خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿وَٱلْمُؤْمِنُونَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَآءُ بَعْضٍ ۚ يَأْمُرُونَ بِٱلْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ ٱلْمُنكَرِ وَيُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَيُؤْتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ وَيُطِيعُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ سَيَرْحَمُهُمُ ٱللَّهُ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴿٧١﴾﴾ التوبة

واتە: باوەڕدارانی پیاو و ئافرەت هەندێکیان دۆست و خۆشەویست و سەرخەری هەندێکی تریانن، فەرمان ئەکەن بەچاکە و ڕێگری ئەکەن لە خراپە، نوێژەکانیان ئەنجام ئەدەن و زەکاتی ماڵەکانیان ئەدەن، گوێڕایەڵی خوا

و پێغەمبەرەکەی ئەکەن ﷺ هەر کەسێك ئەم سیفەتانەی تیابێت خوای گەورە ڕەحم بەو کەسانە ئەکات، بەڕاستی خوای گەورە زۆر بەعیززەت و باڵادەست و کاربەجێیە.

ئەگەر بە چاوی تەدەبورەوە تەماشای ئایەتەکە بکەین دەبینین بانگەواز پێش نوێژ و زەکات کەوتوە، کە دوو ڕوکنی زۆر بنەڕەتین، بەڵکو کۆڵەکە و پایەی ئەم ئیسلامەن، کەچی بانگەواز لە پێشتر دانراوە!

نوێژ بە نەکردنی مرۆڤی پێ کافر دەبێت کەچی بانگەواز پێشخراوە، یاخود جەنگی هەڵگەڕاوەکان کە کرا لە پێناوی زەکاتدا بوو (واتا هەڵگەڕاوەکان زەکاتیان نەئەدا)، بانگەواز پێش ئەمانە هەمووی خراوە، هەموو دەزانین کە نوێژ پایەیەکی گرنگی ئیسلامە، گەورەترین پایەی ئەم ئیسلامەیە کە ڕوخا دینەکەشی پێوە دەڕوخێت، ئەم بەندایەتییە گەورەیە دواخراوە بۆ بانگەواز کە فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپەیە، زەکاتیش بە هەمانشێوە.

خوای پەروەردگار دەیەوێت ئیماندار پەروەردە بکات کە بۆخۆی نەژی، نابێت ئیماندار بە نوێژکردنێک یان بە دانی کەمێک لە ماڵەکەی کە زەکاتە وا بزانێت بۆتە ئیماندار، نایەوێت بە کاری تاکەکەسی و هەڵبسێت وەکو عەلمانیەکان دەیانەوێت لە ماڵی خۆت چی دەکەیت ئازادی، لە ماڵی خۆمانا ئازادمان دەکەن لە جێگەی تردا نا ئەوەش ئازادی لای عەلمانیەتە.

بەهەر حاڵ نایانەوێت بانگەواز بۆ دینی خوای گەورە بکات، بە پێچەوانەوە خوای پەروەردگار نوێژ و ڕۆژووی تاکەکەس ئەوەندەی بانگەواز

و کارکردن لە پێناوی دینی خوای گەورە گرنگی نییە و پاداشتی نییە، بگرە ئەگەر نوێژ و زەکات و ڕۆژوو بانگەوازی لەگەڵ نەبوو بە مردارەوە بوو هەژمار دەکرێت.

ئەگەر مرۆڤی ئیماندار هەست بە گەورەیی و جوانی و چاکی ئەم پەیامە کرد، بڕوای تەواوەتی پێی هەبوو، ئەی بۆچی بە خەڵکی تری ناگەیەنیت؟

لە کاتێکدا مەبەستی پەیامی ئیسلام گەیاندن و بانگەوازە، نەک لەسەر تاک و کۆمەڵگا و کۆمەڵ و دەسەڵات و دەوڵەت، بەڵکو لەسەر ئوممەت واجبە کە بانگەواز بکات.

بە دڵنیاییەوە لە ئیماندار قبوڵناکرێت ئەم دینە وەرگرێت تەنها بۆ خۆی بەکاریبهێنێت و بانگەواز نەکات، کە مادام لێی تێگەیشتوە و بڕوای تەواوی پێ هێناوە فەرزە لەسەری کە بە خەڵکی بگەیەنێت بە گوێرەی توانا و ئیمکانیەتی خاوەنەکەی، ئەگەر ئایەتێک بوو، بگرە ئەگەر بە کۆپی کردنی وتەیەکی پێغەمبەر ﷺ لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان یاخود نووسینی زیکرێک و سڵاواتێک، هەر جۆرە کارێک بێت و کاریگەری دروست بکات لەسەر خەڵکی بە چاکە و هانیان بدات بۆ شتی باش بە پێجەوانەشەوە ببێتە هۆکارێک بۆ ڕێگاگرتن لەکاری خراپە.

جا ئەم بانگەوازە بۆ موسڵمانانیشە کە ئیمانیان زیاد دەکات بۆ کافرانیشە، بەڵکو خوای گەورە هیدایەتیان بدات، پاشان سەرنجێکی زۆر گرنگ ئەگەر تەماشای ئایەتی ٧١ی سورەتی التوبة بکەین لە کۆتاییەکەیدا خوای

پەروەردگار دەفەرموویت: {أُولَئِكَ سَيَرْحَمُهُمُ اللَّهُ}، کەواتە بانگەواز و نوێژکردن و دانی زەکات گەردن کەچی بۆ فەرمانی خوا و پێغەمبەر ﷺ، خوای گەورە ڕەحم و بەزەیی خۆی بەسەردا دەڕێژێت.

بۆچی خوای پەروەردگار ڕەحمەتی خۆی تایبەت کردووە بۆ ئەم خاڵانە کە ئیماندار پیادەی دەکات؟

لەبەر ئەوەی ئەم ئیماندارانە ڕەحمیان بە بەندەکانی خوای پەروەردگار کردووە و بانگەوازیان کردووە بۆ ئەوەی خەڵکی گومڕا و سەرلێشیواو نەبن بڕۆنە بەهەشت، کەواتە پاداشت لە ئەنجامی کارەکەیە، وەکو عەرەب دەڵێت (الجزاء من جنس العمل).

بانگەوازچییان بەگشتی ڕەحم و بەزەیی خوای گەورەیان لەسەرە، چونکە وتەی خوای پەروەردگار دەگەیەنن و فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ بڵاو دەکەنەوە، نایانەوێت خەڵکی بە هەڵدێر و ژیانێکی نەهامەتی و پڕ لە ناسۆردا بژین، ئارام ناگرن و پشوو نادەن بانگخوازان تا ئەم دینە و ڕێگای ئیسلام بۆ خەڵکی ڕوون نەکەنەوە، خوای گەورە بەخەڵکی دەناسێنن و دوژمن و شەیتانەکانیش دەناسێنن، مەشخەڵی ڕێگای ئیسلام دەبن بانگەوازچییان؛ خەڵکی بەرەو ڕێگای ڕێنوێنی و بەهەشت دەبەن، هەربەم هۆکارانەیە کە خوای گەورە ڕەحمیان پێدەکات و پاداشتیان دەداتەوە، چونکە ئەوان بە بەزەیی بوون بەرانبەر بەندەکانی خوا.

دەرچوون لە باسەکە و لادانێکی کاتی

دەردە دڵێکە لەم زیندانی پڕ ناسۆرەوە بۆ خەلکی ئاقڵ و سینەساف و بەوێژدانی دەکەم، برا و خوشکانی خوێنەرم: بەداخەوە بانگەواز لە کوردستاندا جۆرێکە لە مۆدێلی خۆ دەوڵەمەند کردن و خۆناساندن، هیچیان کاری خراپ نین، مرۆڤ مافی خۆیەتی هەوڵ بدات دەوڵەمەد بێت و خەڵک بیناسێت، بەڵام بەمەرجێک بەگێلکردنی خەڵکیتر نەبێت، وەکو ڕشک و ئەسپێ لە سەر ژیانی خەڵکی تر بژیت. با زیاتر ڕوونی بکەمەوە، زۆر جار دایکم پێی دەوتم کوڕم تۆ تەماشایەکی مامۆستا فلان بکە و مەلا فلان بکە، بزانە ماشەڵا چەندە بێ دەنگن و حەقی هیچیان نییە!

خۆی کێشەکە لەوەدایە کە ئەوان ئەوەندە موحتەرەمن بە پێوەری دایکم لەبەرئەوەی هیچ نازانن و دڵی کەس ناشکێنن، یان بۆ پارەیە یان بۆ ناو و ناوبانگە، یاخود ترسنۆک و جەبان و خوێڕین!

ئەزانم وشەی خوێڕییەکە لەسەر دڵتان قورسە، بەڵام بڕوا بکەن لەبەر حورمەتی خوێنەر بۆم زیاد نەکردن، ئاخر کام مامۆستا و مەلایە دەبێت بێدەنگ و ڕازیکەری دڵی خەڵک بن!

ڕۆژێکی تر مولحیدەکانم بەگیر هێنابوو، هەموو کەوتبوونە پەلەقاژە لە سوید، نەرویج، هەموو ئەوروپا، ئەمریکا، ئوستورالیا و ئاسایشەکانی ناو پارتە دەستەڵاتدارەکانی کوردستان (هەڵبەت مولحیدەکانیان دەڵێم بەدوای کوشتن و گیران و تەفروتونا کردنەوەم بوون)، من بە خەیاڵیشمدا نەدەهات ئەو ڕۆژانە لە پڕ مامم تەلەفونی بۆکردم، دوای هەواڵ پرسین وامزانی بیری کردووم، بەڵام

دیاربوو یەک پەیامی هەبوو ئەویش وتی کاکە خۆ تاپۆی ئیسلام لەسەرتۆ نییە، تۆ حەقت چییە، ئەوەندە دڵخۆشبوم بەو قسە، لە لامبوایە ناو چاو و دەستیم ماچەکرد، نەک لەبەرئەوەی قسەکەی زۆر جوانە، نا بەڵکو قسەکەی زۆر نامەعقول و لە جێی خۆیا نەبوو، بەڵام من هەستم بە عەزیزی و گەورەیی کاری بانگەوازەکەی خۆمکرد، کە هەستمکرد خەڵکی و نزیکەکانم وا هەست دەکەن تاپۆی ئیسلام لەسەر منە.

عەرزی مامم کرد قوربان ئەوەی فەرمووت جوانە، بەڵام حەزدەکەم شتێك عەرزی جەنابت بکەم، ئەویش ئەوەیە کە ئیسلام بۆ یەک بە یەکمان هاتووە، بۆ ئەوەی دڵی ڕابگرم وەک مامێک بەو نموونەیە قەناعەتم پێکرد کە ئەگەر لە گوزەر و ناو بازاڕدا کەسێک سەرکەوتوو بێت و کاسب بێت و خراپەی بۆ کەس نەبێت و هاوکاری فەقیر و هەژار بکات، بەڵام لەدوکان و کەسابەتیدا شانسی هەبێت و موشتەری باشێ هەبێت و دەوڵەمەند بێت، هەندێک لە خەڵکی لە خۆیەوە ڕقیان بۆ ئەم کەسە دروستە بێت بە هۆکاری سەرکەوتوویی لە دەستپاکی و ڕاستگۆیی و سەر ڕاستی، ئەمەش سوننەتی ژیانە، جا مامی عەزیزم ئەمە چیرۆکی ژیانی منە؟

باشبوو لێم تێگەیشتبوو جارێکی تر ئەو باسانەی لەگەڵم نەکردەوە، جەوهەری ئەم چیرۆکەی نێوان من و مامە سەردارم وشە جوانەکەی بوو کە ئەو دژی من بە کاری هێنا نەیزانی من پێی سەربەرزبووم فەرمووی (خۆ تاپۆی ئیسلام لەسەر تۆ نییە) بەڵام سوێند بەخوا وا هەست دەکەم تاپۆی ئەم دینە لەسەر ماکوانی کوڕی عەبدولکەریمە، خوای گەورە لێم قبوڵ بکات.

کورت و پوخت دەمەوێت بڵێم: دەبێت ئەو هەستەت بۆ دروست بێت کە بزانیت تاپۆی ئیسلام بە ناوی خۆتەوەیە، ئەوکات ئازا و چاونەترس و باکت بە هیچ نییە.

بانگەواز پێویستی بە نەرم و نیانی ئەبوبەکری و چاو قایم و بەهێز و توڕەیی عومەر هەیە و پێویستی بە بەخشینی عوسمان هەیە و پێویستی بە حەق و ئازایی عەلی هەیە و پێویستی بە لەخۆبوردویی حەسەنی کوڕی عەلی هەیە هەروەها خەڵکانێک لە پێناوی وڵات، سیاسەت، حکومەت، دەسەڵات، پارە، ژن و منداڵ تووشی ناڕەحەتی دەبێت، بەڵام لای ئاساییە و دەڵێن ژیانە و ناچارین.

بەڵام ئەگەر لە پێناوی دینی خوا توشی تەنگ و چەڵەمە و ئازارێک بێت سەری دنیای لێ دێتەوە یەک، ئاخر قوڕ بەسەر ئەوەی لەوجۆرە کەسانەیە، ئەمە دینی خوایە یاری منداڵ نییە، ئامادەین بۆ ژیانی دنیا مااڵ و ژیان و کوڕ دابنێین، بەڵام ئەگەر کوڕێک یان کچێکت خواناس بوو لە ئاسایش و ئەمن و جەلاد دەترسی پێی ئەڵێن ئیرهابی و تیرۆریست، بەڵام لە ژیانی قەبر و ئازاری دۆزەخ ناترسی و ناپرسی.

بەهەرحاڵ دەگەڕێمەوە سەرچاوەی ڕاست و ڕەوانی پەرتوکەکە و دەڵێم موسڵمان بە گشتی واتا ئیمانداری ڕاستەقینە دەزانێت بەها و گرنگی بانگەواز چییە، بەڵام ئەمەوێت بزانیت هاوەڵان چۆن بۆ بانگەواز کاریان کردووە چۆن بتوانین وەکو هاوەڵان بین لەبانگەوازدا.

چۆن بتوانین وەکو هاوەڵان بانگەواز بکەین؟

چۆنیەتی بانگەواز وەک و ئەوەی هاوەڵان کردوویانە و فەرمانیان بە چاکە کردووە و ڕێگریان لەخراپە کردووە؟

بێگومان کاری بانگەواز زۆر گرنگە و تایبەتمەندی خۆی هەیە، لەبەر ئەوەی بونیادی کۆمەڵگای موسڵمان و ئوممەتی ئیسلامی ناکرێت بێ بانگەواز، ئەشێ خەڵکانێکی کەم بێ بانگەواز کردن خۆیان پێ بگەیەنن، بەڵام بە دڵنیاییەوە بونیادی دەسەڵات و دەوڵەت و تاک و کۆمەڵگای ئیسلامی تەنها و تەنها لە ڕێگای بانگەوازەوە دەبێت تەنانەت پێشکەوتن و هەڵسانەوەش هەر لە ڕێگای بانگەوازەوە دەکرێت، ئەم واقیعە ئەزموونێکی زۆر ڕوون و بەرچاوی هەیە لەگەڵ ئەم ئوممەتی ئیسلامەدا، ئەو کاتەی ئەم ئوممەتە سەرقاڵی بانگەواز بوو، توانیان قەڵەمڕەوی خۆیان فراوان بکەن و پاشان توانیان خزمەتی تەواو بە مرۆڤایەتی بکەن لە ڕووی زانستەوە، بەهەردوو بەشەکەی زانستی شەرعی و زانستی مرۆیی، لە لایەکی ترەوە سەروەتی مرۆیی ئەم ئوممەتە گەر لەڕووی بانگەوازەوە نەبێت ناتوانیت بگەیت بە تاکەکانی و هەموو خەڵکی لێ ئاگادار بکەیتەوە.

پێویستە بزانین هاوەڵان دید و تێڕوانینیان بۆ بانگەواز چۆن بوو، چۆن بیریان لێ کردۆتەوە، هەروەها دەبێت بزانین کە کاری بانگەواز چۆن بۆتە کارێکی بنەڕەتی لە ژیانی هاوەڵاندا؟

ئەگەر ژیانی هەریەک لە هاوەڵان بخوێنینەوە و لێکۆڵینەوەی بۆ بکەین، دەبینین بانگەواز کارێکی سەرەکی بووە لە ژیانی هەرتاکێکی هاوەڵان و پایە

و ئەرکێکی بنەڕەتی بوو لە ژیانیدا، ژیانی هاوەڵێک نابینیت، ڕۆژێک یاخود هەفتەیەک یان مانگێک یان ساڵێک یان چەند ساڵێک بێ بانگەواز بوبێت، وەکو پێداویستی ژیان وابووە، وەکو ئاو و هەوا و خۆراک بووە لای هاوەڵان، هەموو ژیانیان لە فێرکردنی خەڵکی تردا بوون، بانگەوازیان بۆ فێرکردنی ئیمان و ناساندنی خوای پەروەردگار و تەوحید بووە گوێڕایەڵی بۆ خوا و پێغەمبەرەکەی ﷺ بووە.

کێ سوودی سەرەکی بینیوە لە بانگەواز؟

ئەم پرسیارە زۆر گرنگە مرۆڤ بە دڵ و ئەقڵ و مێشک لێی بکۆڵێتەوە، هاوەڵان دید و تێڕوانینیان وابووە کە خودی خۆیان سودمەندی یەکەمن لە بانگەواز و گەیاندنی دینی خوای پەروەردگار، هۆکاری یەکەم خودی بانگەوازچییەکەیە لە ڕووی زانست و زانیارییەوە بەهرەمەند دەبێت و پێی عەزیز دەبێت، هۆکاری دووەم بانگخوازەکە ئەگەر لەڕووی بانگەوازەکەیەوە خەڵکی وەڵامی بداتەوە یان وەڵام نەدرێتەوە، لە هەموو بوارەکەدا سوودمەندە، یان گوێی بۆ بگیرێت یان بۆی نەگیرێت، خاوەنەکەی هەر سوودمەندی سەرەکییە، بەهەردوو دیوەکەیدا.

هەروەها وەکو چۆن نوێژ و ڕۆژووەکەت و جیهاد دەکەیت لە پێناوی خوادا یان هەرکارێکی خێر دەکەیت و داوای پاداشتەکەت لە خوای پەروەردگار دەکەیت بە هەمان شێوە بانگەوازیش وایە، چاوەڕێی پاداشتەکەیت لەخوای پەروەردگار کە مادام چاوەڕوانی پاداشتی لە خوای

گەورە کەواتە بۆت گرنگ نییە، وەڵامدانەوەت چۆن دەبێت، بەڵام پاداشتی بانگەواز لە پاداشتی ئەوانی تر زۆر جیاوازترە و بگرە زۆر سەیریشە.

پێغەمبەری خوا ﷺ بۆمان باس دەکات ئەجر و پاداشتەکەی بە خەیاڵیش و ئەقڵیشدا نەهاتووە، ئیمامی موسلیم لە ئەبوهورەیرەوە دەگێڕێتەوە و دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: هەر کەسێ بانگەواز بۆ هیدایەت و ڕێنوێنی بکات، دەبێتە خاوەنی پاداشت و پاداشتی ئەو کەسەش کە وەریدەگرێت و شوێنی دەکەوێت بێ ئەوەی لە پاداشتی وەرگرەکە کەمبێتەوە، یاخود لە پاداشتی کەس کەم ناکات، بە پێچەوانەوە هەرکەس بانگەواز بکات بۆ کوفر و گومڕایی و تاوان و کاری خراپە، هەرکەس وەری بگرێت تاوان و گوناهەکەی دەچێتە سەر شانی بانگەوازچییەکەی بێ ئەوەی لە تاوانی وەرگرەکە کەم بێتەوە[١٢١].

بە واتای ئەوەی ئەگەر کەسێک بانگ بکەیت بۆ نوێژ و ئەو کەسە لە ژیانیدا نوێژی نەکردبێت، ئەگەر خوای پەروەردگار هیدایەتی بدات لەسەر دەستی تۆدا، ئەو کەسە هەر نوێژێک بکات ئەجر و پاداشتەکەی دێتە سەر میزان و حەسەناتی تۆی بانگخواز، یاخود ئەو کەسە چەندین ساڵ بژی، نوێژی فەرز و سونەت و شەونوێژ و ...هتد

---

[١٢١]- مَن دَعا إلى هُدًى، كانَ له مِنَ الأجْرِ مِثْلُ أُجُورِ مَن تَبِعَهُ، لا يَنْقُصُ ذلكَ مِن أُجُورِهِمْ شيئًا، ومَن دَعا إلى ضَلالَةٍ، كانَ عليه مِنَ الإثْمِ مِثْلُ آثامِ مَن تَبِعَهُ، لا يَنْقُصُ ذلكَ مِن آثامِهِمْ شيئًا/ مسلم.

هەمووی دێتە سەر چاکەی تۆ کە هیدایەتت داوە بۆ ڕێگەی خێر، جا بەم شێوەیە دەتوانین پاداشت و چاکەکان بناسین، لەلایەکی تریشەوە ئەگەر ئەو کەسەی فێری نوێژت کردووە ئەویش خەڵکی تر فێری نوێژ بکات و بانگەواز بکات ئەوا دێتە سەر چاکە و پاداشتی تۆ، بەم شێوەیە ئەم پڕۆسەیە بەردەوامە تا ڕۆژی قیامەت، یاخود تاکو کاتێکی نادیار یان تا ئەو کاتەی ئەو کەسەی بانگ کراوە هیدایەتی وەرگرتووە تا مردنی پاداشت بەردەوامە.

هەروەها ئەم پاداشتانە دەگەڕێتەوە بۆ سەر حەسەنات و چاکەی هاوەڵان لە ئەبوبەکر، عومەر، عوسمان، عەلی و هەموو هاوەڵان بە گشتی، چونکە ئێمە لە دەستی ئەوان ئەم دینەمان وەرگرتووە.

هاوەڵان هەموو شتێکیان لە پێناوی بانگەوازدا واز لێدەهێنا و ماڵ و سەروەت و سامان و تەنانەت نەفس و ژیانی خۆیان دەبەخشی لە پێناوی بانگەوازدا، چونکە هەستی تەواویان کردبوو کە ئەم ئەرکە گەورەیە بانگەواز پاداشت و سەوابی زۆری تێدایە، بازرگانییە لەگەڵ خوای پەروەردگاردا، لێرەوە زیاتر دەتوانین زیاتر لەم ئایەتە تێبگەین خوای موتەعال دەفەرموێت:

﴿وَمَنْ أَحْسَنُ قَوْلًا مِّمَّن دَعَآ إِلَى ٱللَّهِ وَعَمِلَ صَٰلِحًا وَقَالَ إِنَّنِي مِنَ ٱلْمُسْلِمِينَ﴿٣٣﴾﴾ فصلت

واتە: کێ هەیە وتەی لەو کەسە باشتر بێت کە بانگی خەڵکی ئەکات بۆ لای یەکخواپەرستی و گوێڕایەڵی خوای گەورە، وتراوە مەبەست پێی بانگدەرانیشە کە بانگی خەڵکی دەکەن بۆ نوێژ کردن، خۆیشی کردەوەی چاك ئەکات، نەك وەك ئەو کەسانەی کە فەرمان بە خەڵکی دەکەن بە چاکەو خۆیان

نایکەن، بەرهەڵستی خەڵکی دەکەن لە خراپە و خۆیان دەیکەن ئەڵێ: منیش یەکێکم لە موسڵمانان.

گومان لەوەدا نیە کە یادی خوا و بەندایەتیەکانی تر هەموو گەورەن لە نوێژ و خوێندنی قورئان و بەخشین و ...هتد هەموو ئەوانە فەزڵی زۆریان هەیە بۆ خاوەنەکەی، بەڵام باشترین و گەورەترینی لەم کارانە بانگەوازی دینی خوای پەروەردگارە، چونکە بانگخواز لەگەڵ ئەوەی ئەو کارانە ئەنجام ئەدات ئەجر و پاداشتی دەعوەکەشی بۆ زیاتر دەبێت.

گومان لەوەشدا نییە وازهێنان لە بانگەواز سزای تایبەتی خۆی هەیە.

سزای وازهێنان لە بانگەواز

لە لایەکی ترەوە ئەگەر پاداشتی زۆر لە بانگەوازدا هەبێت، گومان لەوەشدا نییە کە واز لەو بەندایەتیە بهێنیت سزای خۆی هەیە و زۆر ترسناکە، نەک بۆ خاوەنەکەی وازی لێ دەهێنێ، بەڵکو بۆ هەموو ئوممەتەکەش.

حوزەیفەی یەمانی هاوەڵی بەڕێزی پێغەمبەری خوا ﷺ بۆمان دەگێڕێتەوە لە پێغەمبەر ﷺ -ەوە دەفەرموێت: سوێند بە خوا کە گیانی منی بە دەستە پێغەمبەر ﷺ پێویستی بەوە نییە سوێند بخوات، بەڵام سوێند خواردنی لەبەر گەورەیی کارەکەیە، دەفەرموێت: پێویستە فەرمان بە چاکە بکەن و ڕێگری لە خراپە بکەن، خۆ ئەگەر ئەو کارە ئەنجام نەدەن خوای

گەورە دەشێت ناڕەحەتی و عەزاب و سزایەکتان بۆ بنێرێت و پاشان دوعای کەستان وەرنەگرێت[١٢٢].

کەواتە ئەگەر بینیت تووشی قەیران بویت و کێشەت زۆرە، دوعا و نزا و پاڕانەوەی زۆر دەکەیت، بەڵام خوای پەروەردگار هیچی قبوڵ نەکات، دەبێت پێداچوونەوەیەک بکەیت بۆ ژیانت، سەرلەنوێ کاری دەعوە و بانگەواز نوێ بکەیتەوە هەڵە گەورەکە لەوێوە دەست پێ دەکات، هۆکاری دواکەوتن و وەڵام نەدانەوەی نزا و پاڕانەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەنجام نەدانی بانگەواز.

لە ڕاستیدا ئەوە کێشەیەکی زۆر گەورەیە، خەڵکی خواناسی و دینداری دەکات بەڵام بانگەواز بۆ دینی خوای پەروەردگار ناکات، دەشێت دراوسێکەی ئاگای لە دین نەبێت، یاخود هاوڕێکەی لە کارکردندا دووەم لە دینی خوای پەروەردگار یان دەشێت هاوسەرەکەی بێت، یان منداڵەکەی یاخود دایکی، باوکی یان خوشک و براکانی، لەگەڵ ئەوەشدا گوێ نادات بەوەی کێ نزیکە و کێ دووەم لە خوای گەورە و بۆ خۆی دەژی، دەڵێن جا ئەوە چ پەیوەندی بە منەوە هەیە.

کەواتە دەبێت بپرسین خەڵکی بۆچی دەژین؟

ئایا دەژین بۆ نەفسی خۆیان و تەنها بۆ خۆیان دەژین؟

١٢٢- وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ، لَتَأْمُرُنَّ بِالْمَعْرُوفِ، وَلَتَنْهَوُنَّ عَنِ الْمُنْكَرِ، أَوْ لَيُوشِكَنَّ اللَّهُ أَنْ يَبْعَثَ عَلَيْكُمْ عِقَابًا مِنْهُ، ثُمَّ تَدْعُونَهُ فَلا يُسْتَجابُ لَكُمْ.

عەرەب دەڵێت: ئەوەی بۆ خۆی بڕی حەق نییە بێتە ژیان

هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ هەرگیز بۆ خۆیان نە دەژیان، هەرگیز لەبەرخاتری ماڵ و منداڵیان نەدەژیان، یان لەبەر کەسوکار، خوشک و برا، عەشیرەت و وڵاتیان، بەڵکو دەژیان لە پێناوی خەڵکی سەرزەوی بەگشتی، دەبینین لە باسەکانی داهاتوومانداکە هاوەڵان چۆن لە پێناوی خەڵکی سەرزەویدا ژیاون ، خاتوو عائیشە بۆمان دەگێڕێتەوە و دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا ﷺ هاتە ماڵەوە بە دەم و چاویەوە دیاربوو بێتاقەت و خەمباری شتێک بوو، جەنابیان دەست نوێژیان گرت و چووە دەرەوە بۆ مزگەوت، بەڵام قسەی لەگەڵ کەس نەکرد، منیش گوێم لێ گرت کە تەشریفی بردە ناو میحراب و مینبەرەکەی و فەرمووی: ئەی خەڵکینە خوای پەروەردگار دەفەرموێت: کار بکەن و هەوڵ بدەن فەرمان بە چاکە بکەن و ڕێگری لە خراپە بکەن، پێش ئەوەی ڕووبەڕووی ئەوە ببنەوە نزا و دوعام لێ بکەن وەڵامتان نەدەمەوە، پاشان داوام لێ بکەن پێتان نەبەخشم، داوای سەرکەوتن بکەن سەرتان نەخەم.

فەرموودەکە فەرموودەیەکی قودسییە، پێدەچێت هۆکاری ئەم شکست و ناڕەحەتییە و زەلیلیەمان لە ئێستادا بەم هۆکارە بێت داڕوخاوین[۱۲۳].

[۱۲۳]- روى الامام احمد، وابن حيان، وابن ماجه، وحسنه الالباني، عن عائشة قالت: دخل رسول الله، فعرفت في وجهه أن قد حفزه شيء فتوضأ، اسمعه يقول: يا أيها الناس ان الله عز

بە دڵنیاییەوە ئەمە ئەو حاڵەت و واقیعەیە کە ئێستا ئۆممەتی ئیسلامی تێدا دەژی، چونکە کەمتەرخەمییەکی زۆر هەیە لە بانگەوازدا، وڵاتمان بە بیروباوەڕی عەلمانی داگیرکراوە، شەرعی خوای گەورە پەراوێز خراوە و هەرچی کاری خراپە و فەسادە لە ڕێگاکانی بینراو و بیستراوەوە بڵاودەکرێتەوە، بانگەوازی ئیسلامی بە گوێرەی پێویست نییە، بێجگە لەوەی کە حیزبایەتی چەقی داکوتیوە لە ناوماندا، هۆکاری سەرکەوتنی ئەم ئۆممەتە لە بانگەوازەکەیەتی، دواکەوتنی سەرکەوتن و نەهاتنی بە هۆکاری کەمتەرخەمییە لە بانگەواز و فەرمان بە چاکە کردن و ڕێگری لە خراپەکردنە، چونکە ئەم پرسە پشتگوێ خراوە هەرکەس دەبینیت بۆ خۆی دەژی و دەڵێت کاری من نییە و پەیوەندی بەمنەوە نییە، بانگەواز لە جیهانی ئیسلامیدا لە ئاستێکی پێویستدا نییە، بۆیە لە ماوەی مانگێک و چەند ڕۆژێکدا ٢٠ هەزار کەس لە خەڵکی شاری غەززە بە دەستی ئیسرائیلی تیرۆریستی ئیرهابی شەهید دەکەن، یەک وڵاتی بەناو ئیسلامی نەجوڵا و سوپای نەجوڵاند بگرە هەندێک لە لایەنەکانی سەلەفی و مەدخەلی و داعشەکان بە جۆرێک لە جۆرەکان سەرزەنشتی حەماسیان دەکرد لە بەرامبەر یەهودی خوێنڕێژدا، ئۆممەتێک لە ئێستادا بەم شێوەیە بێت، هەرگیز چاوەڕێی ئەوەی لێ ناکرێت خوای پەروەردگار سەرکەوتنی خۆی بنێرێت.

-.-.-.

بەداخەوە بانگەوازچیانی ئیسلام زۆر کەمن، کە لێشی ئەدرێت یاخود دەخرێتە زیندان، یان شەهید دەکرێن، بەدرێژایی چەن ساڵ جێگەکەیان چۆڵ دەبێت و کەس کۆڵ و ئەرک و ماندوبونەکە هەڵناگرێت، ئەمەش بۆ خۆی کاریگەری زۆر نەرێنی هەیە لەسەر کۆمەڵگای ئیسلامی و ئوممەتەکە بەگشتی.

پێدەچێت لە قۆناغی دەسپێک و خۆبونیادناندا هەڵەی گەورە بکرێت، بۆیە بە زوویی نوخبەی ئیسلامی لەناودەچن، جا دەشێت هەڵەکان، هەڵەی عەقیدە و بیروباوەڕ بن، یان درێغی بێت لە بوارەکانی خواناسی و ئیخڵاس، یان لە ڕووی ئیداریەوە بێت یاخود پەلەکردن بێت لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر، بازدانی زۆری تێدابێت ئەمەش دەبێتە هۆکاری شکست و بەڵکو هەڵکەندنی ئوممەتەکە لە دەسەڵات.

ئەزموونێک لە نێوانی ئێستا و ڕابردووی بەنی ئیسرائیل دا

هەموو دەزانین ژیانی بەنی ئیسرائیل تاڕادەیەک بە ڕوونی و درێژی بۆمان باسکراوە، ئەمەش تا ڕۆژی قیامەت جولەکە دەمێنێت و هەر بەناوی ئیسرائیلەوە کاردەکەن، چونکە قورئان کردوونی بە ئەزموونێک لە ڕابردوودا بۆ موسڵمان و تا ڕۆژی قیامەت ئەزموونێکن بۆ موسڵمانان، ئەمەش گەورەیی قورئان و موعجیزەکەی دەرئەخات.

یەکەم کاری بەنی ئیسرائیل وەکو کێشە کەوتە ناوی بریتی بوو لەوەی کە ئیماندار بوون، بەڵام هەڵنەسان بە واجب و ئەرکەکانی سەرشانیان واتە

بانگەوازیان نەکرد بۆ فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە، هەر بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ وەکو ئەزموونێک ژیانی بۆ هاوەڵان باسدەکات و دەفەرموێت: یەکەم هەڵە و کەمتەرخەمی کە کەوتە ناو بەنی ئیسرائیل کەسێک لە پیاوەکانیان دەستی دەکرد بە بانگەواز و بە هاوڕێکەی دەووت لە خوا بترسە و واز لەو کارە بهێنە و نەشیاوە و حەرامە، بۆ ڕۆژی دوایی کە دەیبینیەوە هەمان کاری ئەنجام ئەداو لێی نەدەپرسیەوە بە هۆکاری ڕەفیق، خزم و کەسوکاری پاشان لەگەڵیدا دادەنیشت و لە خواردنی دەخوارد و لە ئاوی دەخواردەوە ئیتر بانگەوازی لەبیردەکرد و فەرمان بەچاکە و ڕێگری لە خراپەی واز لێدەهینا، بەهۆکاری ئەم کارە ناڕەوا و ناشایستەیان خوای گەورە تووشی ناڕەحەتی و نەهامەتی و مااڵوێرانی دەکردن پاشان پێغەمبەری خوا ﷺ سوڕەتی ئەلمائیدەی خوێندەوە:

﴿لُعِنَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنۢ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ عَلَىٰ لِسَانِ دَاوُۥدَ وَعِيسَى ٱبۡنِ مَرۡيَمَۚ ذَٰلِكَ بِمَا عَصَواْ وَّكَانُواْ يَعۡتَدُونَ ٧٨ كَانُواْ لَا يَتَنَاهَوۡنَ عَن مُّنكَرٖ فَعَلُوهُۚ لَبِئۡسَ مَا كَانُواْ يَفۡعَلُونَ ٧٩ تَرَىٰ كَثِيرٗا مِّنۡهُمۡ يَتَوَلَّوۡنَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْۚ لَبِئۡسَ مَا قَدَّمَتۡ لَهُمۡ أَنفُسُهُمۡ أَن سَخِطَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِمۡ وَفِي ٱلۡعَذَابِ هُمۡ خَٰلِدُونَ ٨٠ وَلَوۡ كَانُواْ يُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلنَّبِيِّ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيۡهِ مَا ٱتَّخَذُوهُمۡ أَوۡلِيَآءَ وَلَٰكِنَّ كَثِيرٗا مِّنۡهُمۡ فَٰسِقُونَ ٨١﴾ المائدة

واتە: خوای گەورە نەفرەتی لە کافرانی بەنی ئیسرائیل کرد لەسەر زمانی داود و عیسای کوڕی مەریەم لە زەبورو ئینجیلدا بەهۆی ئەو تاوانانەی کە ئەیانکرد وە سەرپێچی خوای گەورەیان ئەکرد و کوفریان ئەکرد بە عیسا،

دەستدرێژیان ئەکرد و سنووریان ئەبەزاند ﴿٧٨﴾ نەهی و قەدەغەی تاوانیان نەئەکرد کە بکرایە، واتە: قەدەغەشیان ئەکرد یەك جار بەڵام بەیانی ببینیایە هەمان تاوان دەکات پێی نەئەوتەوە لەبەر ئەوە خوای گەورە لەعنەتی لێیان کرد، کە ئەبێ فەرمان بەچاکە بکرێ و ڕێگری لە خراپە بکرێ، چونکە تاوان کرا ئەوەی کە قەدەغە و بەرهەڵستی بکات وەك ئەوە وایە کە لەوێ نەبوو بێت، ئەوەی پێی ڕازی بێت و لەوێیش نەبێت وەك ئەوە وایە کە ئامادە بووبێت کە ئەمەش خراپترین کارێك بوو کە ئەوان ئەیانکرد کە ڕێگرییان نەئەکرد لە خراپە ﴿٧٩﴾ ئەی محمد ﷺ تۆ زۆرێك لە جوولەکە یان مونافیقان ئەبینی وەلائو خۆشەویستیان بۆ موشریك و کافران هەیە کە ئەمیش خراپترین شتە کە نەفسیان بەهۆی ئەم کارەوە تووڕە بوونی خوای گەورەی پێشخست بۆ قیامەتیان، ئەوان بەنەمری و هەمیشەیی لە سزای ئاگری دۆزەخدا ئەمێننەوە ﴿٨٠﴾ ئەگەر ئیمانیان بهێنیایە بەخوای گەورە و بە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەوەی کە بۆ ئەو پێغەمبەرە دابەزیوە لە قورئانی پیرۆز ئەوا ئەم موشریکانەیان نەئەکردە دۆست و خۆشەویستی خۆیان بەڵام زۆرێك لەوان فاسقن و لە گوێڕایەڵی خوای گەورە دەرچوونە ﴿٨١﴾

دوای خوێندنەوەی ئایەتەکە فەرمووی: سوێند بەخوا دەبێت فەرمان بە چاکە بکەن و ڕێگری لە کاری خراپە بکەن، هەروەها دەستی زاڵمان بگرن و نەهێڵن کاری زوڵم بکەن و حەق بڵێن و ڕاستی و دروستی بۆ خەڵکی ڕوون بکەنەوە، خۆ ئەگەر لەوتنی حەق و ڕاستی کەم تەرخەم بوون ئەوا خوای

گەورە وەکو بەنی ئیسرائیل دڵتان دەگۆڕێت و تووشی ناڕەحەتی و ئازار و ئەشکەنجەتان دەکات، بەر لەعنەتی خوای گەورە دەکەون[١٢٤].

بەنی ئیسرائیل کە بەو شێوەیە وازیان هێنا خوای گەورە ڕسوای کردن و پاشان هەموو دنیای زاڵکرد بەسەریاندا، لە دواییدا هۆکاری ئیمانیان نییە کەوا سەرکەوتوون لە ئێستا و ئەمڕۆدا، بەڵکو بە گرتنی سوننەتەکانی ژیان سەرکەوتوون، پارە، زانست، هەوڵ و تێکۆشان سەریخستوون، خوای گەورەش سوننەتی خۆی بۆ کەس ناگۆڕێت، پاشان هۆکارێکی تری لاوازی موسڵمانان ئەوەیە کەوا وازیان لە سوننەتی شەرعی کەونی هێناوە.

عەرەب و کورد یان فارس و تورک نزیک بێت لە خواوە بە هۆکاری زمان و ڕەگەزیان، بەڵکو ئیسلامەتی خەڵکی لەخوا نزیک دەکاتەوە، شوێن کەوتنی پێغەمبەری خوا ﷺ مرۆڤ عەزیز و سەربەرز دەکات و لە خوای پەروەردگاری نزیک دەکاتەوە، گومانی تێدا نییە، هەرکەس شوێن قورئان و سوننەت کەوتینەوە و بوویندوە بە (خەیر ئوممەت)، چونکە خەیرە ئوممەت بۆ ئەوەیە کە بانگەوازی خەڵکی بکات و ڕزگاریان بکات لە تاریکی و زوڵم

---

[١٢٤]- روى ابوداود، الترمذي، وابن ماجه، عن عبدالله بن مسعود قال: إِنَّ أَوَّلَ مَا دخَلَ النَّقْصُ عَلَى بَنِي إِسْرائيلَ أَنَّه كَانَ الرَّجُلُ يَلْقَى الرَّجُلَ فَيَقُولُ: يَا هَذَا، اتَّقِ اللَّه وَدَعْ مَا تَصْنَعُ، فَإِنَّهُ لا يَحِلُّ لَكَ، ثُم يَلْقَاهُ مِن الْغَدِ وَهُو عَلَى حالِهِ، فَلا يَمْنَعُه ذلِك أَنْ يكُونَ أَكِيلَهُ وشَرِيبَهُ وَقَعِيدَهُ، فَلَمَّا فَعَلُوا ذَلِكَ ضَرَبَ اللَّهُ قُلُوبَ بَعْضِهِمْ بِبَعْضٍ ثم قال: (المائدة ٧٨-٨٠) ثم قال:-

- لتأمرنَّ بالمعروف، ولتنهون عن المنكر، ولتأخذنَّ على يد السفيه، ولتأطرنه على الحقِّ أطرًا، أو ليضربن الله بقلوب بعضكم على بعضٍ، ثم يلعنكم كما لعنهم.

و زۆر، لە کاتێکدا خۆمان لە پێچەوانەکەیدا دەژین وڵات و خەڵک و دەسەڵاتمان پڕیەتی لە لادان و نادادپەروەری و خراپەکاری و دوور لەکاری باشە و ڕەوشتی جوان، ئیتر چۆن دەتوانین خەیرە ئوممەت بین، هەڵبەت گشتاندن ناکەین، بەڵام بەداخەوە زۆرینەی جیهانی ئیسلامی دوورن لەوەی کە خوا و پێغەمبەری خوا ﷺ داوای دەکەن، جا ئەوەی بەسەر بەنی ئیسرائیل دا هات لە جەنگی جیهانیی یەکەم و دووەم دا، وا بەسەر ئێمەی موسڵمانانداا هاتووە و هۆکارەکەی وازهێنانە لە بانگەوازی خوای موتەعال.

هەرچەندە ئوممەتی ئیسلام ئوممەتێکە لەناو ناچێت، بەڵام دەشێت گۆڕانکاری بەسەردا بێت، چونکە لەناوچوونی ئەم ئوممەتە واتە لەناوچوونی دینەکە و پەیامەکە، جا ئەوە هەرگیز ڕوونادات، بەڵام دەشێت خوای پەروەردگار ڕەوەندی فاسد و خراپەکار بگۆڕێت بۆ خەڵکی چاکەخواز و باش، کە فەرمان بە چاکە بکەن و ڕێگربن لە خراپەکاری، بە فەرمانی خوا و پێغەمبەری خوا ﷺ کاربکەن و هەنگاو هەڵ بنهێننەوە خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿هَٰٓأَنتُمْ هَٰٓؤُلَآءِ تُدْعَوْنَ لِتُنفِقُوا۟ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ فَمِنكُم مَّن يَبْخَلُ ۖ وَمَن يَبْخَلْ فَإِنَّمَا يَبْخَلُ عَن نَّفْسِهِۦ ۚ وَٱللَّهُ ٱلْغَنِىُّ وَأَنتُمُ ٱلْفُقَرَآءُ ۚ وَإِن تَتَوَلَّوْا۟ يَسْتَبْدِلْ قَوْمًا غَيْرَكُمْ ثُمَّ لَا يَكُونُوٓا۟ أَمْثَٰلَكُم ﴿٣٨﴾﴾ محمد

واتە: ئا ئێوە کەسانێکن کە بانگ ئەکرێن لە پێناو خوای گەورەدا ببەخشن جا هەتانە ڕەزیلی و چرۆکی ئەکات و هەر کەسێك ڕەزیلی بکات ئەوە زەرەر و زیانی ڕەزیلییەکە تەنها بۆ خۆی ئەگەڕێتەوەخوای گەورە دەوڵەمەندو بێ

پێویستە وە ئێوەن کە فەقیر و موحتاجی خوای گەورەن، ئەگەر ئێوە پشت هەڵکەن لە گوێڕایەڵی خوای گەورە ئەوە خوای گەورە ئێوە لەناو ئەبات و ئێوە ئەگۆڕێتەوە بە قەومێکی تر و کەسانێکی تر ئەهێنێت، پاشان ئەو قەومە وەکو ئێوە نابن بەڵکو ئیمان دێنن و گوێڕایەڵ دەبن و لە پێناو خوای گەورەدا دەبەخشن، (ئەبو هورەیرە) دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا ﷺ ئەم ئایەتەی خوێندەوە، هاوەڵان فەرموویان: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ کێن ئەو کەسانەی کە ئەگەر ئێمە پشتهەڵبکەین خوای گەورە دەیانگۆڕێتەوە پێمان و پاشان ئەوان وەکو ئێمە نابن؟ پێغەمبەری خوا ﷺ بەدەستی دای بە شانی (سەلمانی فارسی)دا و پاشان فەرمووی: (ئەمە و قەومەکەی، ئەگەر دین لەسەر ئەستێرەکان بێت ئەوا پیاوانێك لە فارس دەستی دەخەن)، والله أعلم.

جا لە ناو موسڵماناندا ئەگەر مەرجی خەیرەئوممەتیان تێدا نەبوو بە دڵنیاییەوە خوای پەروەردگار دەیانگۆڕێت بۆ جیلێکی خەیرە ئوممەت و باشتر و خواناستر، ئەمەش لە ڕابردوودا زۆر لەم ئەزمونەمان لەبەر چاودا بووە و بۆمان یاداشت کراوە چەندین دەوڵەت و هێز کەوتوون و هێز و دەوڵەتی تر هاتۆتە جێگایان کە مەرجی خەیرە ئوممەتیان هەبووە.

خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِٱلْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ ٱلْمُنكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ ۗ وَلَوْ ءَامَنَ أَهْلُ ٱلْكِتَٰبِ لَكَانَ خَيْرًا لَّهُم ۚ مِّنْهُمُ ٱلْمُؤْمِنُونَ وَأَكْثَرُهُمُ ٱلْفَٰسِقُونَ ﴿١١٠﴾﴾ آل عمران

واتە: ئەی ئوممەتی ئیسلام ئێوە لەناو حەفتا ئوممەتدا باشترین و چاکترین و بەسوودترین ئوممەتن کە دەرکەوتبێتن و هاتبێتن بۆ خەڵکی، کە حەفتا هەزار لەم ئوممەتە بەبێ لێپرسینەوە و سزا دەچنە بەهەشتەوە، پێغەمبەری خوا ﷺ داوای کرد خوای گەورە بۆی زیاد بکات خوای گەورەیش لەگەڵ هەر هەزارێك حەفتا هەزاری تری بۆ زیاد کرد، ئەمەش بەهۆی گەورەیی و بەڕێزی پێغەمبەری خوا ﷺ -ەوەیە باشترینی ئوممەتی ئیسلامیش هاوەڵانن، چونکە گفتوگۆ کردن لەگەڵ ئەوانە، لەقیامەتیش هەر ئوممەتی ئیسلام باشترین ئوممەتن و یەکەم ئوممەتن کە دەچنە بەهەشتەوە و نیوەی خەڵکی بەهەشت پێك دەهێنن، چونکە فەرمان ئەکەن بەچاکە و ڕێگری و قەدەغەی خراپە ئەکەن، ئیمان بەخوای گەورە ئەهێنن ئەگەر ئەهلی کتابیش لە جوولەکە و گاور ئیمانیان بهێنایە وەکو ئێوە ئەوە بۆ خۆیان باشتر بوو بەڵام ئیمانیان نەهێنا کەمێکیان ئیمانیان هێنا بەڵام زۆربەی هەرە زۆریان فاسق بوون و لە ڕێگای حەق دەرچوو بوون و لەناو کوفر و گومڕایی خۆیاندا مانەوە.

بە ڕوونی لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە بەشێک لە باوەڕبوون بە خوا لە ڕێگای فەرمان بەچاکە و ڕێگری لە خراپەیە.

خوای پەروەردگار بە ڕوونی بەیانی کردووە بۆمان کە گرنگترین کاری ئیماندار با خاوەنی کاری چاکە و بەندایەتی زۆربێت، ئەگەر ئەو دوو مەرجەی

تێدا نەبوو فەرمان بەچاکە و ڕێگری لە خراپە، ئەوا پێی ناوترێ خەیرە ئوممەت هەرچی ئوممەتێک خاوەنی ئەو دوو وەسفە نەبێت بە خەیرە ئوممەت هەژمار ناکرێت ئەم کارەش یەکێکە لە هەرە کارە گرنگەکانی چاکسازی ناو کۆمەڵگا و ئیسلامییان بە شێوەیەکی تایبەتی و گشتی.

سەربەرزکردنەوەی خەڵکی لە وڵاتی موسڵماناندا تەنها و تەنها بە کاری بانگەواز دەکرێت، بە فێرکردنی خەڵکی دەبێت بە دینەکەیان، بەرپرسیاریەتی لەسەر شان بێت و بەرامبەر بە خێزان، گەڕەک، کۆمەڵگە، شار، وڵات، کیشوەرەکان و جیهان بە گشتی.

پێویستە لەسەر ئوممەتی خەیرییەکە ئەم دینە بەهەموو جێگایەکدا بگەیەنێت و پەیامی خوایی بە نیۆ خەڵکدا بڵاوبکاتەوە، فێریان بکات و ئارامگربێت لەسەر ئازار و ناڕەحەتییەکان، ئەگەر چی جەنگی لەگەڵ بکەن و دژایەتی بکەن و پەیامەکە ڕەد بکەنەوە، ئێمەی موسڵمان دەبێت هەر بەردەوام بین لە بانگەواز و گەیاندنی پەیامەکە تا دوا ساتەکانی ژیانمان، بەردەوام خەڵکی بانگدەکەین و فێریان دەکەین، بەم کارە فەزڵت دەبێت بەسەر ئەو خەڵکەدا و لە ڕاستیدا ئەرکی سەرشانتە و واجبە لەسەرت بیکەیت.

ئەمەش واتا و مانای خەیریەتی ئوممەتە، خۆ ئەگەر ناتەوێ ببیتە خەیرە ئوممەت، ئەوا وازبهێنە، خەیرە ئوممەتیش واتای موسڵمانان، ئەگەر حەزت بە ئیسلامەتی نەکرد واز لە بانگەواز بهێنە.

ئاخر بەلامەوە سەیرە کەسێکی عەلمانی خۆی بە موسڵمان دادەنێت و لە ژیانیدا بانگەوازێکی نەکردووە بۆ دینی خوا، بەڵام شەو و ڕۆژی خستۆتە سەریەک بۆ بانگەشەی حیزبی و حیزبەکەی کە هیچ پەیوەندی بە دینەکەیەوە نییە، ئاخر خۆ لەو دنیا لە قەبر و قیامەت پرسیار لە کەس ناکرێت کوردی، عەرەبی، فارسی یان ئەوروپی و...هتد، ئەمە لە مەملەکەت و یاسای خوای موتەعال دا هیچ بایەخێکی نییە، ناپرسێت ڕەنگی پێست و ڕەگەز و زمان و ڕەنگی چاو و...هتد ئەمانەش هیچ نرخی (ئەرزشی) نییە، لە قیامەتدا لێپرسینەوەت لەگەڵ دەکرێت لەسەر دینی خوا، چونکە داوات لێ کراوە و ئەرکی سەرشانتە، بەڵام کە کردت بەهەشتت بردۆتەوە، خۆ نەتکرد دۆڕاویت و لە دۆزەخدایت، ئەمەش زۆر گرنگە مرۆڤ لێی تێبگات بزانێت وەزیفە و بەرپرسیاریەتی سەر شانی چییە، خوای پەروەردگار، هەروا بێ ئامانج مرۆڤی دروست نەکردووە، ئەم هەموو ئیمتیازەی پێبەخشیوە، لە ئەقڵ لە ڕۆح لە دیزاینی جوان و ڕێک و پێکی لاشە و ...هتد، حەتمەن بۆ کارێک ئامادەکراوە کە خەلیفایەتی سەرزەوییە، ئەم خیلافەتەش پەیوەستە بە بانگەوازەوە.

ئەبوهورەیرە ڕەزامەندی خوای لێبێت دەفەرموێت: باشترین خەڵکی بۆ خەڵکی ئەوەیە کە خەڵک بهێننە ناو ئیسلام بە زنجیر و بەستراوەیی!

فەرموودەکە لە کتیبی سەحیحی بوخاریدا یەکەمجار کە خوێندمەوە، جێگای تێڕامانم بوو، چونکە دەفەرموێت: خەڵکی بهێننە ناو ئیسلام بە زنجیر و بەستراوەیی، دوایی بۆم دەرکەوت کە مەبەستی ئەو کەسانەن لە فتوحاتی ئیسلامیدا بەدیل گیراون و موسڵمان بوون لە ئاگری دۆزەخ ڕزگاریان بووە، بە

هۆکاری ئەوەی بەدیل گیراون پاشان فێری دینداری و ئیسلامەتی کراون و بانگەوازی خواییان بۆ کراوە، سەرەتا ئەوانە هەموو ڕقیان لە ئیسلام بۆتەوە، لە دوای چوونی سوپای موسڵمان بۆ وڵاتەکەیان زۆریان هاتونەتە ناو دینی پیرۆزی ئیسلام، لەبەر ئەوەی خودی ئایینەکە جوان و عەزیمە و پاشان لەو سەردەمەدا دەوڵەتێکی بەهێز و بە توانا بوو، ئیتر لە دینەکە فێربوو خواناسیان ڕاگرن و هەموو پابەندبوون بە ئیسلامەوە و بوونە ئەهلی بەهەشت، لە ئاگری دۆزەخ ڕزگاریان بوو.

خۆ ئەگەر موسڵمانان نەبوونایە و بانگەوازی ئیسلامی، ئێستا دەبوو ئاگرپەرست یان عیسا پەرست بوونایە و کۆتاییان ئاگری دۆزەخ بوو.

ئەگەر موسڵمانان نەچوونایەتە هیندستان، ئەوەی کە موسڵمان بووە دەبوو ئێستا وەکو هیندیەکان مار و مێروو، مشک، گا و...هتد دەپەرست لە ئێستادا لە وڵاتی هیندستاندا زیاتر لە ١٠٠ملیۆن موسڵمان هەیە، هەزارەها زانا و چاوساغ و بانگخوازیان تێدا هەڵکەوتوە نموونەیان (زاکیر نایک، موبارەک فوریی و ئەبو عەلائی مەودودی) یە لەو وڵاتەدا بێجگە لە خوا هەموو شتێک دەپەرستن ئەگەر بانگەوازی ئیسلامی نەبێت کێ بە هانای ئەو خەڵکەوە بڕوات، لە ڕاستیدا هەموو موسڵمانان کەمتەرخەمن لە چاو ئەو کوفرە زۆرەی کە گۆی زەوی داگیرکردووە!

ئەوەش ئەرکی گرنگی موسڵمانە کە خەڵکی فێری خێر و چاکە بکات، تا خۆی ببێتە خەیرە ئوممەت، بانگەوازی ئیسلامی ڕزگارکردنی خەڵکە لە

دۆزەخ لەوانەیە کەسێک بڵێت، جا ئێوە حەقی خەڵکیتان چییە واز لە خەڵک بهێنن با ئازاد بێت؟

لە وەڵامدا دەڵێم نموونەی وەڵامی ئەم پرسیارە و خودی پرسیارەکە وەکو ئەوە وایە کەسێک بیەوێت ژەهر بخوات و خۆکوژی بکات، ناکرێ بڵێیت وازی لێبهێنین خۆی بکوژێت لەبەرئەوەی ئازادە بانگەوازی ئیسلامی بۆ خەڵکی دەست گرتنیانە لە خۆکوژی و نەهێشتنی ئەو خەڵکەیە لە خواردنی ژەهر، ئەمەش لە دڵسۆزییە بۆ خەڵکی فێرکردنیانە بەخێر و چاکە.

ئیسلام بڵاوکردنەوەکەی لە چوارچێوەی سنووری دەوڵەتی موسڵمانانداندا نییە بە تەنها، بەڵکو بۆ هەموو جیهانە (وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِّلْعَالَمِينَ) بانگەوازی ئەم دینە بۆ هەموو جیهانە.

ئەبو هوەیرە دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموویت: سەرم سوڕدەمێنێت لە کاری خوای موتەعال گەلانێک دەچنە ناو بەهەشت بە زنجیر بەستراونەتەوە[125].

لە دوایدا زانیم ئەوە موعجیزەی پێغەمبەرایەتی پێغەمبەری خوایە ﷺ کە لەسەردەمی خیلافەتی عومەر، عوسمان و عەلی دا ڕوویداوە، بۆیە ئەبوهورەیرەش ئەو کۆمێنتەی لەسەردابوو.

---

[125]- عن أبي هريرة رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ قال عن النبي ﷺ قالعَجِبَ الله عز وجل مِنْ قوم يَدْخُلُونَ الجنة في السَّلاسِلِ/ رواه البخاري.

کەواتە ئەو کەسانەی هاتبونە ناو وڵاتی ئیسلامی هەموو لە جەنگ و فتوحاتەکاندا بەدیل گیرابوون، پاشان موسڵمانان بانگەوازیان کردن و موسڵمان بوون و پابەندبوون بە ئیسلامەوە، بوون بە خەڵکی ناو بەهەشت، لەگەڵ ئەوەی خۆیان نەیاندەویست پێشتر، بەڵام بانگەوازی ئەم ئوممەتە کە فەرمانی پێ کردن بە چاکە و ڕێگری کردن لە خراپە، هۆکاری ئەوەبوو ئەو گەلانە چوونە بەهەشت، ئەمەش گەورەترین فەزڵە بۆ ئوممەتی پێغەمبەر ﷺ کە بە خەیرە ئوممەت ناسراون و بۆیە خوای پەروەردگار دەفەرموێت:

﴿كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِٱلْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ ٱلْمُنكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ ۗ وَلَوْ ءَامَنَ أَهْلُ ٱلْكِتَٰبِ لَكَانَ خَيْرًا لَّهُم ۚ مِّنْهُمُ ٱلْمُؤْمِنُونَ وَأَكْثَرُهُمُ ٱلْفَٰسِقُونَ ﴿١١٠﴾﴾ آل عمران

واتە: ئەی ئوممەتی ئیسلام ئێوە لەناو حەفتا ئوممەتدا باشترین و چاکترین و بەسوودترین ئوممەتن کە دەرکەوتبێتن و هاتبێتن بۆ خەڵکی، کە حەفتا هەزار لەم ئوممەتە بەبێ لێپرسینەوە و سزا دەچنە بەهەشتەوە، پێغەمبەری خوا ﷺ داوای کرد خوای گەورە بۆی زیاد بکات خوای گەورەیش لەگەڵ هەر هەزارێك حەفتا هەزاری تری بۆ زیاد کرد، ئەمەش بەهۆی گەورەیی و بەڕێزی پێغەمبەری خوا ﷺ -ەوەیە باشترینی ئوممەتی ئیسلامیش هاوەڵانن چونکە گفتوگۆ کردن لەگەڵ ئەوانە، لەقیامەتیش هەر ئوممەتی ئیسلام باشترین ئوممەتن و یەکەم ئوممەتن کە دەچنە بەهەشتەوە و نیوەی خەڵکی بەهەشت پێك دەهێنن، چونکە فەرمان ئەکەن بەچاکە و ڕێگری و قەدەغەی خراپە ئەکەن، ئیمان بەخوای گەورە ئەهێنن ئەگەر ئەهلی کتابیش لە جوولەکە و گاور ئیمانیان بهێنایە وەکو ئێوە ئەوە بۆ خۆیان باشتر بوو بەڵام

ئیمانیان نەهێنا، کەمێکیان ئیمانیان هێنا، بەڵام زۆربەی هەرە زۆریان فاسق بوون و لە ڕێگای حەق دەرچوو بوون و لەناو کوفر و گومڕایی خۆیاندا مانەوە.

هاوەڵان باش لەوە تێگەشتبوون ئەگەر بێت و بانگەواز نەکەن و فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە نەکەن کارەسات ڕووئەدات.

پێغەمبەری خوا ﷺ نموونەیەکی زۆر قوڵ و جوانمان بۆ دەهێنێتەوە لە بارەی بەرپرسیاریەتییەوە، ئەم کاری بانگەوازەمان کە فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپەیە بۆ ڕوون دەکاتەوە، لەو فەرموودەیەدا دەفەرموێت: نموونەی ئەوانە پارێزگاری لە سنووری خوای پەروەردگار ئەکەن (سنووری خوای پەروەردگار لە نێوان حەڵاڵ و حەرامدایە) واتا هەر شتێک لە سنووری حەڵاڵ و حەرام دەرچوو ئەوا بەزاندنی سنووری خوایە، ئەو کەسانەی پارێزگاری لە سنووری خوا دەکەن ئەو کەسانەن کە بانگەواز دەکەن وەکو نموونەی کۆمەڵێکن لە ناو کەشتییەکدا، ئەم کۆمەڵە بوون بە دوو بەش بەشێکیان لە نهۆمی سەرەوەی کەشتییەکەن و بەشێکی تریان لە نهۆمی خوارەوە ئەوانەی کە لەبەشی خوارەوەن هەموو جارێک بۆ ئاوخواردنەوە دەبێت بڕۆنە سەرەوەی کەشتییەکە و ئاو بهێنن، لە ناو خۆیاندا بڕیاریان دا بۆ ئەوەی ئەوەندە هاتووچۆ نەکەن و ئەوانەی سەرخۆیان ناڕەحەت نەکەن، بڕیاریاندا کونێک بکەنە ناو کەشتیەکە و بۆ ئاو خواردنەوە و پێداویستی، پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: ئەگەر ئەوانەی سەرەوە وازیان لێ

بهێنن ئەوا هەردوو لا و کەشتیەکەش نغرۆ دەبێت، بەڵام ئەگەر نەیانهێشت ئەوا هەردووڵا سەرفراز دەبن و لە نغرۆبون ڕزگاریان دەبێت[١٢٦].

بەدڵنیاییەوە بە فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە، کەشتی ژیان ڕزگاری دەبێت بەسەرنشینەکانیەوە، هەر ئەوەشە پێغەمبەری خوا ﷺ ڕێنموییان دەکات و هاوەڵان و هەموو ئوممەتەکەی فێرکردووە.

هاوەڵان زۆرباش لەم دید و تێڕوانینە گەیشتبوون کە لە ئەنجامی وەحییەوە سەرچاوەی گرتووە، بۆیە کەوتنە کارکردن و جوڵە و بزووتنەوەیان بۆ دروست کرد، بانگەواز لەگەڵ هەست و سۆزیان دا تێکەڵ بوو هاوەڵان هەستێکی زۆر قوڵیان هەبوو لە بەرپرسیارێتیدا بۆ گەیاندنی ئەم ئیسلامە و بانگەوازی ئەم دینە گەورە و پڕ خێر و بەرەکەتە بۆ خەڵکانی تر.

ئەوان وا بیریان دەکردەوە کە تۆ بوویتە ئیماندار، پێویستە بانگەوازی خەڵکی بکەیت بۆ ئەوەی کە خۆت پێی گەیشتوویت لەخێر وچاکە، ئەگەر دینەکەت ڕاستە و خوا و پێغەمبەر ﷺ و ئیسلام ڕاستە و هەڵتگرتووە بە ڕاستی، ئیتر چۆن هەوڵی خەڵکی تر نادەیت بێن بۆ ئەم دینە، ئەم کارە لە پێناوی کۆکردنەوەی چاکە و خێردا نییە تەنها، بەڵکو فەرزە. ڕاستە نوێژ و

---

١٢٦ - عن النُّعْمانِ بنِ بَشيرٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا، عن النبيِّ ﷺ قَالَ: مَثَلُ القَائِمِ في حُدودِ اللهِ، والْوَاقِعِ فِيهَا كَمَثَلِ قَومٍ اسْتَهَمُوا عَلَى سفينةٍ، فصارَ بعضُهم أعلاهَا، وبعضُهم أسفلَها، وكانَ الذينَ في أَسْفَلِهَا إِذَا اسْتَقَوْا مِنَ الماءِ مَرُّوا عَلَى مَنْ فَوْقَهُمْ، فَقَالُوا: لَوْ أَنَّا خَرَقْنَا في نَصيبِنا خَرْقًا وَلَمْ نُؤْذِ مَنْ فَوْقَنَا. فَإِنْ تَرَكُوهُمْ وَمَا أَرادُوا هَلكُوا جَمِيعًا، وإِنْ أَخَذُوا عَلَى أَيْدِيهِم نَجَوْا ونَجَوْا جَمِيعًا/ رواهُ البخاري.

ڕۆژوو و زەکات و حەج پاداشتی لەسەر وەردەگریت بە کردنی، بەڵام فەرزە لەسەرت کە بیکەیت، واتا بەو واتایە نییە گەر بڵێیت من نایکەم و پاداشتم ناوێت، بەڵام با سزا نەدرێم، هەرگیز شتی وا ڕووندات بەڵکو بە کردنی پاداشت وەردەگریت، بە نەکردنی سزایە و تۆڵەت لێ دەکرێتەوە، ئەگەر نەچیتە بواری کافر کردن، کە پەنا بەخوا زۆر ترسناک و سەرگەردانی دەبێت، کۆتاییەکەی لە دۆزەخ دایە بە هەتاهەتایی، واتا کە دەڵێین فەرزە لە سەرمان، واتا ئەرکی سەرشانمانە وەکو فەرمانبەرێک ئەرکەکان و فەرمانەکانمان جێ بەجێ بکەین.

بۆیە ترسی هەیە بڕواتە بواری کافرکردن لەبەر ئەوەی زانایان دەڵێن بە وازهێنان لە نوێژکردن و زەکات دان مرۆڤ کافر دەبێت، دەشێت ئەم باسی بانگەوازە بڕواتە هەمان خانە و (کاتەگۆرییەوە).

بە بێ بانگەواز تاکە کەس خراپ دەبێت، دوای ئەوەش کۆمەڵگە و هەموو ئوممەتی سەر زەوی، لە پێناوی بانگەوازدا فتوحاتی ئیسلامی ئەنجامدرا و موسڵمانان بڵاو بوونەوە بە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات و باکوور و باشووردا فەتحی فارس و ڕۆم و باکوری ئەفریقا و ئەندەلوس و هیندستانیان کرد.

بەڵام ماوەی ٢٠٠ - ٢٥٠ ساڵە موسڵمانان لە ڕێگەی دەسەڵاتیانەوە وازیان لە بانگەواز هێنا، ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات زاڵبوون بەسەریاندا، ناتوانن پارسەنگی خۆیان لە بەرانبەر سەنتەرەکانی هێزی جیهاندا ڕابگرن و هەموو دنیا زاڵبوو بەسەریاندا و لەسەردەمی تەتارو مەغۆل خراپترە.

فتوحاتی ئیسلامی بانگەوازکردنی بە ئیسلام ئامانجێکی بنەڕەتی و سەرەکی بوو بۆ فێرکردنی خەڵکی بەم دینە، هاوەڵان بە فەرزی سەرشانیان دەزانی کە دەبێت بانگەواز بکەن، وەکو سوننەت و خێر و چاکە زیادە تەماشای بانگەوازەکەیان نەدەکرد، بەڵکو ئەرک و فەرزە وەک نوێژ و ڕۆژوو و زەکات و حەج.

پێشتر ئاماژەمان پێداوە کە هاوەڵی بەڕێز ڕەبیعەی کوڕی عامر، وتەیەکی زۆر نایاب و جوان لە بەرانبەر سەرکردەی فارسەکاندا دەڵێت، ئەم هاوەڵە بەڕێزە یەکێک بوو لەو هاوەڵانەی کە وڵاتی فارسی فەتح کرد، لەگەڵ ڕۆستەم و سەرکردەی سەربازی فارس گەیشتن بەیەک ڕۆستەم لێی پرسی بۆچی هاتوون بۆ ئێرە؟

ڕەبیعەی کوڕی عامر زۆر بەقوڵی دیدێکی موسڵمانانە بۆ ژیان بۆی ڕوونکردەوە و وتی: (لقد ابتعثنا الله) ئەگەر جوان وردببینەوە لە وشەکان بە چاوی لێکۆڵینەوە تەماشای بکەیین وشەی (ابتعثنا) تەنها بۆ ناردنی پێغەمبەران بەکاردێت خۆ ئەو داوای پێغەمبەرایەتی نەکردووە، دەشزانێت دوای پێغەمبەر محمد ﷺ هیچ پێغەمبەرێکی تر نایەت، ئەی چۆن وشەی (ابتعثنا) بەکاردەهێنێت لە بەرامبەر ڕۆستەمدا؟

لە وەڵامدا دەڵێین: ئەم ئوممەتە هەڵگری پەیامی پێغەمبەرانە و پێغەمبەری خوا محمد ﷺ بەرپرسیاریەتی لە ئەستۆماندایە تا ڕۆژی قیامەت، تاکی ئەم ئوممەتە دەبێت بانگەواز بگەیەنن کە کاری پێغەمبەران بوو لە ڕابردوودا.

لە ئێستادا ئەرکی سەرشانی خەڵکەکەیە کاری پێغەمبەران بکەن، چونکە کاری پێغەمبەران فێرکردنی خەڵکییە و دوای پێغەمبەر محمد ﷺ پێغەمبەری تر نایەت، کەواتە ئێمەی ئوممەتەکە کارەکەی جەنابیان ئەنجام ئەدەین پەوەند لەدوای پەوەند بۆ بانگەوازکردنیان بۆ لای خوای پەروەردگار و دینەکەی.

جەنابی پەبیعەی کوڕی عامر دەڵێت: خوای گەورە ناردووینی بۆ ئەوەی مرۆڤەکان پزگاربکەین، (لقد ابتعثنا الله لنخرج العباد) هەموو مرۆڤەکانی سەرزەوی، پەیوەندی نییە ئەم دینە بەسەر عەرەب، تورک، کورد و فارس، هەموو خەڵکی دەبێت پزگاریان بێت.

پرسیارەکە ئەوەیە لە چی پزگاریان بێت؟

لە وەڵامدا: ئەرکی سەرشانمانە و گەردنی خەڵک لە ئەستۆماندایە بۆ ئەوەی پزگاریان بکەین لە بەندایەتی کردنی بەندەکان و بە کۆیلە بوونیان، بۆ ئەوەی ببنە بەندەی خوای پەروەردگار (لنخرج العباد من عبادة العباد الى عبادة رب العباد) خۆ فارسەکان کیسرایان نەدەپەرست، هەروەکو چۆن خەڵکی ژێر دەسەڵاتی ڕۆم قەیسەریان نەدەپەرست، بەڵام هەموو قەیسەر و کیسراکان، یاسا و ڕێسایان بۆ گەلەکانیان دادەنا و دەبوو بە گوێڕەی ڕێسا و یاساکانی ئەوان بڕۆن، بێ گومان یاسا و قانونەکانیان هەموو دژی ویست و ئیرادەی خوای پەروەردگار بوو.

لە تەرازووی ئیسلامدا هەرکەس یاسای داڕشت بۆ خەڵکی ئەوە بە بەندایەتی هەژمار دەکرێت، بۆیە کە ئیسلام هات فەرمانی کرد بە موسڵمانان کە خوای پەروەردگار پادشا و مەلیکە و هەر زاتی بەرزی یاسادانەرە، هەموو خەڵکی دەبێت بێتە ژێر فەرمانی خوای موتەعال، بە مەنهەجی ئەو زاتە کاربکەن و لەسەری بڕۆن، نابێت سەرپێچی خوا بکرێت و ئەوەی فەرمانی پێکردووە دەبێ بکرێت، ئەوەی ڕێگری لێ کردووە موسڵمانان خۆیانی لێ بەدوور بگرن، بەم کەسانەش دەوترێت بەندەی خوای موتەعال بە ڕاستی و حەق.

کەواتە موسڵمانان خاوەنی ئەرکێکی گەورەن، ئەرکەکەشیان زۆر ڕوون و ئاشکرایە، کە دەبێت بەندەکان لە کۆیلەی بەندەکانی تر ڕزگار بکەن و بیانکەنە بەندەی خوای پەروەردگار، تاکو ببنە خەلیفە و جێگرەوەی حوکم و یاسای پەروەردگار لەسەر ئەم زەوییەدا.

جا ئەگەر بەندایەتیەکە حسی بێت و لە سەر بونیادی هەستەکان بێت، یاخود بەندایەتی و مل کەچبوون لە دژی خوای پەروەردگار، لە کۆتایی وتەکانی هاوەڵی بەڕێز ڕەبیعەی کوڕی عامر لە بەرانبەر ڕۆستەمدا فەرمووی: هاتووین خەڵکی لە ئازار و ئەشکەنجە و زوڵم و زۆری ئایینەکانی تر ڕزگاربکەین کە هەمووی دەستکردی مرۆڤن بۆ دادپەروەری ئیسلام، لە تەسکی و زنجی دنیاوە بۆ مەودایەکی فراوان و پان و بەرینی دنیا و قیامەت.

(من جور الأديان الى عدل الأسلام، و من ضيق الدنيا الى سعة الدنيا و الأخرة)

ئەمە ئەرکی ئوممەتی ئیسلامیە کە سەرکردەی بەڕێز پەیبەعەی کوری عامر لەم ئیسلامەدا تێگەیشتووە، نەک هەر بەتەنها ئەو بەڕێزە بەڵکو هەموو هاوەڵە بەڕێزەکان ئەوە بەئەرک و ئامانجیان دەزانی، ئێمەش لەم کتێبەدا دەمانەوێت ئەوە بگەیەنینە هەموو ئیاندارێک و لە بانگەواز بۆ ئیسلام هەرگیز بێ هیوا نەبێت، هاوەڵان هەرگیزا و هەرگیز بێ هیوایی و نائومێدی ڕووی تێنەکردبوون هەمیشە بە هیوا و ئومێدەوە بانگەوازیان دەکرد.

ئەوان چەندجار دەگەڕانەوە بۆ لای یەک کەس و بانگەوازیان دەکرد، کەواتە ئەگەر تۆش دەتەوێت، بێیتە ڕیزی بانگخوازان دەبێت، ئەگەر کەسێکت بانگ کرد بۆ ئیسلام کۆڵ مەدە بە جارێک و دووجار و ١٠ جار بەردەوام بە بۆ ١٠٠ جاری تر ئەوە کار و فرمانی موسڵمانە بەگشتی کە بەو شێوە کاربکەن، هەنگ هەرچەندە هەنگوینەکەی بەرن، بەڵام ئەو کاری خۆی بەردەوام دەکات و هەنگوینی تر دروست دەکاتەوە، پێویستە بە لایەنی کەمەوە چاو لە هەنگ بکەین و وەک ئەوان کاربکەین، لە ئیدارە و ڕێکخستن و چاودێری و هیوا و ئومێد بەرزی.

بۆیە لە بانگەوازدا بێ ئومێدی و بێ هیوایی نییە، چونکە مافی بانگخواز لای خوای پەروەردگار پارێزراوە، بانگخواز پاداشتی لای خوای پەروەردگار بێت، ئیتر چۆن کۆڵ ئەدات و واز لە بانگەوازەکەی دەهێنێت.

ناشکرێت بڵێین بەخوا فلانە کەس هیدایەت وەرناگرێت، بە جارێک دووجار وازی لێ بهێنیت، کاری هەموو ئیاندارێک بەردەوامییە لە بانگەواز،

دەشێت شێوە و ئوسلوبی بانگەوازەکە بگۆڕین، نەکو بێ هیوا و نائومێد بیت و کۆڵ بدەیت لەبەرچی؟

لەبەرئەوەی دڵەکان لەنێوان پەنجەی موبارەکی خوادان، بە ئارەزووی خۆی هەڵیاندەسوڕێنێت، وەڵامی داوە ئەوە پاداشت زۆرە، ئەگەر وەڵامی نەدایەوە پاداشت لای خوای پەروەردگارە و خوای موتەعالیش دەفەرموێت:

﴿إِنَّكَ لَا تَهۡدِي مَنۡ أَحۡبَبۡتَ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يَهۡدِي مَن يَشَآءُۚ وَهُوَ أَعۡلَمُ بِٱلۡمُهۡتَدِينَ ٥٦﴾ القصص

واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ (ئەبو طالیب)ی مامەی لەسەرەمەرگدا بوو پێی فەرموو: ئەی مامە بڵێ لا إله إلا الله شایەتیت بۆ دەدەم لە ڕۆژی قیامەت، زۆر هەوڵیدا کە موسڵمان بێت بەڵام (ئەبو جەهل و عەبدوڵڵا کوڕی ئەبی ئومەییە) لەوێ بوون و وتیان: ئایا واز لە دینی (عبدالمطلب) دێنی! پێغەمبەری خوایش ﷺ دەیفەرموو: ئەی مامە، بڵێ: لا إله إلا الله شایەتیت بۆ دەدەم لە ڕۆژی قیامەت، ئەوانیش دەیانووت نەکەیت موسڵمان نەبیت، ئەویش موسڵمان نەبوو بە کافری مرد، خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند: ئەی (محمد) بە دڵنیایی تۆ ناتوانی هیدایەتی کەسێك بدەی کە خۆشت ئەوێ، خۆشەویستی سروشتی نەك شەرعی، چونکە زۆر بەرگری لە پێغەمبەری خوا ﷺدەکرد، یان پێت خۆشە ئیمان بێنێ بەڵکو خوای گەورە خۆی هیدایەتی هەر کەسێك ئەدات کە ویستی لێ بێت و ئەو کەسە شایەنی هیدایەت بێت خوای گەورە زاناترە بەوەی کە کێ شایەنی ئەوەیە کە هیدایەت وەربگرێت.

کەواتە بانگەواز بەدوو شێوە دەکرێت، بانگەوازی موسڵمان و بانگەوازی کافر و خوانەناس، بانگەوازی موسڵمان بە ئامۆژگاری و بەرزکردنەوەی ئیمانی و زیاتر پابەندبوونی.

بانگەوازی کافر بۆ هیدایەت دان و گەڕانەوەی بۆ ئیسلام و دینی خوای موتەعال بانگەوازی ئەوانەی کە نازانن خوا بەحەق و ڕاستی بناسن وەکو نموونە یەهود، نەسرانی، مەجوس، موشریکەکان، هیندوسەکان و...هتد ئەمەش ئەرکی سەرشانی موسڵمانانە و دەبێت ڕاببپەڕێنن.

هاوەڵان هەموو ژیانیان بۆ بانگەواز بەکارهێناوە.

بانگەواز لای ئەبوبەکری صدیق

ژیانی ئەبوبەکری صدیق -ڕەزامەندی خوای لەسەر بێت- لەسەر بنەمای بانگەواز بوو، بگرە لەو ڕۆژەوەی موسڵمان بووە هەموو ژیانی بۆ بانگەواز تەرخان کردووە، بەڕاستی هەموو جوڵە و کارێکی بۆ ئەم دینە بووە، خۆی کە هەستی بە شیرینی ئەم بانگەوازە کرد، حەزی کرد بۆ خەڵکی بگوازێتەوە و خەڵکی تریش تامی شیرینی بانگەواز بکەن، بەڕاستی وایە، خوای گەورە لێمی قبوڵ بکات، منیش هەستم بەو شیرینی و خۆشی بانگەوازە کرد، خوای گەورە لێبان وەربگرێت و پاداشتەکەی لە قیامەت وەربگرین(آمین).

ئەبوبەکری صدیق هەموو تەمەنی لەم دینەدا چەن کاتژمێرێک بوو، بەڵام چونکە هەستی بەرپرسیاریەتی هەبوو، خێرا بێ دوودڵی کەوتە بانگەواز و ئەوانەی ڕەفیق و خۆشەویستی بوون خێرا چوو بۆ لایان هەواڵی ئەم دینەی

پێدان، هەستی فەرمان بەچاکە و ڕێگری لە خراپەی ڕاستەوخۆ بۆ دروست بوو، خێرا چووە لای عوسمانی کوڕی عەفان، زوبێری کوڕی عەوام، سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص، طەڵحەی کوڕی عوبەیدوڵڵا و عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف ئەم پێنج هاوەڵە نالێم لە یەکەم ڕۆژی ئیسلام بوونی، بەڵکو یەکەم کاتژمێری موسڵمان بوونی ئەم پێنج مژدەدەری بەهەشتەی بانگ کرد بۆ ئەم ئیسلامە، ئەم هاوەڵە بەڕێز و سەرکردانە هەموو قورسایی ئیسلام و بانگەوازەکەیان لەسەر شانی خۆیان هەڵگرتبوو، هەر ئەمانە بوون توانیان ئەو دینە بە دنیاد بڵاوبکەنەوە خەڵکی فێری خواناسی و دینداری بکەن.

خۆ ئەبوبەکر ئیتر وازی نەهێنا بەیەکەم ڕۆژ دوای ئەوەندەی تری بانگ کرد بۆ ئەم دینە و چالاک تر بوو، لەوانە ئەبوعوبەیدەی جەڕاح، عوسمانی کوڕی مەعظون، ئەرقەمی کوڕی ئەرقەمی مەخزومی هەروەها ئەبی سەلەمەی کوڕی عەبدولئەسەد.

هەروا سادە و سانا نییە کە دەڵێن ئەبوبەکر لەدوای هەموو پێغەمبەران بەرزترین و پلە بەرزترین مرۆڤە، لەبەرئەوەی لە یەکەم ساتی موسڵمان بوونییەوە چ هەوڵ و تێکۆشانێکی گەورەی کرد بۆ ئەم دینە و بانگەوازەکەی لە کاتێکدا پلە و پایەی خۆی پێ بەرز بوەوە.

ئەوانەی کە ئەبوبەکر بانگی کردن بۆ ئیسلام موسڵمان بوون، هەرچی کارێکی خێر و چاکە بکەن ، پاداشتەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەبوبەکری صدیق، بۆ نموونە کاتێک عوسمانی کوڕی عەفان سوپای ئامادەکرد بە ٧٠٠ وشتر و تڕوتفاقیەوە، پاداشتەکەی بۆ ئەبوبەکریشە، وەکو عوسمان یاخود عوسمان

مزگەوتی پێغەمبەر ﷺ-ی سەرلەنوێ دروست کردەوە، پاداشتەکەی بۆ ئەبوبەکریشە، کڕینی بیری (ڕوماە) و لە پاداشتەکەی ئەبوبەکر بەشدارە ، کە هەموو ئەمانە لەبارەی کەسایەتی عوسمان خۆی هەمووی کڕاون و بێ ئەوەی لە پاداشتی عوسمان کەمبێتەوە دەچێتە سەر پاداشتی ئەبوبەکر، بەهیچ شێوەیەک بە خەیاڵیش هەژمار ناکرێت، جا بێجگە هەموو خێر و چاکەی ئەوانی تریش، بۆ نموونە زوبێری کوڕی عەوام دەچوو بۆ جیهاد بۆ بەرگری لە ئیسلام و لە پێناوی خوادا دەچووە میسر، لیبیا، فەڵەستین یاخود لە عێراق و شام، بەهەمان شێوە پاداشتەکەی دەڕوات بۆ ئەبوبەکر، ئەو هاوەڵانە هەر منداڵێکیان پەروەردە کردبێت پاداشتی ئەبوبەکری تێدایە، واتا عوڕوەی کوڕی زوبێر و عەبدوڵای کوڕی زوبێر چ خێروچاکە و جیهادیان کردبێت بەشی ئەبوبەکری تێدایە، هەروەها ئەبوعوبەیدەی جەڕاح و ئەوانەی تریش، ئەوان هەر کەسێکی تریان بانگەواز کردبێت پاداشتەکەی بۆ ئەبووبەکریشە.

بیهێنە بەرچاوی خۆت لەگەڵ ئەو ناوانەی کە باسمان کرد، ئەوانەشی کە باسمان نەکردووە، سەدەها لەسەر دەستی موسڵمان بوو هەموو لەگەورە پیاوان و ژنانی هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ.

بێجگە لەوەی ئەم پیاوە بەرز و بەڕێزە خۆشەویستی پێغەمبەری خوایە ﷺ، هەرچی پارە و سەروەت و سامانی بوو بەخشی لە پێناوی بانگەوازی ئیسلامی بە سەدان خەڵکی کۆیلە و هەژاری ئازاد و تێر دەکرد، خەڵکی لە ئەمڕۆدا هیوایەت و سەرقاڵی تری هەیە، ئەبوبەکر و هاوەڵان سەرقاڵیان بە دین و بانگەوازەکەیەوە بوون، بە تایبەت ئەبوبەکر، هەموو باش

لەو وتە تێگەیشتبوون و لە خۆیاندا پیادەیان دەکرد، دەیانوت (هاتووین بۆ ئەوەی خەڵکی لە بەندە و کۆیلە، بەندەکانەوە ڕزگار بکەین بۆ بوون بە بەندەی خوای پەروەردگار، (ابتعثنا الله لنخرج العباد من عبادة العباد الی عبادة رب العالمین).

کاتێک ئەبوبەکر بینی بیلالی کوڕی ڕەباحی حەبەشی بتپەرست بوو خێرا چووە لای و بانگی کرد بۆ ئیسلام و ئەویش موسڵمان بوو، لە پێناوی خوای گەورە ئازار و ئەشکەنجە ئەدرا، خێرا ئەبوبەکر خۆی ڕزگاری کرد و ئازادی کرد، لە ئازار و ئەشکەنجەی قوڕەیش ڕزگاری کرد، بێ ئەوەی چاوەڕوانی سوپاس و پاداشت و سەروەت و سامان بێت، ئەوەی دەیویست تەنها ڕەزامەندی خوای پەروەردگار بوو.

هەروەها ئەبوبەکری سدیق عامری کوڕی فاهیرەی ئازاد کرد لە کۆیلایەتی و ئەویش خێرا موسڵمان بوو و هاتە ناو دینی ئیسلام، هەروەها زەنیرە خاتوون و کچەکەی ڕزگار کرد لە دەستی کافرانی قوڕەیش و موسڵمان بوون، زۆرێک لە پیاوان و ژنانی ڕزگار کرد کە ئازار ئەدران بە دەستی قوڕەیش و زاڵمەکانی شاری مەککە، هەموو بە هۆکاری خۆشەویستی و ڕێزی ئەبوبەکر هاتنە ناو ئیسلام و پابەندبوون، پاداشتەکەی هەموو دەگەڕێتەوە بۆ جەنابی ئەبوبەکری صدیق بێ ئەوەی لە پاداشتی ئەوانیش کەم بکات.

دایکی ڕومان کچەکەی و کوڕەکانی عەبدوڵڵا، ئەسما و عەبدولڕەحمان، بەڵام خاتوو عایشە بە موسڵمانی لە دایک بووە، پاشان دایکی بانگهێشت کرد بۆ ئیسلام و پاشان ئەبو قوحافەی باوکی کە ناوی عوسمانە و ئەبوبەکریش

ناوی عەبدوڵڵایە واتە ئەبوبەکری صدیقی کوڕی ئەبو قوحافە ناویان (عەبدوڵڵای کوڕی عوسمان)ە.

هەر لە بەر ئەم کارەیە ئەگەر بێت و ئیمانی پێوانە بکەین کێشانی زیاترە لە بەرانبەر ئیمانی هەموو ئوممەتەکەدا

ئەزانن چۆن و بۆچی؟!

لە بەر ئەوەی ئەم ئوممەتە هەر چاکەیەک بکات دەچێتە سەر حەسەناتی ئەبوبەکر واتە: هەموو موسڵمانێک بانگەواز بکات یان کاری چاکە و خێر بکات دەچێت بۆ ئەبوبەکر، چونکە یەکەم جار ئەو کاری بە ئیسلامەوە دەکرد و خێری چاکە و بانگەوازی دەست پێ کردووە.

ئەگەر تۆ هەڵسیت دوو ڕکعات نوێژ بکەیت، ئەبوبەکر پاداشت وەردەگرێت لەو دوو ڕکعاتەی تۆ، ئەگەر پارەیەک ببەخشیت لە پێناوی خوادا، ئەوە ئەبوبەکر پاداشتی لەسەر وەردەگرێت، هەر کەسێک لە فەڵەستین، عێراق، شام، شیشان و ئەفغانستان جیهاد بکات پاداشتی ئەبوبەکری تێدایە، ئەگەر کتێبێک یان زانستێک بڵاو بکەینەوە، ئەوا بە دڵنیاییەوە بەشی پاداشتی ئەبوبەکری تێدایە، خۆ ئەگەر وتارێک بدەیت، یان سیدییەک، لینکێک لە یوتیوب یان هەر خێرێک بگەیەنیت بەشی ئەبوبەکری تێدایە.

هەموو ئەمانەی کە باسمان کرد پێگەیشتوە بە هۆکاری بانگەواز، بڵاوکردنەوەی دینەکە و فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە بووە ئەو هەموو

خێر و چاکەیە کە بە ڕاستی هیچ ئەقڵ و خەیاڵێک ناتوانێت پەی پێ‌بەرێت، کە ئەبوبەکر بە دەستی هێناوە، تەنها کۆد و نهێنییەکەی بانگەواز بوو بۆ دینی خوا.

طوفەیلی کوڕی عەمری دەوسی بانگەوازی بۆ دینی خوا

یەکێک بووە لە گەورە پیاوانی هۆزی دەوس، کە بە هۆزێکی یەمەنی ناسراون و دێتە شاری مەککە، خەڵکی شاری مەککە پێیدەڵێن: گوێ بۆ محمد ﷺ مەگرن چونکە وتەکانی سیحرە و جادووت لێ دەکات، ئەویش لە دڵی خۆی دا دەڵێ: خاوەن ئەقڵم و ئەگەر وتەکانی جوان بوو وەری دەگرم، ئەگەر بە کەڵک نەهات وازی لێ دەهێنم، کاتێک پێغەمبەر خوا ﷺ دەبیستێت و گوێ بۆ قورئان دەگرێت ڕاستەوخۆ هەست دەکات کە ئەم وتانە وتەی مرۆڤ نییە، خۆشی شاعرێکی لێزان و بە توانا دەبێت، لە دوای گوێ بیستی قورئان، پاشان موسڵمان دەبێت و خۆی دەڵێت: سوێند بە خوا تا ئێستا گوێم لە وتەی وەها جوان و چاک نەبووە، هیچ شتێک بەرانبەر بەم وتانە نییە.

(قَالَ: فَلاَ وَاللهِ مَا سَمِعْتُ قَوْلاً قَطُّ أَحْسَنَ مِنْه، ولا أَمْراً أَعدَلَ مِنْه)

دوای ئەوەی کە شایەتومانی هێنا وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ من دەگەڕێمەوە بۆ ناو عەشرەتەکەم، پاشان ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ من لە هۆزەکەمدا گوێ بۆ گیراوم، هۆزەکەم بە قسەم دەکەن، بانگیان دەکەم بۆ ئیسلام، (يا نَبِيَّ اللهِ، إِنِّ امْرُؤٌ مُطَاعٌ فِي قَوْمِي، وَأَنَاْ رَاجِعٌ إِلَيْهِمْ وَدِاعِيهِمْ إِلَى الْإِسْلاَمِ).

داخۆ لە ماوەیەکی وا کەمدا چی فێر بووبێت وا هۆزەکەی بانگ دەکات بۆ ئەم دینە؟ بەڵام هەستی قوڵ و تێگەیشتنی فراوانی، ڕاستەوخۆ ئەوەی پێبەخشی کە ئەم دینە دینی بانگەوازو گەیاندنە!

دڵنیام زۆرێک لە ئێمە و مان یان زۆرێک لە موسڵمانان بە گشتی زۆر زانستی دینی لە طوفەیلی کوڕی عەمری دەوسی زیاتر و زیاتری پێیە، ئەوەی کە زانی لە ئیسلام هەموو چەند ساتێکی کەم بوو لە خزمەت پێغەمبەر ﷺ دا بوو، چەند ئایەتێکی قورئانی بۆ خوێندەوە و بووە خاوەنی ئەو هەستە، بەڵام زۆرێک لە ئێمە ڕۆژانە قورئان دەخوێنینەوە یان (حافظ)ی هەموو قورئانە و زانستی زۆری پێیە، بەڵام وەکو بەرد وایە لە جێگای خۆیدا چەقیوە و وشەیەک لە دەمی نایەتە دەرەوە، هەیە بە سەدان فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ -ی لە بەرە و شەرح و زانیاری تەواوی لە دەقەکە هەیە، بەڵام هەڵیدەگرێت و لە بوخچەی مێشکی دایناوە، هیچ کەس سوودی لێ وەرناگرێ، لەوانەشە سوودی لێ وەنەگرێت، طوفەیەلی کوڕی عەمری دەوسی هیچی نەزانی لە نوێژ و زەکات و ڕۆژوو، تەنانەت هیچ باسێکی دیاری کراوی لەگەڵ خۆی هەڵنەگرت، تەنها ئەوە نەبێت، کە زانی دینەکە ڕاستە و پێغەمبەر ﷺ حەقە، قورئانەکە وەحییە، بەوەندەوە دەگەڕێتەوە بانگەوازی ئیسلام دەکات. ئەو بووە ئەستێرەی ئیسلام بە کۆمەڵێک زانیاری کەم توانی بکەوێتە جوڵە بۆ ئەم دینە، جیاوازی لەگەڵ خەڵکیتردا ئەوەیە ئەوانەی کە ناجوڵێن بۆ ئەم دینە دەمرن و لەگەڵ خۆڵدا ناو لاشەیان ون دەبێت، ئەوە جیاوازییە گەورەکەی نێوانی هاوەڵان و خەڵکیترە.

طوفەیەل لە دوای چەشتنی شیرنی ئیسلام بۆ بانگەوازەکەی خێرا گەڕایەوە بۆ ناو هۆزەکەی و خۆشەویستانیو کەسو کاری تاکو بانگیان بکات بۆ ئەم دینە، ئەو بەوەندە وازی نەهێنا کە ئەم خێر و بەرەکەتە تەنها بۆ خۆی بێت و خەڵکیتر سوودی لێوەبگرن، پێویستە هەموو خەڵک سوودمەند بن لەم خێرە بە سەریاندا بڕژێت.

کاتێک گەڕایەوە بۆ ناو هۆزەکەی لە وڵاتی یەمەن خێرا دەستی کرد بە بانگەواز کردن و خۆی ڕووداو و باس و بەسەرهاتەکەمان بۆ دەگێڕێتەوە و دەفەرموێت: کە گەڕامەوە باوکم بەرەو پیرم هات بۆ پێشوازیم، باوکی پیاوێکی پیری بە ساڵاچوو بوو، خێرا وتی: بابە لێم نزیک مەبەوەرە، نە تۆ لە منیو نە منیش لە تۆم.

باوکی وتی: بۆچی چی بووە کوڕەکەم؟!

طوفەیل وتی: من موسڵمان بووم!

باوکی وتی: دەی کوڕم دینەکەی تۆش هەر دینی منە و باوکی ڕاستەوخۆ موسوڵمان بوو.

بێگومان ئەم شێوە و ئوسلوبە لەگەڵ کەسوکاری ئەو کەسانەی کە شارەزا نین لە دین و ڕەخنەگر بێت زۆر قورس و سەختە و ناشێت، بەڵام بەهەر حاڵ سوپاس بۆ خوا بەرهەمی هەبوو، هەمان ئوسلوب و شێوەی بەکار هێنایەوە لەگەڵ خێزانی، واتە: هاوسەرەکەی، خۆی دەگێڕێتەوە دەڵێت: هاوسەرەکەم هات بۆ لام چیم بە باوکم وت ئەوەشم بەو وت، ئەویش موسڵمان بوو، لە دوای

موسڵمان بوونی وتی: ئەی نەترسم لە شەڕی ئەو دینەمان، طوفەیەل وتی: لێی مەترسەو من گرەنتی ئەوەت ئەدەمێ.

دوو جار لەم جۆرە ئوسلوب و شێوەیە سەرکەوتوو بوو لە بانگەوازەکەیدا، بەڵام هەموو جارێک بەم شێوەیە سەرکەوتوو نابێت، خۆی دەفەرموێت: (دەوس)م بانگ دەکرد بۆ ئیسلام زۆر خاو بوون وەڵامیان نەداوە، بەم شێوە قورسە، خەڵکی بانگ دەکرد بۆ ئیسلام، بەداخەوە یەک کەس وەڵامی نەدایەوە و کەس موسڵمان نەبوو، گەڕایەوە بۆ لای پێغەمبەر ﷺ و فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ دەوسی گوێڕایەڵم نین و سەرپێچی دەکەن، نایەن بۆ ناو ئیسلام و ڕەدی ئەکەنەوە، دوعایان لێبکە با لە ناو بچن[١٢٧].

ئەو پێشتر هۆزەکەی زۆر خۆش دەویست، بەڵام کە زانی ئیسلام وەرناگرن و ڕەددی ئەکەنەوە، ئەو دەیویست شیرینی و شادی و خۆشی ئەم بنەماڵەیان بۆ بگوازێتەوە، بەڵام وەریان نەگرت ئیتر هیچ پەیوەندییەکی ئەوتۆ لە نێوانیاندا نەما، بۆیە ئەو خۆشەویستییە گۆڕا بۆ ئەوەی داوای لە پێغەمبەری خوا ﷺ کرد کە دوعا لە دەوسی بکات و لە ناو بچن، چونکە ئیمان و ئیسلام وەرناگرن.

پاشان پێغەمبەری خوا ﷺ لە دوای ئەوەی گوێ بیستی وتەکانی طوفەیل بوو، پێغەمبەری خوا ﷺ دەستی بەرزکردەوە بۆ ئاسمان و

١٢٧- يا رسول الله ﷺ، إن دوسا فَعَرضْتُ، رأيت، فَادعُ الله عَلَيْهاَ.

خەڵکی هەموو وایان زانی پێغەمبەری خوا ﷺ بە وتەی دەوسی دوعا دەکات و خەڵکەکە وتیان: تازە دەوس لە ناو چوون.

پێغەمبەری خوا ﷺ خاوەن ڕەحم و پڕ ڕێنموییە، جەنابیان پێداگیری لە مافی نەفس و مانەوە هیدایەتیان دەکات، نەک تەنها بۆ عەرەب بەڵکو بۆ هەموو جیهان و خەڵکی بە گشتی، بە تایبەتی هۆزی طوفەیل، کاتێک خۆشەویستمان دەستی بەرز کردەوە و فەرمووی: خوای پەروەردگار ڕێنمویی (دەوس) بکە و بیانهێنە ناو ئیسلام، پاشان فەرمووی: بە طوفەیل، بگەڕێرەوە بۆ ناو هۆزەکەت و بانگەوازیان بکە، بەڵام وشەیەکی‌تری پێ فەرموو: زۆر ناسک و جوان بوو، کە هەموو کێشەی (دەوس)و طوفەیلی چارەسەر کرد.

وشەکەش بریتی بوو: لەوەی فەرمووی: نەرم و نیان بە لەگەڵیاندا![١٢٨]

دیارە طوفەیل باسی چۆنەییەتی موسڵمان بوونی باوک و خێزانەکەی بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ گێڕاوەتەوە کە چی ڕوویداوە، بەڵام لەگەڵ هۆزەکەیدا سەرکەوتوو نەبووە بەو شێوەیە، بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ ئامۆژگاری کرد کە لەگەڵ خەڵکدا نەرم و نیان بە، بە ڕەحم بە لە گەڵیاندا، چونکە باشترین ڕێگا بۆ بانگەواز لەگەڵ خەڵکی سادە و گشتی‌دا نەرم و نیانی و ئیحترام و ڕەحمەتە.

---

[١٢٨]- رَفَعَ يَده رسول الله ﷺ وقال: اللَّهُمَّ اِهْدِ دَوْساً وأْتِ بهم، ثم قال: للطفيل اِرْجِعْ إِلَى قَوْمِكَ فَادْعُهُمْ، وَارْفُقْ بِهِمْ.

پاشان طوفەیل دەگێڕێتەوە دەڵێت: گەڕامەوە ناو خەڵکی (دەوس)و بانگەوازم دەکرد تا پێغەمبەری خوا ﷺ هیجرەتی کرد بۆ شاری مەدینە، ماوەیەکی پێ چوو تا کاتی جەنگی خەیبەر تاکو هەموو خەڵکی (دەوس) موسڵمان بوون، (٨٠) خێزانی لەگەڵ خۆیدا هێنا بۆ شاری مەدینە و لەوێ نیشتەجێبوون، پێغەمبەری خوا ﷺ لە دەستکەوتەکانی خەیبەر بەشی دان.

ئەوکاتەی کە موسڵمانان خەریکی جیهاد و بونیادنانی دەوڵەت و حوکومەتەکەیان بوون، طوفەیلیش سەرقاڵی بانگەواز بوو، لەگەڵیاندا و کە سەرکەوت لە بانگەوازەکەیدا (٨٠) ماڵی لەگەڵ خۆی هێناو خستیە سەر خێرو توانایی موسڵمانان، باسی ئەوە ناکەین (٨٠) کەس هێنا بێت، باسی (٨٠) خێزان دەکەین کە ژمارەیەکی زۆرە، لەو سەردەمەدا خێزانەکان زۆر گەورە بوون.

پاداشتێکی زۆر بۆ طوفەیل نووسراوە، توانی زۆرترین پاداشت و حەسەنات بۆ خۆی کۆ بکاتەوە، هەر کەس لەوانە نوێژێک بکات، یان لە پێناوی خوادا ببەخشێ یان جیهاد بکات، ئەوا بەشی(طوفەیلی تێدایە، بەڵکو ئەوەی شەهید بوو لە پێناوی خوادا، طوفەیل پاداشتی شەهید بووەکەی وەردەگرێت، طوفەیل لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی ڕابردوودا توانی خێر و چاکەیەکی زۆر کۆ بکاتەوە.

داخۆ چەند ساڵ بە سەر ئێمەدا تێپەڕ بوو بێت؟

یان چەند لە زانستو زانیاری لامان کۆ بۆتەوە و کەڵەکە بووە؟!

ئایا زەکاتی ئەو هەموو زانیاری و زانستەی کە لە لامانە داومانە؟!

ئایا زەکاتی ئەو چەند ساڵەی تەمەنی خۆماندواوە کە لە ژیاندایین؟!

ئایا زەکاتی ئەو دینەمان داوە کە وەرمان گرتووە و پێی عەزیز بووین؟!

ئایا زەکاتی ئەو هیدایەتەمان داوە کە خۆمان وەرمان گرتووە؟!

ئایا زەکاتی ئیمانی خۆمان داوە؟!

زەکات تەنها لە پارە و سەروەت و سامان نادرێت، بەڵکو دەبێت زۆر شت هەیە زەکاتی لێ بدرێت!

چەندمان لە خەڵکی فێری ئیسلام کردووە ئیسلامیان پێناساندوە؟

بە چەندین کەس ئەم ئایینەمان گەیاندووە؟

وامان کردووە لە چەند کەس کە ئیسلامیان خۆش بوێت؟!

هەموو ئەم پرسیارانە با لە خۆمان بکەین بزانین، لە چەندیاندا سەرکەوتوو بووین؟!

ئەزانن طوفەیلی کوڕی عەمری دەوسی کێی هێنا لەگەڵ خۆیدا لە ناو ئەو خێزانەدا بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ ؟!

ئەبوهورەیرە گوگڵی ئیسلام، ئەگەر تەعبیرەکەم دروست بێت و گونجاو بێت بۆ هاوەڵانی بەڕێزی پێغەمبەری خوا ﷺ ، هەرچی خێر و چاکەیەک بێت بۆ ئەبوهورەیرە، طوفەیل بەشدارە لەگەڵیدا بێئەوەی یەک پاداشت و ئەجر لە ئەبوهورەیرە و کەم بێتەوە، ئەبوهورەیرە هەوت هەزار فەرموودەی ڕیوایەت کردووە، زۆرترین فەرموودە لە ناو خەڵکیدا ناسراون، فەرموودەکانی ئەبوو هورەیرەیە بەهەمان شێوە پاداشتەکەی بۆ طوفەیل دەڕوات، ئەگەر بانگەوازی طوفەیل نەبوایە لەوانە بوو ئەبوهورەیرە نەبوایە ئەو ئەستێرەیەی جیهانی ئیسلامی شانازی پێیەوە بکات، بەڵام کێ هەیە ئێستا لە موسڵمانان ئەبوهورەیرە نەناسێت، ئەگەر نەهاتایەتە ناو ئەم دینە، هیچ کەس ناوی نەدەزانی و خۆل و خاک ناوەکەی ون دەکرد.

یان ناوی نەبوو لە هیچ لاپەڕەیەکی مێژوودا و نەدەبووە ئەو ئەستێرەی کە ئێستا بوونی هەیە، ئەگەر موسڵمانان هەر لاپەڕەیەک لە صەحیحی بوخاری و موسلیم، یان کتێبەکانی سوننەنی ترمزی، نەسائی، ئەبو داود، ئیبن ماجە، شافعی، موطەئی ئیمام مالیک، موعجەمی طەبەرانی و...هتد، هەمووی پڕە لە ڕیوایەتەکانی ئەبوهورەیرە ڕەزامەندی خوای لەسەر بێت.

یان هەر کتێبێکی (سیرە) یاخود سوننەت، یەک لاپەرە نابینیتەوە بەشی ئەبوهورەیرەی تێدا نەبێت، هەموو ئەم گەورەیی و خێرەی ئەبوهورەیرە دەگەڕێتەوە بۆ بانگەوازەی طوفەیلی کوڕی عەمڕی دەوسی کە فەرمانی بە چاکە کرد، ڕێگری دەکرد لە خراپە، ئەوەش بانگەوازە لە ئیسلامدا کە خوای پەروەردگار دەفەرموێت:

﴿وَمَنْ أَحْسَنُ قَوْلًا مِّمَّن دَعَآ إِلَى ٱللَّهِ وَعَمِلَ صَٰلِحًا وَقَالَ إِنَّنِي مِنَ ٱلْمُسْلِمِينَ﴿٣٣﴾﴾ فصلت

واتە: کێ هەیە وتەی لەو کەسە باشتر بێت کە بانگی خەڵکی ئەکات بۆ لای یەکخواپەرستی و گوێڕایەڵی خوای گەورە، وتراوە مەبەست پێی بانگدەرانیشە کە بانگی خەڵکی دەکەن بۆ نوێژ کردن، خۆیشی کردەوەی چاك ئەکات، نەك وەك ئەو کەسانەی کە فەرمان بە خەڵکی دەکەن بە چاکەو خۆیان نایکەن، بەرهەڵستی خەڵکی دەکەن لە خراپە و خۆیان دەیکەن، ئەڵێت: منیش یەکێکم لە موسڵمانان.

بانگەوازی عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب

هاوەڵان لە هیچ کات و شوێن و جێگایەکدا وازیان لە بانگەواز نەهێناوە تەنانەت لە جەنگیش دا بەرامبەر بە دوژمنەکان، زۆر جەختیان دەکردەوە لە سەر بانگەوازی دوژمنەکانیان لە خاکی جەنگدا و هێنانیان بۆ دینی خوای پەروەردگار.

هەموویان ئەم مەنهەجە پڕ پەوشت و جوانە لە پێغەمبەر ﷺ -ەوە فێر بوون، فێری عەلی کوڕی ئەبو تاڵیبی کرد لە جەنگی خەیبەردا کە پێش جەنگ بانگەواز بکات و فەرمووی: کاتێک دەچنە خاکی دوژمن و لە مەیدان دا سەرەتا بانگیان بکەن بۆ ئایینی پیرۆزی ئیسلام، فێریان بکە کە ئەرکیان چییە و دەبێت چی بکەن لە کاتێکدا یەهود ناحەزترین کەس و شەڕ فرۆشترین کەس بوون بۆ دژایەتی کردنی ئیسلام و پێغەمبەر ﷺ و موسڵمانان لە دوای خیانەتە یەک دوای یەکەکانی بەنو قەینوقاع و بەنو نەزیر و بەنو

قوڕەیزە، کەچی هێشتا پێغەمبەری خوا ﷺ بە ئیمامی عەلی دەفەرموونێت: بانگەوازیان بکە، پاشان بە ئیمامی عەلی فەرموو: سوێند بە خوا ئەگەر کەسێک هیدایەت بدرێت لە سەر دەستت، ئەوا باشتر و خێرترە لەوەی کە خاوەنی هەرچی خۆشی و مووڵکی ئەم دونیایە بێت، یاخود باسی جۆرێک لە وشترەک زۆر دەگمەن و هەر کەس هەیبێت جێگای شانازییە لەناو عەرەبدا، چونکە یەک کەس لە یەهود موسڵمان بێت پێغەمبەری خوا ﷺ پێی خۆشترە لەوەی کە بکوژرێت و بڕواتە دۆزەخ[129]. عەلی کوڕی ئەبوو تاڵیب هەمیشە لە هەموو جەنگێکیدا دژی بێباوەڕان بانگەوازی دەکرد.

بانگەوازی خالیدی کوڕی وەلید

لە گۆڕەپانی یەرموک دا یەکێکە لە جەنگەکان دژی ڕۆم لە ناوچەی یەرموک، خالیدی کوڕی وەلید سەرکردەی ئەو جەنگە بوو، لەگەڵ ئەبوعوبەیدەی جەڕاح، هەموو سوپاکە لە بەرامبەریەکدا ڕاوەستان و دژی یەکتر و ئامادەی جەنگکردن بوون، یەکێک لە سەرکردەکانی سوپای ڕۆم هاتە دەرەوە ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ جەنگ و بانگی سەرکردەی موسڵمانانی کرد، خالیدی کوڕی وەلید وەکو شێر بۆی دەرپەڕی، زۆر لەوە دەچوو پلانێکی

---

[129]- أنَّ رسولَ اللهِ ﷺ قال يومَ خيبرَ لأُعطِينَّ الرايةَ رجلًا يفتحُ اللهُ على يديهِ فذكرَ أنَّ الناسِ طمِعوا في ذلكَ فلمَّا كان من الغدِ قال أين عليٌّ؟ فقالَ على رسلِكَ انفُذْ حتَّى تنزلَ بساحتِهِم، فإذا أُنزِلتَ بساحتِهم فادعُهم إلى الإسلامِ وأخبِرهُم بما يجبُ عليهِم منهُ منَ الحقِّ أو من حقِّ اللهِ فواللَّهِ لَإنْ يَهدي اللَّهُ بكَ رجلًا واحدًا خيرٌ لكَ مِن حُمْرِ النَّعَم/رواه البخَاري وَمُسْلِم.

ترسناک لە ژێر سەریاندا دەبێت بۆ کوشتنی خالید، بەڵام خالید بێ دوو دڵی بۆی چووە مەیدان و ئامادەیی خۆی نیشاندا بۆ (جەرج)ە ناوی سەرکردەی ڕۆم بووە، هەردووکیان نزیک بوونەوە لە یەکتری تا ملی ئەسپەکانیان لەگەڵ یەکتر تێکەڵ بوو، ئەم نزیک بوونەوە لە جەنگدا بۆ گفتوگۆیە و هەردوولا دەبێت ئەمان بدەنە یەکتری و خیانەت نەکەن لە کاتی گفتوگۆدا.

جەرج بە خالیدی وت: ڕاستم پێ بڵێ و درۆم لەگەڵدا مەکە، چونکە پیاوی ئازا هەرگیز درۆ ناکات، پاشان هەڵم مەخڵەتێنە بە وشە و قسەی سیاسی، چونکە پیاوی بەڕێز پەیامی خوا بڵاو بکاتەوە کەس ناخڵەتێنێت، ئایا لە لایەن خواوە بۆ پێغەمبەرەکەتان ﷺ شمشێرت بۆ هاتووە لە ئاسمانەوە؟

پاشان ئەو شمشێرەی داوە بە تۆ بۆیە تا ئێستا لە هیچ جەنگێکدا شکستت نەخواردووە؟

پرسیارێکی زۆر سەیرە لە خالید دەکرێت چونکە زۆر سەرسامە بە هەموو سەرکەوتنەکانی خالید وای نابینێت هێزی موسڵمانان لە چەک و جبەخانەیاندا بێت، چونکە خالید هەر سەرکەوتوو بوو چی بەرانبەر فارس دا و لە بەرانبەر موشریکەکاندا، بە هەمان شێوە ڕۆمیش، ئیتر بۆیە جەرج تووشی شۆک بووە، سەرسامە بە خالید، بۆیە سوێندی ئەدات. لە وەڵامدا خالید زۆر بە سادەیی دەڵێت: ئەوەی تۆ باسی دەکەیت ڕووی نەداوە نە شمشێر لە ئاسمان دابەزیوە و نە هیچ، بۆیە زۆر بە سادەیی دەڵێ: نەخێر.

جەرج دەڵێت: ئەی بۆچی ناونراویت بە شمشێری خوا؟!

ئیتر لێرەدا خالید زانی جێگاکە لە جەنگ دەرچووە و جێگای بانگەوازە، بۆیە بەو پەڕی بیر فراوانی و توانا و هێزی وشە وەڵامی ئەداتەوە، چونکە شمشێر هێندەی وشە بەهێز نییە، دەیویست بانگەوازی جەرج بکات بۆ ئیسلام، چونکە لە ناو دڵیدا مەیلێک و خۆشەویستییەک هەیە بۆ ئیسلام، بە پێچەوانەوە شک و گومانی هەیە لە ڕۆم و دینەکەی، بەم جۆرە بانگەوازە ئەگەر هەستی پێبکات بەشێکی زۆر گەورە و ئەرێنی و هیوا و ئومێدی زۆرە، پاشان جۆرێکە لە بەدەست هێنانی سوود و قازانج، لە هەمان کاتدا سوپا لە هەر دوولا وەستاون بۆ جەنگ، داخۆ دەبێت خالیدی کوڕی وەلید چ وەڵامێک بداتەوە ؟!

خالید وتی: خوای موتەعال پێغەمبەرێکی بۆ ناردین لە ناو خۆماندا، بانگەوازی کردین، لێی هەڵهاتین. دژایەتیمان کرد هەموو لاکان، پاشان هەندێک لە ئێمە بڕوای پێکرد، شوێنی کەوتن، هەندێکیان بە درۆمان زانی و لێی دوورکەوتینەوە، من لەوانە بووم کە بە درۆم دەزانی، پاشان لێی دوورکەوتمەوە.

بۆیە لێرەدا بەم ڕوونداوە دەستی پێکرد دەیویست بە جەرج بڵێت: منیش وەکو تۆ بوو، پاشان قسەکانی بۆ تەواو ئەکات و خالید دەفەرموێت: خوای گەورە دڵی کردینەوە، ئەقڵ و مێشکمان کرایەوە، بە هیدایەتی ئەم دینە هاتینە ناوی، بەیەتمان دایە پێغەمبەر ﷺ، لە کاتی بەیعەتەکەماندا پێغەمبەر

ﷺ پێی فەرموو: تۆ یەکێکی لە شمشێرەکانی خوا دژی موشریک و خوانەناسان بەکاری بهێنە.

پاشان دوعای بۆ کردم بۆ سەرکەوتن، بەو هۆکارە ناونرام بە شمشێری خوا لەوکاتەوە دژی موشریکەکانم و زۆر تووندم لە سەریان.

جەرج وتی: خالید بانگەوازەکەتان داوای چی دەکات؟

خالید وتی: شایەتیدان بە تاک و تەنهای خوای پەروەردگار و بڕوا هێنان پێی و هەروەها بە پێغەمبەرەکەشی ﷺ، دان نان بەو کار و عیبادەتانەی لای خوای گەورەوە هاتوون.

جەرج وتی: ئەی ئەگەر کەسێک ئەوەی نەویست وەڵامی نەدایەوە؟!

خالید وتی: دەبێت (جزیە) بدات و ئیتر پارێزراوە.

جەرج وتی: ئەی ئەگەر جزیەی نەدا؟

خالید وتی: خۆی ئامادە بکات بۆ جەنگ تا کۆتایی ژیانی دەیکوژین یان دەمانکوژن.

جەرج وتی: ئەگەر کەسێک هاتە ناو ئێوە جێگا و مەکانەت و پێزی چۆن دەبێت؟

خالید وتی: هەموو وەک یەک واین ئەوەی خوای گەورە لە سەرمانی داناوە، شەریف و عەبدو گەورە و بچووک هەمووی پیادەی دەکات و هەموو یەکسانین.

جەرج وتی: ئەوەی دێتە ناوتان دەبێتە خاوەنی پاداشت وەکو ئەوانەی ئێوە پاداشتی دەبێت؟!

خالید وتی: بەڵێ، بگرە لە ئێمەش باشترە.

جەرج وتی: من چۆن دەتوانم یەکسان بم لەگەڵ ئێوەدا، لە کاتێکدا ئێوە لە پێشەوەن و پێشکەوتوون؟

خالید وتی: ئێمە ئەم دینە و پێغەمبەرەکەیان بینی و بەیعەتمان پێدا، ئەو لە ژیاندا بوو لە خزمەتیدا بووین، وەحی لە ئاسمانەوە بۆ دەهات، ئاگاداری دەکردینەوە لە قورئان، ئایەت و موعجیزەکانمان بینی، ئەو ڕاستی و دروستیو حەق بوو بە چاو بینیمان، گوێ بیستی هەموو هەواڵەکان بووین، موسڵمان بووین و گوێڕایەڵ و بەیعەتمان دا، بەڵام ئێوە ئەوەی بیستتان نەتان بینیوە لەو سەرسوڕهێنەرانە و لەو بەڵگە و حوجە بەهێزانە، بۆ ئێمە هەموو حوجە بوو لە سەرمان، بەڵام ئێوە کە دێنە ناو ئەم دینە ئیمان بە حەقیقەتی دەهێنن نییەتەکەتان زۆر لە ئێمە بەرزترە و فەزڵی زیاترە.

جەرج وتی: سوێندت ئەدەم ڕاستگۆ بیت لەگەڵمدا و هەڵمناخڵەتێنیت و دڵنەوایم ناکەیت؟

خالید وتی: سوێند بە خوا ڕاستگۆ بووم لەگەڵتدا و ئەوەی وتومە خوای پەروەردگار ئاگاداڕە بە سەرمەوە.

پاشان جەرج بە خالیدی وت: فێری ئیسلامم بکە، خالید زانی دڵی پڕە لە ئیمان چوو بۆناو ڕیزی سەربازگەکەی و ئاوی هێنا و فیری دەستنوێژی کرد و دوو ڕکعات نوێژی تەوبەیان کرد.

پاشان بوو بە موجاهید و لەگەڵ خالید هێرشیان بردە سەر ڕۆم و ئەو ڕۆژە جەنگی کرد تا لە ڕۆژئاوابووندا شەهید بوو ڕەحمەتی خوای لێ بێت، نوێژێکی فەرزی نەکرد، تەنها دوو ڕکعات نوێژ نەبێت لە ژیانیدا[١٣٠]!

١٣٠- تقول الرواية: وخرج (جرجه) وهو أحد الأمراء الرومان الكبار من الصف- أي من صف المشركين في ميدان المعركة- واستدعى خالد بن الوليد، وكان من الممكن أن يقول سيدنا خالد، وهو قائد الجيش إن هذه مؤامرة أو مكيدة تدبر له، ويراد منها قتله، ولكنه رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ ما كان يتردد على الإطلاق إذا طلب أحد لقاءه أو منازلته في ميدان الحرب، فجاء اليه حتى اختلفت أعناق فرسيهما، وقد أمن كل منهما صاحبه، فقال جرجه: يا خالد، أخبرني فاصدقني، ولا تكذبني، فان الحر لا يكذب، ولا تخادعني، فان الكريم لا يخادع المسترسل بالله، هل أنزل الله على نبيكم سيفا من السماء، فأعطاكه فلا تسله على أحد إلا هزمتهم؟

القول، قال خالد: لا.

قال: فبم سيف الله؟

خالد قال: رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ: إن الله بعث فينا نبيه، فدعانا، فنفرنا منه، ونأينا عنه جميعا، ثم إن بعضنا صدقه، وتابعه، وبعضنا كذبه، وباعده، فكنت فيمن كذبه، وباعده.

لماذا يقول سيدنا خالد هذا الكلام؟ ويذكر أنه كان ممن كذب وباعد رسول الله في بداية الأمر؟

إنه يريد أن يقول لهذا القائد إني كنت مثلك أحارب المسلمين، وأقاتلهم، ولكن هداني الله إلى الإسلام، وربما تكون أنت كذلك، ويكمل خالد رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ يقول: ثم إن الله أخذ بقلوبنا، ونواصينا، فهدانا به، وبايعناه، فقال لي صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: أَنْتَ سَيْفٌ مِنْ سُيُوفِ اللَّهِ سَلَّهُ عَلَى الْمُشْرِكِينَ، ودعا لي بالنصر، فسميت سيف الله، بذلك فأنا من أشد المسلمين على المشركين.

فقال جرجه: يا خالد إلام تدعون؟

قال: إلى شهادة أن لا إله إلا الله، وأن محمدا عبده ورسوله والإقرار بما جاء به من عند الله عز وجل.

قال: فمن لم يجبكم؟

قال: فالجزية ونمنعهم.

قال: فإن لم يعطها؟

قال: نؤذنه بالحرب، ثم نقاتله.

قال: فما منزلة من يجيبكم، ويدخل في هذا الأمر اليوم؟

قال: منزلتنا واحدة فيما افترض الله علينا شريفنا، ووضيعنا، وأولنا، وآخرنا.

قال جرجه: فلمن دخل فيكم اليوم من الأجر مثل ما لكم من الأجر، والذخر؟

قال: نعم وأفضل.

قال: وكيف يساويكم وقد سبقتموه؟

فقال خالد: إنا قبلنا هذا الأمر عنوة، وبايعنا نبينا، وهو حي بين أظهرنا، تأتيه أخبار السماء، ويخبرنا بالكتاب، ويرينا الآيات، وحق لمن رأى ما رأينا، وسمع ما سمعنا أن يسلم ويبايع، وإنكم أنتم لم تروا ما رأينا، ولم تسمعوا ما سمعنا من العجائب، والحجج، فمن دخل في هذا الأمر منكم بحقيقة، ونية كان أفضل منا.

فقال جرجه: بالله، لقد صدقتني، ولم تخادعني، ولم تآلفني؟

قال: تالله لقد صدقتك، وإن الله وليّ ما سألت عنه.

ئەوە مانای بانگەوازە بە تێگەیشتنی هاوەڵان، هیچ شتێک نەبوو بە ڕێگر لە بەردەم بانگەوازدا لای هاوەڵان، ئیمان هێنانی یەک تاکە کەس لای هاوەڵان زۆر گرنگە زۆر بە بەهاتر بووە لە هەرچی سەروەت و سامان و گەنجی دنیایە، ئەو دوژمنە بینراوەی کە ڕقیان لێ بۆتەوە و جەنگیان کردووە لە چرکە ساتێکدا بوو بە خۆشەویسترین کەس و برایان لە دڵیاندا. ئەوان بەم شێوەیە تێکۆشاون بۆ دینی خوای پەروەردگار، ئەوان ڕەزامەندی خوایان لێبێت خۆشی و شادیان بۆ خەڵکی سەر زەوی ویستووە و بە ئەرکی سەر شانی خۆیان زانیوە، بە جوانترین شێوە و باشترین شێوە ئەنجامیان داوە، ویستوویانە خەڵکی بکەنە بەندەی خوا لە کۆیلایەتی مرۆڤەوە، فەرمانیان و ئارەزوو ئەرکی سەر شانیان ئەوە بووە کە خەڵکی بەرن بەرەو بەهەشت و دووریان بخەنەوە لە ئاگری دۆزەخ، باشە ئەگەر (جەرج) لە ڕیزی ڕۆم دا بکوژرایە چی ڕووی ئەدا؟!

بێ گومان کافر بوون و بۆ ئەبەدی لە ناو دۆزەخ دا ئەمایەوە.

فعند ذلك قلب جرجه الترس- فهو حتى هذه اللحظة على استعداد للقتال، ولكنه بعد أن سمع هذا الكلام وبعد أن دعاه خالد إلى الإسلام- قلب الترس ومال مع خالد وقال: علمني الإسلام، فمال به خالد إلى فسطاطه، فشن عليه قربة من ماء، ثم صلى به ركعتين وحملت الروم مع انقلابه مع خالد، فركب خالد وجرجه معه، فضرب فيهم خالد، وجرجه من لدن ارتفاع النهار إلى جنوح الشمس للغروب، وصلى المسلمون صلاة الظهر، وصلاة العصر إيماء وأصيب جرجه .

وسبحان الله استشهد، ولم يصل إلا الركعتين اللتين صلاهما عندما أسلم.

باشە ئەگەر خالید ئەوکاتەی تەرخان نەکردایە و ئەو هەوڵ و تێکۆشانەی نەدایە، بانگەوازی نەکردایە ئەنجام چی دەبوو؟!

بێگومان دۆزەخ بۆ جەرج دەنوسرا، چونکە خالید نەدەکوژرا، لەبەر ئەوەی کەس ناتوانێت شمشێری خوا بشکێنێت، بەڵام بۆ ئەو کەسێک لە کافرانی ڕۆم لە جەنگی یەرموک کوژرا، بەڵام ئێستا کە ناوی جەرج دەبەین، دەڵێین: ڕەحمەتی خوای لێبێت، لاپەڕەکانی مێژووی مێژوونووسان پڕ بۆتەوە لە ناوی جەرج و باسی بۆ تەرخان کراوە، کە تەمەنی لە ئیسلامدا هەموو چەند کاتژمێرێک بووە پاشان شەهید بووە.

جیاوازەکە زۆر زۆرە، ئەو جیاوازییە گەورەیەش بانگەواز دروستی کرد فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە.

ئەگەر ئەم ئوممەتە ئەو کارە لە دەست بدات لە بانگەواز دەبێت چی ڕوو بدات؟ یاخود هەر لە بنەڕەتی ئەم ئیمتیازەی نەبوایە، ئەوە بە دڵنیاییەوە ئەم ئوممەتە هەر زوو لە ناو دەچوو و ناوی نەدەما، جا تێگەیشتن لە بانگەواز بە دید و تێگەیشتن و تێڕوانینی هاوەڵان زۆر گرنگە بۆ ژیانی بە شێوەیەکی گشتی بۆمان ڕوون بوبەوە دید و تێڕوانینی هاوەڵان بۆ بانگەواز، هەروەها لە چۆنیەتی بانگەوازی ئەوانیشمان زانی، کە ناسراوە بە فیقهی بانگەواز بۆ دینی خوای موتەعال، زانیشمان کە ئەوان چەندە جەخت دەکەنەوە لە سەر فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە، بەڵام هەموو ئەمانەی کە باسمان کرد بە ڕوحێکی برایەتی و جێبەجێیان دەکرد، بوو بوون بە برا، ئەگەر ئەو برایەتییە نەبێت، هەرگیز کارکردن و بانگەواز ناگاتە ئەنجام، نەوەکو وەکو ئێستا، دوو بانگەوازی

ناسراو نابینن کە هاوکاری تەواوی یەکتری بکەن، ئەوە بێجگە لە سەلەفی، ئەشعەری، صۆفی و ناوەکانی تریش کە هەمووی دژی یەکترن، هەر لە ناو سەلەفییەکاندا چەند پارچەن، بێجگە لەوەی لە ژێرەوە هەموو دژی یەکترن، ئەوە ئەگەر بانگەوازێک تۆزێک سەرکەوتوو بوو، سبحان الله لە جیاتی هاوکاری کردنی هەزار و یەک لەمپەر دەخەنە سەر ڕێگاکەی، جارێ بە ناو و ناتۆرە بوەشێنێت ئینجا چەکی دەستی نەخوێندەوارەکان، خێرا دەڵێن: عەقیدەی تەواو نییە، خۆشی کە وا دەڵێت نە ئەزانێت بیرو باوەڕ چییە نە شارەزای بوو، بەڵکو خۆی وێرانە.

بە هەرحاڵ بۆ تەواوکردنی پرۆژەکەمان دەبێت باسی برایەتی هاوەڵان بکەین کە چۆن بوونەتە پشت و پەنای یەکتری.

تابلۆی پانزەیەم:

برایەتی نێوان هاوەڵان

بەردەوام لەم تابلۆیانەدا بە دوای مەشخەڵی ڕێگای هاوەڵاندا دەگەڕێین، داواکارم لە پەروەردگار ڕێگای ئەوانەمان نیشان بدات بمانگەیەنێتە (الفردوس الأعلى)و بەهەشتی بەرین.

لەم تابلۆیەدا بە دوای تێگەیشتنێکی نوێ دەگەڕێین، ئەویش لە سەر برایەتی نێوان هاوەڵان.

هەروەها تێگەیشتنێکی نوێی ئیسلام لە سەر خودی برایەتی لە نێوانی مرۆڤەکاندا، پاشان بزانین هاوەڵان چۆن مامەڵەیان کردووە لەگەڵ چەمکی برایەتی، ئەم تێگەیشتنە ئەگەر نەیەتە دی واتا بێ برایەتی هەرگیز ئوممەت دروست نابێت، کەواتە برایەتی ڕوکنێکی گرنگی ئیسلامەتی و ئیمانە.

کە تەماشای ژیانی پێغەمبەر ﷺ دەکەین ڕۆڵ و کارکردنی هەمووی لە برایەتی نێوان موسڵمانانداە دەبینیتەوە کاری ئەوە بوو خۆشەویستی و برایەتی لە نێوانی موسڵمانانداە دروست بکات.

لە واقعی ئەمڕۆدا برایەتی لە سەر بنەمانی ئیسلامەتی دروست نابێت بە داخەوە، بەڵکو پێوەری تر زۆر بۆ برا بوون. لەو پێوەرانە بریتین: خزمایەتی، عەشیرەتگەرایی، زمان و ڕەگەز و کوردایەتی و عەرەبچێتی...هتد.

گومان نییە لەوەی کە برایەتی لەناو خەڵکی کۆمەڵگایەکی صاڵح و چاکو پتەو دروست دەکات، بونیاد و بنەڕەتی ئیسلامی و ئوممەتەکەی لە سەر بنەمای برایەتییە، ئەگەر برایەتی نەبێت هەرگیز دانامەزرێت، پێغەمبەری خوا ﷺ کاری یەکەمی برایەتی بوو، بونیادی نا لە نێوانی هاوەڵاندا لە شاری مەککە، بیلاڵ و ئەبوبەکری کردە برا هەموو ئەوانی تریش، زۆرێک لە ئێمە وا دەزانێت کە برایەتی نێوان موسڵمانان لە شاری مەدینەوە سەرچاوەی گرتوە، بەڵام لە ڕاستیدا لە ماڵی ئەرقەمی ئەبی ئەرقم، لە یەکەمین بارەگای موسڵمانان برایەتی سەرچاوەی گرتوە ڕۆڵی پێغەمبەری نازدار ﷺ دوای ناساندنی یەکتاپەرستی، ڕاستەوخۆ کارکردن بوو لە سەر برایەتی لە نێوان موسڵمانان، چونکە ئەگەر ئەو گیانی برایەتییە نەبوایە هەرگیز ڕێکخستنە سەرەتاییەکان دروست نەدەبوون.

هەروا بە سادە و سانایی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەیفەرموو: ئیماندار بۆ ئیماندار وەکو بونیادی دروستکردنی خانوو بینا و قەڵایە، کە گەیشتن بەیەک یەکتری بەهێز دەکەن[١٣١].

وشەی (البنیان) لە فەرموودەکە هاتووە کە لە ڕاستیدا بەلاغە و بەیانێکی جوان و ڕێک و پێکە لە ڕستەکەی پێغەمبەردا ﷺ یان فەرموودەکەیدا، جوانی تەشبیهەکەی کە چواندوویەتی بە بینا و باڵەخانە ئەم ئوممەتی ئیسلامە، جا ئاستەمە بونیادی بینا و باڵەخانەی گەورە بکەیت، ئەو چیمەنتۆ

١٣١- عَنْ أَبِي مُوسى الأشعري رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ قَالَ النبي ﷺ: المُؤْمِنُ لِلْمُؤْمن كَالْبُنْيان يَشُدُّ بَعْضَه بَعْضا، ثُمَّ شَبَّكَ بَيْنَ أصابعه/رواه البخاري.

و یان جۆرە لە خۆڵ کە دەگەڕێتەوە پێویستی بە شتی تر هەیە تا بەهێزی بکات، ئەگەر بینا و و باڵەخانەکەت چەند نهۆمی بوو ئەوا چیمەنتۆ و شیش و کەرەستەی زۆرت پێویستە بۆ بەهێزکردنی بونیادی باڵەخانەکەت، ئەو بونیادە لە دامەزراندنی کۆمەڵگەی ئیسلامی و ئوممەتەکەی برایەتییە.

هەرگیز چاوەڕوانی ئەوە ناکرێت ئوممەتی ئیسلامی بێ برایەتی دامەزرێت، تەنانەت کۆمەڵگە و حیزبی ئیسلامیش. خوای موتەعال دەفەرموێت:

﴿إِنَّمَا ٱلْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ فَأَصْلِحُواْ بَيْنَ أَخَوَيْكُمْ ۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ ﴿١٠﴾﴾ الحجرات

واتە: تەنها باوەڕداران برای ڕاستەقینەی یەکترن، ئێوەیش صوڵح و ئاشتەوایی بکەن لە نێوان براکانتاندا، تەقوای خوای گەورە بکەن بەڵکو خوای گەورە ڕەحمتان پێ بکات.

ئەگەر تەماشای ئایەتەکە بکەین بە پێ داگیری و ئیسپات هێناویەتی، بە ڕاستی ئیماندارانی برای یەکترن، هیچ چاکەیەک ڕوو نادات لە ناو ئوممەتدا بە بێ برایەتی.

لە سەرەتای دروستکردنی بونیادی کۆمەڵ و جەماعەتی موسڵمانان لە شاری مەککە پێغەمبەری خوا ﷺ لە سەر بنەمای برایەتی بونیادی ناو خۆشەویستی خستە نێوانیان و هەموویانی لە جێگایەکدا کۆ کردەوە کە یەکتریان خۆش بوونێت و برایی یەکتری بکەن.

پاشان لە شاری مەدینە دا هەر لە سەر ئەو بونیادە کاری کرد و خەڵکی شاری مەدینە کە پێکهات بوون لە دوو عەشیرەت و هۆزی سەرەکی بە ناوی (ئەوس و خەزرەج) هەردووکیان پێشتر جەنگیان بوو بە یەکەوە، پێغەمبەری خوا ﷺ کردنییە برا و ناوی نان ئەنسار، دوای ئەوە موجاهیدیش کردە برای ئەنسار.

هەموو ئەو ناکۆکی و ڕا جیاوازیانەی هەیان بوو لە نێوانیاندا لای برد، تەنها ئەوە نەبوو کە پێکەوە ژیانی ئاشتیانە بژین، بەڵکو خۆشەویستی و بەزەیی خستە نێوانیان، بوونە برای ڕاستەقینە لە بەر خاتری خوای موتەعال، تەنانەت برایەتی نێوان ئەنسار و موجاهید گەیشتە ڕادەیەک کە میراتیان لە یەکتری وەردەگرت، لە کۆتاییدا هەموو نیشتمانی عەرەبی کردە برا، هەر لە تیرە و بەشەکانی عەرەب بە گشتی لە ئەوس و خەزرەجی کە لە قەحطانی بوون لە گەل یەمەنییەکان کە یەک تیرە بوون، پاشان لەگەڵ عەدنانییەکان کە بنەڕەتیان قوڕەیش بوو پاشان هەر لە موزەییە، کەنعانی، غەسانی و...هتد.

کاری کرد تا بوونە برای تەواو و خۆشەویستی خستە نێوانیان، لە دوای ئەوەی کە برایەتی لە نێوانیاندا ڕەگی داکوتا و ڕەنگی دایەوە، ئینجا هەموو بوونە تاکی چاکەخوازی دەوڵەت و دەسەڵاتی دامەزراند، لە سەرەتاوە لە شاری مەدینەوە دەستی پێکرد تا هەموو جێگایەکانی گرتەوە و پاشان خیلافەتی ئیسلامی لە سەر دامەزراند، برایەتی کاری کۆمەڵسازی کارێکی سەرەکی پێغەمبەر ﷺ بوو.

ئەگەر تەماشای زۆربەی دروشمەکانی هەموو پەیوەستن بە کاری کۆمەڵکاری و لە سەر بنەمای کۆمەڵگا کار دەکات، جەخت لە سەر خۆشویستن و بەزەیی و میهرەبانی دەکاتەوە.

نوێژی جەماعەت: خوای پەروەردگار لەو نوێژەدا پاداشتی زیاتر دەبەخشێت بە کەسانێک کە لە مزگەوت و لەگەڵ موسڵمانانداا ئەنجامی بدا، تا کەسێک بە تەنها و خۆی لە ماڵەوە یان لە مزگەوت ئەنجامی بدات، بەڵکو بیست و حەوت پلە زیاترە لە نوێژی تاکە کەسی، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندی کۆمەڵسازی لە نێوان موسڵمانانداا.

دانی زەکات: ئەمەش بۆ خەڵکی ترە و بۆ کاری تاکە کەسی نییە، بەڵکو دەبەخشێت تا خەڵکی تر سوودی لێ وەربگرێت، کەواتە زەکاتیش دروشمی تاکە کەسی نییە.

حەج کردن: وەکو کۆنگرەیەکی ساڵانەی موسڵمانانە کە گەورەترین کۆنگرەیە و لە هەموو جیهانەوە خەڵکی دێنە ئەو جێگایە و کۆ دەبنەوە هەموو ساڵێک.

جیهاد کردن: کاری یەک کەس و دوو کەس و چەند کەس نییە بە تەنها، بەڵکو جیهاد کاری ئوممەتە لە هەموو وڵاتان جێگاکانی جیهادی ئیسلامی.

بانگەواز: هەروەها کاری کۆمەڵکاری دەوێت، کە بانگەواز هەبوو دەبێت ئەوەی گوێی بۆ دەگرێت، واتا وەرگرانی بانگەوازەکە کۆمەڵێک کەس بن، هەروەها وەرگرتنی زانست دەبێت عالم و قوتابی هەبێت.

شورا و مەجلیسی حەل و عەقد، پێویستی بە کۆمەڵێک کەسی تایبەتمەند هەیە، هەموو شتێک لە ئیسلامدا پێویستی بە خەلیفە بوونی مرۆڤ لە سەر زەویدا، ئەوەش پێویستی تەواوی بە کاری کۆمەڵسازی هەیە، تەنانەت چەمک و تێگەیشتنی بە خەلیفە بوونی مرۆڤ لەسەر زەویدا ئەویش پێویستی تەواوی بە کاری کۆمەڵە، پێویستە خەڵکانێک خەریکی کشتوکاڵ بن، خەڵکانێک لە بواری پزیشکی و تەندروستی خەڵکانێکیتر لە بواری داهێنانو تەکنەلۆژیا، خەڵکانێکیتر بە کاری بازرگانی...هتد.

پێویستە لە نێوانی ئەم کۆمەڵانەدا سەرکەوتن ڕوو بدات، مەبەست هەموو چینی کۆمەڵگەیە، ئەگەر خۆشەویستی و گیانی برایەتی، میهرەبانی نەبێت هەرگیز سەرکەوتن بەرهەمی باشی بە دەست نایەت و پێویستیان بە هاوکاری یەکتری هەیە، هاوکاریش لە سەر بنەمای برایەتی دروست دەبێت، ئەو برایەتییەش پێویستی بە پەیوەندیەکی توند و تۆڵ هەیە، ئەویش کە خودی ئیسلامەکەیە.

دەبێت ئەوە باش بزانین کە هەمیشە ململانێ لە نێوانی حەق و باطڵدا ڕوو ئەدات، چونکە ئەمە سوننەتی خوای پەروەردگارە، ئەو ململانێیەش پێویستی بە وەحدەتی نێوانی ئەهلی حەقە کە بتوانێت ڕوو بەڕووی ئەهلی باطڵ بێتەوە.

ئەگەر ململانێ لە نێوانیاندا دەستی پێکرد، ئایا ئەهلی حەق و خواناسان سەرکەوتوو دەبن ئەگەر لە نێوان خۆیاندا کاری دوژمناکاری و بوغز و ڕق لە نێوانیاندا هەبێت، ئایا دەتوانن بەرەنگاری ئەهلی باطڵ ببنەوە بە دڵنیاوە هەرگیزاو هەرگیز سەرکەوتن ڕوو نادات، هەمیشە ئەهلی باطڵ زاڵ دەبێت،

ئەوەش حاڵی ئەمڕۆی ئوممەتەکەمانە، باشترین نموونە لە دوای گەردەلولی ئەقصا کە حەماس ئەنجامی دا، خوا جەزای خێریان بداتەوە لە جیاتی ئەوەی هاوکاری بکرێن، کەچی زۆرێک لە ناو موسڵمانانداو دژایەتییان کردن کەس بە دەمیانەوە نەچوو، بە پێچەوانەوە سەرۆکی ئەمەریکا (جۆ بایدن)ی خوێنڕێژی تیرۆرستی منداڵ کوژ، وەکو خۆی وتی: (بەهەموو شێوەیەک هاوکاری یەهود و جولەکەی کرد) کەچی سەلەفییەکانی لای ئێمە لە بەر خاتری ستراتیژی سعودیە دژی ئیخوان، نەک هاوکار نەبوو، بەڵکو ڕەخنەیان لێ دەگرتن و بە دەستدرێژکار و دەستپێکەری شەڕیان دەزانین، لەو لاشەوە هەموو ڕۆژئاوا یەکیان گرت بۆ شەهید کردنی بیست هەزار کەس لەماوەی دوو مانگ دا تا کاتی ئەم نووسینە جەنگ بەردەوامە.

خوای گەورە برایانمان لە خاکی جیهاد دا لە فەڵەستین دژی یەهود سەر بخات، یەهودی ئیسرائیل لە ناو فەڵەستین دا خوای موتەعال بیانکاتە بە ناخی زەویدا.

کەواتە خوای پەروەردگار هەموو ئەوانەی کە لە سەر موسڵمانان بە پێویستی داناوە وەکو پیادەکردنی شەریعەتی ئیسلام و جیهاد و شورا و دامەزراندنی دەوڵەت و خیلافەت، هەمووی بە بوونی برایەتی و لابردنی کینە و بوغز و ڕق لە یەکتر بوون، کە ڕێنمایەکانت ئەنجام دا دڵنیابە سەرکەوتن مسۆگەرە لە لایەن خوای گەورەوە بە پشتیوانی خۆی.

تێگەیشتن لە چەمکی برایەتی لای هاوەڵان

هاوەڵان لەوە تێگەیشتبوون گرنگی برایەتی و خودی برایەتی یەکتری لە ڕێگای نەسەب و دایک و باوکەوە نییە، یاخود لە پێناوی پارە و ساماندا نییە، یاخود: لە پێناوی بەرژەوەندی دونیادا نییە، دید و تێڕوانین و تێگەیشتنیان وابوو کە ئۆممەت دانامەزرێت و عیبادەتی خوای گەورە بە تەواوی ناکرێت و بوون بە خەلیفە لە سەر زەوی ڕوو نادات، تەنها لە ڕێگای برایەتییەوە نەبێت، هیچ کام لە هاوەڵان ئەوەیان ڕەد نەدەکردەوە کە برایەتی سەرەکیترین توخمی ئیمان و خەلیفە بوونە، پەیوەندی خۆشەویستی نێوانی ئۆممەت و کۆمەڵگەی ئیسلامی صاڵح و خواناسە، برایەتی ناو کۆمەڵگە و تاکە کەسەکان هەر یەکە دید و تێڕوانینی تایبەت بەخۆی هەیە، هەروەها خۆشەویستی هەر لایە و بە جۆرێک لە جۆرەکان لەوانە لێی بڕوانێت. دەبێت بزانین هاوەڵان چۆن لەم برایەتی و خۆشەویستییە تێگەیشتبوون؟ چۆن تێگەیشتبوون لە خۆشەویستی لە پێناوی خوای پەروەردگاردا؟ بە گشتی خۆشەویستیو برایەتی لە ناو هاوەڵاندا بە چ شێوەیەک بووە، تا ئێمەش بتوانین ئەو ڕێگایە بگرینە بەر لە بواری تاکە کەس و کۆمەڵگەدا بە گشتی.

بە تێڕوانینی نووسەر هاوەڵان بە چوار تێگەیشتن لەم چەمکە تێگەیشتبوون و هەر ئەوەشە وا دەکات لە هاوەڵان کە جیاواز بن لە هەموو کۆمەڵگا و ئۆممەتەکانی تر لە ڕووی برایەتی و خۆشەویستی خوایە بۆ یەکتری، ئێمەش بتوانین شوێن هەنگاوەکانیان بکەوین بۆ ئەوەی ڕێگای هاوەڵان ون نەکەین.

تێگەیشتنی یەکەم: برایەتی لە پێناوی چوونە بەهەشت

هاوەڵان تێگەیشتنیان وابوو کە برایەتی ڕێگای چوونە بەهەشتە، لەبەر ئەوەیە بەهایەکی زۆر گەورەیان بۆ برایەتی دەدا لە ناو خۆیاندا پیادەیان دەکرد، بە چاوی برایانەوە تەماشای یەکتریان دەکرد، چونکە ڕێگای بەهەشتی خوای موتەعالە، هەروەکو چەمکەکانیتر یاخود دروشمەکان چۆن هەریەکەیان هۆکارو ڕێگای چوونە بەهەشتن، برایەتیش بە هەمان شێوە، وەکو نوێژ و ڕۆژوو و جیهادو بانگەواز و حەج و...هتد.

هەموو ئەو بیرو باوەڕەیان لە پێغەمبەری خواوە ﷺ وەرگرتبوو کە جەخت لە سەر برایەتی و خۆشەویستی دەکاتەوە بۆ ئۆممەتەکەی دەفەرموێت و سوێند دەخوات: (پێشتر ئاماژەمان پێداوە کە سوێند خواردنی پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ باسێک گرنگی ئەو باسە دەردەخات، دەنا جەنابیان پێویستیان بە سوێند خواردن نییە و ڕاستگۆترین مرۆڤە) سوێند بەو کەسەی گیانی منی بە دەستە، ناچنە بەهەشت هەتا ئیمان نەهێنن، ئەم چەمکە دیارە کە تا ئیمانمان نەبێت بە دڵنیاییەوە ناچینە بەهەشت، بەڵام بە دوایدا مەرجێکیتر دێت وەکو ئیمان وایە کە دەفەرموێت: ئیمانتان نییە تاوەکو یەکتریتان خۆش نەوێت، کەواتە مەرجی ئیمان خۆشەویستییە لە نێوانی موسڵمانانداا، خەڵکانێک زۆر ئاساییە پەیوەندی بپچڕێنێت لە نێوانی موسڵمانانداا. بەداخەوە گەیشتۆتە ئەوەی ئازاری برا موسڵمانەکانی بدات، تەنانەت لە دەزگا ئەمنی و داپڵۆسێنەرەکان، تەنها لەبەر ئەوەی لە گروپەکەی

خۆی نییە، خۆشەویستی بۆ موسڵمانان و خاوەنەکەی بەرەو بەهەشت دەبات، ئەوەش هەروا شتێکی ئاسان نییە.

پاشان فێری خۆشەویستیان دەکات پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: ئەی پێتان بڵێم و شتێکتان فێر بکەم کە یەکتریتان خۆش بوێت؟

ئەویش ئەوەیە زۆر سەلام لە یەکتری بکەن، واتا هەرگەیشتییە برا موسڵمانەکەت سەلامی لێبکە، یەکێک لەو هۆکارە گەورانەی کە خۆشەویستی دروست دەکات سەلام کردنە.

کەواتە یەکێک لە مەرجەکانی ئیمان بۆ چوونە بەهەشت، خۆشەویستی برا موسڵمانەکەتە، ئەی کە برا موسڵمانەکەت ڕق لێبوو، واتا ئیمانت نوقسانە، لە تاوانە گەورەکانە، ئەمەش مانای وایە مرۆڤ لە برا موسڵمانەکەی توڕە نابێت و ناکۆکی ناکەوێتە نێوانیان، ئەم حاڵەتە زۆر ئاساییە، بەڵام نەگاتە ئاسی ئەوەی برایەتییەکەیان لێ تێک بدات، قورئان و سوننەت مەرجەعیان بێت بۆ هەر ڕا جیاوازیەک[١٣٢].

هەروەها لە فەرموودەیەکی‌تردا کە بە فەرموودەی قودسی هەژمار دەکرێت پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: خوای پەروەردگار لە ڕۆژی قیامەت دا دەفەرموێت: لە کوێن ئەوانەی یەکتریان خۆشویستوە لە بەر خاتری زاتی

١٣٢- عن أبي هريرة رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ قال: قال رسول الله ﷺ: وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ، لاَ تَدْخُلُوا الجَنَّةَ حَتَّى تُؤْمِنُوا، وَلاَ تُؤْمِنُوا حَتَّى تَحَابُّوا، أَوَلاَ أَدُلُّكُم عَلَى شَيءٍ إِذَا فَعَلْتُمُوهُ تَحَابَبْتُم؟ أَفْشُوا السَّلاَم بَينَكُم/ رواه مسلم والترمذي.

جەلالی من، ئەمڕۆ هیچ سێبەرێک و سایەیەک نییە، بێجگە سایە و سێبەری زاتی من[١٣٣].

ئەوانەی یەکتریان خۆش دەوێت لە پێناوی خودا و برایەتی دەپارێزن خوای موتەعال خۆ دەفەرموێت: بە سێبەری دایان ئەپۆشێ، جا ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی پڕ سەختی و سامناکە، خۆرەکانی ئاسمان بوون بە یەک تۆپ خۆری پڕ ناینرۆجینی کە کەلەی سەر ئەتوێنێتەوە، هەموو چەند میلێک لێیان دوورە، هەر چەندە نازانم پێغەمبەری خوا صَلَّىٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ مەبەستی لە میل چییە، پێوەری میل لەو کاتەدا چۆنە و چەندە، داخۆ پێوانەی چاوە، یاخود خودی خۆرەکە ئەوەندە لێیان نزیکە، بە هەر حاڵ وا کۆمەڵێک لەو ناڕەحەتی و ناهەمواریە پارێزراون بە هۆکاری خۆشەویستی و برایەتی لە پێناوی خوای موتەعال دا، پارێزراون لە گەرما و ئاگرێک کە پلەکەی خەیاڵییە لە ئاستی پلەی گەرمای دونیادا، چونکە لەبەر جەلال و گەورەیی خوا یەکتریان خۆشویستوە و برایەتییان پاراستوە، بێ نەسەبی دایک و باوک یاخود بەرژەوەندی دنیای، هیچ جۆرە بەرژەوەندییەک بوونی نەبوو تەنها بەرژەوەندی خوایی نەبێت و بۆ خاتری چوونە بەهەشت بووە.

١٣٣- عن أبي هريرة رَضِيَٱللَّهُعَنْهُ مرفوعًا: إِنَّ الله تَعَالى يَقُول يَوْمَ القِيَامَة: أَيْنَ المُتَحَابُّونَ بِجَلاَلِي؟ اليَوم أُظِلُّهُم فِي ظِلِّي يَوْمَ لاَ ظِلَّ إِلاَّ ظِلِّي/ رواه مسلم.

پێغەمبەری خوا ﷺ لە فەرموودەیەکی تردا دەفەرموێت: ئیمانی نییە ئەو کەسەی کە چی پێخۆشە بۆ خۆی ئەوەشی بۆ برایەکەی پێخۆش نەبێت[١٣٤].

ئایا هەرگیز ئەو هەستەت بۆ دروست بووە ئەوەی بۆ خۆت پێت خۆشە بۆ هاوڕێ و دراوسێکەشت پێت خۆش بێت؟

بۆ نموونە ئەو سامان و قازانج و پارەی دەستت کەوتوە بۆ برا و کەسوکار و دراوسێکەت پێت خۆشە وەکو خۆت؟

ئایا خاوەنی هەمان سۆز و هەستی بۆ کەسانی تر، ئایا خاوەنی هەمان ئومێد و ئاواتی خۆتی بۆ منداڵی هاوڕێکەت یان بۆ خوشک و ئەو ئافرەتانەی تری چواردەورت؟!

ئەوەی خۆت تێگەیشتووی لە چاکە و پاداشت و پلە و پایە ئاواتە خوازی بۆ برا و خوشکەکانت؟

چونکە کێشە و پرسەکە زۆر ترسناک و سەختە لە ڕووی قیامەتییەوە، پێغەمبەر خوا ﷺ دەفەرموێت: ئەوەی بۆ خۆت پێت خۆشە دەبێت بۆ برا و خوشکەکەت پێت خۆش بێت، ئەوە ڕستەیەکی زۆر قورسە و وتەیەکی زۆر سەختە، لە بەر سەختی و ترسناکی کارەکە پاداشتێکی زۆر گەورەی بۆ

---

[١٣٤]- عن أنس بن مالك رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ عن النبي ﷺ قال: لا يؤمنُ أحدُكم حتى يحبَّ لأخيه ما يحبُّ لنفسِه/متفق عليه.

دانراوە کە بە هیچ شێوەیەک و خەیاڵێک پەی پێنابات ئەویش بەهەشتی ئاسمانی خوای موتەعالە، پێغەمبەری خوا صَلَّىٰ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموونت: لە ناو بەندەکانی خوای پەروەردگاردا خەڵکانێکی تێدایە پێغەمبەر نین و شەهیدش نین، بەڵام پێغەمبەران و شەهیدەکان لە زۆری پاداشتیان ئێرەییان پێ دەبەن، لە ڕۆژی قیامەت دا پلەیان زۆر بەرزە سبحان اللە، پێغەمبەران عَلَيْهِمُ السَّلَامُ و شەهیدان ئیرەیی پێ دەبەن واتا جۆرێک لە بەخیلی عەرەب پێدەڵێن: (غیبطە) بە واتای ئێرەیی بەخیلی دنیا نییە، چونکە ئەوە بۆ پارە و سامان و مالّی دنیایە، بەڵام (غیبطە) بۆ پاداشتی قیامەتییە، خوای موتەعال لە ڕۆژی قیامەت پلە و پاداشتێکی یەکجار زۆریان هەیە، جێگا و شوێنیان زۆر نزیکە لە خواوە، بەئەندازەیەک پێغەمبەران عَلَيْهِمُ السَّلَامُ و شەهیدەکان کە دەرجەی زۆر بەرزن (غیبطە)یان پێ دەبەن، داخۆ ئەو کارە چییە کردوویانە ئاوا پلەیان بەرز بۆتەوە بۆ لای خوای گەورە، بە ئەندازەیەک هاوەڵان ئەوەندە ئالّودە و موشتاق بوون بۆ ئەوەی بزانن، ئەم جۆرە خەڵکانە کێن وا گەیشتون بەم ئاستە، پرسیاریان کرد ئەی پێغەمبەری خوا صَلَّىٰ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پێیان بڵێ کێن ئەو کەسانە؟

پێغەمبەری خوا صَلَّىٰ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: ئەوانە کۆمەڵێک خەڵکن لە پێناوی خوای گەورەدا و بێ نەسەب و کەسوکاری واتا خزمایەتی و خوێنێک و پارە و سامان و بەرژەوەندییەک یەکتریان خۆشویستوە، سوێند بە خوای پەروەردگار دەم و چاویان هەمووی نوورە، خۆیان یەک پارچە نوورن، لە هیچ ناترسن لەو ڕۆژە سەختەدا کە خەڵکی هەموو ترسیان هەیە، بەڵام ئەوان خەفەتبار نابن لە ڕۆژی قیامەتدا کە خەڵکی تووشی خەم و خەفەت دەبن،

پاشان پێغەمبەری خوا ﷺ ئایەتی سورەتی (یونس)ی خوێندەوە کە خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿أَلَآ إِنَّ أَوْلِيَآءَ ٱللَّهِ لَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿٦٢﴾﴾ یونس

واتە: ئاگادار بن و بزانن کە بەڕاستی ئەولیا و دۆستان و خۆشەویستانی خوای گەورە هیچ ترسێکیان لەسەر نییە لە داهاتوویاندا، لە قیامەتدا هیچ خەفەتێکیش ناخۆن لەوەی کە بەجێیان هێشتووە لە دونیا، چونکە خوای گەورە باشتر و چاکتریان پێ دەبەخشێت.

(إنَّ مِن عبادِ اللهِ لَأُناسًا ما هم بأنبياءَ ولا شُهداءَ، يغبِطُهم الأنبياءُ والشُّهداءُ يومَ القيامةِ بمكانِهم مِن اللهِ تعالى، قالوا: يا رسولَ اللهِ، تُخبِرُنا مَن هم؟ قال: هم قومٌ تحابُّوا برُوحِ اللهِ على غيرِ أرحامٍ بَيْنَهم، ولا أموالٍ يتعاطَوْنَها، فواللهِ إنَّ وجوهَهم لَنُورٌ، وإنَّهم على نُورٍ، لا يخافونَ إذا خاف النَّاسُ، ولا يحزَنونَ إذا حزِن النَّاسُ، وقرَأَ): ﴿أَلَآ إِنَّ أَوْلِيَآءَ ٱللَّهِ لَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿٦٢﴾﴾ یونس.

واتە: ئاگادار بن و بزانن کە بەڕاستی ئەولیاو دۆستان و خۆشەویستانی خوای گەورە هیچ ترسێکیان لەسەر نیە لە داهاتوویاندا لە قیامەتدا، هیچ خەفەتێکیش ناخۆن لەوەی کە بەجێیان هێشتووە لە دونیا چونکە خوای گەورە باشترو چاکتریان پێ دەبەخشێت.

ئەوانە ئەولیای خوای پەروەردگارن، ئەمانە لەو ئەولیایانە نین کە بەسەر ئاودا دەڕۆن و بە ئاسماندا دەفڕن، بەڵکو ئەولیای ڕاستەقینەن و لە پێناوی

خوای گەورەدا برا و خوشکانیان خۆش دەوێت، هیچ بەرژەوەندییەکی دونیا خۆشەویستیان بۆ دروست ناکات تەنها و تەنها ئیمان نەبێت.[١٣٥]

کێ دەیەوێت ببێتە ئەولیای خوای موتەعال و پلەی ئەوەندە بەرز بێت پێغەمبەران و شەهیدان ئێرەی بە جێگا و مەکانەتی ببەن کە چەندە لە خواوە نزیکە با پڕۆژەی خۆشەویستی لە پێناوی خوادا بێت بکات و ئەم پڕۆژە تا ڕۆژی قیامەت بەردەوامە ئەوەش واتە و تێگەیشتنە لە واتە و چەمکی برایەتی، هەروەها ئەم فەرموودەیە بە تەواوەتی بەها و قیمەتی برایەتی و پاداشتەکەی نیشان ئەدات.

هەروەها بە پێچەوانەوە ناکۆکی و ڕای جیاواز و ئاژاوەی ناوخۆ لە نێوانی برا و خوشکاندا لێخۆشبوونی خوای گەورە دەوەستێنێت، ئەوەش پێچەوانەی فەرموودەی پێشووترە لە سەر خۆشەویستی، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: کە ئیمامی موسلیم لە هاوەڵی بەڕێز ئەبوهورەیرە بۆمان دەگێڕێتەوە: کە هەموو ڕۆژانی دوشەممە و پێنج شەممەیەک خوای پەروەردگار دەرگای بەهەشت والّا دەکا و کراوەیە بە ڕووی خەڵکیدا، خوای پەروەردگار لەو ڕۆژەدا لە هەموو خەڵکی خۆش دەبێت بە مەرجێک

---

١٣٥ إنَّ مِن عبادِ اللهِ لَأُناسًا ما هم بأنبياءَ ولا شُهداءَ، يغبِطُهم الأنبياءُ والشُّهداءُ يومَ القيامةِ بمكانِهم مِن اللهِ تعالى، قالوا: يا رسولَ اللهِ، تُخبِرُنا مَن هم؟ قال: هم قومٌ تحابُّوا بروحِ اللهِ على غيرِ أرحامٍ بَيْنَهم، ولا أموالٍ يتعاطَوْنَها، فواللهِ إنَّ وجوهَهم لَنُورٌ، وإنَّهم على نُورٍ، لا يخافونَ إذا خاف النَّاسُ، ولا يحزَنونَ إذا حزِن النَّاسُ، وقرَأَ هذه الآيةَ: {أَلَا إِنَّ أَوْلِيَاءَ اللَّهِ لَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ} [يونس: ٦٢]/صحيح ابي داود

هاوبەشیان بڕیار نەدابێت بۆ خوای موتەعال، پاشان لە نێوانی دوو ئیماندارانداً کە ناکۆکی و ئاژاوە ڕووی داوە، خوای موتەعال دەفەرموێت: چاکە و خراپەکانیان و لێخۆشبونیان وەرناگرێت تا لەگەڵ یەکتر ئاشت دەبنەوە صولْح دەکەن، سێ جار لە فەرموودەکەدا هاتووە کە چاوەڕێیان بکەن تا یەکتری ئاشت دەکەنەوە، هەموو کار و فەرمانی مرۆڤ لە چاکە کردن وەرناگیرێت تا مرۆڤی موسڵمانەکان بەیەکەوە چاکە سازی دەکەن و ئاشت دەبنەوە، ئەوەش زۆر خەتەرناك و ترسناکە لە ڕاستیدا[١٣٦]!

مەحروم بوون و لە لێخۆشبوونی خوای پەروەردگار زۆر ترسناکە، یان دواخستنی لێخۆشبوونی خوای موتەعال، چونکە مرۆڤ لەو کاتەدا مرد لە دونیادا لێخۆشبوونی خوایی نەیگرتوە بۆ قیامەتی زۆر ترسناکە، هەموو ئەوانەش بە هۆکاری بوغز و قینە و ڕق و ئاژاوە و دەمەدەمێ و خواردنی ماڵی یەکتریو درۆ کردن...هتد، جاهەوڵ بدە خێرا چارەسەری کێشەکانت بکە پێش ئەوەی لە نێوانی ڕۆژی دوشەمە و پێنج شەمە فریای لێخۆشبوونی خوایی ئەکەوێت و بمرێت، مردن لە کەمینداید بۆ مرۆڤ.

١٣٦- عن أبي هريرة رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ قال: قال: رسول الله صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: تُفتَحُ أبوابُ الجنَّةِ يومَ الاثنينِ والخميسِ، فيغفرُ اللهُ عَزَّوَجَلَّ لِكلِّ عبدٍ لا يُشرِكُ باللهِ شيئًا، إلَّا رجلًا كانَ بينَه وبينَ أخيهِ شحناء، فيقول: أنظروا هذينِ حتَّى يصطلحا، أنظِروا هذينِ حتَّى يصطلِحا، أنظِروا هذينِ حتَّى يصطلِحا/رواه مسلم.

ئیمامی شافیعی شیعرێکی فەرمووە سەبارەت کە پیاوچاکانی خۆش دەوێت، بەڵکو بە هۆکاری خۆشویستنی پیاو چاکان بەر شەفاعەتیان بکەوێت.

ئیمامی ئەحمدیش قوتابی ئیمامی شافیعییە کە گوێی لە شیعرەکە دەبێت و وەڵامی ئەداتەوە بە نیوەی بەیتەکەی کە دەڵێت: تۆ پیاوچاکانت خۆش دەوێت خۆشت لەوانیت، تۆ بەر شەفاعەتیان دەکەویت، لێرەدا مەبەستم لە خۆشەویستییانە بۆ برا و خوشک و هاوڕێ و موسڵمانان بە گشتی، مەبەستی ئیمامی ئەحمەد بۆ شافیعی ئەوەیە کە خۆشی یەکێک دەبێت لە شەفاعەت کارانی ڕۆژی قیامەت[١٣٧].

بەردەوام لە تێگەیشتن و دید و تێڕوانینی یەکەم چەمکی برایەتیش لای هاوەڵان کە برایەتی ڕێگای چوون بۆ بەهەشتە، پێغەمبەری خوا ﷺ باسی کەسانێک دەکات کە لە ئەهلی بەهەشتە بۆ هاوەڵان، ئەنەس لە پێغەمبەر ﷺ -ەوە دەگێڕێتەوە دەڵێت: لە خزمەت پێغەمبەر ﷺ

١٣٧- أُحِبُّ الصَّالِحِينَ وَلَسْتُ مِنْهُمْ لَعَلِّي أَنْ أَنَالَ بِهِمْ شَفَاعَة
وَأَكْرَه مَنْ تِجَارَتُه الْمَعَاصِي وَلَوْ كُنَّا سَوَاءً فِي الْبِضَاعَة
وەڵامی ئیمام ئەحمەد:
يقول: أحمد بن حنبل: تحب الصالحين وأنت منهم ومنكم سوف يلقون الشفاعة-
-وتكره من تجارته المعاصي وقال الله من شر البضاعة.

دا دانیشتبووین و پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ئێستا کەسێک دێتە لاتان ئەو کەسە ئەهلی بەهەشتە[۱۳۸].

ئەنەس کە فەرموودەکە دەگێڕێتەوە کەسێ خۆی کرد بە مزگەوتدا ڕیشی لە ئاوی دەستنوێژ وشک دەکردەوە بە دەستی، ئەو کەسە لە ئەنسارەکان بوو هەروەها نەعلەکانی بە دەستی چەپییەوە گرتبوو.

ئەم وەصفو پێناسەیەی ئەنەسی کوڕی مالیک ئەوەمان بۆ دەردەخات هاوەڵانی بەڕێز و سادەی پێغەمبەری خوا ﷺ بوو، تەنانەت زۆر ناسراو نەبوو لە ناو هاوەڵانی تردا تەنها دەڵێت: کەسێکی ئەنسار بوو، ئەگەر ناوەکەی بزانیبایە ناوەکەی دەوت دیارە زۆر ناسراو نەبووە.

هەروەها بۆ ڕۆژی دواتر پێغەمبەری خوا ﷺ هەمان وتەی دووبارە کردەوەو فەرمووی: ئێستا پیاوێک دێتە لاتان لە ئەهلی بەهەشتە.

هاوەڵان چاوەڕێیان کرد بۆ جاری دووەم، هەر هەمان هاوەڵ بوو کە دوێنێ تەشریفی هێنایە ناو مزگەوتی پێغەمبەری خوا ﷺ، بەهەمان کردار و کار دەیکرد ڕیشی وشک دەکردەوە، بۆ ڕۆژی سێیەم پێغەمبەر ﷺ هەمان وتەی سێ بارە کردەوە، کە کەسێک دێتە ناوتان ئێستا لە ئەهلی بەهەشتە، بە هەمان هەیئەتی یەکەم جار دەرکەوتەوە پێغەمبەری خوا ﷺ دەیویست هاوەڵان تەشویق بکات کە هۆکاری چییە لە ئەهلی

---

[۱۳۸]- یروی أحمد بن حنبل بسنده صحیح عن أنس رضی الله عنه قال: کنا جلوسا مع رسول الله، فقال: یطل علیکم الآن رجل من أهل الجنة.

بەهەشتە، بەڵام دەیوسیت هاوەڵان لێی بکۆڵنەوە ئیتر هەموو هاوەڵان بەدوای وەڵامی چوونە بەهەشتەوەی ئەو کەسە بوون.

لە کاتێکدا کەسێکی زۆر سادە و کەس ناینناسێت لە شاری مەدینەدا دەشێ ئەم نەناسراوەیەش بۆ خۆی هەروانەیەکی زۆر گرنگ بێت مەرج نییە هەموو خواناسێک ناسراو بێت، بەڵکو زۆرینەی خواناسان و ئەولیا و پیاوچاکان ناناسرێن!

کە پێغەمبەری نازدار ﷺ مەجلیسەکەی بەجێ هێشت، عەبدوڵڵای کوڕی عاص شوێن ئەو هاوەڵە کەوت لە پێغەمبەری خوا ﷺ موژدەی بەهەشتی پێداوە سێجار لە سێ ڕۆژی جیاوازدا کە چووە لای وتی: لەگەڵ باوکم تێک گیراوین سوێندم خواردووە کە سێ ڕۆژ ناڕۆمەوە ماڵەوە، جا نازانم هاوکاریم دەکەیت و لە لات بمێنمەوە؟

هاوەڵەکەش فەرمووی: بەڵێ

ئەنەس دەڵێ: عەبدوڵڵا کوڕی عاص سێ شەو لە لای مایەوە، بەڵام ئەنەس فەرموودەکەی ڕیوایەت کردووە باسەکەی عەبدوڵڵا کوڕی عەمری کوڕی عاص دەگێڕێتەوە باسی ئەو بەهەشتییەمان بۆ دەکات کە پێغەمبەری خوا ﷺ کە هەواڵی داینێ لە سەر دەڵێت: ئەم پیاوە هەڵناسێت بۆ شەونوێژ بێجگە ئەوەی بۆ کاری تایبەتی خۆی هەڵبسێت، لە کاتی ئەمدیوادیو کردنی لە خەویدا یادی خوای دەکرد، (الله أكبر) زیکری تری دەکرد تا نوێژی بەیانی، بەڵام لە وتەی خێر زیاتری نەدەوت لە دوای سێ ڕۆژەکە، هیچ شتێکی

تایبەتی نەبوو، ئیتر زۆر ڕقم لە کارەکەی خۆم هەڵسا لەو ماوەدا، واتا لە کارەکەیدا شتێکی وای دەست نەکەوت کە جێگای تێڕامانی بێت، ئەو کەسە نوێژەکانی خۆی دەکرد و یادی خوای دەکرد، لە چاکەو خێری هیچیتر باسی هاوەڵان نەدەکرد، ئیتر لای سەیر بوو کە پێغەمبەری خوا ﷺ سێ جار موژدەی بەهەشتی دایە ئەو کەسە!

عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی عاص خۆی یەکێک بوو لە هاوەڵە عابدە خواناسەکان بەندایەتی زۆری دەکرد، زۆربەی ڕۆژەکانی بەڕۆژوو بوو، هەروەها قورئانی زۆر دەخوێند، زۆر جار بە سێ ڕۆژ قورئانی خەتم دەکرد، شتێکی وای نەبینی لەم هاوەڵە ئەنساریيە کە بێتە هۆکاری بەرزبوونەی پلەی بۆ بەهەشت پاشان لە توانایاندا نەما و بە هاوەڵەکەی فەرمووی: ئەی بەندەی خوا پێویستە ڕاستیت پێ بڵێم من لەگەڵ باوکم هیچ کێشەیەکم نەبووە، لەگەڵ یەکدا تورە بووین و هەجریشم نەکردووە، بەڵام گوێم لە پێغەمبەری خوا ﷺ بوو سێ جار مژدەی دا بەتۆ کە ئەهلی بەهەشتی.

جا لەبەر ئەو هۆکارە ویستم لە ماوەی سێ ڕۆژدا لە لاتدا بمێنمەوە بزانم کارو کردارت چییە واتێگەیشتووت بەم پلە و پایە کە بەو شێوەیە مژدەی بەهەشتت بێ دراوە، بەڵام هیچ جۆرە بەندایەتیەکی زیادەم نەبینی و پێم بڵێ: ئەوە چییە تۆی گەیاندۆتە ئەو ئاستە، کە پێغەمبەری خوا ﷺ لەو بارەیەوە بفەرموێت؟

هاوەڵە ئەنساریيەکە وتی: ئەوەی کە بینوتە هەر ئەوەیە، عەبدوڵڵای کوڕی عومەر دەڵێت: هیچم دەست نەکەوتو ماڵئاواییم لێکرد و پاشان بانگی

کردەمەوە و فەرمووی: ئەوەی کە لەمنا بینیوتە هەر ئەوەم هەیە، زیادەکەی ترم هەیە ئەویش بەرامبەر بە هیچ موسڵمانێک ئیرەیی و بەخیلی و غەشم نییە و کە حەزدەکەم خوای پەروەردگار باشتریان پێببەخشێت لە خێرو چاکە.

عەبدوڵڵا وتی: بە دڵنیاییەوە ئەو کارەیە تۆی گەیاندۆتە ئەو ئاستە و ئەویش هەموو کەسێک لە توانایدا نییە، یاخود لە تواناماندا نییە، (فقال عبدالله هذه التي بلغت بک وهي التي لانطيق).

زۆر سەختە مرۆڤ بتوانێت خاوەنی ئەو خەصڵەتە بێت خێرو چاکە و خۆشی بۆ هەموو خەڵکی بوێت، بەڵام لەگەڵ سەختییەکەدا، بە دڵنیاییەوە ئەگەری پیادەکردنی زۆر زۆرە و پاداشتەکەشی بەهەشتە، ئەگەر چی کەسەکەش مرۆڤێکی سادە و ساکار بێت و لە زانا و بانگخوازانیش نەبێت.

کەواتە لە دید و تێڕوانینی هاوەڵاندا چەسپابوو کە چوونە بەهەشت وابەستە کراوە بە خۆشەویستنی برا و خوشکی موسڵمانت، بێ بەرژەوەندی دونیایی، یاخود ڕەحم و نەسەب، دەیانزانی بوغزو ڕق و کینە و جیدال ڕێگرە بۆ چوونە بەهەشت، چەندە حەز بە بەهەشت بکەیت و خۆشەویستی بۆ دین هەبێت، دەبێت ئەوەندەش خۆشەویستی لە نێوان خەڵکی موسڵماندا هەبێت، بەهەشت هەروا ئاسان نییە مرۆڤ بە دەستی بهێنێت پێویستی بە کارکردنی زۆر هەیە.

ئەوەی باسمان کرد تێگەیشتنی یەکەم بوو لە چەمکی خۆشەویستی و برایەتی لە نێوان هاوەڵاندا، کە دۆزینەوەی ڕێگای بەهەشتە و چەندە هاوەڵان

بۆ بەهەشت بوایە ئەوەندە لە برا و خوشکەکانیان لێبوردە بوون و خۆشەویستیان بۆ یەکتری هەبووە، ئەوەش لە ڕێگایەکی ڕوون و ئاشکرایە و پێویستی بە ماندووبوونی جەستەیی ئەقڵی و زیهنی نییە، تەنها پێویستی بە خۆشەویستییە.

تێگەیشتنی دووەم: برایەتی بەرپرسیارەتییە.

ئەم چەمک و تێزو تێگەیشتنە زۆر ترسناکە، گرنگییەکی زۆریان دابوو بەم تێگەیشتنە، هەر ئەمەش بوو ئیمتیازی زیاتری داوە بە هاوەڵان و جیای کردونەتەوە لەگەڵ ڕەوەندی دوای خۆیاندا، لەم سەردەمانەدا هەست دەکەین جیاوازییەکی زۆر دوورە لە ئێمەوە.

پێویستە بزانین برایەتی بەرپرسیارەتییە، برایەتی تەنها وشەیەک نییە بوترێ، هەست و سۆزی بەرامبەر بە مرۆڤە، برایەتی بە تەنها وەرگرتن نییە بێئەوەی ببەخشی لە پێناویدا، بەرژەوەندی نییە، چەندە خەڵک موسڵمان بناسین ئەوەندە بەرژەوەندیت زیاد بکات، یان بەرژەوەندی دەسەڵاتی بزانیت چەندە پەیوەندیت بەهێز بێت، ئەوەندە دەسەڵاتت زیاد بێت، بەڵکو برایەتی پابەندیە، ڕێک پێچەوانەی هەندێک لە موسڵمانانە چەمکی برایەتی.

برایەتی بەرپرسیارەتییە بەخشینە و هەوڵدانە و چاوەڕوانی پاداشتت نابێت لە مرۆڤەکان بێت، بەڵکو بەخشینە لە نەفسی مرۆڤ خۆی بە کەسانی تر، خۆشەویستی و ئیخڵاصە لە دڵەوە، تەنها لە پێناوی خوای موتەعال دایە، پێغەمبەری خوا ﷺ کاری لە سەر ئەوە کردووە کە هاوەڵان لە سەر

برایەتی پەروەردەیان بکات لە پێناوی خۆشەویستی خوای موتەعال یان هاوکاری کۆمەڵگایە کە موسڵمانانی تێدا دەژین بەو چەمک و هێزو برایەتییە.

لە بارەی برایەتی لە بەرپرسیارەتییە فەرموودەی زۆرمان هەیە لە لایەن فەرموودەوانانەوە گێڕاوەتەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەو مانا و تێگەیشتنەی لە ناخی هاوەڵان ڕووانداووە.

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: هەرچی جومگە هەیە لە مرۆڤدا جێگای خێر و چاکەیە، یاخود هەموو ڕۆژێک هاوکاری کردنی کەسێک کە سواری وڵاغەکەی بێت خێر و چاکە و صەدەقەیە یاخود هەڵگرتنی کۆڵەپشتی خەڵکی صەدەقە و چاکە و خێرە، وشەیەکی جوان و چاک پاداشت و چاکەیە و خێرە، هەر هەنگاوێک هەڵیدەهێنیت بۆ نوێژ کردن جا بۆ مزگەوت بێت یان بۆ کاتی خودی نوێژەکە بێت خێرو صەدەقە و چاکەیە، نیشاندانی ڕێگا بە خەڵکی خێر و صەدەقە و چاکەیە، لە فەرموودەیەکیتردا دەفەرموێت: مرۆڤ خاوەنی (٣٦٠) جومگەیە پێویستییان بەوەیە چاکە و خێریان پێ بکەیت.[١٣٩]

---

[١٣٩]- في الإنسانِ ثلاثمائةٍ وستونَ مِفْصَلًا، على كلِّ مِفْصَلٍ منها صدقةٌ، قالوا: يا رسولَ اللهِ! وأَيُّنَا يُطِيقُ ذَلِكَ؟ قال: أَلَيْسَ يُنَحِّي أحدُكم الأذى عن الطريقِ؟ ويُبْزَقُ في المسجدِ فَيَدْفِنُهَا؟ فَإِنْ لم يفعلْ فإنَّ رَكْعَتَيِ الضُّحَى تُجْزِيهِ/ أبو داود.

واتە لە مرۆڤدا سێسەت و شەست جومگە هەیە، بۆ هەر جومگەیەک پێویستە خێرێک بکرێت، گوتیان ئەی پێغەمبەر ﷺ کامە لە ئێمە ئەو توانایەی هەیە ئەمە بکات؟

کەواتە جومگەکانی لاشەی مرۆڤ (٣٦٠) جومگەیە پڕۆژانە مرۆڤی موسڵمانان دەبێت بە ئەندازەی هەموو جومگەکانی خێرو چاکە بکات بەرانبەر بە خەڵکی، پاشان هاوکارییکردنی خەڵک لە فەرموودەکەدا دەرەکەوێت بە شێوەیەکی گشتی لە وتنی وشەی جوان، لە هاوکاری خەڵکی بۆ نیشاندانی ناونیشان و زۆری تر ئەوە تەنها لە فەموودەی (بخاري)دا هاتووە.

لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە کە فەرموودەکە تەواو دەکەن خێر و چاکەی زۆری تری تێدا دەست نیشان کراوە و فەرموودە زۆرە لەو بارەیەوە، نموونەی تری ئەوانە کە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: دادپەروەری لە نێوان

فەرمووی: هەر یەکێکتان ئازارێک لەسەر رێگای خەڵک لادەبا و ئەو کەسەی تف لەناو مزگەوت دەکات؟ زوو لای دەبا و نایهێڵێت، بەخێر هەژمار دەکرێت، ئەگەر ئەم کارانەشی ئەنجام نەدابێت، ئەوا دوو رکعات نوێژی جێشتانان بەرامبەر گشت ئەم خێرانەیە. (ئەبو داود گێڕایتەوە).

عن أبي هريرة، رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ قال: قال رسول الله ﷺ: كل سلامى من الناس عليه صدقة كل يوم تطلع فيه الشمس: تعدل بين اثنين صدقة، وتعين الرجل في دابته، فتحمله عليها، أو ترفع له عليها متاعه صدقة، والكلمة الطيبة صدقة، وبكل خطوة تمشيها إلى الصلاة صدقة، وتميط الأذى عن الطريق صدقة .رواه البخاري ومسلم.

هەموو ئێسک و جومگەیەکی ئادەمیزاد خێرێکی لەسەرە، هەموو پڕۆژێک کەخۆر دەردەکەوێت، ئاشتکردنەوەی دوو کەس کە ناکۆکیان هەیە خێرە، یارمەتی مرۆڤ دەربارەی وڵاغەکەی تا سواری وڵاغەکەی دەکەی یان یارمەتی دەدەی بارەکەی بار دەکات، ئەوەش خێرێکە، قسەیەکی خێر و باش خێرێکە، هەر هەنگاوێکیش بۆ مزگەوت ئەڕۆی خێرێکە، لابردنی ئەو شتانەی زیان لە ڕێبوار ئەدەن لەسەر رێگا ئەوەش خێرێکە.

دوو کەسدا، چاکسازی، ئاشتکردنەوەی خەڵکی ئەمانە هەموو خێر و صەدەقەن، لابردنی خەوشوخاڵ لە سەر ڕێگادا کە خەڵکی پیایدا دەڕۆن، هاوکاری کردنی لێ قەوماوان، کرداری چاک بەرانبەر خەڵکی، ڕێگرکردنی خەڵکی لە شەڕ و ئاژاوە، وتنی ئامۆژگاری بۆ خەڵکی بە کاری چاکە و پێچەوانەکەی هاندانیان بۆ نەکردنی کاری خراپە و چەوت و ناتەندروست، تەوقە کردن و پێکەنین بە ڕووی خەڵکیدا، چاوساغی بۆ کوێر دەبێتە صەدەقە بۆ چاوی تۆ، بەتاڵکردنی ئاوی ناو سەتڵ بۆ پڕکردنی سەتڵی براکەت واتە: بەخشینی ئاو.

هەموو ئەمانەی باسمان کرد لە ڕیواتەکاندا لە فەرموودەی ڕاستی پێغەمبەر ﷺ -ەوە هاتوون، هەمووی ئاماژەیە بۆ هاوکاری خەڵکیو بەکارهێنانی لاشە و جومگەکانت و ئەندامانی لاشەت پاداشتدانەوەی ئەو نیعمەتانەیە کە خوای گەورە پێی بەخشیویت، هەروەها یارمەتی هاوکاری خەڵکیترە، لێرەوە ئەو هەستی بەرپرسیارێتییە دروست دەبێت، بەرانبەر بەتاکو کۆمەڵگە و ئوممەت، ئەم جۆری پێکەوە ژیانە برایەتی دروست دەکات و لەهەمان کاتدا بەرپرسیارێتی پێغەمبەری خوا دەیەوێت فێرمان بکات هاوڕێیەتی و برایەتی ڕاستەقینە بەهەموو ئەندامەکانی لاشەمان، بە پێکەنین، دەموچاو بەهێز و توانا، بەدڵ و بە گیان، بەو نیعمەتانەی خوای موتەعال پێی بەخشیوین، تا بتوانین هاوکاری خەڵکی تری پێبکەین. کام جارنامەی مافی مرۆڤ هێندە جوانە و چاکە و بەرزە، بەڵام بەداخەوە ناوەکانی ڕووگەیان گۆڕیوە و کاری کەم پێدەکەن، هەموو ئەمانە ئەو هەستە بەرپرسیارەتییەت بۆ دروست دەکەن،

بەرانبەر بەو کۆمەڵگەیەی تێیدا دەژین، یان ئەو ئوممەتەی کە ژیانی تێدا دەبەیتە سەر.

خۆ ئەگەر کۆمەڵگەکانی ئێستا لە برایەتی تێگەشتنایە وەکو ئەوەی هاوەڵان لێی تێگەیشتبوون، بە واتای ئەوەی تاقیکردنەوە، هەڵبژاردن، هاوکاری و بەخشین لە کۆتاییدا هەستی بەرپرسیارێتییە، هیچ پەیوەندی نییە بە بەرژەوەندی دنیایی، پەیوەندی کۆمەڵایەتی، بازرگانی یان بۆ کاتی هەڵبژرادن، برایەتی و ناسینی خەڵکی گرنگی پێبدەین، پێویستە لە پێناوی برایەتی بەر خودان و گیانفیدای بکەین، بۆ ئەوەی بتوانیت براکانت بپارێزیت.

ئەمانەی کە باسمان کرد لە هاوەڵی بەڕێز نوعمانی کوڕی موقەرین دا لە هەڵوێستێکی وا دەردەکەوێت، کە لە جەنگی نەهاوەندا بەرانبەر بە هاوەڵان فەرمووی لە وتارەکەیدا: هیچ کەس قورسایی نەخاتە سەر براکەی مەبەستی جەنگە، گوێی نەدەن بە یەکتریی و کاری براکەت قورس بکەیت لە جەنگەکەدا، بە واتای ئەوەی کاری خۆت لە جەنگەکەدا بە چاکتر و جوانترین شێوە ئەنجام بدە.

(ولا یأکل أحدکم قرنه إلی أخیه) پاشان پستەیەکی زۆر سەیری بەکار هێنا وتی: سەگ بەرگری لە خاوەنەکەی دەکات (فإن الکلب یدافع عن صاحبه).

وشەیەکی زۆر سەختە بۆ ئیماندارانو هاوەڵان بەکاربێت، بەڵام لێرەدا مەبەست بەرز کردنەوەی ئاستی سوپایەکەیە کە ئازەڵ لە خوارترین پلەشدا بێت کەچی هەر بەرگری دەکات لە هاوڕێ و خاوەنەکەی.

ئێوە لەوان زۆر جیاوازتر و ئاست بەرزترن کە بەرگری لە براکانتان نەکەن لەم جەنگەدا و هەر یەک قورسایی بخاتە سەر شانی براکەی تری، لێرەدا مەبەستی ئەوەیە کە هەموو بەرپرسیارێتی هەڵبگرن. لێرەدا دەردەکەوێت کە تێگەیشتنی هاوەڵان بۆ برایەتی بەرپرسیارێتییە.

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: هەر کەسێک لە ناڕەحەتی و خەم و خەفەتی ئیماندارانی کەم بکاتەوە لەم دنیایەدا ئەوە خوای گەورە لە ناڕەحەتی و خەم و خەفەتی قیامەت ڕزگاری دەکات، یان هەر کەسێک کار ئاسانی بۆ برایەکی بکات لەم دنیایەدا خوای گەورە کار ئاسانی بۆ دەکات لە دنیاو قیامەتدا، پاشان فەرمووی: خوای پەروەردگار هاوکار و پشت و پەنای کەسێکە کە هاوکار و پشت و پەنای براکەی بکات[١٤٠].

چەندە برایەتی بپارێزی خوای پەروەردگار هاوکاریت دەکات، چەندە بە دەم برا و خوشەکەکانتەوە بیت لەم دنیایەدا ئەوەندە خوای پەروەردگار کار

١٤٠- من نفَّسَ عن مسلمٍ كُربةً مِن كُربِ الدُّنيا نفَّسَ اللَّهُ عنهُ كربةً مِن كُرَبِ يومِ القيامةِ، ومن يسَّرَ على مُعسرٍ في الدُّنيا يسَّرَ اللَّهُ عليهِ في الدُّنيا والآخرةِ، ومن سَتَرَ على مُسلمٍ في الدُّنيا سترَ اللَّهُ علَيهِ في الدُّنيا والآخرةِ، واللَّهُ في عونِ العَبدِ، ما كانَ العَبدُ في عونِ أخيه/ رواه مسلم.

ئاسانیت بۆ دەکات لە دونیا و قیامەتدا، کەواتە هەر کات کەوتیتە قەیران و ناڕەحەتی و ئازارو ئەشکەنجە، هەوڵ بدە سوود بگەیەنە بە خەڵکی تا خوای موتەعال کار ئاسانی تەواوت بۆ بکات، هاوەڵان ژیانی خۆیان لە پێناوی سوود گەیاندن بە خەڵکی بەکار دەهێنا و زۆر بە دەم یەکترەوە بوون، ئەمەش ئەو برایەتییە بوو پێغەمبەری خوا ﷺ خستیە ناویان و هەستیان بە بەرپرسیارێتی دەکرد بەرانبەر بە یەکتری و دەیانزانی گەڕانەوەی پاداشتەکەی زۆر گەورەترە و زیاترە. ئەم واتایانەی لە برایەتی و خوشکایەتی زیاتر لە هۆزی ئەشعەرییەکاندا دەردەکەوێت، کە هۆزی (ئەبو موسای ئەشعەری)یە، ئەم هۆزە عادەت و تەقالیدی زۆر جوانیان هەبوو، پێغەمبەری خوا ﷺ وتەیەکی زۆر جوانی هەیە لە سەر ئەشعەرییەکان دەفەرموێت: لە بەرەبەیانەوە ئەگەر خواردن و خواردنەوە و جلو بەرگ لە ناو یەکێک لە بنەماڵەی ئەشعەرییەکان نەمێنێت، خێرا هەموو هۆزی ئەشعەری هاوکاری دەکەن، جا بە هۆکاری هەژاریی بێت یان چوونی سەرۆک خێزان بۆ سەفەر یان بۆ جیهاد، هەموو کۆ دەبنەوە هاوکاری یەکتری دەکەن لە یەک قاپدا نان دەخۆن و جلوبەرگیان بە یەکسانی بەسەر یەکتری دا دابەش دەکەن، پاشان دەفەرموێت: من لەوانم و ئەوانیش لە منن، ئەم ئیمتاز ەگەورەیە کە

ئەشعەرییەکان دەستیان کەوتوە، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هاوکاری کردنی یەکتری[١٤١].

کەواتە ئەشعەرییەکان لە پێغەمبەری خوان ﷺ ، پێغەمبەریش ﷺ لەوانە، تەنها بە هۆکاری ئەوەی هاوکاری یەکتری دەکەن لە کاتێکدا ئەشعەرییەکان خەڵکی یەمەنن و پێغەمبەری خوا ﷺ لە قوڕەیشە، بەڵام هۆکاری دەستگیرۆکردنی یەکتری ئەو شەرەف و مەکانەتەی پێ ببەخشێت.

هەروەها عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس بۆمان دەگێڕێتەوە لە سەردەمی خیلافەتی ئەبوبەکر دا گرانی ڕووی کردە خەڵکی، لەکاتی ئەو گرانی و قاتو قڕیەدا کاروانێکی پڕ لە خۆراک هات بۆ عوسمانی کوڕی عەففان بۆ ناو شاری مەدینە بە خێرایی هەموو بازرگانەکانی شاری مەدینە کۆبوونەوە لە کاروانەکەی عوسمان بۆ کڕینی شتومەکەکانی.

عوسمان هاواری کرد کێ خێری زیاترم ئەداتێ؟ دەیدەم بەو کەسە، بازرگانێک دەستی پێکرد بە دە ئەوەندەی سوودی خۆی. کرا بە موزایەدە و تەندەرەوە کەسێکیتر دوانزە ئەوەندەی دا.

---

[١٤١]- عن أبي موسى الأشعري رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ قال: قال رسول الله ﷺ: إنَّ الأشعريين إذا أرمَلُوا في الغَزْوِ، أو قَلَّ طعامُ عِيالِهِم بالمدينةِ، جَمَعُوا ما كان عندهم في ثوبٍ واحدٍ، ثم اقتَسَمُوه بينهم في إناءٍ واحدٍ بالسَّوِيَّةِ، فَهُم مِنِّي وأنا مِنهُم/متفق عليه.

عوسمانی کوڕی عەففان وتی: زۆر لەوەی ئێوە زیاتریان داوە و زیاتریش دەدەن، بازرگانەکان تا پانزە ئەوەندە زیادیان کرد بۆ عوسمان، ئەم سووده بە پاستی زۆر زۆرە.

عوسمان وتی: زیاتریان داوە!

بازرگانەکان هەموو لە ناوخۆیاندا کۆبوونەوە، پاشان چوونە لای عوسمان وتیان: ئێمە بازرگانی ناو شاری مەدینەین، کەس لە ئێمە زیاتر لەو پارەیە نادات.

عوسمان وتی: یەک بە (٧٠٠) سوودم دەدەنێ؟

بازرگانەکان وتیان: ئەستەمە بازرگان هەبێت ئەو سووده بدات!

پاشان وتی: ئەوە هەموویم بەخشی بە هەژارانی شاری مەدینە، (اللّٰهُمَّ إنی وهبتها فقراء المدینة) بە بێ بەرانبەر بێ دەرهەم و دینار، پاداشتەکەی لە خوا دەوێ کە خوای موتەعال یەک بە (٧٠٠) پاداشتی ئەدات!

بە بێ پارە و سامان هەمووی بەخشی چونکە بەرپەرسیار بوو لەمەڕ برا هەژارەکانی، خۆ دەیتوانی خێرێکی لێ بکات یان زەکاتی لێ بدات (٢.٥٪) پاشان گرنگی نەدات بە کاروباری موسڵمانان، بەڵام پێشەوامان عوسمانی کوڕی عەففان هەستی برایەتی و بەرپرسیارێتی لە سەر شان بوو، جەنابیان باش لەوە تێگەیشتبوون برایەتی پێویستی بە بەخشین و خزمەتکردن هەیە، هەروا وشەیەک نییە لە دەم فڕێ بدەنە دەرەوە، بەڵکو برایەتی موسڵمانە

هەژارەکان و باقی موسڵمانانە، بە گشتی و ئوممەتی ئیسلامی و سوپای ئیسلام، جەنابی پێشەوا عوسمان هەموو ژیانی بەو شێوەیە بوو، خوای پەروەردگار و دووجار مژدەی بەهەشتی دایە لە دونیادا لە سەر زمانی پێغەمبەر ﷺ هیچ کات لە سەروەت و سامانی کەمی نەکرد.

ئەگەر بە چاوی بەرپرسیارێتی گشتی تەماشا بکەین، تەنها لە بواری ئابووری و پارەدا نییە، بەڵکو لە زۆر بوار هاوکاری برایەتی و بەرپرسیارێتی براکانت بگریتە ئەستۆ، ئەتوانین بیری موسڵمانان بخەیتەوە لە کاتی نوێژ و گوێڕاڵی بۆ خوا و پێغەمبەری خوا ﷺ.

بوخاری بۆمان دەگێڕێتەوە لە موعازی کوڕی جەبەلەوە دەڵێت: یەکێک لە هاوەڵان خەڵکانێکی لە براکانیتری بانگ دەکرد دەیفەرموو: وەرە بە چەند کاتێک بە سەر بەرین لە نوێکردنەوەی خواناسی و ئیماندا (یروی البخاري عن معاذ بن جبل يقول للرجل من إخوانه: إجلس بنا نؤمن ساعة)

مەرج نییە هەموو کارێک لە بواری ماددی دابێت، دەشێت بانگەواز بێت، دەشێت وتنەکەی چەند وانەیەکی مەنهەجی بێت، چاپکردنی کتێب یاخود ئاگادارکردنەوەی خەڵکی لە وێبسایت و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لە بابەتە بەسوودەکان و پاشان ڕێکلام کردن بۆ شتی بە سوود، دروستکردنی پڕۆژەی خزمەتگوزاری، پڕۆژەی فیکری، سیاسی، کۆمەڵاتی، ئابووریی و...هتد، هەموو ئەمانە بەرپرسیارێتی برایەتین لە بەردەم تاکەکاندا و پاشان کۆمەڵگەکەت بە گشتی، ئەمەش زیاتر لەواتای سورەتی طه لەسەر زمانی پێغەمبەر موسا عَلَيْهَا السَّلَامُ دەردەکەوێت:

﴿وَٱجۡعَل لِّي وَزِيرٗا مِّنۡ أَهۡلِي ٢٩ هَٰرُونَ أَخِي ٣٠ ٱشۡدُدۡ بِهِۦٓ أَزۡرِي ٣١ وَأَشۡرِكۡهُ فِيٓ أَمۡرِي ٣٢ كَيۡ نُسَبِّحَكَ كَثِيرٗا ٣٣ وَنَذۡكُرَكَ كَثِيرًا ٣٤﴾ طه

واتە: لە کەسوکاری خۆیشم کەسێك بکە بە یارمەتیدەرم تا هاوکاریم بکات لە هەندێك کاروبارمدا ٢٩ ئەو کەسەش با هارونی برام بێت ٣٠ تا خۆمی پێ بەهێز بکەم ٣١ ببێ بە هاوبەشم لە هەڵگرتنی پەیامدا و وەکو من ببێ بە پێغەمبەر (بەسوودترین برا بۆ براکەی لە دنیادا موسا بووە بۆ هارونی برای کە داوای لە خوای گەورە کرد بیکات بە پێغەمبەر) ٣٢ تا هەردووکمان زۆر تۆ بە پاك ڕابگرین و زیکری تۆ بکەین ٣٣ زۆر زیکری تۆ بکەین ٣٤

بەم شێوەیە کاتێک ئیماندار هاوکاری براکەی دەکات لە بەندایەتی گوێڕایەڵی پشتوپەنای یەکتر دەبن سوود و چاکە بە یەکتری دەگەیەنن لە بواری دنیا و دیندا، ئەوەش لە ڕاستیدا هاوکاری ڕاستەقینە و حەقیقییە، هەرگیز هاوەڵان نەڕێنی نەبوون هەمیشە هاوکارو هاودەمی براکانیان بوون لەکاتی خۆشی و ناخۆشیدا.

ڕووداوێکی زۆر گرنگ باس دەکەین کە وەهبی کوڕی عەبدوڵڵا بۆمان دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەبو دەرداء و سەلمانی فارسی کردە برا لە شاری مەدینەدا، سەلمان چوو بۆ سەردانی ماڵی براکەی، بینی خێزانی ئەبو دەرداء سەر ولا شێواو جلوبەرگی ناشرینی لە بەردایە، هەڵبەت ئەوکاتە حیجاب فەرز نەکرابوو لە سەر ئیمانداران.

سەلمان وتی: ئەوە بۆ وات لێ بەسەر هاتووە هۆکار چییە؟!

ئەویش وەڵامی دایەوە وتی: براکەت باوکی دەرداء هیچ خۆشی و پێداویستی لە دنیادا نەماوە، بە ڕۆژ بە ڕۆژووە و بە شەویش شەونوێژ دەکات.

کە سەلمان زانی مانّی براکەی کێشەی خێزانی و نەزانی هەیە لە بەندایەتیدا و پێویستە چارەسەری کێشەی مانّی براکەی بکات، ئاخر خۆ برایەتی وشە نییە، بۆیە سەلمان هەستی بە بەر پرسیارێتی بۆ دروست بوو، پاشان ڕاوی فەرموودەکە دەڵێت: وەهبی کوڕی عەبدوڵڵا، ئەبو دەرداء گەڕایەوە بۆ ماڵەوە، سەلمان خواردنی بۆ دروست کرد بوو پێی وت: نانەکەت بخۆ؟!

گوتی: من بە ڕۆژووم.

سەلمان وتی: منیش نان ناخۆم تا تۆ لەگەڵمدا نان نەخۆیت، پاشان ڕۆژووەکەی پێ شکاند، چونکە ڕۆژوی سوننەت بوو، پاشان شەو داهات سەرەتای شەو ئەبو دەرداء هەڵسا بۆ شەونوێژ سەلمان وتی: بخەوە چونکە سەرەتای شەو بوو، هەر چەندە خەوی لێ نەکەوت ئەبو دەرداء، چونکە فێر بوو شەو بە شەونوێژ بەسەر بەرێت:

﴿تَتَجَافَىٰ جُنُوبُهُمْ عَنِ ٱلْمَضَاجِعِ يَدْعُونَ رَبَّهُمْ خَوْفًا وَطَمَعًا وَمِمَّا رَزَقْنَٰهُمْ يُنفِقُونَ﴿١٦﴾﴾ السجدة

واتە: لایەکانیان بەرز ئەبێتەوە لەسەر جێگا، واتە: هەڵتەستن بۆ شەونوێژ کردن، یاخود ناخەون تا نوێژی عیشا نەکەن، یان لە نێوان مەغریب و عیشادا نوێژی سوننەت دەکەن، یاخود نوێژی عیشا و بەیانی بە جەماعەت دەکەن،

ئەنەسی کوڕی مالیك دەفەرموویت: ئەم ئایەتە لەسەر چاوەڕوانکردنی نوێژی عیشا دابەزی لە خوای گەورە دەپارێنەوە و عیبادەتی دەکەن لە ترسی دۆزەخ و بە ئومێدی بەهەشت و ڕەحمەتی خوای گەورە لەوەیشی کە پێیان بەخشیون ئەوانیش لە پێناو خوای گەورەدا ئەیبەخشن.

پاشان جارێکیتر هەڵسایەوە بۆ شەونوێژ سەلمان وتی: بخەوە پاشان خەوتووە، لە کۆتایی شەودا هەڵسایەوە سەلمان وتی: ئێستا نوێژ دەکەین کاتیەتی.

لە دوای ئەوەی نوێژیان کرد پاشان سەلمان دەستی کرد بە ئامۆژگاری براکەی، وانەیەکی فێرکرد کە ئەوپەڕی ئاست بەرزی بوو لە بەندایەتی پاشان نەفسی مرۆڤ خۆی و چواردەوری.

سەلمان وتی: بە ڕاستی خوای گەورە حەقی لە سەرمانە کە بەندایەتی بۆ بکەین نەفسی خۆمان بە هەمان شێوە حەقی لە سەرمانە، خێزان و مااڵومندااڵمان حەقی لە سەرمانە، لە ڕیوایەتی ترمذی دا هاتووە میوانەکەش حەقی لە سەرت هەیە، جا مافی هەموو ئەوانە بدە کە حەق و مافیان بە سەرتەوە هەیە.

ئەبو دەرداء قەناعەتی بە قسەکانی سەلمان نەبوو، بۆیە هەڵسا چووە لای پێغەمبەری خوا ﷺ تا سکاڵا لە سەر سەلمان بکات و هەموو ڕووداوەکەی بۆ گێڕایەوە پێغەمبەری خوا ﷺ دوو جار فەرمووی: سەلمان ڕاستی کردووە، ئەوەی سەلمان وتویەتی ڕاستە.

(صدق لکلمات، صدق سلمان)

پوختەی باس لەم ڕووداوەی سەلمان و ئەبو دەرداء ئەوەیە لە کاتێک کە سەلمانی فارسی زانی براکەی کێشەی هەیە هەستی بەرپرسیارێتی بۆ دروست بوو، کە دەبێت ئەو کێشەی بۆ چارەسەر بکات، شەو و ڕۆژێک کاتی بە کار هێنا بۆ ئەوەی وانەیەک فێری براکەی بکات، تا ماڵەکەی بپارێزێ وەکو کورد دەڵێت: ماڵی لێتێک نەچێت، هەموو ئەمانە بۆ ئەوە بوو براکەی بپارێزێت لە هەندێک کێشە کە خۆی هەستی پێ نەکردووە.

کەواتە زۆر کار هەیە کە بەرپرسیارێتی برایەتییە لە سەر شانمان ئەنجامی بدەین، لە ئامۆژگاری لە کاری واقعی و بەخشندەی لەگەڵ براو و درواسێ، خەڵکی بازاڕو هەموو چین تووێژەکاندا، ئەمەش تێگەیشتن و بیرو بۆچوونی هاوەڵان بوو.

عەبدوڵڵای کوڕی عەببباس لە مزگەوتی پێغەمبەر ﷺ -دا، ئیعتیکافی کرد بوو، کاتێک مرۆڤ ئیعتیکاف دەکات لە مزگەوت دا بۆی نییە بڕواتە دەرەوە تەنها بۆ کاری زۆر پێویست نەبێت، چونکە تورە بوونی خوایی لەسەر ئیماندار تەنها بۆ کاتی زۆر زەرور مزگەوت جێ دەهێڵێت و دەبێت بگەڕێتەوە تا کۆتایی ئیعتیکافەکە، عەبدوڵڵای کوڕی عەببباس دەڵێت: یەکێک لە پیاوانی شاری مەدینە هات و سەلامی کرد و دانیشت.

عەبدوڵڵای کوڕی عەببباس دەڵێت: دەم و چاوی زۆر خەمگین بوو، کاتێک لە تەنیشتم دانیشت و هیچ قسەیەکی نەدەکرد، پێم وت: فولان زۆر

خەمبارو دڵگران دیاری چی بووە؟ عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس دەڵێت: هەر حەزم کرد بیدوێنێنم و قسەی لەگەڵ بکەم.

کەسەکە وتی: بڵێ ئەی کوڕی مامی پێغەمبەری خوا ﷺ زۆر خەفەتبارم حەق و قەرزێکی فڵانە کەسم لایە، کاتی هاتووە بیدەمەوە منیش نیمە خەفەتبارم، عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس وتی: ئەگەر پێت خۆشە دەچم قسەی لەگەڵ دەکەم. عەبدوڵڵا هیچ پارەیەکی نەبوو تا هاوکاری بکات، بەڵام پێی دەکرێ هاوکاری بکات و بڕوات خاوەن قەرزی بۆ قەناعەت پێ بکات و تا ماوەیەکی تر ئارام و صەبری لە سەر بگرێت.

کەسەکە ڕازی بوو بە عەبدوڵڵای وت: زۆر باشە ماوەیەکی بۆ درێژ دەکەمەوە لە ڕاستیدا عەبدوڵڵا لە ئیعتیکاف دا بوو هەڵسا مزگەوتی جێهێشت کە گەڕایەوە هەواڵەکەی دایە کەسەکە لە مزگەوتی پێغەمبەر ﷺ -دا پاشان وتی: بە عەبدوڵڵا لە بیرت چوو کە تۆ لە ئیعتیکاف دا بوویت؟!

عەبدوڵڵا وتی: ئاماژەی کرد بۆ قەبری پێغەمبەری خوا ﷺ و فەرمووی: گوێم لە خاوەنی ئەو گۆڕە بووە، لەو کاتەدا چاوی پڕ بوو لە گریانو بە چاوی فرمێسکاویەوە فەرموودەکەی پێغەمبەر ﷺ -ی گێڕایەوە وتی: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: هەر کەس بڕوات بە دەم پێداویستی

برایەکەی تا کارەکەی بۆ جێبەجێ دەکات، زۆر چاکترو خێرترە بۆی کە ئیعتیکاف بکات لە مزگەوت دە ساڵ[١٤٢]!

تێگەیشتنێکی زۆر بەرزە لە مانا و چەمکی برایەتی، مرۆڤ کە قەرزار دەبێت و لە ماوەی دیاری کراودا نیەتی بیداتەوە پارسەنگی خۆی لە دەست دەدات زۆر پێویستی بە هاوکارییە، بۆیە عەبدوڵڵا کوڕی عەبباس باش لە بەرپرسیارێتی برایەتی تێگەیشتووە بۆیە وازی لە بەندایەتی و ئیعتیکافەکەی هێنا خێرا بەدەم براکەیەوە چوو.

زۆر کاری گەورە هەیە مرۆڤی ئیماندار ئەنجامی بدات، جاری وا هەیە موجاهیدان و خواناسانی عابید ناگەنە ئەو پلەیە و پایەیە.

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: هەر کەس هاوکاری بێوە ژنێک بکات یاخود هەژارێک بکات، وەکو پاداشتی موجاهیدێک وایە، لە پێناوی خوادا وەکو ئەو کەسە وایە لە ڕۆژدا بە ڕۆژوو دەبێت و هەموو شەویش شەونوێژ دەکات[١٤٣].

زۆرێک لە موسڵمانان حەزیان بە جیهاد و کاری موجاهیدان زۆر بەرز ڕادەگرن کە لە ڕاستیدا هەر دەبێت وا بێت، یاخود زۆرن ئەوانەی حەز و

---

[١٤٢]- (قال: رسول الله ﷺ من مشى في حاجة أخيه، بلغ فيها كان خيرا له من اعتكاف عشر سنين).

[١٤٣]- عن أبي هريرة رضي الله عنه مرفوعًا: السَّاعِي على الأَرْمَلَةِ والمِسْكِينِ، كالمُجَاهِدِ في سبيل الله، وأَحْسَبُهُ قال: وكالقائم الذي لا يَفْتُرُ، وكالصائم الذي لا يُفْطِرُ /متفق عليه.

ئارەزوویانە بە ڕۆژی گەرمادا بە ڕۆژوو بن و یان شەونوێژ بکەن، هاوکاری بێوەژنان و هەژاران بکەن لە پێناوی خوادا، پاداشتەکەت دەستکەوت.

بەڵام پێویستە ڕوونکردنەوە بدەین لە سەر وشەی (الساعي) ئەم وشە بە واتای هاوکاری یەکجار نایەت، لە سااڵێکدا جارێک هاوکاری بێوەژنێک یاخود فەقیرێک بکەیت، نا واتاکەی وانییە، بە مانای کە ئەرکی ڕۆژانە بگرێتە ئەستۆ، وەکو چۆن کەفیلی منداڵی هەتیو دەکەیت، ئاوا دەبێت کەفیلی بێوەژنەکە یاخود هەژارەکە بکەیت، تا پێداویستی نامێنێت و دەگاتە ئەو ئاستەی بە توانا بێت، خۆ زۆر جار پێداویستی پارە نییە، بەڵکو سۆزی عاطیفەیە.

ئەوە مانای کۆمەڵگای ئیسلامییە، ئەوە بونیادی کۆمەڵگای ئیسلامییە، ئەوە پەیوەندی بە هێزەوەیە کە ئیسلام دروستی دەکات، ئەمەش تەنها وشەی سەر کاغەز نییە، بەڵکو لە مەیدانی کۆمەڵگەی ئیسلامیدا بە هەزاران سااڵ پیادە کراوە.

یاخود تەماشای پێغەمبەری خوا ﷺ بکەن کاتێک لاشەی، یاخود تەرمی جەعفەریان هێنایەوە، فەرمووی: خواردن دروست بکەن بۆ خێزانەکەی چونکە ئەو سەرقاڵی کاری تر دەبێت، بەوەی کە بۆیان هاتۆتەوە[١٤٤].

---

[١٤٤]- فالرسول ﷺ لما جاء نعي جعفر يقول: اصنعوا الآل جعفر طعاما فإنه قد جاءهم ما يشغلهم.

ئەو هەست کردنە بە خەڵکی تر زۆر گرنگە لە ناو ئیماندارانداء لە کاتێکدا دەبوو ماڵی تەعزێ بار خواردن بۆ خەڵکی دروست ئەکەن و خواردنیان بۆ بێت.

بەڵام بەداخەوە لە ئەمڕۆدا ڕێک پێچەوانە بۆتەوە، دەبێت ماڵی خاوەن مردوو پێشوازی لە خەڵکی بکەن بۆ خواردن.

برایەتی بەخشین و هەوڵ و تێکۆشان و چالاکییە، نەک دەستکەوت و بەرژەوەندی و سامان لە ڕێگای براکەتەوە، خۆ هەموو ئەمانەی باسم کرد دەشێت مرۆڤ هەوڵی بۆ بدات، بەڵام لە سەر بنەما و حیسابی برایەتی ئیسلامی نەبێت بەو ناوەوە خەڵکی هەڵبخەڵەتێنیت، برایەتی ئیسلامی بەرپرسیارێتییە.

هەر لەم ڕوانگەیەوە هاوەڵان ڕازی نەدەبوون وتەیەکی ناشرین یاخود بریندارکەر بەرانبەر یەکتریان بە کاربهێنن، چونکە برایەتی بەرپرسیارێتییە، هەرگیز لە پاش ملەوە قسەیان بەرانبەر یەکتری نەکردووە، بەڵکو بەرگریان لە یەکتری کردووە.

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: هەر کەسێک برا موسڵمانەکەی لە جێگایەکدا باسی ناموس و شەرەفی بکرێت و پیرۆزی و سەروەری ئەو کەسە ببەزێنێت، جا گوێ بیستی بێتیان خۆی بێت لە سەر هەڵئەداتێ، ئەوا خوای موتەعال لە جێگایەکدا کە پێویستی بە سەر خستنە، ئەوا خوای موتەعال ژێری دەخات و تۆڵەی لێ دەکاتەوە، یاخود بە پێچەوانەوە ئەگەر

کەسێک موسڵمانێک سەر بخات لە کاتێکدا کە باسی ناموووس و شەرەفی بکرێت و سەروەریەکان ببەزێنێت، ئەگەر موسڵمانێک سەری بخات ئەوا خوای گەورە لە جێگایەکدا سەری دەخات، کە پێوسیستی بە سەرخستن هەیە[١٤٥].

بەم گیان و ڕۆحەوە برایەتی یەکتریان دەپاراست، هەرگیز باسی ناموووس و شەرەفی پیرۆزی سەروەریەکانی یەکتریان نە دەکرد، بەڵکو ئەگەر کەسێک ئەو کارەزشتەی ئەنجام بدایە ئەوا ئەوان پشتگیری برا موسڵمانەکەیان دەکرد و نەیاندەهێشت مافی بخورێت، هەروەها ڕێگایان بە کەسەکە نەئەدا ئەو جۆرە کارانە ئەنجام بدات، چونکە دەیانزانی برایەتی بەرپرسیارێتییە.

پێغەمبەری خوا ﷺ لە کاتی چوونە دەرەوەی سوپاکەی بۆ تەبووک هەواڵی کەعبی کوڕی مالیکی پرسی، یەکێک بوو لەو سێ سەرپێچیکارەی کە پێشتر لە تابلۆی ڕابردوو ئاماژەمان پێداوە، پێغەمبەری خوا ﷺ وەک پیشەی هەمیشەیی لە هاوەڵانی پرسیاری دەکرد هەر کەعب خۆی ڕاوی فەرموودەکەیە، لە بوخاریدا هاتووە دەڵێت: کە سوپاکە بەڕێکەوت پێغەمبەری خوا ﷺ زانی کەعب نەهاتووە بۆیە فەرمووی: کەعب چی دەکات بۆ

١٤٥- روى أبو داود وأحمد بن حنبل، عن جابر عبدالله، عن أبي طلحه بن سهيل الأنصاري، انهما قالا، قال رسول الله ﷺ ما من امرئ يخدل امرأ مسلما في موضع تنهک فيه حرمته، وينتقص فيه من عرضه إلا خذله الله في موطن يحب فيه نصرفه، وما من امرئ ينصر مسلما في موضع ينتقص فيه من عرضه وينتهک فيه من حرمته إلا نصره الله في موطن يحب نصرته.

نەهاتووە؟! (مافعل كعب) وەکو هەواڵ پرسین پێغەمبەری خوا ﷺ هەواڵی پرسی، یەکێک لە پیاوانی هۆزی بەنی سولەیم وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ خۆی بەستۆتەوە لە ناو جلوبەرگەکەیدا و لە ناو عەرەبدا ئەم وتەیە بۆ کەسێک بە کار دێت کە سەرقاڵ بێت بە دنیاوە واتا بە کاری دنیایی و قیامەتی لە بیر بکات، بۆیە مەبەستی ئەو کەسە ئەوە بوو کە بۆیە نەهاتووە بۆ غەزوەکە لە بەر سەرقاڵی بە دنیاوە، لەو کاتەدا موعازی کوڕی جەبەل گوێی لێبوو، خێرا لە سەر براکەی کردەوە وتی: سوێند بە خوا ئەم کەسە خراپی وت، بە خوا لە چاکە بەولاوە هیچمان لە کەعب نەدیوە[١٤٦].

خێرا بەرگری کرد لە براکەی کە لە پاستیدا دوا کەوت لەو جەنگە گرنگە کە یەکێک بوو لە جەنگ و غەزایەکان کە دەبوو هەموو ئیماندارانێک بەشداری تێدا بکات، بەڵام موعاذ عوزر بۆ براکەی ئەهێنێتەوە لەوانەیە هۆکاری هەبێت، ئەوەش برایەتی نێوان هاوەڵان بوو بەو شێوەیە بوو.

ئەم ڕووداوە زۆر سەرنجی ڕاکێشام، کاتێک مونافیقەکان درۆ و دەلەسەیان هەڵبەست بۆ خاتوو عائیشە دایکی ئیمانداران بە ڕووداوی ئیفک دا، دایکی ئەیوب خێزانی ئەبو ئەیوبی ئەنساری، هات بۆ لای بە ئەبو ئەیوبی وت: دەزانی چی ڕوویداوە و چی دەڵێن بە عائیشە؟!

ئەبو ئەیوب وتی: بەڵێ؛ دەزانم و هەمووی درۆیە، ئەبو ئەیوب لە ماڵی خۆیدایە و بەرگری لە دایکی ئیمانداران دەکات، پاشان بە خێزانی وت: ئەی

١٤٦- قال معاذ بن جبل، بئس ماقلت والله يا رسول الله ما علمنا إلا خيرا.

دایکی ئەیووب تۆش وەکو خەڵکی تر قسە بۆت دەهێنن و دەبەن ئینجا ئەبو ئەیووب وتی: عائیشە زۆر لە تۆ چاکترە و باشترە. لای خێزانی خۆیدا ئەبو ئەیوبی ئەنساری چۆن بەرگری لە خاتوو عائشە دەکات.

ئەوە هەستی بەرپرسیارێتی ئیماندارێیە بۆ خوشک و براکانی دروست دەبێت، لە نەبوونی خەڵکیدا بەرگری لە خاتوو عائیشە دەکات، حورمەتی ئیماندار دەپارێزێت، بە خێزانی دەڵێت: ئەو لە تۆ چاکترە.

باس و خواس لەم جۆرە باسانە زۆر زۆرە کە برایەتی بەر پرسیارێتییە، بەخشین و هەوڵدانە لە پێناویدا ڕیوایەت زۆرە لەم باسەوە مەبەستمان بەشی تێگەیشتنی برایەتییە لە ڕووی بەرپرسیارێتییەوە بۆ ئەوەی بڕۆینە ناو تێگەیشتنێکی نوێ بەوەندە کۆتایی بەم بەشە ئەهێنین.

تێگەیشتنی سێیەم: برایەتی بۆ هەموو کەسێکە کە ئیمانی بە خوا و پێغەمبەر ﷺ بێت.

دیارە کە دەڵێین: برایەتی بۆ پیاوان و بۆ ئافرەتان دەڵێین: خوشکایەتی، واتا ئەوەی بڕوای بە خواو پێغەمبەری خوا ﷺ بوو ئۆتۆماتیکی خوشک و بران، بڕوا بوون بە ئایینی ئیسلام کە هەر ڕەگەز و نەتەوەو زمانێک بێت جیاوازی نییە، موسڵمانی نوێ بێت یاخود کۆن هەر جیاوازی نییە، بە وتنی شایەتومان مرۆڤ دەبنە خوشک و برای یەکتری، جا ئەوەی دەیناسێت و ئەوەشی ناینناسێت کەواتە هەموو موسڵمانێك موستەحەقە بە برایەتی، ئەم

برایەتییە دەیگرێتەوە ئەم شمولیەتە زۆر نایاب و جوانە، تێگەیشتنی برایەتی موسڵمان بوونت پێشکەش دەکات.

لەوانەیە کەسێک بپرسێت ئەی ناکرێت لە سەر بنەمای دینی برایەتی دروست نەکەین، بەڵکو لە سەر بنەمای مرۆڤ بوون بێت، ئیسلام ئەم برایەتییە بە گشتی داناوە هەموو مرۆڤەکان کە ئادەمن و ئادەمیش لە خاکە.

بەڵام برایەتی ئیسلامی تایبەتە لە باسەکانی ڕابردوودا زیاتر ئاماژەی پێ کراوە کەواتە کەسی بیر نەخۆش ناتوانن ئەو کەلێنە و درزە بخاتە ناو ئەم دینە گەورە و پاکەوە.

زۆرینەمان ڕووداوی موسڵمان بوونی عومەر کوڕی خەتتاب دەزانین کە دەڕوات لە دەرگای ماڵی ئەرقەمی کوڕی ئەرقەم ئەدات یەکەم ڕۆژی موسڵمان بوونی، لە کاتێکدا مێژوویەکی چەند ساڵەی هەیە لە ئازاردانی موسڵمانەکان لە شاری مەککەی پیرۆزدا لە ئەشکەنجەدانی ئیمانداران و لێدانیان و بریندار کردن و زیندانی کردنیان، ڕقی زۆر لە ئیسلام و موسڵمانان بوو تەنانەت کۆتا چرکە ساتەکان لە ژیانی کافربوونی دا بڕیاری دا کە پێغەمبەری خوا ﷺ بکوژێت.

کاتێک لە دەرگای دا لە کونێکی بچووکی دەرگاکەوە کە زانیان عومەرە، حەمزەی کوڕی عەبدولموتەلێب وتی: دەرگای بۆ بکەنەوە ئەگەر زانیتان بۆ چاکە هاتووە ئەوا وازی لێ دەهێنین، خۆ ئەگەر زانیان بۆ جەنگ و شەڕ هاتووە ئەوا بە شمشێرەکەم دەیکوژم، لە دوای ئەوەی دەرگاکە بۆ عومەر

کرایەوە و هاتبوو بۆ موسڵمان بوون و شایەتومانی هێنا لەبن دەستی پێغەمبەری خوا ﷺ -دا، خێرا گۆڕانکارییەکی زۆر سەیر پووپدا لە ڕق و کینەوە خێرا گۆڕا بۆ خۆشویستنی عومەری کوڕی خەتتاب، ئەو ڕق و کینەی دڵی ئیماندارانی گۆڕا بۆ خۆشەویستی و برایەتی، پاشان هەر ئەو عومەرە بوو کە ئازاری لاو، گەنج و کۆییەلەکانی هۆزی (عودە)ی ئەدا، پاشان بووە بە بەردە گەورەی سەر دڵی کافران لە تەنیشتی حەمزەوە لە خۆپیشاندانی ناڕەزایی و ئاشکراکردنی دینی ئیسلامدا لە یەک ڕیزدا لە حەوشی کەعبەدا بوونی هەبوو پڕ بە یەک دەنگی هاواری دەکرد بۆ یەکتاپەرستی.

لەگەڵ ئەوەی کاتێکی زۆر کەم بوو موسڵمان بوو بوو، لەگەڵ ئەو هەموو ئازار و ئەشکەنجەی کە موسڵمانان بە دەستی ئەو چەشتبوویان بەڵام موعجیزەی ئەم دینەیە لەو کاتەوە عومەر بوو بە برایان و یەکێک بوو لە جەستەی موسڵمانان برای موسڵمانی لێ دەرچوو بەرگری لێدەکەن و بەرگری لێ دەکرا، خودی عومەر وانەیەکی زۆر گەورەی وەرگرت لەم برایەتییە ئەو پێوەرەش لە ژیانیدا ڕەنگی دایەوە لە خۆشەویستی و ڕقلێبوونەوەی تەنها پەیوەندی هەبوو بە ئیمانەوە.

لە کێبی مەملەکەتی نووردا بە درێژی باسی چۆنیەتی هاوەڵێکمان کرد بە ناوی ئوسامەی کوڕی ئوسەیل، ئیمام ئەحمد لە ئەبوهورەیرەوە دەگێڕێتەوە کاتێک ئوسامە موسڵمان بوو کە دوای ماوەیەکی دوور و درێژ لە دژایەتی کردنی موسڵمانان و خۆی بە یەکێک بوو لە قیادە و سەرۆکەکانی بەنی

حەنیفە، عومەری کوڕی خەتتاب دەڵێت: سوێند بە خوا پێشتر لە بەر چاومدا زۆر بچووک و سووک تر بوو لە بەراز، بەڵام ئێستا زۆر گەورەترە لە شاخ[١٤٧]!

خێرا دید و تێڕوانینەکان هاوەڵان گۆڕانکاری بە سەردا هات کە سومامەی کوڕی ئوسەیل هاتە ناو ئیسلام بە ئیمان هێنانی، بەسە بۆ برایەتی، ئیتر هەموو مافی برایەتی هەیە بەسەر موسڵمانانەوە خۆشەویستە لەناو براکان و خوشکەکانیدا.

ئەو خۆشەویستە لە پێناوی ئەوەدا نەبووە کە ئەو هاوەڵە یەکێکە لە هەرە دەوڵەمەندەکانی عەرەب، بەڵکو خۆشەویستییەکە لە پێناوی خوادا ئەم هەست و سۆزە هەموو مرۆڤایەتی بە خۆیەوە نەدیوە، کە سۆزی برایەتی لە پێناوی خوای گەورەدا دروست ببێت.

بوخاری و موسلیم لە ئەبوهورەیرەوە دەگێڕنەوە، پیاوێک هاتە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ نەیدەناسی، داوای میوانداری و نانخواردنی کرد لە پێغەمبەری خوا ﷺ، پێغەمبەری خوا ﷺ زانی میوانەکەی برسییەو خێرا چوو ناو خێزانەکانی خواردنی بۆ بهێنێت، بەڵام لە ماڵی پێغەمبەر ﷺ -دا خواردنی تێدا نەبوو بۆیە ناچار پێغەمبەری خوا ﷺ دەنگی موبارەکی بەرزکردەوە و فەرمووی: کێ لە ئێوە دەتوانێت هاوکاری و میوانداری ئەم میوانە بکات ئەم شەو (ألا رجل يضيفه الليلة يرحمه

١٤٧- ليقول عمر بن الخطاب: لقد كان والله في عيني أصغر من الخنزير و إنه في عيني الآن أعظم من الجبل.

اللە) پێغەمبەری خوا ﷺ ڕاستەوخۆ هەستی بە برایەتی ئەم کەسە نەناسراوە کرد و هەر چۆن بووە دەبێت میوانداری بکات و خواردنی بۆ دابین بکات.

لەو کاتەدا یەکێک لە پیاوانی ئەنسار وتی: من لە خزمەتیدا دەبم ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ هاوەڵەکە خێرا چوو بۆ لای خێزانی وتی: میوانێکی پێغەمبەری خوا ﷺ-م هەیە هیچ شتێک لا نەدەیت چیبان هەیە بیهێنە.

(فذهب إلى أهله فقال: لامرأته، ضيف رسول الله ﷺ لا تدخرى شيئا)

خێزانەکەی وەڵامی دایەوە وتی: سوێند بە خوا تەنها خواردنی منداڵەکەمان هەیە کە ژەمی ئەوە (والله ماعندى إلا قوت الصبية)

پاشان وتی: خواردنی منداڵەکەی بۆ بهێنە و منداڵەکە خەو لێبخە، چرای ماڵەکە بکوژێنەرەوە قاپێکیش بخە بەردەمی من، منیش وا خۆم نیشان دەدەم کە نان ئەخۆم لە گەڵیدا، ئەم شەو با بە برسێتی بمێننەوە، سبەینێ بۆ بەیانی کە ئەنسارەکە میوانەکەی بردەوە بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: خوای گەورە لە کارەکانتان سەر سام بوو ئەوەی ئەنجامتان دا لە بەرانبەر میوانەکەتان[١٤٨].

---

[١٤٨]- قال رَسُولُ اللَّهِ ﷺ لِرَجُلٍ: لَقَدْ عَجِبَ اللَّهُ تَعَالَى بِصَنِيعِكَ بِضَيْفِكَ، أَوْ ضَحِكَ بِصَنِيعِكَ بِضَيْفِكَ.

لەگەڵ ئەوەی کە ئەنسارەکە میوانەکەی نەناسی و بە هەمان شێوە پێغەمبەری خوا ﷺ میوانەکەی نەناسی، بەڵام برایەتی دینداری لای هاوەڵان ڕەگی داکوتابوو، خواردنی منداڵەکەیان دایە میوانەکەیان، خوای گەورە سەرسام بوو بە کارەکەیان.

هەڵبەت بە واتای خۆشحاڵی و پاداشتی زۆر بۆ ئەو خانەوادەیە هەموو ئەم ڕووداوەی کە ڕوویدا لە پێناوی برایەتی ئیمانی و دینداری بوو، مادەم کەسەکە بڕوای بە خوا و پێغەمبەری خوا ﷺ هەیە لە سەرمانە وەکو برا هاوکاری بکەین.

لە پێناوی ئەو برایەتییە و خودی فەرموودەکە، زانایانی فیقهی ئیسلامی ئەحکامی سیاسی و کۆمەڵایەتیان بونیاد ناوە لە سەر ئەم بنەمایە بۆ برایەتی لە پێناوی خودا دەبێت فریای برا موسڵمانەکانت بکەویت لە هەر جێگایەکی ئەم دنیایەدا بێت، جا بە هۆکاری برسێتی و وشکە ساڵی یاخود بەزاندنی حورمەتی موسڵمانان فەرق ناکات تەئسیری بێت یان بەزاندنی سەروەرییەکانی دەوڵەتی ئیسلامی بێت.

خوای موتەعال فەرزی کردووە لە سەر موسڵمانان کە بە هاناو هاوکاری برا و خوشکانیانەوە بڕۆن لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا لە باکوور و باشووردا، زانایانی فیقهی لە سەر ئەوە کۆڕان کە هاوکاری موسڵمانان بکرێت لە هەموو وڵاتە جیاوازەکاندا، ئەگەر ئافرەتێکیش بێت بە دیل بگیرێت جا ئەو ئافرەتە بیناسیت یان نەیناسیت بۆ ڕزگارکردنی لە ناوچەی ڕۆژئاوای جیهانی ئیسلامی بێت ئەوا لە سەر هەموو ئەهلی ڕۆژئاوا واجبە بڕۆن بۆ ڕزگار کردنی، یاخود

لە ڕۆژهەڵات دەبێت هەموو خەڵکی ڕۆژهەڵات بڕۆن بۆ ئازادکردنی ئەگەر لە توانای یەکێکیاندا نەبوو هەموو لاکان یارمەتی ئەدەن.

هەروەکو چۆن پێغەمبەری خوا ﷺ هاوکاری ئافرەتێکی کرد کە حورمەتی ئەو ئافرەتە ڕوشێنرا بوو بە دەستی جولەکە و موسڵمانێکیان کوشتبوو، پێغەمبەری خوا ﷺ ئەم چەمکەی برایەتی و خوشکایەتییەی لە ناو هاوەڵاندا بڵاوکردبوەوە، خێرا بۆ تۆڵەی خوشک و براکەیان چووە سەریان و تۆڵەی لێکردنەوە.

ئێستاش ڕۆژئاوا بە هەزارەها موسڵمان دەکوژن و شەهید دەکرێن و زیندانەکانی دنیا پڕە لە موسڵمان و ئیماندار، نەک هەر باس ناکرێت، بەڵکو وای لێهاتووە موسڵمان ئەگەر باسی برا موسڵمانەکەی بکات دەترسێت و شەرم دەکات، لە کاتێکدا پێغەمبەری خوا ﷺ هەموو جولەکەی بەنو قەینوقاعی دەرکرد لە سەر بەزاندنی حورمەتی خوشکێک و کوشتنی هاوەڵێك.

خیلافەتی عەبباسی و خەلیفە موعتەصەم بۆ ڕزگارکردنی ئافرەتێک ڕووی کردە عامۆریە و بە هۆکاری بەزاندنی حورمەتی خانمێکی موسڵمان شارەکەی سوتاند، بۆ ئەوەی جارێکیتر ڕۆژئاوای صەلیبی فێر نەبێت موسڵمان بە دیل بگرێت، خوای گەرە فریای ئەم ڕەوەندە بکەوێت و موعتەصیمێکی بۆ بنێرێت، هەروەها لە خیلافەتی ئەمەویدا لە ئەندەلوس حاجب مەنصور کە ناسراوە بە ئەبی عامری مەنصوری سوپایەکی ئامادە کرد بۆ وڵاتی ناڤار لە سەر سنووری فەڕەنسا بە هۆکاری ئەوەی سێ ئافرەتی موسڵمانیان لە کەنیسەیەکدا زیندانی

کرد بوو، سوپای ڕێکخست و سێ ئافرەتەکەی ئازاد کرد، پاشان جزیەی لە سەر دانان، نە حاجب مەنصور سێ ئافرەتەکەی دەناسی، نە موعتەصیم ئەو ئافرەتەی دەناسی، تەنها هەستی خوشک و برایەتی ئیسلامییە.

لە نێوان موسڵماندا جیاوازی کورد، عەرەب، چیچانی، فارس و تورک نییە، هەموو ئەمانە لە سەر بنەمای خواناسی و دینداری بران، هەموو بران لە پێناوی خوای موتەعال دا.

تێگەیشتنی چوارەم: برایەتی نیعمەتێکە لە نیعمەتەکانی خوای موتەعال

تێگەیشتنی کۆتایی برایەتیی کە ئیسلام دایمەزراندوە لە ڕێگای پێغەمبەر ﷺ و دەقە قورئانییەکانەوە، نیعمەتێکی زۆر گەورەیە خوای پەروەردگار بۆی دەستەبەر کردووین لە دنیادا پێی دڵخۆش دەبین و هاوکار و پشتیوانە، هەروەها قیامەت خۆشی و شادییە بە هۆکاری دەچینە بەهەشت و ڕێگای چوونە بەهەشتی خوایە.

هەرچەندە دروستکردنی برایەتی تەنها بۆ پاراستنی قیامەت نییە، بەڵکو خوای گەورە لە دنیادا خۆشیو شادی پێدەبەخشێت، هەموو خەڵکی دنیا لە پێناوی خۆشەویستییەکاندا جەنگ دەکەن، بەڵام خۆشی و برایەتی نازانن چییە لە خوای گەورە بەخشوییەتی بە موسڵمانان، نیعمەتێکی زۆر جوان و پر حەقیقەتە خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿وَٱعْتَصِمُواْ بِحَبْلِ ٱللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُواْ ۚ وَٱذْكُرُواْ نِعْمَتَ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ كُنتُمْ أَعْدَآءً فَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِكُمْ فَأَصْبَحْتُم بِنِعْمَتِهِۦٓ إِخْوَٰنًا وَكُنتُمْ عَلَىٰ شَفَا حُفْرَةٍ مِّنَ ٱلنَّارِ فَأَنقَذَكُم مِّنْهَا ۗ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمْ ءَايَٰتِهِۦ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ ﴿١٠٣﴾﴾ آل عمران

واتە: ئێوە هەر هەمووتان دەست بگرن بە حەبل و پەتی خوای گەورەوە واتە: بە دینی خوا و بە ئیسلام و بە قورئان، بەڵام تەفرەقە مەکەن و پارچە پارچە و بەش بەش و پەرتەوازە مەبن، یادی ئەو نیعمەتانەی خوای گەورە بکەنەوە بەسەرتانەوە کاتێك کە ئێوە (ئەوس و خەزرەج) دوژمنی یەکتری بوون خوای گەورە دڵتانی یەکخست و بەهۆی نیعمەت و دینەکەی خوای گەورە کردنی بە برای یەکتری، ئێوە لەسەر لێواری چاڵی ئاگری دۆزەخ بوون کە بەو حاڵە بمردنایە ئەچوونە ئاگری دۆزەخ، چونکە کافر بوون خوای گەورە لەو کوفرەوە لەو ئاگری دۆزەخە ئێوەی ڕزگار کرد بەهۆی پێغەمبەری خواوە ﷺ بەم شێوازە خوای گەورە ئایەتەکانی خۆیتان بۆ ڕوون ئەکاتەوە، بەڵکو خوای گەورە هیدایەتتان بدات و ڕێگای هیدایەت بگرنەبەر.

خوای موتەعال زۆر بە ڕوونی باسی ئەو نیعمەتەمان بۆ دەکات، لە ڕاستیدا بە هەرچی پێوەری بکەین ناگاتە گەورەیی و خۆشی و برایەتی، مەبەستم هەرچی نیعمەتی دنیایە، نە پارە، نە کەرەستە گرانبەهاکانی ژیان، هیچی پێی ناگات، ئەمەش قسەی من نییە، بەڵکو خوای گەورە لە قورئاندا دەفەرموێت:

﴿وَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِهِمْ ۚ لَوْ أَنفَقْتَ مَا فِي ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا مَّآ أَلَّفْتَ بَيْنَ قُلُوبِهِمْ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ أَلَّفَ بَيْنَهُمْ ۚ إِنَّهُۥ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴿٦٣﴾﴾ الأنفال

واتە: خوای گەورە دڵی ئەوس و خەزرەجی یەکخست کە چەندەها ساڵ کوشتاری زۆر لە نێوانیاندا بوو، خوای گەورە دڵی یەکخستن بەهۆی ئیمان و ئیسلامەوە، ئەگەر هەرچی لەسەر ڕووی زەوی هەیە هەر هەموویت ببەخشیایە بۆ ئەوەی کە دڵیان یەکبخەیت و ڕێکیان بخەیت ئەوە نەت دەتوانی دڵیان یەکبخەیت و ڕێکیان بخەیت، بەڵام خوای گەورە خۆی دڵی یەکخستن بەهێزو تواناو کاربەجێی خۆی بە دڵنیایی خوای گەورە زۆر باڵادەست و بەعیززەت و کاربەجێیە.

تەنها ئەم نیعمەتە بە بەهاترە لە هەرچی وا لەم زەویەدا!

ئەم نیعمەتی برایەتییە زۆر گەورەیە، موسڵمانان زۆر جار هەستی پێناکەن تا ئەوکاتەی لە دەستی دەدن، پێشتر هەموو ئوممەتەکانی تری سەر زەوی ئێرەیی و بەخیلیان دەبرد بە برایەتی ئوممەتی ئیسلامی، کە منەتێکی خواییە بەسەر ئیماندارانەوە لە پێناویدا گیان و سامانیان دەبەخشی.

خوای گەورە لە حەقی یەهوددا دەفەرموێت:

﴿لَا يُقَٰتِلُونَكُمْ جَمِيعًا إِلَّا فِي قُرًى مُّحَصَّنَةٍ أَوْ مِن وَرَآءِ جُدُرٍ ۚ بَأْسُهُم بَيْنَهُمْ شَدِيدٌ ۚ تَحْسَبُهُمْ جَمِيعًا وَقُلُوبُهُمْ شَتَّىٰ ۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لَّا يَعْقِلُونَ ﴿١٤﴾﴾ الحشر

واتە: ئەوان ناتوانن کوشتاری ئێوە بکەن، هەموویان بەیەکەوە کۆببنەوە بۆ کوشتاری ئێوە چونکە ترسنۆکن، مەگەر لەناو خانوو و ماڵی دێیەکدا کە شورا

و قەڵای پتەوی هەبێت، یان لە پشت دیوارەکانەوە خۆیان بشارنەوە لە ترسدا مەگەر ئاوا کوشتاری ئێوە بکەن ئەگەرنا ڕووبەڕوو ناتوانن، بەڵام جوولەکە و مونافیقان ڕق و کینەیان لەناو یەکدا زۆر سەختە و دڵیان جیاوازە، تۆ وا ئەزانی ئەوانە هەموویان یەکن بەڵام دڵیان لێك جیاوازە و دڵیان لەگەڵ یەکدا نیە و یەك دڵ نین، لەبەر ئەوەی ئەمانە کەسانێکی ناحاڵی و ناتێگەیشتوون.

ئێستاش بەهەمان شێوە وان، بەڵام بەرژەوەندی بانک و میدیا کۆی کردوونەتەوە نەک برایەتی!

هەروەها لە دەرحەقی نەسارادا خوای موتەعال دەفەرموێت:

﴿وَمِنَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ إِنَّا نَصَٰرَىٰٓ أَخَذۡنَا مِيثَٰقَهُمۡ فَنَسُواْ حَظّٗا مِّمَّا ذُكِّرُواْ بِهِۦ فَأَغۡرَيۡنَا بَيۡنَهُمُ ٱلۡعَدَٰوَةَ وَٱلۡبَغۡضَآءَ إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِۚ وَسَوۡفَ يُنَبِّئُهُمُ ٱللَّهُ بِمَا كَانُواْ يَصۡنَعُونَ ١٤﴾ المائدة

واتە: ئەوانەی کە وتیان ئێمە نەصارا و گاورین عەهد و بەڵێن و پەیمانمان لەوانیش وەرگرت کە شوێن پێغەمبەری خوا ﷺ بکەون و ئیمانی پێ بێنن و سەریبخەن، ئەوانیش بەهەمان شێوە ئەو عەهد و پەیمان و بەڵێنەیان لەبیر کرد کە لێیان وەرگیرابوو، پشتگوێیان خست لە سزای ئەو کارەیان ئێمەیش تا ڕۆژی قیامەت ڕق و کینە و دژایەتیمان خستۆتە نێوانیانەوە، نێوان گاورو جوولەکە، یاخود نێوان گاورەکان خۆیان کە چەند فیرقە و تاقم و گروپێکن و دژایەتی یەکتری دەکەن لە ڕۆژی قیامەتیش خوای گەورە هەواڵیان پێ دەدات سەبارەت بە کردەوەکانی خۆیان و ئاگاداریان ئەکاتەوە و سزایان ئەدات لەسەری.

لە نێوانی کاتۆلیک، پرۆتستانت و ئۆرتۆدۆکس...هتد تا ئەم ساتەوەختەش هەمان دژایەتی هەیە، ئەوەش لە نێوان ڕوسیا و ئەوروپادا بە ئاشکرا ڕەچاو دەکرێت، بەڵام ئۆممەتی ئیسلامیی بە هۆکاری نیعمەتی برایەتی خۆشبەختە، ئەگەرچی لە ئێستادا مەڕجەعێکیان نیە، بەڵام نیعمەتی برایەتی لە ناویاندا ڕەنگی داوەتەوە، خۆ ئەگەرچی لێرە و لەوێ خەریکە خزمایەتی و خەت و مەزهەبگەرایی کەلێنی زۆری تێدەکات.

ئەستەمە ئیمانداری تێگەیشتوو بەهای ئەم برایەتییە نەزانێت و ئەقڵی پێی نەشکێت بەم خۆشییە و وازی لێبهێنێت، نیعمەتێکە کە لە دنیادا وێنەی نییە، گەورەترین خەمۆکی لای پیاو و ژن و منداڵ ئەوەیە کە هەست بە تەنهایی بکات، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو سەرژمێریانەی کە مرۆڤ تووشی خەمۆکی و ناڕەحەتی و قەیرانی دەروونی بکات، لە ئینگلتەرا، سوید، نەرویج، دانیمارک و زۆرێکیتر لە وڵاتانی جیهانی، هەموو بنەڕەتەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و تەنهایی، هەموو بنەڕەتەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی خۆشەویستی لە پێناوی خوادا، کە منداڵ تەمەنی دەگاتە (١٧-١٨) ساڵ ماڵی دایک و باوکی بەجێ دەهێڵێت و زۆر ئەستەمە لە یەکتری بپرسنەوە، کاری یەکتریان هیچ بەلاوە گرنگ نییە.

بە پێچەوانەوە لەگەڵ ئەوەی ئەو وڵاتانە زۆربەی لە ڕووی ئابوورییەوە زۆر بەهێزە، بەڵام زۆربەی وڵاتانی موسڵمان هەست بەو خۆشیو شادی و برایەتییە یاخود پەیوەندییە توند و تۆڵە دەکەن کە ئیسلام بۆی دابین کردوون.

یەکێکە لە نیعمەتە گەورەکانی ئیسلام، کە خۆشی هەر دوو دونیای تێدایە ئەوەش ئەو تێگەیشتن و بیرە قوڵەی هاوەڵان بوو لە سەر برایەتی کە نیعمەتێکی گەورەی ئیسلامە، زۆر بە گرنگییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرد، بە تایبەتی بۆ بونیاد نانی ئوممەتی ئیسلامی و ئەو چوار خانەکەی کە باسمان کرد:

١- برایەتی ڕێگایە بەرەو بەهەشت.

٢- برایەتی بەرپرسیارێتییە.

٣- برایەتی ئیماندار بیناسێت یاخود نەیناسێت.

٤ برایەتی نیعمەتی خۆشی و شادی دنیا و قیامەتە.

لە فەرموودەیەکی قودسیدا خوای موتەعال لە سەر زمانی پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: لە سەرم فەرز بووە کە خۆشم بووێن ئەوانەی کە لە بەر من یەکتریان خۆش دەوێت، خۆشەویستم بۆ ئەوانە واجبە کە هاوکاری یەکتری دەکەن، خۆشەویستم فەرز بووە بۆ ئەوانەی سەردانی یەکتری دەکەن لە پێناوی منداء خۆشەویستم واجب بووە بۆ ئەوانەی کە لە بەر خاتری من دادەنیشن و باس و خواسیان دەکەن[١٤٩].

---

[١٤٩]- قال اللهُ عَزَّوَجَلَّ وجبت محبتي للمتحابّين فيَّ والمتجالسين فيَّ والمتزاورين فيَّ والمتباذلين فيَّ/ أخرجه أحمد.

خۆشەویستی لە پێناوی ئیسلامدا خوای گەورە خۆشی دەوێن ئەمەش گەورەترین نیعمەتێکە کە بە ئاسمان و زەویەکانیش پێوەر ناکرێن، خوای گەورە لەوانەمان هەژمار بکات کە خۆشی دەوێن و بتوانین ئێمەش هەموو خوشک و برایەکی ئیماندارمان خۆش بووێت.

تابلۆی شانزەیەم:

چارەسەری کێشەکان،

هاوەڵان و دەمارگیری و ترس‌و تۆقاندن و چارەسەری

لەم تابۆلەیەدا دەگەڕێین بە شوێن چارەسەری کێشەکانی ناو کۆمەڵگا و چۆنیەتی چارەسەر کردنی، هۆکاری ناوبانگ و بوون بە ئەستێرە زۆر جار لە ڕێگای چارەسەری کێشەی خەڵکییەوەیە، جا کێشەکان پێکهاتەی سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان بێت لە سیاسەت و ئابووری‌و تەنانەت ئاکار و بەها ڕەوشتییەکان.

خوای موتەعال پێغەمبەری ئازیز ﷺ -ی ناردوە موژدە دەر و ڕێنیشاندەر و مورشیدە و سەرپەشتیاری ئەم ئوممەتەیە، دەرهێنەری خەڵکییە لە ناو تاریکستانی جاهیلی بەرەو ڕوناکی و نووری ئیسلام، باشترین سەرکردە و بانگخواز و پەروەردەکار بووە کە بە جوانترین شێوە مامەڵەی لەگەڵ کێشەکانی ناو کۆمەڵگادا کردووە، بە شێوەیەکی واقیعی و زۆر لۆژیکی، هەروەها بە مێتۆد و شێوەی پلەبەندی بە گوێرەی قۆناغ، لە سەرەتاوە گیانی چاودێری خوای لە ناخی تاکی موسڵماندا ڕووواند، نەفسی مرۆڤی کردە چاودێر بە سەر خودی مرۆڤ خۆیەوە، پاشان هەرچی دەرگا و پەنجەرە و کونە بەردێک هەیە کە دەبێتە هۆکاری ئاشوب و ناڕەحەتی گرتی، لە ڕێگای یاسا و ڕێسایەک کە قۆناغ بەندی بوو چارەسەری هەرچی کێشە هەبوو کردی لە ناو کۆمەڵگەی ئیسلامیدا هەموو هۆکاری دزەکردنی کێشەکانی ناو کۆمەڵگەی وەستاند بە هۆی شەریعەتی ئیسلام.

لەو کاتەوە کۆمەڵگەی ئیسلامی پیادەکاری شەریعەتی خوای موتەعال بوون، لەو پەڕی ئاشتی و ئاسایشدا ژیاون، هاوەڵانی لە سەر ئەم بنەمایە پەروەردە کرد کە لێکۆڵینەوەی ئەم تابلۆیەمان لە سەر داڕشتوە، یەکێک لە دەردە کوشندەکانی ناو کۆمەڵگە دەمارگیرییە کە بە دوایدا ڕاستەوخۆ ئەگەر مرۆڤ و کۆمەڵگە و دەسەڵات دەمارگیر بوون ئەوا ترس و تۆقاندن زیاد دەبێت، چونکە پێغەمبەر ﷺ کە هات ویستی خۆی وابوو هەرچی کاری دەرمارگیری و پەرگیرییە وەلای بنێت لە جێگایدا پابەند بوون دابنێت واتا تەعەصوبی هۆزگەرای، دینگەرای، بتپەرستی، مرۆڤپەرستیو مرۆڤگەرایی، دنیاویستی، گەڕان بەدوای سەروەت و سامان و ژن...هتد.

هەموو ئەمانەی ڕێکخست بە شەریعەتی ئیسلام تا خەڵکی چیتر دەمار گیر نەبن، بەڵکو مولتەزیم بن و پابەندی خۆیان بە ئیسلامەوە ڕابگەیەنن و خاوەنی سەرچاوەو مەرجەع بن.

وەکو چۆن (وڵاتی عەلمانی پێشکەوتوو) داوای بە دەزگا بوونی دەوڵەت و حوکمەت دەکەن کە ڕزگاریان بێت، لە سەرکردەگەرایی واتای تاکگەرایی دکتاتۆریەت و بەلۆگۆ کردنی خەڵکی، واتا؛ بە ڕەمزکردنی خەڵک و لە شێوەی بت یان وەکو کیسرا و قەیسەرەکان بن.

ئیسلام هات هاوەڵانی فێری ئەوە کرد کە هیچ کەس ناتوانێت لە خۆیەوە قسە بکات، خاوەن یاسا و ڕێسا و مەرجەعێکی دەستورین دەبێت بۆی بگەڕێینەوە، هەر ئەم پابەندییە وای کرد چارەسەری کێشەی دەمارگیری و ترس و تۆقاندنی کرد.

ئیسلام زۆر پابەند بوو بە بوژانەوەی کۆمەڵگەی ئیسلامی بە ئاشتی و ئاسایشەوە، بۆیە بە هەموو شێوەیەک دژی تیرۆر و تۆقاندن و دروست کردنی ترس بوو لە ناو خەڵک و کۆمەڵگە بە گشتی، لە بەر ئەوەی نەفی یان ڕەددی هەرچی بەها و ئاکارو ڕەوشتی جوانە دەیکاتەوە بە هۆکاری ترس و تۆقاندن، ئەگەر ئەم دەمارگیری و ترسە لە ناو کۆمەڵگەدا دروست بوو، هەرچی جوانی هەیە لە ناوی دەبات، کاتێک دەڵێین جوانی مەبەست لەو کەمالیاتانەی کە کۆمەڵگە پێویستی پێیەتی، هەر لە فیزیا، هونەر، شانۆ، سینەما، ئەدەب و زانستە مرۆییەکان.

هاوکاری پێشکەوتنی ئوممەتی ئیسلامی دەگەڕێتەوە بۆ پابەند بوونیان بە شەریعەت و یاساو ڕێساکانەوە، لە ئێستاشدا هەروایە هەر وڵاتێک دەمارگیری، تیرۆر، ترس و تۆقاندنی لە ناو خەڵکەکەیدا چارەسەر کرد و لە جیاتی پابەندبوونی دانا بە یاسا و دەستورەوە ئەوا ئەو وڵاتە پێشکەوتووەو سەرکەوتووە، نموونەی ئەو کارانەی کە لە جیهانی ڕۆژئاوادا بە گشتیو پاشان چین، یابان و وڵاتانی تری پێشکەوتوو کە پابەندن بەو دەستوور و یاسا و ڕێساکانی خۆیان.

نموونەی زۆری تر لە بەر دەستدان کە پابەندن بە سەرۆک و دەمارگیری و ترسو تۆقاندن، دەشێت خاوەنی هێز و توانای سەربازی بن بەڵام ناگاتە ئاستی وڵاتانی پێشەکەوتو و کۆمەڵگای خۆشبەخت، نموونەی کۆریای باکور، کوبا و وڵاتی تری وەک ئەفغانستان و زۆرێکیتر لە وڵاتانی ئەفریقیو ئاسیایی و تەنانەت ئەورووپیش، خۆ هەموو وڵاتانی ئەورووپی پێشکەوتو و

دەوڵەمەند نین، دەیان وڵاتی وەکو بولغاریا، ڕۆمانیا، کرواتیا، سربیبیا، لاتیڤیا، ڕوسیای سپی و...هتد).

کە ئیسلام هات خوای موتەعال فەرمووی:

﴿وَلَا تَسْتَوِي ٱلْحَسَنَةُ وَلَا ٱلسَّيِّئَةُ ۚ ٱدْفَعْ بِٱلَّتِي هِيَ أَحْسَنُ فَإِذَا ٱلَّذِي بَيْنَكَ وَبَيْنَهُۥ عَدَٰوَةٌ كَأَنَّهُۥ وَلِيٌّ حَمِيمٌ ﴿٣٤﴾﴾ فصلت

واتە: چاکە و خراپە یەکسان نییە تۆ بە چاکە وەڵامی خراپە بدەرەوەو بۆ نەفسی خۆت تۆڵە مەسەنەوە لێبوورده و لێخۆش بوو بە، (ئیمامی عومەر) دەفەرموویت: (سزای هیچ کەسێك نادەیت باشتر لەوەی کە ئەو سەرپێچی خوای گەورە لە تۆدا دەکات و خراپە و ستەمت لێ دەکات بەوەی کە تۆ گوێڕایەڵی خوای گەورە لەودا بکەیت و بە چاکە وەڵامی بدەیتەوە) ئەو کەسەی کە دوژمنایەتی لە نێوانتاندا هەیە کە بە چاکە وەڵامت دایەوە وەکو دۆستێکی خۆشەویستی تۆی لێ دێت.

خودی سیرەتی پێغەمبەری خوا ﷺ ڕێک پیادەکەری ئەم مانا و ئاکارە بەرزانە بوو، خۆ پێشتر کە پێغەمبەری خوا ﷺ کە دەژیا لە ناو کۆمەڵگای عەرەبیدا، بە هەمان شێوەی ئێستا پڕ بوو لە دەمارگیر و ترس و تۆقاندن، بگرە وەکو ئێستا چۆن پیادەی ترس و تۆقاندن دەکەن لەگەڵ دەمارگیری کە دەزانن مافێکە لە مافەکانی، ئەو دەمەش بە هەمان شێوە وەکو ئێستا وابوو باشتر و جوانتر، جەعفەری کوڕی ئەبو طاڵیب بۆمان وێنا دەکات کە بۆ پادشای حەبەشە نەجاشی ڕوومال دەکات باس دەکات و دەڵێت:

ئەی پادشا، ئێمە گەلێک بووین هاوبەش و شەریکمان بۆ خوا بڕیار ئەدا و خەریکی پەرستنی بت و پەیکەر بووین، گۆشتی مردارەوە بوومان دەخوارد، خراپەکار بووین لەگەڵ دراوسێیەکانماندا، هەرچی سەروەری و کەرامەت و شەرەفی یەکترە دەمانبەزاند و خوێنی یەکتریمان بۆ خۆمان حەڵاڵ دەکرد، کوشتنی خەڵکی زۆر ئاسان بوو لامان هیچ ڕێگر و قەدەغەکراوێک لە ناوماندا نەبوو (مەبەستی یاسا و ڕێسایە) لە حەڵاڵ و حەرام[١٥٠].

بەو شێوەیە وێنای کۆمەڵگەی ئەو سەردەمە دەکات پێم وانییە ئێستای جیهان باشتر بێت لەوکاتە، بگرە خراپترە! دەبێت بگەڕێین بە دوای چارەسەری کێشەکەدا، پێغەمبەری خوا ﷺ سەرەتا دەمارگیری نێرینەی نەهێشت بۆ ئەوەی ئافرەتان زیندەبەچاڵ بکەن، کە تیرۆر و ئیرهابێکی سەردەمی خۆی بوو، بەڵام ئێستا بە شێوەیەکی مۆدێرن زیندەبەچاڵ دەکرێن، ڕووت دەکرێنەوە بۆ سیستەمی سەرمایەداری و کاری خۆی لە دەست داوە، بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: خوای گەورە سێ شتی حەرام کردووە زیندەبەچاڵ کردنی کچانیش یەکێکە لەوانە.

زیندەبەچاڵ کردنی کچان هەروەکو کۆمەڵگای جاهیلی، ئەگەر کچ هەر کارێک بکات هەڵە بێت ئەنجامەکەی کوشتنە، زیندەبەچاڵ کردنە، بەڵام بۆ

١٥٠- وبدأ جعفر خطابه قائلاً: أيها الملك، كنا قومًا أهل جاهلية، نعبد الأصنام، ونأكل الميتة، ونأتي الفواحش، ونقطع الأرحام، ونسيء الجوار، يأكل القوي منا الضعيف.

کوڕ زۆر گوێی پێنادرێت لە کاتێکدا تاوانەکە لە سەر هەردوو لایە، بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ یەکەم کاری پشتی ئافرەتانی گرت و [redacted]

لە دوای چارەسەر کردنی ڕەگەزی نێر و مێ، پاشان ڕۆحی نەرم و نیانی دادپەروەری ڕواند لە ناو هاوەڵانیدا، ئەگەر گیانی لە سەر خۆیی، ئارام گری، نەرمونیانی، دادپەروەری لە ناو کۆمەڵگەدا نەبێت ئەوە ئەو کۆمەڵگەیە زوو بە زوو دەبنە گیانی یەکتری، پێغەمبەری خوا ﷺ لە ناو کۆمەڵگایەکی پێش وەخت دا دەژیا کە عەشیرەت گەڕایی گیانی دەمارگیری باڵی تەواوی کێشا بوو بە سەر ئێوە لە دوورگەی عەرەبیدا، لە دوای ئەوەی لە شاری مەدینەدا کۆمەڵگەی ئیسلامی دایبەزاند کە پڕ پڕ بوو لە جۆری هۆزەکان، یەک مرۆڤ شمشێری لە براکەی ڕانەکێشا ئەگەر چی لێرەدا ئەوەی یەک دوو دەمەدەمێی نەخوازرا و ڕوویدا بە هۆکاری مونافیقەکان، بەڵام زۆر بە زوویی چارەسەری کرد بەو شەریعەتەی کە بۆی هاتبوو، هەمیشە پێغەمبەری خوا ﷺ هاوەڵانی فێر دەکرد و دەیفەرموو: خوای پەروەردگار هەمیشە و هاودەم چاودێری نەرم و نیان و بە زەییە بە سەرمانەوە و حەزی بە هاودەمی نەرم و نیانی هەیە، ئەوەی کە بیەخشێت بە هۆکاری هاودەمی و نەرمونیانی

---

[151]- عن المغيرة بن شعبة، عن رسول الله ﷺ، قال: إن الله عز وجل، حرم عليكم : عقوق الأمهات، ووأد البنات، ومنعا وهات . وكره لكم ثلاثا: قيل وقال، وكثرة السؤال، وإضاعة المال /رواه مسلم.

هەرگیز بە دەمارگیری و شەڕەنگیزی نابەخشێت تەنها بە گیانی لێبوردەیی و خۆشەویستی و نەرمونیانی دەدات و دەبەخشێت[١٥٢].

خودی پێغەمبەری خوا صَلَّىٰ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و هاوەڵانی لە دوای خۆی نموونەی ئەو نەرم و نیانی و گیانی لێبوردە بوون پێشەنگی هەموو خەڵکی و کۆمەڵگاکانی تر بوون تەنانەت هەر کارێک پەیوەندی هەبوایە بە خودی کەسایەتییانەوە، هەرگیز لە سەری نەدەهاتنە وەڵام گوێیان پێ نەئەدا، ئەوەی لە سەر دەهاتنە وەڵام تەنها لە سەر بەزاندی سنوورەکانی خوای پەروەردگار بوو، هەرگیز نابێت پێغەمبەر صَلَّىٰ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بۆ کارێکی نەشیاو لە سەر کەسایەتی خۆی وەڵامی دابێتەوە تەنانەت ئەگەر هاوەڵێک یان کەسێکی نزیکی پێغەمبەری خوا صَلَّىٰ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە سەر پێغەمبەر صَلَّىٰ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ تووڕە بووبێت پێغەمبەری خوا صَلَّىٰ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هێوری کردۆتەوە. نموونەی ڕووداوی کۆمەڵێک لە جولەکە هاتنە خزمەتی پێغەمبەری خوا صَلَّىٰ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە تانە و تەشەرەوە وتیان بە پێغەمبەری خوا صَلَّىٰ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ (السام علیکم)، ئەم وتەیە جیاوازە لەگەڵ (السلام علیکم) ئەوان مەبەستیان ئەوە بوو وتیان مردن بۆ تۆ ئەی محمد! خێرا خاتوو عائیشە لە وتەکەیان تێگەیشت و وەڵامی دانەوە وتی: (وعلیکم السام واللعنة) واتە: مردن بۆ خۆتان و لە عنەتی خواتان لێبێت، پێغەمبەری خوا صَلَّىٰ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: عائیشە لە سەرخۆبە، خوای گەورە لە هەموو

---

[١٥٢]- عن عائشة رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا قالت: قال رسول الله صَلَّىٰ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: إِنَّ الله رَفِيقٌ يُحِبُّ الرِّفْقَ في الأمر كله «وعنها أن النبي صَلَّىٰ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قال: إِنَّا الله رَفِيقٌ يُحِبُّ الرِّفْقَ، وَيُعْطِي عَلَى الرِّفْقَ، مَا لا يُعْطِي على العُنْفِ، وَما لا يُعْطِي علَى ما سِواهُ.

شتێکدا نەرمونیانی خۆش دەوێت و هاودەم بە لەگەڵیاندا (مهلا یا عائشة، إن الله يحب الرفق في الأمر كله).

لە ڕیوایەتی تردا هاتووە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: هەرگیز عائیشە دەمارگیری و شەڕەنگێزی و وشەی خراپ بە کار مەهێنە، عائیشە فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ گوێت لێنەبوو چیان وت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ئەتوانی بڵێیت: لە ئێوەش بێت[153].

پێغەمبەری خوا ﷺ خاوەنی ڕەحمەت بوو لەگەڵ دوژمنەکانیدا، تەنانەت بە وشەی ناشرین وەڵامی نەدانەوە، ئەم ئاکارو ڕەوشتە، پێویستە لە ناو کۆمەڵگەدا نەشو نما بکات لە سایە و سێبەریدا موسڵمانان بژین. ئەم مامەڵەیە هەرگیزاو هەرگیز شەڕەنگێز و ترس و تۆقاندن بە دوای خۆیدا ناهێنێت، تەنانەت لەگەڵ جاهیل و نەزان و ئەعرابیەکاندا لەوپەڕی نەرمونیانی و پابەند بوون بووە بە ئاکار و ڕەوشتی بەرزی پێغەمبەرایەتی، ئەنەسی کوڕی مالیک دەگێڕێتەوە و دەڵێت: لە کاتێکدا دانیشتبووین لە خزمەت پێغەمبەردا ﷺ لەمزگەوتەکەیدا، لە پڕ ئەعرابیەک هات بە

---

[153]- وفي رواية للبخاري، قالت: إن اليهود أتوا النبي ﷺ فقالوا: السام عليك قال: وعليكم "فقالت عائشه: السام عليكم، ولعنكم الله، وغضب عليكم، فقال رسول الله ﷺ: مهلا يا عائشة! عليك بالرفق، وإياك والعنف والفحش." قالت: أولم تسمع ما قالوا؟ قال: أولم تسمعي ما قلت، رددت عليهم، فيستجاب لي فيهم، ولا يستجاب لهم في.

ناوی (الأقرع بن حابس) لە ناو مزگەوتەکەدا لە جێگایەکیدا وەستا و دەستی کرد بە میز کردن، هاوەڵان هاواریان لێی کرد، هۆو هۆو وا مەکە!

لە کاتێک دا وشەی (مە مە) لە کوردیدا واتە: هۆو هۆو وامەکە، وشەکە بۆ ئاگادار کردنەوەی شتێکی ناپەسەندە، لەگەڵ ئەوەی وشەکە زۆر ئاسایی بوو بەکار بێت، بەڵام پێغەمبەری خوا ﷺ داوای کرد لە هاوەڵانی کە بە هیچ جۆرێک میزەکەی پێ نەبڕن و با میزەکەی بکات.

ئەم حاڵەتە لە هیچ جێگایەکی دنیادا جێگای قبوڵ کردن نییە، کێ دەتوانێت لە پەرستگایەک یان کەنیسەیەک بکات ئەگەرچی کەسەکەش شێت بێت، خەڵکی زۆر بەتووندی وەڵامی ئەداتەوە لەهەموو کۆمەڵگەیەکی دنیادا لە ئێستا و ڕابردودا، بەڵام پەروەردەی هاوەڵان و بە ئەدەبییان لە خزمەت پێغەمبەر ﷺ -دا کە تەنها دوو وشەیان بە کار هێنا، پێغەمبەری خوا ﷺ ڕێگری لێ کردن، کە بە ئارەزووی خۆی میزەکەی بکات، داخۆ دوایی دەبێت چی لەگەڵدا بکرێت، پێغەمبەری خوا ﷺ بانگی کرد پێی فەرموو: بەو پەڕی نەرمونیانی ئەم جێگایە مزگەوتە و نەشیاوە خەڵکی میز یاخود پیسایی لە ناویدا بکات، بەڵکو فێربوون بۆ یادکردنەوەی خوای پەروەردگار هەروەها نوێژکردن و قورئان خوێندن.

پاشان پێغەمبەری خوا ﷺ داوای سەتڵێک ئاوی کرد کە ئاوی پێدا بکەنو کۆتایی بە کێشەکە هات، فێری هاوەڵانی کرد کە هەرگیز ترس و تۆقاندن بە کار نەهێنن، چونکە هەڵەیە فێری وانەیەکی کردن کە هێمن و لەسەرخۆ بن و هەرگیز دەمارگیری و پەڕگیری بەکار نەهێنن.

هەروەها لە پیادەکردنی ئایینداا لە ئێستادا زۆرێک لە ناو کۆمەڵگەی ئیسلامیدا بە دەست ئەم دیاردەیەوە دەنالێنن کە دڵی دوژمنەکانی ئیسلامی پێخۆش کردووین، ئەویش واز هێنانە لە بواری (وەسەتییەت و نێوەندگیری)

لێرەدا نێوەندگیری یان وەسەتیەت (الوسیطیه) بە واتای میانڕەویی یاخود شلڕەوی یان تەنەزول کردن نایەت، وەکو هەندێک لە خەڵکی بە کاری دەهێنن، بە مەبەستی (ئیفراط وتفریط) دێت، نە زیادەڕۆیی نەکەم کردنەوە، وەکو خۆی نە قورس بکرێت، نە زۆر سوک بکرێت، ئیتر هیچ گرنگی و بایەخی لای خەڵکی نەمێنێت، واتا بڕواتە ناو خانە و گروپی (مورجیئە).

یان ئەوەندە قورس بکرێت وەکو خەواریجەکان هەرچی لە خۆیان نەبوو کافری بکەن و خەڵکی بە تاوانی بچووک و گەورە کافر بکرێن.

کەواتە بۆ نەهێشتنی تۆقاندن و دەمارگیری و پەڕگیری لە دیندا پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: بە ڕاستی دینی ئیسلام ئاسانە، هەر کەسێک لە سەر خۆی قورس بکات بە دڵنیاییەوە سەرکەوتوو نابێت و لە پڕ خۆی و خەڵکی تریش ماندوو دەکات، دین وەکو خۆی بگرن، لە خەڵکی نزیک ببنەوە و فێریان بکەن، موژدەدەر بن، ڕووگەش و ئەرێنییانە بیر بکەنەوە، لە دیندا فەرمانەکانی لە بەیانی و ڕۆژدا و شەودا پیادە بکەن بێ زیادە ڕۆیی[١٥٤].

-.-

[١٥٤]- عن أبي هريرة رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، عن النبي ﷺ قال: إن الدين يسر ولن يشاد الدين أحد إلا غلبه فسددوا وقاربوا وأبشروا، واستعينوا بالغدوة والروحة وشيء من الدلجة/رواه البخاري.

پاشان دێتە سەر بونیادی خودی کۆمەڵگە و پێغەمبەر ﷺ خوا باشترین مرۆڤەکانی ناو کۆمەڵگەی ئیسلامی دەست نیشان دەکات و پێیان دەڵێت: کێن ئەوانەی باشترینن، لە (جابری کوڕی عبدالله)وە بۆمان دەگێڕێتەوە دەڵێت: پیاوێک هاتە خزمەتی پێغەمبەر ﷺ و پرسی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ باشترین موسڵمان کێیە؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ئەو کەسەیە کە خەڵکی لە دەست و دەمی پارێزراو بن[١٥٥].

پاشان کوشتن و لە ناو بردنی خەڵکی خوا و پێغەمبەری خوا ﷺ لە چەندین جێگای قورئاندا جەخت لە سەر تاوانی کوشتن کراوەتەوە کە چەند ترسناکە و مرۆڤ دەخاتە ناو ئاگری دۆزەخ بۆ ماوەیەکی زۆر درێژ خایەن.

خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿وَلَا تَقْتُلُواْ ٱلنَّفْسَ ٱلَّتِي حَرَّمَ ٱللَّهُ إِلَّا بِٱلْحَقِّ وَمَن قُتِلَ مَظْلُومًا فَقَدْ جَعَلْنَا لِوَلِيِّهِۦ سُلْطَٰنًا فَلَا يُسْرِف فِّي ٱلْقَتْلِ إِنَّهُۥ كَانَ مَنصُورًا ﴿٣٣﴾﴾ الإسراء

واتە: ئەو نەفسەی کە خوای گەورە حەرامی کردووە بیکوژن ئێوە مەیکوژن ئیلا بە حەق نەبێ وەك ئەوەی کەسێك لە دین هەڵگەڕێتەوە، یان کەسێك بە ناحەق بکوژێ، یان لە دوای زەواجێکی شەرعی زینا بکات، ئەمە

---

[١٥٥] -المسلمُ من سَلِمَ المسلمونُ من لسانهِ ويَدِهِ، والمهاجرُ من هَجَرَ ما نهى اللهُ عنهُ، وعن أبي موسى رَضِيَ اللهُ عَنْهُ قال: قلتُ: يا رسولَ اللهِ ﷺ أيُّ المسلمينَ أَفْضَلُ؟ قال: مَنْ سَلِمَ المسلمونُ من لِسانِهِ وَيَدِهِ/رواه مسلم.

حاکمی موسڵمان بۆی هەیە بیانکوژێتەوە، نەك خەڵکی هەر کەسێك بە ستەملێکراوی بکوژرێ ئەوە دەسەڵاتمان بە کەسوکاری ئەو کوژراوە بەخشیوە بەسەر بکوژەکەدا و ئەتوانێت داوای کوشتنەوەی لە حاکم بکات و بڵێ بیکوژەوە، یان ئەتوانێ لێی ببوورێ، یان ئەتوانێ پارەی لێ وەربگرێ بەڵام ئەگەر کوشتیشیەوە با زیادڕەوی نەکات لە کوشتندا بەوەی کە لە ژێر ئەشکەنجەدا بیکوژێ، یاخود گوێ و لووتی ببڕێت و لاشەی بشێوێنێت، یاخود کەسوکارەکەی بکوژێتەوە با وا نەکەن ئەوەی کە کەسوکاری کوژراوەکەیە خوای گەورە سەری ئەخات و پشتیوانێتی.

پاشان پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: ئەگەر هەموو خەڵکی ئاسمانو زەوی کۆ ببنەوە لە کوشتنی ئیماندارێک، ئەوا خوای پەروەدگار هەموویان دەخاتە ناو ئاگر.

ئەگەر تەماشای زاراوەی فەرموودەکە بکەین لە بەر گەورەیی تاوانەکە خەڵکی ئاسمان و زەوی بە کارهێناوە، تاوانەکە زۆر گەورەیە، پاشان لە بەر کوشتنی یەک ئیماندار، خوای گەورە ئەوەی بەشدار بێت تێیدا، دەچنە ناو ئاگر[١٥٦].

---

[١٥٦]- وَعَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ لَوْ أَنَّ أَهْلَ السَّمَاءِ وَأَهْلَ الْأَرْضِ اشْتَرَكُوا فِي دَمِ مُؤْمِنٍ لَأَكَبَّهُمْ اللهُ فِي النَّارِ/رواه الترمذي.

هەروەها حەرامی کردووە ترساندنی خەڵکی ئەوانەی کە لە ئاشتی و ئاسایشدا دەژین بە داخستنی هەموو دەرگا و پەنجەرەیەک لە ڕوویاندا، جا بە هەر هۆکارو ئامرازێک و چەمکێک بێت.

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: هەر کەس ئاماژە بۆ ترساندنی براکەی بکات بە ئاسن (لێرەدا واتای ئاسن چەک و بابەتەکانی ترس دەگرێتەوە)، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: بەر لەعنەتی فریشتەکان دەکەوێت، با برای دایک و باوکیش بن، کەواتە: بە هیچ شێوەیەک لە ئیسلامدا ڕەوا نییە کە موسڵمانان بترسێنن و ئاسایشی هاوڵاتیان تێکبدرێت[١٥٧].

بە هیچ شێوەیەک موسوڵمان ناتوانێت موسڵمان بترسێنێت، تەنانەت بۆ خۆشی و گاڵتەو گەپیش، هاوەڵی بەڕێز (عبدالرحمن کوڕی ئەبی لەیلی) دەڵێت: لەگەڵ چەند کەسێکدا لە خزمەت پێغەمبەر ﷺ -دا دەڕۆیشتین لە کاتی پشوودا، یان بە سواری وشتر یەکێک لە هاوەڵاکان خەوی لێکەوت، بۆ خۆشی و گاڵتە و کات بە سەربردن کراسی ئەو هاوەڵەیان ڕاکێشا و داچەڵەکی و خەبەری بوویەوە، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: بە هیچ شێوەیەک ناگونجێت و حەرامە موسڵمان، موسڵمان بترسێنێت، (لَا يَحِلُّ لِمُسْلِمٍ أَنْ يُرَوِّعَ مُسْلِماً).

---

[١٥٧]- عَن أبی هریرة قال: قَال رسول الله، مَنْ أَشَارَ إِلَى أَخِيه بحديدة حَتَّى وَإِنْ كَانَ أَخَاه لَأَبِيه وَأُمِّه/رواه مسلم.

هەروەها هەروەکو چۆن بۆ موسوڵمان ڕەوا نییە موسڵمان بترسێنێت، زۆر لەوە فراوانتر و گەورەتر هیچ مرۆڤێک بۆی نییە یەکتر بترسێنێت، جا ئەگەر موسڵمان بێت یان هەر بیرو باوەڕێکی ئایینی تری هەبێت.

لە ڕووداوێکی زۆر سەیردا کەسێکی یەهودی بە ناوی (زەیدی کوڕی سوعنە) داوای قەرزێکی کردووەە لە پێغەمبەر ﷺ ، قەرزەکەش زۆری بەسەردا تێپەڕ نە بوو بوو، قەرزەکەش بریتی بوو لە چەند کیلۆیەک خورما، یەهودیەکە بۆ تانە و تەشەر لە پێغەمبەری خوا ﷺ وتی: ئەی محمد قەرزەکەم بدەرەوە سوێند بە خوا ئێوەی نەوەی عەبدولموتەلێب هەر قەرز دوا دەخەن.

نەیتوانی تانە بدات لە پێغەمبەر ﷺ بڵێ تۆ مافم دەخۆیت یان تۆ مافەکەمت دواخستوە، چونکە لە پێغەمبەر ﷺ ناوەشێتەوە، بەڵکو تانەکەیدا لە بنەماڵەکەی، بۆ ئەوەی هەر چۆنێک بووە تانەیەک بدات.

زەیدی کوڕی سوعنە دەڵێت: لەو کاتەدا تەماشای عومەری کوڕی خەتتاب-م کرد چاوی وەکو ئەستێرە دەسوڕا وا تورە بوو، بە چاوی تەماشای کرد و پاشان بە تورەییەوە وتی: ئەی دوژمنی خوا گوێم لێیە بێ ئەدەبی دەکەیت لە خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ، سوێند بەو خوایەی کە پێغەمبەر ﷺ -ی ناردوە بە حەق، ئەگەر لە ڕەزامەندی ئەوان دەرنەچێت بەم شمشێرە ئەمدا لە ملت.

پێغەمبەری خوا ﷺ تەماشای عومەری کوڕی خەتتاب-ی کرد بێدەنگ بوو وەکو ناڕەزاییەک و پاشان فەرمووی: عومەر ج کارێکە ئەنجامی ئەدەیت، لە جیاتی ئەوەی بە جوانترین شێوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت، کەچی بە گوێرەی پێویست نییە ناکرێت کەسێک داوای مافی خۆی بکات ئێمە زوڵمی لێ بکەین، هاوکاری نەبین بۆ گەڕاندنەوەی مافەکانی، هەرئێستا بڕۆ لەگەڵیدا عومەر هەموو مافەکانی بۆ بگەڕێننەوە، حەقی ئەوەی کە مافەکەی دواکەوتوە خورماکەی بۆ زیاد بکە لە مافی خۆی بە (٢٠ صاع) کە جۆرێکە لە پێوانەی خورما، حەقی ئەوەی کە بەو شێوەیە تەماشات کرد و ترساندت[١٥٨].

هەروەکو لە سەرەتای فەرموودەکەدا دەردەکەوێت پێغەمبەر ﷺ بە عومەر دەفەرموێت: چاوەڕێی ئەوەی لێناکات کە بەو شێوەیە بیترسێنێت.

پێغەمبەری خوا ﷺ دەیەوێت کۆمەڵگایەکی هێمن و پڕ لە ئاسایش و ئاشتی ژیان بەرنە سەر، دوور لە تۆقاندن و ترس و ئیرهاب، هەر بۆیە تەشریعی ئیسلامی هاتووە، بۆ ئەو مەبەستە کە بەهیچ شێوەیەک کەس مافی کەسیتر نەبات و هەموو لاکان مافەکانیان دەستەبەر بێت.

سروشتی مرۆڤ وا هەڵکەوتوە، ئەگەر یاسا و هێز و توانایەک نەبێت هەموو مافی یەکتر پێشێل دەکەن، ئەم یاسا و مافانە هەموو قورئان بۆی

١٥٨- أَنَا وَهُوَ كُنَّا أَحْوَجَ إِلَى هَذَا أَنْ تَأْمُرَنِي بِحُسْنِ الأَدَاء وَتَأْمُرَهُ بِحُسْنِ اتِّباعِه، اذْهَبْ به يا عمر؛ فاقضه حقّه وزده عشرين صاعا مكان ما روّعته/ رواه إبن حبان.

ڕێکخستووین بۆ ئەوەی مافی ماف خوراون بدرێت، کەس دەست درێژی و فەسادەت دروست نەکەن، خوای موتەعال دەفەرموێت:

﴿إِنَّمَا جَزَٰٓؤُاْ ٱلَّذِينَ يُحَارِبُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَيَسۡعَوۡنَ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَسَادًا أَن يُقَتَّلُوٓاْ أَوۡ يُصَلَّبُوٓاْ أَوۡ تُقَطَّعَ أَيۡدِيهِمۡ وَأَرۡجُلُهُم مِّنۡ خِلَٰفٍ أَوۡ يُنفَوۡاْ مِنَ ٱلۡأَرۡضِۚ ذَٰلِكَ لَهُمۡ خِزۡيٞ فِي ٱلدُّنۡيَاۖ وَلَهُمۡ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ ٣٣﴾ المائدة

واتە: سزای ئەو کەسانەی کە دژایەتی خوا و پێغەمبەری خوا ﷺ ئەکەن (تەنانەت ئەگەر موسڵمانیش بن) کە ڕێگری لە خەڵکی بکەن و چەتەیی بکەن وە لەسەر زەوی ئاشووب و فەساد بنێنەوە و ماڵی خەڵکی ببەن و خەڵکی بکوژن، ئەمانە ئەبێ بکوژرێنەوە، واتە: ئەگەر ڕێگریان لە خەڵکی کرد و خەڵکیان کوشت کە گیران ئەمانە ئەکوژرێنەوە، یاخود ئەگەر خەڵکیان کوشت و ماڵەکەشیان برد ئەو کاتە ئەمان ئەکوژرێن و هەڵئەواسرێن و لە خاچ ئەدرێن ئەگەر ماڵیان بردو نەیانکوشت ئەو کاتە دەستی ڕاست و پێی چەپیان ئەبڕێتەوە یان بە پێچەوانەوە، یاخود ئەگەر کەسیان نەکوشت و ماڵیشیان نەبرد بەڵکو هەر ڕێگریان لە خەڵك ئەکرد و خەڵکیان ئەترساند ئەوە ڕاوئەنرێن و لەسەر زەوی دوور ئەخرێنەوە لەو شار و وڵاتە یاخود لە شارێکی تر بەند دەکرێن ئا ئەم خراپەکار و ڕێگر و پیاوکوژانە لە دونیا خوای گەورە سەرشۆڕیان ئەکات لە ڕۆژی قیامەتیش خوای گەورە سزایەکی زۆر گەورەی بۆیان داناوە، هەشت کەس لە هۆزی (عورەینە) هاتنە مەدینە و موسڵمان بوون و بەیعەتیان بە پێغەمبەری خوادا ﷺ پاشان نەخۆش کەوتن پێغەمبەری خوا ﷺ لەگەڵ وشتری صەدەقە ناردیانی و فەرمووی لە میز و شیرەکەیان بخۆن چاك دەبن ئەوانیش خواردیان چاك بوونەوە پاشان

هەڵگەڕانەوە و شوانەکەیان کوشتو وشترەکانیان برد، پێغەمبەری خوا ﷺ خەڵکی بە دوایاندا نارد و گرتیانن و هێنایان، خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند و چۆن شوانەکەیان کوشبوو بەو شێوازە کوژرانەوە.

هەموو ئەم یاسا تووندانە بۆ پاراستنی کۆمەڵگەیە، لە سایەی ئاشتی و ئارامیو ئاسایشدا بژین.

تەنانەت لە مەیدانی جەنگ دا پێغەمبەری خوا ﷺ داوا دەکات لە عەلی کوڕی ئەبی تاڵیب کە سەرەتا خەڵکی بانگ بکات بۆ ئیسلام بێ خوێن ڕشتن و بەکارهێنانی چەک، پێشتر ئاماژەمان بە فەرموودەکە داوە لە جەنگی خەیبەردا.

هەروەها فەرمانی دەکرد کە بە هیچ شێوەیەک لە جەنگدا پیر نەکوژێت یان ئەوانەی خۆیان بۆ دینداری ساغ کردۆتەوە لە ئایینەکانی تردا، هەروەها ڕێگری کردووە لە نەکوشتنی منداڵ و ژن[١٥٩].

کەواتە تەنها لە ناو کۆمەڵگەدا ئەم چارەسەری کێشە و چەمکی ئارامی ئاسایشە پیادە نەکراوە، بەڵکو فێری هاوەڵانی کردووە کە لە جەنگشدا ئیرهاب و تۆقاندن بەکار نەهێنن.

١٥٩- عَنْ أَنَسُ بْنُ مَالِكٍ، أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ: انْطَلِقُوا بِاسْمِ اللَّهِ وَبِاللَّهِ وَعَلَى مِلَّةِ رَسُولِ اللَّهِ، وَلَا تَقْتُلُوا شَيْخًا فَانِيًا وَلَا طِفْلًا وَلَا صَغِيرًا وَلَا امْرَأَةً/رواه أبو داود.

هاوەڵان بەم ڕەوشتە بەرزەوە شاخ و دۆڵ و بیابان و دەشتیان پڕ کرد لە نووری ئیسلام پێغەمبەری خوا ﷺ بە جوانترین شێوە پەروەردەی کردبوون، دژی هەموو جۆرە سەرکەش و ڕووت و تێکدانی ئاسایش ئارامی خەڵکی بوون. بە خۆشحاڵییەوە ئیسلامیان وەرگرت، هەر لە سایەی ئەم هێمنی و ئاسایشەدا کۆمەڵگاکان ئاوەدان کرانەوە، شارستانییەتیان دروست کرد.

لە سەرەتا هەموو کێشەکانیان، بە چاودێری خۆی چارەسەر کرد و هەروەها بە خواناسی و ئیمان.

چارەسەری کێشەی هەژاری و بەتاڵی

ئایینی ئیسلام زۆر گرنگی داوە بە چارەسەری کێشەی هەژاری و بەتاڵی، دوو حاڵەتی زۆر بە یەکەوە گرێدراون کە مرۆڤ بە تاڵ بوو هەژار دەبێت کە سەرقاڵ بوو بە دڵنیاییەوە حەقی ماندوو بوونی خۆی وەردەگرێت.

هاوەڵان زۆر بە هەند وەریانگرتبوو، کە کۆمەڵگەکەیان نابێت بهێڵن هەژاری و بەتاڵی تێدا نەشونما بکات، چونکە ترسێکی گەورەیە لە ڕووی ئەخلاقی و پاشان هاندانی خەڵکی بۆ تاوان، بە تایبەت ئەوانەی دوورن لە دینی خواوە.

هەموو ئاماژەکانی جیهان دەڵێن: هەژاری و بەتاڵی کاریگەری زۆر خراپ دروست دەکات لە سەر نەفسی مرۆڤ و سروشتی، هەروەکو ئاماژەمان پێدا لە سەر ئەوانەی کە دوورن لە خواناسی و لاوازن لە ڕووی ئیمانییەوە هەوڵی خواردنەوەی مەی و ماددەی هۆشبەر دەستەبەر بکەن بۆ لە بیر چوونەوەی

خۆیان و کێشەکانیان، زۆر جار ئەمانەش دەبێتە هۆکاری خراپەکاری و تاوانی دزی کردن لە کۆمەڵگا، بەڵکو سەر دەکێشێت بۆ کوشتنی زۆربەی ئەو کەسانەی کە دزی و کوشتن و تاوانی تر ئەنجام ئەدەن بەتاڵن و دوورن لە کارکردنەوە.

هاوەڵان ئەوەیان لەبەر چاو گرتبوو، کە هەژاری سەر دەکێشێت بۆ تاوان و تەنانەت بۆ کوفر کردنیش، پێغەمبەری خوا ﷺ لە دوعا و نزاکانیدا لەگەڵ کوفردا پەنای پێ دەگرتن، وەکو جەنابیان دەفەرموون: پەروەردگارا پەنات پێدەگرم لە کافر بوون و هەژار بوون[١٦٠].

لە ئێستادا جیهان دەنالێنێت بە دەست هەژاری و بەتاڵییەوە، ئەوکاتیش لەو سەردەمەدا خەڵکی هەمان کێشەیان هەبوو، بەڵام پێغەمبەری خوا ﷺ کێشەکانی چارەسەر دەکرد، بە پلانی ڕەبانی و بە قۆناغبەندی و فێرکردنی ئیسلام و شەریعەتەکەی.

پێغەمبەری خوا ﷺ هانی خەڵکی ئەدا بۆ کارکردن، بگرە هانی ئەدات بۆ کاری پیشەوەری و پیشەسازی، هەروەکو چۆن پێغەمبەران هەموو پێشەوەر بوون، ئیدریس عليه السلام بەرگ دوور بوو، نوح عليه السلام ئەندازیار بووە، بە هەمان شێوە هود و صالح عليهما السلام، حەزرەتی ابراهیم عليه السلام بازرگانی مەڕو ماڵات و بەرهەمەکانی بووە، زۆرێک لە پێغەمبەرانی بەنی ئسرائیل،

---

[١٦٠]- اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنَ الْكُفْرِ وَالْفَقْرِ/ أبوداودو أحمد والنسائي.

یوسف عَلَيْهِ السَّلَامُ وەزیرو خاوەن پرۆژەی گەورە بووە بۆ دەوڵەت، سولەیمان و داود عَلَيْهِمَا السَّلَامُ ئانسگەر بوون، زەکریا و یەحیا عَلَيْهِمَا السَّلَامُ دارتاش بوون...هتد.

هەر بۆیە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بۆ کارکردن پێشەنگ نیشان ئەدات لە پێغەمبەران و دەفەرموون: هیچ کەسێک هێندەی خۆراک و ڕزقی دەست و چەمکی مرۆڤ خۆیەتی، بە واتای ئەوەی باشترین ڕزق خواردن ئەوەیە کە مرۆڤ بە دەستی خۆی پەیدا بکات بە حەڵاڵی، پاشان نموونەی پێغەمبەر داود عَلَيْهِ السَّلَامُ مان بۆ دەهێنێتەوە دەفەرموێت: داود لە ڕزق و خواردنی خۆی خواردوە، ئەوەی کە بەکارکردن پەیدای کردووە.[١٦١]

هەروەها پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ خۆی بە نموونە دەهێنێتەوە کە شوانی کردووە، بازرگانی کردووە بە پارەی خاتوو خەدیجە پێش بوونی بە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ، هەروەها دەفەرموێت: هیچ پێغەمبەرێک نەهاتووە کە شوانی نەکرد بێت، لێیان پرسی ئەی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ جەنابت شوانیت کردووە، لە وەڵامدا فەرمووی: بەڵێ شوانیم کردووە بۆ خەڵکی مەککە و ڕۆژانەکەشم قیراطێک[١٦٢] بووە[١٦٣].

---

[١٦١]- مَا أَكَلَ أَحَدٌ طَعَامًا قَطُّ خَيرًا مِنْ أَنْ يَأْكُلَ مِنْ عَمَلِ يَدِهِ وَإِنَّ نَبِيَّ اللهِ دَاودَ كَانَ يَأْكُلُ مِنْ عَمَلِ يَدِهِ/ رواه البخاري.

[١٦٢]- قیراط جۆرێکە لە دراو و پارە.

[١٦٣]-عن أَبي هريرة رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ عن النبي صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: مَا بَعَثَ اللهُ نَبِيًّا إِلَّا رَعَى الْغَنَمَ « فَقَالَ أَصْحَابُهُ: وأَنْتَ؟ قَالَ: نَعَمْ، كُنْتُ أَرْعَاهَا عَلَى قَرَارِيطَ لأَهْلِ مَكَّةَ/رواه البخاري.

هەروەکو چۆن پێغەمبەری خوا ﷺ هانی هاوەڵانی ئوممەتەکەی ئەدات بۆ کارکردن، هەروەها ڕێز و حورمەتی تایبەت نیشان ئەدات بۆ ئەوانەی کە کار دەکەن، جا کارەکەیان هەر جۆرە پیشەیەکی حەڵاڵ و دروست بێت، زۆر بە چاوێکی بچووک تەماشا دەکرێت ئەو کەسەی کە داوا لە خەڵکی بکات، خۆی زەلیل و سەرشۆڕی ناو کۆمەڵگەی بکات.

پێغەمبەری خوا ﷺ ئەو حاڵەتەیان بۆ وێنا دەکات و دەفەرموێت: ئەگەر کەسێک لە ئێوە حەبلەکەی یاخود گوریسەکەی هەڵگرێت و بڕوات بە هێز و توانایەوە بۆ کۆکردنەوەی دار، پاشان بە کۆڵ بهێنێتەوە و لە بازاڕدا بیفرۆشێت زۆر لەوە باشترە کە دەست لە خەڵکی پان بکاتەوە و یاخود داوا لە خەڵکی بکات و دەست بنێن بە ڕوویەوە، بڕوات ڕزقی خۆی کە خوای پەروەردگار بۆ دیاری کردووە بە عارەقی نێو چاوانی خۆی بە دەست بهێنێت[١٦٤].

هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ هانی پڕۆژەی بازرگانی و ئابووری داوە لە نێوانی موسڵمانانداء هانی داون بۆ کشتوکاڵ و زەوی زاری دەبەخشی بە هاوەڵانی بۆ ئەوەی بیکێڵن و بەروبووم بە دەست بهێنن، پێغەمبەری خوا ﷺ هەرگیز حەزی بەوە نەدەکرد کە هاوەڵان بێهاندوو بوون و کارکردن ببنە خاوەنی مووڵک و سامان، لە کاتی چوونە ناو شاری مەدینەدا، ئەنسار

---

[١٦٤]- وَعَنِ الزُّبَيْرِ بْنِ العَوَّامِ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ: لَأَنْ يَأْخُذَ أَحَدُكُمْ حَبْلَهُ، فَيَأْتِيَ بِحُزْمَةِ الحَطَبِ عَلَى ظَهْرِهِ، فيبيعَها، فيكفَّ الله بها وجهَهُ، خيرٌ له من أن يسأل الناس أعطوه أو منعوه/رواه البخاري.

وتیان: موجاهیدەکان دەکەینە هاوبەشی خۆمان لە خورما و باخەکانماندا، بەڵام پێغەمبەری خوا ﷺ ڕازی نەبوو، فەرمووی: باخەکان خۆتان خاوەنی بن، هەوڵبدەن موجاهیدەکان دابمەزرێنن لە باخەکانتاندا و هاوکارتان بن و لە بەروبووم دا با ببنە هاوبەشتان بە گوێرەی کار و توانا و مەچەکی خۆیان[١٦٥].

هەروەها هەر کارێک دژی بازاڕی هەژاران و خودی هەژاران و کۆمەڵگە بێت، بێتە هۆکاری پەکخستنی نەشونمای بارزگانی و خودی بازاڕ لەوانەی حەرامی کرد، ڕیبا و سوو سەلەمە، هەروەها بە تاوانە گەورەکان هەژمار کراوە، پاشان هەر کەس ئەو کارە ئەنجام بدات، ئەوە ڕێگای بە خۆی داوە لەگەڵ خوا و پێغەمبەرەکەی ﷺ -دا شەڕ بکات! خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَذَرُواْ مَا بَقِيَ مِنَ ٱلرِّبَوٰٓاْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ٢٧٨ فَإِن لَّمْ تَفْعَلُواْ فَأْذَنُواْ بِحَرْبٍ مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَإِن تُبْتُمْ فَلَكُمْ رُءُوسُ أَمْوَٰلِكُمْ لَا تَظْلِمُونَ وَلَا تُظْلَمُونَ ٢٧٩﴾ البقرة

واتە: ئەی باوەڕداران تەقوای خوای گەورە بکەن، ئەگەر شتێك لە ڕیباتان لە دەستدا ماوە یان لەسەر خەڵکی ماوە، ئەوە وازی لێ بێنن ئەگەر ئێوە ئیماندارى حەقیقی و ڕاستەقینەن و فەرمانی خوای گەورە جێبەجێ بکەن ٢٧٨ ئەگەر ئەوەی کە خوای گەورە ئەمرتان پێ ئەکات جێبەجێتان نەکرد و

١٦٥- عن أبي هريرة قال: قالتِ الأنْصَارُ للنبيِّ ﷺ: اقْسِمْ بيْنَنَا وبيْنَ إخْوَانِنَا النَّخِيلَ، قالَ: لَا، فَقالَ: تَكْفُونَا المَئُونَةَ ونُشْرِكُكُمْ في الثَّمَرَةِ، قالوا: سَمِعْنَا وأَطَعْنَا/روى البخاري.

بەردەوام بوون لەسەر ڕێبا ئەوە جەنگێك ڕابگەیەنن لەگەڵ خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی ﷺ واتە: ئیمام و پێشەوای موسڵمانان ئەبێ ئیعلانی جەنگیان لە بەرامبەردا بکات، بەڵام ئەگەر هاتوو تەوبەتان کرد ئەوە دەستمایەی خۆتان بۆ خۆتانە، زوڵم لە کەس ناکەن لەو کەسانەی کە ئیشتان لەگەڵیان کردووە بەوەی کە زیادە و ڕێبایان لێ بسەنن، ئێوەش زوڵمتان لێ ناکرێ بەوەی کە دەستمایەکەیشتان لەناو بدەن، نەخێر دەستمایەی خۆتان بۆ خۆتان ئەمێنێتەوە ﴿٣٩﴾

هەروەها عومەری کوڕی خەتتاب هەرگیز لە کاتی خیلافەتی دا نەیدەهێشت، خەڵکی زۆر دەوڵەمەند بێت، تا بە هۆکاری سامانی هەموو شتێک قۆرخ بکات لە سەر بنەمای ئایەتی (كي لا تكون دولة بين يدالأغنياء)

هاوەڵان بە گشتی بازاڕیان بوژاندبووەوە، کەس بێکار نەبوو.

لە دوای ئەو هەموو هاندانی کار کردنە، ئەگەر کار زۆر دەست خستی گران بوو، لە توانای خەڵکی ئاساییدا نەما، ئەوکات دەبێت دەوڵەمەندەکان هەژارە بێ کارەکان بگرنە ئەستۆی خۆیان و لەگەڵ دەوڵەتی ئیسلامیدا پرۆژەی نوێیان بۆ دادەمەزرێنن، تاکو هیچ کەس بێکار نەبێت، خوای پەروەردگار لە بارەی ئەوانەی کە هەژارن و نزیکی دەوڵەمەندەکانن پێشتر کەسە نزیکەکانیان بگرنە خۆیان، خوای پەروەردگار دەفەرموێت:

﴿فَـَٔاتِ ذَا ٱلْقُرْبَىٰ حَقَّهُۥ ...﴿٣٨﴾﴾ الروم

واتە: ئەو کەسەی کە خزمی نزیکتە حەقی پێ بدە و چاکەکاربە لەگەڵیدا و پەیوەندی خزمایەتی بگەیەنە...

گومان لەوەدا نییە کە زەکاتیش بەشێکی زۆر گەورەیە لە چارەسەری کێشەی هەژاری و بێکاری، بەم ئاکارو ڕەوشتە بەرزانە ئیسلام، پارسەنگی لە نێوان هەژارو دەوڵەمەند داناوە، بە پێچەوانەی سیستەمەکانی تری دنیا، هەژار و دەوڵەمەند هەردووکیان یەکتریان لا خۆشەویستە و بازرگانی لە یەکتری دەکەن و دوور لە ڕق لێبوونەوەی دەوڵەمەند لە هەژاران و وەکو کۆمەڵگا ئەرستۆکراتی و یان سیستەمی کۆمەنیستی کە دژی دەوڵەمەندەکانە.

بەڵکو لە ئیسلامەدا لە نێوانی هەژار و دەوڵەمەند پەیوەندی خۆشەویستی و برایەتی و دڵسۆزی هەیە، نەک بیری بەرژەوەندی پراگماتیکی.

ئیسلام زۆر سەرکەووتوانە کێشەکان چارەسەر دەکات، ڕێگایەکی زانستیو پاشان واقعی بۆ کێشەی هەژاری و بەتاڵی دەستەبەر دەکات، لەگەڵ ئەوەی هاوەڵان گوێیان بە دونیا نەئەدا، بەڵام هەمیشە خاوەنی پرۆژەی ئابووری و بازرگانی خزمەتگوزاریی بوون بۆ ئوممەتەکە و خەڵکی دەروەی ئوممەتی ئیسلامی سوودیان لێ وەردەگرت.

تاکە نموونەیەک بۆ ئەوەی گەورەیی ئابووری ئیسلامی بناسین دوور لە هەموو کانزا و سەروەتەکانی سامانی سروشتی، لە سەردەمی محمد فاتیحدا دەوڵەتی (ڤێنێسیا) عەرەب پێی دەڵێن: (بندوقیه)، قوبروص، ئەلبانیا، یۆنانی

بۆ ناوچەی بازرگانی بێنە ناوچەی موسڵمانان، بەو مەرجەی ڕێگر نەبن لە بازرگانەکانی ڕۆما، ڤێنێسیا، ناپۆلی فرنجە، جێرمەن بێنە ناو خاکی موسڵمانان!

لە سایەی دەوڵەتی عەلمانی و سیستەمی عەلمانی لە ناو خاکی موسڵمانانداا لە ئێستادا هەموو دەست لە ڕۆژئاوا پان دەکەنەوە، لە کاتێکدا ئابووری وڵاتی ئیسلامی لە ڕووی سەروەت و سامانی مرۆیی و سروشتی و کانزایی...هتد، لە هەموو جیهاندا دەوڵەمەندتر، بەڵام بە سیستەمێک کار دەکات کە نامۆیە بە خاک و خەڵک و دینەکەی.

هاوەڵان سەرکەوتوو بوون بەم دینەو هیچ جۆرە سیستەمێکی تریان تێکەڵاوی ئیسلام نەکرد، تەنەزولیان لە دینەکەیان نەکرد، دڵنیا بوون لە بەرنامە و مەنهەجەکەیان پڕ پڕە و ڕاستە و لە هەموو جیهانەکانی تر دنیایی بەهێزترە، بۆیە ئەم دڵنیاییەیان خوای گەورە هەموو جیهانی پێ بەخشین، هەزار ساڵ هەموو دنیا ئیسلام فەرمانڕەوای کرد.

جزیە و باجیان (زەڕیبەیان) لە هەموو دنیا وەردەگرت و زانکۆ و زانستەکانی بە هێزترین بوون لە جیهاندا.

لە ئێستاشدا توانا و ئیمکانیەتی زۆری هەیە، لە ڕووی ئابووری ناسەکانیانەوە، پاشان پڕۆژەکانی و سەروەتی مرۆیی و سامانی سروشتی و...هتد، بێجگە هەڵکەوتەی جوگرافیای ئوممەتی ئیسلامی کە زۆر هەڵکەوتەیەکی ستراتیژی ئاوی وشکانی و ئاسمانییە، کە لەو ڕێگایەوە بازاڕێکی یەکجار گەورەی ئابووریە لە نێوان سێ کیشوەردایە.

هاوەڵان و چارەسەری کێشەی مەیخواردنەوە

لە ڕاستیدا ئیسلام هەرچی زیان بگەیەنێت بە تاک و خێزان کۆمەڵگە حەرامی کردووە، هەرچی سوودی هەیە و پاکە حەڵاڵی کردووە بۆ کۆمەڵگە و بۆ مرۆڤ حەڵاڵە قەرەبووی کردۆتەوە بۆ مرۆڤ، خوای پەروەردگار دەفەرموێت:

﴿ٱلَّذِينَ يَتَّبِعُونَ ٱلرَّسُولَ ٱلنَّبِيَّ ٱلْأُمِّيَّ ٱلَّذِي يَجِدُونَهُۥ مَكْتُوبًا عِندَهُمْ فِي ٱلتَّوْرَىٰةِ وَٱلْإِنجِيلِ يَأْمُرُهُم بِٱلْمَعْرُوفِ وَيَنْهَىٰهُمْ عَنِ ٱلْمُنكَرِ وَيُحِلُّ لَهُمُ ٱلطَّيِّبَٰتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ ٱلْخَبَٰٓئِثَ وَيَضَعُ عَنْهُمْ إِصْرَهُمْ وَٱلْأَغْلَٰلَ ٱلَّتِي كَانَتْ عَلَيْهِمْ ۚ فَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ بِهِۦ وَعَزَّرُوهُ وَنَصَرُوهُ وَٱتَّبَعُوا۟ ٱلنُّورَ ٱلَّذِىٓ أُنزِلَ مَعَهُۥٓ ۙ أُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ﴿١٥٧﴾﴾ الأعراف

واتە: ئەو کەسانەی کە شوێن ئەو پێغەمبەرە ﷺ ئەکەون کە ڕەسول و نەبی بووە نێردراوی خوای گەورە بووە (الْأُمِّيَّ) بووە واتە: نەخوێندەوار بووە بۆ لای قەومێکی نەخوێندەوار نێردراوە کە عەرەب بوونە کە جوولەکە و گاورەکانیش لە لای خۆیان سیفەتی ئەو پێغەمبەرە ﷺ کە محمدە ئەبینن و نووسراوە، ئەو پێغەمبەرە ﷺ فەرمانیان پێ ئەکات بە هەموو کارێکی چاک، کە چاکترینیان پەرستنی خوای گەورەیە بە تاک و تەنها، قەدەغەو ڕێگریان لێ ئەکات لە هەموو کارێکی خراپ، کە خراپترینیان هاوبەش بڕیاردانە بۆ خوای گەورە هەموو شتێکی پاک و بەتام و چێژو بەلەزەتیان بۆ حەڵاڵ ئەکات، بەتایبەتی ئەوەی کە بەنی ئیسرائیل کاتی خۆی لە خۆیان حەرام کردبوو، هەموو شتێکی پیسیان لێ حەرام ئەکات ئەو بارە

گرانانەی کە خۆیان خستبوویانە سەرشانی خۆیان ئەم هەموو بارە قورسانەیان لەسەرشان لائەدات ئەو کۆت و زنجیرانەی کە پێیانەوە بوو کە باری قورسیان خستبووە سەرشانی خۆیان بەبێ ئەوەی بەرژەوەندیەکی تیایدا بێت ئەم پێغەمبەرە ﷺ هەموو ئەو شتانەیان لەسەر لائەدا، جا ئەو کەسانەی کە ئیمانی پێ بێنن لە بەنی ئیسرائیل و لە غەیری ئەوانیش بەگەورەی بزانن و ڕێزی لێ بگرن و سەری بخەن، شوێن ئەو نوورو ڕووناکییە بکەون کە لەگەڵیدا دابەزیوە کە قورئانی پیرۆزە ئا ئەمانە کە ئەم سیفەتانەیان تیا بێت ئەمانە سەرکەوتوو و سەرفرازن لە دنیا و قیامەتدا.

نەفس و سروشتی مرۆڤ وا هەڵکەوتووە کە هەمیشە مەیلی بەلای هێنانی ئارەزووەکانیدا هەیە، بێ ئەوەی تەماشا بکات زەرەر و زیانی چی لە سەر لاشەی دروست دەکات، بە تایبەتی لاوەکان لە تەمەنی (١٩) و (٣٠) ساڵی ئەم پرۆسەیە بەردەوام دەبێت، هەڵبەت گۆڕانکاری ڕوو ئەدات، لە تەمەنەکاندا لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر.

ئیسلام بە گشتی ڕێگای زۆری داناوە و ڕێنمانی پلەبەندی زۆری هەیە بۆ ئەوەی مرۆڤ تووشی ئەو دیاردە و حاڵەتە نەبێت خۆ ئەگەر هەر تووش بوو چارەسەری پێیە و ئیرادە و هێز و ئیمان بۆ خاوەنەکەی دروست دەکات.

زۆربەی هاوڵان مەی خۆر بوون، تەنانەت لە ناو عەرەبدا ترێ بە کەرەم ناسراو بوو، چونکە ئەوەندە ئاشقی مەی خواردن بوون، نەشئە و خومارى کاتی ئەدایە خاوەنەکەی کە ئیسلام حەرامی کرد، ئەوەندە مەی ڕژێنرا تا ماوەیەک بۆن شاری مەدینەی گرتبوو.

تەنانەت هەندێک لە هاوەڵان دوای حەرام بوونیشی هەر دەیانخواردەوە بە تەواوەتی پێوەی خومار بوو بوون، لە ناو ناخی عەرەبدا تێکەڵ بوو بوو هەروەکو چۆن ئێستادا لەناو ناخی ڕۆژئاوادا بووەتە کلتور و دیاردەیەکی زۆر ئاسایی، ئەوەندە مەی خۆشەویست بووە لای خەڵکی بە گشتی عەرەب بە تایبەتی شیعر و گۆرانی و ئەدەبیاتی بۆ نووسراوە.

هۆکاری حەرام بوونی ئەم مەیە وا دەکات لە مرۆڤ کە شەرم و حەیای نەمێنێت و گوێ بە هیچ نەدات، مەی خواردن مرۆڤ بێ هۆش ناکات لە ڕاستیدا ئەوانەی وا دەڵێن: زۆر هەڵەن، بەڵکو مەیخواردن و هەموو ماددەکانی تری هۆشبەر بە واتای ئەوەیە کە پەردەی حەیاو شەرم و حورمەت لای خاوەنەکەی نامێنێت.

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: کە حەیا و حورمەتت نەما هەرچیت بوێت بیکە لە کاری خراپ (إذا لم تستح فاصنع ماشئت)

حەرام کردنی لە ناو خەڵکیدا بە قۆناغ و پلەبەندی بوو، هەروەها لە هەموو جیهان بە شێوەیەکی زانستی بۆ پشتیوانی ئەم بواره بە قۆناغ بەندی و پلە بەندییە.

خوای پەروەردگار بۆ چارەسەری ئەو کێشەیەی کە پەردەی حەیا و شەرم ناهێڵێت یەکەم بە ئایەت باس لە سەری هات، خوای گەورە ئاماژەی پێدا لە بەرانبەر ڕزق و ڕۆزی چاکدا، بەڵام ئەو بە پێچەوانەوە ناسێنرا!

خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿وَمِن ثَمَرَٰتِ ٱلنَّخِيلِ وَٱلْأَعْنَٰبِ تَتَّخِذُونَ مِنْهُ سَكَرًا وَرِزْقًا حَسَنًا ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَةً لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ ﴿٦٧﴾﴾ النحل

واتە: لە بەروبوومی خورما و تریێ ئەویش بە ئێوە ئەبەخشین، لەوەشدا هەندێکتان مەی لێ دروست ئەکەن و هەیشتانە بۆ خواردنەوەیەکی باش بەکاری ئەهێنن، وتراوە: ئەم ئایەتە پێش دابەزینی ئایەتی حەرام بوونی مەی بووە بە دڵنیایی ئەمانەیش بەڵگە و نیشانەن لەسەر گەورەیی و توانا و دەسەڵات و تاك و تەنهایی خوای گەورە بۆ کەسانێك کە عەقڵیان هەبێ و بیر بکەنەوە.

لە دوای دوورکەوتنەوەی لەم جۆرە خواردنەوەیە، ئینجا باسی حەرامی کردووە لە بەرانبەریدا سوودێکی کەم دەگەیەنێت وەکو فرۆشتنی لە بەر ئەوەی زوو دەفرۆشرێت خاوەنەکەی دەستکەوتی دەبێت بەڵام خراپەی زۆترە، خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿* يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْخَمْرِ وَٱلْمَيْسِرِ ۖ قُلْ فِيهِمَآ إِثْمٌ كَبِيرٌ وَمَنَٰفِعُ لِلنَّاسِ وَإِثْمُهُمَآ أَكْبَرُ مِن نَّفْعِهِمَا ۗ وَيَسْـَٔلُونَكَ مَاذَا يُنفِقُونَ ۖ قُلِ ٱلْعَفْوَ ۗ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمُ ٱلْءَايَٰتِ لَعَلَّكُمْ تَتَفَكَّرُونَ ﴿٢١٩﴾﴾ البقرة

واتە: ئەی محمد ﷺ پرسیارت لێ ئەکەن دەربارەی عارەق خواردنەوە و مەی خواردنەوە و قومار کردن، ئەی محمد ﷺ پێیان بفەرموو تاوانێکی زۆر گەورەیان تیایە و سوودیشی بۆ خەڵکی هەیە کە کڕین و فرۆشتنی پێوە ئەکەن یاخود قوماری‌کە ئەبەنەوە بەڵام تاوانەکەیان زۆر زۆر گەورەترە لە سوودەکەیان، لەبەر پەیوەندیان بە دین و عەقڵەوە ئەی محمد

ﷺ پرسیارت لێ ئەکەن چ شتێك ببەخشن پێیان بفەرموو: لێبوواردەیی و لێبووردەبن، یاخود ئەوەی لە خۆتان زیادە ئەوە ببەخشن بەم شێوازە خوای گەورە ئایەتەکانی خۆیتان بۆ ڕوون ئەکاتەوە بەڵکو بیر بکەنەوە.

لە قۆناغی دوای ئەوەدا حەرامی کرد لە کاتی نوێژدا مەی بخوێننەوە خوای موتەعال دەفەرموێت:

﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَقْرَبُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَنتُمْ سُكَـٰرَىٰ حَتَّىٰ تَعْلَمُواْ مَا تَقُولُونَ وَلَا جُنُبًا إِلَّا عَابِرِى سَبِيلٍ حَتَّىٰ تَغْتَسِلُواْ ۚ وَإِن كُنتُم مَّرْضَىٰٓ أَوْ عَلَىٰ سَفَرٍ أَوْ جَآءَ أَحَدٌ مِّنكُم مِّنَ ٱلْغَآئِطِ أَوْ لَـٰمَسْتُمُ ٱلنِّسَآءَ فَلَمْ تَجِدُواْ مَآءً فَتَيَمَّمُواْ صَعِيدًا طَيِّبًا فَٱمْسَحُواْ بِوُجُوهِكُمْ وَأَيْدِيكُمْ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَفُوًّا غَفُورًا ﴿٤٣﴾﴾ النساء

واتە: ئیمامی عەلی دەفەرموێت: لە مالّی (عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف) دەعوەت بووین پێش ئەوەی مەی خواردنەوە حەرام بکرێت نانمان خوارد و مەی زۆرمان خواردەوە و کاتی نوێژ هات و یەکێکمان پێشنوێژیمان کرد و سورەتی (کافرون) مان خوێند و لێمان تێکچوو تێکەڵمان کردو بەهەڵە خوێندمانەوە، خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند: ئەی باوەڕداران ئێوە نزیکی نوێژ مەکەونەوە کاتێك کە حاڵتان وایە، مەبیتان خواردۆتەوە و سەرخۆشن، تا بزانن لە نوێژەکەدا چی ئەڵێن، خوای گەورە لەکاتی نوێژ کردندا مەی خواردنەوەی لێ قەدەغە کردن، کە ئەمە قۆناغی دووم بوو لە قۆناغەکانەی حەرام کردنی مەی خواردنەوە کە دواتر بەیەکجاری حەرام کرا.

{تەشریع بوونی تەیەموم} نوێژ مەکەن لە کاتێکدا کە جەنابەتتان لەسەرە کاتێك کە مەنی هاتۆتەوە تا غوسل دەرئەکەن ئیلا کاتێك کە ڕێگا ئەبڕن و لەسەفەردان ئەو کاتە دروستە بە تەیەمومەوە نوێژ بکەن و لە شوێنی خۆیشتان کە ئاو نەبوو ئەتوانن تەیەموم بکەن، یاخود کە لەشتان گران بوو مەیەنە مزگەوت تا غوسڵ دەردەکەن مەگەر لەسەفەردا بن، ئەگەر هاتوو نەخۆش بوون و نەتانتوانی ئاو بەکار بهێنن یاخود لەسەفەردا بوون یان کەسێك لە ئێوە لەسەر ئاوەوە هاتەوە، یاخود جیاعتان کردبوو لەگەڵ خێزانەکانتاندا ئاوتان دەست نەکەوت کە غوسڵی پێ دەرکەن یان دەستنوێژی پێ بشۆن ئەوا تەیەموم بکەن بە (صَعِید) واتە: ئەوەی لەسەر ڕووی زەوی بەرزبووبێتەوە ئەتوانی تەیەمومی پێ بکەیت بەمەرجێك پاك بێت، تەیەمومیش تەنها مەسحی دەموچاو و هەردوو دەستە لەوە زیاتر نییە، (عائیشە) دەفەرموێت: لەسەفەرێکدا لەگەڵ پێغەمبەری خوا ﷺ دەرچووین ملوانکەکەم لێ بزر بوو کە لە (ئەسمائی) خوشکم وەرمگرتبوو، پێغەمبەری خوا ﷺ مایەوە بۆ ئەوەی بیدۆزینەوە و چەند کەسێکی نارد بۆ گەڕان بە دوایدا، ئاویش نەبوو خەڵکی چوون بۆ لای (ئەبو بەکر)ی باوکم وتیان نابینی عائیشە چی کردووە بەهۆی ئەوەوە ماوینەتەوە و ئاویش نییە، (عائیشە) دەفەرموێت: (ئەبو بەکر)ی باوکم هات و لۆمەی کردم و بەدەستی دەیدا لە کەلەکەم منیش نەجوڵامەوە چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ لەسەر ڕانم خەوتبوو، کە لە خەو هەڵسا ئاو نەبوو خوای گەورە ئایەتی تەیەمومی دابەزاند و تەیەمومیان کرد، دەفەرموێت: ئەو وشترەمان هەڵساند کە من لەسەری بووم ملوانکەکە لە ژێریدا بوو بە دڵنیایی خوای گەورە زۆر لێبوورده و لێخۆشبووە.

لە دوای ئەو هەموو ئامادەکارییە سروشتی مرۆڤەکانی ڕاهێناو ئامادەی کردن کە ئاگادار بن، بە تەواوەتی حەرام دەبێت، هەر بۆیە عومەری کوڕی خەتتاب دەڵێت: لە بارەی (مەی)ەوە خوای گەورە زۆر بە جوانی بۆی ڕوونکردنەوە و شیفای داین (اللَّهُمَّ بين لنا في الخمر بيانا شافيا).

پاشان خوای موتەعال ئایەتی حەرام کردنی دابەزاند بە تەواوەتی، خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّمَا ٱلْخَمْرُ وَٱلْمَيْسِرُ وَٱلْأَنصَابُ وَٱلْأَزْلَٰمُ رِجْسٌ مِّنْ عَمَلِ ٱلشَّيْطَٰنِ فَٱجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ٩٠﴾ المائدة

واتە: دوو هۆزی ئەنصار عارەقیان خوارد تا سەرخۆش بوون و گاڵتەیان بە یەکتری کرد، کاتێك هاتنەوە هۆش خۆیان شوێنەوارەکەیان بە دەموچاو و ڕیشیانەوە بینی، وتیان ئەمە فلان کەسی برام وای لێم کردووە، ئەگەر بە ڕەحم و سۆزو بەزەیی بوایە بەرامبەرم وای لێم نەدەکرد کە ڕق و کینە لە دڵیاندا نەبوو، بەهۆی ئەمە ڕق و کینە چووە دڵیان بەرامبەر یەکتری، خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند: ئەی باوەڕداران بەدڵنیایی و بێگومان ئەم شتانە حەرامە: خواردنەوەی مەی کە هەرکەسێك لە دنیا بیخواتەوە و خوای گەورە چل ڕۆژ نوێژی لێ قبوڵ ناکات، بمرێت و تەوبە نەکات خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەت مەی پێ نابەخشێت، هەر کەسێك چوار جار بیخواتەوە خوای گەورە لەناو دۆزەخ برین و کێماوی دۆزەخییەکانی دەرخوارد دەدات، هەرکەسێك ئالوودەی بێت ناچێتە بەهەشتەوە، قومارکردنیش حەرامە، ئەو بتانەی کە ئەپەرستران، ئەو تیر و پشکەی ئەیانکرد لەسەردەمی نەفامی کە بیانوویستایە

هەر کارێك بکەن سێ داریان هەبوو لە یەکێکیان ئەیاننووسی بیکە، لە یەکیان ئەیاننووسی مەیکە و یەکیان بەسپێتی، ئەگەر ئەوەی بیکە دەربچوایە ئەوە ئیشەکەیان ئەکرد، ئەگەر مەیکە دەرچوایە نەیان ئەکرد، ئەگەر سپیەکە دەربچوایە دووبارەیان ئەکردەوە تا یەکێك لەو دووانە دەرئەچوو، خێر و شەڕ و سوود و زیانیان دابووە دەست ئەوانە، ئەمانە هەمووی پیس و حەرامن و کردەوەی شەیتانن و شەیتان لاتان جوانی دەکات و ئەیرازێنێتەوە ئێوە لێی دووربکەونەوە و خۆتانی لێ دووربخەنەوە بەڵکو سەرفراز بن ئەمە دوا ئایەت بوو لە قۆناغەکانی حەرام کردنی ئارەق خواردنەوە کە ئایەتی یەکەم ﴿* يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْخَمْرِ وَٱلْمَيْسِرِ ۖ قُلْ فِيهِمَآ إِثْمٌ كَبِيرٌ وَمَنَـٰفِعُ لِلنَّاسِ وَإِثْمُهُمَآ أَكْبَرُ مِن نَّفْعِهِمَا ۗ وَيَسْـَٔلُونَكَ مَاذَا يُنفِقُونَ ۖ قُلِ ٱلْعَفْوَ ۗ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمُ ٱلْـَٔايَـٰتِ لَعَلَّكُمْ تَتَفَكَّرُونَ ﴿٢١٩﴾﴾ البقرة دابەزی، دواتر ئایەتی ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَقْرَبُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَنتُمْ سُكَـٰرَىٰ حَتَّىٰ تَعْلَمُوا۟ مَا تَقُولُونَ وَلَا جُنُبًا إِلَّا عَابِرِى سَبِيلٍ حَتَّىٰ تَغْتَسِلُوا۟ ۚ وَإِن كُنتُم مَّرْضَىٰٓ أَوْ عَلَىٰ سَفَرٍ أَوْ جَآءَ أَحَدٌ مِّنكُم مِّنَ ٱلْغَآئِطِ أَوْ لَـٰمَسْتُمُ ٱلنِّسَآءَ فَلَمْ تَجِدُوا۟ مَآءً فَتَيَمَّمُوا۟ صَعِيدًا طَيِّبًا فَٱمْسَحُوا۟ بِوُجُوهِكُمْ وَأَيْدِيكُمْ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَفُوًّا غَفُورًا ﴿٤٣﴾﴾ النساء قۆناغی سێیەمیش ئەم ئایەتە بوو بەیەکجاری خوای گەورە مەی خواردنەوەی حەرام کرد تا ڕۆژی قیامەت.

خاتوو عائیشە لە سەر ئەم باسە دەفەرموێت: ئەگەر بهاتبایە و یەکەم جار ڕاستەوخۆ حەرام بکرایە، ئەوا کەس وازی لێنەدەهێنا، دیارە دایکی

ئیماندارانی خاتوو عائیشە باش کۆمەڵگەی جاهیلی عەرەبی ناسیوە و خوێندنەوەی تەواوی بۆ کردووە.[١٦٦]

هەموو ئەم باسەی کە باسکراوە لێرەدا لە سەر بنەمای مەنهەجی زانستی تەندروستییەکە بوو شێوە و پلە بەندی حەرام کرا، ئامازەشە بۆ قیامەتمان کەسێک کە مەی خۆرە یان مادەی خومارى و هۆشبەر بە کار دەهێنێت ناکرێت، یەکەمجار وازی لێبهێنێت، بەڵام دەشێت بە قۆناغ و پلە بەندی تەرکی بکات.

هەروەکو لە سەرەتاوە کە ڕەنگی ئەم تابلۆیەمان نەخشاند ئامازەمان بەوە داوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ خەڵک و کۆمەڵگەکەی لە سەر بنەمای چاودێری خوای پەروەردگار پەروەردە کرد، بە بەجێهێنانی فەرمانەکانی ڕاستەوخۆ لە هەمانکاتدا ئەنەسی کوڕی مالیک دەڵێت: مەیگێڕ بووم لە ماڵی ئەبی طەڵحەی ئەنساری ڕەزامەندی خوا لە هەردووکیان بێت، جۆرێک لە مەی دەگێڕا کە ئەو مەیە قورس و لە هەمان کاتدا تامی تون و خۆش بوو، دەڵێت: گوێم لە فەرمانی پێغەمبەر ﷺ بوو کە یەکێک بە ناو شاردا دەگەڕا و هەواڵی حەرام بوونی مەی ڕاگەیاند لە پێغەمبەری خواوە، خێرا دەستبجێ ئەبی طەڵحە فەرمانی پێکردم هەموو مەیەکەم ڕشت و کۆتاییهان

١٦٦- لو نزل أول شيء لا تشربوا الخمر لقالوا: لا ندع الخمر أبدا/ البخاري وبيهقي و عبدالرزاق.

پێ‌هێنا، هەموو لە ناو دەرەوەی شار و ڕێگاکاندا ڕژێندران و کۆتاییان هات[١٦٧].

ئەبو دەرداء دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ پێی فەرموم: مەی مەخۆرەوە چونکە کلیلی هەموو شەڕو خراپەکانە[١٦٨].

هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ لەعنەتی کردووە لە وانەی کە دروستی دەکەن و دەیفرۆشن‌و دەیخۆنەوە.

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: خوای پەروەردگار لەعنەتی کردووە لە مەیخۆر و لە مەیگێڕ و لە فرۆشیاری و کریاڕی و ئەوەشی کە دروستی دەکات و هەڵی دەگرێت.

هەروەها لە فەرموودەیەکی تردا هاتووە کە پێغەمبەری خوا ﷺ هەواڵی داوە بەو کەسانەی کەمەی دەخۆنەوە نوێژ و دوعایان قبوڵ نابێت چڵ ڕۆژ، خۆ ئەگەر لە سەر ئەو کارەی مرد ئەوا دەچێتە دۆزەخ، ئەگەر تۆبەی کرد ئەوە خوای پەروەردگار لێیخۆش دەبێت، خۆ ئەگەر ئەنجامی دایەوە ئەوا بەهەمان شێوە چل دوعا و نزای گیرا نابێت و لێ قبوڵ ناکرێت، بەڵام ئەگەر داوای لێخۆشبوونی کرد خوای پەروەردگار تۆبەی قبوڵ دەکات، بەڵام ئەگەر

١٦٧- عَنْ أَنَسٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ: كُنْتُ سَاقِيَ القَوْمِ فِي مَنْزِلِ أَبِي طَلْحَةَ، وَكَانَ خَمْرُهُمْ يَوْمَئِذٍ الفَضِيخَ، فَأَمَرَ رَسُولُ اللهِ ﷺ مُنَادِيًا يُنَادِي: أَلَا إِنَّ الخَمْرَ قَدْ حُرِّمَتْ. قَالَ: فَقَالَ لِي أَبُو طَلْحَةَ: اخْرُجْ فَأَهْرِقْهَا، فَخَرَجْتُ فَهَرَقْتُهَا، فَجَرَتْ فِي سِكَكِ المَدِينَةِ/ إبن ماجه.

١٦٨- لاَ تشربوا الخمرَ فإنَّها مفتاحُ كلِّ شرٍّ/ رواه ابن ماجة.

گەڕایەوە سەری ئەوا خوا گەورە دەیخاتە ناو ئاگر و جۆرێک لە قوڕقوشم و ئاسنی تواوە دەکات بە قوڕگی دا کە خواردنەوەی خەڵکی دۆزەخە، فەرموودە زۆرە لەم بارەیەوە، تەنانەت پێغەمبەری خوا ﷺ بە دوای هاوبەش دانان هێناویەتی، بە دایکی (سەرچاوەی) هەموو پیسەکان ناوی بردووە

پێغەمبەری خوا ﷺ قسەی ئەوانەشی بڕیوە کە هەندێک کەس دەڵێن: بۆ چارەسەر دەیخۆنەوە، لە کاتێکدا هیچ شتێکی حەرام شیفا بەخش نییە.

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: مەی‌خواردن دەردە نەک دەرمان[169].

وە ئێستا زانستی نوێ سەلماندوویەتی کە مەی‌خواردنەوە، چەندەها جۆری نەخۆشی دەردی لەخۆ گرتوە.

لە ئیسلامدا هەموو مەی‌خواردن و ماددەکانی تری قومار حەرامە بە دەقی فەرموودەی پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: هەموو سەرخۆشکەرێک و هۆشبەرێکی خوماری و حەیابەر حەرامە[170].

---

[169] - أَخْبَرَنَا سَهْلُ بْنُ حَمَّادٍ، حَدَّثَنَا شُعْبَةُ، حَدَّثَنَا سِمَاكٌ قَالَ: سَمِعْتُ عَلْقَمَةَ بْنَ وَائِلٍ، يُحَدِّثُ عَنْ أَبِيهِ وَائِلٍ أَنَّ سُوَيْدَ بْنَ طَارِقٍ سَأَلَ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ عَنِ الْخَمْرِ فَنَهَاهُ عَنْهَا أَنْ يَصْنَعَهَا، فَقَالَ: إِنَّهَا دَوَاءٌ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: إِنَّهَا لَيْسَتْ دَوَاءً، وَلَكِنَّهَا دَاءٌ

[170] - نَهى ﷺ عن كُلِّ مُسكِرٍ ومُفتِرٍ/رواه أبو داود.

بنەمای شەریعەتی ئیسلام لە سەر ئەوە دامەزراوە کە زەرەر بە خۆت و کەسی‌تر نەگەیەنیت، (لاضرر ولا ضرار).

هەروەها لە ئیسلامدا مەی خواردنەوە بەتاوانی ناو خەڵکی هەژمار دەکرێت، سزای لەسەرە و خاوەنەکەی دەبێت تۆڵەی لێبکرێتەوە، ئەویش بە سزای لێدانی بە نەعل یان بە پارچەیەک قوماش بۆ ئەوەی هەست بکات کە تاوانی کردووە، پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: من شرب الخمر ما جلدده/البخاري.

لە هەمان کاتدا ڕێگیری کردووە لەوەی نابێت خەڵکی قسەی ناشرینیان پێ‌بڵێن، چونکە لە ئێستادا زانست ئەوەی سەلماندووە مێشکی ئەو کەسانەی کە مەی دەخۆن یاخود ماددەی تر بە کار دەهێنن و ئالوودە بوون پێیەوە، ئەگەر بشکێندرێن و زۆرێک لە قسەی سووکیان پێبوترێت زیاتر هانیان ئەدات بۆ بەردەوامی.

پێغەمبەری خوا ﷺ لە مزگەوتی خۆی کەسێکیان هێنا مەی‌خوارد بووەوە خۆی بە کراسەکەی یان بە نەعلەکانی یان بە دەستی دەکێشێت بە پشتی‌دا پاشان کە ڕۆیشت، هەندێک لە خەڵکی مزگەوت وتیان: دەک سەرشۆڕ بیت بۆ مەی دەخۆیتەوە، پێغەمبەری خوا ﷺ ڕێگری لێکردن و فەرمووی: بۆچی وای پێ‌دەڵێن شەیتان بۆ بەسەریدا زاڵ دەکەن، مرۆڤ کە زەلیل و سەر شۆڕ بوو واتە شەیتان زاڵ دەبێت بەسەریدا (لاتقولوا هکذا، لاتعینوا علیه الشیطان)/البخاري.

بەم شێوەیە چارەسەری کێشەی مەی‌خواردن و دەرمان خواردن کرا لە لایەن پێغەمبەر ﷺ و پاشان هاوەڵان، سەرەتا بە شێوەیەکی پلە بەندی و قۆناغ بەندی، بە گوێرەی خودی مرۆڤەکە و بەکار هێنانی دەبێت ڕەچاو بکرێت، پاشان تەقوا و خواناسی هەروەها ترسان لە سزای و ئاگری دۆزەخ و حەرام کردنی، پاشان بەوە نابێت کەس بە چاوی سووک تەماشا بکرێت بۆ ئەوەی هۆکارێک بێت بۆ ناو کۆمەڵگە و گەڕانەوەی بۆ ژیانی ئاسایی.

ئەوەی کە باسکرا لە چارەسەری کێشەی دەمارگیری، ئیرهاب، پاشان بێکاری و هەژاری، ئالووده بوون بەمەی خواردن و ماددەکانی تر‌ەوە ئەوە مەنهەجی هاوەڵان بوو بۆ چارەسەری کێشەکانی سەردەمی خۆیان کە لە سەر بنەمای قورئان و سوننەت بوو، لە سەر بنەمای چاودێری خوای موتەعال و قۆناغ و پلەبەندی و خۆشەویستی و دڵسۆزی لە نێوان خەڵکی، هەست کردنی کۆمەڵگە و تاکە کەس و خێزان بەرپرسیارێتی، خۆشەویستی خەڵکی بۆ کارکردن و هاندانیان، نەنگی وشەرمەزاری بۆ ئەوانەی تەمەڵن و حەز بە کارکردن ناکەن، لە سایەی ئەم مەنهەجە ڕەبانییەدا کۆمەڵگە لەو پەڕی ئاستی ئارامی و پڕ ئاسایشدا ژیان، خواناسی، دینداری، منداڵ و باوک کچ و دایک و کوڕ هەموو ئەرک و فەرمانی خۆیان دەزانی و ڕێزو حورمەت لە ناو خەڵکیدا بەربڵاو بوو، کۆمەڵگەیەکی نموونە و شارستانیەتێکی بەهێز و دەسەڵاتێکی مەتین و ئابووری پڕ بەرەکەت و خەڵکی خاوەن ئەمەک بوون، هەموو لە سایەی مەنهەجی شەریعەتی ئیسلام.

سوپاس بۆ خوا وا ئەم شەو کە سێیەم شەوی زستانە، توانیم تەواوی بکەمو لە خۆشی و گەرمی ئەم پەرتووکەدا لەم زستانی سارد و سەرمایەی ولّاتی نەرویج لە زیندانی بە ناوی ماف و دیموکراتی، ئارام بگرم، خوای گەورە لێبانی قبوڵ بکات. ئومێدەوارم جێگای پەروەردەکردنی خەڵکی بێت و پەزامەندی خوای گەورەی لە سەر بە دەست بهێنم، آمین.

سەرچاوەکان:

القرآن الكريم.

تەفسیری ڕێبەر، نووسینی:

البوصلة القرآنيه -د. أحمد خيري العمري.....طبعة؟

السيرة النبوية -د. راغب السرجاني.....طبعة؟

الحب في القصور الملكية -سمير فرج ابن الشاطئ.....

مێژووی کورتی ئەوروپا -جۆن هێرست.....

كن صحابيا -د. راغب السرجاني.....

حقيقة الخلاف بين الصحابة -د. محمد على الصلابي

في ظلال القرآن -شهيد سيد قطب

رياض الصالحين - الإمام النووى

أسوة للعالمين -د. راغب السرجاني

پێرست

تابلۆی نۆیەم:

شوێنکەوتنی پێغەمبەر ﷺ خۆڕازاندنەوەی هاوەڵان لە بەرامبەر ئاوێنەی ژیانی پێغەمبەر ﷺ دا.....٧

سوننەت واتای چیيە؟! ٩

سوننەت لای هاوەڵان.....١٢

مامەڵەی هاوەڵان لەگەڵ سوننەت دا ٢٦

شوێنکەوتنی سوننەت بێ پرسیار کردن لە حیکمەت.....٤٣

پوختەی وشە و کۆتایی مانشێتی ئەم تابلۆیە.....٥٦

تابلۆی دەیەم:

هاوەڵان و دنیا دنیا هۆکارە نەک ئامانج.....٥٩

پارسەنگی لە نێوان دنیا و قیامەت دا ٦٠

ڕاستی و دروستی پێوانەی دنیا.....٦٣

دنیا لە چاوی پێغەمبەر ﷺ -ەوە.....٧٤

دنیا لە چاوی هاوەڵانەوە.....٩٧

تابلۆی یانزەیەم:

هاوەڵان و قیامەت، هاوەڵان و بەهەشت و دۆزەخ ١٢٠

خۆشەویستی خوا و پێغەمبەری خوا ﷺ لای هاوەڵان ١٢٢

کارکردن بۆ بەهەشت لە چاوی هاوەڵانەوە ١٢٤

سەرەتای بەیعەتەکان بە بەهەشت..... ١٣٧

نرخی کارکردن لە بەیعەتی دووەم..... ١٣٩

خۆ پاراستن لە ئاگری دۆزەخ لە چاوی هاوەڵانەوە..... ١٤٥

بەهەشت و دۆزەخ لە چاوی ئیمەوە..... ١٤٧

کەمترین خەڵاتی خەڵکی بەهەشت ١٤٩

کەمترین سزای ئەهلی دۆزەخ ١٦٣

تابلۆی دوانزەیەم:

هاوەڵان و تۆبە کردن گەڕانەوە بۆ لای خوای موتەعال..... ١٧٧

چۆنیەتی تۆبە و ئینابە لای هاوەڵان..... ١٨٨

نموونەی تەوبەی عەماری کوڕی یاسر..... ٢٠٠

نموونەی هاوەڵی بەڕێز ئەبی مەسعودی ئەنساری..... ٢٠٦

تەماشاکردنی تاوانی بچووک بە زۆر گەورە ٢١٣

کردنی تاوان، سڕینەوەی بە کرداری چاک ٢١٨

لە کاتی تەوبەدا مرۆڤ نابێت نائومێد بێت لە ڕەحمی خوای پەروەردگار..... ٢٢٣

تابلۆی سیانزەیەم:

تابلۆی بوون و زانینی مافەکان بە گشتی ٢٣٥

مافی مرۆڤ لای هاوەڵان ٢٣٦

هاوەڵان و مافی ئافرەت ٢٤٣

هاوەڵان و مافی منداڵ ٢٤٧

هاوەڵان و مافی کرێکار و خزمەتکار ٢٥٣

هاوەڵان و مافی نەخۆش و خاوەن پێداویستی تایبەت ٢٥٧

هاوەڵان و مافی هەژار و هەتیوان و بێوەژن ٢٦٢

هاوەڵان و مافی ئاژەڵ ٢٦٥

هاوەڵان و مافی ژینگە ٢٧٠

تابلۆی چواردەیەم:

هاوەڵان و بانگەواز، باشترین و شەریفترین کردار بانگەوازە ٢٧٧

دەرچوون لە باسەکە و لادانێکی کاتی ٢٨٦

چۆن بتوانین وەکو هاوەڵان بانگەواز بکەین؟ ٢٨٩

سزای وازهێنان لە بانگەواز ٢٩٣

ئەزموونێک لە نێوانی ئیسرا و ڕابردووی بەنی ئیسرائیل دا ٢٩٧

بانگەواز لای ئەبوبەکری صدیق ٣١٧

طوفەیلی کوڕی عەمری دەوسی بانگەوازی بۆ دینی خوا ٣٢٢

بانگەوازی عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب ٣٣٠

بانگەوازی خالیدی کوڕی وەلید ٣٣١

تابلۆی پانزەیەم:

برایەتی نێوان هاوەڵان..... ٣٤٢

تێگەیشتن لە چەمکی برایەتی لای هاوەڵان ٣٤٩

تێگەیشتنی یەکەم: برایەتی لە پێناوی چوونە بەهەشت..... ٣٥٠

تێگەیشتنی دووەم: برایەتی بەرپرسیارەتییە..... ٣٦٣

تێگەیشتنی سێیەم: برایەتی بۆ هەموو کەسێکە کە ئیمانی بە خوا و پێغەمبەر ﷺ بێت. ٣٨٣

تێگەیشتنی چوارەم: برایەتی نیعمەتێکە لە نیعمەتەکانی خوای موتەعال ٣٩٠

تابلۆی شانزەیەم:

چارەسەری کێشەکان، هاوەڵان و دەمارگیری و ترس‌و تۆقاندن و چارەسەری ٣٩٧

چارەسەری کێشەی هەژاری و بەتاڵی..... ٤١٤

هاوەڵان و چارەسەری کێشەی مەیخواردنەوە ٤٢٢

پەیامێک و دیارێک بۆ مامۆستا ماکوانی بەڕێز و خۆشەویست لەسەر کتێبە گەورە و ناوازەکەی..... ٤٤٤

تێبینی یەکەم:..... ٤٤٦

تێبینی دووەم: ٤٥٢

تێبینی سێیەم:..... ٤٥٥

تێبینی چوارەم:..... ٤٥٦

تێبینی پێنجەم: ٤٥٦
تێبینی شەشەم:..... ٤٥٧
تێبینی حەوتەم: ٤٦٢
وتەی کۆتایی:..... ٤٦٤
تێبینی:..... ٤٦٤

جەنابی د. زانا عیسی عبابکر چەند تێبینی و ڕەخنەیەکی گرتووە لە کتێبی مەملەکەتی ئەستێرە، ئێمەش ڕەخنە و سەرنجەکانیمان قبوڵ کردووە و بە باشمان زانی وەک خۆی لە کۆتایی بەرگی دووەمی کتێبی مەملەکەتی ئەستێرە دابنێین، ئەڵبەت ئێمە ڕەخنەکانی جەنابیانمان بەراورد نەکردۆتەوە لەگەڵ ناوەرۆکی کتێبەکە و بەجێی دەهێڵین بۆ خوێنەران، سەبارەت بە تەفسیری ئایەتەکان ئێمە لێی بەرپرس نین، من وەک باران ئاریایی کە تەفسیرەکان دائەنێم لە تەفسیری ئاسان یاخود تەفسیری ڕێبەر وەریان دەگرم.

باران ئاریایی

پەیامێک و دیارییەک بۆ مامۆستا ماکوانی بەڕێز و خۆشەویست لەسەر کتێبە گەورە و ناوازەکەی

"مەملەکەتی ئەستێرە"

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله الذي بيده ملكوت السماوات والأَرَضِين، الذي أرسل الرسل إلى الخلق مبشرين ومنذرين، والصلاة والسلام على أفضل الخلق محمد خاتم الأنبياء والمرسلين، وعلى آله وأصحابه والتابعين ومن تبعهم بإحسان إلى يوم الدين.

أما بعد:

مامۆستا (ماکوان)ـی بەڕێز و خۆشەویست لە شاری هەولێرەوە داواکارین سەلام و ڕەحمەت و بەرەکاتی خوای پەروەردگارت لەسەر بێ، وە لەپاش تەحییە و سەلامی ئیسلامەتی ڕێز و حورمەت و خۆشەویستیم بۆ جەنابت هەیە، هەرچەندە مەسافە و نێوانمان زۆر و دوورودرێژە بەڵام لەبەر ئەوەی موسوڵمانان لە خۆشەویستی و بەبەزەیی وەک یەک جەستە وان، بۆیە مەودا ڕێگر نییە لە بەیەککگەیشتنی قەلبی و باوەش لەیەککردن لە مەیدانی خۆشەویستی و برایەتی ئیسلامەتی، بۆیە زۆر بە پەرۆشەوە لە ئەحوالّت دەپرسم و دوعا و نزای خێرت بۆ دەکەین و لە خوای

پەروەردگار داواکارین ئازادیت پێ عەتا بکات و ئەجر و پاداشتی تەواویشت پێ ببەخشێ.

برای بەڕێز و شیرینم ماوەیەك بوو لە خزمەتی کتێبە پڕ گەوهەرەکەت بووم "مەملەکەتی ئەستێرە"، کات و ساتێکی زۆر تایبەت و پڕ بەرەکەت و جوانی و سوود بوو، زۆر جار لەکاتی خوێندنەوەی کتێبەکە بە دەنگی بەرز دەگریام (ئەگەر لەبەر هاندان و مافی کتێبەکە نەبێت باسی ئەوەم نەدەکرد)، پێم وایە هەموو موسوڵمانێك دەبێت کتێبی لەو شێوەیە بخوێنێتەوە یان ئەو ڕێنموییانە گوێبیست ببێت، چونکە کتێبەکە چارەسەری تەواوی کێشەی موسوڵمانانی تێدایە و لەوپەڕی تۆکمەییە لەڕووی ناوەڕۆك و ڕێکخستنی بابەتەکان، خوای پەروەردگار پاداشتی نەبڕاوەت پێ ببەخشێ و ببێتە تۆشوویەکی بەسەنگ لە ڕۆژی دوایی، اللهم آمن.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کاری مرۆڤە و خاڵی نییە لە تێبینی مرۆڤەکان، صەوابی تەواویش هەر لەلای خوای پەروەردگارە، بۆیە بەندە لێرەدا بە ئەرکی سەرشانی خۆی زانی هەندێك تێبینی وەك دیاری بۆ جەنابتان بنێرێ، بۆ ئەوەی کتێبەکە زیاتر و زۆرتر بەرەو کەمال بچێ و زیاتر جێی قوبوڵ بێ لە تەرازووی شەرع و لەلای ئەهلی عیلم و موسوڵمانان بە گشتی.

جا بە خێرایی دەچمە سەر تێبینیەکان، کە گرنگترینیان خۆی لەمانەی خوارەوە دەبینێتەوە:

تێبینی یەکەم:

تێبینی یەکەم بە عەقیدە دەست پێ دەکەم، جا پێش ئەوەی بچمە ناو بابەتەکە حەز دەکەم ئەوە ڕوون بکەمەوە مەبەست بەو تێبینیانە تۆمەت بەخشینەوە نییە لە کەموکوڕی عەقیدەی جەنابت، بەڵکو ڕەخنەکەم لەچوارچێوەی وتە و لەفز دەسوڕێتەوە، بەو واتایەی بەندە و زۆرەك لە تاڵیبی عیلم و ئەهلی عیلم بە زوڕوری دەزانن ئەو عیبارەتانەی ئاماژەیان پێ دەکەم بە شێوازێکی تر بهێنرێن چونکە عەوام زۆر بە هەڵەی لێیان حاڵی دەبێ، نەك بەو شێوەیەی کە جەنابت حاڵی بووی، جا سەرەنجام عەقیدەیەکی فاسیدی لەلا دروست دەبێ کە گشت زانایان کۆکن لەسەر خەتارناکیەکەی.

بۆ نمونە: باسی (دەست و قاچ و ڕوخسار و پەنجە و...هتد) ت کردووە بۆ پەروەردگار، کە شتی خەبەرین و لە سیاقی خەبەردا هاتوون و خیلاف هەیە ئایا سیفەتن یان نا، وە ئەگەر ئەو لێکدانەوە هەڵبژێرین کە سیفەت بن ئەوە دیسان خیلاف هەیە کە ئاخۆ مانایان لێکدەدرێتەوە یان نا، وە کاتێ بڵێین منایان لێکدەدرێتەوە، دیسان خیلاف هەیە بە چ مانایەك دێن، جا کێشەکە هەتا ئێرە لەوەدا نییە کە کەسێك تەقلیدی یەکێك لەو بۆچونانە بکات، بەڵام کێشەکە ئەوەیە مانایەك لێکبدرێتەوە کە زانایان بە کۆدەنگ خۆیان لێ پاراستووە و ئاگاداریان داوە کە بە هیچ شێوەیەك

بەو مانایەانە نایێن، کەچی عیبارەتی کتێبە چاکەکەی جەنابت ئەو مانایە دەگەیەنێت لەلای عەوام.

کرۆکی بابەتەکەش ئەوەیە: گشت زانایان کاتێ باسی وشەی (ید، قدم، وجه، عین، ساق...هتد) دەکەن دەرحەق خوای پەروەردگار، گشتیان هەر زوو دەفەرموون: (ئاگادارین جارێحە نییە) واتە ئەندامی لاشە نییە، جا گومان لەوەدا نییە ئەوەی دێتە زیهن و زاکیرەی عەوام تەنها جارێحایەتی و ئەندامیەتە ئەگەرچی کەیفیەتیشی بۆ دانەنێ، کە ئەوە بەکۆدەنگی ئەهلی عیلم مانایەکی زۆر فاسید و خەتەرناکە.

کەواتە خوای پەروەردگار سیفەتێکی نییە جارێحە و ئەندام بێت و بەشێك بێت لە زاتی باری و پێی بگوترێ (ید، یان عین، یان وجه)، بەڵکو لەسەر لێکدانەوەی ئەو زانایانەی کە دەفەرموون سیفەتن بە یەکێك لەو دوو رێگایە قسەی لەسەر دەکەن:

رێگای یەکەم: دەفەرموون سیفەتی خوایە بەڵام نازانین مەبەست پێی چییە تەنها خوای پەروەردگار دەزانێ مەبەست پێی چییە، بەڵام گومان لەوە نییە جارێحە و ئەندام نییە (واتە ئەو دەست و چاو و وجه)ـــەی لە زیهنی ئێمەدا هەیە کە جارێحە و ئەندامیەتە بە هیچ شێوەیەك بۆ خوای پەروەردگار دروست نییە، (وە ئەوەندەش بەس نییە بڵێین کەیفیەت و شێوازەکەی جیایە، مادەم لە چوارچێوەی جارێحە و ئەندامیەت دەرینەهێنین و خەڵکی لێ ئاگادارنەکەینەوە) کە زانایان زۆر بە هەستیاری مامەڵەیان لەگەڵ کردووە و لێی دەترسن و ئەو هەموو

کێشە و هەڵاتنە لە باسکردنی ئەو وشانە تەنها لەسەر ئەوەیە. (ئەوە ڕێگای یەکەم بوو).

ڕێگای دووەم: هەندێکی تر لە زانایان پێان وایە ئەو وشانە سیفەتن، بەڵام دەفەرموون مانای حەقیقی ئەو وشانە لە زمانەوانیدا تەنها بریتیە لە جاریحە و ئەندامیەت (ئەو مانایانەش بە کۆدەنگی بۆ پەروەردگار فاسیدن)، جا دەفەرموون: کەواتە دەبێ مانای مەجازی مەبەست بێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەفەرموون مانایە مەجازیەکان زۆر زۆرن، بابەتەکەش پەیوەندی بە زاتی تەعالاوە هەیە، بۆیە وەقف دەکەین و هیچ مانایەك لێکنادەینەوە نەوەك هەڵە بکەین، بەڵکو تەنها باوەڕمان بەوە هەیە کە ئەو وشانە مەعلومن کە خودی قورئان و فەرموودەن و خۆمان لەبەکارهێنانی ناگرینەوە دوای لادانی مانا فاسیدەکە لە زیهنی خۆمان کە جاریحە و ئەندامیەتە، بۆیە باوەڕمان پێی هەیە لەسەر مورادو مەبەستی خوای پەروەردگار. (ئەوە دەربارەی ئەو زانایانە بوو کە پێیان وابوو سیفاتن).

* وە هەندێکی تر لە زانایان بە هەمان شێوە پێیان وایە لە زمانەوانیدا مانا حەقیقیەکەی ئەو وشانە جاریحە و ئەندامیەتە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو مانایە بە کۆدەنگ بۆ خوای پەروەردگار ناگونجێ، گوتوویانە: دەبێ مانایەکی هەبێ کە بیزانین و زۆریش ئاساییە لێکی بدەینەوە، بۆیە بە دڵنیایی تەنها مانایە مەجازیەکان دەمێنێتەوە، بۆیە پێمان وایە یەکێك لە مانایە مەجازیەکان مەبەستە و ناشترسین لە

دیاریکردنی، چونکه سیاقی ئایەت و فەرموودەکان بۆمان دیاریدەکەن کام مانایە مەبەستە و لە هەڵەکردن دەمانپارێزن.

بۆ نمونە کە خوای پەروەردگار قسەی جولەکەی نەفرینلێکراومان بۆ نەقل دەکات و دەفەرموێ: [وَقَالَتِ الْيَهُودُ يَدُ اللَّهِ مَغْلُولَةٌ غُلَّتْ أَيْدِيهِمْ وَلُعِنُوا بِمَا قَالُوا بَلْ يَدَاهُ مَبْسُوطَتَانِ يُنْفِقُ كَيْفَ يَشَاءُ].

جا ئەو زانایانە کە سەیری ئەو ئایەتەیان کردووە فەرموویانە: لێرەدا وشەی (يد الله) کە بە تاک هاتووە، وە (يداه) کە بە جۆت هاتووە، بە هیچ شێوەیەک مەبەست پێی جارێحە نییە، چونکە جگە لەوەی بە کۆدەنگ جارێحە لەخوای پەروەردگار نەفی کراوە، جگە لەوەش ئەو مانایە بە هیچ شێوەیەک لە سیاقەکە جێگای نابێتەوە، چونکە جولەکەکان مەبەستیان نەبووە بڵێن خوا دەستی جارێحەی هەیە و نوقاندویەتی لەسەر حەقیقەتی خۆی، بەڵکو - پەنا بەخوا - گوتوویانە: ڕەزیلە و نابەخشێ، وەک چۆن مرۆڤ کاتێ بیەوێ شتەک نەبەخشێ و بەرامبەرەکە داوای بکات ئەو شتەکە لەدەستی قوند دەکات و دەستی دەنوقێنێت و نایبەخشێت، کەواتە جولەکەکان مانای مەجازیان بەکارهێناوە مەبەستیان پێی بەخشینە، بۆیە خوای پەروەردگار لەسەر هەمان شێواز وشەی (يد)ی بەکارهێنا، بەڵام وشەکەی کردە جووت (دوو) فەرمووی: ﴿بل يداه ...﴾ تا زۆر بە بەلاغە و بەهێزتر بەخشندەیی بداتە پاڵ خۆی و وەڵامی جولەکەی نەفرینلێکراو بداتەوە و بفەرموێ: نەخێر وا نییە، خوای پەروەردگار نەک هەر دەست نوقاوە نییە، بەڵکو بەخشندەیەکی بێ هاوتایە هەردوو دەستی کراوەیە

(واتە وەك چۆن كاتێ مرۆڤێك لەوپەڕی بەخشەری و بەخشندەیی دابێ، باسی دەكرێت و دەگوترێ مالّ و سەروەت لەناو دەستی ئەوهایە (هەردوو دەستی دەكاتەوە و ئاماژە بەدەستی دەكات) واتە بێ ئەندازە بەخشەرە.

كەواتە لە ئایەتەكەدا مەبەست ئەوە نییە دەستی جارێكەی هەبێت و كرابێتەوە، چونكە ئەوە نابێتە وەڵامی تۆمەتی نەو ڕەزیلی و نەبەخشینەی كە جولەكە دایانە پاڵ خوای پەروەردگار.

جا بەكارهێنانی دەست بۆ بەخشین نامۆ نییە لە قورئاندا، ئەوەتا خوای پەروەردگار بە مەجاز لە قورئاندا وشەی دەستی بەكارهێناوە بۆ بەخشین و دەفەرموێ: [وَلَا تَجْعَلْ يَدَكَ مَغْلُولَةً إِلَى عُنُقِكَ وَلَا تَبْسُطْهَا كُلَّ الْبَسْطِ فَتَقْعُدَ مَلُومًا مَحْسُورًا]، بۆیە هاتوون بەبێ ترس فەرموویانە (ید) لێرەدا مەجازە و بۆ بەخشندەیی و بەخشەرایەتی بەكارهاتووە و سیاقەكەی زۆر ڕوونە. (جا توخوا مرۆڤی موسوڵمان ئەگەر شوێن ئەو زانایانەش نەكەوێ لە مانایەدا، ئایا تاوان نییە هێرش بكاتە سەریان و لێكدانەوەكەیان بە گومڕایی دابنێت و بە موعەتیلّە ناوزەندیان بكات، وەك هەندێك لە موسوڵمانان تێیكەوتوون، بەداخەوە، إنا لله وإنا إليه راجعون).

یان بۆ نمونە كاتێ پێغەمبەری خوا دەفەرموێ: «إِنَّ الْعِزَّةَ إِزَارِي، وَالْكِبْرِيَاءُ رِدَائِي، فَمَنْ نَازَعَنِي فِيهِمَا عَذَّبْتُهُ» لێرەدا عیززەت بە ئیزار داندراوە كە گومان لەوە نییە حەقیقەتی ئیزار لە زمانەوانیدا بە جلی خوارەوەی بەژن و باڵا دەگوترێ: وەك شەڕوالّ و بێجامە و شتی لەو شێوەیە، وە كیبریاء بە ڕیداء داندراوە كە گومان لەوەدا نییە حەقیقەتی ڕیداء بریتییە لە جلی سەرەوەی

بەژن و بالّا، وەك قەمیس و شتی لەو جۆرە، جا گوتویانە كە بە كۆدەنگ جاریحە و ئەندامیەت لەخوای تەعالا نەفی دەكەین چۆن دەكرێ ئێستا جل و بەرگ و پۆشاكی بۆ برپیار بدەین!!!

جگە لەوەش، ئەو مانایە لەو سیاقەدا زۆر فاسیدە، هیچ مانایەك نابەخشێ مەبەستی فەرموودەكە بپێكێ، بۆیە گوتوویانە: خوای پەروەردگار مەبەستی ئەوەیە بفەرموێ: سیفەتی عیززەت و كیبریاءتەنها تایبەتن بە خۆم، وەك سیفەتی عیلم و رەحم و سەمع و بەصەر نین بەوەی مەخلوقاتیش بۆی دروست بێت لەخۆی بێنێتەجێ (كەس نابێ موتەكەببیر بێ تەنها خوایە موتەكەببیر و خۆ بەگەورە دانەرە و بۆ بە بالّادانەر)، جا كەواتە مانایەكەی ئەوەیە دەفەرموێ: چۆن مرۆڤ هەر كەسەو جلی تایبەت بەخۆی هەیە نایداتە خەلّكی و خەلّكی بەژداری پێ ناكات، ئەو دوو سیفەتەش تایبەتە بە خۆم و كەس بەژداری پێ ناكەم، هەر كەسێكیش بیەوێ منافەسەم بكات تیایدا سەرەنجامەكەی دۆزەخە. (زانایان ئاوا تەركیزیان لەسەر جاریحەنەبوون كردۆتەوە و دەقەكانیان بەپێی سیاقەكە لێكداوەتەوە).

جا پوختەی بابەتەكە ئەوەیە وەك واجبێكی شەرعی بە پێویستی دەزانین كاتێ ئەو وشانە باس دەكرێن كە مانای جاریحە دەگەیەنێنن، بە رستەیەكیش بێت زۆر بە رووننی ئاگاداری بدرێت بەوەی مەبەست بەو وشانە جاریحە و ئەندامیەت نییە، جا دوای ئەوە كێشە نییە لەسەر رێچكەی كام لە گروپ و زانایانی ئەهلی سوننە وشەكان لێكدەدرێنەوە.

تێبینی دووەم:

لە بەرگی یەکەم لاپەڕە (٣٦٠) ئەوە ڕەت دەکەیەوە کە مانای (استوی) بە (استولی) لێکبدرێتەوە، جا ئەوە زۆر ئاساییە، چونکە بۆچونی تر هەیە، بەڵام ئیشکالەکە لە شێوازەکەیە، کە دەڵێی: **"کەسی ژیر قسەی وا ناکات"**، لەکاتێکدا ئەو لێکدانەوەیە هی حوججەتول ئیسلام ئیمامی غەزالی و چەندەها زانای موجتەهیدی عیملاقە!

جا بَا ڕوونکردنەوەیەك بدەم کە بۆچی ئەوان ئاوا لێکیان داوەتەوە؟ چونکە سەیریان کردووە لە زمانی عەرەبیدا (استوی) بە مانای (استولی) هاتووە، وە (استولی)ش بە مانای غەلەبە و قەهرە، جا گومان لەوەدا نییە خوای پەروەردگار ناوی (قهار)ی هەیە و لە قورئاندا لە چەندین شوێندا هاتووە، بۆ نمونە: [لِمَنِ الْمُلْكُ الْيَوْمَ لِلَّهِ الْوَاحِدِ الْقَهَّارِ] [غَافِر: ١٦] وە لە زمانی عەرەبیدا هەمان ئەو (قهار)ـــە بە (استولی) لێکدەدرێتەوە و مانایان یەکە، وە خوای پەروەردگار سیفەتی (غالب)ی بۆ خۆی بڕیارداوە [وَقَالَ الَّذِی اشْتَرَاهُ مِنْ مِصْرَ لِامْرَأَتِهِ أَكْرِمِی مَثْوَاهُ عَسَى أَنْ يَنْفَعَنَا أَوْ نَتَّخِذَهُ وَلَدًا وَكَذَلِكَ مَكَّنَّا لِيُوسُفَ فِی الْأَرْضِ وَلِنُعَلِّمَهُ مِنْ تَأْوِيلِ الْأَحَادِيثِ وَاللَّهُ غَالِبٌ عَلَى أَمْرِهِ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ] کە هەمان مانای (استولی)ی هەیە، چونکە لە قاموس و زمانی عەرەبیدا "غالب" بە (استولی) لێکدەدرێتەوە و (استولی)ش بە غالب لێکدەدرێتەوە، کەواتە بۆچی دروست نییە مانای (استوی) بە (استولی) لێکبدرێتەوە و قسەی ژیران نەبێ! لەکاتێکدا لە قاموسی زمانی عەرەبیدا (استوی) یەکسانە بە

(استولی) و (استولی)ش یەکسانە بە (قهار) و (غالب)، کەچی (قهار و غالب) دروست بێت و استولی دروست نەبێت! کەچی هەموویان مانای زاڵبوون دەگەیەنن لە حاڵەتی بەربەرەکانێ.

بەڵام خۆ گومان لەوەدا نییە کەس بەربەرەکانێی خوای تەعالای پێ ناکرێ بۆیە تەنها مانای زاڵبوون دەگەیەنێ و بابەتەکە زۆر زۆر ڕونە، وە دەبێ ئاگاداری ئەوەبین زۆربەی وشەکان دەربارەی خوای پەروەردگار بەشێك لە مانای خۆیان لەدەست دەدەن، بۆیە ناکرێ هەموو لایەنەکانی وشە بەکارهاتووەکان بلەبەرچاو بگرین، جا کە زانیمان لایەنەك و ڕوانگەیەك لە وشەیەکدا دروست نییە، ئەوە ببێتە هۆکاری ئەوەی ئینکاری وشەکە بکەین، بۆ نمونە خوای پەروەردگار لە قورئان حەسرەتی پاڵداوە بۆ لای خۆی لەکاتێکدا حەسرەت خەفەت و ئەسەف خواردن و دڵ تەسکبونەوە و سوتانە لە داخی کەسێك، کەچی ئەو مانایە بۆ خوای پەروەردگار دروست نییە، بۆیە تەنها ئەوەندە لە مانای وشەکە دەدەینە پاڵ خوای پەروەردگار کە دەرحەقی ئەو دروست بێ، کە لێرەدا بە مانای ناڕازیبونی خوای پەروەردگار دێت لە بەندە کافرەکانی، حەسرەت بۆ ئەو ماناکەی تەواو نایێتەجێ وەك دروستکراوان نییە، بەڵام ئێمە مەخلوقین و تێناگەین ئەگەر بە زمانی ئێمە قسەمان لەگەڵ نەکات، بۆیە بە زمانی دروستکراوانی دروستکراوەکانی حاڵی دەکات، بۆیە هەر دەبێ ئاوابێ.

بۆ نمونە خوای پەروەردگار کرداری گاڵتەپێکردن دەداتە پاڵ خۆی - سبحانە - کە دەفەرموی: [اللَّهُ يَسْتَهْزِئُ بِهِمْ وَيَمُدُّهُمْ فِي طُغْيَانِهِمْ يَعْمَهُونَ]،

که گومان لەوەدا نییە گلّتەجارِی بۆ خوای پەروەردگار ناشێ، بەڵکو وەك ئیبن عباس - خوا لێی ڕازی بێ - فەرموویەتی: خوای پەروەردگار وادەکا خەڵکی بەهەشت و دۆزەخ لەیەکتر دەربکەون و یەکتر ببینن لە چ حاڵێکدان، جا خەڵکی بەهەشت گاڵتە بە خەڵکی دۆزەخ دەکەن، چونکە لە دونیادا بێباوەڕان گاڵتەیان بە بڕوادارانِ دەکرد. جا لێرەدا کە خوای پەروەردگار کە وادەکا کافرەکان گاڵتەیان پێ بکرێت، بۆیە کردارەکەی داوەتە پاڵ خۆی، بەڵام حاشا ئەو کردارە بۆ خوا ناگونجێ، بەڵام کارەکە بۆ سزادانی کافران گونجاوە بەدەستی مەخلوقی خۆی کە بڕوادارانن.

جا نمونەی ئەو کردارانەی خوای پەروەردگار داویەتیە پاڵ خۆی و زاهیرەکەی نەگونجاوە بە کۆدەنگی زانایان زۆر زۆرن دەتوانرێ بە چەندین بەرگی کتێب ڕوونبکرێتەوە و ئێرە شوێنی زیاترِ باسکردنیان نییە.

* جا دەگەڕێمەوە سەر ڕەخنەکەم، وەك ڕوونمان کردەوە زانایان کاتێ مانایەك لێکدەدەنەوە بەڵگەی خۆیان هەیە و ئەوان و ئێمەش پاداشتمان هەیە ئەگەرچی موجتەهیدەکەش لەلای خوای تەعالی ماناکەی نەپێکابێ، وەك لە فەرموودەی سەروەرماندا هاتووە - صلى الله عليه وسلم-.

وە دەبێ ئاگاداری ئەوەش بین قسەی هیچ زانایەك نابێتە بەڵگەی یەکلاکەرەوە بەسەر زانای تر‌ەوە مادەم بابەتەکە لەچوارچێوەی ئیجتیهادە و هەردوکیان موجتەهیدن، بۆیە زۆر ئاساییە ئیمامی ئیبن قەییم بۆچونی جیاوازی هەبی و بەرامبەرەکەی بە هەڵە دابنێ، بەڵام بۆ موقەللیدەکان

دروست نییە بێنە ناو کایەی ئیجتیهادی ئەوان و بە وەسفی توند ئیجتیهادەکەیان تۆمەتبار بکەن و شتێك بڵێن لە چوارچێوەی ئەدەب دەربچێت، چونکە تەنها خوای پەروەردگار دەزانێ کامیان تەواوترە، هەردوکیشیان بەڵگەی خۆیان هەیە، هەردوکیشیان مەئجورن.

** بۆیە وەك موسوڵمانێکی گوێڕایەڵ بۆ ئیتاعەی ئولول ئەمر [يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ] کە بریتین لە زانایان یان کاربەدەستانێك کە سیفەتی ئیتجیهادیان تێدایە - وەك لە تەفسیرەکاندا هاتووە - دڵمان بە وەسفی ناخۆش توند دەبی کاتەك بەرامبەر هەر زانایەك دەیبینین، ئەوەش حەقی شەرعی ئەوانە لەسەر ئێمە کە لەسەریان بەجواب بێین و یەکتری لێ ئاگادار بکەینەوە.

تێبینی سێیەم:

سەلماندنی هەندێ لە زانیاری و ڕەتکردنەوەی هەندێکی تریان پێویستی بە لێکۆڵینەوە هەیە، بۆ نمونە: لە بەرگی یەکەم لاپەڕە (١٣٨) ڕەتی دەکەیتەوە بەوەی خالیدی کوڕی وەلید ژەهری خواردبێتەوە لەکاتێکدا چەندەها زانای موعتەبەر بابەتەکەیان ڕیوایەت کردووە لەوانە ئیمامی ئەبو یەعلا و ئیمامی ئەحمەد و تەبەرانی و ئیبن ئەبی شەیبە و ئیبن عەساکیر و زەهەبی و ئیبن تەیمیە، وە سەنەدەکەی بە مەقبول داندراوە!

تێبینی چوارەم:

هەندێ ئایەت بە شێوازێك لێكدراوەتەوە كە بۆنی تەجسیم و جیسمیەتی لێدێت، هەرچەندە سیاقەكە دورە لەو لێكدانەوەیە، بۆ نمونە: لە بەرگی یەكەم لاپەڕە (٢٤٦) وشەی ﴿العلی الكبیر﴾ بەوە لێكدەدەیەوە: (خوای پەروەردگار زۆر بەرزە لە سەرووی عەرشی پیرۆزی خۆیەتی و زۆر گەورەیە)، ئەوەش ئیشكالی گەورە دروست دەكات چونكە زانایان ئەو بەرزیە بە بەرزی پلەو پایە لێكدەدەنەوە، بگرە زۆرەك لە زانایان - وەك ئیمامی قورتوبی لە تەفسیرەكەی - بەرزی بەسەر عەرشیش بە بەرزی پلەو پایەی خالیق لێكدەدەنەوە بەسەر دروستكراوانی كە لە هەموویان گەورەتر و گرنگتر عەرشە، نەك بەرزی مەكان بێت، چونكە خوای پەروەردگار پێویستی بە دروستكراوان نییە و پێشی عەرش هەر لە ئەزەلەوە هەبووە و عەرش بوونی نەبووە و سیفاتی خوای پەروەردگار نەگۆڕاوە هەر لەسەر حاڵەتی پێشویەتی پێش دروستكردنی عەرش و مەخلوقات (هەڵبەتە كە دەڵێم حاڵەت تەنها بۆ تێگەیشتنە، ئەگینا حاڵەتیش بۆ خوای پەروەردگار دروست نییە)، جا وا باشە بە وردی پێداچونەوە بۆ ئایەتەكان بكرێت و چەندەها تەفسیر سەیر بكرێت.

تێبینی پێنجەم:

هەندێ قسەی تیایە لە حەقیقەتدا ڕاستن، بەڵام لەلای موسوڵمانی كەم حاڵی و ئیمان لاواز ئیشكال دروست دەكات، بۆ نمونە كاتێ باسی فتوحات

دەکەی لە بەرگی یەکەم لاپەڕە (٢٧١) دەڵێی: **"نافرەتی ناسک و جوانیان دەستکەوتووە"**، لە حەقیقەتدا زۆر ڕاستە، بەڵام ئەگەر ئاوا بە زەقی نەگوترێ یان هەر نەگوترێ باشترە، چونکە ڕەنگە موناقیق و خوانەناسان بە خراپی بەکابێنن بەرامبەر عەوامی موسوڵمانان، جا وەك مەعلومە لەلای جەنابت مەرج نییە هەموو شتێك دروست بێ بۆ هەموو سەکۆیەك بگوترێ.

تێبینی شەشەم:

جاری وا هەیە هەندێك لە شتی حەق تێکەڵکراوە لەگەڵ هەندێ لە باتیڵ، بۆ نمونە لە بەرگی یەکەم لاپەرە (٣٥٣) دەڵێی: **(هیوام وایە خەڵك با بە چاوی هاوڵاتیان تەماشای قورئان و سوننەت بکەن و ناوی جوانی موسوڵمان نەگۆڕن بە ناوی لاوەکی وەك: سەلەفی و ئەشعەری و سۆفی و مەزهەبی و حیزبی)**، وە لە بەرگی دووەم لاپەڕە: (٢٠) دەڵێی: **(هەرکەسەو بەناوی مەنهەجی پێغەمبەرەوە صلى الله عليه وسلم ڕێبازێکی داناوە ناوی لێناوە: سەلەفی، ئەشعەری، ماتوریدی...هتد)**.

ئوستازی بەڕێز ئەو وتەیە زۆر موجمەلە و پێویستی بە زیاتر ڕونکردنەوەی مەبەستەکە هەیە، چونکە ئەو موجمەلیە بە دڵنیایی ئیشکال دروست دەکات، خەڵك وادەزانێ مەزهەبیەت نابێ بونی هەبێت و شتانێکن دورن لە ئیسلام، لەکاتێکدا حەق و واقیعەکە ئاوا نییە، چونکە ئەگەر باسی سەلەفیەت و ئەشعەریەت بکەین (سەلەفیەت بەو

مانایەی شوێنکەوتەی ڕێڕەوی ئیمامی ئەحمەد)، ئەوە گومان لەوەدا نییە موسوڵمان کاتێ دەگات بە هەندێ ئایەت و حەدیسی موتەشابیە و خۆیشی زانا و موجتەهید نییە نازانێ چۆن ئایەتەکە لێك بداتەوە، جا هەندێکیان شوێن لێکدانەوەی ئیمامی ئەحمەد و حەنبەلیەکان دەکەون و هەندێکیان لە لێکرانەوەکە شوێن تێگەیشتنی ئیمامی ئەشعەری و ئەشعەریەکان دەکەون، بەوە ناوی ئەسەری و سەلەفی و ئەشعەری وەردەگرن، جا بانگەشە بۆ ناوەکە بکەن یان نا، هەرچەندە بشڵێن ئێمە ئەشعەری یان سەلەفی و ئەسەری و زاهیڕی نین، ئەوە بە ئۆتۆماتیکی ناوەکەیان هەر دەکەوێتە سەر، چونکە بۆچونەکە هی خۆیان نییە، هی ئەو ڕەوتە موسوڵمانانەیە، ئەوەش هیچ ئیشکالی تێدا نییە، تەنها ئەوەندەمان پێویستە بزانین ئەوە تەنها عیبارەتە لە تێگەیشتنی جیاوازی زانا ڕەسەنەکانی شەریعەت بۆ ئەو دەقانەی ئیختیلاف هەڵدەگرن.

وە وشەی "مەزهەب" کە لەو زەمکردنەدا بە موجمەلی هاتووە ئیشکالی زۆر گەورەتری هەیە، چونکە خەڵکی عەوام وادەزانێ جەنابت زەمی مەزهەبییەت دەکەی نەك دەمارگیری بۆ مەزهەب، کە بریتییە لەوەی هەرچی مەزهەبی بەرامبەرە بە گومڕا و ناڕاست دابنرێت و هیچ ئیحتیمالی صەوابی بۆ دانەنرێت.

چونکە ئەگەر عەوام وا تێبگات کە مەزهەبییەت کارێکی ناڕەوایە، ئەوە ئیشکالی مەنهەجی و دابڕان دروست دەکات لە نێوان موجتەهیدان و عەوام، چونکە گومان لەوەدا نییە موسوڵمانان هەموویان موجتەهید

نین، بەڵکو موجتەهید ژمارەیان زۆر زۆر کەمە لەچاو موسوڵمانان، جا گومان لەوەدا نییە کە دەبێ موسوڵمانی عەوام تەقلیدی موجتەهیدان بکات، موجتەهیدانیش تێگەیشتنیان جیایە لە تەفاسیلی زۆرەك لە ئەحکامەکان، کەواتە بە شێوازێکی حەتمی مەزاهیبی جیاواز دروست دەبێ، جا کە عەوام شتێك ئەنجام دەدات یان خۆی لێدەگرێتەوە خۆ خۆی نەگەیشتۆتە ئەو حوکمە بەڵکو بە تەقلیدی موجتەهیدەکەی گەیشتۆتە ئەو حوکمە، بەوەش مەزهەبیەت دروست دەبێ، کە ئەوەش بابەتێکی زۆر ڕونە.

جا نەوەك هەر عەوام پێویستە لەسەر مەزهەبێك بێت، بەڵکو ئەو زانایانەی نەگەیشتونەتە پلەی موجتەهیدی موتڵەق هەموویان خۆیان داوەتە پاڵ مەزهەبێك، بۆ نمونە: ئیمامی تەحاوی و زەیلەعی و موحەممەدی کوڕی حەسەنی شەیبانی و نەسەفی و بەزدەوی و دەبوسی و سەمەرقەندی و تەنوخی و بابرتی و موصلی و عینی و لەکنەوی و صەدری شەریعە و مەلا عەلی قاری و سەرخەسی و ئالوسی و کاسانی و هەزاران زانای دیکە لەسەر ئوصوڵی فیقهی حەنەفی ڕۆیشتوون و حەنەفی بوون.

وە زانایانی وەك: ئیمامی ئیبنو کەسیر و ئیبنو جەزەری و ئیبنو حەجەری عەسقەلانی و هەیسەمی و ئین حیببان و ئیبنو عەساکیر و ئیبنو صلاح و ئیبنو دەقیقی عید و ئیبن مولەققین و زەکەریای ئەنصاری و عیززی کوڕی عەبدوسسەلام و ئیجی و ئامێدی و مەحەللی و حافزی عێراقی و ئیبنو جەماعە و نەوەوی و مەناوی و ڕەمەلی و سەخاوی و

جوەینی و غەزالی و بەیهەقی و شیرازی و ئیسفیراییینی و ڕافیعی و شەهرستانی و قەففالی شاشی و عبدولقاهیری بەغدادی و عەبدولقاهیری جورجانی و شەعڕانی و خەتیبی بەغدادی و شەربینی و سیوتی و هەزاران زانای دیکە لەسەر ئوصولّی فیقهی شافیعی ڕۆیشتوون و شافیعی بوون.

وە زانایانی وەك: ئیمامی ئیبنو وەهب و ئیبنو ماجیشون و قەڕافی و قورتوبی و شاتبی و ئیبنول عەڕەبی و باجی و ئیبنو بەتتالّ و ئیبنو عەڕەفە و ئیبنو خەلدون و ئەبو زەڕی هەڕەوی و ئیبنو حاجیب و دەردیر و لەققانی و مەڕزوقی و صاوی و عەبدولباقی زەرقانی و محمد زەڕقانی و ئیبنو عاشوڕ و ئیبنو بادیس و سەنوسی و قازی عیاز و ئیبنو بەتوتە و ئیبنو فەڕەحون و ئەبو بەکری باقلانی و هەزاران زانای دیکە لەسەر ئوصولّی فیقهی مالیکی ڕۆیشتوون و مالیکی بوون.

وە زانایانی وەك: ئیمامی ئیبنو قودامە و ئیبنو*قەیم و ئیبنو تەیمیەی نەوە و ئیبنو تەیمیەی باب و ئیبنو تەیمیەی باپیر و حازمی و ئیبنو جەوزی و بەهوتی و حەجاوی و هەزاران زانای دیکە لەسەر ئوصولّی فیقهی حەنبەلی ڕۆیشتوون و حەنبەلی بوون.

وە بەبەردەوامی ئەو نازناوانە لەسەر بەرگی کتێبەکانیان دەنوسرێت و لە ژیاننامەکانیان ئاماژەی پێ دەکرێت و هەرگیزیش ئەو بابەتە نەبۆتە کێشە لەلای ئەوان.

جا وەك مەعلومە لەلای جەنابت، نابێ پلەی ئیجتیهاد بدرێتە عەوام و، قورئان و فەرمودەی بدرێتە ژێر دەست، بەڵکو دەبێ عەوام فێری ئەوە

بکرێ و تێبگەیەنرێ بەوەی ئەو ناوانە گوزارشتن لە بۆچونی جیاوازی موجتەهیدان و، بەوەش عەوام و موجتەهیدان لەسەر کام بۆچوون بن پاداشتیان بۆ هەیە، ئەگەر موجتەهیدەکان پێکابیان دوو پاداشتیان بۆ هەیە، ئەگەر نەشیان پێکابێت یەک پاداشتیان هەر بۆ هەیە بە دەقی فەرمودەی خۆشەویستمان صلی الله علیه وسلم، موجتەهید و موقەللیدەکانیش پاداشتیان بۆ هەیە، صەوابی یەقینیش تەنها لەلای خوای پەروەردگارە و تەنها ئەو بە تەواوی دەزانێت کام لە موجتەهیدان لەسەر صەوابن، چونکە کاتێ شتێك خیلافی موعتەبەڕی تێدابێ کەواتە بابەتەکە لە چوارچێوەی زەننە و دەقەکان ئیحتیمالین و بۆچونی جیاواز هەڵدەگن، بۆیە هەر موجتەهیدێك ئەوە بە صەواب دەدەنێت کە گومانی غالیبی هەیە ئەوە صەواب بێ، بەرامبەرەکەش ئیحتیمالی صەوابی بۆ هەیە.

جا ناگونجێ بە ملیۆنان موجتەهید و زانای عیملاق و شیخی ئیسلام و حوففاز خزمەتی مەزهەبیەتیان کردبێت و پێیان ڕەوابێت، کەچی عەوام لە دەقێك بە هەڵە حاڵی ببێت و نەفرەتی لێ بکات و بە تەفرەقە و باتیلی بزانێت! نەخێر، بەڵکو دەبێ عەوام تێبگەیەنین بە سینگێکی فراوان سەیری خیلاف بکات و لەوە حاڵی بکەین کە ئەو پاداشتی بۆ هەیە لەسەر بۆچونی هەر کامێك لە موجتەهیدە موعتەبەرەکان بڕوات، وە دەبێ بزانێت بۆی نییە بەڕەچی براکەی تری بداتەوە و شەڕ و جیدال و

بەربەرەکانێی لەگەڵ بکات لەسەر ئەوەی ئەو لەسەر بۆچونێکی تڕە، ئەوە چارەسەرە ڕاستەقینەکەیە، واللە أعلم.

بۆیە تاوەکو توشی ئەو کێشەیە نەبێن، ڕەنگە پێویست بێت دەردەکە بە ڕونتر باس بکرێت بەوەی بگوترێ: **لەکوێی ئیسلامەتی جێگای دەبێتەوە هەر کەسە و گروپێك بگرێت لەسەر بنەمای تەعەصوب و دەمارگیری، بەوەی بە هەموو شێوەیەك بەرامبەرەکەی پێ گومڕا بێت و دواتریش بڵێ ئەوە مەنهەجی پێغەمبەرە، هەرچەندە گروپەکەشی لە گروپ و مەزهەبەکانی ئەهلی سوننەبێ، چونکە ناکرێ ئیسلامەتی تەنها لە گروپی خۆت قەتیس بکەی و موسوڵمان و گروپ و مەزاهیبەکانی تری ئەهلی سوننە و جەماعەت پێ گومڕا بێت، کارەساتەکە لێرەوەیە، نەك لە خودی گروپ و مەزاهیبەکان.**

تێبینی حەوتەم:

کتێبەکە ئەگەرچی زۆر شاکارێکی جوان و گەورە و پێویستە، بەڵام پێویستی بە پێداچونەوەی چاك هەیە دەربارەی زۆرێك لە حوکم و زانیاری و زاراوە و پێناسەکان، من زۆر شوێنم دیاری کردووە، بەڵام تەنها ئاماژە بە یەك دوو شوێن دەکەم، بۆ نمونە لە بەرگی دووەم لاپەڕە (٣١٧، ٣١٨) دەڵێی: **(ئەگەر موسوڵمان بانگەواز بۆ دینی خوا نەکا ترس هەیە بڕواتە بواری کافرکردن، لەبەر ئەوەی زانایان دەڵێن بە وازهێنان لە نوێژکردن و**

زەکاتدان مرۆڤ کافر دەبێت، دەشێت ئەو باسی بانگەوازە بڕواتە هەمان خانە)، ئەو حوکمدانە لە چەندین ڕووەوە ئیشکالە:

یەکەم: ئەوەی من بزانم کەس لە زانایان نەیانگوتووە بانگەواز نەکردن مرۆڤ کافر دەکات، یان ترسی کافربونی هەیە.

دووەم: زانایان نەیانفەرمووە مرۆڤ بە زەکات نەدان کافر دەبێت (ئەگەر باوەڕی پێی هەبێت بەڵام لە ڕەزیلی نەیدات).

سێیەم: کافربونی نوێژنەکەریش کە لە تەمبەڵی ئەنجامی نەدات خیلافی تیایە و زۆربەی زانایان لەگەڵ ئەوەن کافر نابێت (ئێرە شوێنی هێنانەوەی بەڵگەکان و وەڵامدانەوەیان نییە ئەگینا باسم دەکرد)، هەندێکیشیان دەفەرموون کافر دەبێت، کەواتە ئاوا بە موتڵەقی و تەسکی ئیشکال دروست دەکات و ئەحکامی زۆری فیقهی دروست دەکات: لەوانە بابەتی خێزانداری و میرات و موناکەحە و چەندەها بابەتی ورد و ئاڵۆز.

بە هەر حاڵ بابەتی نوێژنەکەرەکە ئیشکالی کەمترە چونکە زانا هەیە دەفەرموێ کافر دەبێ، بەڵام بابەتی بانگەواز و زەکاتەکە زۆر جێگای ئیشکالە.

وە چەندین شوێنی تر هەیە هەڵەی تیایە وەك زاراوەی سوننەت لەلای فەرموودەناسان و هەندێك تەفاسیلی ئەو بابەتە و بابەتی تریش، کە ئەگەر پێداچونەوەیەکی ورد بکەی بۆت دەردەکەوێت، بۆ نمونە لە بەرگی دووەم لاپەڕە (٣٣٦) دەڵێی: (ئەگەر بانگەوازی تەفەیل نەبوایە لەوانە بوو ئەبو

هورەیرە بە کافری بایاتەوە)، ئەو حوکمە زۆر سەخت و قورسە لە پەنجەرەی قەزاوقەدەردا، بۆیە پێویستە لە هەندێك هێل دوربکەوینەوە.

وتەي کۆتایی:


لە کۆتاییدا دەڵێم: کتێبەکەت شاکارێکی زۆر جوان و بەرز و پێویستە، زۆر زەرورە موسوڵمانان کتێبی لەو شێوەیە بخوێننەوە، وە داواکارم لە خوای پەروەردگار چاکترین پاداشتت بداتەوە لەسەر ئەو ماندوبونە زۆرە و کتێبەکەت بکاتە شەفاعەتکار لە ڕۆژی دوایی، وە ئەو ڕەخنە و پێشنیارانەش تەنها بۆ کاملترکردنی کتێبەکە و پاراستنی یەکڕیزی موسوڵمانان و پەرۆشییە بۆ هەلچەنەکردن لە بابەتە زانستی و شەرعیەکان، وەك مەعلومیشە موسوڵمانان تەواوکەری یەکترن و نەسیحەت و پەرۆشی بۆ هەموو موسوڵمانانە و کاری هەموانە، بۆیە بە پێویستم زانی ئەو چەند لاپەڕەیە بنوسم.

تێبینی:

لە نوسینەکەمدا کە ئاماژەم بە سەرچاوە نەکردووە لەبەر ئەوە بووە کاتەکەم زۆر تەسکە و بە پەلە ئەو نوسینەم نوسیوە، بەڵام یەقینم بەو زانیاریانە هەیە کە نوسیومە، بۆیە جەنابت دەتوانی لە کتێبەکانی ئومەهاتی تەفسیر و عەقیدە و فیقهە زانیاریەکان پشتڕاست بکەیتەوە، وە پێم زەرورە چاوێك دابخشێنی بە کتێبی (المختصر في الاعتقاد عند الصحابة وجمهور التابعين والأئمة الأربعة) محمد الشيخ طاهر البرزنجي، ڕەنگە لە بابەتە عەقیدەییەکان ڕێگات بۆ کورت بکاتەوە.

MAKWAN KERÎM

MEMILEKETÎ ESTÊRE - BERGÎ DUWEM



مەملەکەتی ئەستێرە

هاوەڵان بە شێوەیەکی زۆر تایبەت و ناوازە سوونەتیان پیادە کردوە، بە ئەندازەیەک رایانگرتووە و گەورە تەماشایان کردوە کە پێناسە ناکرێت و خەیاڵیش وێنای ناکات، تا ئەوکاتەی مرۆڤ لێکۆڵینەوە لە ژیانی هاوەڵان دەکات و بە قوڵی لە ناو ژیانیان ڕۆدەچێت و خاڵ بە خاڵی ژیانیان دەکۆڵێتەوە، ئەوجا لەوانەیە تەنها تێبگەین کە چۆن ئەوەندە جەختیان لەسەر پیادەکردنی سوونەتی پێغەمبەر ﷺ کردۆتەوە.

Cover Design: **Braw** Al-Najjar

کتێبخانەی حاجی قادری کۆیی

لقی یەکەم: هەولێر - بەرانبەر دەرگای قەڵا - بازاڕی ڕۆشنبیری

لقی دووەم: چوارڕیانی شێخ مەحمود - بەرانبەر مزگەوتی مەحمود عەللاف

٠٧٥٠٤٦٧١٣٩٤ - ٠٧٨٢٤٦٧١٣٩٤

M.Ktebxan

نرخ: ١٥٠٠٠